# زمانەوانی

## بەرگەکانی

( یەکەم ،دووەم ،سێیەم )

سەلام ناوخۆش                    نەریمان خۆشناو

چاپی یەکەم                    2009

* ناوی کتێب: زمانەوانی

* نووسینی: سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو

* نەخشەسازی: ئەبوبەکر ، شاخەوان عەزیز

*بەرگ: بەرگی یەکەم ،دووەم ، سێیەم

* چاپ: یەکەم

* چاپخانە: چاپخانەی منارە/ هەولێر

* تیراژ:٣٠٠٠ دانە

* نرخ : ٦٠٠٠

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١٩٣٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ی پێدراوە .

# ناوەرۆك

## بەرگی یەكەم

پێشەكی

بەشی یەكەم

١- زمانەوانی كۆمەڵایەتی
٢-زمان و ئاسایشی مەعریفی
٣- دەسەڵاتی فرمان
٤- زمانی ستاندەر
لەنێوان پێویستییەكی نەتەوەیی و
حەساسییەتی ناوچەگەریی
٥- ئەلفبای فەرهەنگی و زمانی
٦- وشەی لێكدراو و پێكهاتەی رێزمانیی
٧- بازنەی زمانەوانی پراگ
٨ - مۆرفیمی (ێ ) و دیاردەی كورتكردنەوەی ڕستە لە
كرمانجی ژووروودا
٩- ئایا زمانی كوردی زمانێكی مۆرفیمییە؟
١٠-ستاندەربوون
١١-چەمكی ئاوەڵناو و ئۆنریفێكس
بەشی دووەم
١- بڕگە لە زمانی كوردیدا
٢- فرێز لە زمانی كوردیدا
٣- زمان كردەیەكی خواییە

٤- چەمك و پێناسەی كارای نادیار
كاری بكەر نادیاری
٥- لە زمانی كوردیداو چەند سەرنجێك
٦- ڕامانێكی نویَ بۆ ئاوەڵكار
٧- نیشانەی ناسراوی
لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردییە لە نێوان زمانی كوردی و ئەڵمانیدا
٨- ڕستەی ناوی لە زمانی كوریدا
٩- مردنی نووسەر لە پرۆسەی نووسیندا
١٠- كورد و زمانی ستاندەر
١١- ئەرك و گریمانەكانی زمان
١٢- كاریگەری پیتەكانی زمانی عەرەبی
لە سەر شێوازی نووسینی كوردی

**بەرگی دووەم**

دەستپێك
دەروازەی یەكەم
تیۆرەكانی واتا
١- تیۆری ناولێنان
٢- تیۆری سێگۆشەی هێمایی
٣- تیۆری زەین یان هۆشەكی
٤- تیۆری ڕەفتارناسی
٥- تیۆری كێڵگە واتاییەكان
٦- تیۆری شیكاری
ڕێسا واتاییەكان و ئەدگارە واتاییەكان

یەکەم : هەڤدژ
دووەم : هاپیۆنیمی
سێیەم : هاوواتا
چوارەم : فرەواتا
لێڵی لە زمانی کوردیدا
١- چەمکی لێڵی
٢- ژێدەرەکانی لێڵی
٣- جۆرەکانی لێڵی
دەروازەی دووەم
واتاسازی
١ـ واتای واتا
٢ـ سێ بۆچوون بۆ واتا:ـ
٣ـ واتاسازی هاوچەرخ
٤ـ هەستکردن وەکو دژکارێکی سەرچاوە
٥ـ پانتاییە واتاییەکان
٦ـ بونیادو چەمکی (یەکەی واتایی)
٧ـ کێڵگەکانی واتا
٨ـ پەیوەندییە هەستییەکانی واتا
اـ هاوواتا
ب ـ گرتنەوە
ج ـ دژواتا
دـ وێکنەچوو
وـ هاوبەشی یەکە واتاییەکان

٩ـ جیهانی بوونەکانی ڕەنگ و یەکە واتاییەکانی

١٠ـ بەراووردکاریەکانی وشەکانی خزمایەتی

١١ـ (نیشانە وجێناوەکان)

١٢ـ هاوبێژی

١٣ـ پێکهاتە واتاییەکان

١٤ـ واتای ڕستە

١٥ـ ڕێزمان یاخود واتا؟

تیۆرەکانی واتا

١ـ تیۆری هێما

٢ - تیۆری ڕەوشتکاری

٣ - تیۆری بەکارهێنان

٤ـ تیۆری کێڵگە واتاییەکان

٥: تیۆری شیتەڵکاری پێکهاتەیی واتا

٦: تیۆری کارەکانی ئاخاوتن

٧-تیۆری دانراوی لۆجیکی لەمانادا

٨-تیۆری پراگماتیکی

٩-تیۆری مۆر

١٠-تیۆری کواین

# بەرگی سێیەم

زمانەوانی و لقەکانی زمانەوانی

زمان لای ئەرستۆ

پەیوەندی نێوان وشە و فرێز و ڕستە

ئایا کورد زمانی یەکگرتووی هەیە ؟

چۆمسکی زمانەوان و ڕەخنەگری گەورەی ئەمریکیی

سەرهەڵدان و پێشڤەچوونی (پیت)

زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی نێودەوڵەتی

ڕێباز و ڕێگاکانی دروستکردنی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا

# زمانەوانی

## بەرگی یەکەم

سەلام ناوخۆش نەریمان خۆشناو

چاپی یەکەم ٢٠٠٨

* ناوی کتێب: زمانەوانی

* نووسینی: سەلام ناوخۆش،  نەریمان خۆشناو

* نەخشەسازی: ئەبوبەکر ، شاخەوان عەزیز

*بەرگ: بەرگی یەکەم

* چاپ: یەکەم

* چاپخانە : چاپخانەی منارە

* تیراژ:١٠٠٠  دانە

ناوەرۆك

## پێشەکی

## بەشی یەکەم

١- زمانەوانی کۆمەڵایەتی

٢-زمان و ئاسایشی مەعریفی

٣- دەسەڵاتی فرمان

٤- زمانی ستاندەر

لەنێوان پێویستییەکی نەتەوەیی و

حەساسییەتی ناوچەگەریی

٥- ئەلفبای فەرهەنگی و زمانی

٦- وشەی لێکدراو و پێکهاتەی ڕێزمانیی

٧- بازنەی زمانەوانی پراگ

٨ - مۆرفیمی (ێ ) و دیاردەی کورتکردنەوەی ڕستە لە

کرمانجی ژووروودا

٩- ئایا زمانی کوردی زمانێکی مۆرفیمییە؟

١٠-ستاندەربوون

١١-چەمکی ئاوەڵناو و ئۆنریفێکس

بەشی دووەم

١- برگە لە زمانی کوردیدا

٢- فرێز لە زمانی کوردیدا

٣- زمان کردەیەکی خواییە

٤- چەمك و پێناسەی کارای نادیار

کاری بکەر نادیاری

٥- لە زمانی کوردیداو چەند سەرنجێك

٦- ڕامانێکی نوێ بۆ ئاوەڵکار

٧- نیشانەی ناسراوی

لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردییە لە نێوان زمانی کوردی و ئەڵمانیدا

٨- ڕستەی ناوی لە زمانی کوریدا

٩- مردنی نووسەر لە پرۆسەی  نووسیندا

١٠- کورد و زمانی ستاندەر

١١- ئەرك و گریمانەکانی زمان

١٢- کاریگەری پیتەکانی زمانی عەرەبی

لە سەر شێوازی نووسینی کوردی

# پێشەکی

زمانەوانی یاخود لێکۆڵینەوەی زانستیانەی زمان ، مێژوویەکی کۆنی نییە لە ناو کوردان ، ئەوەی هەشە تەنیا چەند هەولو پێکۆلێکی کەمە ، کە لە تەواوی باشووری کوردستاندا لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن ، لەم ڕوانگەوە هەر پێکۆلێك لەم بوارەدا نوێیە .

ئەم کتێبە لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت ، بە شێوەیەکی گشتی هەردوو بەش بریتین لە چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەك ، هەر هەموویان لە یەك خاڵدا یەکدەگرنەوە ، ئەویش ئەوەیە کە لە زمانی کوردیدا دەکۆڵنەوە . ئەم نووسینە وردە زمانەوانییانە (من ) و مامۆستای هێژا (نەریمان خۆشناو) نووسیومانە .

نووسینەکانی بەشی یەکەم کە لە لایەن منەوە نووسراوە و بە (زمانەوانی کۆمەڵایەتی ) دەست پێدەکات و بە (چەمکی ئاوەڵناو و ئۆنریفێکس) کۆتایی پێ دێت . بەشی دووەم ، کە لە لایەن مامۆستا نەریمان نووسراوە و بە بابەتی (بڕگە لە زمانی کوردیدا ) دەست پێدەکات و بە (کاریگەری پیتەکانی زمانی عەرەبی لە سەر شێوازی نووسینی کوردی) کۆتایی دێت .

یەکێ لە ئەدگار و سیماکانی ئەم کتێبە ئەوەیە ، کە دوو نووسەر نووسیویانە ، کە هەردووکیان پسپۆڕێتیان لە زانکۆ زمانە و هەوڵیان داوە ڕۆشناییەك بخەنە سەر هەندێ بابەتی زمانەوانی کوردی.

سەلام ناوخۆش
هەولێر ٢٠٠٨/٣/٥

# بەشی یەکەم

# زمانەوانی كۆمەلآیەتی

چـەمكی زمـان "language" كۆمـەڵ "society" بـۆ یـەكتر داهێنـراون. ئامادەنەبوونی هەریەكێكیان ئامادەبوونی ئەوی تریان بێ بەها دەكـات. ئـەو ئاوێتـە بوونەی ئەو دووانەیە، ئەو دەمە زیاتر ئاشكرا بوو كـە بـە دروسـتی دیراسـەی زمـان كرا، هەوڵـدرا بزانـێ زمـان خـۆی چییە نـەك رواڵـەت و ئـەدگارەكانی زمـان. "دی سۆسێر" كە وتی زمان سیستەمە ، بنەماو شەنگستێكی بۆ خودی زمان داهێنا. ئەو مەعریفیە زمانیە لە بەشی ئەبستراكتی زماندا هەیە ، ئەو كات بەهاكەی دەركەوت كە مرۆڤەكان كۆمەڵیان دروست كرد. لەم روانگەوە نە زمان بەبێ كۆمـەڵ تـەواو ئەركـە زمانەوانی و مرۆییەكانی خۆیدا دەبن، نە كۆمـەڵیش بـەبێ زمـان تـەبایی، تـەناهی و كەناڵی لە یەك گەیشتنی مەیسەر دەبێت. مرۆڤ كە بڕیاریدا لە كۆمەڵ بـژیت، بـیری لەوە كردەوە لە زمانی ئاماژەو رەفتاریی و وێنـەیی رزگـاری بێـت، كۆمـەڵگا یـاخود ئامادەبوون لەناو كۆمەڵگا مرۆڤی ناچار كرد لە خودی خۆی بكۆڵێتـەوە و بزانـێ ئـەو گیانلەبەرێكە خودا سیستەمی گۆكردنی تێـدا خـەلق كـردووە، دەتـوانێ لـە خـۆیی و دەوروبـەری بگـات. گرنگـی و بایـەخی هـەرە گرنگـی رەهەنـدی كۆمەلآیـەتی زمـان، توێژەرانی ناچار كرد لـەناو زمانەوانیـدا لقێـك دابهێـنن ، لـەو رەهەنـدە بكۆڵێتـەوە و ناوی لێبنێت زمانەوانی كۆمەلآیەتی"sociallinguistits".

## چەمکی زمانەوانی کۆمەلایەتی

هەدسن و ترەدجیل و کریستال و ئایچسن و هۆریتی" باوەڕیان وایە زمانەوانی کۆمەلایەتی لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەدوێ. "کریستال"١٩٩٢" "٣٥٧" دەنوسێ: زمانەوانی کۆمەلایەتی لقێکی زمانەوانیە ، ئەم جۆرە زمانەوانیە لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە کە زمان بە کۆمەلگای مرۆڤەوە دەبەستێتەوە. لەمەش زیاتر، "یۆل" ٢٠٠٦ : ٢٠٥ دەنووسێ: زمانەوانی کۆمەلایەتی بەکاردێ بۆ توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەلگا. هەروەها زمانەوانیی کۆمەلایەتی پەیوەندی بە ئەسترۆپۆلۆژیاتی هەیە ، کە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کلتوور دەکۆڵێتەوە ، هەروەها پەیوەندی بە سۆسۆلۆژیا هەیە ، چونکە لە رۆڵی زمان لە ڕێکخستنی گروپە کۆمەلایەتیەکان و دامو دەزگاکان دەکۆڵێتەوە. "وارد هاك" ١٩٨٦: ١٠ لە روانگەی مارکسیەوە لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵی کۆڵیوەتەوە و نووسیویەتی: پێکهاتەی کۆمەلایەتی شیانی ئەوەیە بڕیار لەسەر پێکهاتەی زمانەوانی بدات. هەر ئەمەش وایکردووە زمانی منداڵ و گەنج جیا بێت لە زمانی پیرەکان. بەهەمان شێوە پێکهاتەی زمانەوانیش دەتوانێ کار لە پێکهاتەی کۆمەلایەتی بکات. کەواتە هەردوو کار لەیەك دەکەن، کاریگەریەکەش لە سروشتدا دوو لایەنەیە بۆیە دەکرێ بڵێین کاریگەریەکە دیالێکتییە. حاڵەتێکی بەلگە نەویستە کە کۆمەڵەی کۆمەلایەتی جیاواز زمان بە ڕێگای جیاواز بەکاردێنن. هەریەکە زمان بە شێوەی جیاواز لە ڕەوشی کۆمەلایەتی جیاواز بەکاردێنێ وشە و پەیڤەکانی چینێکی یان توێژێکی کۆمەلایەتی لەگەڵ یەکێکی تر جوودایە. زمانی دکتۆرەکان لە نێو خۆیان بە جۆرێکە ، بەلام لەگەڵ نەخۆشەکان بە جۆرێکی ترە، زمانی گروپێکی کۆمەلایەتی وەك جامباز، کوباز، کۆترباز، یاخود گروپێکی دی وەك مێباز، منداڵباز، ئەگەر هەندێ پەیڤ و دەستەواژەی لەیەك نزیکیان هەبێ، بەلام هەتا ئەو قسەکەرانەش بە زمانێکی دی لەناو خێزانەکەیان دەدوێن. زمانی بواری سەربازی کە زیاتر زمانێکی پڕ ئەمرو زەبرە ، زۆر دوورە لە زمانی قوتابیانی زانکۆ. زۆرجار رەوشەکە فاکتەرێکی

یەکلاکەرەوە دەبێ لە دروست کردنی ئەم جۆرە زمانەدا. جیاوازی رەگەزیش رۆڵی خۆی دەبینێ لە جیاوازی زماندا. زمانی ئافرەتان لەگەڵ زمانی پیاوان لەیەك جودان ئەو جیاوازیەش هەتا لە کۆمەڵگای رۆژئاواش هەستی پێدەکرێ هەرچەندە ئەوان جۆری ژیانیان وایلێکردوون هەتا جنسیکی تر دروست بکەن، کە لە رۆژئاوا بە جنسی سێیەم ناسراوە. ئەو جنسە نە تەواو ئافرەتە لە زمان و رەفتارو گوفتار نە پیاویشە ! وێڕای ئەمانەش بوارەکانیی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی زۆر فراوانن بەجۆرێ ئەمانەی خوارەوە هەمووی لە ئاکامی ئەو پەیوەندییەی نێوان زمان و کۆمەڵ پەیدا بوونە ، بۆیە دەکرێ هەموو توێژینەوەیان لەسەر بکرێ وەك بۆ نموونە: --

١- دایەلێکت — زارو شێوەزار

٢- سۆسیۆلێکت: دایەلێکتی کۆمەڵایەتی

٣- ئێدبۆلێکت

٤- دیگلۆسیا

. . . . هتد

لەبەرئەوە هەموو جیاوازیانەی لە زمان، زار، شێوەزاردا هەن هۆی جیاوازیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵی کۆمەڵایەتی جیاواز، زمان رۆڵی دی سەرەکی دەبینێ قسەکەران وەك ئەندامێکی گروپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت. وێڕای ئەمەش هەر لە رێگای ووتەو پەیڤەکانی قسەکەرانەوە دەتوانین هەتا شوێنی نیشتەجێبوونیشیان دیاری بکەین. لەو بارەیەوە " هۆرستی "٢٠٠١" ٨١: دەنووسێ: هەبوونی ئەو هەموو جیاوازییە لە بەکارهێنانی زماندا فاکتەرێکی هاریکار دەبێت لە دیاری کردن و ناسینەوەی دیالێکت و شێوە زاری تاك و کۆمەڵەکان. لەناو کوردان هەتا لەناو قسەکەرەکانی دیالێکتێك لە رێگای پەیڤ و دەستەواژەکانیەوە دەتوانین شوێنی قسەکەرەکان دیاری بکەین. هەر لەو رێگاوە دەتوانین سلێمانیەك، هەولێریەك، کەرکوکیەك، شەقلاوەیەك، رواندزیەك، کۆییەك دیاری بکەین ، لە دەڤەری بادینانیش

ئەم دیاردەیە هەیە. ئامێدیەك، دهۆكیەك، زاخۆییەك، ئاكرێیەك، شەنگالیەك، لەیەك جودا بكەینەوە.

## زمانەوانیی كۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژیای زمان

زمانـەوانیی كۆمەڵایـەتی لـە پەیوەنـدی نێـوان زمـان و كۆمـەڵگا دەكۆڵێتـەوە. بـە ئەنجامێكی باشتر تێگەیشتن لە پێكهاتەی زمان و هەروەها چۆن زمان ئەركی خـۆی لـەو پەیوەندییەدا دەگێڕێ. لەمەدا دەفامرێتەوە كە لە سۆسیۆلینگۆیستێكدا زمـان دەبێتـە چـەقی گرنگـی پێـدان و هـەموو شـتەكان لـە زمانـەوە دەسـت پێدەكـەن و هـەر لـەو كەناڵەوەش لە پێكهاتەو سروشتی كۆمەڵگا دەكۆڵێتەوە. لەم جۆرە زمانەوانیەدا جۆرێك لە توانست"competence" هەیـە ئـەو توانسـتە وا لـە فێرخـواز دەكـات كـە زمـان بـە دروستی بەكاربهێنێ وەك "یۆل" ١٦٩ دەنووسێ ئەو توانستە فێری ئەوەی دەكـات كـە لە كۆێ بڵێ: بەیارمەتی خۆت هەندێ ئاوم بۆ دێنی؟ نەك "هەندێ ئاوم بۆ بێنە ! " ئەمە هەم سیاقی كۆمەڵایەتی دروست دەكات هەم ئاستی پەیوەندی نێوان قسەكەرو گـوێگر. هەر لە دیراسەی زمان و كۆمـەڵگادا، زانستی دی بـەرپا دەبێـت بـەجۆرێ ئـەو زانسـتە نوێیە لە دیدی هەندێ توێـژەرەوە بـە لایـەنێكی دی زمانـەوانیی كۆمەلایـەتی دادەنـێن. ئەوەش سۆسیۆلۆژیایی زمانە، دیسپێكی سۆسـیۆلۆژیا یـۆ زمـان"socity language of" تـەواو واتـای زمانـەوانیی كۆمەڵایـەتی ناگەیـەنێ، هەرچـەندە دەكـرێ بابـەتی سۆسـیۆلۆژیای لـە بەشـی زمانـەوانیی كۆمەڵایـەتی هـەتا دەروونناسـی كۆمەڵایـەتی لێیبكۆڵدرێتەوە جیاوازیەكانی نێـوان هـەردووكیان لـە توێژەرێكـەوە بـۆ توێـژەرێكی تـر جیاوازە. رەهەندی كۆمەڵایەتی بوونی زمان لە هـەردووك لـە ئارادایـە، بـەڵام هەریەكـە بەجۆرێ لەم دیاردەیە دەڕوانێت. "وێبەر" ١٩٨٩ : ٢٦٢ باوەڕی وایە كە سۆسیۆلۆژیای زمان بریتی یە لە دیراسـە كردنـی جـۆرە جیاوازەكـانی زمـان و بەكارهێنـەرەكانی لـەناو چوارچێوەی سۆسـیۆلۆژیدا. بابـەتی وەك هەڵبـژاردنی زمـان لـەنێو گـەلانی دوو زمـانی "bilingual" و فرە زمانیـدا "multi-lingual" هـەروەها پلانـی زمـان " language

planning" و گـۆڕانی زمـان "language shift". هەرچـی "کریـستاڵە" ١٩٩٣ : ٣٥٨ نەك هێڵێك لە نێوان ئەو دووە دادەنێت، بەڵکو ئاماژە بە جـۆرێکی تـریش دەکـات ناوی دەنێ زمانەوانیی سۆسیۆلۆژیانە. لە نەزەر "دێڤید کریستاڵ" ەوە سۆسـیۆلۆژیای زمان وەك بەشێکی جیانەکراوەی تیۆری سۆسیۆلۆژی دەبینێت. هەرچی "هەدسـن" ە ١٩٩٦: ٤ دەنووسێ: ئەگەر زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بریتی بێت لە توێژینەوەی زمـان لـە روانگەی کۆمەڵەوە، ئەوە ئـەو زمانەوانییـە دیراسـە کردنـی زمـان دەگەیـەنێت هەرچـی دیراسە کردنی کۆمەڵگایە لەسەر بنەماو شەنگستی زمانەوە ئـەوە سۆسـیۆلۆژیای زمـان دەگەیەنێت، لـە سۆسـیۆلۆژیای زمانـدا، کۆمـەڵ "society" دەبێتـە چـەق – کـرۆك "core" لەوێوە بڕیـار لەسـەر زمـان، بـەهای زمـان، جـۆری زمـان دەدرێـت. ئەمـەو، "هەدسن" جیاوازیەکانی نێوان هەردووك لە دوو خاڵ دەبینێتەوە:–

یەکـەم/ جیـاوازی نێوانیـان دەوەستێتەسەرشەنگستی تـەرکیز"focus". زمـان جێـی بایەخی توێژەرە یاخود کۆمەڵگا. لەم بایەخدانە هێڵی لەیەك جیاکردنەوەی زمانـەوانیی کۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژیای زمان بە دەردەکەون.

دووەم/ توانای توێژەر. بەهرەی توێژەر لە کام رابودایە؟ لەشی کردنـەوەی زمانـەوانیی "linguistic analysis" یاخود لـە پێکهاتـەی کۆمەڵایەتیـەوە. هەریـەك لـەم دووەش چوارچێوەی هەریەك لە زمانەوانیی و سۆسیۆلۆژیا بەدەردەخات.

**ژێدەرەکان:**


1-Crystal -d- 1993. language and languages.
2-Hersy r- zool- lol key ideas- linguistics.
3- Hudson- r-a- 1996- socialinguistics.
4-Wardhaugh- r- 1990-an introduction to socialinguistics.
5-Weber-h- dack and platt-1989- lonhman dictionary.
6-Warren- p-2006 – language matters.
7- Yule-6-2006-the study language.


## زمان و ئاسایشی مەعریفی

زمان، زمانی دایك– زمانی نەتەوە، فاکتەری بوون و مانەوە و بزوێنەری داهاتووی هەر نەتەوەیەکە. لە هەندێ کلتوور و ئەفسانەدا زمان بوونێکی پیرۆزە. هەرچی بەو زمانە بنووسرێ پیرۆزە، هەندێ جار ئەو پیرۆزییە تاکەکانی نەتەوە بەرەو ئاقاری خۆپەسەندی و رەگەز پەسندی دەبات! لەلایەکی دیکەش فەرامۆشکردنی زمان لە بواری ئەکادیمی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و راگەیاندندا دەبێتە هۆی مردنی زمان. لەو بارەیەوە، زمانی لاتینی باشترین نموونەیە لەسەردەمێکدا زمانی ئایین و سیاسەت و ئەدەب و قوتابخانە بوو، کەچی ئەو زمانە زەمانێکە زمانێکی مردووە!

کەم کۆمەڵگا هەیە سەد لە سەدی کۆمەڵگایەکی نەتەوەیی بێت، بەڵکو زۆربەی کۆمەڵگاکان کۆمەڵگەی فرە ڕەنگ و و کلتوور و زمانن. ئەو واقیعە تەنیا لە دەولەتە دکتاتۆریەکان و رەگەزپەسندەکان بەخورتی بەرەو یەکرەنگی و یەکزمانی دەبردرێن. ئەمەش نەك هەر ڕەوشێکی ساخڵەم و تەندروست نییە، بەڵکو ئینسانیش نییە. کورد لە هەر پێنج بەشی کوردستاندا ناچارکراوە دەگەڵ کلتوور و زمانی داگیرکارانی بژێت. ئەو ژیانە بە هیچ جۆرێ لە چوارچێوەی خۆهێشتن نەبووە ، بەڵکو واقیعێك بووە بەسەریدا زاڵکراوە. لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، زمان هەر فاکتەری نەتەوە و ئاسایشی نەتەوە نییە، بەڵکو زمان هێمای ئاسایشی مەعریفیشە. ئەم دیارەدەیە لە وڵاتە داگیرکەرەکاندا هێندە مرۆڤانە کاری بۆ نەکراوە و ئەوەی کراشە تەنیا دامەزراندنێکی سەقەتی ناشارستانییە.لە تورکیا تاکی تورك لەگەمارۆیەکی خاپوربوونێکی مەعریفی دایە. و هەمووشتێ بە تورکییە، بۆیە دەبینی جیهانبینی تورکی لە بواری ئاسایشی مەعریفییدا زۆر تەنگە، تەنیا خۆی دەبینێ و خەڵکی دیکەش هەر بە زمانەکەی خۆی دەبینێت. ئەفسووسەکە لەوە دایە دەسەڵاتی تورك ئەم کوشتنە بە بینای نەوە لە دوای نەوەی خۆی دادەنێت. خۆ دابرینی تاکی تورك لە جیهانی بە ناو ئیسلامیی ئەگەرێکی دی کوشتنی تورکە. ئەتاتورك، کە بە باوکی تورك و دامەزرێنەری تورکیای نوێ دادەنرێت، وەهمێکی وای بۆ تاکی تورك دارشتووە ، دەرچوون لەو تەلیسمە ئاوا ئاسان نییە. تاکی تورك وا گومان دەبات ئەگەر لە یەکێتی ئەورووپا وەربگیرێ لە کێشە ئابووری و

شارستانیەتیەکان رزگاری دەبێت. ئەو هەست بە تەقەدومکردنە لە بەرامبەر رۆژئاوا و خۆ بەزلزان لە بەرامبەر کورد دا شیمانەی توونێلێکی دەر ڕۆناکی لێناکرێ!

لە ئێرانیش هەتا زۆربەی پرۆفیسۆرەکانی زانکۆش بە دەگمەن ئینگلیزییەکی ڕەوان دەزانن. هەرچی هەیە تەنیا بە زمانی فارسییە، ئەو زمان پەسەندییە ، خۆی لە خۆیدا کوشتنی نەتەوەیە، چونکە تاکەکانی نەتەوە ئەوەی دەیزانن چ لە ماڵ چ لە زانکۆ و دەزگاکان هەر بە فارسی دەیزانن.

ئەگەر ئەو حاڵەتە بۆ تورك و فارس ساخلەم نەبێت، بۆ ئێمە ڤایروسێکی خەتارناکە و هەرەشە لە پێکهاتەی مەعریفی تاکی کورد دەکات.لە باشوری کوردستان ئەگەر ئێمە لە عەرەبەکانیش جیا ببینەوە ئەوە لە زۆر رووەوە هەر پێویستیمان بە عەرەبی دەبێت.  باشوری کوردستان داوا ئامانجی بیر کردنەوەی تاکی کورد نییە، بەڵکو دەبێت لە زاکیرەی هەر تاکێکی کورد بینای دەوڵەتێکی لە نشونمانکردن دا بێت. ئیمە راپەرینمان کرد بۆ ئەوەی لە خێوی عروبە رزگارمان بێت، نەك جۆرێکی دیکە لە ڤایرۆسی عروبە لە ناخی گەنجەکانمان بچێنین.  لە دوای راپەرین زانکۆکانمان لە رووی مەعریفییەوە لە پاشەکشی دان.  ئەو پاشا گەردانییە وێرانکردنی رۆحییە، چونکە لەم بەرنامەیەی ئێستادا نەوەیەکی خوێندەواری جاهیلمان بۆ دروست دەبێت.  بۆچی جاهیل نەبێ کە جگە لە کوردییەکەی خۆی (نەك زمانی یەکگرتوو) هیچ زمانێکی دیکە نازانێت هەتا دایەلێکتیکێکی دیکەش نازانێت.  باوەڕ ناکەم لە هەموو قوتابییەکانی زانکۆکانی سلێمانی و هەولێر و کۆیە سەد قوتابی (سۆرانی!) هەبێت بتوانێ نامەیەکی پوخت بە (بادینی!) بنووسن.  ئایا ئاسایشی مەعریفیمان لە هەڕەشە دایە یان نا؟!

ئەو سنووربەندییەی هەرێم و ئەو فەرامۆشکردنەی زمانەکانی دیکە دوو ئەگەری رووخانی مەعریفی تاکی کوردن.  ئەگەر تورك و فارس ئەمە بکەن ئەوە ئەوان هەزاران وەرگێریان هەیە و دەتوانن زۆربەی هەرە زۆری شاکارەکانی جیهان و پرۆگرامەکانی زانکۆکانی جیهان بۆ زمانی خۆیان وەربگێرن، بەڵام ئێمە چەند وەرگێرمان هەیە.؟! خۆشویستنی زمانی نەتەوەیی ئەوە ناگەیەنێت کە زمانی دیکە فێر نەبین.  هەر

زمانێکی زیندوو ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بینای مەعریفی هەر تاکێکدا، لەم ڕوانگەوە بە حوکمی ئەوەی ئێمە بانگاشەی ژیانی موئەسەساتی دەکەین لە هەوڵی بە دیموکراسیکردنی دەسەڵات داین ئەوە دەخوازێ بەو عەقڵە ئەکادیمی و شارستانی و مەعریفییەوە تاکەکانی خۆمان لە مەترسی ڕووخانی مەعریفی رزگاربکەین.

خۆم وەك ئەکادیمییەك باوەڕم وایە کە زۆر گرنگە نەك هەر تەنیا گرنگی بە زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی بدەین، بەڵکو چەندین سەنتەری چالاك بۆ فێربوونی ئەو زمانانە بکرێتەوە و قوتابییەکانی ئەو بەشانە چەند ساڵێك لەو وڵاتانە بمێننەوە و زیاتر دیراسەی زمان و کلتووری ئەو گەلانە بکەن، بەمەش بەجدی نەوەیەکی مەعریفیمان بۆ دروست دەبێت و جگە لە زمانەکەی خۆی زمانی دۆست و نەیارانی خۆیشی دەزانێت.

# دەسەڵاتی فرمان

## خوێندنەوەیەکی هزری- زمانەوانییە

زمانی کوردی وەك هەموو زمانێکی دی هیندو- ئەروپی پێکهاتەی ڕستەسازیەکەی لەسەر فرمان دامەزراوە. فرمان لە کوردیدا دەسەلاتێکی فرە رەهەندی هەیە. ئەو دەسەلاتە تەنها هەر لە پێکهاتە سینتاکسیەکەدا دەرناکەوێ، بەڵکو لە پێکهاتەی واتایش دەردەکەوێ. دەسەلاتی فرمان هەرجۆرێ بکەرو بەکار دیارناکات، بەڵکو دەسەلاتی بەسەر جۆرێ بکەرو بەکارەکانیش دا هەیە. وێڕای ئەمەش لەرووی مۆرفۆلۆژیش ئەو دەسەلاتەی فرمان لە فرێزو جۆری فرێزەکاندا هەیە. لەم کورتە نووسینەدا تەنیا جەخت لەسەر دەسەلاتی فرمان لە دیاریکردنی بکەرو بەکار دەکەین. ئەم دیاریکردنەش هەر لەسەر ئاستی ڕستەسازی شرۆڤە ناکەین، بەڵکو هەندێ سەرەنج لەسەر ئاستی واتاییش دەردەبڕین. ئەم فرمانانەی خوارەوە دەسەلاتیان بەسەر دیاریکردنی بکەرو کارەکانیان دا هەیە.

- دەخوێنێ.
- دەنووسێ.
- دەخوا.
- داڕژوا.
- دەپەڕێ.
- دەوەڕێ.
- دەلورێنێ.
- دەنەڕێنێ.

هەر چوار فرمانی یەکەم- دەخوێنێ، دەنووسێ، دەخوا، داڕژوا — فرمانی تێپەڕن " transtive verbs". ئەم جۆرە فرمانە پێویستی بەکارێکەوە هەیە، چونکە کارەکە کەسێك لەسەر کەسێکی تر یان شتێکی ترەوە دەیکات. فرمانی " دەخوێنێ" ناسنامە

بکەرەکە دیاردەکاو ئەو کەسەی دەخوێنێ یەکێ لەو ئەدگارانەی هەیە: + مرۆڤ، + قوتابی، + چاوساغ یان کوێرە! ئەدگاری یەکەم لەپێش هەموویانەوەیە، چونکە ئەوەی دەخوێنێ دەبێ مرۆڤ بێت. وێڕای ئەمەش بکەرەکە بکەرێکی لۆژیکیە. هەروەها بەکارەکەش دیاردەکات بەوەش شتێك دەخوێنێ. ئەو شتە ئەدگاری خوێندنی هەیە. وێڕای ئەمەش شوێنی خوێندنەکە دیاری دەکات. ئەو کەسەی دەنووسێ، دەبێ نووسیار بێ. ئەو نووسیارە مرۆڤە سیماتەی ئەوە دەکرێ شاعیر، توێژەر، یان چیرۆکنووس. هتد بێت. گیانلەبەرو بێگیان ناتوانن ببنە نووسور، بۆیە ئەو کەسەی دەنووسێ، دەبێ مرۆڤ بێت! هەروەها هەر فرمانەکە بەکارەکەش دیاری دەکات.

١- ئەو چیرۆك دەنووسێ.

٢- ئەو رۆمان دەنووسێ.

٣- ئەو شیعر دەنووسێ.

بەلأم ناکرێ بلێین:

٤ - ئەو رایەخ دەنووسێ!

٥ - ئەو ئاسمان دەنووسێ!

٦- ئەو پیاو دەنووسێ!

لە فرمانی " دەخوا" دا دەکرێ بکەر مرۆڤ بێ یان گیانەوەر بێت. بەکارەکەش دەبێ ئەو شتە بێت " بخورێت" :

٧- ئەو نان دەخوا!

٨- شێرەکە گۆشت دەخوا!

٩- مەلۆتکەکە برنج دەخوا!

١٠- ئەو دیوار دەخوا!

لە "٩" نەلۆتکەکە- بەگوێرەی تەمەنی- شیانی ئەوەی نییە " برنج" بخوا، ئەگەرنا " برنج" دەخورێ، بەلأم لەڕستەی "١٠" دیوار ناخورێ، ئەگەرنا ئەو شیاوی ئەوەی هەیە ئەوشتە بخوا، کە دەخورێت. ئەمەو لەهەندێ ڕستەی ئیدیۆمیدا " دەخوا" چەندەها واتای تر دەگەیەنێت:

**١١– ئەو باش دەخوا. ______ پارە دەدزیٚ.**

**١٢– ئەو پەکی پیٚ نیە دەخوا. _____ حەرام دەخوا.**

**١٣– پیٚم بلیٚ: ئەو دەخوا یان نە. ؟ _____ بەرتیل وەردەگریٚ.**

**١٤– ئەو وەك گەزۆو مازوی دەخوا. __ لە حەرام و حەلالٚ ناپیٚچیٚتەوە.**

**١٥– ئەو پیاویٚکی باشە، لەبەرد نەرمتر بیٚ دەخوا. هەرشتیٚك بخوریٚت.**

هەرچی فرمانی " داژوا" یە ئەوە بەکارەکەی دەبیٚت شتیٚك بیٚت سیفەتی هاژوتنی لەسەر پیادە بیٚت وەك: پایسکل، ئۆتۆمبیٚل، فرۆکە. . هتد لیٚرەش بکەرەکە، بکەریٚکی لۆژیکی دەبیٚت و بەپلەیەك مرۆڤە، بەلاٚم هەندیٚ جار بۆ مەشق هەندیٚ گیانەوەری زیرەك دەبیٚت. هەرچی کۆمەلٚەی دووەمە: " دەپەریٚ، دەوەریٚ، دەلوریٚنیٚ، دەنەریٚنیٚ– یە بکەرە سروشتی و لۆژیکەکەیانە گیانەوەر. لیٚرەدا فرمانەکە جۆری گیانەوەرەکەش لەیەك جودا دەکاتەوە. فرمانی " دەپەریٚ" هەر فرمانیٚکی تایبەت بە گیانەوەرەوە نییە، بەلٚکو جیٚندەر" gendar" یش نیشان دەدات. بکەرەکە نیٚرەو شیانی پەریٚنی هەیە. بەواتای بکەرەکەوە لەتەمەنەوە پەککەوتە نییە. هەرچی فرمانی " دەوەریٚ" یە، ئەوە تەناهـ تایبەتە بەسەگەوە. هەر تەنیا سەگ بکەری فرمانی دەوەریٚ دەبیٚت، بۆ "مرۆڤ" دەوەریٚ بەواتایەکی تر دیٚت! بکەری فرمانی "دەلوریٚنیٚ" تەنیا " گورگ " دەبیٚت. هەر " شتر " بکەری فرمانی " دەنەریٚنیٚ " دەبیٚت. هەرچەندە دەنەریٚنیٚ بۆ مرۆڤیش بەکاردیٚ بەلاٚم جگە لە لاسایی کردنەوەی تورەیی و درندەیی شیٚر چیتر نییە. فرمانی " دەپەریٚ " فرمانیٚکە بکەرەکەی هەموو گیانەوەریٚکی نیٚری گەنج دەگریٚتەوە. هەرسیٚ فرمانەکەی تریش لەیەك سیفەت هاوبەشن ئەویش نیشاندانی ئەدگاری ترسە یان هەبوونی ترسە. واتای کە شیٚر دەنەریٚنیٚ لەلایەك بەرکارەکە دەترسیٚنیٚ لەلایەکی تریش شیٚرەکە برسی یە یاخود هەست بەبوونی هەرەشەیەك دەکات. فرمانیٚکی وەك " دەترسیٚ " بکەرو بەرکاری جودای هەیە. ئەم نموونانەی خوارەوە جۆرەکان لەیەك جودا دەکەنەوە:

**١٦– ئازاد لە شیٚر دەترسیٚ.**

١٧- ئەو لە شەوە دەترشیّ.

١٨- منداڵەکەم لە مشك دەترسیّ.

١٩- کیّ هەیە لە دێو نەترسیّ.

٢٠- ئەو لە مردن دەترسیّ.

٢١- ئەو لە خۆشەویستی دەترسیّ.

لە ڕستەی "١٦-١٩" ترسەکە پەیوەستە بەجۆری بکەرەکانەوە چونکە، بۆ نموونە هەموو کەس لە " شەوە" " دێو" ناترسیّ، بەڵکو هەیە زەنی وایە " شەوە" و " دێو" لە واقیعدا بوونیان نییە تەنها هەندیّ ئافرەت، بەتاییەتی لەپاش منداڵبوون لە شەوە دەترسیّ. هەندێکی تر تەنیا بەشەو لە دێو دەترسیّ. تەنیا " منداڵ" یان " ژن" لە مشك دەترسیّ. ئەوانە ئەو شتانەی ژێدەری ترسن و ئەوانەی لەو ژێدەرانە دەترسن جیاوازن و حاڵەتەکە هەمەلایەنە " universal" نییە. لە ڕستەی "٢٠-٢٢" ژێدەرەکان حاڵەتی مەعنەوین و جۆری ترسەکە، جەستەیی نییە. لە لایەکی تر حاڵەتەکە زیاتر تەوەقعی یە لەوەی ڕوویدابێت، بەڵام " مەرگ، نەبوونی" ترسێنەرن، چونکە روخێنەرن! ئاکامی خۆشەویستی - ش هەر چاوەڕێی ترسێکی مەعنەوی لێدەکریّ، نەك خۆشەویستی خۆی! لە بیڤی ئاینیدا لە زۆربەی کۆمەڵگاکان کلتوورێك ئامادەگی هەیە، خەڵکە عەوامەکە باوەڕی وایە کە ئەو زەنە ژێدەرەکەی ئاینیە، ئەویش مەسەلەی لەخودا ترسانە! مرۆڤ لەخودا بترسیّ یان وابکات خۆشەویستی خودا بێت؟! ئایا خودا، کە دەسەڵاتی موتڵەقی بەسەر ئێستاو ئایندەی ئەم دنیاو ئەو دنیای مرۆڤەوە هەیە، مرۆڤ بۆ خۆشی نەویّ؟ بۆ لێی بترسیّ؟! خودا یەکە، بەڵام مرۆڤەکان زۆرن و جیاوازن. ئەوانەی لە مەملەکەتی خودا دەردەچن و دنیایەکی تر بۆخۆیان و ئارەزووەکانیان بونیاد دەنێن، ئەوانە گوفتارو رەفتاریان لەگەڵ خودا نییە، خودا بەرامبەر ئەوانە " سزادەر، تۆڵەسێنە. " نەك بەرامبەر مرۆڤێك ژیانی بەگوێرەی بەرنامەی خودا دادەڕێژیّ. بەحوکمی ئەوەی مرۆڤ کائینێکە هاردەکەی جێی خراپەو چاکەی لێدەبێتەوە، بۆیە ناتوانیّ وەك " فریشتە" بژێت. وەك فریشتە نەژیان، لادان

نییە، بەڵکو پەیڕەوکردنی ئادەمیەتی مرۆڤە. لەم روانگەیەوە لەم رستانەی خوارەوەدا بکەر تاوانبارە نەك بەرکار!

٢٣- ئازاد لە خودا دەترسێ!

٢٤- سەردار لە خودا دەترسێ!

لە ڕستەی "٢٣" و "٢٤" دا " ئازاد" و " سەردار" هەردووك — هەریەکەی بەڕێژەیەك و پێوانەیەك کەسایەتیەکەی دەردەکەوێت. ئازاد بۆ لە خودا دەترسێ. ئەگەر ئەو مرۆڤەکی دروستە، بۆ لە خودا دەترسێ؟! خودا ڕێزی هەموو ئادەمیەك دەگرێ! لەنێو ئادەمیەکان، ئەوانەی لەگەڵ خودا تەبان، خودا خۆشی دەوێن. لەروالەت، ئازاد لە خودا دەترسێ، ئازاد مرۆڤەکی باشە. لەگەڵ خودای خۆی تەبایە، بەلام بۆ دەبێ لە خودا بترسێ؟! خودا نەك ژێدەری ترس نییە، بەڵکو ژێدەری تەناهی و ئارامیی گیانی مرۆڤە! لەم پێودانگەوە، فرمانی " دەترسێ" لە ڕستەی "٢٣" دەبێت لێکدانەوەی ترسی بۆ بکرێ:

یەکەم کلتووری کۆن ببەزێنین. لەجیاتی ئەوەی منداڵانمان بە " ترس لە خودا "، بە " خودا خۆشەویستن" پەروەردە بکەین. ژیان و جیهانی منداڵان هەمووی بەرائەتە، جا لەسەر چ بنەماو شەنگستێك بەترس! ! لە خودا بیترسێنین. ئەوەی تەواو دەرك بە بەزەیی و خۆشەویستی خودا بکات، دەگاتە ئەو قەناعەتە ئیدراکییە، خودا دەیەوێ مرۆڤ- خۆشی بوێ، نەك لێی بترسێ! !

دووەم: " دەترسێ" لە کۆنتێکستی: ئازاد لەخودا دەترسێ جیایە لەوەی " ئازاد لە دێو دەترسێ "، چونکە لە یەکەم دەبێ خوێندنەوەیەکی پراگماتیکی بۆ بکرێ ئەوەی دووەمیش خوێندنەوەیەکی سیمانتسیکی! بە واتایەکی تر، " دەترسێ" لەو دوو سیاقە وەك فرمانێکی فرە واتا " polysemous" دەردەکەوێ. لە یەکەمدا، ئازاد لە خودا دەترسێ، وا دەخوێنرێتەوە کە ئازاد سنووری خودا نابەزێنێ. خودا دۆستە. یەکێکە لە پیاوانی خودا. خوداش شایەن بەوەیە ڕێزی لێبگیرێ. ئەو ترسە لێرەدا، ڕێزە چونکە خودای هەرگیز خۆی ژێدەری ترس نییە، بەڵکو ژێدەری ڕێزو پەرستنە.

هەرچی واتای دووەمی " دەترسیٚ" یە ئەوە واتا سیمانتیکیەکەی وشەکانی ڕستەکەیەو لە کلتووری کوردیدا " دێو" هیچمای ترسەو خوێندنەوەیەکی ئەرێی بۆ ناکریٚ. خودا تورە نابیٚ، هەتا تورە نەکریٚ. ئەوە مرۆڤە خودا تورە دەکات نەك خودا خۆی تورە بێت، بۆیە هەروەك چۆن خۆی بە گەورەیی خۆی ڕێزی مرۆڤ دەگریٚ، دەیەویٚ مرۆڤیش ڕێزی بگریٚ نەك " بەزاتی ئەو " منداڵ بترسێنریٚ! !

# زمانی ستاندەر
# لەنێوان پێویستییەکی نەتەوەیی و
# حەساسییەتی ناوچەگەریی

زۆربەی زمانە زیندووەکان چەندەها زار و شێوەزاریان هەیە، هەبوونی ئەو هەموو زارە حاڵەتێکی سروشتییە و ئەگەری بەهێچزی زمانی نەتەوەییە. لەلایەکی تریش هەر کە زارێك یان شێوەزارێك بە هۆ هەبوونی چەند ئەدگارێك یاخود بە هۆی مێژوویی یاخود سیاسیی شیمانەی ئەوەی لێدەککرێ ببێتە زمانی ستاندەرو زمانی نووسین بۆ هەموو زارەکانی تر، ئاخاوتنکەرانی زارەکانی تر بە ئاسانی ئەوە قەبوڵ ناکەن. ئەو پەسند نەکردنەش چەند ئەدگارێکی لە پشتەوەیە.

گومان لەوە دانییە کە هەبوونی زمانێکی نووسین کە هەموو ئەدگارەکانی زمانی ستاندەری لە خۆ گرتبێت، پێویستیەکی نەتەوەییە. بە حوکمی ئەوەی کورد لە مێژووی نوێیدا قەوارەیەکی سەربەخۆی نەبووە، تا بتوانێ هەموو کورد وەك زۆربەی گەلانی دنیا خاوەن زمانی خۆی بێت. لە سەردەمانێکدا میرنشینی ئەردەلان خاوەن هەیبەت و هەیمەنەی خۆی بوو، زاری هەورامی نەك هەر خەریك بوو ببێتە زمانی دەستەلات و ئەدەب و کۆمەڵگا، بەڵکو خەریك بوو دەبووە زمانی دینیش !.

لە سەردەمی زێرینی میرنشینی بابانیش بە چاولێکەری میرنشینی ئەردەلان، زاری کرمانجی خواروو لە سەر دەستی شاعیرانی سەردەستەی بابان خەریك بوو دەبووە زمانی ستاندەر هەتا شاعیرانی دوای ئەوانیش نەك هەر لە ڕووی زمانەوە، بەڵکو لە ڕووی هونەری شیعریشەوە ئەوانە دەبوونە ستاندەر بۆیان !

لە دەڤەری باکووریش بزاڤی زمانەوانی و گرنگی دان بە زمان و ئەدەب و تێکستی ئەدەبیدا سنووری ئەوەی بەزاند، بە جۆرێ یەکەم چیرۆك، یەکەم ڕۆژنامە، یەکەم ڕێزمان هەتا یەکەم شیعری نوێش بە زاری کرمانجی سەروو بووە. ئەو زارە تەنیا سەر

بە باکووری کوردستان نەبووە، بەڵکو ئەو ئەدەب و ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لە ئەستەنبۆڵ و دیمەشق و قاهیرە دەردەچوون هەر بەو زارە بووە.

هەردوو زاری باکوور و باشوور لە هەر سێ ئاستە سەرەکییەکەی زمان : فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس جیاوازیان هەبووە. دوور نییە ئەو جیاوازییە پەیوەست بەو فرە ڕەهەندییەی ڕەگەزی کوردەوە بووبێت، جاران وا باو بووە کە میدییەکان باپیرە گەورەی کوردانن، بەڵکو ئەم ڕایە لە ڕووی زانستی و مێژووییەوە لە جێی خۆی نییە، چونکە بەر لە دەرکەوتنی میدیەکان لە کوردستاندا هۆز و خێڵی تر لە کوردستان هەبوونە، زۆربەی ئەوانەش هەر بە قسەی هاوسێیانی کوردەوە کورد بوونە. دوور نییە کاردۆخییەکان باپیرە گەورەی کوردانی باکوور بووبن !. ئەوەی هەردوو زارەکە بزانێ یان شارەزای لە بارەی ئەو زارەوە هەبێ، ئەوا دەزانێ کە زۆر دژوارە بتوانین ئەو دوو زارە لە یەك بدەین و زمانێکی ستاندەر بۆ کورد دروست بکەین. هەر لەو روانگەیەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد بە ڕێبەرایەتی بارزانی و کوڕەکانییەوە هەوڵیان نەداوە زاری سەروو بە سەر زاری خواروو بسەپێنن، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەتا زمانحاڵی حزبەکەشیان بە زاری باشوور بووە. ئەوساش بادینیەکان ئەمەیان لەلا پەسند بووە، ئەگەر پەسندیش نەبووبێ دژایەتیان نەکردووە ، . هەرچەندە لە هەشتاکان رژێمی بەغدا لە رێگای (ئاسۆ ) و (بزاڤ ) هەوڵی دا ئەو دوو زارە بەرەو دوو زمان بچن، سەرکردایەتی سیاسی کوردیش لە دوای راپەرینەوە راستەوخۆ یان ناراستەخۆ لە پێکۆڵی ئەوە دان کە ئەو دوو زارە بەرەو دوو زمان ببەن !. ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی لە هەولێر و سلێمانی دەردەچن تەنیا بە زاری کرمانجی ناوەڕاستن، بە جۆرێ تەنیا رۆشنبیرانی حەفتای بادینی لەو زارە دەگەن، هەرچی رۆشنبیرانی (سۆرانین ) زۆربەیان لە زاری سەروو ناگەن !باوەڕ ناکەم لە سەدا سی رۆشنبیرانی ئەمرۆ لە رۆژنامەکانی (ڕەسەن )، (پەیمان ) و (ئەڤرۆ ) و گۆڤاری (گازی )، (مەتین)و(ڤەژین)و(نوهات ) بگەن ! بەڵام زۆربەی لە هەردوو لا لە (التاخی)(الاتحاد ) دەگەن ! ئەو ڕقە ناپیرۆزەی هەژمونی پۆلیسی دەستەلاتی سیاسی حیزبی کوردی لەلای تاکی هەردوولای دروستکردووە و وای

کردووە ئەو دوو زارە بەرەو دوو زمان بچن ! ئەوەتا لە هەردوو لا وشەی (تەڵاق ) بۆ لە یەکتر جیاکردنەوەی هەردوو زارەکە بەکاردەهێنن !.

دەڤەری بادینان لە پێکۆڵی زۆردان کە ئەگەر زارەکەی ئەوان نەبێتە زمانی فەرمی فەرمانگە و خوێندن، ئەوە ئامادە نین چیتر قەبووڵی (زاری سۆرانی ) بکەن. هەرچی دەڤەری سۆرانە ئەوە (بانگەشە )ی ئەوە دەکەن کە ئەوە سەدەیەکە کورد زمانی ستاندەری خۆی هەیە. ئەو(زمانە )ش زاری کرمانجی ناوەڕاستە. ئەو زارە هەموو ئەدگارەکانی زمانی ستاندەری تێدایە، لە مێژووی خۆیدا سەلماندوویەتی کە شیانی ئەوەی هەیە ببێتە بنەمایەك بۆ زمانی یەکگرتوو ! پاساوەکانی ئەم دەڤەرە هەندێ لۆژیك لە خۆ دەگرێ. تێکستەکانی ئەم زارە بە ئەلفبای ڕێنووسی عەرەبی نووسراوە. لەو سەدەیەدا هیچ دابڕانێك لە بزاڤی ئەو زارەدا نییە، هەرچی زاری باکوورە ئەوە نزیکەی سەدەیەکە ئەو شێوەزارە لە دنیای نووسین بە پلەیەك و قسەکردن بە پلە دوو کز بووە. لە دەڤەری بادینانیش لە حەفتاکانەوە هەتا ڕاپەرین تەنیا گۆڤارێك بەو زارە دەرچووە، ئەویش (دەنگێ مە )یە، کەچی لە دەڤەری سۆران (کاروان )و(بەیان )و (ڕۆشنبیری نوێ )و (هاوکاری )و (پاشکۆی عێراق) هەبووە. لە دوای ڕاپەرینیش ژمارەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی بە زاری کرمانجی ناوەڕاست دەرچوونە بە هیچ جۆرێ بەراورد ناکرێ بەوانەی بە زاری کرمانجی سەروو دەرچوونە.

لە کۆتاییدا ئێمە ئەگەر بە عەقلی کوردستانی گەورە بیر بکەینەوە، کە نزیکەی سەدا حەفتای کورد بە زاری کرمانجی سەروو دەئاخڤن، ناچار دەبین دوو زار بکرێتە زمانی نووسین. ئێستا لە ئەمەریکا، ئەمەریکیەکان زمانی خۆیان بە زمان دەزانن نەك زارێك بێت لە زمانی ئینگلیزی ! یان زاری کرمانجی بکرێتە زمانی ستاندەری کوردی ! بەڵام لە سەر ئاستی باشووری کوردستان، هەرگیز ڕێك ناکەوێ زاری کرمانجی هەژموونی بە سەر زاری ناوەڕاست هەبێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە مەسەلەکە ئەوەندەی باکگراوندێکی ناوچەگەرێتی و حەساسیەتێکی سیاسی هەیە، هێندە مەسەلەکە زمانەوانی نییە. خۆم باوەڕم وایە هەر کە ڕۆشنبیرانی کورد بە عەقلێکی شەفاف و دوور

لە دەمارگیری عەشیرەتگەری و ناوچەگەریی بیر بکەنەوە، چەند قۆناغێکی گرنگ دەچینە پێش بۆ بەرپاکردنی زمانێکی ستاندەر. خۆم باوەڕم وایە ئەگەر بە دروستی پەیرەوی مەنهەجی خوێندنی پەروەردەی ئیدارەی هەولێر بکرابوایە، ئەوە ئەو پرۆسەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەرئەنجامی باشی دەبوو و دەبووە بنەما و شەنگستێك بۆ یەك زمانی نووسین.

## ئەلفبای فەرهەنگی و زمانی

لە نێو کورد سێ جۆر ئەلفبای عەرەبی لە کوردستان باشوور و ڕۆژهەلأت بەکاردێ، ئەلفبای لاتینی لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها لە هەندێ گۆڤاری باشووریش بەکاردێ، ئەلفبای سلاڤی (ئەم جۆرە ئەلفبایە ) زیاتر لە ناو کوردەکانی سۆڤیەتی پێشوو بەکاردێ. ئەم نووسینە لە لایەنی نێگەتیڤ پۆزەتیڤی ئەو ئەلفبایانە نادوێ، بە ڵکو هەوڵدەدات هەڵەیەکی باو Common Mistakes ڕاست بکاتەوە کە زۆرێك لە فەرهەنگنووسان و نووسەرانی کورد دووچاری بوونە. ئەوەیش لە یەك جیا نەکردنەوەی ئەلفبایی فەرهەنگی و زمانییە.

بێگومان هەموو زمانێك ئەلفبایەکی هەیە بە گوێرەی ئەو ئەلفبایە زمان دادەرێژرێت، ئەم جۆرە ئەلفبایە لە ناو قوتابییان بە (abcd ) ناسراوەو تەواوی پیتەکانی زمانێك دەردەخات، بەواتای لەم جۆرە ئەلفبایەدا هەردوو جۆرە پیت بزوێن و نە بزوێن consonant- vowel هەتا نیمچە ڤاولیش quasi-vowel لە خۆ دەگرێ، هەر لە پیتەکانی ئەم ئەلفبایەش دەنگ درووست دەکرێن، فۆنیم و دەنگ کە لە و پیتانەوە دروست دەکرێن، پێکەوە وشەیان لێ دروست دەکرێت، ئەدگارێکی تری ئەو پیتانە ئەوەیە دەکرێ لە سەرەتا و ناوەڕاست وکۆتایی وشە بێت بە شێوازێکی تر ئەو پیتانە لە هەموو وشەیەکی زمانەکەدا هەن هەروەها دیاردەیەکی دەنگسازی هەیە کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جودایە، ئەویش دیاردەی هەبوونی ئەلفۆنە allophone، ئەلەفۆن

گۆکردنی فۆنیمێکە بە چەند شێوەیەکی جیاوازەوە ئەو پۆلیدەنگییە واتای وشەکە ناگۆڕێت، بەلآم بۆ نموونە، ئەوەی پۆلیدەنگییە لە ئینگلیزیدا لە کوردیدا تاك فۆنیمییە هەردوو پیتی (ڕ ) و (ل ) چ بە قەڵەو یان لاواز بیخوێنینەوە لە ئینگلیزیدا واتا ناگۆڕێت، بەلآم لە کوردیدا هەریەکە لەم دووە تاکفۆنیمییە بۆیە شێوەی کۆ کردنیان واتا دەگۆرێت. .

هەرچی ئەلبای فەرهەنگیە لە زۆر رووە وە لە ئەلفبای زمانەوە جودایە، ئەلفبای فەرهەنگی هەموو ئەلفبای زمانی ناگرێتەوە، ئەلفبلی فەرهەنگی تەنیا ئەم پیتانە دەگرێتەوە کە توانایان هەیە لە سەرەتای وشە بێن، ئەمەش هەرتەنها نەبزوێنەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو بزوێنەکانیش دەگرێتەوە، هەردوو پیتی (ڕ ) و (ل ) زۆری وشەسازی کوردی پێکدێنن، نابنە بە شێك لە ئەلفبای فەرهەنگی، چونکە کورد وشەی نییە بە (ڕای لاواز ) و (لامی قەڵەو) دەست پیٚ بکات، هەروەها لە کوردیدا هەردوو پیتی (و ) و (وو) دوو دەنگی جودا پێکدێنن، هەردوو وشەی (کوڕ ) و (کووڕ ) تەواو لە یەك جودان، بەلآم لە ئەلفبای فەرهەنگیدا دەبنە یەك ،چونکە وشەی نویٚ پێکناهێنن، هیچ گۆرانێکی واتایی لە نێوان (وشە ) و (وشە ) بە (وتە ) و (ووتە ) دا دروست نابیٚ، بەلآم لە ئەلفبای زمانییدا دوو فۆنیمی لە یەك جودان.

## فەرهەنگە کوردییەکان تێکەڵکردنی هەردوو جۆری ئەلفبا

فەرهەنگنووسانی کورد وێرای ئەوەی هەردوو ئەلفبای تێکەڵ دەکەن، لەسەر ژمارەی پیتەکانیش کۆك نین، گەورە فەرهەنگ نووسی کورد شێخ موحەمەدی خاڵ لە فەرهەنگە سیٚ بەرگیەکەیدا دەنووسیٚ : زمانی کوردی (٢٧ ) پیتی هەیە کە ئەمانەن: (أب پ ج ح خ د ر ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل م ن و هـ ی ) هەرچی مامۆستا فازیل نیزامەدینە هەر چوار پیتی (ح ع غ ق ) بە کوردی دانانیٚ و ژمارەی پیتەکانی دەکاتە (٢٣ ) پیت، هەرچی مامۆستا هەژار موکریانیە ژمارەی پیتەکان دەکاتە (٣١ ) پیت.

بەمەش هەردوو ئەلفبایەکە تێکەڵ دەکات : (هەمزە بێ پێ تێ جیم چێ حێ خێ دال ریبزرگ زێ ژێ سین شین عین غین فێ ڤێ قاف کاف گاف لام لام بزرگ میم نون واو واوی مجهول هێ یێ یای مجهول ) هەرچی مامۆستا گیوی موکریانیە لە فەرهەنگی کوردستان ئەلفبای فەرهەنگی ئاوا دەنووسێ: (ا ب پ ت ج چ ح خ د ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل م ن و ه ى) وێرای ئەمەش فەرهەنگنووسانی کورد لە سەر ژمارەی پیتەکان ، هەروەها جۆری ئەلفبایەکە کۆك نین، هەروەها هەریەکە بە بیانوویەك پێتێك زیاد دەکات، یان کەم دەکات مامۆستا فازیل نیزامەدین هە رچوار پیتی (ح ع غ ق ) بە کوردی دانانێ و دەڵێ هاتوونەتە ناو زمانی کوردیەوە، گیوی موکریانیش (ع غ ) بە کوردی دانانێ، هەر ئەمەش وای لێکردووە لە زۆر شوێن (ح غ ) تێکەڵ بکات.

هەرچی مامۆستا خاڵ و مام هەژارە ئەوە هەر چوار پیتیان بە کوردی داناوە و پەیڤیان بۆ هەر چوار پیت هێناوەتەوە، مامۆستا خاڵ لەو چەند لاپەڕەیەدا وشەی بۆ چوار پیتە هێناوەتەوە(ح٤٧–٥٧ )، (ع٣٥٧–٣٦١ )، غ٣٦٢–٣٦٤ )، (ق٥٤١–٥٩٤ ) لە فەرهەنگی شارەزووری د. شەفیق قەزاز دا وشە بۆ ئەم چوار پیتە هێنراوەتەوە، لە لە فەرهەنگی کوردستانش لە لاپەرە (٣٤١–٣٥٠ ) وشە بۆ پیتی (ح ) هێنراوە بۆ پیتی (ق )یش لە لاپەرە (٦٨٢–٧٢٧ ) وشە بۆ پیتە هەیە.

## پێشنیار

بە حوکمی ئەوەی نووسەر ی ئەم چەند دێرە، چوار پێنج ساڵە خەریکی کاری فەرهەنگ نوسینە، ئەوە لە پرۆسەی فەرهەنگ نووسیندا بۆی دەرەوتووە کە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان تەواو ڕەچاوی ئەلفبای فەرهەنگی ناکەن، بۆ یە زۆر گرنگە فەرهەنگ لە سەر بنەمای ئەلفبای فەرهەنگی بنووسرێت، هەروەها زۆر گرنگە لە سەر ڕێزبەندی

پیتەکانیش هاو ئاهەنگییەك هەبێت هەروەها جیاکردنەوەی بزوێن — نیمچە — نەبزوێن زۆر گرنگە، چونکە ئەمەش لە ڕۆنانی وشەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت.

لە کۆتایدا کە دەلێین "فەرهەنگی کوردی " دەبێ فەرهەنگی هەموو کورد بێت نەك تەنیا زارێك، ئەمەش زمانی ستاندەر بە هێز دەکات هەر بۆ نموونە فەرهەنگی کوردی — کرمانجی خواروو (سۆرانی ) لە پیتی (ڤ ) زۆر هەژارە، بەڵام کرمانجی سەروو زۆر دەوڵەمەندە لەم پیتەدا، بۆیە بە بەکارهێنانی هەر ئەم دوو زارە سەرەکییەی باشووری کوردستان، زۆر وشەی کوردی لە فەوتان ڕزگار دەبێت.

# وشەی لێکدراو و پێکهاتەی ڕێزمانیی

زۆر بابەتی زمان لە ڕواڵەتو هەندێ ئەدگاردا لە یەك دەچن، بەڵام هەرچەندە لە بابەتەکە وردبینەوەو لە بابەتەکە بکۆڵینەوە حاڵەتی لە یەکچوونەکە کاڵ دەبێو هەر بابەتەو بوارو ئەدگاری تایبەت بە خۆی دەردەکەوێ.

وشەی لێکدراو Compound wordو پێکهاتەی ڕێزمانیی Grammatical structure یاخود گرێی سینتاکسی Syntactical لەو جۆرە بابەتانەن کە لە ڕواڵەتدا زۆر لە یەك دەچن، هەروەها لە هەندێ حاڵەتدا هەندێ ئەدگاری هاوبەشیان هەیە. جا بۆ ئەوەی ئەو دووە لە یەك جیابکەینەوە، بە پێویستمان زانی کورتە توێژینەوەیەك ئەنجام بدەین.

## چەمکی وشەی لێکدراو

کریستال (١٩٩١: ٧٠ )و فاسلۆو ئەوانی تر (٢٠٠٦: ٧٧ )و پارتەر (٢٠٠٥: ٩٩ )و هاسپێلماث (٢٠٠٢: ٢٢١ ) باوەڕیان وایە کە وشەی لێکدراو "لە دوو مۆرفیمی سەربەخۆ پێکدێ". مۆرفیمی سەربەخۆ Free morpheme ئەو مۆرفیمەیە کە شێوەیەکی سەربەخۆی هەیەو واتایەکی سەربەخۆشی هەیە. دەکرێ وەك وشەیەکی سادە لە فەرهەنگدا واتای بدۆزرێتەوە.

لە لایەکی تر، کە تەمبە (١٩٩٣ )و ئارنۆفو فودمان دەنووسن کە یەکێك لە پێکهێنەرەکانی وشەی لێکدراو دەبێت قەد Stem بێت. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکرێ کە بەشی یەکەمی وشەی لێکدراو قەد بێت. بە حوکمی ئەوەی دوو جۆر قەد هەیە: قەدی سادە Simple stemو قەدی ئاڵۆز Complex stem. کە تەمبە ١٩٩٣: ٤٥ دەنووسێ: "قەدی سادە بریتییە لە ڕەگێکی ڕووت– bare root" هەرچی فرۆمکین (١٩٨٨: ١٣٧ )و ئارنۆفو فودمانن (٢٠٠٥: ٤٥ ) قەدی سادە بە قەدێکی لێکسیکی تێدەگەن. هەر کە تەمبە (١٩٩٣: ٤٥ ) لە پێناسەی قەدی ئاڵۆزدا دەڵێ: پێکهاتووە لە ڕەگێكو پاشگرێکی داڕێژراو. لە بابەتی وشەی لێکدراو تەنیا جەخت

لەسەر قەدی سادە دەکەین، چونکە ئەو قەدە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە ڕۆنانی وشەی نوێدا.
قەدی سادە لە ڕۆنانی وشەی نوێدا لە شێوەی چەند بەشێکی ئاخاوتن دەردەکەوێت.
هەرچەندە بە زۆری وەك (ناو ) دەردەکەوێ، بەلاّم لە هەندێ وشەی لێکدراودا وەك (ئاوەڵناو )و (فرمان )یش هەیە. ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکی سادەن لە زمانی ئینگلیزیدا:
ئـــــەو

| | | |
|---|---|---|
| ناو + ناو | Lipstick | سۆراوی لێو |
| ئاوەڵناو + ناو | Hardware | هاردوێر– کەرەسەی قورس |
| ناو + ئاوەڵناو | Leadfree | بێ قورقوشم |
| ئاوەڵناو + ئاوەڵناو | Bittersweet | ترش و شیرین |
| فرمان + ناو | Drawbridge | پردی بزوێن |

قەدەی کە لە شێوەی ناو، ئاوەڵناو، یاخود فرمان دەردەکەوێ چەند ئەدگارێکی هەیە:
١– ئەگەر قەدەکە ناو بوو، ناوەکە هێمای کۆو تەمەلوکی نییە، هەرچەندە ناوەکە خۆی لە بنەڕەتدا کۆ بێ، وەك: Lipstick. خۆی لێو Lip دوو لێوی هەیە، بەلاّم لە ئینگلیزیدا وشەی (Lipstick ) نییە.
٢– ئەگەر قەدەکە ئاوەڵناو بوو، ئاوەڵناوەکە پلەی بەراوردی نییە.
٣– ئەگەر قەدەکە فرمان بوو، ئەوە هیچ ئاماژەیەکی رابردوو، رانەبردوو یاخود دەمکاتێ پێوە نالکێ.
مەرج نییە ئەم شەنگستانە لە کوردیدا هەبن، چونکە چەندان وشەی وەك "چڵکاو خۆر، ماستاو کردن، نەخۆش کەوتن." هەن. ئەورەحمان ١٩٧٧: ٩٠– ٩١.

## ئەدگارەکانی وشەی لێکدراو

وشەی لێکدراو ناوە بۆ کەسێك یان شتێك لەسەر ئەم شەنگستو بنەمایە، ئەگەر وشەی لێکدراو لە رووی رێنووسەوە وەك یەك وشە یاخود جووتە وشە بنووسرێ، هەروەك یەکەیەك سەیر دەکرێت. هەندێ جار وا رێك دەکەوێ کە وشەی لێکدراو هەر تەنیا دوو وشە نەبێ، بەڵکو جاری وا هەیە وشەی لێکدراو لە شەش وشە پێکدێ. ئەم جۆرە لێکدراوە بە وشەی لێکدراوی ئاڵۆز دەناسرێ Complex compound word.

وێڕای ئەمەش کە تەمبە (١٩٩٣: ٢٩٢ ) باس لە دوو جۆری تر لە وشەی لێکدراو دەکات، یەکێکیان لە دووبارە کردنەوەی وشەی یەکەم دروست دەبێت پێی دەوترێ وشەی لێکدراوی هاوسەروا وەك:

goody- goody

(١) Pretty- pretty

جۆرێکی تریش لە دوو بەشی"نا– وشە"دروست دەبێت، وەك:

Nit wit

Tit bit

(٢) Hodge podge

## واتای وشەی لێکدراو

ئەگەر لە هەندێ وشەدا واتای وشەی لێکدراو لە واتای بەشەکانی دەربکەوێ، ئەوە کۆمەڵە وشەیەکی لێکدراو هەن کە واتایان هیچ پەیوەندی بە واتای بەشەکانییەوە نییە. لێرەدا جۆرێك لە تیدیۆم دروست دەبێ. ئیدیۆم خۆی بریتییە لە کۆمەڵە وشەیەك (بە زۆری دوو وشە ) کە پێکەوە دێن واتایەك دەبەخشن تەواو جیاوازە لەو واتایەی کە هەریەکە بە تەنیا هەیانە ئەگەر لە کوردی ئەوەی (سمێڵ سۆر بێ

هەمزە ئاغا نەبێ، ئەوە لە ئینگلیزیش ئەوەی قاپوتی سوور بپۆشی بە قاپوت سوور Red coat دانانرێ، چونکە Red coat لە ئینگلیزیدا ناو بووە بۆ سەربازی بەریتانی لە چەرخی هەژدەو نۆزدەدا. هەروەها ئەگەر (boat house) لەنگەرگای بەلەم، گەراجی بەلەم بێت، ئەوە (cat house) هیچ پەیوەندی بە "ماڵی پشیلە"وە نییە بەڵکو ئەم وشەیە لە ئینگلیزیدا ناوە بۆ "سێکسخانە"![٣]. – فرۆمکین ١٩٨٨: ١٣٩–

واتای هەریەك لەم وشە لێکدراوانەش هێندە پەیوەست نییە بە واتای بەشەکانییەوە:

| | |
|---|---|
| کۆتری راو | Stool pigeon |
| قاچە سوور | Red legs |
| هێڵی مردن | Dead line |

واتای زێدەکی هەریەك لەمانە تەواو جیاوازە لە واتای بەشەکانییەوە:

| | |
|---|---|
| سیخوری پۆلیس | Stool pigeon |
| سپی پێستە هەژارەکانی توباگۆ | Red legs |
| دوا مۆڵەت | Dead line |

کە تومبە (١٩٩٣: ٧٢) هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وشەی لێکدراو شرۆڤە ناکرێ– بە واتای ناتوانرێ واتای وشەکە لە شیکردنەوەو شرۆڤە کردنی وشەکانییەوە بە دەست بێنین. وێڕای ئەمەش وشەی لێکدراو حاڵەتێکی خۆ کردەیە، وەك پەندو ئیدیۆم خەڵك دروستی کردوون نەك لە رێگای شرۆڤە کردنی رێزمانییەوە دروست بووبن.

لە لایەکی تر، لە هەندێ وشەی لێکدراودا ئەدگاری فۆنۆلۆژی رۆڵی خۆی دەبینێ لە دیار کردنیو ناسینەوەی وشەی لێکدراو هەروەها دیار خستنی واتای وشە لیکدراوەکە. بلۆمفیلد ١٩٣٣: ٢٢٨ باوەڕی وایە کە فۆنۆلۆژی نیشانەی وشەی

لێکدراو دەگەیەنێ. لە ئینگلیزیدا (هێز stress ) دەکەوێتە سەر قەدی سادەی وشەی لێکدراوەوە– بە شێوازیکی تر وشەی یەکەمی وشە لێکدراوەکە هێز وەردەگرێ. هەندێ جار ئەو وشەیەی هیز وەردەگرێ بە پیتی گەورە یاخود رەش دەنووسرێ. ئەم وشانەی خوارەوە، چونکە هێزیان وەرگرتووە، بووینەتە (ناو ) بۆ شتێك، کەسیك. هەر لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێ ئەمانە ببن بە رەگ base بۆ رۆنانی وشەی لێکدراوی تر.

| | |
|---|---|
| ساندەویچ | Hot dog |
| کۆشکی سپی | WHITE house |
| شەتڵگای شوشە | GREEN house |

**پێکهاتەی رێزمانیی**

پێکهاتەی رێزمانیی یاخود فرێزی سینتاکسی لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێ. ئەو پێکەوە هاتنە ئەو وشانە لەسەر چەند شەنگستو بنەمایەکی رێزمانیی دارێژراون. لەم بارەیەوە کە تەمبە (١٩٩٣: ٢٩٤ ) دەنووسێ: "گرێی سینتاکسی بە هۆی چەند یاسایەکی گشتییەوە دروست دەکرێن، هەروەها هەر بە پێی یاسایی رێزمانییەوە شی دەکرێنەوە".

واتای زۆربەی پێکهاتە رێزمانییەکان لە خودی بەشەکانیان دایە. هەر وشەکانی پێکهاتەکەن واتای گرێیەکە دەنوێنن. خودی پرۆسەکە بریتییە لە پەیوەندییەکی رێزمانیی. هەروەها لە زۆر بواردا ئەرکی دیارخەرو دیارخراو دەبینن.

ئەدگارەکانی پێکهاتەی رێزمانیی:

زۆربەی پێکهاتە رێزمانییەکان لە شێوەی پەیوەندی رێومانییەوە خۆیان دەنوێنن. ستاگە بێرگ (١٩٦٧: ١١٧ ) نۆ جۆری لەو پەیوەندیانە خستۆتە روو کە بریتین لە:

١- بکەر + فرمان

| | |
|---|---|
| Earth quakes | earthquake |
| زاوی دەلەرزێ | "بوومەلەرزە" |
| | "زەمین لەرزین" |

٢- فرمان + بەرکار

| | |
|---|---|
| … picks pocket | pickpocket |
| گیرفان دەبڕێ | گیرفان بڕ[٥] |

٣- فرمان + ئاوەڵفرمان

| | |
|---|---|
| Pours down | downpour |
| دەڕژێ بەرەو خوار | رەهێڵە، لێزمە |

٤- بکەر + فرمان بوون + ئاوەڵناو

| | |
|---|---|
| Sand is quick | quicksand |
| لمەکە فشەڵە | لمی فش |

٥- بکەر + فرمانی بوون + ناو

| | |
|---|---|
| Friend is agirl | girlfriend |
| برادەرەکە کچە | برادەری کچ- دۆست |

٦- بکەر + فرمانی بوون + ئاوەڵفرمان

| | |
|---|---|
| Growth is in | ingrowth |
| گەشەکە لە ناوەوەیە | زگماک- |
| لە ناوەوە دەڕوێ | رواو لە ناوەوە |

٧- گرێی پەیوەندی

| | |
|---|---|
| Beyond ordinary | extraordinary |
| لە رادەبەدەر | بێ ئەندازە |

لە ئەندازە بەدەر

٨– ئاوەڵناو + دیارخەری گرێی پەیوەندی

| | |
|---|---|
| Top of tree | treetop |
| پۆپکەی دار | پۆپەی دار– |
| | تەوقە سەر |

٩– بەستنەوە

| | |
|---|---|
| ئاڵوگۆڕ کردن | Give and take |
| | دانو سەندن |

ئەدگارەکانی ئەم هەموو گرێیە وەك یەك نییە، بەڵام ئەوەی زۆر باون ئەوانەن کە لە دوو وشە (دوو ناو، ئاوەڵناو ناوێك. . هتد ) پێکدێن. ئەوانە چەند ئەدگارێکی تایبەت بە خۆیان هەیە.

١– گرێی سینتاکسی دەکرێ فراوان بکرێت– بە واتای وشەی تر لە نێوان هەردوو کەرتەکەیان دابنرێ She has asweeter_heart than me. بەڵام لە کوردیدا ئەمە ناکرێ ، هەروەها هەردوو کەرتەکە جێگۆڕکێش ناکرێن.

| | |
|---|---|
| شلو مل | شلترو مل |
| | مل زۆر شل |
| | ملو شل |

٢– دیارخەری دیارخراوەکە ئاوەڵناوی رادە یان رێژە وەردەگرێ. ئەم دیاردەیە لە ئینگلیزیو کوردیدا هەیە.

.It is a very hard ball

– تۆپی رەق ← تۆپی زۆر رەق ← تۆپی رەقتر.

– نانی نەرم ← نانی زۆر نەرم ← نانی زۆر نەرمتر.

٣– هەردوو کەرتەکە جێگۆڕکێ ناکرێن

Heart sweet

| | |
|---|---|
| ساردو سڕ | سڕو سارد |
| وردو درشت | درشتو ورد |

٤– هەردوو کەرتەکە وەك یەك هێز وەردەگرن.

٥– وەك لە هەر نۆ جۆری پێکهاتە رێزمانییەکەدا دەردەکەوێ، ئەو گرێیانە بە گوێرەی هەندێ یاسا دارێژراون، هەروەها دەکرێ بە گوێرەی هەندێ یاسا رێزمانی شرۆڤە بکرێن. . زۆربەی ئەو گرێیانە لەسەر بنەمای دیارخەرو دیارخراون دروست کراون.

ئەدگارە هاوبەشەکانی نێوان وشەی لێکدراوو پێکهاتەی رێزمانیی

١– هەردووك لە دوو وشە (یان زیاتر ) پێکدێت هیچ کامێکیان لە تەنیا وشەیەك پێکنایەت.

٢– وا رۆنان کراون ئەستەمە جێگۆڕکێ بکرێن.

| | |
|---|---|
| رەشماڵ | ماڵ رەش |
| تەپو تۆز | تۆزو تەپ |

٣– هەردووك دەکرێ وەك ئیدیەم بەکار بێن.

٤– هەردوك هێز وەردەگرن.

**پەراوێزو سەرچاوەکان**

**پەراوێزەکان:-**

١– لە کوردیدا هەندێ وشەی لێکدراو لەو بابەتە هەن وەك:

جوان جوان

رێك رێك

قشت قشت

٢– لە کوردیدا ئەم جۆرە لە وشەی لێکدراو زیاتر لە رەنگە سروشتییەکانو دەنگی مرۆڤو ئاژەڵەوە دروست دەبن:

گڤە گڤ

مرچە مرچ، مڵچە مڵچ

زەڕە زەڕ

فینگە فینگ

لوورە لوور

٣– لە کوردیدا بێجگە لەو وشە لێکدراوانەی بوونەتە ئیدیۆم ئەوانی تر زۆربەی واتاکانیان پەیوەستە بە واتای کەرتەکانیانەوە، وەك:

– هێلکەو رۆن

– ماستاو

– گوڵاو

– بەردەنوێژ

– تەڕەپیاز

– لێفەدروو ئەورەحمان ١٩٧٧: ٨٤٨٥

٤– قەڵەمبڕ بە واتای (چەقۆ )و (موقتاتە ) دێتو هیچ پەیوەندی بە ناوو جۆری قەڵەمەوە نییە.

– سەرخڕ

– دەم پیس

– دەستبڕ

– زگ رەش

ئەمانە زۆری وەك ئەوانەی ئینگلیزی بوونەتە ئیدیۆم یان واتای زێدەکیان هەیە.

٥– لە کوردیدا زۆرێك لەمانە بوونەتە وشەی لێکدراو:

– دەستبڕ

– قۆڵبڕ
– بوومەلەرزە

## سەرچاوە سەرەکییەکان

1- Arnoff، M. and Kirsten Fudeman 2005. What is Morphology? Oxford: Blackwell Publishing.

2- Crystal، D. 1991. A Dictionary of Linguistics and Phonetics. Oxford: Blackwell Publishing.

3- Haspelmath، M. 2002. Understanding Morphology. Oxford: Oxford University Press.

4- Katamba، Francis 1993. Morphology- London: Macmilan Press.

5- Parker، F. and Kathryn Riley 2005. Linguistics for Non-Linguists. New York.

6- Stageberg، N. C. 1967. An Introductory English Grammar. New York.

٧– ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٧، وشە رۆنان لە زمانی کوردیدا. بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

# بازنەی زمانەوانی پراگ

## بونیادگەری دی سۆسێرو قوتابخانە زمانەوانییەکان

پێش دی سۆسێر چەمکی (زمانەوانی Linguistics ) بەواتا زانستییەکەی بوونی نەبووە. فیلۆلۆژکارەکان هێندەی لە ئەدگارو خەسڵەتەکانی زمانیان دەکۆڵییەوە نیو هەندە لەخودی زمانیان نەدەکۆڵییەوە.

دی سۆسێر یەکەم کەس بوو هەوڵی دا لەخودی زمان بکۆڵێتەوە، هەروەها باوەڕیشی وابوو کە زمان خۆی سیستەمەو پەیڕەوی سیستەمێکیش دەکات، ئەو سیستەمە عەنکەبووتییەی زمان تەواوی ڕەگەزەکانی زمانی لەخۆدا کۆکردۆتەوەو لەسەر دوو ڕەهەند پێوەندیان بەیەککەوە هەیە، ڕەهەندی ستوونی زمان و ڕەهەندی ئاسۆیی زمان. وێڕای ئەمەش دی سۆسێر لە (پێکهاتە )ی زمانیشی کۆڵیوەتەوەو زمانی بۆ (پارۆل ـ گوتە ) و (لانگ ـ سیستەمی پێوەندیکردن ) پۆلێن کردووە.

ئەم بە (سیستەم دیتنەی زمان ) دەرگای لەسەر عەقڵی زمانەوانان کردەوە. بەواتایەکی تر، دیارکردنی ئەوەی زمان سیستەمەو ڕەگەزەکانی پەیڕەوی سیستەمێك دەکەن، وای کرد چەندان قوتابخانە زمانەوانییانەیە کە لەدەرگای سیستەمەوە ) لەزمان دەکۆڵێتەوە.

لەم کورتە نووسینەدا هەوڵ دەدەین پوختەیەك لەبارەی چەمك و سەرهەڵدان و دامەزرێنەران و بنەماکانی ئەو قوتابخانەیەوە بدوێین.

### سەرهەڵدان و دامەزرێنەرانی قوتابخانەی پراگ

لەبیستەکان و سییەکاندا چکسلۆڤاکیا بەگشتی و پراگ بەتایبەتی ببونە شانۆی توێژینەوەی ئەدەبی و فیکریی زمانەوانی. ئەو دیاردەیەش بەو ڕێژەیە دیموکراسیە پەیوەست بوو کە

لەوبەشەی ئەوروپای ناوەڕاستدا بەرقەراربوو. وێڕای ئەمەش پراگ ببووە پەناگەی پەناهەندەکانی سۆڤیەت و وڵاتانی دی.
ڕۆشنفکران و زمانەوانانی ڕەگەزی جودا لەچەندان بازنەی فیکری و زمانەوانی گرد ببوونەوە. یەکێ لەوانە بازنەی زمانەوانی پراگ بوو.
لەساڵی ١٩٢٦ دا کۆمەڵە زمانەوانێك لە پراگ کۆبوونەوەو بڕیاریان دا کە بازنەیەکی زمانەوانی دروست بکەن، چونکە کۆبوونەوەکە لە پراگ بوو بۆیە ناوی (پراگ ) یان بۆ بازنە زمانەوانییەکە هەڵبژارد. بازنەکە لەحەڤدە کەس پێکهاتبوو کە هەشتیان چیکی و پێنجیان رووسی و دوویان فەڕەنسی و ئەڵمانیەك و ئینگلیزێك بوون، بەڵام رووسە مهاجیرەکان وەك ڤیلێم ماسیوسەو ڕۆمان یاکۆبست و تروبێتسکۆی لە کەسە هەرە دیارەکانی ئەو بازنە زمانەوانییە بوون. تەمەنی ئەو بازنەیە لە پراگ هەتا داگیرکردنی ئەڵمانیا بۆ چکسۆلۆڤاکیا درێژەی هەبوو. هەروەها بەحوکمی ئەوەی ماسیۆسیس و تروبێتسکۆ زوو مردن و یاکۆ بسن ـ یش ناچاربوو پراگ بەجێ بهێڵآ. ئەو دوو حاڵەتەو مردنی دووکەس لەدامەزرێنەران و هەڵاتنی یەکێکی ترو داگیرکردنی پراگ ـ وایکرد بزاڤەکە لەپراگ کزببێ. بەڵام هەرچی بیرۆکەو بنەماو شەنگستەکانی ئەو بازنەیە، بووە قوتابخانەو هەتاکو ئێستاش بەشێك لەتیۆرەکانی ئەو قوتابخانەیە حزووری خۆی لەدیراساتی زمانەوانیدا هەیە.

## ڕەنگدانەوەی تیۆرەکانی پراگ لە قوتابخانەکانی تری زمانەوانیدا

دیتنی زمان وەك سیستەمێك بۆ بونیادگەرییەکەی دی سۆسێر دەگەڕێتەوە بەڵام دی سۆسێر لەهەردوو پێوەندی پارادیگمانیکی و سینتاگماتیکی ڕەگەزو یەکەکانی زمانی کۆڵیوەتەوە هەرچی پراکییەکانن، زێتر بایەخیان بە ئەرکی ئەو ڕەگەزانە داوە.
(ئەرك ) و (واتا ) دوو چەمکی داهێنەری عەقڵی براگییەکان بوو. ئەوان هەروەك تەقلیدییەکان نەبوون لەشرۆڤەکردنی ڕستەدا تەنیا جەخت لەسەر واتا بکەنەوە بەڵکو ئەوان ئەرك و واتایان لەناو پێکهاتەکاندا شرۆڤە دەکرد.

زۆربەی زمانەوانان ئەو ڕایە پشت ڕاست دەکەنەوە کە تیۆرەکانی پراگ کاریگەرییان لەسەر قوتابخانەکانی (فیرس ) و (هالیدای ) و (چۆمسکی )دا هەبووە.

دۆزینەوەکەی تۆبێتسکۆی لەبارەی دیاردەی بەرامبەر (oPPos. Tion ) لەنێوان دوو دەنگی جیا لەکۆکردن و شوێنی دروست بوونیان وەك /پ/-/ب/و/ك/-/گ/و/ت/-د/ لەتیۆرەکەی بلۆمسفسیلدو چۆمسکیدا هەستی پێدەکرێ.

لەپەنجاکاندا، تێڕوانینەکانی پراگ چوارچێوەیەکی تری وەرگرت. بواری ڕستەسازی و واتاسازی و شێوازگەریشی گرتەوە. جۆزێڤ ڤاچێك ١٩٠٩ -١٩٩٧ ڕۆحێکی تری وەبەر تێڕوانینەکانی پراگدا کردەوەو لەسەر بنەمایەکی نوێ گرنگییەکی زۆری بەئەرکی ڕستەدا بەجۆرێ ئەمە بوو بەتیۆرو ناوی لێنرا (تیۆری ئەرکی ڕستە ) هالیدەی زۆر لەژێر کاریگەری ئەو تیۆرە دابوو پەرەی پێداو بەجۆرێ قوتابخانەکەی هالیدەی هەر بەو ناوە ناسراوە.

بەرەبەرە تیۆری ئەرکی ڕستەبوو بەزمانەوانییەکی سەربەخۆ. لەمێژووی زمانەوانیدا بەزمانەوانی ئەرکی (Functronal lingaistics ) ناسراوە ئەو قوتابخانەیەش بوو بە هەڤدژیك بۆ تیۆرەکانی چۆمسکی. هەندێ توێژەر باوەڕیان وایە، کە زمانەوانی ئەرکی وەك بەدیلێك بۆ دیتنی ئەبستراکتی زمان هاتۆتە ئاراوە.

دیتنی ئەبستراکتی زمان خۆی لەتیۆرەکانی چۆمسکی بۆ زمان دەنوێنێ هەرچی بنەماکانی پراگە ئەوە زیاتر لەسەر دیتنی پراگماتیکی بۆ زمان دارێژراون.

لایەنی سیمۆلۆژی زمان کە ئەمڕۆ دوو بۆچوونی دژ بەیەك لەخۆ دەگرێ، بەشێك پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە زمانەوانی بەشێکە لەسیمۆلۆژی و بەشەکەی تریش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سیمۆلۆژی بەشێکە لەزمانەوانی. بەحوکمی ئەوەی قوتابخانەی پراگ چەند میتۆدێکی بۆ شرۆڤەکردنی دەقی ئەدەبی و بونیادگەری دەقی ئەدەبی خستەڕوو هەر ئەوسا ١٩٢٨ – ١٩٣٩ کاریگەریەکی زۆری لەسەر زمانەوانی و سیمۆلۆژیا دروست کرد.

## شەنگست و بنەماکانی قوتابخانەی پراگ

دامەزرێنەرانی بازنەی زمانەوانی پراگ لەساڵی ١٩٢٩ یەکەم مانفێستی خۆیان لەژمارەیەکی گۆڤارەکەیان بەناوی بازنەی زمانەوانی پراگ بڵاوکردەوە. ئەمەی خوارەوە پوختەی بیروڕاکانی ئەو گرووپە زمانەوانییە.

١ـ زمان سیستەمێکە لەهۆیەمانی گوزارشت لێکردن پێکدێ و ڕۆڵی خۆی دەبینێ لەهاندانی تێگەیشتنی هاوبەشدا.

ئەو دیتنەی زمان وەك سیستەمێك ڕەنگدانەوەی کاریگەری بیروڕاکانی دی سۆسێر بەسەر ئەم قوتابخانەیەدا دەسەلمێنێ. ئەوەی پراگ لەدی سۆسێر جیا دەکاتەوە ئەوە: قوتابخانەی پراگ جەخت لەسەر ئەرکی کردەیی ئاخاوتن دەکاتەوە نەك پێکهاتەی ئاخاوتن.

٢ـ زمان دیاردەیەکی فیزیایی کردەییە. شێوەکی تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە فاکتەری دەرەکی نا زمانەوانی.

زمان ناوەندێکی کۆمەڵایەتییە. لەسەر ئەو بنەمایە، ئەوان جەختیان لەسەر جیاکردنەوەی زمانی ڕۆشنبیری و زمانی شاکاری ئەدەبی دەکردەوە هەر بەهەمان شێوە زمانی شاکاری ئەدەبی دەکردەوە هەر بەهەمان شێوە جیاوازیان لەنێوان زمانی زانست و ڕۆژنامەگەری دەکردەوە.

ئەم (دووانە ) هەریەکە وەرگری تایبەت بەخۆیان هەیە.

٣ـ زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتن هاوشانی یەکتر نین و هەریەکەو ئەدگارو تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە لێرەدا زۆر گرنگە توێژەر یاخود زمانەوان لەپێوەندی زمانی نووسین و ئاخاوتن بکۆڵێتەوە. ئەم دووانەیە خاڵی لەیەك جیاکەرەوەی نێوان فیلۆلۆژی و کەجەختی لەسەر زمانی نووسین دەکردەوە، زمانەوانییە ـ کە جەختی لەسەر ئاخاوتن دەکرد.

٤ـ زمان هەردوو جۆری هەژموونی کەسایەتی مرۆڤ لەخۆ دەگرێ: هەژموونی زهنی و هەژموونی عاتیفی. هەر ڕوویێکی ئەو دوو جۆرە، کە یەکەمیان هزر دەردەبڕێ و ئەوی تر سۆز لەپێوەندییەکی ڕێژەیی دان.

٥ـ سینکرۆنی زمان وەك میتۆدێك بریتییــە لەشــرۆڤەکردنی حاڵــەتی ئێــستا زمــان، دی سۆسێرو قوتابخانەی پراگ پاڵپشتی ئــەو میتۆدەیــان دەکــرد هەرچــی دایکرۆنییــە ئــەویش میتۆدێکی شرۆڤەکاری زمانە، جا بۆ ئەوەی وەسفێکی هەمە لایەنەی زمــان بکــەین، وا دەخوازێ پەیڕەوی هەردوو میتۆد بکەین.

٦ـ ئاوێزانکردنی مۆفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی، ئەم دوو دیاردە زمانەوانییە پەیوەستن بە وشەوە.

٧ـ بازنەی زمانەوانی پراگ ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە چارەسەرکردنی کێشەی زمانی هاوسێ (allience language ) فیلۆلۆژکــاران تــەنیا جــەختیان لەســەر ئــەدگارەکانی ئــەو زمانانە دەکردەوە کەسەر بەیەك خێزانە زمان بوون. بەڵام لەبــەڵقان چــەندان زمــان هــەن. کەلەیەك خێزانە زمانەوە سەرچاوەیان نەگرتووەو پێوەندیــشیان بەیەکــەوە هەیــە. (لــەنێو ئێمەشدا ئەم دیاردەیە هەیە ئەوەتە کوردی و عــەرەبی بــەحوکمی هاوســێی، زۆر ئــەدگار هاوبەشیان هەیەو هەریەکەو سەر بەخێزانە زمانێکی جوایەزە.

٨ـ بایەخدان بەدیاردەی مۆفۆرفۆنیمێکی یاخود مۆفۆـ فۆنۆلــۆژی. ئــەم بایەخدانــەش بــۆ کاریگەری فۆنیم لە مۆفۆلۆژیدا دەگەڕێتەوە.

٩ـ پێکهاتەی فۆنیم و مۆفیم بەس نییە، بەڵکو (واتا ) و (ئەرکی ) هەریــەك لەمانــە لــەگرنگی پێکهاتەکە کەمتر نییە. لێرەدا قوتابخانەی پراگ پێشقەچوونێك لەهــەژموونی بونیادگەرییەکــەی دی سۆسێر پێکدێنێ.

١٠ــ دۆزینــەوەی ئــەدگارە جیاکارییــەکان لــەبواری فۆتۆلۆژیــدا. ئــەم دۆزینەوەیــەش لەنووسینەکانی یەکێ لەدامەزرێنەرانی پراگ ـ ترۆبیتسکۆی لێکۆڵینەوەی لەســەر کــراوە. ئەم داهێنانەلەبواری فۆتۆلۆژیدا توانی ببێتە دیارترین و خۆڕاگرترین تیــۆری شــرۆگەکردنی فۆتۆلۆژی لەمێژووی زمانەوانیدا.

بەکورتی بە ئەرککردنی زمانەوانی لەبنەما هەرە دیارەکــانی ئــەو قوتابخانەیــە. ئەمــەش هەموو ئاستەکانی زمانی گرتۆتەوە.

# مۆرفیمی (ێ ) و دیاردەی کورتکردنەوەی ڕستە لە کرمانجی ژووروودا

شێوەزاری کرمانجی ژووروو بە بەراورد لەگەڵ کرمـانجی خـواروو زۆر لایـەنی بـەر تیـشکی لێکۆڵینەوە نەکەوتووەو زۆر چەمك بەنادیاری ماونەتەوەو پێویستی یان بەتوێژینەوە هەیە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دراوە ئەو لێڵیەی لە بارەی راناوە لکاوەکانی شـێوەزاری سـەرودا لابردرێت، ئەویش پاش تاووتوێ کردنی چـەند نموونەیـەکی ئاخـاوتنی ڕۆژانـەی خـەڵکی دەڤەرەکەیە.

لەئەنجام دەرکەوت کە مۆرفیمێکی جیا ل جووتە ڕاناوی (وی، وێ) بەدیار دەکەوێت و هیچ پەیوەندیەکی بە ئەوانەوە نییە. بوونی ئەم دیاردەیە بۆ دەوڵەمەندی ئەم زارە دەگەڕێتەوە. ئەم بابەتە پێکهاتووە لەدووبەشی سەرەکی لەبەشی یەکەمدا باسی تایبەتمەنـدی مـۆرفیمی (ێ) کراوەو جوداکراوەتەوە لەهەردوو جوتە ڕاناوی (وی، وێ) بۆ ئەم مەبەسـتەش خراوەتـە ڕوو. لەبەشی دووەمدا باسی مۆرفیمی (ێ) لە کورت کردنەوەی ڕستەدا کراوەو ئەو جـۆرە فرمانانە خراونەتـەڕوو کـە بەیاریـدەی مـۆرفیمی (ێ) ڕسـتەیان پـێ کـورت دەکرێتـەوە. هەروەها هەر لەم بەشەدا باس لەدیاردەی لێلێ کراوە بەتایبەت لەو جـۆرە فرمانانـەی کـە بەفرمانی بژاڤدار ناویان لێ نراوە. لەکۆتایی باسەکەدا لێکۆڵەر چـەند ئـەنجامێکی نـوێی بەدەست هێناوە.

**مۆرفیمی (ێ) و کورت کردنەوەی ڕستە لەکرمانجی ژووروودا**

**١ـ دەروازەیەك**

لەشێوەزاری کرمانجی ژووروودا دوو دەستە ڕانـاوی جـودا هەیـە لـەم وێنەیـەدا خراونەتـە ڕوو[1].

| ژمارە | کەس | ڕاناوی جودا ١ | ٢ |
|---|---|---|---|
| تاك | ١ | من | ئەز |
| | ٢ | تە | تو |
| | ٣ | وی، وێ | ئەو |
| کۆ | ١ | مە | ئەم |
| | ٢ | وە | هوون |
| | ٣ | وان | ئەو |

زۆربەی ڕێزمان نووسانی کورد بەشێوەیەکی گشتی باسی جووتــە ڕانــاوی (وی، وێ ) یــان کردووە هەریەکە بەپێی بۆچوونی خۆی ناوێکی لێ ناوە. هەندێك بــەڕاناوی نادیــار (٢ ) و هەندێکی تر بەجێناوی جودا(٣) ولایەنێکی دیکە بــەڕاناوی کــورت(٤) وبــەرناڤی بنیــاتی یان(٥) لەقەڵەم داوە.

ئەوەی جێی سەرەنج دان بێت ئەوەیە کە ئەم ڕێزمان نووسانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بــەلای ئەوەدا نەچوون کەجۆرێکی تری ڕاناو لەم شێوەزارەوا دەردەکەوێت کەلەشێوەی هۆمۆگرافید لەجۆری ڕاناوی جودای (وی، وێ ) دەچێت.

مۆرفیمی (ێ ) کە باسەکەی ئێمەیە مۆرفیمێکی سەربەخۆیەو تایبەتمەندێتی خــۆی هەیــەو دەوری گرنگ دەبینێت لەکورت کردنەوەی ڕســتە لــەکرمانجی ژووروودا و ڕێزمــان نووســان بەلای ئەمەدا نەچوون و ئەم مۆرفیمە یان دەست نیشان نەکردووە.

خاڵێکی تر بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەوەی کە مۆرفیمی (ێ ) لەئەنجامی کورت کردنەوەی (وی، وێ ) ەوە دروست نەبووە ئەوەیە کە مۆرفیمی (ێ ) بۆ ڕەگەزی (نێر ) و (مێ ) وەك یەك بەکاردێت نەك تەنها بۆ ١-١: مۆرفیمی (ێ ) و ڕاناوی جودای (وی، وێ ) لەم کورتە باسەدا دەمانەوێت ئەوە ڕوون بکەیتەوە کە مۆرفیمی (ێ) هیچ پەیوەندییەکی مۆرفۆلۆژی، یا فۆنۆلۆژی بەهەردوو ڕاناوی جــودای (ژی، وێ ) وەنییــە، بــەڵکو لــە ئــەنجامی کــورت

کردنەوەی هەندێ ڕستەدا دەردەکەوێت. ئەم ئەرکە هەردوو ڕاناوی جودای (وی، وێ ) ناتوانن بیبینین. بۆ دەرخستنی ئەم جیاوازییەو ڕوونکردنەوەیان ئەم نموونەیە دەخەینەڕوو:

**من گوتە وی / بۆ نێر/. . من بەئەوم وت**

**من گوتە وێ /بۆ مێ/. . من بە ئەوم گوت**

ئەگەر مۆرفیمی (ێ ) بخەینە پاڵ فرمانێکی وەك (گوت ) بۆ نموونە لەم بارەدا فرمانەکە لەگەڵ مۆرفیمی (ێ ) دا ڕستەیەکی کورت کراوەی واتابەخش دەدات بەدەستەوە.

من گوتە وێ

من گوتە وی

گوتیێ= گوت+ێ

ئەم پێکهاتە لەوە پێك هاتووە کە:

**گوتوی** گوت +(مێ )یە. . ← **وی**

**گوتوێ** ← **وێ**

گوتمێ. . ناردمێ. .

ئەم دوو ڕستە کورت کراوەیە واتای ئەوە نابەخشن کە قسەکەر ئاخاوتنەکەی خۆی ئاراستەی کەسێ بکات کە (مێ ) بێت، بەڵکو قسەپێکەرانی ئەم شێوەزارە بەئاسانی لەم دوو ڕستە دەگەن و دەزانن کە ئەم ڕستانە بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێن نەك تەنیا بۆ ڕەگەزی (مێ ).

**١-٢: مۆرفیمی (ێ ) و دیاردەی کورت کردنەوە**

دیاردەی کورت کردنەوەی ڕستە لەزمانی کوردی دا بەتایبەتی لەهەردوو شێوەزاری رمانجی خواروو و سەروودا هەیە، بەڵام هەر زارەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لەم بوارەدا. لەشێوەزاری کرمانجی خوارودا ئەم دیاردەیە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە کەوتووەو لەچەندەها کتێب و دکتۆرانامەو ماستەرنامە بەجیاجیا لێی کۆڵراوەتەوە. پوختەی بۆچوونەکە لەم

بارەیەوە دەدرێتە پاڵ چالاکی راناوە لکاوەکان. هەر بۆ نموونە ئەم نموونانەی خوارەوە بەشێکی بچوکن لەو ڕستە کورت کراوانەی کرمانجی خواروو:ـ

- ئەو منی نارد ← ناردمی
- ئەو منی گرت ← گرتمی
- من ئەوانم برد ← بردمن
- من شتەکەم بەئەو گرت ← پێم گرت

هەرچی شێوەزاری کرمانجی ژووروەوە ئەوا مۆرفیمی (ێ ) کەڕاناوێکی کورتە ئەم دەورە گرنگە لەکورت کردنەوەی ڕستەدا دەبینێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم شێوەزارە هەر وەك شێوەزاری کرمانجی خواروو دیاردەی کورت کردنەوەی ڕستەی تێدایە، بەلاّم گۆڕانەکان بەپێی تایبەتمەندێتی زارەکانەوە دەبێت، نەك سەد لەسەد وەك یەك بێت. ئەوەی جێی سەرنجە ئەم دیاردەیە لەکتێبە ڕێزمانیەکاندا زۆر بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو زیاتر لەئاخافتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی ئەم شێوەزارەدا دەردەکەوێت.
بەپێی دەستووری ڕێزکردنی کەرەستەکانی ڕستە لەکرمانجی ژووروودا ئەم دیاردەیە لەگەڵ چەند فرمانێك زۆر بەچالاکی خۆی دەنوێنێت:

### ١-١-٢: فرمانی بزاڤ Motion Verbs

ئەو جۆرە فرمانانە دەگرێتەوە کە جوولە دەبەخشن چالاکی مۆرفیمی (ێ ) لەگەڵ ئەم جۆرەدا بەشێوەیەکی فراوان خۆی دەنوێنێت، هەروەها ئەم مۆرفیمە دەتوانێت لەهەردوو پێکهاتەی دیارو نادیاردا (ocnstructions passive and active ) بەزەقی بەرچاو بکەوێت. هەرچەندە لەکرمانجی سەروودا شێوەی نادیار بەهۆی ئەم یاسایە دروست دەبێت: ئەم نموونانەی خوارەوە دیاردەکە ڕوونتر دەکەنەوە.

| نادیار | دیار |
|---|---|
| کردمیێ | کردمێ |
| ناردمیێ | ناردمێ |
| بردمیێ | بردمێ |
| هنار تمیێ | هنارتمێ |
| هاڤیشتمیێ | هاڤیشتمێ |
| دامیێ | دامێ |

لێرەدا دەتوانین یاسایەك بۆ ستوونی دیار بخەینەڕوو کە بەم شێوەیە:
یاسا ﴿ڕەگی فرمان + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو + ڕاناوی لکاو (م ) + مۆرفیمی (ێ )﴾
هەورەها ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم ڕستە کورت کراوانە هەندێ جار زیاتر لەواتایەك هەڵدەگرن و دیاردەی لێڵی (Ambiguity ) دروست دەکەن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی مۆرفیمی (ێ ) لەم بوارەدا بۆ نموونە:

کردمێ:
١ـ من ئەوم کردێ
أـ ئەوم زەنگین کرد.
ب ـ ئەوم کردە مامۆستا.
٢ـ من ناوم کردە ناو بەرمیلەکەوە.

بردمێ: ١ـ من ئەوم برد بۆ بازار
أـ من کاری سێکسیم لەگەڵ ئەو کرد.
ب ـ من فێڵم لەئەو کرد.

هاڤێشتمێ: ١ـ من بەردم بۆ ئەو هاوێشت.
٢ـ من ڕەخنەم لەئەو گرت.

دامێ: ١ـ من بەردم بۆ ئەو هاوێشت.

٢ـ ئەو کاری سێکس لەگەڵ من کرد.

١-١-٣: فرمانی بێ بزاڤ ئاسا Motionless verbs مۆرفیمی (ی ) لەگەڵ ئەم جۆرە فرمانانە دەورێکی گرنگ دەبینێت لەشێوەزاری کرمانجی ژووروودا ئەم نموونانە هەندێك لەو فرمانانەن کە لەم شێوەزارەدا بەیاریدەی ئەم مۆرفیمەوە ڕستەی پێ کورت دەکرێتەوە:

نموونە:

بەخدەیی واتا: تۆ تەماشای ئەوشتە بکە.

سەحکەیێ واتا: بڕوانە ئەو شتە.

گوتێ واتا: من بەئەوم وت.

بێژمێ واتا: من بەئەوم وت.

ئەوەی شایەنی باسە لێرەدا ئەم جۆرە فرمانانە لەگەڵ مۆرفیمی (ێ) بەواتای ئەوەی کە دەبنە ڕستەی کورت کراوە ناتوانن بەهەمان شێوەی فرمانەکانی بزاڤ پێکهاتەی نادیار پێك بهێنن ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە ئەم ڕستە کورت کراوانە دیسانەوە ناتوانن لێڵی دروست بکەن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندێتی ئەم جۆرە فرمانانە.

**ئەنجام**

لەپاش لێکۆڵینەوە لەسەر مۆرفیمی (ێ ) لەشێوەزاری کرمانجی ژووروودا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە.

ـ مۆرفیمی (ێ ) ڕاناوێکی کورتەو پەیوەندی بەڕاناوی (وی، وێ)وە نییە.

ـ مۆرفیمی (ێ ) دەورێکی گرنگ دەبنێت لەکورت کردنەوەی ڕستەدا.

ـ مۆرفیمی (ێ ) لەگەڵ فرمانەکانی بزاڤدا زۆر چالاکانە کاردەکات و دەتوانێ لەهەردوو باری دیارو نادیار دەربکەوێ.

ـ هەندێ جار مۆرفیمی (ێ ) لەگەڵ فرمانەکانی بزاڤدا دەتوانی لێڵی لەڕستەدا دروست بکات بەپێچەوانەی فرمانی بێ بزاڤ ئاسا.

## ژێدەرو پەراوێز

### ١ـ ژێدەر:

ـ ابراهیم رمچان زاخویی، ڕێزمانا کوردی، دهۆك، ١٩٩٨.
ـ صادق بهاوالدین، ڕێزمانی کوردی کرمانجی یـا ژووری یـا هـەڤبرکری، چـاپی یەکـەم، زانکۆی صلاح الدین، ١٩٨٧.
ـ وریا عمر أمین، پەیوەندی ڕاناوو فرمان لەکرمانجی ژوورودا، گۆڤـاری کـاروان، ژ(٢ ) ١٩٨٢.
ـ ـ هیبەت باڤی حلبچە، ڕێزمان و ئەلڤ بایا کوردی، چاپی یەکەم، قامشلی، ١٩٩٣.

### ٢ـ پەراوێز:

١ـ وریا عمر أمین، پەیوەندی ڕاناوو فرمان لەکرمانجی ژوورودا، گۆڤاری کـاروان، ژ(٢ ) ١٩٨٢. لاپەڕە ٤١.

٢ـ صادق بهاالدین، ڕێزمانی کوردی کرمانجی یا هەڤبرکی، چاپی یەکەم، زانکۆی صلاح الدین، ١٩٨٧ لاپەڕە ٢٦٣.

هەروەها نووسەر لەپەراوێزدا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێزمان نووسانی تر وەك: جگەرخۆین، تۆفیق وهبی، نوری علی أمین، ئەم ڕاناوەیە بە (نادیار ) لەقەڵەم داوە، هەروەها بڕوانە: لەیلا جەلیل، مۆرفیمەکانی (ێ ) لەزمانی کـوردی دا، ماسـتەرنامە، ١٩٩٨، لاپـەڕە ٥-٤١.

٣ـ وریا عمر أمین، پەیوەندی ڕاناوو فرمان لە کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری کاروان، ژ(٢) ١٩٨٢ لاپەڕە، ٤١.

**٤ـ ابراهیم رمضان زاخویی**، ڕێزمانا کوردی، دهوك، ١٩٩٨، لاپەڕە ٨١.

٥ـ هیبە باڤی حلبچە، ڕێزمان و ئەلڤ بایا کوردی، چاپی یەکـەم، قامـشلی، ١٩٩٣، لاپەڕە، ٤٥.

*** ئەم بابەتە بە هاوبەشی لەگەڵ ( د.عەبدوڵا بابان ) بڵاوکراوەتەوە.**

# ئایا زمانی کوردی زمانێکی مۆرفیمییە؟

لە زمانەوانی تایۆلۆژیدا Linguistics Typological هەوڵ دەدرێ لە پێکهاتە پێکچووەکانی زمانەکان بکۆڵدرێتەوە بێ گوێدانە ئەوەی ئاخۆ ئەو زمانانە هیچ پەیوەندییەکی مێژوویان یاخود هاوسێییان بەیەکەوە هەیە یان نا، ئەمجۆرە زمانەوانییە زمانەکان بۆ چەند جۆرێك پۆلێن دەکات، وەك زمانی ڕەگ یاخود شیکاری. وشەکانی ئەو زمانە ناگۆڕدرێن و پەیوەندییە سینتاکسییەکانیان بەرێگەی ڕیزبوونی وشەکانەوە دەردەکەوێ ـ بەواتای هەردانە ڕێزمانییەکی ڕستە بەحوکمی شوێنەکەیەوە ئەرکە ڕێزمانییەکەی دەردەکەوێ. زمانی چینی و ڤیێتنامی لەم جۆرە زمانەن، هەرچی زمانی عەرەبی و یۆنانییە، بۆنموونە. لەسەر ئەم بنەمایە پۆلێن ناکرێن، وشەکانی زمانی عەرەبی، بۆنموونە لەمۆرفیمیکیان زیاتر تێدایە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی یەك بەیەکە لەنێوان مۆرفیمەکاندا نییە، هەربۆیە ئەمجۆرە زمانە کە بەزمانی مۆرفیمی بەناوبانگە ئەرکی دانە ڕێزمانییەکانی بەگوێرەی شوێن لەڕستەدا دیار ناکرێ، بەڵکو بەهۆی ئەو حاڵەتە ڕێزمانییانە دیاردەکرێ کە وشەکە لەخۆی دەگرێ.

(زەمە ) و (فەتحە ) و (کەسرە ) لەعەرەبیدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لەدیاریکردنی ناسنامەی دانە ڕێزمانییەکاندا، (زەمە ) هەر بۆ بکەر بەکاردێ جا بکەرەکە لەپێش بەرکار بێ یا لەدوای بەرکاربێ:

چرب ازاد أحمد

انما يخشى الله من عبادة العلماء.

لەم دوو ڕستەیەدا (ازاد ) و (**العلماء** ) هەردووك بکەرن هەرچەند لەیەکەمدا بکەر لەپێش بەرکار (احمد ) هاتووەو لەدووەمیشدا (**العلماء**) لەدوای بەرکار (الله ) هاتووە، بێجگە لەم دوو جۆرە زمانە، دوو جۆری دیکەش هەن، بەڵام بۆ ئەوەی لەسنووری باسەکە زیاتر دوور نەکەوینەوە هەوڵدەدەین ئەوە ساغ بکەینەوە، ئایا دەتوانین بەڕاشکاوی ئەوە بسەلمێنین کە زمانی کوردی زمانێکی مۆرفیمیە، یان نا؟!

ئەو زمانانەی کە بەزمانی مۆرفیمی بەناوبانگن هەندێ ئەدگارو سیمای تایبەتییان هەیە، کە دەکرێ هەندێکیان لەخوارەوە باس بکەین:

١ـ ناوەکان هەندێ مۆرفیمی کۆتاییان هەیە کە دەگۆڕێن بەگوێرەی ئەوەی دەبنە بکەری یاخود بەرکاری فرمانی ڕستەکە، وەك (زەممە ) و (فەتحە ) ی عەرەبی.

٢ـ هەندێ ڕێکەوتی ڕێزمانی cal concord Grammati. ئالۆز لەنێوان ئامرازو ئاوەڵناو و ناودا هەیە، بۆ ئەوەی ناسنامەی ناوەکە دیار بکرێت ئاخۆ بکەرە، بەرکارە؟ مێیە یاخود نێر؟ تاکە یاخود کۆ؟ لەنێو زمانە ئەوروپییەکاندا زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و یۆنانی ئالۆزترین سیستەمیان هەیە، کەچی ئینگلیزی هیچ سیستەمێکی ئاوا پڕ کێشەی نییە.

٣ـ گەردانەی فرمانیش ئەدگارێکی دیکەی ئەو جۆرە زمانەیە، بەگوێرەی ئەم ئەدگارە کۆتایی فرمانەکە کەسەکە (یەکەم، دووەم، سێیەم ) هەڵدەبژێرێ، هەروەها تاك و کۆی ناوەکە دەردەخات.

بەحوکمی ئەوەی هەندێ ستراکچەری ئینگلیزی و کوردی بەیەك دەچن، بۆیە وا بەچاك دەزانم ئەو شەنگستانەی سەرەوە بەسەر کوردی و ئینگلیزیدا پەیڕەو بکەین.

زمانی ئینگلیزی بەسێ قۆناغی مێژوویی گرنگدا ڕۆیشتووە: ئینگلیزی کۆن، ئینگلیزی چاخەکانی ناوەڕاست، ئینکلیزی نوێ. ئینگلیزی کۆن هەتا ئینگلیزی چاخەکانی ناوەڕاست زمانێکی مۆرفیمی بووە، بەڵام ئینگلیزی نوێ خۆی لەو چوارچێوەیە پاراست تەنها لەچەند حاڵەتێك نەبێ. کۆتایی هەندێ ناو وادەخوازێ کە لەحاڵەتی تەمەللوکدا ناوەکە پاشگرێکی مۆرفیمی تایبەتی هەبێ جیابێ لەناوێکی کۆ یاخود جیابێ لەناوێکی نازیندوو و بێژێندەر، لەکوردیشدا مۆرفیمی (ی ) لەکرمانجی خوارو مۆرفیمی (ێ، ا ) لەکرمانجی سەروودا پێویستن لەدروستکردنی هەر گرێیەکی ناویدا وەك:

ـ کچی من، کوڕی من.

ـ کچا من، کوڕێ من.

ـ هەڤالا من، هەڤالێ من.

لێرەدا لەکرمانجی سەروودا ژێندەر ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لەهەڵبژاردنی جۆری مۆرفیمەتە (ا ـ بۆ مێ ) (ێ ـ بۆ نێر ) لەحاڵەتی ڕانەبردووی سادەدا، هەرسێ بکەری

کەسی سێیەمی تاك (it. she. H ـ ئەو ) دەسەلاَتیان بەسەر فرمانەکەدا هەیە، وادەکەن کە کۆتاییەکەی بە (S ) بێت.

He

ئەو یاری دەکا she plays

It

لەکوردیش مۆرفیمی کۆتایی فرمانەکە جۆری بکەرەکە دیاری دەکات:

ـ من یاری دەکەم.

ـ تۆ یاری دەکەی.

ـ ئەو یاری دەکا.

ـ ئەوان ـ ئێوە یاری دەکەن.

لەئینگلیزیدا (ناو ) بکەربێ یان بەرکار هەر هەمان شێوە دەبێ، بەلاَم جێناوەکانی ئینگلیزی شێوەی بکەرو بەرکاریان جودایە:

| بکەر | بەرکار |
|---|---|
| i | me |
| He | him |
| She | her |
| We | us |
| They | them |
| Who | whom |

بەلاَم ئەم بڕیارە بەسەر هەموو جێناوەکاندا پەیڕەو ناکرێ، چونکە هەردوو جێناوی (تۆ ـ ئێوە ـyou ) و (ئەو ـ it ) بکەرو بەرکاریان هەمان شێوەیان هەیە.

هەرچی کوردیە (ناو ) و (جێناوەکانی ) لەحالەتی بکەری و بەرکاری هەما شێوەیان هەیە.

ـ ئازاد کتێبێکی بینی.

بکەر

ـ ئەوان ئازادیان بینی.

بەرکار

ـ ئەو هات و ڕۆیشت.

بکەر

ـ ئەو بزر بوو.

بەرکار

ـ ئازاد ئەوی کوشت.

بەرکار

کوردی کە زۆربەی پەیڕەوی SOV ـ بکەر + بەرکار + فرمان دەکات، حاڵەتی بکەرو بەرکاری ناوەکانی بەرێزبوونی ناوەکانی دەردەکەوێ، نەك هیچ هێمایەکی مۆرفیمی، لەسەر ئەو بنەمایە هەر گۆڕانێك لەشوێنی دانە ڕێزمانییەکاندا تەواوی واتای ڕستەکە دەگۆڕێ، هەروەها هەندێ ڕستەی نا ـ ڕێزمانی لێدەکەوێتەوە.

لەمەدا دەردەکەوێ کە ئاسان نییە هەموو زمانێك سەد لەسەد لەگرووپێکی زمانی تایبەت بێت، بەڵکو دەکرێ هەندێ ئەدگاری لەچەند گرووپێکەوە هەبێت.

لەلایەکی دی، هەر، ڕوانگەی زمانەوانی تایپۆلۆژیدا هاوسێی زمانەکان ئەو کاریگەرییەی نابێ، کە زمانەکان مۆرکی ڕەسەنی خۆیان ون بکەن، ئەو هەموو پێکەوە ژیانیەی کوردو عەرەب هەروەها باڵا دەستی زمانی عەرەبی لەرشووی ئایین و دەسەڵاتی سیاسییەوە نەیتوانییوە وا لەکوردی بکات کە پەیڕەوی بنەماکانی ئەو بکات! هەروەها لەسەردەمێکدا ئینگلیزیدا نییە. لەهەمووی سەیرتر هەندێ ئەدگار هەیە لەعەرەبی و فەرەنسی هاوبەشن.

لەفەرەنسی و عەرەبیدا سیستەمێکی گرنگ لەسەر هەمئاهەنگی هارمۆنییەتی ئامرازو ئاوەڵناو و ناودا هەیە، کەچی ئەو دیاردەیە لەئینگلیزی و کوردی بەرچاو ناکەوێ، لەفەرەنسیدا ئامرازی ناسین le بۆ نێرو la بۆ مێ و نەناسین un بۆ نێرو une بۆ مێ بەکاردێ، ئەگەر ناوەکە نێربوو ئەوا دەبێ ئاوەڵناو و ئامرازەکەش نێربێ و بەپێچەوانەش:

Un feurouge لایتێکی سۆر

Une femme ژنێك

Un home پیاوێك

لەعەرەبیشدا ئەو دیاردە زمانەوانییە بەرچاوە:

هذة وردة جميلة

هذا رجل عظيم

ئەو ڕاستیانە بەرەو ئەو ئاقارەمان دەبات،  کە بێژین ئاسان نییە ڕاشکاوانە بڕیاری ئەوە بدەین کە زمانی کوردی زمانێکی مۆرفیمییە،  چونکە تەنها چەند ئەدگارێکی ئەو جۆرە زمانەی تێدایە،هەروەها وەك ئینگلیزیش نییە،کە تەواو زمانێکی نامۆرفیمی بێ،  بەڵکو زمانێکی ئەدگاری هەردوو زمانی تێدایە.

ژێدەر:

**1- Alexander. C. G. 1988. Longman english Grammer. Longman Gr. Ltd**.

**2- crystal،D. 1992 an encyclopedic Dictionary/o/ anguageand Langusges. Oxford: Blackwelpub**.

## ستانداربوون

## لەنێوان

## کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاستدا

دوو سێ زاراوە زۆر تێکەڵی یەکتر دەکرێن. هەروەها هەمووشیان بە ستاندەر لە قەڵەم دەدرێن! ! زمانی یەکگرتوو، زمانی نەتەوایەتی، زمانی فەرمی، زمانی ستاندار!

زمانی یەکگرتوو ئەو زمانەیە کە هەموو کورد لەسەری کۆکن کە زمانی نەتەوەکەیانە. ئەو زمانە هەموو زار و شێوەزارەکانی کوردی لەخۆدەگرێ. زمانی نەتەوایەتی لە قۆناغی ڕێنیسانسی ئەوروپی سەریهەڵدا ئەوسا زمانی لاتینی زمانی (ئایین) و (دەوڵەت) و (ئەدەب) هەروەها وەك زمانی ئوممەی ئەوروپی حسێبی بۆ دەکرا.

له سەدەی پازدە و شازدەوە گەلانی ئینگلیز و فەڕەنسی و ئەلمانی بە پلە یەك مژۆڵی نووسین بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بوون.. لە ئینگلیزییدا دەقە شیعرییەکانی (جیفری چۆسەر) بە سەرەتای زمانی نەتەوەیی ئینگلیز دادەنرێ. هەتا لە نەزەر هەندێ ڕەخنەگر و توێژەرەوە (چۆسەر) بە باوکی شیعری ئینگلیزیش دادەنرێت! لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین زمانی نەتەوایەتی بە زمانی سەرەکی نەتەوەیی دەوڵەتێك دادەنرێت. سەبارەت بە نەتەوایەتی وەك ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەلمانی زمانی نەتەوایەتی هاوواتای زمانی فەرمی (*official language*) ولاتیش دێت، بەلام لەو ولاتانەی بە ولاتانی فرەزمان و نەتەوە دادەنرێن وەك (بەلجیکا)، (سەنگاپوورە)، (گانە) هەردوو مانی نەتەوایەتی (*national language*) و زمانی فەرمی بە هاوتای یەکتر نایەن!

زمانی فەرمی ئەو زمانەیە لە بواری دادگا، دامودەزگا، دەوڵەت و ڕاگەیاندندا بەکاردێت. لە هەندێ ولاتدا دوو یان زیاتر لە دوو زمانی فەرمی لە ولاتدا هەیە، هەر

یەکە بەرژەوەندییەکانی دانیشتوانەکان دەنوێنێ، ئەوەی ئارێشەیە بۆ " ئێستا "ی کورد زمانی ستاندەرە (*standard language*). زمانی ستاندارد خۆی زمانێکی سەربەخۆ نییە! بەڵکو لە بنەڕەتدا زارێکی زمانێکە کە خودی خۆی یان هەندێ فاکتەر دەیکەنە زمانی ستاندار. کە وابێت زمانی ستاندار زارێکە زێدە ماف و جیاوکی (*prestige*) هەیە و لەناو کۆمەڵگەی ئاخاوتنی ( *speech community* بەکاردێ. بواری فێرکردن و فێربوون دوو بواری سەرەکین بۆ مکوومبوون و سەپاندنی ئەو زمانە. ئەم جۆرە زمانە چەند بنەما و شەنگست و فۆرمێکی چەسپیو دادەڕێژێ. هەر زارێك یان شێوەزارێك بەگوێرەی ئەو چوارچێوە و بنەمایانە نەبێت ئەدگاری ستاندەری نابێت! زۆر جاران شێوەی گۆکردنی (*pronunciation*)وشەکانی زارەکە دەبێتە بنەمایەك بۆ دروستکردنی زمانەکە. ئەوەتە لە بەریتانیا بە زمانی ستاندەر دەڵێن: ئینگلیزی *BBC* یان ئینگلیزی ئۆکسفۆرد. ئەو دوو "ئینگلیزی"یەش لەسەر گۆکردن بیناکراون!

## هۆکارەکانی

## دروستبوونی زمانی ستاندەر

ئەمە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر جودایە. ئەو هۆکارانەی ستاندەری زمانی عەرەبییان دروست کرد. ئەو هۆکارانە، بە تایبەتی هەبوونی کتێبێکی پیرۆزی ئاسمانی، لە کوردیدا نین، قورئانی پیرۆز فاکتەرێکی یەکلاییکەرەوە بوو لە بە ستاندارکردنی زاری قوڕەیش، بەڵام (ئاڤێستا)ی زەردەشت بە هیچ جۆرێ بە قورئانی پیرۆز بەراورد ناکرێ. لەلایەك هەر خودی دەقە رەسەنە "ئاسمانی"یەکە نەماوە، هەروەها ئەو دەقە بە "کوردی"ش نەبووە. "زەند"ی ئاوێستاش ئەو توانستە زمانییەی نییە.. وێڕای ئەمە هەتا لە ناو ناسیۆنالیستەکانی کوردیشدا ناسنامەی ئاوێستا ساغ نەبۆتەوە!

رەوشی سیاسی فاکتەرێکی ترە لە دروستبوونی زمانی ستانداردا. زۆربەی گەلە وشیارەکانی دنیا سوودیان لە رەوشی سیاسی بینیوە بۆ ئەوەی زارێك لە زارەکانی زمانەکەیان بکەنە زمانی خوێندن و پێنووسین و راگەیاندن و دەوڵەت، بەڵام کورد

نەیتوانیوە سوودێکی ئەوها ببینێ! ڕەفاهیەت و خۆشگوزەرانی و تەناهی سیاسی و ئابووری فاکتەری ترن لە پەسەندکردنی دەستە جەمعی خەڵکی وڵات بۆ زارێك.

### دەسەڵاتی سیاسی وڵات

لە زۆر وڵاتدا دەسەڵاتی سیاسی وڵات وەك دروستکردنی شکۆیەك بۆ خۆی، هەروەها بەوپەڕی لێبوردەییەوە هەر لە پێکۆلی ئەوەدا بووە وەك نەتەوەکانی دراوسێ زارێك لە زارەکانی وڵات بکاتە زمانی ستاندەر.

### دەسەڵاتی ئەکادیمییای

### زانستی زمان

کۆڕی زانیاری یاخود ئەکادیمیا دوو دەزگای زانستی متمانە پێکراون بۆ هەڵبژاردنی زارێك بۆ نووسین و خوێندن و دەوڵەت و دامودەزگای مەعریفی وڵات.

### ڕۆشنبیرانی وڵات

ئەوانەی خۆشەویستی و ئینتیمایان بۆ زمان و خەڵك و نەتەوە و هەموو ئاسایشەکانی وڵاتە، نەك حیزب و دامودەزگای حیزب و بەرژەوەندی حیزب، دەتوانن ڕۆڵی پۆزەتیڤی خۆیان ببینن لەو پرۆسەیەدا.

### کرمانجی سەروو یان ناوەڕاست؟

### یان ئەلتەرناتیڤی تر هەیە؟

زۆربەی توێژەرانی کورد لەسەر ئەوە کۆکن کە چوار زاری سەرەکی کوردی هەن. هەردوو زاری کرمانجی خوارو و گۆران لە سەد ساڵی ڕابردوودا دوو زاری فەرامۆشکراون.

سەبارەت بە زاری کرمانجی خوارو کە لوڕ و بەختیاریی و لەك و کەلهوڕ و هتد...دەگرێتەوە، ئاخاوتنکارانی ئەو زارە خۆیان لە ڕوویێکەوە فاکتەری ئەو فەرامۆشکردنەن! ئەو کوردانە بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ بەشە هەرە زۆرەکەی کورد مەزهەب جودان، ئەوانە شیعە مەزهەبن.

فاکتەری شیعە بوون و جوگرافیا دوو فاکتەری سەرەکین لە پەراوێزخستنی ئەو زارەدا لە بەرامبەریشدا فارسەکان ئەمەیان قۆستۆتەوە، هەر بۆیە زارەکەیان وشەگەلێکی فارسی تێدایە نەك وشە و پەیڤی زارەکانی دیکەی کوردی!

فاکتەری پەروەدە و خوێندن بە فارسی ـ سەبارەت بە فەیلییەکانەوە بە عەرەبی ـ فاکتەری ترن!

بزاڤی سیاسی کوردستانیش لە خەباتی رزگاریخوازی خۆیدا نەیتوانیوە وشیاری نەتەوەیی لەلای ئەواندا ببوژێنێتەوە.

هەرچی زاری گۆرانە ئەوە ئاخاوتنکارانی باجەلانی، کاکایی، زەنگەنە، هەورامی، زازایی دەگرێتەوە. لەنێوان ئەو شێوەزارانەدا.. جیاوازییەکی جوگرافی هەیە. بەجۆرێ هەردوو شێوەی (گۆران) و (زازا) لە رووی جوگرافییەوە لێك دوورن، بەڵام لە رووی بنەما و شەنگستەی زمانناسیدا خزمایەتییەکی دیاریان هەیە. لە ناو ئەو زارەدا چەندەها ئایین و مەزهەبی ئایینی هەن.. موسڵمان، زەردەشتی، کاکەیی، شەبەك. هەورامی کە ئەویش بەشێك لە زاری گۆران پێکدەهێنێ، لە سەردەمێکدا زۆری جێگەی توێژینەوە و تێڕامان بووە بەجۆرێ هەست بە پێکچوونێکی زۆرتر کراوە لەنێوان پەیڤەکانی ئەو شێوەزارە و زەندی ئاڤێستادا. هەروەها چەندەها شاعیری ناوداری کورد بەو شێوەزارە شیعریان نووسیووە.

## کرمانجی ناوەڕاست

ئەو زارە ماوەیەکی زۆر بە "هەڵە" پێیدەوترا کرمانجی "خواروو " یان "باشوور" ئەم زارە چەند شێوەزارێك لەخۆ دەگرێ وەك: موکری، سلێمانی، هەولێر، کەرکوك. وێڕای ئەمەش بە گوێرەی دابەشبوونی جوگرافییەوە بەشێکی زۆری ئاخاوتنکارانی باشووری کوردستان جگە لە دەڤەری بادینان هەروەها بەشێك لە ئاخاوتنکارانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە، هەرچەندە لە رووی قسەکردنەوە، قسەکەرانی شێوەکارانی ئەم زارە (هەموو) لە یەك دەگەن، بەڵام هەولێرییەك لە زۆر لاوە وشە و دەستەواژەی خۆی هەیە جودایە لەوەی سلێمانی و کەرکوك و مەهاباد... ئەوانیتریش بەهەمان شێوە!

بەڵام لەبەر ئەم چەند هۆیەی خوارەوە (هەموو) لە یەك نزیك بوونەتەوە:

هەر لە سەدەی نۆزدەمەوە لەرێگای ئەدەبەوە شێوەزمانێکی هاوبەش نووسینیان هەیە، هەروەها هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە خوێندن بە شێوە زمانێك بووە کە زیاتر لەسەر شێوەزاری سلێمانی دامەزراوە.

حکومەتەکەی شێخ قادری برای شێخ مەحمود و کۆماری کوردستان و چوار ساڵ حوکمی زاتییەکەی (١٩٧٠ — ١٩٧٤ ) هەروەها هەبوونی زانکۆی سلێمانی (سەلاحەدینی ئێستا)خوێندن و نووسین و راگەیاندن هەر بەو شێوە زمانە بووە.

زمانی فەرمی خوێندن لە هەموو شارەکانی باشووری کوردستان هەر بەو شێوە زمانە بووە.

راگەیاندنی شۆڕشی کوردی چ لە سەردەمی شێخ مەحمود و چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان یان شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و شۆڕشی نوێ هەمووی هەر بەو شێوەزمانە بووە.

یەکەم رۆژنامەی کوردی لە عێراق (تێگەیشتنی راستی) لە کوردستان و (پێشکەوتن) بەو زمانە بووە. هەروەها (بانگی کوردستان)، (ئومێدی ئیستقلال) و (بانگی هەق) و (ژیان) و (ژین) و (ژیانەوە) و (خەبات) و (بەیان) و (رۆشنبیری نوێ) و (کاروان) و هتد.... زۆربەی هەرە زۆری هەر بەو شێوە زمانە بوون.

لایەنگرانی ئەو زارە لەبەر ئەو مێژووە پڕ سەروەرییەی نووسین و خوێندن و بڵاوکردنەوە، پەسەندی ئەم زارە دەکەن کە ببێتە زمانی ستاندەر و داوا لە ئەکادیمیای کوردی و حکومەتی هەرێم و پەرلەمان دەکەن ئەم زارە پەسەند بکەن!

وێڕای ئەمەش زۆربەی هەرە زۆری نووسین بەم زارە بە ئەلفبای ناسراو بە عەرەبییە، ئەمەش وایکردووە کە هەموو ئەو شوێنانەی خوێندن و نووسین بەم زارەیە بەبێ گرفت لە یەکتری بگەن!

## کرمانجی سەروو

کرمانجی سەروو کۆمەڵێك شێوەزاری ناوچەیی لەخۆدەگرێت وەك بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینی هتد.... لەم روانگەوە، ئەم زارە زۆرترین "قسەکەری" هەیە، هەر تەنیا کوردەکانی باکووری کوردستان جگە لە کوردی دەرسیم ئەوانی تری وەك دیاربەکر و ماردین و بەدلیس و موش و وان و ئەرزەرۆم و بایەزید و ئەرزنجان و خەریوت بەو زارە دەدوێن. کوردەکانی باشووریش بەشێك لە کوردی موسڵ، دهۆك، زاخۆ، ئاکرێ، شەنگار... بەو زارە قسە دەکەن، کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە خوراسان، رۆژئاوای دەریاچەی ورمێ و کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، هەروەها کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان وەك قامیشلی، حەسەکە، هەموو بەو زارە (دەئاخڤن).

کوردەکانی ئەو شوێنە جوگرافیانەی لەسەر چەند ئایین و مەزهەبی ئایینین وەك ئیسلام، مەسیحیاتی، ئێزیدیاتی، سوننە، عەلەوی، شیعە.

ئەم زارە لە رووی قسەکەرەوە دەوڵەمەندترین زاری کوردییە، نزیکەی سی ملیۆن کورد لەو زارە لەگەڵ یەك قسە دەکەن. هەروەها ئەو زارە لە زۆر بواری زمانەوانیدا زۆر دەوڵەمەندە هەتا لە بواری زاراوەی خزمایەتی لە ئینگلیزیش دەوڵەمەندترە !

لایەنگرانی ئەم زارە ژمارەی کوردی ئەو زارە و شوێنە جوگرافییەکەی دەکەنە بنەمایەك بۆ ئەوەی ئەم زارە ببێتە زاری ستاندەری کوردی. وێڕای ئەمەش ئەم زارەیش لە سەردەمێکدا مێژوویەکی رەنگینی هەبووە. یەکەم دەقی پەخشانی کوردی بەو زارە بووە، چ جای دەقی وەرگێڕدراوی ئینجیل بێت چ دەقی نووسینەکەی مەلا مەحمودی بایەزیدی بێت. هەروەها شاعیرێکی وەك رەحیمی هەکاری لە پێش (گۆران و شێخ نوری) بەو زارە شیعری نوێی نووسیوە. (بەڵام لەبەر ئەوەی رەحیمی هەکاری وەك شێخ سەعیدی نوورسی رووی زیاتر کردە دینداری و لە بزاڤی سیاسی دوورکەوتەوە، بۆیە ئەو رۆڵەی ئەو پەراوێزکراوە) دەقی (مەم و زین)ی خانی بەو زارە نووسراوە. هەروەها یەکەم رۆژنامەی کوردی زیاتر بەو زارە نووسراوە !

ئەوانە هەموو راستی حاشاهەڵنەگرن، بەڵام لەو سەد ساڵەی دواییدا ئەو زارە تووشی پاشاگەردانی و نسکۆیەك بوو کە بەشێك پەیوەستە بە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی رژێمەکانی تورکی و ئێرانی و سووری و بەشێکیشی پەیوەستە بە خودی کوردەکانی ئەو دەڤەرانەی خۆیانەوە !

ئەو کوردانەی کە بە زاری کرمانجی ناوەڕاست دەپەیڤن، هەرچەندە ژمارەی قسەکەرانیان زۆر کەمترە لە ژمارەی قسەکەرانی کرمانجی سەروو، بەڵام بە حوکمی رەوشی سیاسی باشووری کوردستان، ئەوە لە (٦٠٪)ی کوردەکانی باشوور و بەشێك لەوانەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە زاری کرمانجی ناوەڕاست هەم (قسە دەکەن) و هەمیش (پێی دەنووسن) ! بەڵام لەناو ئەو سێ ملیۆنەی کوردی کرمانجی سەروو (١٠٪)ش بە زاری کرمانجی سەروو نانووسن ! ! لەمەش هەندێ سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تەنیا چەند سەد هەزارێك لەو کوردانەی دەزانن نووسینی کرمانجی سەروو بخوێننەوە ! ! رێژەی نەخوێندەواری بە زاری کرمانجی ژووروو لەناو کوردەکاندا هەر ئێجگار زۆرە، چونکە خوێندن بەو زارە لە دەوڵەتی تورکیادا هەر نەبووە، کەچی لە عێراقدا چ لە سەردەمی پاشاییدا چ لە دوای چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ەوە خوێندن لە باشووری کوردستان زۆری هەر بە کوردی بووە ! لە عێراق وێڕای زمانی عەرەبی زمانی کوردیش لە خوێندن و راگەیاندن هەبووە و هەیە، کەچی لە تورکیادا بە رەسمی خوێندن و راگەیاندن بە غەیری تورکی نەك هەر قەدەغە بووە بەڵکو بڤە بووە !

هەموو کوردەکانی کرمانجی ناوەڕاست بە یەك ئەلفبا دەنووسن و دەخوێننەوە، ئەویش ئەلفبای عەرەبییە، کەچی لەناو دەڤەرەکانی کرمانجی سەروودا هەر سێ جۆر ئەلفبا هەن، کوردەکانی باکوور بە ئەلفبای لاتینی دەنووسن ـ کوردەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بە سیلاسیکی دەنووسن و دەخوێننەوە، هەرچی کوردەکانی بەشێکی باشوورە وەك دهۆك و زاخۆ و شەنگار و هەروەها کوردەکانی ورمێ و هتد... بە ئەلفبای عەرەبی دەخوێنن و دەنووسن ! ! بەواتای هەر لەناو خودی زارەکەدا سێ گرفتی سەرەکی هەن:

**یەکەم:** خوێندەواری کرمانجی زان بە خوێندن و نووسین زۆر کەمە، دەقی کرمانجییش لەو سەد ساڵەدا لە پاش هەر سێ شۆڕشەکەی شێخ شەعید، ئاگری داغ و دەرسیم و ئاوابوونی ئەستێرەکانی بەدرخانییەکان زۆر کەمە.

**دووەم:** پەروەردە و خوێندن جگە لە ئەرمەنیا بەو زارە لە هیچ دەڤەرێك نەبووە.

**سێیەم:** بە سێ ئەلفبای جیاواز دەنووسن.

ئەمانە نابنە بیانوو بۆ ئەوەی لە باکووری کوردستان ئەو زارە نەبێتە زمانێکی ستاندەر، بەڵام بەگوێرەی رەوشی سیاسی لە باشووری کوردستان حکومەتێکی کوردی هەیە، قسەکەرانی کرمانجی ناوەڕاست زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوان پێکدەهێنن، ئەمە و زۆربەی نووسەران و مامۆستایانی دەڤەری بادینان لە کرمانجی ناوەڕاست دەگەن، چونکە ئەوانیش باکگراوندێکی ئەوتۆیان نییە سەبارەت بە خوێندن بە زاری خۆیان، ئەوان لە قوتابخانە یان عەرەبییان خوێندووە یان کوردی ناوەڕاست.

**ئەنجام:**

**١ – بۆچی شێوەزاری هەولێر نەکەینە ستاندەر؟!**

پارێزگای هەولێر لە رووی جوگرافییەوە زۆر نزیکە لە دەڤەری بادینان. هەروەها لەناو دەڤەری پارێزگای هەولێردا بەشێك لە عەشیرەتی هەرکی و سورچی دەژین.. هەروەها عەشیرەتی بارزان و برادۆست و مزورییەکان لەناو پارێزگای هەولێردا دەژین. هەروەها کۆلۆنیەکی ئاکرەیی هەتا لەناو شاری هەولێر دەژین، هەموو بە تەواوی لە شێوەزاری هەولێر دەگەن!!

شێوە نووسینی هەولێر جودایە لە شێوەزاری ئاخاوتنی هەولێر، بەشێکی زۆر لە هەولێر بەو شێوە نووسینە دەنووسن! وێڕای ئەمەش ئەوە حەڤدە ساڵە هەولێر بۆتە مەڵبەندی حوکمڕانی کوردستان. پەرلەمان و حکومەت لە هەولێرن، هەروەها چەند زانکۆیەکیش هەر لەم دەڤەرەن، ئەکادیمیای کوردیش هەر لەم شارەیە. لە ڕێگای

ئەم شارەوە دەکرێ هەموو شارەکانی هەرێم بە یەکتری بگەیەنرێن، چ لە بواری سیاسی چ لە بواری زمان و یەکگرتنی نەتەوەوە، ئەم شێوەزارە جیاوازییەکی ئەوتۆشی لەگەڵ شێوەزاری بادینی نییە، بەجۆرێ هەتا لە هەندێ دەڤەری هەولێردا وەك بادینیەکە "جێندەر" یش هەیە. ئەم رایەم هیچ پەیوەندی بە شارچییەتییەوە نییە ! ! بەڵکو تەنها بەجۆرێك بە چارەسەری دەزانم ئەگەرنا مەسەلەی نەتەوەکەم زۆر لەوە لەلا گەورەترە کە لە روانگەی شارچییەتییەوە شت بنووسم، وابزانم هەموو کوردێکیش دەزانی کە ئەم "دەمارە" لەناو کوردانی هەولێردا نییە.

## ٢–وەلانانی زمانی ستاندار و پەسەندکردنی زمانێکی بیانی

گومان لەوە دانییە کە داگیرکاران کورد و زمان و کەلتووری کوردیان ئەوها پەرتەوازە کردووە، هەروەها ناتوانین نکوڵیش لەوە بکەین کە کورد خۆیشی فاکتەرێکی خولقێنەر و دنیامیکیەتی ئەم میکانیزمەی پەرتەوازەییەیە، ئەوە حەڤدە ساڵە حکومەتی کوردی "جورئەتی" ئەوە ناکات مەسەلەی زاری ستاندەری کوردی یەکلا بکاتەوە !. ئەوە کێیە ناهێڵێ زمانی خوێندن بە زمانێکی ستاندەر بێت؟ مەلای خەتێیە؟ یان ئیدریسی بەدلیسی؟ پەسەندکردنی زارێك هەر زارێك یان شێوەزارێك شکاندنی موقەددەس نییە، بەڵکو دواخستن و پەراوێزخستنی شکاندنی یەکێ لە موقەدەسەکانی نەتەوەیە ! ! ئەوە کام (مەلا) و (شێخ) و (سەید) لە پەرلەمانی کوردستاندا بوونەتە لەمپەر لە پێش ئەم پرۆسەیەدا؟ !

مەسەلەکە سیاسەت سێبەری بۆ کردووە ! ئەوانەی مەسەلەکە لەخۆیانەوە بە سیاسەتی حیزبی کوردییەوە گرێ دەدەن هیچ کامیان زمانەوان نین، چونکە ئەگەر زمانەوان بووان دەیانزانی جارێ لە ناو کوردا زارەکان تەنیا زاری جوگرافیین، زاری کۆمەڵایەتی و رەگەزی نین، هەروەها لە زمانەوانیدا هیچ زارێك بە هەبوونی چەند ئەدگارێك بەسەر زمانێك پەسەند ناکرێ!

(هەڵە)یە بوترێ فڵان زار (راستتر)ە لە فیسار زار! هـەر کـە زارێـك یـان شـێوەزارێك دەبێتە زاری ستاندەر، ئەوانی تر فەرامۆش ناکرێن، بەڵکو دەکرێ خوێندن و نووسین و راگەیاندنی ناوچەییشی پێ بەڕێوە ببرێ.

ئەم دیاردەیە لەناو عەرەبان زۆرە، عەرەبەکانی جەزائیر و تونس و مەغریب هـەم بـە زمانی ستاندەر دەنووسن هەم بە زاری خۆشیان بـە دەیـان بەرنامـەی تەلـەفزیۆنی و رادیۆییان هەیە !

ئەگەر بەو هەموش رازی نەبوون: بە هەژموونی زمانێکی بیانی وەك زمـانێکی فـەرمی رازی دەبن؟!

لە باشووری کوردستان دوو دەرفەت هەیە، بەڵام بـاوەڕ ناکـەم هیـچیان سـەربگرن.. زمـانی عــەرەبی و زمـانی ئینگلیـزی. راسـتە زمـانی عــەرەبی زمـانی قورئانــە، کوردەکانیش لە ٩٥٪ی زیاتر موسڵمانن، هەموو هەندێ عەرەبی دەزانن، هەر چ نەبێ هەموو رۆژێ لە نوێژدا قورئان بە عەرەبی دەخوێنن! !

بـەڵام عـەرەبی عێـراق بـە نـاوی "ئیـسلام"و "عروبـە"وە هێنـدە غـەدریان لـە کـورد کردووە زۆر دژوارە ئەمە سەربگرێ! ! ئـەمڕۆ لـە زەینـی هـەر کوردێکدا عـەرەب بـە واتای داگیرکار دێ! ئەمەو ئەو عەرەبە هەتا دژی قورئانیشە!.

راستە زمانی ئینگلیزی زمانێکی جیهانییە، هـەتا لـە زۆر وڵات زمـانی فەرمییـە، وەك هیندستان، پاکستان، مالیزیا و هتد.... بەڵام سـەبارەت بـە کـورد ئینگلیـزیش وەك زمـانی فـەرمی بـۆنی داگیرکردنـی لـێ دێ! ئینگلیـز بـوو باشـووری کوردسـتانی بـە عێراقـەوە لکانـد.. هـەروەها هـەژموونی ئینگلیـزیش، کـەناڵێك دەبێـت بـۆ پرۆسـەی تەبشیری! ! ئەمەش هەر بەشێك لە زەینی کورد پێکدێنێ! !

لە کۆتاییدا با چۆن جورئەتی ئەوەیان هەبوو حکومـەت و پەرلـەمان دابمـەزرێنن، بـا ئاوەهاش جورئەت هەبێ وا لە هەموو باشوور بکەین بە یـەك زار و ئـەلفبا بخـوێنین و بنووسین.

# چەند وردە سەرنجێك لەسەر ئاوەڵناو و ئۆنریفیکس

لە ژمارەی (٤٦)ی گۆڤاری (پەیڤ) دا برای هێژا ، کاك دکتۆر بائیز، لە لاپەرە(٤٢– ٤٣– ٤٤)دا نووسینێکی زمانەوانی بەناوی " تێکە لییا دناڤبەرا هەڤالناڤین رێزگرتن و پیشەو لەقەب دزمانی کوردی دا – کرمانجیا سەری" بڵاوکردۆتەوە.

لەم نووسینەدا کاکی دکتۆر کەوتۆتە چەند هەڵەیەکەوە، چەند چەمکێکی تێکەڵی یەکتر کردووە. چەمکی ئاوەڵناوی بەدیدێکی کلاسیکی Traditions شرۆڤە (شلۆڤە) کردووە. ئەمەو بابەتێکی گرنگی وەك رێزگرتن Honorifics و کامرازەکانی بە ئاوەڵناوە بەستۆتەوە. لێرەدا بەگرنگی دەزانم، بەرلەوەی بەرسقی کاك دکتۆر بائیزبدەمەوە، هەردوو چەمکی ئاوەڵنا و ئۆنریفیکس روونبکەمەوە.

*** چەمکی ئاوەڵناو**

هەرچەندە زمانی کوردی تەواو زمانێکی ئاوەڵناویی نییە، بەڵکو زیاتر زمانێکی ناوەندییە neutral ، بەڵام ئەوەندە شیانەی هەیە کەبەشتێکی زۆری ناوچە ئاوەڵناوییەکان دابپۆشێ. ئەمە لەڕووی واتاییەوە، لە رووی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیەوەش ئەو شیانەی هەیە تا ئاستێکی زۆر (نەك بە ڕەهایی) ناسنامەی ئاوەڵناوێتی وشەکانی پیشانبدات.

سونەتیەکان Traditionalists پێناسەی"ئاوەڵناو" یا لەسەر بنەمای ئەرکەوە – Function دەکرد. دەیانوت" ئاوەڵناو وشویەکە بۆ وەسفکردنی ناوێك یان ڕاناوێك بەکاردێ " هەروەها لە ناو ئەو جۆرە رێزمانووسانە هەندێ جار ئەرکی

وەسفکردنەکە زۆر بەرفرەتر دەکرا و دەوترا" دەکرێ ئاوەڵناو هەر وشەیەك بێت وەسفی ناوێك، راناوێك ئاوەڵناوێکی تر، ناوی بەرکارێك، فرێزێك گرتییەك یاخود پارستەیەك بکات"

ئەوبنەما ئەرکیە و دیێنی یان خوێندنەوەی پەیڤێك بە گوێرەی شوێنەکەی لەگرێ و ڕستەدا کەودای – Scope ئاوەڵناوی هێندە فراوانکرد بوو کە ئامرازی ناسین نە ناسین، ئامرازی نیشانە ئاماژە، هەتا ژمارە و جۆرەکانی بە ئاوەڵناو بزانرێت. ئەمەو وەنەبێ هەر ڕێزمانوو و سە کوردەکان تووشی ئەو هەڵەیە بووبن، بەڵکو ڕێزمانووسانی ئینگلیزیش ئەوها بوون!

نازانم چۆن لە رۆژگاری ئەمرۆدا، باوەڕمان وابێ کە وشەو مۆرفیمانەی لە پێش و پاشی ناوی سەرە – Head هاتوون، ئاوەڵناو بن:

١– کوڕ ێك.

٢– کوڕە کە.

٣– یەك کوڕ.

٤– یەکەم کوڕ.

٥– ئەم / ئەو کوڕ.

٦– کوڕێکی تر.

٧– کوڕێکی ئەوها / ئاوا.

٨– مەلا ڕشید.

٩– ئەفسەری هاتوچۆ.

١٠– ماۆستا نەوزاد.

١١– شوان ئاغا.

١٢– قازی محەمەد.

ئەمانەو چەندانی تر، جگە لە ئەدگاری دیارخەر هیچ ئەدكارێكی مۆرفۆلۆژی و سیمانێكی ئاوەڵناویان نییە. وێرای ئەمەش كە هەندێكیان تەنیا ئاماژە یان ژمارە دەنوسێنن ئەوە لە (شوێن)ی باوی ئاوەڵناویش لەگەڵ ئاوەڵناو تێكناكەنەوە !

لەمە خویا دەبێ كە ئەرك Function هۆكارێكی یەكلاكەرەوە نییە لە ساغكردنەوەی ئاوەڵناو دا.

هەرچی ئەدگاری مۆرفۆلۆژییە، هەرژەندە ئەویش فاكتەرێكی رەها نییە، بەلاّم هۆكارێكە بۆ لابردنی لێڵی لەسەر چەند و شەیەكی بە زۆر بە ئاوەڵناو كراوی وەك ئامرازەكانی ناسین و ئاماژە و ژمارە و هەندێ ناوی وەك لەقەب بەكارهاتوو. پلەی بەراوردی (تر) و (ترین) (هەرە) و ئاوڵكاری ڕێژەیی وەك (زۆر) و ( زۆر زۆر) ( تابلاّی !) هەر بۆ ئاوەڵناو بەكارنایەت، بەڵكو بۆ بەشێك لە ئاوەڵكار و هەتا هەندێ ی واتای زێدەكی هەندێ ناویش بەكاردێت:باشتر، باشترین، هەرەباش زۆرجوان، زۆر زۆر جوان، تابڵی جوان.

ئاوڵكار:

- ئازار خێراتر دەڕۆیشت.
- نازێ جوانتری دەخوێندەوە.
- شیلان زۆر جوانتری نمایش دەكرد.

واتای زێدەكی هەندێ ناو :

- ئەو لە تۆ پیاوترە !
- ئەو زۆر لەباوكی پیاوترە !
- ئەو لەباوكی دزترە.
- ئەو هەتابلاّ ی پیاوە.

ئەدگای سیمانتیکی Semantic Features لە ئەرك و پلەی بەراورد كاریگەرترن لە دیاركردنی ناسنامەی ئاوەڵناو دا دیكسۆن Dixon لـە توێژینەوەیـەك بـەناوی " ئـەو هـەموو ئاوەڵنـاوە بـۆ كـوێ چـوون Where have all the adjectives Gone لەڕووی سیمانیكەوە چەند ناوچەیەكی بڕی ، یاخود ئاوەڵنـاوی دیاردەكـات كـە ئـەویش نەمانـەن پەڕەنگ،تەمـەن، پەیوەسـت ، بـەمرۆڤ، فیزیكـی، ڕەهەنـدیی، بەهایی. (كوردیدا ئەو ناوچانە زۆرجار تێكەڵ یەك دەكرێن، لەمەشـدا لێلیـەك لەسـەر جۆری ئاوەڵناوەكە دروست دەبێت. ئەو ناوی سەرەیە ئەو تێكەڵیە دروست دەكـات. لەوچەند گرێیەدا ئەم ڕاستیە ڕوونتر دەبێتەوە:

– ژنێكی هار
– سەگێكی هار
– نانێكی ڕەق
– پیاوێكی ڕەق
– دارێكی سووك
– پرسیارێكی سووك
– ژنێكی سووك

## Honorifics

ئەوندەی من ئاگاداربم ئینگلیزی و فەرەنسی و عـەرەبی و كـوردی لـەو زمانانـەن كـە فۆرمی ئۆنریفیكسیان هەیە.

ئـۆنریفیكس زاراوەیەكـە لـە شـلۆخەكردنی ڕێزمـانیی هەنـدێ زمـان بـەكاردێ بـۆ پیـشاندانی ڕێـز و حورمـەت بەرامبـەر بـەو كەسـانەی قـسەیان لەگـەڵ دەكـرێ یـان قسەیان لەبارەوە دەكرێ.

ئەم دیاردەیە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە و بەشێکە لە پراگماتیکی کۆمەڵایەتی Socio- pragmatics . ئامرازەکانی دەربڕینی ئۆنریفیکس وشەن، یان پشگرو پاشگرێکن، دەکرێ سیتەمی ئۆنریفیکس لە کوردیدا بەم شوێوانەی خوارەوە دەردەبڕێت.

١– پێشناو و پاشناو.

٢– کاک ئازاد، بەڕێز ئازاد.

٣– خانم نازدار.

٤– خاتوون / خاتوو لەیلا.

خوشکە سارا

بەڵام نازدار خان

ئەم پێشناو و پاشناوانە هەر ڕیز Politeness دەرنابڕن، بەڵکو گێندەر و حاڵەتی کۆمەڵایەتی ناو براویش نیشاندەدەن.

٢– لەقەب

لە کوردیدا چەند جۆرە لە قەبێك title هەیە: لەقەبی ئایین، کۆمەڵایەتیی پیشەیی .... ئەوانە (بەزۆری) لە پێش ناو بەکاردێن، بەڵام (هەندێ) کیان لە دوای ناوەوە بەکاردێن.

أ – لەقەبی ئاینی

– مەلا ڕەشید

– شێخ ڕەزا

– حاجی ڕەسول

– قازی محمد

بەڵام ڕەشاد موفتی

– محمد پێغەمبەر

ب – کۆمەڵایەتی

– مام جەلال

– خاڵە تایەر

– پلە / پوورە عەیشێ

– باوکی / دایکی سارا

جـ – لەقەبی دەسەلاتدار

– شوان ئاغا

– محمد پادشا

– حەسەت بەگ

بەڵام

– شا محمد

– میر بەدرخان

– کێخوا سێوێ

– لەقەبی پیشەیی

– مامۆستا ئازاد

– وەستا نەریمان

بەڵام

–کەریمی نانەوا

–فاتە نانکەر

–سەلام حەداد ئاسەنگەر

–کاوەی ئاسنگەر

لەپاش ڕوونکردنەوەی هەردوو چەمکە کەو ئەدگارە کانیان، وەڵامی کاک دکتۆر دکتۆر بائیز، لە نووسینەکەیدا، سێ جۆری" ئاوەڵناو! " دیار دەکات و ناویان دەنێ:

١- هەڤالناڤی ڕێزگرتنێ.

٢- هەڤاڵناڤێ پیشەیی.

٣- هەڤاڵناڤی لەقەب.

کاک دکتۆر بائیز باوەڕی وایە کە (هێژا، بەڕێز، ڕێردار، خانم، خاتوون ...) ئاوەڵناوی ڕێز گرتن! نازانم لەوگرێیانەی کاک دکتۆر هێناوین ئەوانە چۆن دەبنە ئاوەڵناو؟! ئەو شیچوە ئۆنریفیکانە جگە لە نیشاندانی ڕێز چی تر ناگە یەین، بەڵام لە ڕستەدا دەکرێ وەك (ئاوەڵناو) بەکاربێن، بەڵام واتایان جودایە! بۆیە ئەوگرتیانەی کاك دکتۆر هێناویەتی ، فۆرمی ڕێزن نەك هەڤالناڤی ڕێزگرتن.

ئەوەی کاك دکتۆر بائیز پێ ی دەڵا " هەڤالناڤێ" پیشەیی " وەك ناپێژ، دکاندار، تەنەکچی ... بەهیچ پێوەرێکی مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکی ئاوەڵناو نین، تەنیا پیشەی کەس ئاماژە بۆ کراو دەردەخەن. هەروەها نازانم کاك دکتۆر بۆ چی باس هەندێ پیشەی تری نەکردووە وەك مامۆستا، دکتۆر، پزیشك، ئەندازیار... دەبێ ئەوانە پیشە نەبن؟! یان کێشەی ئەو وشانە ڕایەکەی ئەو پەسەند ناکەن؟! بێگومان هەروەك چۆن ڕەزڤان، تەنەکچی پیشەن، مامۆستایی و ئەندازیاریش پیشەن، بەڵام ئەمانە لە پێش ناوی سەرە دێن، نەك لەپاشی.

- دکتۆر بایز

- مامۆستا ئازاد

هەرچی " هەڤاڵناڤی لەقەب" ئەوە دوور نزیك پەیوەندی بە ئاوەڵناوەوە وەنییە ، بەڵکو ئەو لەقەبانە لەگەڵ ناو، شێوەی ئۆنریفیکس Honorifics form دەردەبڕن، لادانی ئەو لەقەبانەش دەبێتە هۆی نەمانی Honorifics ! ئەمەو لە

کرمانجی ناوەڕاست و سەروودا هەندێ لەقەب لە پێش ناو و هەندێکی تر لـەدوای نـاو دێن، نەك وەك هەردوو نموونەکەی دکتۆر بائیز.

کاك دکتۆر هەردوو لەقەبی (ئاغا) و (بەگ) دەهێنێتەوە کە لەدوای نـاو دێـت، بـەڵام (میر) و (سەرۆك) لەهەردوو دیالێکت لە پێش ناو دێت:

میر بە درخان. سەرۆك بارزانی.

ئەمـەو لـە کرمـانجی ناوەڕاسـتدا ( کێخـوا) (مـیر) و هـەروەها (شـا) و (مـەلیك) و (سەرۆك) لە پێش ناو دێت.

بەکورتی، هەموو گرتیـەکانی کـاك دکتـۆر بـایز ئـەدگاری ئاوەڵنـاو بوونیـان لـە ڕووی مۆفۆلـۆژی و سـیماتیکیەوە نییـە دەکـرا، کـاك دکتـۆر ئـەو بابەتـە وەك سۆسـیۆ پراگماتیکی شلۆڤە بکردبا، نەك پەرە بەناسنامەی کلاسیکی ئاوەڵناوبدات.

# بەشی دووەم

# بڕگە لە زمانی کوردیدا

بڕگە وەکو واژەیەك کەوا لە پیتێك یان زیاتر پێك دێت و بە یەك جار لـە دەم دێتـە دەرەوە بەبێ بڕینی هەناسە، هەمدیسان بڕگە وەکو دیاردەیـەکی زمانـەوانی لـە زۆربـەی زمانەکانی دونیا بوونی هەیە لەگەڵ هەبوونی جیاوازی و خاڵی لەیەکـچوو لـە نێـوان ئـەم زمانانەدا. . وەلێ بڕگە شێوازی کردەیی خۆی دەگۆڕێت لـە نێـوو خـوی زمانەکـەمان. . ئەمیش بەهۆی شێوازی نووسـینی کردەیـی هـەردوو ڕێنووسـی (کـوردی — عـەرەبی ) و (کوردی — لاتینی ). بەلاّم ئێمە لە دەستپێکدا دەبێ بەشێوەیەکی خێرا بـاس لـە بڕگـە بکەین لـە زمـانی کوردیـدا، پاشـانەکە دێینـە سـەر بـەراوردکردنی. . وەلێ بڕگـە لـە زمانەکەمان دەبێ هەمیشە و هـەردەم بـە پیتـی (نـەبزوێن ) لـە ڕێنووسـی ((کـوردی — عەرەبی ) ) دەست پێ بکات، هەمدیسان سەرەتای هەموو وشەیەکیش نەبزوێنـە، بـەلاّم ئەمە لە ڕێنووسی لاتینی جێ بەجێ نابێت، وەکو ئەم نمونانەی خوارەوە :-

<u>**شێوازی ڕێنووسی کوردی — عەرەبی**</u>

هەولێر ـــــ هەو، لێر.

کوردستان ـــــ کور، دس، تان.

باران ـــــ با، ران.

مرۆڤ ـــــ م، رۆڤ.

گەر تێڕامانێکی خێرا بۆ ئەو نمونانەی سەرەوە بکەین، ئـەوە دەبیـنین هـەموو وشـەکان و بڕگەکان بە پیتی (نەبزوێن) دەستیان پێکـردووە (هـ، ل، ك، د، ت، ب، ر، م، ر )، هەمدیسان دەبینین هەموو بڕگەکان یان ئەوەتا لە پیتێك پێکهـاتوون یـان زیـاتر. . بـەلاّم لەڕێنووسی لاتینی ئەمە پەیڕەو نابێ. .

ئەمە (e /me )کە لێرەدا بەپیتی بزوێن دەستی پێکردووە. .

هەروەها دەربارەی گەورەترین بڕگە لە زمانی کوردیدا کەوا لە پێنج پیت پێك دێت ( C C V C C ) کەئەمەش لە زمانەکانی تر بە دەرناکەوێ یاخود بڵێین جیا لەگەڵ شێوازی کردەیی زمانەکانی تر.

**چۆنیەتی دابەشکردنی بڕگە:**

دەربارەی دابەشکردنی بڕگە، کەوا چوار جۆری جیای هەیە و دەتوانرێ لە یەکتریان جیابکەینەوە بەهۆی ئەو تایبەتیانەی لە نێو خودی سازکردنی ئەم بڕگانەدا هەیە، بەم جۆرەی خوارەوە :-

١- <u>**بڕگەی کورت**</u> : ئەو بڕگەیە کە کۆتایی بە پیتی بزوێنی کورت دێت، واتە دوا پیتی بڕگە دەبێ بزوێن بێت، هەمدیسان بزوێنەکە کورت بێت، بزوێنی کورتیش ئەوەیە کە دەنگەکانیان کورتە و ئەوانیش پێك دێن لە (ە، i، و )، کەوا دوانیان (ە، و )لە ڕێنووسی (کوردی — عەرەبی ) دەنووسرێن و بەدەردەکەون، بەڵام دەربارەی (i ) یان بزرۆکە یاخود بزوێنی نادیار ، کە تەنها لە ڕێنووسی لاتینی دەنووسرێت، بەڵام لە ڕێنووسی کوردی بەدەردەکەوێ و نانووسرێت و هەمدیسان بە پیتێکی کوردی لەقەڵەم دەدرێت بە گوێرەی بیروڕاکانی زمانەوانانی کورد. .

نمونەی بڕگەی کورت ـــ ئە، سو، تا.

٢- <u>**بڕگەی درێژ**</u> : ئەوەیە کەوا دوا پیتی بڕگە دەبێ بە بزوێنی درێژ کۆتایی بێت، بزوێنی درێژیش کەوا ئەو دەنگانەن یاخود ئەو پیتانەن کە دەنگەکانیان درێژن و ئەمانیش پێك دێن لە (وو، ی، ێ، وێ، ا، ۆ ) وەکو (چوو، ڕێ، دێ ).

٣- <u>**بڕگەی داخراو**</u>: ئەو بڕگانەن کەوا دوا پیتی بڕگەکان کۆتاییان دێت بە پیتی نەبزوێن. پیتە نەبزوێنەکانیش ئەو پیتانەن لە زمانی کوردیدا کەوا دەربڕینیان گرانە لەسەر زمانی مرۆڤدا هەربۆیەشە هەردەم لە بڕگەدا دەبینی لەگەڵ بزوێنەکان دێن بۆ سازکردنی بڕگەو وشەی زمانەکەمان. پیتە نەبزوێنەکانیش لە زمانی کوردیدا ژمارەیان (٢٩ )، پیتە نموونە (بەرد، دار، دانیشتن. . ).

٤- **بڕگەی کراوە**: ئەو بڕگانەن کەوا کۆتاییان دێت بە پیتی بزوێن جا بزوێنەکە کورت بێت یاخود بزوێنی درێژ، هەمدیسان ژمارەی پیتە بزوێنەکانیش لە زمانی کوردیدا ژمارەیان (٩ ) پیتە کە ئەمانەن (و، وو، ۆ، ی، ێ، وێ، ا، ە، i ) لە مانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بڕگە کەرەسەیەکی گرنگە بۆ سازکردنی وشە و ڕستە لە زماندا، هەمدیسان بڕگەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازی کردەییان هەیە لە سازکردنی.

*** ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی(هاوکاری) ، ژمارە (٣٩١٤) ، یەکشەممە٢٠٠٣/٢/٩ ،ل ٧ بلاوکراوەتەوە .**


# فرێز لە زمانی کوردیدا

زمان وەکو یەکێ لە هۆیەکانی لەیەکدی گەیشتنی مرۆڤ، کەوا بەهۆیەوە لە دێر زەمانەوە تاکو هەنووکە بۆتە چەکێکی ئاڵوگۆڕ لە نێوانیاندا. . دیارە زمانیش لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەجۆرێ هەندێ وشە لەکارکەوتوون، لەهەمان کاتیشدا هەندێ وشەی دیکە و نوێ دێنە نێو زمان. . دیارە دەتوانین ئەمەش لەسەر ڕێساکانی نێو زمان جێبەجێبکەین، بە واتایەکی وردتر یاساکانی زمان بەهۆی لێکۆڵینەوەی زمانەوانان قابیلی گۆڕان و دەستکاریکردنن. . چونکە وەکو دەزانین هەموو ئەو کەرەسە و وشانەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت، بەبێ ئەوەی بزانێت کە ئەم کەرەسەیە چییەو؟ ئەرکی چییە؟. . بۆ نموونە یەکێك لە حاجییەکانی بن دیواری مزگەوت، بەبێ ئەوەی خوێندەواریشی هەبێ، لە کاتی دامەکردندا دەڵێتە بەرامبەرەکەی (ئەم بەردە بخۆ ). . . بەبێ ئەوەی بزانێ کە (بخۆ ) لە (ب + ڕەگی کار ) سازبووە. ، یاخود کاتێ دەڵێ: (ئیش بکە )، ئائەمە دەبێتە کاری لێکۆڵەری زمانەوانی، تاکو لەم ڕێگەیەوە خۆیان خەریك بکەن بۆ دۆزینەوەی ئەم کەرەسانە. . فرێزیش وەکە یەکێ لە بابەتە کێشدارەکانی نێو زمان و کەرەسەیەکی گرنگ خۆی دەنوێنێ، هەر نووسینێك یان لێکۆڵینەوەیەك ئەنجامدرابێت لەبارەی هەر بابەتێکی زمانەوانی، ئەوە بێ سوود تێناپەڕێت، لەهەمان کاتیشدا ناتوانێ خۆی لەهەڵە و خەوش بپارێزێت، لەگەڵچ ئەمانەشدا تیشك خستنە سەر هەڵەکانیش ئەرکی لێکۆڵەرانە، کە بەخامەیەکی بابەتیانە بۆ مەسەلەکان بچن، نەوەك خامەی کەسێتی، دیارە کە ئەمەش نەخۆشیەکی کوشندەی کاری نووسینە. . نووسەرانمان تا هەنووکە کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەیان لەبارەی (فرێز ) ئەنجام داوە. . هەندێ لەو لێکۆڵینەوانە لەیەکدی نزیکن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان زۆر جیاوازن لەوانی دیکە. . بۆیە ئێمە لێرەدا هەندێ لەو ڕایانە دەخەینە بەرچاو و شییان دەکەینەوە. .


تۆفیق وەهبی لەپەرتووکی (دەستوری زمانی کوردی ) لەلاپەڕە (٦٢) دەبێژێت: ((گرێ کۆمەڵە وشەیەکی پەیوەندیدارە، کاری لەگەڵدا نییە. . . ))[١] ، هەمدیسان نوری عەلی ئەمین لەپەرتووکی (ڕێزمانی کوردی ) لەلاپەڕە (٢٩)دا دەبێژێت: ((دەستەواژە بۆیتییە لە کۆمەڵە

واژەییێکی لەیەکدی دانەبڕاو، کە نە مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ، نـە فرمانێکیـان لەتەکـدا ئەبێ، پێکەوە لە ڕستەدا ئەرکی پارچەیەك لە پارچەکانی ئاخاوتن ئەبینێ ) )[٢].

ئەگەر ڕامانێکی وردو زانستیانە بۆ ئەم تاریف و شێوازی کارکردنی فرێز بکەین، ئەوا دەبینین هەردوو زمانەوانەکە بۆ چەمکی (فرێز ) وشەکانی (گرێ ) و (دەستەواژە ) یان بـەکارهێناوە، بەلاٌم لەگەڵ ئەوەشدا ناوەرۆکی تاریف و شێوازی کارکردنی فرێزیان وەکـو یـەك خـستۆتە ڕوو، کەوا لە وشەیەك زیاتربێ و کاری لەگەڵدا نەبێ. . دیارە گومانی تێدانییە گە ئەم تاریفانە بـۆ هەموو فرێزەکانی زمانی کوردی دەست نادەن، چونکە فرێز دەشێ لە تاکە وشـەیەکیش پێـك بێت ((یەکێك لە خاسیەتەکانی فرێز، ئەوەیە کە کورت دەکرێتەوە بۆ تاکە وشەیەك ) )[٣]. بە واتایەکی دیکە ((بە وشەیەك یان زیاتر فرێز پێك دێت ) )[٤]. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە باسەیری ئەم نموونەیە بکەین:



لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ دوو وشەی پەیوەندیدار بن بەیەکەوە، وەکو:





هەروەها دەشێ لە وشەیەکی یـەکجار زۆریـش پێـك بێـت، کـە سـنووری بـۆ دیـاری نەکرێت، وەکو:

**- ئاریان کچێکی جوانی قەشەنگی پرچ زەردی چاو شینی ئێسك سووکی. . .**

گەر سەیرێکی ئەم نموونەیەی سەرەوە بکەین، ئـەوە بـۆ دەبیـنین ڕسـتەکە لـە دوو فرێـزی سەرەکی پێك دێت، فرێزی یەکـەم کـە تـەنها لـە تاکـە وشـەیەك پێکهـاتووە، ئـەویش (ئاریـان)ە، بـەڵام فرێـزی دووەم لـە ژمارەیـەکی یـەکجار زۆری وشـە پێکهـاتووە، کـە وشەکانیش ئاوەڵناون و وەسفی ناوەکە دەکەن. .

دیارە لێرەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ناتوانین درێژترین فرێز لـە زمانەکـەمان دیـاری بکەین. . بەگوێرەی واتـا، ئـەوا وادەردەکـەوێت، کـە لـە هەنـدێ حاڵەتـدا فرێـز واتـا دەبەخشێ، بەتایبەتی گەر فرێزەکە لە وشەیك پێکهاتبێت، بـەڵام مـەرج نییـە هـەموو فرێزێکی یەك وشەی واتا ببەخشێ. . . بـۆ زیـاتر ڕوونکدرنـەوە باسـەیری ئـەم نموونەیـە بکەین:




گەر سەیرێکی ئەم نموونەیە بکەین، ئەوە دەبینی (چنار ) گـەر بەتـەنها لـە ڕسـتەکە دەری بهێنین، ئەوە هیچ واتایەك نابەخشێ، هەرچـەندە نـاوێکی تایبـەتی ناسراویـشە. . کەچی وشەی (ڕۆیشت ) کە لەتاکە وشەیەکیش پێکهاتووە، بەلاّم واتا بەخـشە، بـەجۆرێ گەر (ڕۆیشت ) لە ڕستەکە دەربهێنین، ئەوا هەر واتا دەدات. . بۆیە دەبێ لێـردا ئامـاژە بۆ ئەوەش بکەین، کە هەندێ وشەمان هەیە لە زۆر بواردا ڕۆڵی خۆیـان دەگـۆڕن، وەکـو (ڕۆیشت، هات، کەوت، . . هتد )، کەوا بەم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت:

١- ئەگەر لە فەرهەنگدابۆی بچین ئەوا دەبینین (ڕۆیشت، هات، کـەوت ) وەکـو کارێـك سەیر دەکرێن، ئەویش کاری ڕابردووی نزیکە (سادە ). .

٢- دەتوانن بە تەنها ببن بە ڕستەیەکی سەربەخۆ، لەهەمان کاتیشدا ڕۆڵی خۆیان ببینن.

ڕۆیشت. . . . . . . . . . . . . . . . . . ڕستەیە.

هات. . . . . . . . . . . . . . . . . . ڕستەیە.

کەوت. . . . . . . . . . . . . . . . . ڕستەیە.

لێرەدا وشەکانی (ڕۆیشت، هات، کەت ) هەریەکەیان وەکو ڕستەیەکی سەربەخۆ سەیر دەکرێن.

٣- ئەگەر لەگەڵ وشەیەکی دیکەش بێن، ئەوا لەم حاڵەتەدا وەکو دانەیەکی فرێز سەیر دەکرێن و ڕۆڵی خۆیان تێدا دەبینن لە نێو ڕستەدا. . وەکو :

منداڵەکە ڕۆیشت. . . . . . . . . . . . . فرێزی کاری.

ئازاد کەوت. . . . . . . . . . . . . . . فرێزی کاری.

سیروان هات. . . . . . . . . . . . . . . فرێزی کاری.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دیاریکردنی کەرەسەیەك لە ڕستەیەکدا مانای ئەوە نییە کە بڕیاری ڕەها و یەکجاری بێت، بەڵکو بەگوێرەی شوێن و کارکردنی لە ڕستەدا دەگۆڕێت. . بەمانەشەوە کاری زمانەوانی هەندێکی دیکە قورستر و گرانتر دەبێت، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکات، تاکو بگات بە ئەنجام و سەلماندنی دیکە. . . دیارە ئەمەش کاری ئەو کەسانە ڕەتدەکاتەوە کە تەنها لە دەرەوەی ڕستەو شوێنی دی سەیری وشە دەکەن، بە واتایەکی وردتر تەنها لە فەرهەنگدا سەیری وشەکان دەکەن و بڕیاری خۆیان دەدەن، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەو گۆڕانکارییانە بکەن کە ڕووبەڕووی ئەو وشانە دەبێتەوە لە شوێنانی دی، هەر ئەمەشە وامان لێدەکات کە وتەکەی (فتجنشتن ) بەکاربهێنین کە دەڵێت: ((هەموو وشەیەك خۆی لە خۆیدا وەکو شتێکی مردوو وایە، لەکاتی بەکارهێنانیدا گیانی دێتەبەر )). .

بەڵێ فرێز وەکو ئاماژەمان پێدا. دەشێ وشەیەك بێت، ئائەمە لێرەدا فرێز لەخانەی سینتاکسی دەردەچێ و دەچێتە خانەی مۆرفۆلۆجی و، ئەم وشەیەش دەتوانێ هەموو ئەرکەکانی خۆی ببینێ لە نێو ڕستەدا (نیهاد، کارا، جێگری کارا، بەرکاری ڕاستەوخۆ، . . . . هتد .

ئازاد خەوت.

↓

کارا

ئاریان جوانە.

↓ ↓

(ئاریان ) (جوان )

نیهاد گوزارە

پوشەکە سووتا.

↓

جێگری کارا

ڕێباز نانی خوارد.

↓

(نان )

بەرکاری ڕاستەوخۆ

تایبەتمەندییەکی دیکەی فرێز ئەوەیە کە کاری لەگەڵدایە، چونکە گومانی تێدا نییە کە یەکێ لە جۆرەکانی فرێز، فرێزی کارییە ((سادەترین ڕستەی زمانی کووردی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، بەشی یەکەم پێی دەڵێن فرێزی ناوی، بەشی دووەم پێی دەوترێ فرێزی کاری ))[٥]. . دیارە وەنەبێ فرێزی کاری تەنها لە زمانی کوردیدا هەبێ، بەڵکو لەهەموو زمانانی دونیا هەستی پێ دەکرێت ((ڕستە لەهەموو زمانانی جیهان دەکرێتە دوو بەش، فرێزی ناوی، فرێزی کاری ))[٦]. . دیارە ئەمە زۆرینەی ئەو ڕایانە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێن ((فرێز نابێ فرمانی تێدا بێت ))[٧]، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە زمانی

کوردی و زمانانی جیهان فرێزی کارییان هەیە، کەوا بەهۆیەوە کەرەسە سەرەکییەکەی کارە.بۆیە لە دوماهیدا دەگەینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

١- فرێز لە وشەیەك یان زیاتر پێك دێت.

٢- لە هەندێ بواردا فرێز واتا دەبەخشێ و، لە هەندێ بواری دیکەدا واتای نییە.

٣- فرێز هەندێجار کاری لەگەڵ دەبێت، بە تایبەتی لە جۆری فرێزی کاری، کەوا کەرەسە سەرەکییەکەی کارە و، لە هەندێ بواری دیکەدا کاری لەگەڵدا نییە.

٤- فرێز دەتوانێ لە نێو ڕستەدا ئەرکەکانی خۆی ببینێ (کارا، بەرکاری ڕاستەوخۆ، جێگری کارا، نیهاد. . هتد. ).

## پەراوێز و سەرچاوەکان


١- تۆفیق وەهبی، دەستوری زمانی کوردی، دارالطباعة الحديثة، بەغدا، ١٩٢٩، ل ٦٢.

٢- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠، ل ٢٩.

٣- پرۆفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٦٥.

٤- پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٤٨.

٥- د. مستەفا زەنگەنە : موحازەراتەکانی بەشی کوردی - کۆلیژی پەروەردە، ١٩٩٧ — ١٩٩٨.

٦- د. عەبدوڵلا حوسێن، موحازەراتەکانی بەشی کوردی — کۆلیژی ئاداب، ١٩٩٤- ١٩٩٥.

٧- لیژنەی زمانی کۆڕی زانیاری عێراق — دەستەی کورد، چەمکێکی دی لە ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا، ٢٠٠٠، ل ٢٨.


**ئەم وتارە لە گۆڤاری (کاروان )، ژمارە (١٩٥ )، مانگی (٦ )ی٢٠٠٥، ل١٥٧-١٦٠ بلاوکراوەتەوە.**

# زمان کردەیەکی خواییە

زمان وەکو هۆکارێك بۆ لەیەکدی گەیشتنی ئادەمیزاد بەکاردێ، بەهۆیەوە دەتوانین هەرچ ئارەزوو و هەست و ویست هەیە بگەیەنین بۆ یەکتری. ئەمیش هەمدیسان بەرێگای وتن و بیستنەوە دێتە ئاراوە. لەدەستپێکدا زمان وەکو چەکێك بەکارهاتووە بۆ گەیاندنی ئەو زانیاریانە بۆ لای یەکدی. لێکۆڵەرانی زمان لە زۆر لایەنی زمانیان کۆڵیوەتەوە. یەکێك لەو لایەنانە (خاوەنداریەتی زمانە ) کە تیایدا هەوڵیان داوە بە دەستپێکی هەموو زمانەکان دابنێن و خاوەنەکەشی دەست نیشان بکەن. لەم ڕووەوە چەندەها بیردۆزیان خستۆتە ڕوو. هەر بیردۆزەو لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤانەی خۆی هەیە. یان بە واتایەکی دیکە بیردۆز هەیە کە نزیکە لەلایەن واقعی خودی مرۆڤ و زمانەکەی. ئەوەی گەرەکمانە لێرەدا ئاماژەی بۆبکەین و پێ لەسەری دابگرین (یەکەمین ئادەمیزادە ) کە زمانی بەکارهێناوە لەسەر گۆی زەوی. لای هەمووشمان ئاشکرایە کە یەکەمین مرۆڤ لەسەر گەردوون (باوکە ئادەم )ە، کە هەر لەوێشەوە زمان دەست پێ دەکات و دەڕوات تا گەیشتۆتە ئێمە. دیارە ئەم زمانەش هەمدیسان خوا بەخشیویەتی بە پێغەمبەر ئادەم (سەلامی خوای لێ بێت )، لەم بارەیەوە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمووێت: ﴿ وعلم ادم الاسماء كلها / البقره: من الآيه:٣١ ﴾. بۆیە دەتوانین بڵێین:

١. زمان کردەیەکی خواییە بەخشیویەتی بە مرۆڤ.

٢. پێغەمبەر (ئادەم ) یەکەمین مرۆڤە کەزمانی زانیوە. بۆیە دەکرێ بوترێ کە دانەری زمان لەسەر ڕووی زەمین حەزرەتی ئادەمە. کەوا لە ڕێگای ئەوەوە پەرپوەتەوە بۆ مرۆڤەکان و گەلانی دیکە، کەچی لە هەمان کاتدا (ئیبن جنی ) لە پەرتووکەکەیدا (خصائص في اسلوب ) وای بۆ دەچێ کە ئایەتی ﴿ وعلم ادم الاسماء كلها / البقره: من الايه:٣١ ﴾ ئاماژە بۆ ئەوەی کە خوا توانای بە مرۆڤ بەخشیوە، کە ئەلفازو دەربڕین دەربرێت، بە واتایەکی دیکە خوای گەورە جیهازی دواندنی بە مرۆڤ بەخشیوە، فێربوونی ئەم کردەیە پەیوەندارە بە کۆمەڵێ فاکتەر. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زمانەوان پێیان وایە زمان لەلایەن مرۆڤەوە داهێنراوە و خوا نەیبەخشیوە بە مرۆڤ، چونکە زمان گەر داهێنراو بووایە، ئەوا دەبووایە زمانێکی یەکگرتوو هەبووایە. هەمدیسان زمانی یەکگرتوو بنیات


نانرێ تا ژینگەیەکی یەکگرتوو ساز نەکرێ بۆ گشت مرۆڤ، کەواتە لەبەرئەوەی یەك ژینگە لە جیهاندا نییە، بۆیە یەك زمانیش بوونی نابێت لە جیهاندا.

**یەك ژینگە لە جیهان = زمانی یەکگرتوو**

**مرۆڤ + یەك ژینگە = زمانی یەکگرتوو**

هەمدیسان دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە زۆر لە زمانەوان هەوڵی زمانێکی سەرتاسەرییاندا بە نێوی (ئیسپرانتۆ ) کەوا یەکەمین کۆبوونەوەی ساڵی (١٩٤٨ ) لە وڵاتی سوید ئەنجام درا. دیارە هەوڵدانەکەیان بۆ ئەوە بوو، کە زمانێکی دەستکرد سازبکەن و بەهۆیەوە هەموو خەڵکان بەو زمانە بدوێن، بەڵام دیارە ئەمە سەری نەگرت، چونکە وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد کە زمان کردەیەکی خواییە، پاشان زمان پەیوەندارە بە ژینگە. دیارە لە دنیاش هەزارەها ژینگەی جیاجیا هەیەو هەمدیسان نەتەوە و کۆمەڵگاکانیش لەیەکدی جیان چ لە ڕووی لەش و پێکهاتنی جیهازی دواندن و لایەنی جوگرافی و لایەنی کۆمەڵایەتی و هەست و سۆز. . هتد. ئائەمانە هەرهەموویان فاکتەرن لەبەردەم سازکردن و بنیاتنانی زمانی (ئیسپرانتۆ)، بۆیە بوونی ئەم زمانە هەڵەیە و بیرلێکردنەوەشی هەڵەیەکی دیکە، بەڵام لە کوێی ئەم سەر زەمینە مرۆڤ هەبێ، ئەوا پێویستی بە زمان هەیە، لەهەمان کاتیشدا هیچ کۆمەڵێ نییە لەسەر ڕووی ئەم زەمینە زمانی نەبێت. هەمدیسان هەرمرۆڤێك کاتێك لە دایك دەبێ گریمان وا دابنێین کەوا لەژینگەیەکی ئیسلامی کوردییە، هەر لەگەڵ دایك بوونی ئەم منداڵە گەر بیگوازینەوە بۆ لاتێکی دیکەی نائیسلامی و ئینگلیز، ئەوە دەبینین مرۆڤێکی ئینگلیزی لێ دەردەچێ، کە ئەمەش وادەکات ئێمە بڵێین کە فێربوونی زمان پەیوەندارە بە ژینگە و (بۆماوە ) نییە کەوا لە دایك و باوکییەوە بۆی بمێنێتەوە. هەندێ فەیلەسوفی زمان، بۆ ئەوە چوونە کە زمان کردەیەکی خواییە، لەسەردەمی یۆنانی کۆن هەندێ زانا هەبوون، کە داکۆکیان دەکرد لەسەر ئەوەی کە زمان لە بناغەدا کردەیەکی خواییە و خوا بەخشیویەتی بە مرۆڤ، لەسەرووی هەمووشیانەوە (هیراکلیت ). هەروەها لە چاخەکانی ناوەڕاستدا زانایانی عەرەب کەوتنە خۆ بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی دەستپێکی زمان، لەوانەی کە باوەڕیان پێ هەبوو (ئیبن فارس ) کەوا لە پەرتووکەکەیدا (الصاحبی ) ئاماژەی پێدەکات. گەر بێینە سەر سەردەمی نوێش، ئەوا دەبینین زانای زۆر گەورەمان هەبووە کە دانی

ناوە بەو ڕاستیە، لەوانە (ئەلئەب لامی ) لە پەرتووکی (فن الکلام) و (دیونالـد ) لەپـەرتووکی (تشریع القدیم ) ئەم دوو زانایە دوای دیراسە و لێکۆلینەوە لەبارەی زمان، ئینجا گەیـشتونەتە ئەو ڕاستیەی، کە بلێن زمان لەلایەن خواوە بەخشراوە بە ئێمەی مرۆڤ، پاشان بەهۆی زۆر بوونی دانیشتوان و پێویستی زمان، زمانی تر سەری هەلداوە و دروستبوو، ئا بەم شـێوەیە زمـان بـە درێژایی مێژوو و تێپەڕبوونی کات دەبێتە دیالێکت. هەمدیـسان دیالێکتـەکانیش بـە درێـژایی کات و سەردەم دەگەنە پلەی زمانێکی جیاواز لەوانی تر. بەم شێوەیە :




* ئەم وتارە لە گۆڤاری خۆری ئیسلام، ژمارە (٢١ )ی سالّی شەشەم، تشرینی یەکەمی (٢٠٠٣ )، لاپەڕە (٩٠-٩١ ) بلاّوکراوەتەوە.

## چەمك و پێناسەی كارای نادیار

کارا وەکو بەشێکی سەربەخۆ و بنچینەیی و سەرەکی لەنێو بونیادی ڕستەی زماندا خۆی پیشان دەدات، وەلێ کارا ئەو کەسە یان ئەو شتەیە کە هەڵدەستێت بەئەنجامدانی یان ئەنجام نەدانی کارێك... کەدەڵێین (کەسێك ) ئەوا مەبەستمان لەخودی (مرۆڤە ـ ئینسان ) کە بەپرۆسەی کارەکە هەڵبستێت (شەوبۆ چوو بۆ دهۆك.) لەم ڕستەیەی سەرەوەدا وشەی (شەوبۆ ) کەوا (ناوە ) و (مرۆڤێکە) خۆی بەئەنجامدانی کارەکە هەستاوەو چووە بۆ شاری دهۆك، لێرەدا پێویستمان بەوە نییە بزانین کەچۆن چووە بۆ شاری دهۆك؟ یا بەچ چووە؟! بەڵکو تەنها ئەوەمان گەرەکە کە بزانین ناوەکە ناوی مرۆڤێکە بەکارەکە هەستاوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم نەخشە هێڵکارییە بکەین:

**شەوبۆ چوو بۆ دهۆك**

شەوبۆ : ناوە، مرۆڤە، کارایە

چوو: کاری ڕابردوو

بۆ: پێشبەند

دهۆك: بەرکاری ناڕاستەوخۆ[١]

کاتێ کە دەڵێین (شتێکە )، ئەوا لێرەدا مەبەستمان لە(مرۆڤ ) نییە، بەڵکو شتێکی دوور لەمرۆڤ و بێ گیان یاخود (غیر عاقل ) کە کارەکە هەڵسوڕێنێ و ئەنجامی بدات... وەکو ئەم ڕستانەی خوارەوە:

**١ـ بارانەکە باخچەکەی تێکدا.**

**٢ـ تەزرەکە میوەکەی لەناوبرد.**

**٣ـ ڕەشەباکە کەپرەکەی ڕووخاند.**

لەم نموونانەی سەرەوەدا وشەکانی (بارانەکە، تەزرەکە، ڕەشەباکە) هەرسێکیان ناون، بەڵام دەچنە خانەی بێ گیان و (غیر عاقل ) و هەریەکەیان بەئەنجامدان و هەڵسووڕاندنی کارێك هەستاون. لەڕستەی یەکەمدا (بارانەکە ) وای کردووە ببێتە فاکتەرێك کە باخچەکە تێك

بدات و لەڕستەی دووەمدا وشەی (تەزرەکە ) بۆتە هۆی ئەوەی کەمیوەکان لەنێو ببات... ئێمە لێرەدا گەرەکمان نییە کە بزانین (تەزرەکە ) چەندبوو؟یاخود دانەی چەند گەورەبوو؟. یا چەند کاتژمێری خایاند؟. کە بۆتە هۆی لەناوبردنی ئەم میوەجاتانە، بەڵکو تەنها مەبەستمان ئەوەیە کە بزانین ئەمە شتێکی بێ گیانەو مرۆڤ نییە. لەڕستەی سێیەمدا وشەی (ڕەشەباکە ) بۆتە هۆی ئەوەی کەوا پردەکە برووخێنێت. هەمدیسان لێرەدا مەبەستمان ئەوەنییە کە بزانین ئەم ڕەشەبایە لەچ پلەیەکدا بووە؟. یا کەپری کامە ماڵی ڕووخاندووە؟! بەڵکو تەنها مەبەستمان ئەوەیە کە بزانین ئەمە شتێکی بێ گیانەو بەئەنجامدانی کارەکە هەستاوە. وەلێ کارا دینگەیەکی پتەوە بۆ نێو بونیادی ڕستەی زمان... وەك خاوەن ماڵ وایە. کاتێ ئەم خاوەن ماڵە لەماڵ دەبێت، ئەوا ماڵەکە لەسەر شێوازو عادات و تەقالیدو ڕێسای خێزانەکە دەڕوات، بەڵام کاتێ کە خاوەن ماڵ لەماڵدا نەبێ، ئەوا وەك جاران بایەخی خۆی نامێنێ و لەڕێسا تایبەتییەکانی خۆی لادەدات. دیارە ئەمەش لەسەر ڕستە جێبەجێ دەکرێت. کاتێ ڕستە جوان دەڕازێندرێتەوە کە کاراکە لەنێو ڕستەدا بوونی هەبێ. بەڵا کاراش یا (ناوە ) یا (جێناو ) کەوا ئەرکی خۆی ڕادەپەڕێنێ. ئەگەر هاتوو کاراکە لەنێو ڕستەدا کەوتە بەرچاو، ئەوا لەو حاڵەتەدا کاراکە پێی دەووترێت (کارای دیار ) ... لەگەڵ ئەوەشدا زۆر وا دەبێ کە (کارا )کە لەنێو ڕستەدا بەدەر نەکەوێت! جا لەبەر هەر هۆکارو فاکتەرێ بێت، لەم حاڵەتشدا کاراکە پێی دەووترێت (کارای نادیار ) دیارە ئەم دیاردەیەش وەنەبێ تەنها لەزمانی کوردیدا هەبێ، بەڵکو وەکو دیاردەیەکی زمانەوانی لەزۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەستی پێ دەکەین. لەهەمان کاتیشدا ڕێساو بنەماکانی گۆڕینی ڕستەی کاری کارای دیار بۆ ڕستەی کاری کارای نادیار لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، تەنانەت لەخودی زمانی کوردیشدا، لەنێو دیالێکتەکانیدا جیاوازی هەیە لەشێوازی کردەیی ئەم گۆڕینەدا... دەربارەی پێناسەی کارای نادیاریش، هەر نووسەرەی بەگوێرەی توانای ئاستی خوێندنەوەی و توانای زانستی خۆی لەبارەی بابەتەکەوە ئەوا پێناسەی کردووەو هەڵی سەنگاندووە. د. کوردستان موکریانی

لەبارەی کارای نادیارەوە دبێژێت ((کارا نادیار ئەوەیە کە خاوەن کارەکـە کـە(بکـەرە ) ئـەوا دەرناکەوێت یان دەرناخرێت. جا لەبەر هەر هۆکارێك بێت) )[٢].

وەلێ دیارە د. کوردستان موکریانی لێرەدا وشەی (خاوەن کار)ی بەکارهێناوە کە ئەمـەش بۆ هەردوو لایەنی (مرۆڤ ـ نامرۆڤ ) بەکاردێت کە لەنێو ڕستەکەدا دەرناکـەوێت... ئەمـە لەلایەك وەلەلایەکی تریشەوە دەرنەکەوتنی خودی کاراکە بەچەند فاکتـەرێك دەبەسـتێتەوە کەوا دەبنە کۆسپ بۆ دەرنەخستنی ناوی کاراکە. جا هۆکارەکە هۆکاری ترس بـێ، کـەوا ئەم کەسە کەسێکی بەدەسەڵاتە، بۆیە ناتوانین ناوی بهێنین، یان لەوانەشـە ئێمـە خۆمـان کاراکە دەناسین، بەڵام ناوی ناهێنین، نەبادا زیانێکی پـێ بکـەوێت لـەکاتی دەرخـستنی ناوەکەیدا، یاخود لەوانەشە کاراکە لەحەقیقەتدا نادیاربێ، چونکە کاتی ڕوودانی کارەکـە نەبینراوە. دیارە واپێ دەچێ کە ئەم فاکتەرانە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم شـاردنەوەی کـارای بنەڕەتی ڕستەکەو کەسی یەکەمی ئەنجامدەری کارەکە. بۆیە ناچار دەبین خـاوەنی کارەکـە بشارینەوە. ئەم شاردنەوەش وادەکات کە پرسیار لای خوێنەر دروست ببێت، کەوا دەبێت کێ ئەم کارەی ئەنجام دابێـت؟ وەلێ پرسـیار هێـشتنەوەش بـۆ خوێنـەر وەکـو کردەیـەکی سـینەمایی دەبیـنم، کاتـێ کـە دەرهێنـەری فیلمەکـە لەدوماهیـدا هەنـدێ شـت بـۆ تەماشاکەرەکە جێ دەهێڵا کەخۆی بڕیاری لەسەر بـدات. یـاخود لـەکردەی ماتماتیکیـدا، کاتێ کە مامۆستا یاسایەکی ماتماتیکی بۆ قوتابیـان حـەل دەکـات، بـەڵام لەدوماهیـدا هەنگاوی کۆتایی و ئەنجام بۆ قوتابیان بەجێ دەهێڵا تاکو خۆیـان حـەلی بکـەن و خۆیـانی پێـوە خـەریك بکـەن. ئەمـەش جۆرێکـە لەپرۆسـەی بیرلێکردنـەوەی مـرۆڤ کـە خـۆی بەدەرهێنانی ئەنجامی دوماهیی ئەو فیلمە یاخود ئەو ڕێسا ماتماتیکییـە خـەریك بکـات.

هەمدیسان سەعید سدقی کابان دبێـژیت ((کـارا نادیـار فعلێکـە فاعلەکـەی نەناسـرێ و نەبێژرێ بەڵکو مفعولەکەی لەجێگای فاعلەکەی دادەنرێت ))[٣] ، هەروەها نووری عـەلی ئەمین، ئەمیش هەمان بۆچـوونی هەیـەو دبێـژیت ((کـاری کـارا نادیـار ئـەو فرمانەیـە کە(مسندالیەکەی ـ بکەرەکەی ) لەڕستەدا دەرناکەوێت، تەواوکەر (مفعولەکـەی ) جێـی مسندالیەکەی دەگرێ ))[٤]، لەم دوو پێناسەی سەرەوەدا هەردوو بەڕێزان ئاماژە بۆ ئـەوە دەکەن کە لەڕستەی کارای نادیاردا (کارا) کـە دەرناکـەوێت و (تەواوکـەر)ەکـەی دەچـێتە

شوێنی، بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە بکەن کە ئەو (تەواوکەرەی) دەچێتە شـوێنی (کـارا) کە ئەرکەکەی چی دەبێت، ... دیارە گومانیش لەوەدا نییە کە لەوکاتەدا (تەواوکەر )ەکـە شوێنی خۆی دەگۆڕێ ئەوا دەبێتە (جێگری کارا)و چەمکی (جێگری کـارا)ش ئەوەیـە کـە کارای ڕاستەقینەی ڕستەکە بۆماوەیەکی کاتی ڕستەکە جێ دەهێڵا و ئەو لەشوێنیدا لـەنێو بونیادی ڕستەکەدا دەبێتە جێگـری، هـەروەکو چۆن لەفەرمانگەیـەك یـا کارگەیـەك یـا کۆمپانیایەك، کاتێ بەرێوەبەرەکەی بەسەر بۆ کارێکی تر دەڕوات، ئەوا ناچار دەبـێ کـە یەکێکی تر لەجێگەی خۆی دابنێت و بیکات بەجێگری خۆی. دیارە ئەمـەش هەمدیـسان لەنێو ڕۆحیەتی ڕستەدا ڕەنگ دەداتەوە...

وەلاّ چەمکی کاراش لەو حاڵەتانەدا بەدەردەکەوێت کە (کاری تەواو ) لەنێو ڕستەدا هەبێت یا دەرکەوێت، کە دەڵێین کاری تەواویش، مەبەستمان لەکارەکانی (ڕابردوو، ڕانـەبردووی ئێستا و داهاتوو، داخوازی )یە.

ڕابردوو ←——— ڕێناز ڕۆیشت بۆ قوتابخانە.

ڕانەبردووی ئێستا ←— ڕێناز ئێستا دەڕوات بۆ قوتابخانە.

ڕانەبردووی داهاتوو ←— ڕێناز بەیانی دەڕوات بۆ قوتابخانە.

داخوازی ←——— ڕێناز بڕۆ بۆ قوتابخانە.

بەڵام ئەگەر ڕستەکە (کاری ناتەواو )ی لەخۆگرتبوو، ئەوا لەوحاڵەتەدا چـەمکی (نیهـاد ) لەڕستەکەدا بەکاردێت و چەمکی (کارا) لادەچێت... دیارە کارا ناتـەواوەکانیش لـەزمانی کوردیدا لەبناغەدا یەك کارن و لەچاوگی (بوون ) وەردەگیرێن و بـۆ کاتـەکان دەبـن بەسـێ کاتی جیاجیا بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ـ بۆ کاتی ڕابردوو ←——— (بوو ) بەکاردێت

**ئاریان مامۆستا بوو.**

↓ نیهاد ↓ گوزارە ↓ کاری ناتەواو

بۆ کاتی ڕابردوو

لێرەدا وشەی (ئاریـان ) دەبـێ بـەنیهاد[٥]، لەبەرئـەوەی کـاری ناتـەواوی (بـوو ) لـەنێو ڕستەکەدا هەی کە بۆ کاتی ڕابردوو بەکاردێت.

٢ـ بۆکاتی ئێستا ← (ە ) بەکاردێ

**ئاریان مامۆستایە .**

نیهاد گوزارە کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا

لەڕستەی دووەمدا هەمدیـسان (ئاریـان ) بـووە، بـەنیهاد، ئـەمیش لەبەرئـەوەی کـاری ناتەواوی (ە ) لەنێو ڕستەکەدا هەیە کە بۆ کاتی ئێستا بەکاردێت"*".

٣ـ بۆ کاتی داهاتوو ← (دەبێت ) بەکاردێت

**ئاریان دەبێت بە مامۆستا**

نیهاد کاری ناتەواو بۆ داهاتوو ئامرازی پەیوەندی تەواوکەری بەیاریدە ـ گوزارە

لە ڕستەی سێیەمدا هەمدیسان (ئاریان ) بووە بەنیهاد، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە کاری ناتەواوی (دەبێت ) لەنێو ڕستەکەدا هەیە کە بۆکاتی داهاتوو بەکاردێت.

### نیشانەی نادیاری

زۆربەی ئەو بەڕێزانەی کە باسی کارای نادیاریان کردووە، ئەوا بەتەنها نیشانەی نادیاریـان نەخستۆتە ڕوو، بەڵکو یەکسەر هاتوونە نیشانەی کارای نادیار بۆ ڕابردوو (ر ) و ڕانەبردوو (رێ ) یان داناوەو خستوویانەتە ڕوو. بەبێ ئەوەی ئەوە ڕوون بکەنەوە کەوا ئەم نیـشانەیە

لەبناغەدا جووت نیشانەو لێکدراوە (مرکبە ) ـ وەلێ لەڕاستیدا نیشانەی نادیاری لەزمانی کوردیدا (ر )ایە... بەتەنها ئەم (ر )ایە لەنێو بۆتەی زمانەکەماندا دەبێتە هۆی سازکردنی کردەی نادیاری. بۆ دیاریکردنی کاتەکەشی ئەوا (أ ـ ئەلف ) دەبێتە هێماو مۆرفیم بۆ کاری ڕابردوو ((ت، وو، ا، ی، د ) مۆرفیمی کاری ڕابردووی فرمانن )[٦]... بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم نموونەیەی خوارەوە بکەین:

ئازاد نامەکەی نووسی ← کارای دیار

نامەکە نووسرا ← کارای نادیار

(ر ) نیشانەی نادیارییە

(أ ) نیشانەی کاری ڕابردووە

سەبارەت نیشانەو مۆرفیمی ڕانەبردوو، ئەوا (ێ ) بۆکاری کارای نادیار بەکاردێت، بەم شێوەیە:

ئەحمەد زەویەکەی کێلا ← کارای دیار

زەوییەکە دەکێلرێ ← کارای نادیار


(ر ) نیشانەی نادیارییە

(ێ )مۆرفیم و نیشانەی ڕانەبردووە بۆ هەردوو حاڵەتی ئێستاو داهاتوو

سەبارەت ئەم (دە )یەی پێش کارەکە، ئەوا نیشانەی کاری ڕانەبردووی ئەرێی ڕاگەیاندنە لەهەموو کارەکانی زمانی کوردیدا بۆ هەردوو کاتی ئێستاو داهاتوو. بەم شێوەیەی خوارەوە:

| چاوگ | کــــــاری ڕانەبردوو | ئێستا | داهاتوو |
|---|---|---|---|
| ڕۆیشتن | دەڕۆم | ئەوا دەڕۆم | بەیانی دەڕۆم |
| نووستن | دەنووم | ئێـــــــستا دەنووم | شەوێ دەنووم |
| کەوتن | دەکەم | وادەکەوم | هەفتـــــــەی داهـــــاتوو دەکەوم |
| فرۆشتن | دەفرۆشم | ئێـــــــستا دەفرۆشم | ساڵی داهتوو دەفرۆشم |

مامۆستا (تۆفیق وەهبی ) لەدەستووری زمانی کوردیدا دبێژیت (کارا نادیار هەمیــشە لەفعلی متعدی دروست دەکرێت و بۆ دروستکردنی (ران ) دەخرێتە دوای (ڕەگ )ی بینــای مەعلومەوە ) وەلێ مامۆستا تۆفیق وەهبی لێرەدا ئەم نیشانەی (ران )ە شی ناکاتــەوە کــە چۆنە؟ و چۆن سازکراوە؟ ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە تەنها ئاماژە بۆ ئەوە دەکـات کە (ران ) دەچێتە سەر (ڕەگی کار ) بۆ سازکردنی کارای نادیار. دیارە ئێمە وەکو دەزانین و لەپێشەوەش ئاماژەمــان پێــدا مــۆرفیمی (ر ) نیــشانەی نادیارییــە لــەزمانی کوردیــداو دەچێتە سەر ڕەگی کارو قەدی چاوگ بۆ سازکردنی کارای نادیارو مۆرفیمی (أ ـ ئەلف)یش نیــشانەی کــارای ڕابــردووەو (ن ـ نــوون )یــش نیــشانەو مــۆرفیمی چــاوگە. بــۆ زیــاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم نموونەیە بکەین:




**ڕێگاکانی سازکردنی کارای نادیار**

**شێوازی کاری نادیار لەکرمانجی خوارووودا:**

هەموو زمانەوانەکانی کورد لەسەر ئەوە کۆکن کەوا دروستکردنی ڕستەی کارای نادیار لەکرمانجی خوارووودا، دەبێ هەردەم کارەکەی (تێپەڕ ) بێت، بەڵام ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بوو، ئەوا لەدەستپێکا دەبێ کارەکە بگۆڕدرێت بۆ تێپەڕ، ئینجا لەسازکردنی ڕستەی کارای نادیار بەشدار دەبێ. بەنسبەت کاری تێنەپەڕیش بۆ گۆڕین و بنیاتنانی بەکاری تێپەڕ، ئەوا چەند ڕێگایەکمان هەیە، یا ئەوەتا کارەکە خۆی تێپەڕە واتە (تێپەڕی بنجی) کەوا لەبنج و بنەڕەتەوە کارەکە خۆی تێپەڕبووە (کرد، برد، خوارد، کێڵا، هێنا، کرۆشت، شێلا، .......هتد ) جۆرێکی تری تێپەڕ کەوا تێپەڕی نابنجییە یا ناسەرەکی و ناڕاستەوخۆ دروستکراوە. کەوا لەبنەڕەتدا کارەکە تێنەپەڕبووە، بەڵام بەهۆی ڕێسای تایبەتییەوە کراوە بەتێپەڕ، ئەمیش بەهۆی زیادکردنی (اندن) کەوا بەدوو ڕێگەی جیاجیا سازدەکرێت:

أ ـ ڕەگی کار+اندن=کاری تێپەڕ

| چاوگ | ڕەگی کار | نیشانەی تێپەڕاندن | تێپەڕ |
|---|---|---|---|
| کەوتن | کەو | اندن | کەواندن |
| خەوتن | خەو | اندن | خەواندن |
| نووستن | نوو | اندن | نوواندن |
| مردن | مر | اندن | مراندن |

ب ـ قەدی چاوگ+اندن=کاری تێپەڕ

| چاوگ | قەدی چاوگ | نیشانەی تێپەڕاندن | تێپەڕ |
|---|---|---|---|
| ڕووخاند | ڕووخا | اندن | ڕووخاندن |
| سووتان | سووتا | اندن | سووتاندن |
| شکان | شکا | اندن | شکاندن |
| دروون | دروو | اندن | درووواندن |
| چوون | چوو | اندن | چوواندن |
| بوون | بوو | اندن | بوواندن |

گەر سەیرێکی نموونەکانی (ڕووخا، شکا، سووتا ) بکەین ئەوا دەبینین لەکاتی کردنە تێپەڕدا (ئەلفێك قرتاوەو لاچووە. دیارە ئەمەش بەهۆی یاسای زمانەوانییەوە بووە، کەوا هەرگیزاو هەرگیز دووبزوێن بەدوای یەکتردا نایەن... بەم شێوەیە:

سووتا+اندن= سووتاندن

بۆیە لێرەدا بەناچاری یەکێك لەم دوو پیتە بزوێنانە خۆیان دەکەنە قوربانی یەکتر بۆ بەردەوامبوونی پرۆسەی زمانەوانی و بەرەوپێشبردنی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لەزمانەوانەکان بۆچوونی تریان هەیەو دەڵێن کارەکانی (ڕووخا، شکا، سووتا ) ئەوا بۆ کردنە

تێپەڕ، ڕەگی کارەکەی وەردەگرین و لەڕەگدا پیتی (ێ ) لادەچێ لەکاتی چوونەسەری نیشانەی تێپەڕاندنی، ئەمیش بەهۆی ئەوەی کە (ێ ) و (أ ) هەردووکیان پیتی بزوێنن بەم شێوەیە:

| چاوگ | قـــــەدی چاوگ | ڕەگــــی کار |
|---|---|---|
| ڕووخان | ڕووخا | ڕووخێ |
| شکان | شکا | شکێ |
| سووتان | سووتا | سووتێ |

**هێڵکاری (١ )**

| | | |
|---|---|---|
| ڕووخێ | اندن | ڕووخاندن |
| شکێ | اندن | شکاندن |
| سووتێ | اندن | سووتاندن |

**هێڵکاری (٢ )**

لەهەمانکاتیشدا هەندێ لەزمانەوانەکان ڕێسایەکی تریشیان بەکارهێناوە بۆ کاری تێپــەڕ، ئەویش ئەوەیە کە هەندێ کـاری تێنەپــەڕمان هەیــە بەرامبەرەکــەی کـاری تێپــەڕیان بــۆ داناوە(٨).

| تێنەپەڕ | تێپەڕ |
|---|---|
| کەوتن | خستن |
| چوون | بردن |
| ڕۆیشتن | ناردن |
| ڕژان | ڕشتن |
| هەڵستان | هەڵگرتن |
| هاتن | هێنان |
| مان | هێشتن، هێلان |

سەبارەت ڕێگایەکانی گۆڕینی کاری کارای نادیار، ئەوا چەند خاڵێکمان هەیە کەوا پێویستە بزانرێ لەکاتی گۆڕینی ڕستەی کارای دیار بۆ ڕستەی کارای نادیار، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- کارای ڕستەکە لادەدەین، ئەوەی هێماو پەیوەندیداریشە بەکاراوە ئەوا لادەچێ:

نازدار نامەکەی بۆ دیلمان نووسی

کارا بۆ کارا دەگەڕێتەوە کاری کارای دیار

٢ـ ئەو بەشەی کە لەدوای کاراوە دێت، شوێنی (کارا ) دەگرێتەوەو دەبێتە جێگری کارا:

ئازاد پەنجەرەکەی شکاند ← کارای دیار

لەدوای کاراوە هاتووە

پەنجەرەکە شکێنرا ← کارای نادیار

دەبێتە جێگری کارا

٣ـ ڕەگی کار یاخود قەدی چاوگ وەردەگرین

أ ـ ڕەگی کارەکە وەردەگرین

منداڵەکە لەناو بێشکەکە خەوت ← کارای دیار

خەوت ← خەواندن ← خەو (ڕەگی کار )

لەناو بێشکەکە خەوێنرا ← کارای نادیار

ب ـ قەدی چاوگ وەردەگرین

دەبێ لەدەستپێکدا ئاماژە بۆئەوە بکەین کە زۆربەی نووسەرانی کورد بۆئەوە دەچن کە کاری کارای نادیار لەزمانی کوردیدا تەنها لەڕەگی کارەوە وەردەگیرێت و قەدی چاوگ بوونی نییە، کەچی دەبینین دەیەها وشەو کارمان لەنێو زمانی کوردیدا هەیە کەوا لەقەدی چاوگ وەردەگیرێن.

ـ ئازاد قسەکەی بە ڕێبوار گوت ←——— کارای دیار

(گوت ) قەدی چاوگ

ـ قسەکە بەڕێبوار گوترا ←——— کارای نادیار

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەش باسەیری ئەم نموونانەی تریش بکەین کەوا لەقەدی چاوگەوە سازدەکرێن(٩):

| چاوگ | قەدی چاوگ | کارای نادیار بۆ ڕابردوو |
|---|---|---|
| خستن | خست | خسترا |
| گرتن | گرت | گرترا |
| مشتن | مشت | مشترا |
| فرۆشتن | فرۆشت | فرۆشترا |
| ویستن | ویست | ویسترا |
| هاویشتن | هاویشت | هاویشترا |
| پەستن | پەست | پەسترا |
| بیستن | بیست | بیسترا |
| پاراستن | پاراست | پاراسترا |
| پاڵاوتن | پاڵاوت | پاڵاوترا |
| خواستن | خواست | خواسترا |

لەهەمانکاتیشدا زۆرجاران قسەکەر یا خوێنەر بۆکەمکردنەوەی وزەو توانای قسەکردن، ئەوا پیتی پێش نیشانەی نادیارەکە لادەدات، واتە پیتی (ت )ەکە لادەدات و ئەمەش زیاتر دەبێتە سووك کردنەوەی کردەی دواندن.

| چاوگ | قەدی چاوگ | کارای نادیار بۆ ڕابردوو |
|---|---|---|
| فرۆشتن | فرۆشت | فرۆشرا |
| بیستن | بیست | بیسرا |
| گرتن | گرت | گیرا ـ گرا |
| ویستن | ویست | ویسرا |
| خستن | خست | خسرا |
| هاویشتن | هاویشت | هاویشترا |

٤ـ نیشانەی نادیاری (ر ) دەچێتە سەر ڕەگی کارو قەدی چاوگ.

ـ پەنجەرەکە شکێنرا.

(ر )نیشانەی نادیاری چۆتەسەر ڕەگی کاری (شکێن )

ـ قسەکە گوترا.

(ر ) نیشانەی نادیاری چۆتە سەر قەدی چاوگی (گوت )

٥ـ أـ بۆ ڕابردوو، ئەوا مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (أ ) دەچێتە سەر کارەکە و دەیکاتە ڕابردووی کارای نادیار.

زەوییەکە کێڵرا

ا ) مۆرفیمی کاری ڕابردوو

ب ـ بۆ ڕانەبردوو، ئەوا مۆرفیم و نیشانەی ڕانەبردوو (دە...ێ ) دەچێتە سەر کارەکەو دەیکاتە ڕانەبردووی کارای نادیار.

زەوییەکە دەکێڵرێ

(دە )مۆرفیمی ڕانەبردوو   (ێ )  نیشانەی ئەرێی ڕانەبردوو

ج ـ بۆ رانەبردووی دانانی[١٠]، مۆرفیمی رانەبردووی دانانی (ب ) دەچێتە سەر کارەکەو دەیکاتە رانەبردووی دانانی کارای نادیارو نیشانەی (ێ )ی ڕانەبردووش هەر دەمێنێتەوە.

زەوییەکە بکێڵرێ (ت )[١١]

(ب ) مۆرفیمی رانەبردووی دانانی        (ێ ) نیشانەی ڕانەبردوو

وەلێ تەنها بەگۆڕینی مۆرفیمی (دە ) بۆ (ب ) ئەوا دەتوانین ڕانەبردووی کارای نادیار بکەین بە رانەبردووی دانانی کارای نادیار، لەم بارەوە مامۆستا نووری عەلی ئەمین دبێژێت ((وەرگرتنی ئەمری کارا بزر لە**مضارعی** کارا بزر یەك دەگرێتەوە لەگەڵ دەستوورێکی تر کە بێین و ئەوی کارا بزر لە**مضارعی** مەعلومەوە وەربگرین))[١٢] ، ئەوەی کەوا لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد، بەشێوەیەکی خێرا باسکردنی چۆنیەتی گۆڕینی ڕستەی کارای دیار بۆ ڕستەی کارای نادیاربوو. بەڵام بەنسبەت چۆنیەتی گۆڕینی کارەکەی، ئەوا چەند وردەکارییەکی هەیە، ولێرەدا ئاماژەی پێ دەکەین:

١ـ ڕەگی کار بۆ هەرسێ کاتی ڕابردوو، ڕانەبردوو، رانەبردووی دانانی وەردەگرین و بەکاری دەهێنین، ڕەگی کاریش وەکو بەشێك کەوا لەبناغەی چاوگ وەردەگیرێت، واتا بنچینەکەی لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، لەهەمانکاتیشدا زۆربەی ڕەگەکانی زمانی کوردی بەتەنها بەکارنایەن، بەڵکو دەبنە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ سازکردنی کاری ڕانەبردوو لەزمانی کوردی و دروستکردنی کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی کارای نادیار.

دەستوورەکانیشیان بەم شێوەیەن:

١ـ ڕابردووی کارای نادیار ⟵ ڕەگ + ر +ا

قەدی چاوگ + ر+ا

٢ـ ڕانەبردووی کارای نادیار ⟵ دە + ڕەگ + ر+ ێ

دە + قەد + ر + ێ

٣ـ ڕانەبردووی دانانی کارای نادیار ⟵ ب + ڕەگ + ر + ێ


ب + قەد + ر + ێ

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەش با سەیری ئەم هێڵکارییەی خوارەوە بکەین:

| چاوگ | ڕەگی کار | کاری ڕانەبردوو | ڕابردووی کارای نادیار | ڕانەبردووی کارای نادیار | ڕانەبردووی دانانی کارای نادیار |
|---|---|---|---|---|---|
| کەوتن | کەو | دەکەوم | کەوێنرا | دەکەوێنرێ | بکەوێنرێ |
| شکان | شکێ | دەشکێنم | شکێنرا | دەشکێنرێ | بشکێنرێ |
| نووسین | نووس | دەنووسم | نووسرا | دەنووسرێ | بنووسرێ |
| خەوتن | خەو | دەخەوم | خەوێنرا | دەخەوێنرێ | بخەوێنرێ |


هێڵکاری (١ )

- ڕابردووی کارای نادیار





**هێڵکاری (٢ )**

- ڕانەبردووی کارای نادیار




**هێڵکاری (٣ )**


ـ رانەبردووی دانانی کارای نادیار




**هێڵکاری (٤ )**


زۆرجار پتر لەناوبڕێك دەکەونە پێش نیشانەی نادیارەکە، بەتایبەتیش پیتـی (د) کـەوا زۆرجاران وەکو ناوبڕێك خۆی دەخاتە نێو وشەو بەم شێوەیەی خوارەوەی لێدێت:

١ـ ڕابردووی کارای نادیار





**هێڵکاری (٥ )**

٢ـ ڕانەبردووی کارای نادیار




**هێڵکاری (٦)**

٣ـ ڕانەبردووی دانانی کارای نادیار




**هێڵکاری (٧ )**

بۆ نەفیکردنی کاری کارای نادیار، ئەوا نیشانەی (نە) بۆ ڕابردوو بەکاردێ و دێتە پێ کارەکەو نیشانەی (نا) بۆ ڕانەبردوو بەکاردێ و دێتە پێش کارەکەو نیشانەی ئەرێی ڕانەبردووی (دە) لادەچێ و نیشانەی (نە، نا) بۆ ڕانەبردوو بەکاردێ و دێتە پێش کارەکە و نیشانەی ئەرێی ڕانەبردوو (ب) لادەچێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- شکێنرا ←ئەرێی ڕابردووی نادیار
نەشکێنرا ←نەرێی ڕابردووی نادیار
- دەسووتێنرێ ← ئەرێی ڕانەبردووی نادیار
ناسووتێنرێ ←نەرێی ڕانەبردووی نادیار
- بسووتێنرێ ← ئەرێی رانەبردووی دانانی نادیار
نەسووتێنرێ ← نەرێی رانەبردووی دانانی نادیار
ناسووتێنرێ ←نەرێی رانەبردووی دانانی نادیار

ب ـ قەدی چاوگ بۆ کارەکانی ڕابردوو، ڕانەبردوو، رانەبردووی دانانی وەردەگرین و بەکاری دەهێنین بۆ سازکردنی کاری کارای نادیار. دیارە گومانیش لەوەدا نییە کەوا قەدی چاوگ لەزمانی کوردیدا لەچاوگەوە وەردەگرێت، ئەمیش بەلابردنی (ن ) نوونی چاوگەکەی و لەم ڕێگەیەشەوە کاری ڕابردووی سادەی لێ دێتە ئاراوە، کەوا بەهۆیەوە دەتوانین جۆرەکانی تری کاری ڕابردووی لێ سازبکەین و دەستوورەکەشی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ـ ڕابردووی کارای نادیار ← قەد + ر + ا
٢ـ ڕانەبردووی کارای نادیار ← دە + قەد + ر + ێ
٣ـ رانەبردووی دانانی کارای نادیار ← ب + قەد + ر + ێ

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەش باسەیری ئەم هێلکارییە بکەین:

| چاوگ | قەدی چاوگ | ڕابردووی سادە | نیشانەی ڕابردوو | جۆرەکانی تری ڕابردوو |
|---|---|---|---|---|
| چوون | چوو | چوو | وو | دەچوو، چووبوو، چووە |
| کڕین | کڕی | کڕی | ی | دەکڕی، کڕی بوو، کڕیوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سووتان | سووتا | سووتا | ا | دەسووتا، سووتابوو، سووتاوە |
| کردن | کرد | کرد | د | دەکرد، کردبوو، کردووە |
| کەوتن | کەوت | کەوت | ت | دەکەوت، کەوتبوو، کەوتووە |


هێڵکاری (٨ )

لێرەدا دەگەینە چەند ڕاستییەك:

١ـ قەدی چاوگ = کاری ڕابردووی سادە.


٢ـ نیشانەکانی چاوگ (واوی، یائی، ئەلفی، دالی، تائی ) = مۆرفیمەکانی کاری ڕابردوو (وو، ی، د، ا، ت ) لەڕووی هێڵکارییەوە بەم شێوەیەی خوارەوە لەقەدی چاوگ وەردەگیرێت بۆ دروستکردنی کارای نادیار.

١ـ ڕابردووی کارای نادیار





هێڵکاری (٩ )

٢ـ ڕانەبردووی کارای نادیار




**هێڵکاری (٢ )**

٣ـ ڕانەبردووی دانانی کارای نادیار




**هێڵکاری (٣ )**

هەندێ نموونەی تر کەوا لەقەدی چاوگەوە کارای نادیار دروست دەبێت:

ـ ویستن

ویسترا ⟵ ڕابردوو

دەویسترێ ⟵ ڕانەبردوو

بویسترێ ⟵ دانانی

- فرۆشتن

فرۆشترا ← ڕابردوو

دەفرۆشترێ ← ڕانەبردووی دانانی

بفرۆشترێ ← رانەبردووی دانانی

- داخستن

داخسترا ← ڕابردوو

دادەخسترێ ← ڕانەبردوو

دابخسترێ ← رانەبردووی دانانی

- بیستن

بیسترا ← ڕابردوو

دەبیسترێ ← ڕانەبردوو

ببیسترێ ← رانەبردووی دانانی

- خواستن

خواسترا ← ڕابردوو

دەخواسترێ ← ڕانەبردوو

بخواسترێ ← رانەبردووی دانانی

- بەستن

بەسترا ← ڕابردوو

دەبەسترێ ← ڕانەبردوو

ببەسترێ ← رانەبردووی دانانی

- پەستن

پەسترا ← ڕابردوو

دەپەسترێ ← ڕانەبردوو

بپەسترێ ← رانەبردووی دانانی

ـ هاویشتن

هاویشترا ⟵ ڕابردوو

دەهاویشترێ ⟵ ڕانەبردوو

بهاویشترێ ⟵ ڕانەبردووی دانانی

ئەگەر تێڕامانێکی خێرا بکەین بۆ هەموو ئەو نموونانەی کەوا لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد، ئەوا دەبینین زۆربەی کارەکان لەڕووی دەمکاتەوە ڕانەبردووە یا داخوازی یا ڕابردووی سادەیە، لەڕووی پێکهاتنیشەوە کارێکی سادەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەتوانین لەگەڵ دەمکاتەکانی تری کاری ڕابردوو بەکاری بهێنین وەك (بەردەوام، تەواو، دوور ) بۆ سازکردنی ڕستەی کارای نادیار ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە زۆر ئاساییە ئەگەر کارەکە داڕژاو یاخود لێکدراوبێ لەسازکردنی ڕستەی کارای نادیار بەشداری بکات، بەم شێوەیە:

١ـ ڕابردووی تەواو (کێڵاوە )

ـ ئازاد زەوییەکەی کێڵاوە — کارای دیار

زەوییەکە کێڵراوە — کارای نادیار

٢ـ ڕابردووی بەردەوام (دەکێڵا )

ـ ئازاد زەوییەکە دەکێڵا — کارای دیار

زەوییەکە دەکێڵرا — کارای نادیار

٣ـ ڕابردووی دوور (کێڵابوو )

ـ ئازاد زەوییەکەی کێڵابوو — کارای دیار

زەوییەکە کێڵرابوو — کارای نادیار

٤ـ کاری لێکدراو (دەستی گرت )

سۆران دەستی گرت بەپارەکان — کارای دیار

دەست گیرا(گرترا ) بەپارەکان — کارای نادیار

٥ـ کاری داڕژاو (هەڵگرت )

ڕێناز کورسییەکەی هەڵگرت ← کارای دیار

کورسییەکە هەڵگرترا(هەڵگیرا ) ← کارای نادیار

دیارە وەکو لەپێشەوەش ئاماژەمان پێکرد، کەوا ڕستەی کارای نادیار تەنها لەکاری تێپەڕ سازدەکرێ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە کەوا لەزمانی عەرەبیدا کاری کارای نادیارلەکاری تێنەپەڕ(لازم)یش وەردەگیرێ و کارای نادیاری لێ سازدەکرێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- ذهب الطالب الى المدرسة ← فاعل مبني للمعلوم

فعل فاعل حرف جر اسم مجرور

ماضي

لازم (تێنەپەر )

ذهب"١٣" الى المدرسة ← فاعل مبني للمعلوم

فعل ماضي حرف جر اسم مجرور

مبني للمجهول

مبني على الفتح.

وشبه جملة في محل رفع نائب فاعل.

- وقف المدرس امام الطلاب ← مبني للمعلوم

**فعل ماضي**

لازم (تێنەپەر )

وقف امام الطالب ← مبني للمعلوم

- جلس الطالب على الرحلة ← مبني للمعلوم

جلس على الرحلة ← مبني للمجهول

گەر بێینە سەر زمانی ئینگلیزیش، ئەوا دەبینین تاڕادەیەك لەڕستەی کارای نادیاری زمانی کوردییەوە نزیکە، بەتایبەتیش کەوا کارەکەی هەردەم دەبێ (تێپەڕ ) بێت تاکو لەسازکردنی ڕستەی کارای نادیاردا بەشداری بکات.

( I sent IayIa aLetter (active past

s. (متعدیV.) obg (کارا دیار ـ ڕابردوو )

Aietter was sent to him passive

p. p کارای نادیار

I sent you aIetter (active present )

s. (متعدیV.) obg.

Aietter is sent to you passive

p. p

سەبارەت کارە تێنەپەڕەکانی زمانی کوردیش، ئەوا وەکو لە دەستپێکا ئاماژەمان پێکرد، ئەوا ڕێگا چارەی هەیە بۆ گۆڕینی بۆ ڕستەی کارای نادیار، ئەویش ئەوەیە کە لەسەرەتادا کارە تێنەپەڕەکان بۆ کاری تێپەڕ دەگۆڕین، پاشان ڕستەکە بۆ کارای نادیار دەگۆڕین.

(ئازاد لەوانەکە کەوت )

تێنەپەڕ

کەوت کەو + اندن =کەواندن (تێپەڕ )

کەواندن

کەوێنرا ← ڕابردووی کارای نادیار

دەکەوێنرێ ← ڕانەبردووی کارای نادیار

بکەوێنرێ ← ڕانەبردووی دانانی کارای نادیار

ـ منداڵەکە لەناو بێشکەکەدا خەوت.

تێنەپەڕ

خەوت          خەو + اندن = خەواندن (تێپەڕ )

خەواندن

خەوێنرا ← ڕابردووی کارای نادیار

دەخەوێنرێ ← ڕانەبردووی کارای نادیار

بخەوێنرێ ← رانەبردووی دانانی کارای نادیار

## شێوازی کارای نادیار لەکرمانجی سەروودا

سەبارەت کرمانجی سەروو، ئەوا لەگۆڕینی ڕستەی کارای دیار بۆ کارای نادیـار شـێوازێکی تایبەتی هەیە، ئەمیش بەهۆی کاری یاریدەدەری (هاتن ) دێتە ئـاراوە، کـەوا هەرسـێ کـاری ڕابـردوو، ئێـستا، داهـاتووی لێ سـازدەکرێ و هەمیـشەش کارەکانیـان دەکـرێن بەچـاوگ و دەستوورەکانیشی بەم شێوەیەی خوارەوەن:

١ـ بۆ ڕابردوو

جێگری کارا + هاتە + چاوگ

ـ ئاریان نامە نڤیسی ← کارای دیار

نامە هاتە نڤیسین ← کارای نادیار

جێگری کارا   کاری یاریدەدەر بۆ ڕابردوو   چاوگ

بۆ نەفیکردنی ڕابردووش، ئەوا تەنها (نە ) دەکەوێتە پێش کاری یاریدەدەری (هاتە )...

نامە نەهاتە نڤیسین ← نەرێی کارای نادیار

٢ـ بۆ ئێستا

جێگری کارا + دهێتە + چاوگ

نامە دهێتە نڤیسین ← کارای نادیار

جێگری کارا    کاری یاریدەدەر بۆ ئێستا    چاوگ

بۆ نەرێکردنی ئێستای نادیاریش، ئەوا تەنها (نا ) دەکەوێتە پێش کاری یاریدەدەری (هێتە ) و نیشانەی (د ) لادەچێ.

نامە ناهێتە نڤیسین ← نەرێی کارای نادیار

**٣ـ** بۆ داهاتوو

جێگری کارا + دێ هێتە + چاوگ

نامە دێ هێتە نڤیسین ← کارای نادیار

جێگری کارا    کاری یاریدەدەر بۆ داهاتوو    چاوگ

بۆ نەرێکردنی داهاتووی نادیاریش، ئەوا تەنها (نا ) دەکەوێتە پێش کاری یاریدەدەری (هێتە ) و نیشانەی (دێ ) لادەچێ...

نامە ناهێتە نڤیسین ← نەرێی کارای نادیار

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەش باسەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکەین:

(ئازادی نان خار )

| کاتەکان | ئەرێی کارای نادیاری | نەرێی کارای نادیار |
|---|---|---|
| ڕابردوو | نان هاتە خارن | نان نەهاتە خارن |
| ئێستا | نان دهێتە خارن | نان ناهێتە خارن |
| داهاتوو | نان دێ هێتە خارن | نان ناهێتە خارن |

لەدوماهیدا دەبێ ئاماژە بۆئەوەش بکەین کەوا ڕستەی کارای نادیار مەرج نییە هەردەم لەڕتەی کارای دیارەوە وەرگیرابێ، بەڵکو زۆر ڕستەمان هەیە هەر خۆی کاراکەی لەبناغەدا نادیارە...

ـ ئەستێرە بەڕۆژ نابینرێ (نابیندرێ ).

ـ پەنجەرەکە کرایەوە.

ئەم دیاردەیەش وەنەبێ تەنها لەزمانی کوردیدا هەبێت، بەڵکو لەزمانی ئینگلیزیشدا هەستی پێ دەکرێت...

The door Was opened ⟶ Passive - Past

ڕابردووی کارا نادیار

The door is opened ⟶ Passive - Present ڕانەبردووی کارا نادیاری

هەمدیسان زۆر ڕستەی ترمان لەزمانی کوردیدا هەیە کەوا بەبێ نیشانەی نادیاری دەبن بەڕستەی کارای نادیار، بەواتایەکی تر لەڕێساو دەستووری زمانەکە لادەدەن و دەبن بەناوازەو شاز.

ـ جلوبەرگەکە لەکڕین نایەت.

ـ ئەم زەوییە هی کێڵان نییە.

## پەراوێز

١- لەهەموو کاتێکدا کە ئامرازی پەیوەندیمان لەنێو ڕستەدا بینی، ئەوا دوای ئامرازەکە دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە ... دیارە ئەم دیاردەیە لەزمانی عەرەبیشدا هەستی پێ دەکرێت. هەرکاتێ کە (حرف جر) هات، ئەوا دوای ئەم (حەرف جەڕە) دەبێتە (إسم مجرور)

٢- د. کوردستان موکریانی و د. نەسرین فەخری، ڕێزمانی کوردی، ١٩٨٢، ل١٦٠ .

٣- سەعید سدقی کابان، مختصر صرف و نحوی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨، ل٤٣.

٤- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠.

٥- هەرکاتێ کە نیهاد لەڕستەدا هەبوو، ئەوا دەبێ گوزارەش هەبێ، دیارە ئەمە لەزمانی عەرەبیشدا هەستی پێدەکرێت، کاتێ کە (مبتدأ) لەنێو ڕستەکەدا هەبوو، ئەوا پێویستی بە (خبر) هەیە، بەڵام جیاوازی (نیهاد)ی کوردی لەگەڵ (مبتدأ)ی عەرەبی ئەوەیە کە نیهاد وەکو وتمان دەبێ ڕستەکە کاری ناتەواوی تێدابێ ئینجا پەیدادەبێ، بەڵام (مبتدأ) کاتێ پەیدادەبێ، ئەگەر هاتوو ڕستەکە بە(ناو ـ إسم) دەستی پێ کردبێ.

"*" کارە ناتەواوەکان هەردەم تێنەپەڕن.

٦- مستەفا زەنگەنە، مۆرفیمی کاتی ڕابردوو، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٩، تشرینی دووەم، ١٩٩٨، ل١٢٠.

٧- تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، بەغدا،١٩٢٩، ل٢١

٨- لیژنەی زمان و زانستەکان: ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، ل١٢٣.

٩- ئێمە لەم نموونانەدا تەنها لایەنی کارای نادیار بۆ ڕابردوومان خستۆتەڕوو، نەچووینەتە سەر ڕانەبردوو، چونکە لەدواییدا بەشێوازی ڕێسا ڕوونیان دەکەینەوە لەگەڵ هێنانی نموونە بۆیان.

١٠- کاری داخوازی هەردەم دەکەوێتە ناو دەمکاتی ڕانەبردووەوە، کەسی یەکـەمی تـاك یان کۆ داوا لەکەسی دووەمی تـاك یـان کـۆ دەکـات بـەکردنی یـان نـەکردنی شـتێك یـا کردەوەیەك.

١١- زۆرجاران لەڕانەبردووی کارای نادیاردا (ێت ) بەکاردێ لەجیاتی (ێ )، ئەمەش هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ و هەر بەتەنها نیشانەی (ێ ـ ت ) دەچنە پاڵ یەکتری، بۆ ڕانـەبردوو لەجیاتی ئەوەی بڵێین (دەکێڵرێ ).، و بۆ داخوازیش لەجیاتی ئەوەی بڵێین (بکێڵرێ ) ئـەوا دەڵێین (بکێڵرێت ).

١٢- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠.

١٣- خاڵێکی تر لەگۆڕینی کاری کارای نادیار لەزمانی عەرەبیدا، دوای لادانی کارەکـەی ئەوەیە کە کارەکەش حەرەکەکانی دەگۆڕێت حەرەکـەی یەکـەم دەبـێ بـە(**ضمة** ) و دووەم دەبێ بە(**کسرة** ) و سێیەم وەکو خۆی (**فتحة** ) وەکو ذهب ⟵ ذهب.

## سەرچاوەکان:

١- سەعید سدقی کابان، **مختصر** صرف و نحوی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨.

٢- تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، بەغدا، ١٩٢٩.

٣ـ نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠.

٤- لیژنەی زمـان و زانـستەکان، ڕێزمـانی ئاخـاوتنی کـوردی، کـۆڕی زانیـاری کـورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٥- د. کوردستان موکریانی و د. نەسرین فەخری، ڕێزمانی کوردی، چـاپخانەی زانکـۆی سەلاحەددین، ١٩٨٢.


٦- مستەفا زەنگەنە، مۆرفیمی کاتی ڕابردوو، گۆڤاری ڕامان، ژ٢٩، تـشرینی دووەم، ١٩٩٨.

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی )، ژمارە(٤٢)، نیسانی ٢٠٠٤، ل٥١-٦٢ بڵاوکراوەتەوە.**


# کاری بکەر نادیاری
# لە زمانی کوردیداو چەند سەرنجێك


لە ژمارە (٢١ )ی گۆڤاری نووسەری نویٚ بابەتێك لە ژێر ناونیشانی (کاری بکەر نادیار لە زمانی کوردیدا ) بە پێنووسی (موکەڕم ڕەشید تاڵەبانی ) نووسرابوو دوای تێڕامانمان لەم بابەتە، ئەوا حەزمان کرد چەند پەیڤێکی ڕاستی بۆ خوێنەرانی ئازیز بخەینە ڕوو، نووسەر لە دەسپێکی بابەتەکەیا بە شێوەیەکی خێرا کاری نادیاری لەلای نووسەران و زمانەوانان خستۆتە ڕوو. پاشان لە لاپەڕە (١٠١ ) هاتۆتە سەر بیرەڕکانی خۆی و تیایدا دەبێژێت ((ئەگەر بمانەوێت کاری بکەرنادیار لە چاوگی تێپەڕەوە دروست بکەین، ئەوە ڕەگی چاوگەکە وەردەگرین، نیشانەی "را" دەخەینە سەرو کاری بکەر نادیاری تافی ڕابردووی لێدروست دەکەین ) )، دیارە لێرەدا نووسەر بەبیٚ ئەوەی دەستنیشانی "نیشانەی نادیاری" و " نیشانە و مۆفیمی ڕابردوو" بکات لە کرمانجی خواروو، یەکسەر هاتووە هەندیٚ نموونەی هێناوەتەوەو (را )ی خستۆتە سەرو کردوویەتی بەکاری ڕابردووی کارا نادیار.

دیارە گومانی تیانییە کە ئەم (را )یە لە بناغەدا لە دوو بەش پێکهاتووە، (ر ) کە هێماو نیشانەی نادیاری لە کرمانجی ڕابردوو، چونکە مۆرفیمەکانی کاری ڕابردوو لە بناغەدا دوای لابردنی (نوونی چاوگ ) ئەوا لە (پێنچ ) مۆرفیم پێکدێت. کە بە هۆیەوە ئەم پێنچ مۆرفیمە (و، ی، د، ا، ت ) دەبێتە هێماو نیشانەو مۆرفیمی ڕابردوو، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە باسەیری ئەم نموونانە بکەین:



دیارە لێرەدا وەنەبێ نیشانەی نادیاری تەنها لە حاڵەتی ڕابردووی نادیاری بەدەربکەوێت، بەڵکو لە حاڵەتی ڕانەبردووش هەر دەردەکەوێت بەم شێوەیە:




لەم نموونانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە (ر) نیشانەی نادیارییەو (ێ) مۆرفیمی داهاتووەو (دە) نیشانەی ئەرێی ڕانەبردووە، نووسەر بەهەڵەدا چووە کاتێ لەلاپەڕە (١٠٣)

نیشانەی (رێ) بەیەکەوە بە نیشانەی نادیاری دادەنێت بۆ ڕانەبردوو. هەمدیسان بۆ نەرێ کدرنی کاری ڕانەبردووی کارای نادیار، ئەوا نیشانەی (نا) دەچێتە شوێنی نیشانەی (دە)ی ئەرێی ڕانەبردوو، بەم شێوەیە:

دەکوژرێ ——— ناکوژرێ.

دەفرۆشرێ ——— نافرۆشرێ.

بۆ نەرێ کردنی کاری ڕابردووی کارای نادیار، ئەوا تەنها نیشانەی (نە) دەچێتە پێش کارەکە و دەیکات بە کاری نەرێی ڕابردووی کارای نادیار بەم شێوەیە:

فرۆشرا ——— نەفرۆشرا

کوژا ——— نەکوژرا

هەمدیسان نووسەر پێی وایە کە تەنهاو تەنها بۆ دروستکردنی کارای نادیار، ئەوا لە ڕەگی کاری ڕانەبردووە و دەتوانرێ وەرگیرێت، بە بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە لە هەندێ حاڵەتدا لە ڕەگی ڕابردوو (قەدی چاوگ ) وەردەگیرێت بەم شێوەیە:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبردوو | ڕەگی ڕابردوو | کارای نادیار |
|---|---|---|---|
| ویستن | ە وێ | ویست | ویسترا، دەویسترێ |
| گوتن (وتن) | لێ | گوت (وت) | گوترا، دەگوترێ |

لەهەمان کاتیشدا هەندێ چاوگمان هەیە کەوا (ڕەگی ڕابردوو ) و (ڕەگی ڕانەبردوو )ی وەکویەکە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە هەندێ زمانەوان گومان ببەن لەوەی کە کاری سادە لە زمانی کوردیدا هەیە، لەوانە (د. ئاڕەحمانی حاجی مارف ) کە بەهۆی هەبوونی ئەوکارانەوە دەڵێت کاری سادە لە زمانی کوردیدا هەیە[1]، کەچی (د. محەمەد مەعروف فەتاح ) پێی وایە کە کاری سادە لە زمانی کوردیدا نییە[2].

هەمدیسان پرۆفیسۆر (وریا عومەر ئەمین ) قسەکانی (ئەورەحمانی حاجی مارف ) ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت کاری سادە لە زمانی کوردیا نییە[٣].

دیارە ئەم کارانەش دەچنە خانەی ناوێزە لە زمانەکەمان کەوا ڕەگەکان وەکویەکە.

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبردوو | ڕەگی ڕابردوو | کارای نادیار |
|---|---|---|---|
| پەستن | پەست | پەست | پەسترا، دەپەسترێ |
| بەستن | بەست | بەست | بەسترا، دەبەسترێ |
| دروون | دروو | دروو | دروورا، دەدرووریّ |

لەهەمان کاتیشدا هەندێ کاری ترمان هەیە، کەوا ڕەگەکانیان جیان، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا لە هەردوو ڕەگی ڕابردووو ڕەگی ڕانەبردوودا کارای نادیاری لێ سازدەکرێ.

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبردوو | ڕەگی ڕابردوو | کارای نادیار |
|---|---|---|---|
| فرۆشتن | فرۆش | فرۆشت | فرۆشرا، فرۆشترا، دەفرۆشرێ، دەفرۆشترێ |
| ڕێستن | ڕێس | ڕێست | ڕێسرا، ڕێسرا، دەڕێسرێ، دەڕێسترێ |

هەمدیسان نووسەر لە لاپەڕە (١٠٤ – ١٠٥ )دا دەبێژێ لە (کرمانجی ژووریشدا کاری بکەر نادیار بە جۆرێکی دیکە دروست دەکرێت، ئەگەر کارەکە لە تافی ڕابردوودا بێت، ئەوە کارەکە دەبەینەوە سەر چاوگەکەی خۆی و کاری یاریدەدەری (هاتە ) ی پێش دەخەین، بەلاّم ئەگەر کاری بکەر نادیار لە تافی ڕانەبردوودا بێت، ئەوە کاری یاریدەدەری " دێتە

— دیَ هیَتە" لە پیَش چاوگەکە بەکاردیَت )، نووسەر لیَرەدا بەبیَ ئەوەی ئاماژە بـۆ ئـەوە بکات و پیَمان بلَیَت کە بناغە و ئەساسی ئەم سیَ کـارە یاریـدەدەرە لـە چـیەوە هـاتووە، چونکیَ گومان لەوەدا نییە کەوا کارە یاریدەدەرەکان بـۆ دروسـتکردنی کـارای نادیـار لـە کرمانجی سەروو، ئەوا، لە بناغەدا لە (هاتن ) وەرگـیراون، کـە بەهۆیـەوە بـۆ ڕابـردوو (هاتە ) و بۆ ڕانەبردووی ئیَستا (دهیَتە ) و بۆ ڕانەبردووی داهاتوو (دیَ هیَتە ) بـەکاردیَت و دەکەونە پیَش چاوگەوە:

- نان هاتە خارن. ⟵ ڕابردووی کارای نادیار.

- نان دهیَتە خارن. ⟵ ڕانەبردووی ئیَستای کارای نادیار.

- نان دیَ هیَتە خارن ⟵ ڕانەبردووی داهاتووی کارای نادیار.

بۆ نەریَ کردنی ئەم کارانەش، ئەوە بۆ ڕابردووی کاای نادیار (نە ) بەکاردیَت و دەکەویَتە پیَش کارە یاریدەدەرەکە. .

- نان هاتە خارن. ⟵ نان نەهاتە خارن.

بۆ ڕانەبردووی ئیَستاو داهاتووی نادیاری ئەوە بـە هـۆی نیـشانەی (نـا ) دەکریَتـە نـەریَ و نیشانەکەش دەچیَتە شویَنی (د، دیَ ) بەم شیَوەیە:

- نان دهیَتە خارن ⟵ نان ناهیَتە خارن.

نان دیَ هیَتە خارن ⟵ نان ناهیَتە خارن.

بۆیە لە دوماهیدا دەستخۆشی لە نووسەری ناوبراو دەکەین و هیوادارین بەردەوام بیَـت لـە نووسیندا ! بەلاَم با زیاتر نووسینەکانی ئەکادیمیانە و زانستیانە بیَت، بۆ ئـەوەی خزمـەت بە بواری زمانەوانی و کـوردی بکـات و هەمدیـسان بیَتـە سەرچـاوەیەك بـۆ لیَکۆلَینـەوە زمانەوانییەکان.

**<u>سەرچاوەکان</u>**

١. پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح، کار پۆلیَن کردن بـە پیَـی ڕۆنـان، گ. ڕۆشـنبیری نویَ، ژ ١٢١، سالَی ١٩٨٩.

٢. پ. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وتاری کار پۆلێنکردن بەپێی ڕۆنان و چەند سەرنجێك، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٣٩ ساڵی ١٩٩٧.
٣. پ. د. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

**※ ئەم وتارە لە گۆڤاری (نووسەری نوێ )، ژمارە(٢٢ )، هاوینی ٢٠٠٤، ل١٢٠-١٢٥ بڵاوکراوەتەوە.**

# ڕامانێکی نوێ بۆ ئاوەڵکار

ئاوەڵکار وەکو دیاردەیەکی زمانەوانی، کەوا لە زۆرینەی زمانانی جیهاندا هەستی پێدەکرێت. . زمانی کوردیش وەکو یەکێ لە زمانانی ئەم جیهانە، خاوەنی ئاوەڵکارە. . ئاوەڵکاریش وەکو بەشێکی سەربەخۆ کار دەکات و ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە نێو بۆتەو بونیادی زماندا. . وەلێ ئاوەڵکار کە بەشێکە لەبەشەکانی ئاخاوتن، بەهۆیەوە پەیوەندی پتەوی بەکارەوە هەیە، جا کارەکە تەواو بێ یاخود کارەکە ناتەواو بێ. . [١].

لەهەمان کاتیشدا ئەم بابەتە یەکێکە لەو بابەتانەی کە تاکو هەنووکەشی لەگەڵدا بێ جێگەی گفتوگۆیە. . چ لە ڕووی زاراوەکەی یان لە ڕووی جۆرەکانی یان لە ڕووی پێکهاتنەوە یا واتاوە. . وەلێ لە زمانی کوردیدا دیاردەیەکی زۆر ئاشکرا هەیە، کە تاکە پەیڤێك زۆرجاران دەتوانێ ببێ بەچەند بەشە ئاخاوتنێ. . بەوجۆرەی کە لە هەر ڕستەیەکدا دەتوانێ جۆرێکی تایبەتی بەشە ئاخاوتن و ئەرکی نوێ سازبکات. . بۆ زیاتر ڕونکردنەوە با سەیری ئەم ڕستانە بکەین. . کە بەهۆیەوە پەیڤی (جوان ) دەتوانێ لە سێ ڕستەی جیاجیادا ببێ بەسێ بەشە ئاخاوتنی جیاجیا. .

١. (جوان ) کچێکی قەشەنگە. (جوان ) ـــــــ ناوە

٢. ئەو کچە جوانە. (جوان ) ـــــــ ئاوەڵناوە

٣. ئەو کچە جوان دەڕوات. (جوان ) ـــــــ ئاوەڵکارە

هەروەها پەیڤەکانی (هێدی، هێمن ) دەتوانن ببنە بەشەکانی ئاخاوتن. . بەم شێوەیە:

هێدی:

١. هێدی شاعیرێکی کوردە. (هێدی ) ـــــــ ناوە

٢. ئەو کچە هێدییە. (هێدی ) ـــــــ ئاوەڵناوە

٣. ئازاد لە ڕۆیشتن هێدی دەڕوات. (هێدی ) ـــــــ ئاوەڵکارە

هێمن:

١. هێمن شاعیرێکی کورد پەروەربوو. (هێمن ) ـــــــ ناوە

٢. ڕێباز کوڕێکی هێمنە.      (هێمن ) ـــــ ئاوەڵناوە
٣. ئەو کوڕە لە گفتوگۆکردن هێمنە. (هێمن ) ـــــ ئاوەڵکارە

جگە لەم پەیڤانە، ئەوا دەیـەها پـەیڤی ترمـان هەیـە، کـەوا بەهۆیـەوە بەگواسـتنەوەی شوێنەکانیان ئەوا ئەرك و بەشە ئاخاوتنیان دەگۆڕدرێت. . لەهەمان کاتیشدا زۆرینەی ئەو وشانەی کە دەبنە بەشە ئاخاوتنی (ئاوەڵکار )، ئـەوا لـە بناغـەدا گـەر لێیـان بـڕوانین، دەبینین (ئاوەڵناون ) ئەمە لە ڕوانگەی (فەرهەنگ )ەوە گەر بۆ مەسەلەکە بچین، . . هەر ئەمەشە وای کـردووە کـە هەنـدێ لـە زمانـەوانان بـە (ئاوەڵکـارە چـۆنیەتیەکان ) بلـێن (ئاوەڵکاری ئاوەڵناوی) هەروەکو مەسعوود محەمەد دەبێژێت ((ڕەنگە وا باش بێ بەو جـۆرە ئاوەڵکارە بگوترێ، ئاوەڵکاری ئاوەڵناوی وەیـا تـەئویل کـراو وەیـا خـوازەك – بـەواتای خوازرایەوە ) ) [٢]. . . بۆ جیاکردنەوەی ئەم وشانە لە یەکتری، ئەوا دەبێ پەیوەسـت بـین بە واتای ڕستەوە. . واتە لێرەدا ئاوەڵکار کە بابەتێکی مۆرفۆلۆجییە، کەچی بۆ گەیـشتن بە ئاوەڵکاری چۆنیەتی، ئەوا دەبێ بگەڕێینـەوە بـۆ (سـینتاکس ) و (سـیمانتیکس ) تـا بڕیـاری ئاوەڵکـاری ڕابگەیـەنین یـا هەلیوەشـێنینەوە. . ((ئەگەرچـی بەشـێکی زۆری ئاوەلکرداری چۆنیەتی لە بنەڕەتدا ئاوەڵناون، وەك: خێرا، هێدی، هێمن، جوان، باش.. بەلاّم کاتێ چۆنییێتی کردارەکە دیاردەخەن، دەبنە ئاوەڵکردار. . هەر لەبەر ئەوەشـە ئـەو جۆرە وشانە تەنیا لە ڕستەدا دەردەکەون کە سەر بە چ بەشە ئاخاوتنێکن ) )[٣]. .

کەچی لە زمـانی ئینگلیزیـدا گیروگرفتێکـی ئـەو تـۆ نییـە لـەبارەی (ئاوەڵکـاری چۆنیەتی)نییە، بەڵکو هەرکاتێك گەر ئاوەڵکارێك کۆتـایی بـە (ly- ) هـاتبێ، ئـەوا جۆری ئاوەڵکارەکە دەبێتە (چۆنیەتی ). . تەنها لە وشەکانی ( hard، well ،fast ) نەبێ، کە لەیاسا دەچن و دەچنە خانـەی نـاوێزە. . هەمدیـسان لـە زمـانی ئینگلیزیـدا هەروەکو زمانی کوردی، ئاساییە کە زیاتر لە ئاوەڵکارێك بەدوای یەکترییەوە بێن لە نێـو ڕستەدا. .

He studied her there yesterday.

ئاوەڵكاری كاتی  ئاوەڵكاری شوێنی  ئاوەڵكاری چۆنیەتی  كار  كارا

وەكو لە پێشەوەش ئاماژەمان پێدا، نووسەرانمان كە هاتوونەتە سەر بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵكار، ئەوا تەنها خۆیان بەستۆتەوە بە تاریفی و جۆرەكانی لە ڕووی پێكهاتنەوە، لەگەڵ جۆرەكانی لە ڕووی واتاوە. . بەبێ ئەوەی ئاماژە بكەن بەوەی ئاخۆ ئاوەڵكار وەكو بەشێكی ئاخاوتن هیچ ئەركێ دەبینێ. . تەنها (نوری عەلی ئەمین ) نەبێت كە لە پەرتووكەكەیدا (ڕێزمانی كوردی )، بەسەرە قەڵەمێك ئاماژە بە ئەركەكانی ئاوەڵكار دەكات[٤].گەرنا نووسەرانی تر بەلای ئەركەكانییەوە نەچوونە. . بۆیە ئێمە لێرەدا دەچینە نێو ئەم كێشەیە و هەولئەدەین ئەرك و شێوازەكانی ئاوەڵكار بخەینە ڕوو. . كە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. ئاوەڵكار دەبێتە تەواوكەری كار، جا كارەكە ڕابردوو بێ یا ڕانەبردوو یا داخوازی [٥]. .

- ڕێباز خێرا ڕۆیشت.

ئاوەڵكاری چۆنیەتی **كاری رابردوو**

تەواوكەری كاری ڕابردوو

- ڕێباز خێرا دەڕوات.


ئاوەلكاری چۆنیەتی كاری ڕانەبردوو

تەواوكەری كاری ڕانەبردوو

- ڕێباز خێرا بڕۆ.

ئاوەلكاری چۆنیەتی كاری داخوازی تەواوكەری كاری داخوازی

٢. ئاوەڵكار دەبێتە تەواوكەری ئاوەڵكارێكی تر یا چەند ئاوەڵكارێكی تر. . و بەیەكەوە گرێی ئاوەڵكاری ساز دەكەن.




٣. ئاوەڵکار دەبێتە نیهاد، ئەگەر هاتوو کاری (ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی ) لە نێو ڕستەدا نەبوو. . واتە کاری ناتەواو لە ڕستەدا هەبوو. . کارە ناتەواوەکانیش لە زمانی کوردیدا لە بناغەدا لە (بوون ) هاتوونە. . کە بەهۆیەوە بۆ کاتی ڕابردوو (بوو ) بەکاردێت. .و بۆ کاتی ئێستا (ە ) بەکاردێت و بۆ داهاتوو (دەبێت ) بەکاردێت.

- دوێنی هەینی بوو.

ئاوەڵکاری کاتی (نیهاد ) کاری ناتەواوە بۆ کاتی ڕابردوو

- سبەینێ درەنگ بوو.

ئاوەڵکاری کاتی (نیهاد ) کاری ناتەواوە بۆ کاتی ڕابردوو

- ئەمڕۆ شەممە یە.

ئاوەڵکاری کاتی (نیهاد ) کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا

٤. ئاوەڵکار دەبێتە گوزارە، دیسانەکە گەر هاتوو کاری ناتەواو لە ڕستەدا هەبوو. . .

- ئازاد گەلێك درەنگە. ـــــ (ە ) کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا

ئاوەڵکاری کاتی

تەواوکەری کاری ناتەواو، گوزارەیە

- سبەینێ درەنگ بوو.

ئاوەڵکاری کاتی (بوو ) کاری ناتەواوە بۆ کاتی ڕابردوو

تەواوکەری کاری ناتەواوە، گوزارەیە

- ئەمڕۆ زوو و ە.

(زوو) ئاوەڵکاری کاتی (و) پیتی نەبزوێن (ە) کاری ناتەواوە

تەواوکەری کاری ناتەاو، گوزارە بۆکاتی ئێستا

٥. ئاوەڵکار دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆ لە نێو ڕستەدا، ئەگەر هاتوو کاری تێپەڕ لە نێو ڕستەدا هەبوو و، لە ڕستەی کارە ناتەواوەکان بەرکار سازنابێ، چونکە کارە ناتەواوەکان لە ڕووی هێزەوە تێنەپەڕن. .

- ئازاد زۆری خوارد.

(زۆر )

ئاوەڵکاری چەندێتییە (بەرکاری ڕاستەوخۆیە)

دیارە لەم ڕستەیەی سەرەوەدا باسلێکراوی سەرەکی کە بەرکاری ڕاستەوخۆیە دەرنەکەوتووە. . هەربۆیەشە وشەی (زۆر ) شوێنی گرتۆتەوە و هەمان دەوری پێ سپێردراوە. . لە هەما کاتیشدا دەکرێ زیاتر لە وشەیەك ببێت بە بەرکاری ڕاستەوخۆ لە نێو ڕستەدا.

- ئەمڕۆ بەیانی زۆر بەخێرایی بردم.

ئاوەڵکاری کاتی — ئاوەڵکاری کاتی — ئاوەڵکاری چەندێتی — ئاوەڵکاری چۆنییەتی

بەرکاری ڕاستەوخۆ

٦. ئاوەڵکار دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئەگەر هاتوو (پرێپۆزشن )ی لە پێش بێت. . چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا گەر هەر وشەیێ پرێپۆزشنی لەپێش بێ، ئەوا وشەکە بێ چەند وچۆن دەبێتە (بەرکاری ناڕاستەوخۆ ). . دیارە ئەم دیاردەیەش لە زمانی عەرەبیش هەستی پێ دەکرێت. . بەو جۆرەی لە هەر شوێنێ (حرف جر ) ببینین، ئەوا دوای خۆی وشەکە ئەبێتە (اسم مجرور ).

- سۆران بۆ لەپێش ڕزگار دانیشتووە؟

پریپۆزشن ئاوەڵکاری شوێنی

- سۆلاڤ بۆ ئێرە هات.

پریپۆزشن ئاوەڵکاری شوێنی

ئا ئەم ڕستانە هەوڵدانێك بوو، تاکو بەهۆیەوە بگەینە ئەو ڕاستیەی گەر ئاوەڵکار لە زمانی کوردیدا دەتوانێ ئەرك ببینێ و ڕۆڵی خۆی بشەپێنێ لە نێو ڕستەکانی زمانەکەمان..

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١. ئەگەرچی زۆر لە زمانەوانەکان باوەڕیان بە کاری ناتەواو نییە، دەڵێن هەموو کارەکانی زمانی کوردی، کاری تەواون. . و چەمکی (نیهاد ) و (گوزارە ) بە بڕوای ئەوان وەرگێڕدراوی زمانی عەرەبییە، کە (مبتدا، خبر ) دەگرێتەوە. . بەلاّم ئەمە هەڵەیەکی زەقە، چونکە (نیهاد) و (گوزارە) کاتێ لە زمانی کوردیدا پەیدا دەبن، ئەگەر ڕستەکە کاری ناتەواوی تیا بوو، کەچی (مبتدا) و (خبر) کاتێ لە زمانی عەرەبیدا پەیدا دەبن، ئەگەر ڕستەکە بە (ناو — اسم ) دەست پێ بکات. .

٢. ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، لیژنەی زمان و زانستەکان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل٢٩٣.

٣. پرۆفیسۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی چوارەم ژمارە و ئاوەڵکردار، چاپخانەی (الحریە ) بەغدا، ١٩٩٨، ل ١٤١ — ١٤٢.

٤. نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠، ل ١٨٦ — ١٩٠.

٥. کاری داخوازیش لە ڕووی دەمکاتەوە دەکەوێتە نێو ڕانەبردووەوە. . کە بەهۆیەوە لە ڕەگی کارەوە وەردەگیرێت. . و ئێمە لێرەدا وەکو کارێکی جیا لە ڕانەبردوو باسمان لێوە کردووە.

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری (کاروان ) ژمارە (١٨٤ )، تەمموزی ٢٠٠٤، ل١٠٤- ١٠٨بلاّوکراوەتەوە.**

# نیشانەی ناسراوی
## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردییە لە نێوان زمانی کوردی و ئەڵمانیدا

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەنگاوێکە بۆ خستنەڕووی لایەنی لێکچوون و جیاوازی دوو زمان لە گروپی خێزانە زمانی هیندی و ئەوروپی، چونکە زمانی کوردی لە گروپی ئەوروپییەو زمانی ئەڵمانیش لە گروپی جەرمەنییە، هەردووکیان دەچنەوە سەر خێزانی هیندۆ ئەوروپی، هەربۆیەشە لێکۆڵینەوەکە دەبێتە بەراورد (المقارن ). لێرەدا ئێمە تەنیا نموونەکانی زمانی کوردی لە (دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست ) لەگەڵ زمانی ئەڵمانی دەخەینەڕوو.

### ١. نیشانەی ناسراوی لەزمانی کوردیدا

دەمێکە زمانەوانان و لێکۆلەران و نووسەرانی بواری زمانەوانی کوردی، باسیان لە نیشانەی ناسراوی کردووە، هەمدیسان هەریەکەیان زاراوەیەکی تایبەتیان بۆ داناوەو تاریفێکی بە گوێرەی بۆچوونی خۆیان خستۆتەڕوو. لەم بارەیەوە (تەوفیق وەهبی ) لە کتێبی(دەستووری زمانی کوردی )[١]دا دەڵێت ((ئەداتی تەعریق ئەوەیە کە دەخرێتە دوای ناوەوە بۆ جویێ کردنەوەی مەعنای ناوێك لەناو هاوچەشنی خۆیدا ) ).
لێرەدا تەنیا (ەکە ) ی بەنیشانەی ناسراوی دیاری کردووە نووری عەلی ئەمین لە کتێبی (ریزمانی کوردی )[٢]دا بەم شێوەیە باسی نیشانەی ناسراوی کردووە ((ئەو پیتەپاشگرەی پێناسەن دەخرێتە دوا ناوێکەوە بۆ ئەوەی ببن بە ناسیاو لە شێوەی شوناس ) )، لێرەدا (نووری عەلی ئەمین ) نیشانەکانی (ەکە، کە ) بەنیشانەی ناسراوداناوە. وریا عومەر ئەمین لە کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی )[٣] باسی ئەم نیشانانەی کردووەو دەڵێت: ((مۆرفیمی پێناسین (ەکە ) ئەم چوار شێوەیەی هەیە: ەکە، ەك، کە، ك ) ). لەم سێ تاریفەی پێشەوەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە جۆرە تێکەڵاوییەك لە ڕووی چەمك و فۆرمە نیشانەکە هەیە، تەنانەت جیاوازیش لە دیاریکردنی فۆرمی ناسراویش هەیە،

چونکە تۆفیق وەهبی تەنیا (ەکە ) ی دیاری کردووە، نوری عەلی ئەمین هەردوو نیشانەی (ەکە، کە ) دیاری کردووە و وریا عومەر ئەمین چوار شێوەی (ەکە، ەك، کە، ك )ی دیاری کردووە، دیارە ئەمەش هەڵەیە، لەبەرئەوەی تەنیا (ەکە ) فۆرمی سەرەکی ناسراوییە لە زمانی کوردیدا، چونکە ئەم ((نیشانەیە (کە، یەکە ) نییە وەك هەندێ لە نووسەران دایان ناوە، بەڵکو (ەکە ) یە، چونکە لەباری نائاسایدا واتا کاتێك بەدوای دەنگێکی کۆنسۆنانتدا دێ. بەباشی دەردەکەوێ، بەلاّم وەك زۆر دیاردەی دیکەی زمانی کوردی، لە هەندێ حاڵەتدا بەشێوەیەکی دیکە دەبینرێ و ئەمەبووەتە هۆی نەناسینەوەی ) )[٤].

گومانیش لەوەدانییە کە نیشانەی ناسراوی لە زمانی کوردیدا، ئەو نیشانەیە کە بەدواوەی ناوەکە یاخود ئاوەڵناوەکە دەنووسێت، بەلاّم لێرەدا وەکو پاشگر یاخود پاشبەند سەیری ناکرێت، بەڵکو وەکو نیشانەیەك سەیری دەکرێت (د. ئەورەحمانی حاجی مارف ) لە کتێبی (ناو ) دا هەردوو نیشانەی (ەکە) و (ە ) بە نیشانەی ناسراو لەقەڵەمی داوە[٥]، بەلاّم ئەوەی پەیوەست بێت بەڕاوبۆچوونی ئێمە، ئەوا تەنیا (ەکە ) بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ فۆرمی نیشانەی ناسراوی لەقەڵەم دەدەین، چونکە دەچێتە سەر زۆرینەی بەشە ئاخاوتنی (ناو ) و (ئاوەڵناو ) ەکان، بەلاّم ئەوەی پەیوەست بێت بە (کە، یەك، ك. ) ئەوا گیروگرفتی دەگەڕێتەوە بۆ پیتی بزوێن، بۆ روونکردنەوەی زیاتر هەندێ لەو حاڵەتانە دەخەینەڕوو[٦]:-

١- ئەگەر ناوێك بەنەبزوێن کۆتایی هات، ئەوا (ەکە ) بەرەوانی پێوەدەلکێ، وەکو:-

دڵ + ەکە = دڵەکە

کوڕ + ەکە = کوڕەکە

کوڕەکەی نازدار زیرەکە

٢- ئەگەر ناوێك بە بزووێنەکانی (ا، ۆ، ێ ) کۆتایی هاتبێت، ئەوا یاخود (ە )ی سەرەتایی (ەکە ) تێدەچێ، یاخود لە نێوان ناو و نیشانەکەدا (ی ) ی نەبزوێن پەیدابێ، وەکو:-

چرا +ەکە =چراکە، چرایەکە

برۆ + ەکە = برۆکە، برۆیەکە

٣- ئەگەرناوێك کۆتایی بە (ە ) هات، ئەوا ئەوکاتە یەکێك لەو دوو بزوێنە، واتا (ە ) ی کۆتایی وشەکە، یاخود، (ە )ی سەرەتای نیشانەکە تێدەچێ و یـەکێکیان دەمێنێتـەوە، وەکو:-

سەرچاوە + ەکە = سەرچاوەکە

لە زمانی کوردیدا دەشێ نیشانەی ناسراوی و نیشانەی کۆ بەیەکـەوە بـچنە سـەر ناوەکـە، لەم حاڵەتەدا نیشانەی (ان )ی کۆ دەچێتە دواوەی (ەکە ) ناسراوی، وەکو:-


کوڕ + ەکە + ان = کوڕەکان

کچ + ەکە + ان = کچەکان

گەر سەیری ئەو دوو نموونەی سەرەوەبکەین، ئەوا دەبیـنین لـە بەردرێـژی و بـەهێزی (ا )، ئەوا توانراوە بزوێنی (ە ) لە نێوببات، واتـە لێـرەدا فـۆرمی (ەکـە ) لـە شـێوەی (ەك ) دەردەکەوێت، چونکە لە زمانی کوردیدا وەکو یاسایەکی سەرەکی نابێت دوو بزوێن بەدوای یەکتردابێن، بەڵکو یەکێکیان تێدەچێ و ئەوەی تریان دەمێنێتەوە، لەم حاڵەتەشدا هەردەم بزوێنە بەهێزەکە دەمێنێتەوە.

**١-٢: شێوازی بەکارهێنانی :**

ئامرازی نیشانەی ناسراوی لە زمانی کوردیدا وەکو وتمان لەگەڵ ناو یان ئاوەڵناو بەکاردێت: بەڵاّم بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ ناو دێت و، بەکارهێنانی لەگەڵ ئاوەڵناو بەشێوەیەکی فراوان نییە، وەکو :




دەبێ ئەوەش بوترێت، کە ناوی ناسراو لە زمـانی کوردیـدا هـەموو ئەرکـەکانی نـاوی ئاسایی دەبێت، وەکو (کـارا، نیهـاد، بـەرکاری راسـتەوخۆ، بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆ. . هتد) وەکو:-

١- ئەرکی کارا :

کوڕەکە هات.

ناوی ناسراو (کارا )

٢- ئەرکی نیهاد:

کچەکە جوانە.

ناوی ناسراو (نیهاد )

٣-ئەرکی بەکاری ڕاستەوخۆ:

سۆران نانەکەی خوارد.

ناوی ناسراو (بەرکاری ڕاستەوخۆ )

**ناوی ناسراو لە زمانی ئەڵمانیدا :**

**٢-١: تاریف:** ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە، کەوا وەك بەشێك یان مۆرفیمێکی سەربەخۆ لە نێو ڕستەدا دەبینرێت و، دەکەوێتە پێش ئەو وشەیەی کە لەگەڵیدا دەردەکەوێت، جا وشەکە چ ناو بێت یاخود ئاوەڵناو. . .

**٢-٢: فۆرمی ناسراوی:**

١- بۆ نێر – (der ) بەکاردێت

٢- بۆ مێ- (die ) بە کاردێت

٣- بۆ بێلایەن – (das ) بە کاردێت

**٢-٣ : شێوازی بەکارهێنانی:**

ئامرازەکانی نیشانەی ناسراوی لە زمانی ئەڵمانیدا لەگەڵ ناو یان ئاوەڵناو بەکاردێت، جا ناوەکە تاك بێت یاخود کۆ، لەهەمان کاتیشدا ناوەکە ئەرکی کارا یاخود بەرکاری ڕاستەوخۆ یاخود بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لەگەڵ ناو، کە ئەرکی (کارا ) ببینێت، جا کاراکە تاك بێت یاخود کۆ، وەکو:

پیاوەکە لە هەولێر دەژی. der wohnt in hawlermann

نیشانەی ناسراوی بۆ نێر   ناوی تاك

(منداڵەکە پێدەکەنێ ). das kind Laht

نیشانەی ناسراوی بێ لایەن   ناوی تاك

(ژنەکە لە هیندستان دەژیت ). die frau lebt in indien

نیشانەی ناسراوی بۆنێر   ناوی تاك

لەم رستانەی سەرەوەدا وشەکانی (dermann ،daskind ،diefaru ) نـاوێکی ناسـراون و، ئەرکی (کارای تـاك ) یـان لـە ڕسـتەدا بینیـوە، لەهـەمان کاتیـشدا دەتـوانین بـەهۆی نیـشانەکانی (er ) بـۆ نێـر و بێلایـەن و نیـشانەی (en )بـۆ مـێ بـەکاربێنین وەکـو نیشانەیەکی(کۆ )، کەوا بەدوای ناوەکەوە دێت، کە بەم جۆرەش ناوەکە لە (کارا )ی تاکەوە بۆ (کارا )ی کۆ دەگۆڕێت، بەڵام لێرەدا بۆ هەرسێ ڕەگەزەکانی (ناو ) یەك نیشانەی ناسراوی بەکاردێت، ئەویش (die )، هەروەکو ئەم نموونانە:

پیاوەکان لە هەولێر نیشتەجێن.

wohenin hawler   er mann   die

نیشانەی ناسراوی   ناوی کۆ   نیشانەی کۆ بۆ نێر

منداڵەکان پێدەکەنن.

Die   kind   er   lahen

نیشانەی ناسراوی   ناوی کۆ   نیشانەی کۆ بۆلایەن

ژنەکان لە بەرلین دەژین.    die frau en leben in berlin

نیشانەی کۆ بۆ مێ    ناوی کۆ    نیشانەی ناسراوی

٢. ناوەکە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت، جا بەرکارە ڕاستەوخۆکە تاك بێت یاخود کۆ، ئەوا نیشانەکانی ناسراوی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بەم شێوەیە :

أ. نیشانەی ناسراوی بۆ نێر (den ) بەکاردێت، وەکو :

ئازاد پیاوەکە دەبینێت.    .Azad sieht <u>den</u> <u>mann</u>

ناوی تاك    نیشانەی ناسراوی بۆ نێر

ب. نیشانەی ناسراوی بۆ مێ (die ) بەکاردێت، وەکو :

ئەو گوێی لە ژنەکەیە.    .Er hort die frau

ناوی تاك    نیشانەی ناسراوی بۆمێ

ج. نیشانەی ناسراوی بۆ بێلایەن (das ) بەکاردێت، وەکو :

ئۆتۆمبیلەکەت خۆشدەوێت    .du Liebest das Auto

ناوی تاك    نیشانەی ناسراوی بۆ بێلایەن

لەم ڕستانەدا وشـەکانی (die faru das Auto،den Mann ) نـاوێکی ناسـراون ئەرکی (بەرکاری ڕاستەوخۆی تاك )یان لە ڕستەدا بینیوە، لـە هـەمان کاتیـشدا دەتـوانیٚ بەهۆی نیشانەکانی (er ) بۆ نێر و بێلایەن و نیشانەکانی (en ) بۆ میٚ وەکو نیشانەیەکی کـۆ بەکاربێنن، کە بەدواوەی ناوەکە دێت ، کە بەم جـۆرەش ناوەکـە لـە (بـەرکاری ڕاسـتەوخۆی ) تاکەوە بۆ (بەرکاری ڕاستەوخۆی کۆ ) دەگۆڕێت، بەلاَم لێرەدا بـۆ هەرسـیٚ ڕەگـەزەکانی (نـاو ) هەروەکو ئەرکی (کارا )، ئەوا یەك نیشانەی ناسراوی بەکاردێت، ئەویش (die )، هەروەکو ئەم نموونانە:

ئەو خانووەکان دەبینیٚ. Er sieht die Hau ser

نیشانەی کۆ ناوی کۆ نیشانەی ناسراوی

ئێمە کتێبەکان دەکڕین. wir kaufen die Buk her

نیشانەی کۆ ناوی کۆ نیشانەی ناسراوی

٣. ناوەکە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت، جا بەرکارە ناڕاسـتەوخۆکە تـاك بێـت یاخود کۆ، ئەوا نیشانەکانی ناسراوی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بەم شێوەیە :

ا. نیشانەکانی ناسراوی بۆ نێر و بێلایەن (dem ) بەکاردێت، وەك:

سیما نامەیەك بۆ هاوڕێکەی دەنوسێت.

Sema schreibt <u>dem</u> freund Eiuen Brief

نیشانەی ناسراوی نێر

ئەو یارمەتی منداڵەکەی دەدات. erhilft dem kind

ناوی تاك نیشانەی ناسراوی بۆ بیٚ لایەن

ب. نیشانەی ناسراوی بۆ میٚ (der ) بەکاردێت، وەکو:

ئازاد نامەیەك بۆ برادەرەكەی دەنوسێ.

Azad Shreibt der freundin Einen Brief

نیشانەی ناسراوی بۆ بێ لایەن ← der

ناوی تاك ← freundin

لەم سێ ڕستانەی سەرەوەدا وشەكانی ( der frundin، dem kind،dem freund ) ناوێكی ناسراون و، ئەركی (بەركاری ناڕاستەوخۆ ) یان لە ڕستەدا بینیوە، لە هەمان كاتیشدا دەتوانین بەهۆی نیشانەكانی (er ) بیانكەین، كەوا بەدوای ناوەكەوە دێت، بەمجۆرەش ناوەكە لە بەركاری ناڕاستەوخۆی تاك دەگۆڕدرێت بۆ (بەركاری ناڕاستەوخۆی كۆ. . )، بەلاّم لێرەدا بۆ هەرسێ ڕەگەزەكانی (ناو )، یەك نیشانەی ناسراوی بەكاردێت، ئەویش (den )، هەروەكو ئەم نموونەیە :

ئەو یارمەتی مندالّەكان دەدات. Er hilft den kinder

**٣. لایەنی لێكچوون و جیاوازی هەردوو زمانەكە :-**

گەر ڕامانێكی خێرا بۆ هەردوو زمانەكە بكەین لە ڕووی بابەتی نیشانەی ناسراوی، ئەوا دەبینین خالّی لێكچوون و جیاوازی بەدی دەكرێت، بەلاّم خالّە جیاوازەكانی زۆر زیاترە.

دەربارەی خالّە لێكچووەكان، ئەوا لە هەردوو زمانەكەدا نیشانەی ناسراوی دەچێتە سەر (ناو ) و (ئاوەلّناو )، هەمدیسان لەهەردوو زمانەكەدا ناوە ناسراوەكە ئەركی (كارا، بەركاری ڕاستەوخۆ. . هتد) دەبینێت، هەروەها لەهەردوو زمانەكەدا دەكرێ نیشانەی ناسراوی و كۆ بەیەكەوە لەگەلّ ناوەكەدا بێن.

دەربارەی خالّە جیاوازەكانیش، ئەوا لە زمانی كوردیدا نیشانەكە دەكەوێتە بەشی دواوەی ناوەكە، بەلاّم لە زمانی ئەلّمانیدا دەچێتە بەشی پێشەوەی ناوەكە، هەمدیسان لە زمانی كوردیدا یەك فۆرم دەبینرێت و جیاوازی ڕەگەزی (ناو ) تیایدا نابینرێت، بەو واتایەی لە هەموو حالّەتەكاندا (ەكە ) بەكاردێت، بەلاّم لە زمانی ئەلّمانیدا ژمارەی فۆرمەكان زۆرن

و تەنانەت گۆڕانکاریشی بەسەردا دێت و، هەروەها جیاوازیش دەبینرێت لە کاتی بەکارهێنانی بۆهەر ڕەگەزێکی (ناو ) یی.

**پەراوێز و سەرچاوەکان :**

١- تەوفیق وەهبی، دەستووری زمانی زمانی کوردی، جزمی یەکەم، (**دارالطباعة الحدیثة** ) بەغدا، ١٩٢٩ ل٣٣.
٢- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠ ل٦٨.
٣- وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤ ل٢٤٤
٤- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی ) بەشی یەکەم (ناو )، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٧٩ ل١٨٩.
٥- هەمان سەرچاوە، ل١٨٨.
٦- هەمان سەرچاوە، ل١٨٩- ١٩٢.
بۆ سەرچاوە ئەڵمانییەکانیش، ئەوا سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە :
١- فەریاد فازیل عومەر، کتێبی فێرکردنی ئەڵمانی – کوردی (سۆرانی ) ئینستیتوتی خوێندنی کوردی، بەرلین، ١٩٩٩ ل٨ -٩.
2- maks Hueberverlag، Deutshals fremdspraher، 1999.
3- in form  auf Deutsh ، Deutshe  Arti – kel.

• ئەم وتارە بە هاوبەشی لەگەڵ مامۆستا ئاسۆس ئەنوەر لە گۆڤاری کاروان، ژمارە (٢١٢ )، تشرینی دووەمی ٢٠٠٦، ل١٤٧-١٥٣ بلاّوکراوەتەوە.

# ڕستەی ناوی لە زمانی کوریدا

دەستپێك: هەر لێکۆڵینەوەیەك، کە ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەوەیە، کە ڕۆشناییێك لەلایەنە کەموکوڕییەکانی پێش خۆی بخاتە ڕوو و بە ڕوانگەیەکی زانستیانە بابەتەکە ڕونبکاتەوە و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بیانسەلمێنێت، نابێت لێرەشدا ئەوە لە بیربکەین، کە کەرەستەی ڕێزمان لەهەر زمانێ لە زمانەکانی دنیا بوونێکی بناغەیی هەیەو ڕۆژانە هەموو کەسێك جا خوێندەوار بێ، یان نەخوێندەوار، ئەوا زۆر بەجوانی و بەبێ هەڵە بەکاریان دەهێنێت، بۆ نموونە حاجییەکی پشت دیواری مزگەوت، لەکاتی دامەکردندا بەبێ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان خوێندبێتی، ئەوا دەڵێتە حاجییەكmی بەرامبەری (بخۆ، برۆ )، لێرەدا ئەم حاجییە نازانێ ئەم کارە داخوازییە لەچی پێکهاتووە، بەڵام زۆر بەجوانیی بەکاریان دەهێنێت. . کاری زمانەوانیش دانانی یاسایە بۆ ئەم جۆرە کار ڕستانەی، کەوا لە زمانەکەدا هەیە، بەجۆرێ مە هیچ شتێکی نوێ ناهێنێتە ئاراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵدانێکە بۆ دەرخستنی جۆرە ڕستەیەك کە بە (ڕستەی ناوی ) یاخود (ڕستەی بێ کاری ) ناوی دەبەم، کەوا لە نێو بونیادی ڕستەی کوردیدا هەستی پێدەکرێت. .

**بەشی یەکەم: ڕستەی کاری:** بەو ڕستانە دەوترێت، کەوا کارەکانی ((ڕابردوو، ڕانەبردوو (ئێستا، داهاتوو، داخوازی ) ) لەنێو ڕستەکانیان دەبینرێت، جا کارەکە تێپەڕبێ یان تێنەپەڕ، یاخو لەحاڵەتی ئەرێ بێ، یان نەرێ، یاخود لەیسەر شێوازی ڕگەیاندن بێ، یان دانانی، ئەوا کارەکان بوونێکی سەربەخۆو تەواویان هەیە، و بۆیە دەتوانین بەم ڕستانە بڵێین ڕستەی کاری تەواو، هەروەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:

١. <u>ماهی</u> <u>نانی</u> <u>خوارد</u>.

↓ ↓ ↓

کارا — بەرکاری ڕاستەوخۆ — کاری ڕابردووی تێپەڕ

٢. سۆران خەوت.

کارا کاری ڕابردووی تێنەپەڕ

٣. ئاریان ئێستا نان ناخوات.

کارا ئاوەڵکاری کاتی بەرکاری ڕاستەوخۆکاری نەرێی ڕانەبردوو

٤. چنار دوایی نامەکە دەبات.

کارا ئاوەڵکاری کاتی بەرکاری ڕاستەوخۆ کاری ڕانەبردوو

٥. ڕزگار نانە گەرمەکە بخۆ.

کارا بەرکاری ڕاستەوخۆ ئاوەڵناوی چۆنیەتی کاری داخوازی

لەهەریەك لەم ڕستانەی پێشوو، کارەکانیان بەڕوونی دیارەو دەرکەوتووە و لەم ڕستانەدا (کارا ) هەڵسوڕێنەرو کاراکتەری کارەکانی نێو ڕستەیە. .

**بەشی دووەم: ڕستەی کاری ناتەواو:**

بەو ڕستانە دەوترێت، کەوا کارەکانیان لەجۆری ناتەواو دەبینرێت، یاخود بڵێین ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کەوا کارا بە کارەکە هەڵناستێت و کارەکە لە سنورێکی ناتەواوی و بێ هێزدا دەخولێتەوە، دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین، کەوا لە ڕستەی کاری ناتەواودا چەمکی (کارا — بەرکاری ڕاستەوخۆ ) بوونی نابێت و ڕستەکە چەمکی (نیهاد و گوزارە ) لە خۆی کۆدەکاتەوە و دەردەکەوێت، کارە ناتەواوەکانیش لە بناغەدا لە چاوگی (بوون ) وەردەگیرێن، بۆ حاڵە و کاتی ڕابردوو ئەوا بەلابردنی (نوونی چاوگ ) سازدەبێت، واتە بەم شێوەیە:

بوون ———— - ن = بوو (کاتی ڕابردوو ) وەکو :

رێباز    ئەندازیار    بوو.

نیهاد    گوزارە    کاری ناتەواو بۆ کاتی ڕابردوو

بۆ نەرێکردنی کاتی رابردووش، ئەوا تەنیا مۆرفیمی نەرێی (نە) دەچێتە پێش کارەکە، وەکو:

رێباز ئەندازیار نەبوو.

بۆ حاڵەتی ئایندەش، ئەوە بە دانانی (دە)ی نیشانەی ئەرێی ڕانەبردوو لەبەشی پێشەوەی کارەکەو جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك (ێت) لەبەشی دواوەی کارەکە دادەنرێت، بەو واتایەی ڕەگی (بوون) وەردەگرین، کەوا (ب)ە و دوو بەشەکەی تری دەخەینەسەر، واتە بەم شێوەیەی لێ دێت:

دە + ب + ێت ——— دەبێت

نیشانەی ئەرێی ڕانەبردوو    ڕەگی ڕانەبردوو    جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك

وەکو :

سەرکەوت    دەبێت    بە    پارێزەر.

نیهاد    کاری ناتەواو بۆکاتی ئایندە    پێشبەند    بەرکاری ناڕاستەوخۆ (گوزارە )

بۆ نەرێکردنی کاتی ئایندەش، ئەوا نیشانەی (نـا )ی نـەرێ دەچێتە شوێنی نیشانەی ئەرێی ڕانەبردوو، وەکو:

سەرکەوت نابێت بە ئەندازیار .

بۆ حاڵەتی ئێستای ڕانەبردووی کاری ناتەواو، ئەوە (ە ) بەکاردێت، بەمرجێ ڕستەکە چەمکی (نیهاد )ی تێدابێ و ناوی تایبەتی و کەسی نەبێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا (ە )ی کاری ناتەواو دەردەکەوێت، وەکو :

| چێشتەکە | سارد | ە. |
|---|---|---|
| نیهاد | **گوزارە** | کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا |

| خانووەکە | گەورەی | ە. |
|---|---|---|
| نیهاد | گوزارە | کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا |


بۆ نەرێکردنی کاتی ئێستاش، ئەوا نیشانەی (نـی ) نـەرێی ئێـستای ڕانـەبردووی کـاری ناتەواو وەردەگرین، بەڵام لێرەدا نیشانەی (ە )ی ئـەرێی ئێـستای ڕانـەبردووی ناتـەواو ون نابێت، بەڵکو هەر لەگەڵیدا دەردەکەوێت، وەکو:


| چێشتەکە | سارد | نیی | ە. |
|---|---|---|---|
| نیهاد | گوزارە | نەرێی کاتی ئێستا | کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا |

**بەشی سێیەم : <u>ڕستەی ناوی یاخود ڕستەی بێ کاری</u>** : بەو جۆرە ڕستانە دەوترێـت، کـەوا نەك هەر کاری تەواوی تێدانییە، بەڵکو کاری ناتەواویش دەرناکەوێت، لێرەدا دیـسانەکە چەمکی (نیهاد و گوزارە ) بەکاردێنین و دەبێ ئەوەش ڕوون بکەینەوە، کـە مـەرجی ئـەم جۆرە ڕستانەئەوەیە، کەوا گەرەکە نیهادی ڕستەکە (ناو ) بێت، واتە ناوی تایبـەتی یـان ناوی کەسی یان جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك، ئینجا ڕسـتەی نـاوی دروسـت دەبێت، کە ئەویش تاڕادەیەکی زۆر هاوشـێوەی زمـانی عەرەبییـە، چـونکە لـە زمـانی عەرەبیدا کاتێ (مبتدأ ) و (خبر ) دەردەکەوێت، ئەگەر ڕستەکە بەناو دەستی پێکردبـوو، وەکو:

| الرجل | شجاع. |
|---|---|
| مبتدا (نیهاد ) | خبر (گوزارە ) |

بەڵێ لە زمانی کوردیا زۆرجار ڕستەی ناوی لەگەڵ ڕستەی کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا ئاوێزانی یەکتر دەکرێن، بەجۆرێك (ە ) جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك، بە (ە)کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا لەقەڵەم دەدەن، بەلاَم لێرەدا ئێمە ئەوە ڕادەگەیەنین، کەوا لەم جۆرە ڕستانەدا نەکاری تەواو (ڕابردوو، ڕانەبردوو (ئێستا، داهاتوو، داخوازی ) و نەکاری ناتەواو بۆ کاتەکانی (ڕابردوو، ئێستا، ئاینەدە) نابنرێت، واتە هیچ جۆرە کارێکی تێدا نییە، وەکو :




لەهەریەکە لەم دوو ڕستەیەی پێشەوەدا، ئەوا (ە ) جێناوی لکتزو بۆ کەسی سێیەمی تاك و بۆ (نیهاد) دەگەڕێتەوە، نەوەك کاۆی ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، ئەوا وشەی (پێشمەرگە) وەردەگرین و لەگەڵ جێناوە کەسی و لکاوەکان بەکاریان دەهێنین:

- من پێشمەرگە م (من - م )
- ئێمە پێشمەرگە ین (ئێمە _ ین)
- تۆ پێشمەرگە ی (تۆ _ ی )
- ئێوە پێشمەرگە ن (ئێوە _ ن )
- ئەو پێشمەرگە یە (ئەو _ ە )

- ئەوان پێشمەرگە ن (ئەوان __ ن )

بەمجۆرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کەوا بۆ کەسی سێیەمی تاك نیشانەی (ە ) وەردەگرێت، کەوا جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك.... بۆ جیاکردنەوەی ڕستەی ناوی لە ڕستەی کاری ناتەواو، ئەوا دەبێ (نبهاد ) یەکێ لەم بەشانە بێت :

١- ناوی تایبەت، وەکو :

سۆران ئەندازیارە.

٢- ناوی کەسی، وەك :

ژنەکە فەرمانبەرە.

٣- جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك، وەکو

ئەو سەربازە.

بەهۆی ئەم ڕستانەوە، دەتوانین ئەوە بسەلمێنین، کەوا ڕستەی ناوی (**الجملة الاسمية** ) لە زمانی کوردیا بوونی هەیەو دەبێت بە جۆرێك لە ڕستەی زمانی کوردی و بابەتێ لە بابەتەکانی سینتاکس، دەبێ لەهەمان کاتیشدا ئەوە ڕوون بکەینەوە، کەوا جیاوازی ئەم جۆرە ڕستانە واتە (ڕستەی ناوی ) لە زانی کوردیدا لەگەڵ زمانی عەرەبیدا ئەوەیە، کەوا لە زمانی کوردیا مەرج هەیە لە (نیهاد ) واتە دەبێ ناوی کەسی یان ناوی تایبەتی یان جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك بێت، تونیاش لەحاڵەتی (ە ) ڕستەی ناوی دروست دەبێت، کەچی لە زمانی عەرەبیدا گەر ڕستەکە بە ناو (الاسم ) دەست پێ بکات ئەوا ڕستەکە پێی دەوترێت ڕستەی ناوی و چەمکی (مبتدأ — نیهاد ) بەدەردەکەوێت، جا ناوەکە هەرجۆرە ناوێك بێت، وەکو :

- الحق منصور.
مبتدأ

- ما أحسن الصديق.
للتعجبيه (مبيدأ )

- من یکسل یخسر.

اسم الشرط (مبتدأ )

**ئەنجام:**

ڕستەی ناوی، جۆرێکە لە ڕستەکانی زمانی کوردیو تەنیا لەکەسی سێیەمی تاکیش دەردەکەوێت، بۆ کەسەکانی تر بوونی نییە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەم بابەتەوە کاری ناتەواوی (ە ) بۆ کاتی ئێستا، سنورەکەی تەسکتر دەبێتەوە و لەوانەشە لە داهاتوودا ئەم (ە )ی کاری ناتەواو بەیەکجاری هەڵبوەشێتەوەو بسەلمێنرێت کە لە ڕیزی کاری ناتەواو نییە، چونکە شێوازی سازبوونی نازانرێت، کە چۆن دروست بووە لە چاوگی (بوون)، یەو واتایەی نازانرێت چ جۆرە گۆڕانکارییەکی بەسەرداهاتووە، تاگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی ئەم (ە ) ماوەتەوەو وێنەی خۆی بەم جۆرە کێشاوە، تەمەنیش گەر درێژبێت خوا یاوەربێت، ئەوا ئەم ڕاستیەش دەسەلمێین.

- **ئەم وتارە لە گۆڤاری (کاروان )، ژمارە (٢٠٤ )، مارتی ٢٠٠٦، ل١٧٥-١٧٨ بلاّوکراوەتەوە.**

# مردنی نووسەر لە پرۆسەی نووسیندا

لەمیانەی جەختکردنە سەر زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی و پێشکەوتنەکانی رەخنەی بونیادگەرایی و پۆست بونیادگەرایی و، بوونی خواست بۆ دژایەتی کردنی رێبازی مرۆڤایەتی، بۆتە هۆی ئەوەی نووسەر لە پرۆسەی نووسیندا هەست بە خاسیەتەکانی بوونی خۆی نەکات، بە پێچەوانەی سەردەمی دەقی کلاسیك، کە هەر خۆی دەنگی یەکەم و خاوەن دەسەلاّت بوو، ئا ئەمە بۆتە فاکتەرێك لەبەردەم نووسەر، کە نەبێتە داهێنەر، بەلّکو لێرەدا تەنیا بۆتە بەکارهێنەرێکی زمان و میراتگریی. . لێرەشدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە بیروبۆچوون و پرەنسیپەکانی رەخنەی نویّ بەتایبەتی (بونیادگەرایی ) و (پۆست بونیادگەرایی ) بریتییە لە رەتکردنەوە و لابردنی ئەو بۆچوونانەی کە دەلێت (نووسەر بنەما و سەرچاوەی سەرەکی دەنگی یەکەمی دەقەکە )یە، واتە لێرەدا تێروانینی نویّ هەموو مافەکان لە نووسەر دەستێنێتەوە و دەیدات بە زمان و خوێنەر، لەم بارەشەوە (لاکان ) وای بۆ دەچێت، کە ئەوەی قسەدەکات خودی زمانەکە خۆیەتی، ئەمەش زیاتر گۆڕەپان بۆ خوێنەر و زمان خۆش دەکات، واتە چەمکی واتای دەق دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر، واشی لیّ دەکات هەلبستێت بە پرۆسەی ئارکۆلۆژیا (هەلّکۆلّین ) لە نێو بونیادی دەق و شۆڕبێتەوە بۆ نێو خەلایە شاراوە و نابەرجەستەکانی پانتایی دەق و کرۆکی ڕووداوەکان، ئەمەش بۆ گەڕان بە شوێن ماناکاندا زیاتر پێویستە شاولّیانە بە نێو ستونەکانی تانوپۆی دەق شۆڕبێتەوە و بچێتە ئاستی ژێرەوەی مانا و دەلالەتەکانی جەستەی دەق، نووسەریش تەنیا وەکو (کۆپیکەرێك ی لێدێت و پشت بە کۆگایەکی فراوانی (زمانی میراتگەریی ) دەبەستێت هەروەك لەم بارەیەوە (رۆلان بارت ) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە هەر زمانە قسە دەکات، نەوەك نووسەر، بەو جۆرەی کە زمان کاردەکات و، ئەم شتانە بەدەست دەهێنیّ، نەوەك من (ویژدانی قسەکەر )، واتە ئەو فەرهەنگەی نووسەر پشتی پیّ دەبەستێت، بریتییە لە مەخزونێکی رۆشنبیری و، (دەق)یش لە کۆمەلّێك نووسینی جۆراوجۆر پێکهاتووە، و پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە،

نەوەك یەكەیەكی ئەندامی بێت و سەرچاوەكەی نووسەر بێت، هەمدیسان (دەق )یش لە فەرهەنگ پێكهاتووە، هەر بۆیەشە بە هیچ كۆلجێك نابێت لەیاسا و رێسای هێما و نیشانەكانی سەرپێچی بكات، لەم بارەوە (میشێل فۆكۆ ) بڕوای وایە، كە مرۆڤ وادادەنێن كە زمان خزمەتكاریتیان و هەست بەوە ناكەن كە خۆیان بەهەموو شتێكەوە لە ژێر دەسەلاتی ئەو (زمانە ) دان. هەروەها دەبێ ئەوەش بوترێ كە (میشێل فۆكۆ ) زیاتر لەم مەسەلەیە بەردەوام دەبێت و زمان بەدەسەلاتی یەكەم و بالا ناوزەند دەكات، لێرەشدا (نووسەر ) هەرەس دەهێنێ و دەبێتە ئامێرێك بۆ خودی زمانەكە، ئا ئەمە وای كردووە، كە ڕەخنەی هاوچەرخ (جا چ ڕەخنەی وێنەیی، یاخود ڕەخنەی نوێ بێت ) زۆر بە توندی پێشنیاری (مردنی نووسەر )یان كردووە، بە جۆرێك كە (ڕەخنەی نموونەیی بالا ) تەنیا بە بەكارهێنانی ڕەمز ئاماژە بە مردن و نەمانی نووسەر دەكات، كەچی (ڕەخنەی وێنەیی ) بە شێوازێكی ڕاستەوخۆ ئاماژە بە دوورخستنەوەی نووسەر دەكات، دەربارەی (ڕەخنەی نوێ )ش، ئەوا بەهەمان شێوە هیچ گرنگیەكی ئەوتۆ بە نووسەر نادات، بەڵكو تەنیا جەخت لەسەر گرنگی دەق دەكاتەوە. . ئەگەرچی ئەو بۆچونانەی كە لەمەوپێش لەبارەی (نووسەر ) خستمانە ڕوو، تەنیا ئاماژە بۆ دوورخستنەوەی ڕۆلی نووسەر دەكەن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ هێمایەكن دژی ڕۆمانسیەت بەكاردەهێنرێت، چونكە ڕۆمانسیەت بە تەواوەتی لە پشتەوەی ئەم ڕەخنانەیە، بە جۆرێك كە ڕۆمانسیەكان بە شێوەیەكی گشتی گرنگیان بە (نووسەر ) و بەتایبەتی (شاعیر ) دەدا و، وایان لێ هاتبوو (ژیاننامەی كەسیەتی ) خۆیان دەكردە بەشێك لە بەرهەمە ئەدەبیەكان، كە هەر ئەمەش وای كرد (ئلیۆن ) سوور بێت لەسەر ئەوەی بلێت، كە شاعیران هیچ كەسایەتییەكیان نییە، دیارە ئەم هێرشەی (ئیلیۆن ) تەنیا (شاعیران ) ناگرێتەوە، بەڵكو هێرشەكەی فراوانە و گشت نووسەر و دانەرێك دەگرێتەوە. ئەگەر بێینە سەر (ڕەخنەی بونیادگەری )ش، ئەوا مەسەلەی دوورخستنەوەی نووسەر شتێكی حەتمییە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆلی سەرەكی بۆ خودی زمانەكەیە، كەچیش گۆڕەپان بۆ(خوێنەر ) خۆش دەكرێت و دەبێتە (نووسەرێكی نوێ ) و لە شوێنی نووسەری یەكەم جێگیر دەبێت.

. ئەگەر بێینە سەر زانستی مرۆڤایەتیش ئەوا دەبینین ئەم زانستە، تەنیا لەلایەنە پۆزەتیڤەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لایەنە نێگەتیڤیەکانیشی دەخاتە ڕوو، لەم بارەیەوە (لیفی ستراوس ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئامانجی زانستی مرۆڤایەتی تەنیا بریتی نییە لە پێکهێنانی مرۆڤ، بەڵکو توێنەرەوەیەتی. . واتە بە شێوەیەکی گشتی بەگوێرەی بیروڕای فەیلەسوفان و قوتابخانەکانی فەلسەفی و ڕەخنەیی و زمانەوانییەکان دەردەکەوێت، کە نووسەری ڕاستەقینەی هەر دەقێك، بریتییە، لە (خودی زمانەکە )، بەو واتایەی کە مرۆڤ و تاکە کەس خۆیان لە ژێر دەسەلاتی زمانەکەدا کاردەکەن و، ئەگەر زمان نەبێت، ئەوا تاکە کەس بوونێکی ئەوتۆی نابێت و شتەکان بەڕێوە نابات. .

***ئەم وتارە لە مانگنامەی بەدرخان، ژمارە (٦٧ ) (لاپەڕەی کەڵچەری بەدرخان )، چوارشەممە ٢٠٠٦/٣/٢٢، ل٤، بلاوکراوەتەوە.**

# کورد و زمانی ستاندەر

ماوەیەکە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کەوتۆتەخۆ بە مەبەستی دروستکردنی زمانێکی ستاندەر بۆ نەتەوەی کورد، کە گوایە ئەمڕۆ گەلی کورد لە کوردستانی عێراق خاوەنی دوو زمانی یەکگرتوو و ستاندەرە، یەکەکیان کرمانجی ناوەڕاست و ئەویتریان کرمانجی سەرووە. . دیارە گوومانی تێدا نییە کە ئەم مەسەلەیە هەر ئاوها نەهاتۆتە کایەوە، بەڵکوهەندێ باکگراوندی سیاسی لە دواوەیە. لە هەمان کاتیشدا هەڵەکە هەر هی ئەم وەزارەتە و لایەنە سیاسییەکانی پشت ئەم کارە نییە، بەڵکو دەمێکە چەند شارەزایەکی زمان و ئەدەبی کوردی تووشی هەمان هەڵە بوونە لەبارەی دەست نیشانکردنی زمانی ستاندەری کوردی. بۆ نموونە (د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ ) و (د.جەمال نەبەز )هەمان بیروڕایان هەیە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە (د. عیزەددین ) تا سەرئێسقان کەوتۆتە ژێر کاریگەری شاعیری گەورەی کرمانجی سەروو (ئەحمەدی خانی )، هەر ئەمەشە وای کردووە بڵێت کورد خاوەنی دوو زمانی ستاندەرە. واتە بابەتییانە بۆ مەسەلەکە نەچووە، بەڵکو زیاتر کەوتۆتە ژێر لایەنی (خودیەتی)، کە ئەمەش دوورە لە ڕووی لایەنی زانستییەوە.

دەربارەی (د. جەمال نەبەز )یش ، ئەوا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جەنابی دکتۆر خەون بە کوردستانی گەورە دەبینێ و لەمبارەشەوە ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی وەرگرتووە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی واقیعی هەرێمی کوردستان! واتە بە شێوەیەکی زانستیانە و واقعیانە دەمەوێ ئەوە بسەلمێنم کە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق خاوەن یەك زمانی ستاندەری کوردییە، ئەویش شێوەی سلێمانی کرمانجی ناوەڕاست، کە ئەمەش لە ڕووی واقیعەوە ماوەیەکی زۆرە پێگەی خۆی سەپاندووە و بۆتە زمانی فەرمی دامودەزگاکانی حکومەت و زمانی نووسین و کتێب و ڕۆژنامە و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن. تەنانەت هەردوو بەڕێزان مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بە شێوەی

کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی قسە دەکەن و دەنووسن، ئەگەرچی شێوەی قسەکردنی بنجیان کرمانجی سەرووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم شێوەیەی کرمانجی ناوەڕاست بۆتە واقعێك و بۆتە زمانێکی فەرمی و جێگەی خۆی لە نێو قسەپێکەرانی هەموو دیالیکتەکانی تر کردۆتەوە، تەنانەت دەمێکە نووسەری دیالێکتەکانی تر بەم شێوەیە دەنووسن، لەوانە (جگەرخوێن، نوورەددین زازا و کامیل حەسەن بەسیرو. هتد ). هەر بۆیەشە ناکرێ ئەم هەموو ئەرشیفە زۆرەی کرمانجی ناوەڕاست بەلاوە بنێین و پەنا بۆ سەرلەنوێ سازکردنی زمانێکی نوێ بدەین، چونکە لە هەموو دنیا چەسپێنراوە و سەلمێنراوە کە زمانی سروشتی یاخود بڵێین پەنا بردنە بەر شێوەیەکی زانستیانە و راستیترە لەوەی تۆ سەرلەنوێ هەوڵی سازکردنی زمانێکی تازەی ستاندەر بدەی، لەمبارەشەوە گەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە دەبینین کە زمانی عەرەبی بەهۆی دوو هۆکاری سەرەکی توانی زمانێکی ستاندەر بۆ خۆی سازبکات، یەکەمیان لە رێگەی بنەماڵەی (عەبد شەمس ) کە هەندێ لە کوڕەکانی خەریکی کاری بازرگانی بوون و هەندێکی تریشی خەریکی شیعر خوانی بوون. ئەو شێوەی کە قسەیان پێ دەکرد شێوەی قوڕەیش بوو، دواتریش کە قورئانی پیرۆز بەو دیالێکتەی قوڕەیش دابەزی، ئیتر بووە زمانی ستاندەر و زمانی یەکگرتووی هەموو نەتەوەی عەرەب، ئەگەرچی هەر وڵاتێکی عەرەبی لە ڕووی ئاخاوتنەوە شێوەی جیاجیای هەیە، بەڵام لە ڕووی نووسین و زمانی ڕاگەیاندنەوە یەك جۆر نووسین و زمانیان هەیە، هەربۆیەشە زمانی کوردی ئەگەرچی چەندین شێوەی جیاجیای هەیە، بەڵام یەکجۆر شێوەی نووسین و زمانی فەرمیان هەیە، کە ئەویش شێوەی ناوەڕاستە، دەوڵەمەند کردنیشی ئەرکی هەموو لایەکە و بەتایبەتیش کۆڕی زانیاری کوردستان، کە گەورەترین دەزگای زانستییە لە هەرێمدا، بۆیە ئەرکێکی قورسیان دەکەوێتە سەر لە رێگەی گشتاندنی یەکجۆر نووسین لە دامودەزگاکانی وڵاتدا.

- ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی نوێ، ژمارە (٤٧ )، چوارشەممە ٢٠٠٧/٨/١، لاپەڕە (١٧ ) بڵاوکراوەتەوە.

## ئەرك و گریمانەكانی زمان

زمان ئەو ئامێر و كەرەسەیە كە تاكەكانی نێو كۆمەڵگا بۆ لەیەكتر گەیشتنی یەكتر بەكاری دەهێنن، زمانیش تەنیا تایبەت نییە بە مرۆڤ، بەلكو گیانلەبـەران و كەرەسـەكانیش زمـانی تایبەتی خۆیان هەیە .

**١-زانیاریو هەواڵ گەیاندن:**

بە ئەركێكی سەرەكی زمان دادەنرێت، كە بەهۆییەوە مرۆڤ لە دەوروبەری خـۆی دەدوێ، واتە لێرەدا قسەكەر سەرچاوەی بڵاوكردنەوەی زانیاریوهەواڵە، لەم جۆرە قسەكەر دەیـەوێ بوونو نـەبوونی یـان ڕاسـتیو ناڕاسـتی دیاردەكـان پیـشان بـدات. لەهـەمان كاتیـشدا ڕستەكانی هەواڵ گەیاندن مەرج نییە هەر ڕاست بێت، بـەڵكو دەشـێ هەڵـەبێت، چـونكە لێرەدا ئەركی قسەكەر تەنیا گەیاندنی زانیارییە، وەكو:

**-هەنگوین شیرینە.**

**-ڕاستی خۆشە.**

**٢-پرسیاركردن:**

مەبەست لە پرسیاركردن دەست خستنی زانیارییە، بە واتای ئەوەی بەهۆی پرسیاركردنەوە قسەكەر دەتوانێ كەلێنێ یان چەند كەلێنێك لە زانیاری خۆیدا بەرانبەر دیاردەیەك پڕ بكاتەوە، لێرەدا قسەكەر زانیاری تەواوی لە بارەی شتێكەوە نییە، بەڵكو لە ڕێگەی پرسیارەوە ەدەگاتە زانیارییەكان، لەمەدا پرسیاركردن پێچەوانی هەواڵ گەیاندنە، چونكە لە ڕستەی هەواڵ گەیاندن قسەكەر زانیاری دەگەیەنێو بڵاودەكاتەوە و، سەرچاوەی زانیارییە، كەچی لە پرسیاركردندا گوێگر سەرچاوەی زانیینە، وەكو :

**-كەی سینەما بەتاڵ دەبێ؟**

**-ئایا ئەمڕۆ دەوام هەیە؟**

**٣-هەست دەربڕین:**

مەبەست لە هەست دەربڕین ئەوەیە کە قسەکەر هەستی خۆی بەرامبەر شتەکانی خۆی دەربڕێت. کە ئەمیش لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە.

سادەترین جۆری هەست دەربڕین لەو گوتنانەدا دەردەکەوێ کە سەرسوڕمانی تێدایە، وەك:

ئۆف! ئەوە چەند جارە پێی دەڵێم وا مەکە.

**ئاخ دەستم نایگاتێ.**

**٤-هەست وروژاندن:**

مەبەست لە هەست وروژاندن ئەوەیە کە کەسێك یاخود قسەکەر هەستی ئەوانی تر بوروژێنێت، یا دڵی خۆشبکات یا راپیەڕێنێ. ئەم بەکارهێنانەی زمان لە نوکتە گێرانەوە و پڕوپاگەندە و تراژیدیا زۆرتر دەردەکەوێ، وەکو وتاری بەرپرسێکی سیاسی یان کەسێکی ئایینی زۆر کاریگەر دەبێ بە سەر کەسانی ترەوە، وەك:

**ئەوەی نوێژ نەکات ناچێتە بەهەشت.**

**٥- فەرماندان:**

لێرەدا قسەکەر داوا لە گوێگر یان کەسێك دەکات بە ئەنجامدانی یاخود کردنی کارێك، وەکو:

**-پەنجەرە داخە.**

**-نانەکە بخۆ.**

واتە قسەر بڕیاردەری کارەکەیە، بەڵام گوێگر دەبێ جێبەجێی بکات.

**٦-ڕاپەڕاندن:**

مەبەست لە ڕاپەڕاندن ئەوەیە کە قسەکەر خۆی بە ئەنجامدانی کارەکە هەڵدەستێ، واتە لێرەدا ڕاپەڕاندن پێچەوانەی فەرماندانە، چونکە لە فەرماندان قسەکەر داوای لە گوێگر دەکرد کارێك بکات، کەچی لێرەدا خۆی بە کارەکە هەڵدەستێ، وەکو:

-سوێند دەخۆم کە ڕاستی بڵێم.

-بەڵێن دەدەم ئەم کارە بکەم.

**٧-جێ خۆشکردن:**

ئەم ئەرکە لەو ئەرکانەیە کە زۆر بڵاوە و لە هەموو ئەرکەکانی تر سادە و ساکارترە، کە ئەرکی‌ی کۆمەڵایەتیشی پێ دەوترێ، زیاتر لەوگوتنانەدا دەردەکەوێ کە ڕۆژانە بەسەر زاری هەموو کەسێکەوە بەکاردێ، کە ئەمەش بۆ مەبەستی خۆ بردنە پێشەوە و شوێن خۆشکردنو خۆچەسپاندن لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، وەك بۆ سڵاوکردن (خواحافیزی‌و چاكو چۆنی ) بەکاردێن، نموونە:

چۆنی، چاکی، باشی، شەوباش، سوپاس، شەوێکی شاد،خوات لەگەل.

## گریمانەکانی پەیدابوونی زمان

لەو کاتەی کە زمان پەیدابووەو تا بە ئەمرۆ دەکات، گومانی تێدا نییە کە بەچەندین قوناغی جیا جیا دا تێپەڕیووە، لەم بارەشەوە زمانەوانانو شارەزایان خۆیان بە گیرو گرفتو سەرەتاکانی پەیدابوونی زمان تەرخانکردووە، بەهۆیەوە. کۆمەڵێ گریمانە هاتۆتە کایەوەو هەریەکە هەوڵدەدات سەرەتای پەیدابوونی زمان بۆ گریمانەکەی خۆی کێش بکات.

لێرەدا بەکورتی هەندێ لە گریمانەکانی پەیدابوونی زمان دەخەینە ڕوو:

**١-گریمانەی یەکەم، زمان کردەیەکی خواییە**

ئەم گریمانە پێی وایە کە زمانی ئادەمیزاد بەخشینێکی خواییە، واتە زمان لەلایەن خواوە هاتۆتە خوارەوە و خەڵکی فێر ئاخاوتنو ناوی شتەکان کردووە، هەر بۆیەشە زۆر لەشارەزایانی زمانەوانان لەسەر ئەو باوەڕەن کە زمان لەلایەن خواوە بە مرۆڤ بەخشراوە، هەروەکو فەیلەسوفی یۆنانی (هێراکلیت )و لێکۆڵەری زمانی عەرەبی(ئیبن فارس ) لە کتێبی (ئەلخەسایس ) و(لامی ) لە کتێبی(هونەری قسە ) و دۆبونالد لە کتێبی

(تەشریعی کۆن ). هەمدیسان کتێبە پیرۆزەکانی (تەورات، ئینجیل، قورئان ) ئەم راستییە دووپات دەکەنەوە لە بەخشینی زمان وەکو کردەیەکی خوایی.

موسڵمانەکان بەگشتی بۆ سەلماندنی قسەکانیان پەنا بۆ قورئانی پیرۆز دەبەن، بەتایبەتی ئایەتی:**" وعلم ادم الاسماء كلها. "** واتە (ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کردووە )، لێرەدا هەندێ لە شارەزایان ئەم ئایەتە بە جۆرێکی تر لێکدەدەنەوە و دەڵێن: "خوای گەورە توانای دانانی واژەی بەئادەمیزاد داوە".

هەروەها ئیبن جونەیی لەکتێبی(ئەلخەسایس ) ئاماژەیبە ڕاستی ئەم گریمانە کردووە، هەروەها هەندێکی تر پیشتیان بە شتی تر بەستووە و دەڵێن: خوای گەورە کاتێ گشت ئاژەڵەکانی کێڵگە و باڵندەکانی ئاسمانی لەقوڕ دروست کرد، لەدواییدا خستییە بەردەم ئادەمەوە، داخۆ چۆن ناویان دەبات، هەر بۆیەشە ئادەم ناوی بۆ هەموو ئاژەڵەکانو باڵندەکانو ئادەمیزادەکان داناوە. واتە (ئادەم ) یەکەمین کەسە کە فێری زمان بووە، لەبارەی ئەو زمانەی (ئادەم ) فێری بووە، دوو بۆچوون هەیە، یەکەکیان دەڵێت فێری زمانی (عیبری ) کردووە، کە زمانی جوولەکەیە، بەڵام هەندێکی دیکە دەڵێن زمانی عەرەبییە، چونکە زمانی دوایی زمانی عەرەبییە. ئەوانە ئەم بۆچوونەیان هەیە، ئەمانەن:

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسو ئەنەسی کوڕی مالیك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د. خ ) و لە ناو شارەزایانیو شوێنکەوتووانی (ئەبو شەهابی زوهەری )و (ئیبن مەنزور و ئیبن فارس ) دان بەڕاستی ئەبەلگەشیان چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د. خ )، لەوانە:

ئەبوو هورەیرە لە پێغەمبەری خواوە دەگێرێتەوە کە پێغەمبەر(د.خ ) فەرموویەتی:

**"احبوا العرب لثلاث: لاني عربي والقران عربي ولسان اهل الجنة عربي"**. کەچی هەندێکی تر پێیان وایە زمانی عیبری یەکەم زمانی مرۆڤە، کەئەویش زمانی جولەکەکانە.

**٢-گریمانەی دووەم، ڕێککەوتن**

ئەم گریمانە باوەڕی وایە کە زمان کردەی مرۆڤە، بەو واتایەی مرۆڤ دایهێناوە، بەمەشەوە تاکەکانی نێو کۆمەڵ لەسەر وشە و زاراوەکان ڕێککەوتن کە چ جۆرە ناوێکی بۆ دابنێن، واتە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بە(بەرد ) بڵێن(بەرد ) و بە(دار ) بڵێن (دار )و. . هتد. لەهەمانکاتیشدا هەر زمانێك شێوازی ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ زمانێکی تر جیایە.

ئەوانەی ئەم گریمانەیان داناوە و باوەڕیان پێی هەیە، بریتین لە فەیلەسوفی یۆنانی دیموکراتو فەیلەسوفەکانی ئینگلیزی(ئادەم سیمس) و (رید )و (دوگالد ستیورات ).

**٣-گریمانەی سێیەم، غەریزەی تایبەتی**

ئەم گریمانە پەیدابوونی زمان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەر غەریزەی تایبەتی، کە لە بنچینەدا هەموو ئادەمیزادێك هەیەتی، بۆ نموونە لە کاتی سروشتی هەڵچوونی ئادەمیزاددا وەك(تێکچوونی دەمو چاو، وەستانی پرچی سەر، پێکەنین، گریان، . تد ). کە وا لە تاکەکەس دەکات کە بەهەندێ جولانەوە هەڵسێ‌و هەندێ دەنگی تایبەتی دەربڕێ، ئەمەش هەر کە حالەتێکی هەڵچوون ڕوودات، وەك : (توڕەیی، ترس، دڵتەنگی، دڵخۆشی )، ئەم دەربڕینانەش لە هەمووکەسێکدا هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە وشە و ڕێگای دەربڕینی وشە لای ئادەمیزادی یەکەم وەکو یەك بووە، ئەوانەی لەسەر ئەم گریمانە دەڕۆنو باوەڕیان پێی هەیە، بریتین لە (ماکس مۆلەری زانای ئەڵمانی ) (ڕێنانی ) زانی فەرەنسی.

**٤-گریمانەی چوارەم، دەنگە سروشتیەکان**

هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە کە زمانی ئادەمیزاد لە دەنگەکانی سروشت پەیدابووە، واتە(دەنگەکانی ئاژەڵ، ئەو دەنگانەی بەهۆی لێدانو بڕینو شکانو پەیدادەبن، دەنگی هاژەی ڕووبار و بروسك. هتد). هەریەك لەمانە کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر مرۆڤ، بەهۆیەوە توانیوەییەتی فێری زمان بێت. ئەوانەی لەسەر ئەو باوەڕەن کە زمانی مرۆڤ لە دەنەکانی سروشتەوە پەیدابووبێ، لەوانە (وتنی )و (ئبین جونەی ) زانای عەرەبیش ئەم مەسەلەیە دووپات دەکاتەوە.

دیارە ئەم گریمانەیە کەم و کوڕی زۆرە، لەوانە ئەگەر مرۆڤ لە سەرەتاوە بەهاژەی رووبار یان هەر جۆرە دەنگێکی تر فێری زمان بووە، ئەی چۆن گیاندارەکان فێری هەمان زمانی مرۆڤ نەبوونە. هەروەها وەکو دەزانین دەنگی سروشتی لەهەر کوێی جیهان بێت، هەمووی یەك جۆرە دەنگە، ئەی بۆ مێرۆڤەکان فێری زمانی جیاواز بوونە؟ بۆچی هەموویان بەیەك شێواز قسە ناکەن.

**٥- گریمانەی پێنجەم، کۆمەڵایەتی**

لایەنگیرانی ئەم گریمانە باوەڕیان وایە کە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، واتە تایبەتە بە کۆمەڵ وکۆمەڵگا، لە هەمان کاتیشدا ئەوەش ڕوون دەکەنەوە کە هیچ مرۆڤ و کۆمەڵ وکۆمەڵگاییێك نییە بێ زمان بێ، واتە تا مرۆڤ تێکەڵ بە کۆمەڵ نەبێ، ئەوا ناتوانێ فێری زمان بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی مرۆڤ شتێکی وەرگرە و ناچێتە حاڵەتی بۆماوەیی. لەم بارەشەوە زمانەوانان بۆ سەلماندنی قسەکانیان چەندین تاقیکردنەوەی واقعییان ئەنجام داوە و بۆیان دەرکەوتووە کە ئەگەر مرۆڤ تێکەڵ بە کۆمەڵگا نەبێ ئەوا ناتوانێ بەهیچ شێوەیەك قسە بکات.


__ژێدەرەکان__

١-زبیر بیلال اسماعیل، مێژووی زمانی کوردی، وەرگێرانی یوسف ڕەئووف عەلی، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٨٤.

٢-محمد معروف فتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠.

٣-د. عەبدولواحید ئەلوافی، زانستی زمان، وەرگێڕانی د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، هەولێر ٢٠٠٧.

٤-عیزەددین مستەفا ڕەسول، بۆ زمان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥.


***ئەم وتارە لە گۆڤاری (زانکۆی نوێ ) ژمارە (٢٦)، تشرینی دووەم – کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ ،ل ١٥-١٦ بلاوکراوەتەوە .**

# کاریگەری پیتەکانی زمانی عەرەبی لە سەر شێوازی نووسینی کوردی

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە زیندووەکانی هیندۆئەوروپی و لقێکە لە گروپی ئێرانی، ئەم زمانە ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا لە سەر شێوازی ڕێنووسی عەرەبی دەڕوات و پێی دەنووسرێت، کە ئەمەش خەوش و عەیبێك نییە، بەڵکو حاڵەتێکی ئاساییە بە نسبەت زمانەکەوە.

ئەگەر چی پیتەکانی زمانی کوردی لە پیتەکانی زمانی عەرەبی زیاترە، کە خۆی لە (٣٧) پیت دەدات و بە سەر(٨ ) بزوێن و (٢٩) نەبزوێن دابەش دەکرێت، زمانی عەرەبیش خۆی لە (٢٨ ) پیت دەدات و بە سەر پیتی ڕۆژی (الحروف الشمسیە ) و (١٤ ) و پیتی مانگی (الحروف القمریە) (١٤ ) دابەش دەکرێت

ئەوەی لێرەدا گەرەکمە ئاماژەی پێ بکەم، کاریگەری پیتەکانی عەرەبی لە نێو ئاخاوتن و نووسینی کوردییە، هەندێ لە پیتەکانی (ع، ص، گ، چ، ژ، ) بە تەواوەتی لە نێو ئاخاوتنی زمانی کوردیدا بوونیان هەیە، ئەگەر چی پیتی (ع ) بۆتە یەکێك لە پیتەکانی کوردی، بەڵام لە بنەچەدا پیتێکی عەرەبییە، بەڵگەش بۆ ئەمە زۆربەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی، بە تایبەتی شێوەزاری سۆرانی (کە تەواوی پارێزگاری هەولێر دەگرێتەوە ) و شێوەزاری موکری (کە شارەکانی کوردستانی ئێران و دەڤەری پشدەری کوردستانی عێراق دەگرێتەوە ) تێکەلاوییەکی زۆر لە نێوان هەدوو پیتی (ع ) و (ح ) دەکەن، واتە گۆکردنی پیتی (ع ) بە نسبەت کورد گرانە، چونکە لە بنەچەدا ئەم پیتە لە سازگەی دەنگی کوردی جێگیر نەبووە، هەمدیسان پیتی (ص ) کە پیتێکی ڕەسەنی زمانی عەرەبییە، کەچی لە ئاخاوتنی زمانی کوردی دەردەکەوێت، بە تایبەتی لە گۆکردنی وشەکانی (ساڵ، سەد، سەگ ) پیتی (س )ی کوردی تەنها بە شێوەی نووسین بوونی هەیە، ئەگەر نا لە ئاخاوتندا دەنگی (ص ) لە خۆی کۆ دەکاتەوە، واتە لێرەدا دەنگی (س ) بۆتە (ص ).

هەر ئەمەشە وای کردووە کە زۆر وشەی عەرەبی بهێنە نێو زمانی کوردی و، هەمان شێوەی دەربڕینیان هەبێت، وەکو (حاچر، حاج، حاشا، حال، حکومە، حرام، حق، حلال، حمام، حیا، . ) کە لە بەرانبەریاندا وشەکانی (حازر، حاجی، حاشا، حاڵ، حکومەت، حەرام، حەق، حەلال، حەمام حەیا، . ) بەکار بێت، نابێ لە بیرشیمان بچێت کە زۆربەی وشەکانی ئایینی (مەبەستمان ئایینی پیرۆزی ئیسلامە ) کە لە زمانی عەرەبی وەکو خۆی وەرگیراون و هاتوونە نێو زمانی کوردی، ئەگەر چی هەندێ لە وشانەی زمانی عەرەبی کە هاتوونەتە نێو زمانی کوردی، زاراوەی کوردیمان لە بەرانبەری دانـاوە، کە بەداخەوە بەکار ناهێنرێت و بەشێکیان داتاشینی وشە لە شوێن خۆی نییە، وەکو وشەکانی (زەکات، حەج، شەهادە)

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بە سەرچاوەی دانانی زاراوە بکەین، کە لە هەمو وڵاتانی دونیا دەزگایەکی گەورە هەیە بۆ دروستکردنی زاراوە، بە تایبەتی ئەمڕۆ کە بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، رۆژانە چەندین زاراوە و وشەی نوێ دێنە گۆڕەپان، کە ئەمەش پێویستی بە سازکردنی وشەی بەرانبەری هەیە بۆ ئەو زمانانەی کە هەمان وشە بەکار ناهێنن، بەڵام بە داخەوە ئێمەی کورد لەم بوارەدا زۆر هەژارین، خوالێخۆشبوو (مەسعوود محەمەد ). لە کتێبی (زاراوەسازی پێوانەیی ) هەوڵی داوە تاقیکردنەوەیەکی گەورە لە دروستکردنی زاراوەی نوێ بهێنێتە کایەوە، بەڵام لە کەموکوڕی بەدەر نەبووە، خۆزیا کورد چەند کەسێکی وەکو (مەسعوود محەمەد)ی دەبوو، کە لەم بوارەدا کاری دەکرد، بەڵام دیسان بە داخەوە!.

هەروەها کۆڕی زانیاری کوردستان کە بەناو گەورەترین دەزگای زانستییە، کەچی لەم بوارەدا کەمتەرخەمە، ئەگەر چی رەحمەتی (شوکر مستەفا ) کاتی خۆی چەندین وشەی نوێی هێنایە نێو زاراوەکانی کوردیمان، بە جۆرێك کە بە سەر دەزگاکانی دیکەی حکومی و ناحکومی دابەش دەکرد، بەڵام ئەمیش چووە ریزی کۆچکردووانەوە، دیارە قەدر بۆ ئێمەی کورد ئەوەیە کە کەسانی زیرەك. فەیلەسوف زوو ماڵئاوایمان لێ بکەن.

حاڵەتێکی کە دەمەوێ لێرەدا بیخەمە ڕوو ئەوەیە، کە هەرگیز هەڵە بە هەڵە چارەسەر ناکرێ، واتە بە داخەوە ئەمڕۆکە لە هەندێ لە راگەیاندنەکانی کوردیدا لە جیاتی پیتی (ع ) پیتی (ئـ ) بە کاردەهێنن، واتە لە جیاتی وشەکانی (عیراق، عەقل، عاست) وشەکانی (ئێراق، ئەقل، ئاست )بە کار دێت، ئەگەر چی لەوانەیە بۆ ئەم وشانە بگونجێت، بەلاّم ناکرێت بۆ هەموو وشەکانی دیکەی زمانی کوردی پەیڕەوی بکەین، واتە ناکرێت لە جیاتی (عەولاّ، عەبدولاّ، عادل، عومەر، عوسمان، عەلی، . ) وشەکانی (ئەولا، ئەبدولاّ، ئادل، ئومەر، ئوسمان، ئەلی...ز ) بەکار بهێنین، ئەگەر چی ئەم وشانە لە بنەچەدا وشەی عەرەبین، بەلاّم کاتێ دێنە نێو زمانی کوردی، ئەوا بە پیتەکانی زمانی کوردی دەنووسرێن و بەرگێکی کوردی دەپۆشن، واتە ناکرێ (ع ) بۆ (ئـ ) لەم وشانەدا بگۆڕدرێت.

لە کۆتایدا دەبێ دان بەوە دا بنرێت کە زمانی کوردی کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی، بە تایبەتی کاریگەری پیتەکانی زمانی عەرەبی، چارەسەر کردنیشی کارێکی سانا نییە، بەڵکو پێویستی بە شەونخوونی و ماندووبوونێکی گەورە هەیە، بە تایبەتی دۆزینەوەی کەسی شارەزا و پسپۆر لەم کارەدا، چونکە بە داخەوە تاکو ئێستا کەسانێکی وەکو (مەسعوود محەمەد ) و (شوکر مستەفا ) دروست نەبوونە و لەوەش دەترسێم کە دروست نابن.

***ئەم وتارە لە گۆڤاری (زانکۆی نوێ ) ژمارە (٢٤)، ئابی ٢٠٠٧ ،ل ١٣بلاّوکراوەتەوە .**

# زمانەوانی

## بەرگی دووەم

## (واتاسازی)

سەلام ناوخۆش نەریمان خۆشناو

چاپی یەکەم ٢٠٠٨

* ناوی کتێب: زمانەوانی

* نووسینی: سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو

* نەخشەسازی: شاخەوان عەزیز

* بەرگی دووەم : واتاسازی

* چاپ: یەکەم

* چاپخانە :چاپخانەی منارە

* تیراژ:١٠٠٠ دانە

لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( ١٩٣٣ )ی ساڵی ٢٠٠٨ی پێدراوە

.

## ناوەڕۆك

دەستپێك
دەروازەی یەکەم
تیۆرەکانی واتا
٧- تیۆری ناولێنان
٨- تیۆری سێگۆشەی هێمایی
٩- تیۆری زەین یان هۆشەکی
١٠-تیۆری ڕەفتارناسی
١١-تیۆری کێڵگە واتاییەکان
١٢-تیۆری شیکاری
ڕێسا واتاییەکان و ئەدگارە واتاییەکان
یەکەم : هەڤدژ
دووەم : هایپۆنیمی
سێیەم : هاوواتا
چوارەم : فرەواتا
لێڵی لە زمانی کوردیدا
٤- چەمکی لێڵی
٥- ژێدەرەکانی لێڵی
٦- جۆرەکانی لێڵی
دەروازەی دووەم
واتاسازی
١ـ واتای واتا
٢ـ سێ بۆچوون بۆ واتا:ـ
٣ـ واتاسازی هاوچەرخ

٤ـ هەستکردن وەکو دژکارێکی سەرچاوە

٥ـ پانتاییە واتاییەکان

٦ـ بونیادو چەمکی (یەکەی واتایی)

٧ـ کێڵگەکانی واتا

٨ـ پەیوەندییە هەستییەکانی واتا

اـ هاوواتا

ب ـ گرتنەوە

ج ـ دژواتا

دـ وێکنەچوو

وـ هاوبەشی یەکە واتاییەکان

٩ـ جیهانی بوونەکانی ڕەنگ و یەکە واتاییەکانی

١٠ـ بەراووردکاریەکانی وشەکانی خزمایەتی

١١ـ (نیشانە وجێناوەکان)

١٢ـ هاوبێژی

١٣ـ پێکهاتە واتاییەکان

١٤ـ واتای ڕستە

١٥ـ ڕێزمان یاخود واتا؟

تیۆرەکانی واتا

١ـ تیۆری هێما

٢ - تیۆری ڕەوشتکاری

٣ - تیۆری بەکارهێنان

٤ـ تیۆری کێڵگە واتاییەکان

٥: تیۆری شیتەڵکاری پێکهاتەیی واتا

٦: تیۆری کارەکانی ئاخاوتن

٧-تیۆری دانراوی لۆجیکی لەمانادا

٨-تیۆری پراگماتیکی

٩- تیۆری مۆر

١٠- تیۆری کواین

## دەستپێك

به پشتیوانی خودای گەورە وەکو به لێنمان پێدان ، توانیمان بەرگی دووەمی پەرتووکی (زمانەوانی ) بخەینە بەردەستی ئێوەی خوێنەران ، کە بەداخەوە تا هەنووکە کتێبخانەی کوردی بە کەمی سەرچاوەی زانستییەوە دەنالێنێت ، کە ئەمەش گرفتێکی گەورەیە بەنیسبەت خوێنەرانی دوای ڕاپەرین ، چونکە زۆربەیان جگە لە زمانی کوردی هیچ زمانێکی تر نازانن ، کە ئەمەش زەنگێکی خەتارناکە بۆ ئێمەی کوردی لکێنراوی عێراقی عەرەبی .

ئەم کتێبە لە دوو دەروازە پێکهاتووە ، هەردوو دەروازەکەش زۆربەی لایەنە گرنگەکانی واتاسازی دەگرێتە خۆ . دەروازەی یەکەم کە لەلایەن (پ.ی.سەلام ناوخۆش) ئامادەکراوە و چەندین لایەنی واتاسازی گرتۆتەخۆ ، کە بە بابەتی تیۆرەکانی واتا دەست پێدەکات و بە بابەتی لێڵی لە زمانی کوردیدا کۆتایی دێت .

دەروازی دووەم کەلەلایەن منەوە ئامادەکراوە ، زۆربەی بابەتەکان وەرگێڕدراون ، کە بەبابەتی واتاسازی دەست پێدەکات و بەببەتی تیۆرەکانی واتاسازی دوماهی دێت .

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم پەرتووکەدا ئەوەیە ، کە ناونیشانی هەندێ بابەت دووبارە دەبێتەوە ، کە ئەم دووبارەبوونەوەیەش وەنەبێ پیوەندی بە لایەنی بێئاگاییەوە بێت ، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە خوێنەر زیاتر زانیاری لە بارەی ئەو بابەتانەوە پەیدابکات .

لە دوماهیدا بەڵێنی ئەوەش بە خوێنەرانی کورد دەدەین کە بەرگەکانی تری زمانەوانی دوای ئەم بەرگە یەك لە دوای یەك چاپدەکەین و دەیخەینە بەردەستی ئێوەی بەرێز ، بە هیوای سوود بەخشین .

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر
٢٠٠٨ /١٠/١

# دەروازەی یەکەم

# تیۆرەکانی واتا

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لەشەش تیۆری واتا دەکۆڵێتەوە. تیۆری ناولێنان کە وەك تیۆرێکی واتایی بۆ کراتیلۆس و ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە. ئەم تیۆرە پێشبینی ئەوە دەکات کە (وشە و شت) لەپێوەندییەکی ڕاستەوخۆدان. لەپاش ئەم تیۆرە چەندان تیۆری تر لەمێژووی زمانەوانیدا دەرکەوتن وەك تیۆری سێگۆشەی هێمایی، تیۆری هۆشەکی، تیۆری ڕەفتاری و تیۆری کێڵگە واتاییەکانی، هەروەها تیۆری شیکاری.

ئەم نووسینە هەوڵ دەدات بەکورتی لەهەریەك لەم تیۆرانە بدوێ و لایەنی چاك و خراپی هەر تیۆرەك بخاتەڕوو.

## تیۆرەکانی واتا ـ Theories of Meaning

لەمێژووی زمانەوانیدا چەندان تیۆر لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ دیارکردن و شرۆڤەکردنی جۆری پێوەندی نێوان (وشە) و (شت)، یان ((واتای وشە)) و ((بوونی فیزیکی شتەکە)) پێشکەش کراون. جیاوازی تیۆرەکانی تاڕادەیەکی زۆر پەیوەست بووە بەجۆری پێوەندیەکە، یان هەبوونی و نەبوونی پێوەندیەکە. ((وشە) و ((بوون)) دوو یەکەی پڕ ئارێشەن، بەپێناسەیەکی تاکلایەنە شرۆڤە ناکرێن. دەبێ چ وشە بێ و چ وشە نەبێ؟! بەخۆ دوورگرتن لەو هەموو ئاخاوتن و گوتەیەی کە منداڵ گۆی دەکات، یان ئەوەی هەندێ گیانەوەر دەری دەبڕێ، یان لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە، وشە وەك یەکەیەکی زمانەوانی چەندان پێناسەی بۆ کراوە. لەپێناسەیەکدا هاتووە: ((وشە بچووکترین پێکهاتەی ئاخاوتنە کە دەتوانێ بەتەنیا بەکاربێت))(١) بەگوێرەی ئەم

پێناسەیە هەر وشەیەك توانای ئەوەی نەبێ بەتەنیا بەکاربێ وشە نییە! ئەم پێناسەیە چەندان وشەی فەرهەنگی و ڕێزمانی بە ((وشە)) دانانێ. لەپێناسەیەکی تردا هاتووە: ((هەر وشەیەك لەبووندا بتوانرێ گۆ بکرێ و واتای هەبێت، ئەوە وشەیە!)). ئەم پێناسەیەش کێماس خۆی هەیە، چونکە تەنیا لایەنێکی زمانی وەرگرتووە تەنیا جەخت لەسەر ئاخاوتن دەکات. لەلایەکی تر پرۆفیسۆر چارلز هۆکێت باوەڕی وایە کە ((وشە بریتییە لەهەر بەشێکی ڕستە کە بەچەندان خاڵ دەورە دراوە، لەهەر خاڵێکدا کە وەستان Pause مومکین بێت وشەی نێوان دووخاڵەکە وشەیەلەم ڕستەیەی خوارەوەدا: نەوزاد کوژرابوو.

شەش وشە هەیە.

لەبەشەکانی ئاخاوتندا Parts to speech وشە چەندان شێوەو ئەرکی هەیە. لەکوردیدا دژوارە شێوەی وشە تاکە هۆکاربێت بۆ ناسنامەی مۆرفۆلۆژی وشەکە. لەم هەموو بەشانەی ئاخاوتن (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان، فرمان... تاد.) تەنیا جۆرێکی ناو ئەو توانا واتاییەی هەیە لەگەڵ ئەو شتەی لەبووندا دەینوێنێ. (لەپاشان ئەمە دەردەکەوێ).

بوون خۆی لەچوارجۆر دەردەکەوێ، بوونی عەینی، بوونی بێژەیی، بوونی پیتی، هەروەها بوونی سوونەتی. ئەو هەموو بوونە لەپێوەندیدان. لەڕوانگەی هەندێ تیۆرەوە پێوەندیەکە لەگەڵ وشە ڕاستەوخۆیە. لەنەزەر هەندێکی ترەوە هیچ جۆرە پێوەندییەکی موتلەق لەئارادانییە. هەندێکی تر جەخت لەسەر هەبوونی پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆ دەکەن و ((هزر)) دەکەنە فاکتەری بەیەکتر گەیاندنێکی ناڕاستەوخۆی ئەو دووە.

**تیۆرە سەرەکییەکان**

## ١ـ تیۆری ناولێنان Theory to Naming

لەبەرایی ئەفراندنی ئادەمدا، فریشتەکان ترسیان لێنیشت.زەنیان وابوو کە ئادەم و نەوەکانی ئادەم گەردوونی خودا تێك دەدەن. ئەو ئەدگارەی لەئادەم هەبوو، نە لە فریشتە هەبوو نە لەجنۆکە. ئادەم وا پرۆگرام کراوە کە توانای Competence ناولێنانی شتی هەیە. هەر ئەم توانایەش فریشتەکانی بێدەنگ کرد.

لەتەورات و قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە ڕووەك و گیانەوەر لەپێش هەبوونی ئادەمی مرۆڤدا هەبوون. جا بۆ ئەوەی هەر شتە (ڕووەك، گیانەوە) ناوێکی هەبێ، خوای گەورە داوای لە ئادەم کرد، کە وشەیەك ـ ناوێك ـ بۆ ئەو شتانە دابنێ.(٢)

ئەم پێوەندیە ڕاستەوخۆییەی نێوان ((وشە ـ ناو)) و ((شت)) لەدایەلۆگی کراتیلیۆس ئەفلاتووندا ئاماژەی بۆ کراوە. لەکراتیلیوس ـ دا ئەفلاتوون ئاوا پێناسەی زمان دەکات:.... زمان بریتییە لەسیستەمێکی پێوەندیکردن کە لەسەر دوو ڕەگەز کار دەکات ئەویش دال ـ Signifier و Signified ـ مەدلوول ((ن)). بەگوێرەی ئەم تیۆرە هەریەك لە (دال و مەدلوول))، یان ((هێما)) و ((واتا)) و ((ناو)) و ((شت)) ((بوونی بێژەیی)) و ((بوونی فیزیکی لە پێوەندیەکی یەك بەیەکی ڕاستەوخۆدان.

لەڕوانگەی ئەفلاتوونەوە ((دال)) بریتییە لە (وشەی)ی زمان و هەرچی (مەدلوول) ە، بریتییە لەو شتەی لەجیهانی دەرەوەدا وشەکە دەینوێنێ. بەگوێرەی ئەم تیۆرە (وشە) و (ئەو شتەی دەینوێنێ) لەپێوەندییەکی ڕاستەوخۆدان. لەنەزەری (دی سۆسێر) وشە پێك هاتووە لەدوو بەش: (شێوە) و (واتا) بەو پێودانگە، ئاخاوتن دەرئەنجامی پرۆسەیەکی هێماکاریەو واتاسازیش خۆی لەو پێوەندیەی نێوان (هێما) و (واتا) دەدوێ. وێست فرێد (١٩٨٧ : ١٤٨) باوەڕی وایە (ئەگەر پێوەندیەکی یەك

بۆ یەکی (ڕاستەوخۆ) لەنێوان (هێما ـ وشە) و (ژێدەر ـ شت) هەبێت، ئەوا واتاسازی و پێوەندیکردن دەبنە پرسێکی زۆر سادە).

لەلایەکی تر ئەم تیۆرە (ناوێك) و (شرۆڤەیەکی تر)ی لێبۆتەوە، ئەویش سەلماندنی (ڕاستی)یە هۆرسێی (٢٠٠١ : ٧٨) دەنووسێ کرۆکی ئەم تیۆرە ( Truth – Conditional semantics) بریتییە بۆ ئەوەی بزانی ڕستەکە مانای چییە پێویستە بزانین کە چ (شت) وەك ئەو وایە هەتا ڕستەکە (دروست) بێ.

ئەم تیۆرە چەندان کێماسی لەخۆ دەگرێ کە دەکرێ لەچەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە.

١ـ ئەم پێوەندییەی نێوان (فۆرم) و (واتا)، یان (بوونی بێژەیی) و (بوونی عەینی ـ فیزیکی) تەنیا لەهەندێ ناوی تایبەت بەرجەستە دەبێ. واتا ئەم تیۆرە هەتا هەموو جۆرەکانی ناویش لەخۆ ناگرێ.

**سەبارەت بەناوی مرۆڤەوە**


(بەفرین) وەك ناو بەکەسێك ـ کچێك ـ دەوترێ کە جوان و سۆرو سپی بێت. (چاوشین) بەکەسێك دەوترێ کە هەردوو چاوی شین بن. لەمەو زۆری تردا بوونی بێژەیی و عەینی وەك یەکن، یان لەیەك دەچن، بەڵام هەندێ ناوی (نا ـ تایبەت) ئەو دوو بێژەیان وەك یەك نییە و زۆر لەیەك جیاوازن: (ئاگر) وەك بوونێکی بێژەیی زۆر جودایە لەبوونە عەینییەکەیدا. وێڕای ئەمەش ناوی مەعنەوی، هەروەها هەندێ ناوی ناو ئەفسانەو ئەوانەی لەجیهانی ئێمەدا نابینرێن ناویان هەیە، بەڵام بوونی فیزیکیان لەجیهانی ئێمەی مرۆڤدا نییە، بۆیە ئەم دووە (دال ـ ناو) و مەدلول ـ شت) تەنیا لە هۆش و زەیندا یەکتر دەنوێنن.

٢ـ ئەوانەی لەبووندا هەن، زیاتر ناون، لەم ڕوانگەیەوە ئەستەمە دەرك بەهیچ پێوەندیەکی فیزیکی لەنێوان بەشەکانی تری ئاخاوتن وەك ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و فرماندا بکرێ. لێرەدا دال و مەدلوول بەدەر ناکەون.

٣ـ ئەم تیۆرەی ئەفلاتوون زیاتر لەسەر بنەمایەکی سروشتیدا دامەزراوە، چونکە تەنیا دەنگەکانی سروشت لەگەڵ ئەو شتانەی دەینوێنن لەپێوەندیدان، هەروەها سەبارەت بەناولێنانەوە، ئەوە خۆیا دەبێ کە هەبوونی پێشوەختەی شتێك مەرج بووە بۆ ئەوەی ناوێکی بۆ بەکاربێت. تیۆرەکە تەنیا لەمەدا توانای شرۆڤەکردنی هەیە، بەڵام لەمێژووی ناولێناندا (تابو) ئارێشەیەکی تر بۆ ئەم تیۆرە دروست دەکات ئەوەتە لەکولتووری چەندان گەلاندا هاتووە کە باوك و دایکان ناوی ناشیرین و نالایەق بەمرۆڤیان لەمنداڵەکانیان ناوە بۆ ئەوەی لە (چەپۆکی شەوە!) ڕزگاری بکەن.(٣)


## ٢ـ تیۆری سێ گۆشەی هێمایی

زۆر توێژەر، بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی پێوەندی فۆرم و واتا، یان دال و مەدلوول، چەندان تێرم و زاراوەیان بەکارهێناوە. زۆربەی ئەو توێژەرانەش سێگۆشەیەکی هێماکاریان بەکارهێناوە. هەرسێ پنتەکەی سێ گۆشە ABC چەندان تێرم و زاراوەی لەیەکتر جیایان بۆ بەکارهاتووە. فارابی ٨٧٠ ـ ٩٥٠ لەکتێبی (احصاء العلوم ـ سەرژمێری زانیاریەکان)دا سێ گۆشەیەکی بەرەواژووی بۆ ئەو پێوەندیە خستۆتەڕوو. سێ گۆشەکەی فارابی ئاوابووە:




لەلای فارابی (دال) وشە نییە، بەڵکو هزرە هەرچی (مەدلوول)ە ئەوە بێژەیە. جیاوازی نێوان مەدلوول و مەدلوول بۆکراو، کە لەدیوی عەقڵ دەردەکەوێ، وەك جیاوازی گشتێتی و تایبەتێتی وایە. ئەم دیتنە فارابی هەمان دیتنی و تێگەیشتنی دی سۆسێرو مارتێنێ بۆ نیشانە ـ هێما ـ یە. عەبدولقادر (٢٠٠٢ : ٥٥٥).

لەلایەکی تر ئۆجین و ریچاردز لەساڵی ١٩٢٣ کتێبێکمان بەناوی (واتای واتا) بڵاوکردەوە. ئەم تیۆرەی ئۆجین و ڕیچاردز کە لەسەر بنەمایەکی هۆشەکی دامەزراوە جۆری پێوەنی هێماو چەمك و شت ڕوون دەکاتەوە. زاراوەکانی سێ بنتەکەی سێ گۆشەکەیان ئەوهایە.




ئەم تیۆرە زۆر لەوەی فارابی بەناوبانگترە. ئەم تیۆرە چەند ئەدگارێکی گرنگی لەخۆگرتووە. وەك:

١ـ پێوەندی نێوان A و C (ناو) و (شتی دەرەکی) (وشە) و (شتی ئاماژە بۆکراو) پێوەندیەکی ناڕاستەوخۆیە. دال و مەدلوول یەکسان نین. لەڕوانگەی Morris ـ


ەوە ئەوە (B) یە نەك (C) كە واتای (A) دەبەخشێ هەرچی (C) یە ئەوە واتای هێمایەتی (A) دەگەیەنێ.

٢ـ پێوەندی نێوان AB و BC پێوەندیەكی ڕاستەوخۆییە تایبەتی پێوەندی نێوان AB وەك پێوەندی نێوان دوو ڕووی شتێك وان هەردووك یەكتر دەنوێنن. لێرەش جارێكی تر كاریگەری دی سۆسێر بەسەر تیۆرەكەوە دیارە.

٣ـ وشە لەم تیۆرەدا پەیوەستە بە ئەركێكی هێمایی هەرچی واتایە ئەوە پەیوەستە بە هزر، یان ژێدەرەوە.

٤ـ لەم تیۆرەدا چەمك، یان هزر ڕۆڵی ناوەندێك دەبینێ لەپێوەندی (وشە و شت)دا.

ئۆلمان ١٩٥٧: ٧١ دیدێكی تری هەیە. ئەو باوەڕی وایە كە وشە خۆی (شت)ێك دەگەیەنێ، بەڵام ئەو گەیاندنە لەڕێی چەمكەوە فەراهەم دەبێت سێ گۆشەكەی ئۆلمان ئاوایە:




ئۆلمان ١٩٥٧: ٧٢ باوەڕی وایە كە پنتی (C) پێوەندی ڕاستەوخۆی بەكاری واتاسازاندا نییەو ئەو ئەدگارو خەسڵەتانەی شتەكان كە پەیوەستن بەدیاركردنی واتای وشەكان ئەوا لەشتەكان دەرهێنراون و لە (B) كۆكراونەتەوە. ئەوە وەك لیۆنز ١٩٧٧: ٩٨ دەڵا B، یان C دەكرێ لەسێ گۆشەكە نەهێڵدرێن، چونكە واتای وشەیەك بریتییە لەو شتەی دەینوێنێ، یان لەو شتەی هێمای بۆ دەكات.

ئەم تێڕوانینەش تەواو لەگەڵ دیدی سۆسێر دەسازێ. سۆسێر خۆی باوەڕی وابوو sign هەر تەنیا وشە ناگرێتەوە، بەڵكو بریتییە لە (وشە و هزر)، یان (A + B)

ئەم دووە لەپێوەندیەکی عەقڵیدان، چونکە خۆی واتەنی: ئەگەر گوێم لەناوی (مێز) بێت، ئەوا بیر ـ هزر لەمێز دەکەمەوە بەهەمان شێوە ئەگەر هزر لەمێزبکەمەوە، ئەوا ناوێك دروست دەکەم ئەگەر پێویست بکات، جۆن لیۆنز ١٩٧٧ : ٩٨ ـ ٩٩. بەم جۆرە واتا بریتییە لەپێوەندییەکی دوو سەرەیی و دوولایی نێوان A و B کە وایان لێدەکات کە یەکتر بنوێنن.

**٣ـ تیۆری زەین، یان هۆشەکی**

شەنگست و بنەماکانی ئەم تیۆرە لایەنی ڕۆحی، عەقڵە. عەقڵ لێرەدا هۆش و چەمك و هزرو هەست دەگرێتەوە. دامەزرێنەرانی ئەم تیۆرە وەك جۆن لۆك دیکارت و پوتنام باوەڕیان بە ڕۆڵی عەقڵ لەسەر جەستەوە هەیە. ئەوانە باوەڕیان وایە کە زمان نێوەندێکە، یان هۆکارێکە بۆ دەربڕینی هزر. لەڕێگای زمانەوە دەکرێ دیراسەی هزر بکرێ و هەتا ئەدگارەکانی هزریش پەیوەست بەزمانەوە توێژینەوەی لێی بکرێ.
بەشێکی ئەم تیۆرە بنەمایەکی سایکۆلۆژی لەخۆ دەگرێ. بستێنبێرگ (١٩٩١: ٨٩) دەنووسێ: لایەنگرانی تیۆری هۆشەکی لەسێ پرسی سەرەکیدا لەڕەفتارناسەکان جودا دەکرێنەوە. ئەوان داکۆکی لەوە دەکەن کە هەر مرۆڤێك زەین و هزرو هۆشی هەیە. ئەو هزرو هۆشە کار لەڕەفتاری مرۆڤ دەکات، هەروەها باوەڕیان وایە کە بابەتی سایکۆلۆژی و زمانەوانی هەر تەنیا بابەتی بابەتیتی و تایبەت لەخۆ ناگرێ، بەڵکو ئەو پرسانەش دەگرێتەوە کە لەسروشتدا بەرجەستە نین.
هەرچی پەیوەست بەواتایە، ئەوە خودی واتا لەم تیۆرەدا هزر، یان هۆش خۆیەتی، هەروەها هزر خۆیشی پەیوەستە بەحاڵەتی ئیدراکی تەسەوری مرۆڤەوە. بێگومان گەیاندنی پەیام Message لەنێوان بنێر Sender و نێوەندە هۆشەکییەکەو

گوێگر، یان پەیام بۆ داهاتوودا بە پرۆسەیەکی عەقڵی مەیسەر دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەم پرۆسێسە تەواو پەیوەستە بە هۆش و ئیدراك و عەقڵەوە ئەمانەش هیچ کامیان ڕاستەوخۆ دیراسە ناکرێن، بۆیە لێرەدا پێوەندی نێوان هزرو زمان وەبەر گومان دەکەون. (لەنەزەر ڕەفتار ناسەکانەوە ئەم جۆرە پێوەندییە لەنێوان عەقڵ (وەك بوونێکی نابەرجەستە) و زمان و ئاخاوتن کە لە ڕەفتاردا دەردەکەون، زیاتر لەپرۆسەیەکی میتافیزیکییەوە نزیکە نەك سایکۆلۆژی، یان زمانەوانی سایکۆلۆژی ـ ستێینبێرگ ١٩٩١: ٨٩).

**٤ـ تیۆری ڕەفتار ناسی**

ئەم تیۆرە وەك وەڵامێکی ڕەخنەیی بۆ تیۆری هۆشەکی هاتەکایەوە. ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای میکانیکی نەك هۆشەکی دامەزراوە. تەواوی ڕۆڵی عەقڵ و زەین هزر ڕەت دەکاتەوە، ڕەفتاری دیاری مرۆڤ کە لەزماندا دەبێ جەخت لەسەر ئەو دیاردانە بکرێ کە شیمانەی بەرجەستە بوونیان لێ چاوەڕێ دەکرێ. لێرەدا ڕەفتار جێی هزر دەگرێتەوە.

دەربارەی پێوەندی نێوان ڕەفتارو زمان، بلۆمفیلد لەکتێبی Language زمان ١٩٣٥: ٢٣ تەواوی کردەی ئاخاوتن لەسەر بنەمای ورووژاندن ـStem lulus و بەرسڤ Response شی دەکاتەوە. بۆ دەرخستنی پێوەندی نێوانیان چیرۆکێك بەم جۆرە دادەڕێژێ.

(جاك و جیل بەکۆڵانێکدا پیاسە دەکەن. جیل سێوێك بەدارێکەوە دەبینێ و برسیشە، داوا لەجاك دەکات سێوەکەی بۆ بێنێ. جاك بەسەر دارەکە دەکەوێ و سێوەکەی بۆ دێنێ. جیل سێوەکە دەخوات).

جۆن لیۆنز (١٩٧٧: ١٢٦) دەنووسێ: برسیەتی جیل و دیتنی سێوەکە ورووژاندن Stimulus پێکی دێنێت. لەجیاتی ئەوەی جیل بەرسڤێکی ڕاستەوخۆ Response دروست بداتەوەو خۆی بچێتە سەردارەکەو سێوەکە لێ بکاتەوە، بەرسڤێکی بەدیل لەشێوەی ئاخاوتنێکی تایبەت دەدرکێنێ ئەم ئاخاوتنەش دەبێتە (ورووژاندنێکی بەدیل) بۆ جاك و وای لێ دەکا کە بەرسڤێکی هەبێ بۆ ئەو ورووژاندنەی جیل، هەروەها کارێکی وادەکات وەك بڵێی خۆی برسی بێ و سێوەکەی دیتبێت. بلۆمفیلد ئاوا بەو هێلکاریە هێماکاریە ڕەوشەکەی دایڕشتووە.

ورووژاندن و جۆشدان ـــ بەرسڤ... ورووژاندن ـــ بەرسڤ

ئەگەر (جیل) بەتەنیا بووایە، (ورووژاندن) و (بەرسڤ) لەپێوەندیەکی ڕاستەوخۆ دەبوون، بەڵام چونکە هەردووك پێکەوەبوون، بۆیە زنجیرەی ورووژاندن و بەرسڤ ئەم شێوازە وەردەگرن.

ورووژاندنی کرداری (برسیەتی و دیتنی سێوەکە) کاردانەوەی زمانەوانی، ورووژاندنی زمانەوانی ـ کاردانەوەی زمانەوانی لەنێوان ورووژاندنی کرداری و بەرسڤی کرداریدا دوو حاڵەتی زمانەوانی هەن. لەدیدی بلۆمفیلد، ئاخاوتنەکەی جیل هۆکاری دروستکەری ئەم پرۆسە میکانیکییە. لێرەدا، ڕەفتار یەکسان دەبێ بەو هەموو بەرسڤانەی ورووژاندن کە جیهانی دەرەوەی پێشکەش دەکات. ئەو کردەی ورووژاندن و بەرسڤە زمانەوانی و کرداریە هەر بەردەوام دەبێت.


لەمێژووی زمانەوانی سایکۆلۆژیدا، چەند خوێندنەوەیەك بۆ پێوەندی نێوان ورووژاندن و بەرسڤ کراون. هەر لەو ڕێگایەوەش هەوڵ دراوە لەڕۆڵ و فاکتەری (هزر) و (جەستە) بدوێن.

لەڕوانگەی (جۆن واتسن) بنیادنەری ڕەفتارناسی تەنیا جەستە body دەبێتە نێوەندی (وروژاندن و بەرسڤ) هەرچی (هزرە)، یان (زەینە) هیچ بوونێکی بەرجەستەی نییە، بۆیە لەبواری سایکۆلۆژیدا جێی نابێتەوە. ئەم ڕوانگەی واتسن (١٩٢٤: ٢) لەسەر بنەمایەکی ماددی Materialist دامەزراوە:




واتسن مەسەلەی عەقڵ وەك ڕۆح دەبینێ، ڕۆحیش پەیوەستە بە (زەینی ئاینیەوە وهیچ ڕۆڵێکی بەرجەستە نابینێ لەو پرۆسەمیکانیکیدەدا.


دیتنە مەتریالیەی واتسن زۆر بە پەرگیر دەبینن. ئەوانە باوەڕیان وایە کە هەموو ڕەفتارێك و (ڕووداوە عەقڵییەکان) جەستە بڕیاری لەسەر دەدات نەك هۆش.سکینەر یەکێ لەو کەسانەیە کە باوەڕی بەبوونی عەقڵ، یان هزر، زەین هەیە، بەڵام هیچ هێزێك بۆ عەقڵ بڕیار نادات. بلۆمفیلد تیۆرەکەی خۆی لەسەر بنەما تیۆریەکانی سکینەر دامەزراندووە. لەدیدگای ئەمانەوە هاوکێشەی پێوەندی نێوان وروژاندن و بەرسڤ ئاوایە:




لەنەزەر ئەمانەوە ئەو جەستەیە کار لەعەقڵ دەکات نەك بەپێچەوانەوە.

گرووپی سێیەم کە بە Reductionism (٥) ناسراون. باوەڕیان وایە کە وەك چۆن جەستە هەیە، عەقڵیش (لایەنە هۆشەکیەکەی) هەیە، ئەوەی کە لە عەقڵ

ڕوودەدات لەجەستەش ڕوودەدا. هەردووکیان دوو ڕووی یەك بوونن. عەقڵ چونکە بەرجەستە ناکرێ، پێویست ناکات دیراسە بکرێ، بۆیە ئەگەر بمانەوێ شتێ دەربارەی عەقڵ بزانین، دەبێ دیراسەیەك قووڵی جەستە بکەین (٦). ئەم تێڕوانینە بۆ پەنهانی عەقڵ و خویایی جەستە هەر هەمان ڕای دی سۆسێر لەبارەی Langue زمان و Parole ـ ئاخاوتن دەگەیەنێ، هەروەها دیدی چۆمسکیش لەبارەی Competence توانست و Performance بەکارهێنان زمان لەو دیدەوە دوور نییە. دیتنەکەی ئەوان دەکرێ بەم هێلکاریە ڕوون بکەینەوە:




لێرەدا جەخت لەسەر جەستە دەکرێ. هەر لەجەستەدا هەردوو کرداری (ورووژاندنی زمانەوانی و بەرسڤی زمانەوانی) فەراهەم دێن. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەقسەیەکی جاکوب یاکوبسن بکەین کە دەڵێ: (زمان بەبێ واتا کارێکی نەکارەو پووچە. دۆزینەوەی فاکتەری درکاندنی هەر وشەیەك، واتا دروستی وشەکە دەردەخا) تیۆرەکەی لیونارد بلۆمفیلد کە لەسەر بنەماکانی گرووپی دووەم Epiphenomenalism دامەزراوە، ئاخاوتن لەورووژاندنەوە سەرچاوە دەگرێ، ورووژاندنیش لەو پرۆسە میکانیکیەی نێوان (جاك) و (جیل) هێماو وشەکانی (جیل) دەنوێنێ هەرچی بەرسڤە، خۆی لەخۆیدا لەئاکامی ئەو ورووژاندنەوە فەراهەم دێت. ئەم دووەش لەزماندا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکتر نییە، چونکە خۆی

کردەکە بەنێوەندێکی زمانەوانی تێ دەپەڕێ و لەنێوان بنێرو وەرگر پەیدا دەبێ، نەك تەنیا یەکێکیان خوڵقێنەری بێت.

### ٥ـ تیۆری کێڵگە واتاییەکان

تیۆری کێڵگە، یان کێڵگە واتاییەکان لەزۆر بواری زمانەوانیدا بەکاردێ. لەواتاسازیدا، ئەم تیۆرە جەخت لەسەر یەکە زمانەوانییەکان دەکات لەسیستەمێکی پەیوەست بەیەکدا، بەگوێرەی ئەم تیۆرە واتای هەر وشەیەك پەیوەستە بەواتای ئەو وشانەی لەسیستەمێکدا لەگەڵی دێن. ئیلیەت لەو بارەیەوە دەڵێ: ((هەر وشەیەك لەماڵی خۆیدا شوێنی خۆی دەگرێ بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەوانی تر بکات)). واتای وردی وشەیەك بە بەراورد لەگەڵ ئەو وشانەی لەسیستەمەکەی خۆیدایە دەردەکەوێ. بۆ نموونە لەکێڵگەی واتای ڕەنگدا، ڕەنگێکی وەك کەسك ـ سەوز ـ ئەوکاتە مانادار دەبێ کە پێوەندی لەگەڵ ڕەنگەکانی نزیکی خۆی بەراورد بکرێ. کەواتە کەسك بریتییە لەڕەنگێکی نێوان شین و زەردا ـ ئایچسن ١٩٩٣: ٨.

هەر ئایچسن (٨٣) دەنووسێ: هەر وشەیەك لەکۆمەڵەکەیدا بەهۆی شوێنەکەی لەکۆمەڵەکەی و پێوەندی لەگەڵ ئەندامەکانی تری کۆمەڵەکەی پێناسەی دەکرێ. خودی مرۆڤ بەچەند قۆناغێکی تەمەندا تێ دەپەڕێ. هەر قۆناغەو (ناوێك) و (ئەدگارێکی) هەیە کە لە ئەوی تر جوودایە:

Baby - toddler - child - adolescent - adutt

بەبە ـ پێگرە ـ منداڵ (هەراش) ـ هەرزەکار ـ (کامڵە پیاو) بەگوێرەی ئەم کێڵگەیە وشەی (هەرزەکار adolescent) چیتر نە (منداڵە) نە (adult ـ پیاو)ە.

لەلایەکی تر ریچاردز ١٩٨٥: ١٠٤ دەنووسێ: بەگوێرەی تیۆری کێڵگە واتاییەکان وشەیەك لەزمانێکدا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە وشەیە ڕێك دەخرێ کە ئاماژە بۆ هەمان

بواری واتا دەکەن... کاتێك وشەیەك ڕێك دەخرێ کە ئاماژە بۆ هەمان بواری واتا دەکەن... کاتێك وشەیەك واتای دەگۆڕێ، یان کاتێ وشەیەکی نوێ دروست دەکرێ، ئەوا دەبێ واتای وشەکانی دی کۆمەڵەکە، واتایان بگۆڕدرێ، یان واتاکەیان ون بکەن. هەر ڕیچاردز و هاوڕێکانی دەنووسن: لەسەدەی هەژدەیەمدا وشەی (braun)ی ئەڵمانی واتای هەردوو وشەی brown ـ قاوەیی و Violet ـ مۆر ئینگلیزی دەگەیاند، بەڵام کاتێ وشەی (Violet مۆر) لەڕێگای زمانی فەرەنسییەوە هاتە ناو زمانی ئەڵمانی، ئەوا وشەی (braun ئەڵمانی واتای (Violetـ مۆر) ون کردو ئێستا تەنیا واتای (brown ـ قاوەیی) ئینگلیزی دەگەیەنێ.

لەکوردیشدا ئەم دیاردەیە زۆر بڵاوە. وشەی (هەنووکە) جاران تەنیا واتای (ألآن)ی عەرەبی دەگەیاند، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین وشەکە لەناو توێژی ڕۆشنبیراندا واتای یەکەمی لەدەستداوە، واتای (ڕاهن ـ current)ی وەرگرتووە، هەروەها بەدەیان و سەدان وشەی کوردی کە لەبنچینەدا عەرەبین وەك (قول، قتل، حرمە...) تەواوی واتا ڕەسەنەکەی عەرەبیان ون کردووە و واتای نوێ دەبەخشن:

قەول: بەڵێن، سرودی ئایینی ئێزیدی

قتل: قەتڵ، کوشتنی بەناحەق

حرمە: حورمە (ئافرەت)، ڕێز

**دامەزرێنەرانی تیۆری کێڵگە واتاییەکان**

بەرایی دەرکەوتنی بیرۆکەی واتاییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم. لەنووسینەکانی گیکیلەردا دەردەکەوێ کە بیروڕایەکانی هەمبۆلدت (١٨٣٦) و هاردەر (١٧٧٢) باس لەو کێڵگە واتاییانە کراوە.

جۆن لیۆنز (١٩٧٧: ٢٥٠) و دەیڤد کریستەل ١٩٩١ : ١٣٥ باوەڕیان وایە کە لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم بیرۆکەی کێڵگە واتاییەکان فۆرمی تیۆری وەرگرتووەو کاری لەسەر کراوە. توێژەرانی وەك ئاپسێن (١٩٢٤) و جۆلێز (١٩٣٤) و پۆرزێك (١٩٣٤) و جۆست ترایەر (١٩٣٤) لەدامەزرێنەرانی ئەم تیۆرەن لە ئەورووپا. هەرچی جۆهان وێزگێربەر ١٨٩٩: ١٩٥٤ لەدوای ئەوانەوە دێت. ترایەر، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم تیۆرەدا هەبووە، وەك تۆلمان ١٩٦٢: ٧ دەنووسێ ترایەر لەبارەی تیۆری کێڵگەوە لەپاش ١٩٣٨ هیچی بڵاونەکردۆتەوە.

هەرچی وێزگێربەرە، ئەوە لەگەڵ ترایەر گۆڕانێکی زۆریان بەسەر تیۆرەکەدا داهێنا. وێزگێربەر وەك درێژپێدەرو هاوڕێیەکی ترایەر لەبواری تیۆری و واتاو زمان و کۆمەڵگەدا بۆتە ڕابەرێکی بزاڤی زمان و کۆمەڵگا. وێزگێربەر زۆر هاوکاری ترایەربووە لەو بوارەدا، بۆیە لە ئەڵمانیا ئەو تیۆرە ناسراوە بەتیۆری ترایەرو وێزگێربەر.

### لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی تیۆری کێڵگە واتاییەکان

**١ـ لایەنە پۆزەتیڤەکانی:** تیۆری کێڵگە واتاییەکان چەندان سوودی گرنگی پێشکەش بەبواری واتاسازی کردووە. ئەم تیۆرە بنەمایەکی گرنگە بۆ دروست کردنی فەرهەنگ لەبواری کێڵگە واتاییەکانەوە. فەرهەنگی ڕۆجەری ئینگلیزی کە بەگوێرەی واتا ڕێکخراوە. یەکێکە لەو ڕێگا سەرەکیانەی واتاسازی وەسفی. لەمەدا عەرەبەکان وەپێش ئەورووپیەکانیش کەوتوون. فینج (٢٠٠٠: ١٧٨) دەنووسێ کە تیۆری کێڵگە واتاییەکان زۆر بەسوودە لەدیراساتی بەراوردکاری نێوان دوو زمان (بەو جۆرە توێژینەوانە دەردەکەوێ کە زۆربەی زمانەکان بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن کولتوورو ئایینی جودان، یان دەرهاوێشتەی دوو کۆمەڵگای جودان وەك وڵاتانی ڕۆژهەڵات و

ڕۆژئاوا هەتا لەلێکسیکە سەرەکییەکاندا بوارێکی واتایی هاوبەشیش جودان. د. عەبدولقادر (٢٠٠٢: ٥٥٩) دەنووسێ: ئەم تیۆرە گرنگییەکی زۆری هەیە لەدیراسەکردنی سیمانتیکی وەسفی و بەکارهێنانەکانی. ئەم تیۆرە دەتوانێ دیتنێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی وشە زمانەوانییەکان لەسەر ئاستی بینای سیمانتیکی پێشکەش بکات).

ئەمەو ئەم تیۆرە تەواو ناسنامەی وشە، یان واتای وشە دەردەخات، لەبواری پزیشکیدا ئەو وشەیەی بۆ پزیشك بەکاردێ تواو پزیشك دەنوێنێ و ناسنامە واتاییەکەو کارەکەی دیارە. بەواتای ئەوەی (پزیشك) بێت، نەخۆشەوان، نێرس، نوژدار نییە.

٢- **لایەنە نێگەتیڤەکانی، یان کێماسیەکانی ئەم تیۆرە:** ئەم تیۆرەش چەندان کێماسی و کەلێنی هەیە، هەندێ وشە شیانی ئەوەیان هەیە هەر تەنیا لەکێڵگەیەکی واتایی نەبن و بەڵکو دەتوانن ببنە ئەندام لەکێڵگە واتایەکی تر. لەئینگلیزیدا وشەی (Mad) هەر تەنیا بە (شێت) نایەت، بەڵکو لەهەندێ کۆنێکستدا بەواتای (تووڕە)ش دێت، کەواتە وشەی (Mad) لەدوو کێڵگە واتایی (شێتی) و (تووڕەیی) دێت. ئەمەو یەکێك لەشەنگستەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە نابێ وشەیەك لە کێڵگەیەك زیاتر بێت.

هەر لەو ڕوانگەیەوە زۆربەی چەمکەکانی پێوەندیە واتاییەکان - Sense Relations سنووری کێڵگە واتاییەك دەبەزێنن. لێرەدا توێژە ناچار دەبێت کە تەنیا جەخت لەسەر یەکێکیان بکات و شەنگستەکانی ئەوی تر ببەزێنێ.

ئایچسن (١٩٩٣: ٨٣) نموونەیەکی تر لەو کەلێنانە دەهێنێتەوە کە دووچاری ئەم تیۆرە دەبێتەوەو دەنووسێ لەبواری شتە مردووەکاندا لەئینگلیزیدا بۆ لاشەی مرۆڤی مردوو Corpse - کەلەش و بۆ گیانەوەر - Carcass - لاك - کەلەخ) هەیە، بەڵام

بۆ ڕووەکی مردوو هیچ وشەیەکی تایبەتی نییە. بێگومان لەکوردیدا وانییە. لەکوردیدا بۆ لاشەی مردوو (تەرم ـ کەلەش) بۆ گیانەوە (لاك ـ کەلاك) بۆ ڕووەك (سیس ـ وەریو) هەیە. ئەو کێشەیەی زمانی ئینگلیزی لەبواری کێڵگە واتای خزمایەتی هەیەتی، لەکوردیدا بەتایبەتی لەکرمانجی سەروودا نییە.

هەرچی تێکچڕژان overlapping کێشەیەکی پڕ ئارێشەیە بۆ ئەم تیۆرە، ئایچسن (١٩٩٣: ٨٣) دەنووسێ وشەی مانگاو شازادە، پڵنگەمێ لە واتا تێکدەچڕژێن، چونکە هەر سێکیان یەك ئەدگاری سیمانتیکی کۆیان دەکاتەوە ئەویش (+ مێ) یەیە، هەروەها هەرسێ وشەی (گوڵك) و (تووتك) و (بەبە) یەك ئەدگاری واتاییان هەیە کەچی هەرسێك ئەندامن لەکێڵگە واتایی جودا، ئەویش ئەدگاری (+ گەنج)ە.

بەشێك لەو تێکچڕژانانە دەکرێ لەڕێگای ئەوەی پێی دەوترێ ـ componential Analysis شرۆڤەکردنی بەشەکی چارەسەر بکرێ. بەگوێرەی ئەم میتۆدە شیکاریە هەر وشەیەك وەك فۆنیم لەڕووی واتاییەوە لەچەند بەشێکی سەرەکی پێك هاتووە. جا ئەگەر چەند وشەیەکی کێڵگە وتایی جودا لەئەدگارێکدا هاوبەش بن، بێگومان لەئەدگاری تر لەیەك جودان، بەڵام ئەم ڕێبازەش، چونکە لەسنوورێکی تەسکدا کاری پێ دەکرا، نەیتوانی ئەم کێماسیەی تیۆری کێڵگە واتاییەکان چارەسەر بکات.

### ٦ـ تیۆری شیکاری Analytic Theory

ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای پێوەندی و دەرفەتەتی سیمانتیکی لە وشە دەدوێت. توێژینەوە لە وشە لەسێ تەوەرەوە دەبێت.

یەکەم: شرۆڤەکردنی وشەکانی ناو کێڵگە واتاییەکان.

دووەم: شرۆڤەکردنی وشەکانی نێو پێوەندیە واتاییەکان.

سێیەم: شیکردنەوەی واتای وشەیەك لەسەر بنەمای پێکهێنەرەکانی Components، یان ڕەگەزەکانی، عەبدولقادر ۲۰۰۲: ٥٦ ـ ٥٦١.

لەتیۆری کێڵگە واتاییەکاندا لەیەکە زمانەوانییەکانی ناو کێڵگە واتاییەك دەبێ، بەڵام هەر کە پێوەندیە واتاییەکان وەك فرەواتایی، هاو واتایی، هایپۆنیمی و گرتنەوە... تاد توێژینەوەیان لەسەرکرا دەسەڵاتی وشە فراوانتر بوو. چەندان وشە هەن کە تەنیا لەکێڵگەیەك جێگیر ناکرێن.

هەرچی وشەکانی ناو پێوەندیە واتاییە فرەدال و مەدلوولەکانە، لەسەر بنەمایەکی هێمایی شرۆڤە دەکرێن. لەتیۆری ناولێنان و سێگۆشەی هێمایی لەجۆری پێوەندی نێوان دال و مەدلوول دواین.

بنەمای سێیەم شرۆڤەکردنی وشە لەسەر بنەمای پێکهێنەرەکانی، یان ڕەگەزەکانی. لێرەدا لەسێ پێکهێنەری ڕستەسازی ـ Syntactic Component و واتاسازی Semantic Component و جیاکەرەوە، یان ڕوونکەرەوەی واتایی دەدوێین. پێکهێنەری ڕستەسازی تەنیا لەئەرکی وشە دەدوێ. ئەمەش لەبواری واتاسازیدا هێندە بەگرنگ وەرناگیرێ، چونکە ئەو پێکهنەرە تەینا (بکەر) و (بەرکار) و (کردار) ی وشە لەڕستەدا دەخاتەڕوو.

هەرچی بنەمای واتاییە، ئەوە ئەدگارە واتاییەکانی وشە دەردەخات وەك (+ نێر، + لاو، + مرۆڤ) هەرچی بنەمای سێیەمە ئەوە تەنیا واتایەکی تایبەتی وشە ڕادەگەیەنێ و تەنیا لەحاڵەتی هاوواتایی دەردەکەوێ.

ئەو سێ بنەمایە دەکرێ لەو ڕستانە شرۆڤە بکەین.

١ـ ئازاد سێوێکی خوارد.

بکەر بەرکار کردار ــ پێکهێنەری ڕستەسازەی

ئازاد (+ نێر، + ژیر، + مرۆڤ)

سێو (+ مادده ـ ژیر ـ مرۆڤ) پێکهێنەری واتایی

٢ـ بەختەوەری و کامەرانی لەفەرهەنگی ئەودا نین.

هاو واتا (+ خۆشی و شادی) بنەمای سێیەم.

**ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە**

١ـ تیۆری ناولێنان تەنیا لەهەندێ ناو پەیڕەو دەکرێ. (دال و مەدلوول) (وشەو شت) تەنیا لەو بوارەدا یەکتر دەنوێنن، هەروەها هەندێ دەنگی سروشتیش ئەم ئەدگارەیان هەیە.

٢ـ تیۆری سێ گۆشەی هێمایی زۆر لەوەی یەکەم فراوانترە. لێرەدا پێوەندی نێوان فۆرم واتاو وشەو شت ڕوون کراوەتەوە، ئەوە دەرخراوە کە ئەو پێوەندیە پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە چەمك، یان هزر وەك نێوەندێك دەردەکەوێ بۆ پیشاندانی سروشتی پێوەندیەکە. (وشەو هزر) و (هزرو شت) لەپێوەندیەکی ڕاستەوخۆدان.

٣ـ تیۆری هۆشەکی جەخت لەسەر پێوەندی نێوان هۆش و جەستە دەکات. ئەوانە هەردووك کاریگەریان بەسەر یەکەوە هەیە. هەر لەسەر بنەمای پێوەندی نێوان هۆش و جەستەوە پێوەندی نێوان هزرو وشە ڕوون کراوەتەوە.

٤ـ تیۆری ڕەفتار ناسی تەواو ڕۆڵی هۆش فەرامۆش دەکات. باوەڕی وایە کە پێوەندی نێوان هۆش و جەستە پێوەندیەتی تەواو میکانیکییە ئەوە ڕەفتارە نەك هۆش پێوەندی نێوان هۆش و جەستە دەردەبڕێ، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە

دەکات کە ورووژاندن، یان جۆشدان بنەمای بەرایین بۆ گەیاندنی پەیام، یان دروستکردنی بەرسڤ، ورووژاندنیش خۆی ئاخاوتنە.

٥- تیۆری کێڵگە واتاییەکان لەسەر بنەمای پێوەندی و پەیوەستی چەند وشەیەکی لەیەك نزیك لەسیستەمێکدا دامەزراوە. بەگوێرەی ئەو تیۆرە واتای هەر وشەیەك لەهەر کێڵگەیەکی واتاییدا بە بەراورد لەگەڵ وشەکانی هەمان کێڵگە دەردەکەوێ. باوك. ئەوکاتە بەخزمایەتی بێت و ئەوکاتە واتای پیاوێکی خاوەن منداڵ دەگەیەنێ کە لە کێڵگە واتایی تایبەت بەخزمایەتی بێت و ئەو کێڵگەیە کوڕو کچی تێدابێت. ئەم تیۆرە لەبەردەم پێوەندیە واتاییەکان نەیتوانی بنەماکانی خۆی بپارێزێ.

٦- تیۆری شیکاری لەسەر سێ جۆری شرۆڤەکردن دامەزراوە، ئەم تیۆرە لەهەموو ئەوانی تر سەراتاپاگیرترە، بێجگە لەتیۆری ناولێنان دەکرێ زۆربەی ئەوانی تر لەکرۆکی ئەم تیۆرەدا بدۆزینەوە.

**پەراوێزەکان:**

١- دەقی هەرسێ پێناسە لەچەندان کتێبی مۆرفۆلۆژیدا هەن، ئێمە دەقەکانمان لەکتێبی Introductory Emglish Grammar بوشە An Words وەرگرتووە.

٢- سەیری ئایەتی و علم ادم... لەسورەتی (بقرە) بکە.

٣- ئەم جۆرە تابۆیە لەکولتووری گەلانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەیە. بۆ نموونە لەناو عەرەبەکان چەندان کەس ناوی (ثعلب) و (ثعلبة) و (کلب) و (کلاب)... تاد. هەیە لەناو کوردانیش دیاردەیەکی تر هەیە چەندان کچ ناویان وەك (کاژبە) و (قارعە)، یان لێنراوە!

٤ـ (یاوەری دیاردەیی) Epiphenomenalism

مەزهەبێکە باوەڕی وایە کە دیاردەی لاوەکی بەدوای دیاردەی ترەوە دێت، هەروەها لەو پەیدا دەبێت.

٥ـ سادەکردن Educationists مەزهەبێکە هەوڵ دەدا ڕاڤەی دیاردە و بینا ئاڵۆزەکان بەتێرمی سادە بکات، هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە کردە عەقڵیەکان لەئاکامی یاسا فیزیاویەکان پەیدا دەبن.

٦ـ سنێکبێرگ (١٩٩١: ٨٨ ـ ٨٩).

ژێدەرەکان:

1- Aitcheson، J. (1993) Linguistics، Landon.

2- Cry stall، D. (1991). Language and phonetics. London.

3- Finch، G. (2005). Key Concepts in language and linguistics. New York.

4- Lyons، J. (1977). Semantics-1. London.

5- R. chards، J.، Platt and Webber. (1989). Longman Dictionary of Applied Linguistics. Hong Kong.

6- Steinberg، D.D. (1991). Psycholinguistics. London.

7- West، f. (1987). The Way of Language. London.

٨- خالد حربي ٢٠٠٣ الكندي والفارابي رؤية جديدة.

٩- عبدالقادر عبدالجليل ٢٠٠٢ علم اللسانيات الحديثة.

١٠- سەلام ناوخۆش ٢٠٠٦ پوختەیەك دەربارەی زمانەوانی.

# ڕێسا واتاییەکان و ئەدگارە واتاییەکان
## ( پوختەیەك لەبارەی پێوەندییە واتاییەکان )

هەر بۆچوون و تیۆرێك بۆ شرۆڤەکردنی واتایی زمان لەسەر دوو بنەما دامەزراوە. بنەمای یەکەم کە پێی دەوترێ ڕێسا واتاییەکان Semantic rules. ئەو بنەمایە چەند شەنگستێکی لۆژیکی بەخۆ دەگرێ. هەر شتێك لەبوون چ وەك شت، یان هەر دانەیەکی زمانەوانی، کە ئەدگارێکی ئاشکرای هەبوو، ئەو نەفی ئەدگاری پێچەوانەی خۆی دەکات. ئەم نموونانەی خوارەوە ئەم چەمکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە:

هەرکەسێك پێی بوترێ (کوڕ) دەبێ ئەدگاری (نێر)ی هەبێ، هەر کەسێك پێی بوترێ (پیاو) دەبێ چەند ئەدگارێکی هەبێ وەك (نێر) (هەراش - پێگەیشتوو)) و (ژندار - بەژن) واتای هەر دانەیەکی زمانەوانی یان ڕەگەزێکی لێکسیکی پەیوەستە بەڕێسا واتاییەکانەوە. بەواتای ئەوە ڕێسا واتاییەکانن ناسنامەی زمانەوانی هەر وشەیەك دیاری دەکەن. لەڕووی لۆژیکەوەش هەر (شتێ) (کوڕ) بوو نابێ (کچ) بێت بەپێچەوانەوەش، هەروەها ڕێسا واتاییەکانن ناسنامەی زمانەوانی هەر وشەیەك دیاری دەکەن. لەڕووی لۆژیکەوەش هەر (شێ) (کوڕ) بوو نابێ (کچ) بێت بە پێچەوانەوەش، هەروەها ئەو ناوانەی لەبووندا دەبینرێن و دەتوانرێ دەستیان بدەینێ، ئەوانە ئەدگاری بەرجەستەیان Concrete دەدرێتێ، هەروەها لەجیهانی مرۆڤدا یاسای تایبەت بەخۆیان بۆ دادەڕێژێت. کە دەڵێین (قەڵەم، دار، چەکوچ، سۆبە، دەفتەر، تەلەفزیۆن، کاتژمێر... تاد) هەریەك لەمانە لەبووندا سیفەتی بەرجەستەبوونیان هەیە. لەلایەکی تر ئەو ناوانەی دەلالەتی مەعنەوی abstract دەگەیەنن وەك ئازادی، ئەڤین، ئاشتی، ژیان... تاد. بە ئەدگاری هەست پێکردن لەبووندا مرۆڤ دەرك بە ئەدگارەکانیان دەکات. ئەو ئەدگارانە لەگەڵ ئەدگارەکانی تر لەیەك جودان، لەگەڵ یەك کۆ نابنەوە. وێڕای ئەمانەش ناوی تر هەن لەجیهانی مرۆڤدا دەرناکەون و چۆنیەتی بوونی فیزیکیان وەك بوونی فیزیکی دنیای مرۆڤ نییە، مرۆڤ لێرەدا بە(ڕۆح) یان

(ئیمان) دەرك بە ئەدگارەكانیان دەكات. خودا، فریشتە، شەیتان، جنۆكە هەرچواریان لەدەرەوەی جیهانی فیزیكی مرۆڤدان، بەڵام ئەوەی (خودا) لەوانی تر جودا دەكاتەوە چەند ئەدگارێكی تایبەت بەزاتی خودایە وەك (خالّق، ئەزەلی، بێهاوتا)، كەچی (شەیتان ـ جنۆكە) و (فریشتە) ئەو ئەدگارانەیان نییە هەروەها ئەدگارەكانی ناوەكانی بەرجەستەو مەعنەویشیان نییە. هەرچی ئەدگارە واتاییەكانە، لایەنێكی دی واتای زمانەوانی هەر لێكسمێك دەردەخات. بۆ نموونە، ئەدگاری واتایی (مرۆڤ) ئاماژە بە بوونێكی زیندووی ئاقڵدار دەكات. وێڕای ئەمە هەریەك لەئەدگاری واتایی نێر، مێ، لاو ـ گەنج، هەراش، شووكردوو... تاد. هۆكارێكن بۆ جیاكردنەوەی چەندان وشە كە هەر هەموویان مرۆڤن:

پیاو + مرۆڤ + هەراش + نێر + بەژن

ژن + مرۆڤ + هەراش — نێر + شووكردوو

كوڕ + مرۆڤ — هەراش + نێر — بەژن

كچ + مرۆڤ — هەراش — نێر — شووكردوو

وێڕای ئەدگارە واتاییەكان، هەندێ وشە بەهۆی مۆرفیمی گێندەرەوە لایەنی سێكسی وشەكە دەردەخەن. لەئینگلیزیدا مۆرفیمی (ess) لایەنی دلالەتی مێیەتی وشەكە یان ناوەكە دەردەخات وەك tigress، actress ... تاد.

لەعەرەبیشدا (ە) ئاماژەیە بۆ ناوی مێ وەك جمیلة، صبیعة، قانعة. لەزمانی كوردیشدا ناوە گشتییەكە General noun بێن دەیكەنە مێ.

ما: كەو، كەر ـــ ماكەو، ماكەر

دێڵە: سەك، گورگ ـــ دێڵە سەگ، دێڵە گورگ.

هەرچی (مالۆس) و (مریشك ـ مامر)ە وشەی سەربەخۆن دەلالەت لەلایەنی گێندەری مێ دەكەن.

ئەم دوو لایەنەی واتا، ژێدەرێكی زانیاری زمانەوانی گرنگن بۆ خستنەڕووی ئەو هەموو پێوەندییە واتاییەی لەنێوان وشەكاندا هەن. ئەمەش لەچەندان پێوەندی لەیەك جودا

دەردەکەون، لێرەدا زۆر گرنگە هەریەکە لەو دیاردە واتاییانە بەجیا باس بکرێن و سنووری پێوەندییان دیار بخرێت. پێوەندییە واتاییەکان ئەمانەن:

**یەکەم: هەڤدژ** Antonym

زاراوەیەکە لەبواری واتاسازیدا بەکاردێ و لەپێچەوانەو هەڤدژی و جیاوازی واتایی دەکۆڵێتەوە. کریستال ١٩٩١: ٢٠ دەنووسێ: ((ئەنتۆنۆمی یەکێکە لەو چەمکانەی پێوەندییەکانی واتا، کە لەشرۆڤەکردنەکانی واتادا بەکاردێ. هەرچی جۆن لیۆنزە ١٩٨١: ١٥٥ باوەڕی وایە کە ئەنتۆنۆمی یەکێکە لەو پێوەندییە پێکهاتە سەرەکییانەی لەپەیڤەکانی زمانی مرۆڤدا دەردەکەوێ.

**جۆرەکانی هەڤدژی**

هەندێ زمانەوان بەتایبەتی زمانەوانێکی وەك جۆن لیۆنز باوەڕی وایە تەنیا یەك جۆری هەڤدژی هەیە ئەویش بەئینگلیزی پێی دەڵێن antonym هەرچی ئەوانی ترن پێیان دەوترێ تەواوکەری Complementary بەواتای لەهەندێ خەسڵەت لەیەك دەچن، تەنیا لەیەك خەسڵەت لەیەك جودان، بەڵام هەندێ زمانەوانی تر باوەڕیان وایە کە هەڤدژی چەندان جۆری هەیە. بەجۆرێ هەڤدژی لەنێوان ڕەنگەناساز بە بەیەکەکانیشدا هەیە. لەم نووسینەدا هەڤدژی بۆ سێ جۆری سەرەکی پۆلێن دەکەین.

**١ـ هەڤدژی موتڵەق**

ئەم جۆرە هەڤدژیە ڕێك بە پێچەوانەی هاوواتاییە، چونکە جیاوازی واتایی یان پێچەوانەی واتایی لەچوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا کورت دەکاتەوە. لەم جۆرە هەڤدژیەدا، ئەرێی وشەیەك نەرێی موتڵەق وشەکەی بەرامبەری دەگەیەنێ  هیچ ڕادەیەك لەنێوان هەردوو وشەکەدا نییە، لێرەدا وشەکان لەهەموو شتێ پێکدەچن، تەنیا لەیەك ئەدگار جودان. لیۆن جۆنز ١٩٨١: ١٥٤ تەنیا ئەم جۆرە هەڤدژیە بەهەڤدژی دادەنێ و ئەم نموونانەش بۆ ئەم

جۆرە هەڤدژیە دەمێنێتەوە: ڕەبەن ـ شووکردوو، باش ـ خراپ، مێرد ـ ژن، سەرەوە ـ خوارەوە.

هەرچی فرۆمکین و ڕۆدمانن ۱۹۸۸: ۲۱٤ ئەم نموونانە دەهێننەوە: زیندوو ـ مردوو، ئامادە ـ نائامادە، وشیا (بەئاگا) ـ نووستوو (بێئاگا)، لێرەدا زۆر گرنە دەرك بەوە بكەین كە ناو و جۆری ناوەكەو ئاوەڵناو جۆری ئاوەڵناوەكە گرنگە بەرامبەر یەك بن ـ هەریەكەی لەكاتیگۆری خۆی بێت.

ئەگەر ناوەكە گیانەوەربێت، هەریەكە لەم ئاوەڵناوانە دەبنە هەڤدژی یەكتر:

- ئاووس ـ ئەستەویر
- زیندوو ـ مردار (تۆپیو)
- زیندوو ـ كوژاوە

بەڵام لەهەمان چوارچێوەدا ئەگەر ناوەكە تایبەت بێت بەمرۆڤەوە، ئەوا جۆری ئاوەڵناوەكەش دەگۆرێت:

- زگدار ـ بەزگ (سكپڕ) ـ نەزۆك
- زیندوو ـ مردوو
- ساغ ـ كوژراو

هەروەها هەمان دیاردە لەنێو ئاوەڵناوەكانیشدا هەیە. لەڕوانگەی واتاییەوە حەوت جۆری ئاوەڵناو هەیە كە بریتین لە ئاوەڵناوی تایبەت بەتەمەن، ڕەنگ، قەبارە، مرۆڤ، بەها، شت، بارستایی. هەرچەندە لیۆن جۆنز ۱۹۹۰: ۱٥٤ دەنووسێ: هەندێ نووسەر چوارچێوەی هەڤدژی ئەوەندە فراوان دەكەن بەجۆرێ هەتا هەندێ ناسازی و واتاییش لەخۆبگرن، بۆ نموونە دەڵێین: كە ئاوەڵناوی ڕەنگ وەك: سوور، شین، سپی (هەڤدژی یەكترن!) گومان لەوەدا نییە كە ئەمانە هەڤدژی یەكترنین، چونكە لەئاست یەك نین ـ بەڵكو ڕەنگی وەك سپی / ڕەش هەڤدژی یەكترن. هەرچەندە ئایچسن ۱۹۹۳: ۸٥ دەنووسێژ لەهەڤدژی

موتڵەقدا نەرێی یەکێکیان ئەرێی ئەوی تر دەگەیەنێ، بەڵام لەڕووی لۆژیکەوە سوور/ شین، سوور/ سپی لەئاستی یەکتر نین.

لەلایەکی تر، ئەگەر لەناو یەك جۆری ئاوەڵناودا ئەو ئارێشانە هەبن، بێگومان لەنێوان دوو جۆری ئاوەڵناوی جودا بەدەگمەن هەڤدژی بەرپا دەبێ:

- مردوو - هەڤدژی پیر نییە
- کۆك هەڤدژی ئامادە نییە
- زیندوو هەڤدژی ئاووس نییە

بەڵام

- درێژ - کورت / هەڤدژن
- کۆك - بێزەوەر/ هەڤدژن
- گەورە - بچووك/ هەڤدژن

**٢- هەڤدژی ڕێژەیی**

ئەم جۆرە هەڤدژیە بەپێچەوانەی هەڤدژی موتڵەق جۆرە ڕێژەییەکی تێدایەو تاکەکانی (وشەکانی) جۆرێك لەپلەی بەراوردی یان پلەداری لەخۆ دەگرن.

فرۆمکین و ڕۆدمان ئەم جۆرە هەڤدژیە بە هەڤدژی پلەداری دادەنێن و دەنووسن:

نەرێی وشەیەك هاوواتای ئەوی تر ناگەیەنێ:

(کەسێ ئاسوودە نەبێت) مانای ئەوە نییە (ئەو کەسە غەمبار)بێ. ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە، نموونەی هەڤدژی ڕێژەیین:

- گەورە - بچووك
- گەرم - سارد
- خێرا - هێواش
- شاد غەمبار

ئایچسن ١٩٩٣: ٨٥ دەنووسێ: ڕادەی پلەداری لەو ئاوەڵناوانە خۆی دەنوێنێ. هەروەها دەنووسێ:

- مشکێکی چەند گەورەیە (گەورەیە بە بەراورد لەگەڵ مشکێکی ئاسایی).

- فیلێکی چەند بچووکە ! (بچووکە بە بەراورد بەفیلی هاوتەمەنی ئاسایی خۆی).

هەروەها کە دەڵێین:

- فیلێکی چەند بچووکە. (بەڵام هەرچۆنێ بێ بەدەیان جار لەمشکێك گەورەترە !).

### ٣ـ جووتەکەی پێوەندی Relational opposites

لەم جۆرە هەڤدژیەدا هەردوو وشەکە چەند ئەدگارێکی هاوبەشیان هەیەو تەنیا لەیەك ئەدگاردا جیاوازن. هەردوو وشەی هێنان / بردن پەیوەستن بەگواستنەوەی کەلو پەل، ئەوەی لەیەکیان جیادەکاتەوە ئاراستەی گواستنەوەکەیە ئەم جووتە وشانەی خوارەوەش لەهەمان پێوەندیدان:

- کڕین ـ فرۆشتن

- دان ـ وەرگرتن

هەروەها لەم جۆرە هەڤدژیەدا هەندێ جار جووتە وشەکە دوو ئاستی جودا دەگەیەنن، وەك:

- مامۆستا ـ قوتابی

- مەلا ـ فەقێ

- ئەفسەر ـ سەرباز

ئاغا ـ خولام

لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، هەڤدژی جۆری یەکەم و دووەم بەهۆی هەندێ پێشگرەوە دروست دەکرێن. لێرەدا جووتە وشە پێویست نابن، چونکە تەنیا شێوەی ئەرێی وشەکە بەهۆی پێشگری (نا)، (نە)، (بێ) هەڤدژیەکەی لێ دروست دەکرێ:

- شاد - ناشاد

- یاسایی - نایاسایی

- ساغ - نەساغ

- بەسۆز - بێسۆز


- بەنمەك - بێ نمەك

دژوین - بژوین


**دووەم: هاوهایپۆنیمی**

کریستال (١٩٩١: ١٦٨) ئاوا پێناسەی ((هایپۆنیم دەکات: هایپۆنیم زاراوەیەکە لەواتاسازی بەکاردێ وەك بەشێك لەشرۆڤەکردنی پێوەندییە واتاکاندا کە لێکسیمەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هایپۆنیم بریتییە لەو پێوەندییەی کە لەنێوان دوو لێکسیکی تایبەت و و گشتی لەئارادایە هەمیشە ئەوەی پێشوو لەوەی دواوە دایە یان پێشوو هایپۆنیمی ئەوەی دووەمە. لەسەر ئەو بنەمایە چاوەڕێ دەکرێ ئەو پێوەندییەی لەنێوان دوو وشەدایە واتای یەکێکیان لەوەی تر دابێت. وێبەر (١٩٨٩: ١٣٢) و ئایچسن (١٩٩٣: ٦٨) دەنووسن کە وشەی تایبەت کە پێی دەگوترێ هایپۆنیم بەشێکە لەوشە گشتییەکە کە پێی دەوترێ - سەرە - یان سوپەر ئۆردنیێت پێك دەهێنێ. هەرچی وشە گشتییەکەیە، ئەوە سەرە لووتکەی هێڵکارییە پێکهاتیەکە پێك دەهێنێ و تایبەتیەکەش وەك لقێك، یان چەند لقێکی لاوەکی ئەو سەرە لووتکەیە دەبێت. ئەم نموونانەی خوارەوە تەواو چەمکی هایپۆنیم ڕوونتر دەکەنەوە.


وشەی (گیانەوەر) وشەیەکی گشتییە هەرچی سەگ، ڕێوی و شێرو پڵنگ و فیل... تاد. بەشێك لەگیانەوەر پێکدێنن هەریەك لەو وشە تایبەتیانە (سەگ، پڵنگ، شێر، ڕێوی) هاوهایپۆنیمی یەکترن.




لەکوردیدا وشەی (خواردنەوە) دەکرێ پۆلێن بکرێ بۆ دوو هایپۆنیم و هەریەك لەو هایپۆنیمانەش چەندان هاوهایپۆنیمی لێدەبێتەوە.





هەروەها وشەی (چەك) و (گوڵ) لەو وشانەن کە چەندان هایپۆنیم لەخۆ دەگرن:




هەریەك لە (تفەنگ) و (تۆپ) و (تانك) چەندان هاوهایپۆنیمی لێدەبێتەوەو دەتوانرێ هێڵکاریەکی چەندان جارەی ئەمەی سەرەوەی لێدروست بکرێ.

هەمان شتیش لەبارەی (گوڵ)ەوە ڕاستە:




بێگومان ئەم جۆرە پێوەندییە لەنێوان هایپۆنیمەکان و سەرە لەلایەك و هاوهایپۆنیمەکان خۆیان لەناو یەکتر پێوەندییەکی شاقوولی هەروەها ئاسۆییەو هیچ لەهایپۆنیمەکان تەواو نابنە هاو واتای یەکتر، چونکە هەرچەندە ئەوانە هەموو لەیەك بواری تایبەتن، بەڵام لەیەکتر جیاوازن و هەریەکە هەندێ خەسڵەت و ئەدگاری تایبەت بەخۆیان هەیە کە جیاوازە لەوی ترو ناکرێ لەبری یەکتر بەکاربێن.

لەلایەکی تر دەکرێ ئەم جۆرە پێوەندییە لەسەر بنەماو شەنگستەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەی نۆم چۆمسکی شرۆڤە بکرێ. بەگوێرەی تیۆرەکەی چۆمسکی سەرە head دەسەڵاتی بەسەر ئەوانەی خوارەوەی خۆیدا هەیە، هایپۆنیمیش خۆی هەمان شت دەنوێنێ بەوەی سەرە گشتییە و ئەوانی تر کە لە هێڵکارییە پێکهاتە زنجیرەییەکەدا لەخوارەوە دێن بەشێکن لە وشە گشتییەکە و هەبوونی ئەوان بەبوونی ئەوە نەك بەپێچەوانەوە ـ بەواتای سەگ ـ سەگ، چەك ـ تفەنگ، گوڵ ـ هیرۆ بێ، هەر ئەمەش دەبێتە هۆکارێك کە وشەکان نەبنە هاوواتای یەکتر.

## سێیەم: هاوواتا Synonymy

هاوواتا جۆرێکی تری پێوەندی واتایی نێوان چەند لێکسیمێك دەگەیەنێ هاو واتا پەیوەست نییە بەهاودەنگی، هاومۆرفیمی یان هاورێنووسی، بەڵکو پەیوەستە بەهاوواتایی دوو وشە، یان زیاتر.

کریستال ١٩٩١: ٣٤٠ وا پێناسەی هاو واتا ـ Synonymy دەکا:بریتییە لەزاراوەیەك کە لەواتاسازیدا بەکاردێ بۆ ئاماژەکردن بەو پێوەندیە واتاییەی لەنێوان وشەکاندا بەرپایە.

ئەو لێکسیمانەی هەمان واتا یان هاو واتای یەکترن. وێبەر ١٩٨٩: ٢٨٤ دەنووسێ ئەو وشەیەی هەمان واتا یان واتایەکی نزیکی لەگەڵ وشەیەکی تر هەیە پێی دەوترێ هاوواتا.

### جۆرەکانی هاوواتا

دەکرێ سێ جۆری هاوواتا دیاربکەین:

### ١ـ هاوواتای موتڵەق Absolute Synonymy

لیۆنز ١٩٨١: ١٤٨ دەنووسێ ئەگەر دوو وشە (هەمان دابەشکردنیان) هەبوو و (تەواو هاوواتا) بوون، هەروەها شیانی ئەوەیان هەبوو بەتەواوی وەك یەکی لەهەموو چوارچێوەیەکدا Context لەبری یەکتر بێن، ئەوا ئەو دوو وشە هاوواتای موتڵەق پێکدەهێنن. فرۆمکین و ڕۆدمان ١٩٨٨: ٢١٢ ـ ٢١٣ باوەڕیان وایە کە هاوواتا تەواو Perfect بوونی نییە هەرگیز ڕێك ناکەوێ کە دوو وشە بەوردی (تەواو هەمان واتایان هەبێت). هەر لیۆنز خۆیشیباوەڕی وایە کە ئەو جۆرە هاوواتاییە لەزمانی سروشتی خەڵکدا بوونی نییە، ئەوەی هەیە پەیوەستە بەهەندێ حاڵەتی پزیشکی لەبواری ئاوسان و هەوکردن.

### ٢ـ هاواواتای تەواو

ئەگەر دوو وشە لەزمانێکی تایبەتدا هەمان بەکارهێنانیان هەبوو و شیانی ئەوەیان هەبوو لەهەمان ڕستەو ئاخاوتن لەبریی یەکتر بێن، ئەم دوو وشەیە هاوواتای تەواو پێکدەهێنن. ڕۆدمان و فرۆمکین ١٩٨٨: ٢٨٤ و جۆن لیۆنز ١٩٨١: ١٤٨ و کریستال ١٩٩١: ٣٤٠ و وێبەر ١٩٨٩: ٢٨٤ تراسك ١٩٩٩: ٥٤ و ئایچسن ١٩٩١: ٨٥ لەم جۆرە هاوواتایە دواون. باوەڕیان وایە کە زۆر بەدەگمەن ڕێك دەکەوێ کە دوو وشە لەهەمان چوارچێوەی واتایی بێن. هەرچەندە هەریەکە چەند وشەیەك دەهێنن کە لەزۆر چوارچێوەدا لەبریی یەکتر دێن، بەڵام هەرگیز هەردوویان لەهەموو چوارچێوەیەکدا وەك یەك نایەن.

نموونەکانی ئایچسن:

He snapped the twig in half.
He broke the twig in half

لێرەدا snap و brake لەبریی یەکتر دێن، بەڵام

He snapped his fingers

هەمان واتای

He broke his fingers ناگەیەنێ.

نموونەکانی لیۆنز

They paints a wide /broad stripe right across the wall.

لێرەدا broad ـ wide ـ هاوواتان، بەڵام:

He has broad shoulders.
The door was three feet wide.

Broad و wide لەبریی یەکتر نایەن.

نموونەکانی وێبەر

He hid/concealed the mony under the bed.

لێرەدا hid/conceal لەبریی یەکتر دێن، بەڵام (conceal) زۆر لە (hide) فەرمی ترە. هەمان دیاردە لەزمانی کوردیشدا هەیە.

ئازاد خۆی شاردەوە/ خۆی مەڵاس دا.

خۆی شاردەوە/ خۆی مەڵاسدا هەردووك هاوواتان، چونکە لەبریی یەکتر دێن، بەڵام لەم ڕستانەی خوارەوەدا (شاردەوە) بەکاردێ نەك (مەڵاس)دا.

ئازاد کتێبەکەی شاردەوە.

ئازاد مردووەکەی شاردەوە.

**نموونەکانی تراسك:**

هەرشتێك پێی بوترێ (pail)، پێشی دەوترێ (bucket) بەپێچەوانەش هەرشتێ bucket بێت، (pail) ی پێ دەڵێن. ئەم دوو وشەیە تەواو هاوواتان. لێرەدا سەبارەت

بەلەبریی یەکتر هاتن یان هاوچوارچێوەی، تراسك ١٩٩٩: ٥٤ باس لەڕۆڵی ناوچەگەری دەكات، دەنووسێ وشەی (bucker) لەئینگلستان و وێلز و باشووری ئەمریکادا ئاساییە، بەڵام وشەی (pail) لەسکۆتلەندا و باکووری ئەمریکادا ئاساییە !

کریستالیش ١٩٩١: ٣٤٠ ـ ٣٤١ جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە کە دیراساتی زمانەوانی لەبارەی هاوواتاوە جەخت لەسەر گرنگی چوارچێوە دەکەن. هەرسێ وشەی choice، selection،range (دەستە ـ هەڵبژاردە) لەڕستەی wat a nice… of flowers? هاووتان، بەڵام لەڕستەی:

His… of knowledge is enormous.

تەنیا وشەی (range) بەکاردێ، ئەوانی تر بەکارنایەن.

فرۆمکین و رۆدمان (١٩٨٨: ٢٣١) لەباسی هەردوو وشەی (sofa) و (couch) قەنەفە دەنووسن: پلەی وەك یەکی واتایی نێوان وشەکان دەوەستێتەسەر ڕادەی هاوبەشی ئەدگاری واتایی نێوان وشەکان، بەڵام هەر خۆیان دان بەوەدەنێن کە چەندان وشە هەن چەندان ئەدگاری واتایی هاوبەشیان هەیە، بەڵام لەبنەڕەتدا نەك هەر هاوواتای تەواو پێکناهێنن،بەڵکو هاوواتا ئاساش نین.

هەریەك لەجووتە وشەی (کوڕ ـ پیاو) و (کچ ـ ژن) چەندان ئەدگاری واتایی هاوبەشیان هەیە، بەڵام ناکرێ لەهەموو چوارچێوەیەکدا لەبریی یەکتر بێن.

لەکوردیدا ئەم جۆرە هاوواتایە تا ڕادەیەك لەپەیڤەکانی شارەکاندا هەیە وەك:

ـ خەیار، ئاروو

ـ پاك، خاوێن، پاقژ

ـ زڕداك، باوەژن، ژنباب

ـ پلك، میمك، پوور، مەت، خالەت

ـ کۆك، قەشەنگ، جوان

### ٣ـ هاوواتای نزیك Near Synonym

زۆربەی زمانەوانەکان جەخت لەسەر هەبوونی جۆرە هاوواتایە دەکەن، هەروەها ئەم هاوواتایە بەهاوواتایەکی سروشتی دادەنێن. بەگوێرەی ئەم هاوواتایە دوو وشە واتای لەیەك نزیکیان هەیە، هەروەها لەبەکارهێنانیش لەیەك نزیکن. ئەگەرەکانی بەرفراوانی ئەم جۆرە دەگەڕێتەوە بۆ چەندان هۆکار کە لەهەندێ زماندا بوونی خۆیان دەسەپێنن، بەتایبەتی لەزمانێکی وەك کوردیدا:

١ـ بوونی چەند زارو شێوەزارێك لەزماندا هۆکارێکە بۆ هەبوونی ئەم جۆرە هاوواتایە.

ـ پەیڤین، هەڤپەیڤین، گفتوگۆ، گەنگەشە، تاوتوێ.

ـ دژوین، پیس، قرێژ

٢ـ جیاوازی شێواز

ـ گەورەم، ئەزخولام، جەناب، بەڕێز

فەرموو، کەرەمکە، وەرژووری

٣ـ هاوواتای هۆشەکی

ـ ژن، ئافرەت، خوشك

### چوارەم – فرەواتا Politely

فرەواتا یان پۆلواتا زاراوەیەکە لەبواری واتاسازی بەکاردێ. وەك لەوشەکە دەردەکەوێ وا ڕێك دەکەوێ کە وشەیەك لەزماندا چەندان و واتای نزیکی هاوڕەگەزو هاوژێدەری هەبێت. زۆربەی فەرهەنگە تاك زمانییەکان لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژراون. زمانناسانی وەك پالمەر، لیچ و فرۆمکین و ڕۆدمان، تراسك، وێبەرو کریستال جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە. کە لەفرەواتادا یەك فۆرم چەندان واتای دەبێت. هەریەك لە (ڕێزمان) و (ئاتلەس) و (سو) دەڵێن کە واتا جیاوازەکانی یەك فۆرم دەبێ هاوڕەگەز و هاو سەرچاوە بن.

- فرەواتا و هۆمۆنیمی

ئەم دوو زاراوەیە زۆر لەیەك نزیكن، ئەم لەیەك نزیكییە وای لەهەندێ نووسەر كردووە هەردووك تێكەڵ بەیەك بكەن. جا بۆ ئەوەی فرەواتا لەهۆمۆنیم جیا بكەینەوە واچاكە سەرەتا لەچەمكی هۆمۆنیم و جۆرەكانی بدوێین، ئینجا لەخاڵە لەیەك جیاوازەكانی هەردوو زاراوە بدوێین، هۆمۆنیم زاراوەیەكە لەلێكۆڵینەوەی سیمانتیكدا بەكاردێ بۆ ئەو وشانەی كە هەمان فۆرمیان هەیە، بەڵام لەواتادا جیاوازن، ئەم (هەمان فۆرم)ە، جۆرە لێڵییەك لەخۆ دەگرێ، بۆیە واتاناسان هۆمۆنیم ـ هاوبێژ بۆ دوو جۆری سەرەكی لەیەك جیا دەكەنەوە، ئەویش بریتین لە homophone هاودەنگ و homographic هاوڕێنووسی. لەهاودەنگدا وارێك دەكەوێ كە دوو وشە یان زیاتر هەمان دەنگیان دەبێ، بەڵام لەهەمان ڕێنووسیان نییە، بەڵام لەواتادا جیاوازن، لەكوردیدا ئەم دیاردە زمانەوانییە بەرچاو ناكەوێ، بەڵام لەئینگلیزیدا زۆرە:

- right ـ ڕاست، ماف، rite، بۆنە، writ ـ دەنووسێ، Wright ـ دانەر ئەوانە هەموو ئەم دەنگەیان هەیە / ڕایت)

- ewe مەڕ، you ـ تۆ، ئێوە ــ /یو/

هەرچی هۆمۆگرافە بریتییە لەهەبوونی دوو وشەكە هەمان شێوە نووسینیان هەبێت، بەڵام لەخوێندنەوەدا جیاوازبن هەروەها لەواتاش جیاوازبن، لەكوردی دەكرێ هۆمۆگراف بۆ دووجۆر دابەش بكەین: جۆرێك كە دوو وشەكە هەمان ڕێنووسیان هەبێ و هەمان خوێندنەوەشیان هەبێت لەبەر هەژاری زمانەكە لەڕووی وشەسازییەوە یان بەهۆی فرە شێوەزارییە وارێك بكەوێ كە ئەم جووتە وشانە لەزماندا هەبن وەك:

- ئازار (ئێش) ـ ئازار (ازار) مانگی سێ

- ئاش (ئاشی ئاو، ئاشی كارەبا) ـ ئاش ـ چێشت ـ خواردن

هەروەها ئەم دیاردەیە لەهەندێ گرێی كوردیشدا بەرچاو دەكەوێ:

شێوەكەم پێ لێنا

پێم لێنا دانم پیانا

بەسەری کەوتم

جۆرەکەی تری هۆمۆگراف ـ هاوپیت ئەمانە تەنیا هاوپیتن، بەڵام لەخوێندنەوەو واتا لەیەك جیان:

ماوە: لەسەر ئاستی ڕستە واتای ئەو ماوە، نەمردووە، دەگەیەنێ.

ماوە: وەخت: ماوەی نێوان وانە.

هەمانە: هەتیمانە.

هەمانە: هەمبانە.

**جیاوازی نێوان فرەواتاو هاوبێژی گشتی**

**١ـ یەك وشەیی و چەند وشەیی**

لەفرەواتادا (یەك وشە) چەندان جیاوازی هەیە، بەڵام لەهاوبێژیدا (کۆمەڵە وشەیەك) هەمان دەنگ و پیتیان هەیە، بەڵام لەواتادا جیاوازن. وشەی (سووك) فرەواتایە، چونکە چەندان واتای جیاواز لەخۆ دەگرێ وەك (ئاسان)، (کەم، بێناموس)، (کێشی کەمە، گران نییە، قورس نییە) هەرچی (هەردوو وشەی) (کار)ن، کە هەمان دەنگ و پیتییان هەیە، یەکێکیان بەواتای (ئیش) دێ ئەوی تریان بەواتای (کارژۆلە ـ بەچکەی بزن) دێ.

**٢ـ ڕەسەنی وشە**

(لیۆنز) و (لیچ) و (کریستال) دەڵێن ئەگەر دوو وشە هاوڕەگەز و هاوژێدەر بوو، ئەو دوو وشەیە پۆلواتای یەك وشەن، بەڵام ئەگەر زێدەکەیان جیاوازبوو، تەنیا هاوبێژن.

وشەی (ڕەق) لەکوردیدا چەندان واتای هەیە، بەڵام هەموو واتاکان هاوژێدەرو هاوزێدن:

ـ نانی ڕەق (نەك نەرم)

ـ پیاوی ڕەق (نەك نەرم ـ کەللە ڕەق ـ ڕژد)

ـ دیواری ڕەق (بە ئاسنی ناڕووخێ)

هەری ئەم وشانەن:

- بیر - بئر - بیر - هزر
- شیر (شیلە)، شیر - شمشێر
- کار (ئیش)، کار - بەچکەی بزن
- ئازار (ئێش - ژان)، ئازار - مانگی سێ.

هاوژێدەرو هاوزێد نین، بۆیە تەنیا هاوبێژن.

**٣- واتای لەیەك نزیك و واتای لەیەك دوور**

ئەگەر کۆمەڵە وشەیەك - هاوپیت و هاودەنگیش بن واتاکانی ئێستایان لەیەك نزیك بێت، ئەو کۆمەڵە وشەیە بە پۆلواتای یەك وشە دادەنرێن، بەڵام ئەگەر واتایان لەیەك دوور بوو! ئەوا بەوشەی جیاوازو سەربەخۆ دادەنرێن و واتاکانیان لەیەك وشەدا کۆ نابێتەوە.

لەکوردیدا (خاڵ - خاڵی ڕوومەت) و (خاڵ - برای دایك) و (خاڵ - نوختە) هیچ پێوەندییەکی واتاییان پێکەوە نییە. هەروەها هیچ ئەدگارێکی واتایی هاوبەشیان نییە... کەواتە ئەمانە تەنیا هاوبێژن.

سەرچاوە سەرەکییەکان:


1- Aitcheson، j. 1993 Linguistics.

2- Baker، S. N. Politely of some Adjectives. Duhok journal.

3- Crystal، D. 1991. A Dictionary of Linguistics and phonetics.

4- Form king، v. and Rodman، R. 1988 An Introduction of language.

5- Lyons، J. 1981. Language and Linguistics.

6- Trask، R. L 1993، Language.

7- Weber، H. Richards، J. and. Platt، J. 1989. Langman Dictionary of Applied Linguistics.

# لێڵی لەزمانی کوردیدا

## پێشەکی

لێڵی زاراوەیەکە لەبواری زمانەوانی بۆ ئەو وشەو فرێزو ڕستانە بەکاردێ کە زیاتر لەواتایەکیان هەیە، ئەم دیاردەیە لەزمانی کوردی لەئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازی بەدیار دەکەوێ.

دوو ژێدەری سەرەکی، کە ژێدەری زمانەوانی و نازمانەوانییە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەدروستکردنی ئەم دیاردەیەدا، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا جەخت لەسەر ژێدەری یەکەم دەکات: گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەم دیاردەیەدا لەوەدایە کە وەك لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەچەمك و هەردوو جۆری لێڵی لەخۆ دەگرێ، بەهەمان شێوەش ڕێگا چارەی ڕوونکردنەوەی لێڵیشی هەیە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسێ بەش پێکدێ: بەشی یەکەم لەچەمك و جۆرەکانی لێڵی ڕێزمانی دەدوێ، بەشی دووەم تایبەتە بەلێڵی لێکسیکی و جۆرەکانی، لەبەشی سێیەمدا پێنج ڕێگا خراونەتەڕوو بۆ ڕوونکردنەوەی هەردوو جۆری لێڵی.

### ١ ـ ١: چەمکی لێڵی:

لێڵی یاخود (تەمی واتایی) یان (تەمومژی واتایی) دیاردەیەکی زمانەوانییە. کریستال (١٩٩١: ١٧) باوەڕی وایە (کە واتای گشتی ئەم زاراوەیە بریتییە لەوەی کە وشەیەك یاخود ڕستەیەك گوزارشت لەواتایەك زیاتر بکات). تراسك (١٩٩٣: ١٣) هەمان شت دووبارە دەکاتەوە بەوەی لێڵی لەوانەیە تەنیا لەوشەیەك بێ یاخود لەشێوازی پێکهاتەی ڕستەیەکەوە بێت. هۆرسی (٢٠٠١: ٧) دەنووسێ: (ئەگەر وشەیەك یاخود گرێیەك لەلێکدانەوەیەکی زیاتر هەبوو، ئەوا دەوترێ: ئەو وشەیە یاخود گرێیە لێڵی هەیە). ئەو ڕستانەی کە تەمومژی واتایان هەیە مانای وانییە کە ئەو ڕستانە لەڕووی ڕێزمانییەوە پەسەند نین. لەم بارەیەوە (لیونز (١٩٧٧: ٣٩٦) دەنووسێ: زۆر پێکهاتەی گونجاو دەکرێ لێڵ بن، چونکە دەکرێ بەدوو ڕێگا یان زیاتر شرۆڤە بکرێن).

**٢ ـ ١ ژێدەرەکانی لێڵی:**

ژمارەیەك هۆکار هەن کە دەبنە هۆی دروست بوونی لێڵی. هەندێ جار هەر خودی وشەکە زیاتر لەواتایەك هەڵدەگرێ. ئەم دیاردەیە لەکوردیدا زیاتر لەهاوبێژی بەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە هەریەك لەهەردوو وشەی (بیر) و (شیر) بەرێکەوت وا رێك کەوتوون کە هاوبێژی وەك خۆیان هەبێت:

١ـ بیر یاخود (هزر) و (بیر) (بیری ئاو) دوو وشەی هاوبێژن هیچ پێوەندیەکیان بەیەکەوە نییە.

٢ـ شیر (شمشێر) و (شیر) (شیری مانگا) لەفەرهەنگ و چوارچێوەدا لێڵی لێکسیکییان بەدەردەکەوێت.

هەر لەسەر ئاستی وشەدا، لەدیاردەی فرە واتادا لێڵی هەیە، فرە واتا خۆی بریتییە لەوەی کە وشەیەك زیاتر لەواتایەك لەخۆ بگرێ، بەڵام ئەو واتایانە پێوەندیان بەیەکەوە هەیە یان لەیەك نزیکن. ئەم دوو واتایەی کە لێکسیمێك فەراهەمی دێنێ پەیوەستن بەیەکەوە، بۆ نموونە وشەی (دەم) (زار) هەم بەواتای (دەم)ی مرۆڤ دێ هەم بەواتای دەمی ئەشکەوت دێ، هەروەها دەکرێ بەواتای (دەمی دەریا)ش بێ ـ لۆبنێر (٢٠٠٢: ٤٤) و پالمەر (١٨٩١: ١٠٨).

محەمەد مەعروف (١٩٩٠: ١٧٠) لەبارەی ئەم دوو جۆرەی تەمومژی دەنووسێ ((ئەم دوو جۆرە تەمومژی واتاییە لەگرنگیدا وەك یەك نین. فرە واتایی کورتی نییە لەزماندا، بەڵکو تایبەتییەکی گرینگێتی. ئەگەر فرەواتایی نەبێت، دەبێت بۆ هەموو واتایەك وشەیەك هەبێت. هاوبێژی، بەپێچەوانەوە بەهیچ جۆرێك پێویست نییە هەبێت لەزماندا...

نەفرەواتایی و نەهاوبێژی نابن بەهۆی تەمومژێکی تێکدەر لەزماندا، چونکە چوارچێوەی قسە زۆر شت ڕوون دەکاتەوە)).

لەحاڵەتی بەکارهێنانی هەندێ جێناودا، لێڵی ژێدەرەکی، ئەم نموونەیەی خوارەوە ئەم جۆرە لێڵییە لەخۆ دەگرێ.

٣ـ ئازاد نازانێ کە ئەو دێ یان نا.

لێرەدا جێناوی (ئەو) لێڵییەك دروست دەکات تەواو نازانرێ ئاخۆ (ئەو) ئاماژەیە بۆ ئازاد یاخود کەسێکی تر.

هەروەها جێناوی ئاماژە (ئەم) لەهەندێ چوارچێوەی قسەدا لێڵی دروست دەکات. ئەم لەکوردیدا هەم لەگەڵ ناوی تاك هەم لەگەڵ ناوی کۆ بەکاردێت.

هەروەها هەرچەندە، ئەم ئاماژە بۆ نزیکی دەکات، بەڵام لەهەندێ چوارچێوەی قسەدا تەواو شتە ئاماژە بۆ نزیکی دەکات، بەڵام لەهەندێ چوارچێوەی قسەدا تەواو شتە ئاماژە بۆ کراوەکە ڕوون ناکاتەوە، بۆ نموو ئەگەر لەسەر مێزێك کۆمەڵێك قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ هەبن یەکێ بڵا:

٤ـ ئەم قەڵەمەم بۆ بێنە ئەم (ئەم)ە تەواو ئامانجەکە ناپێکێ، چونکە کەسی پرسیار لێکراو لەوانەیە بڵا: کەمەیان، سورەکە یان زەردەکە؟ ڕەشەکە یان کەسکەکە؟ گەورەکە یان بچووکەکە؟ ئەمانەش هەموو لێڵی واتایی دەگەیەنن.

ـ وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٢٩٦) جیایی لەئاوازی ڕستە بەهۆیەکی دی لێڵی دادەنێ. ڕستەی (هەرچواریان هاتن) دوو واتا لەخۆ دەگرێت.

یەکەم: هەموو چواربوون و هەموو هاتن. بۆ ئەم واتایە وزەی زیاد دەخرێتە سەر (هەر).

دووەم: زیاتر بوون لەچوارو تەنیا چواریان لێ هاتن، بۆ ئەم واتایە وزەی زیاد دەخرێتەسەر (چوار).

بوونی ئەم هەموو ژێدەرە لەدروستکردنی لێڵیدا بەرەو ئەو ڕایەی والدرن ١٩٦٧ وسگەرمان ١٩٩٩ دەبات کە لێڵی خۆی لەخۆیدا کێماسی و تەواو باسی دەکەین، چۆن ژێدەر هەن بۆ دروست کردنی لێڵی بەهەمان شێوەش هۆکاری تر هەن لەچارەسەرکردنی لێڵیدا.

**٣ ـ ١: جۆرەکانی لێڵی:**

جۆرەکانی لێڵی لەسەر دوو ئاست شرۆڤە دەکرێن: لەسەر ئاستی واتا، دووەمیش لەسەر ئاستی ڕەگەزەکانی ڕستەو پێکهاتەی ڕستە.

هەندێ جار بەبێ ویستی مرۆڤ و بەبێ ئاگایی و مەبەست لەکاتی ئاخاوتن جۆرێك لەلێڵی دروست دەبێ. جا هۆی لێڵییەکە تەنیا وشەیەك بێ یان شێوەی گۆکردنی وشەیەك بێ یاخود ڕستەیەك بێ، ئەم جۆرە لێڵییە پێی دەوترێ: لێڵی نا مەبەست ئەم ڕستانەی خوارەوە لە ئەم جۆرەن:

٥- ئازادو نەوزادی برام هاتن.

هەندێ جاریش قسەکەر بەمەبەست لێڵی دەخاتە ئاخاوتنەکەی بۆ ئەوەی کاریگەری بەسەر خوێنەر یاخود بیسەر پیشان بدات. لەڕووی ئایینیەوە ئەو گفتوگۆیەی نێوان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لەگەڵ پیرەژنێك بەشێك لەو جۆرە لێڵییە پێکدێنێ:

٦- پیرەژن: ئەی پێغەمبەر خوا من دەچمە بەهەشتێ؟

٧- پێغەمبەر: هیچ پیرەژنێك ناچێتە بەهەشت!

ئەو وەڵامەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) پیرەژنەکە هەراسان دەکات، بۆیە پێغەمبەر پێی دەفەرمووێت:

٨- ئەوانەی دەچنە بەهەشت هەموو گەنج دەبنەوە، ئەوجا دەچن.

لیۆنز (١٩٧٧: ٣٧٨) دوو جۆری لێڵی دەست نیشان دەکات: لێڵی زمانەوانی و لێڵی نا زمانەوانی.

لێڵی زمانەوانی:

ئۆلمان (١٩٦٢: ١٥٦) باوەڕی وایە کە لێڵی زمانەوانی هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، بەواتای ئاستی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکسی و واتاسازی.

**١ - ٣ - ١ لێڵی فۆنۆلۆژی:**

هەریەك لەهێزو ئاواز ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لەدروستکردنی لێڵی فۆنۆلۆژیدا.

ئەم دیاردەیە لەکوردیدا زۆر بەرچاو دەکەوێ بەتایبەتی لەقسەکردن نەك نووسین. ئەم دوو وشەیەی خوارەوە بەگوێرەی شوێنی هێز واتای جیاواز دەبەخشن:

ئازاد ماوە (هێشتا نەمردووە)

٩ـ ماوە (ماوەی نێوان دوو وانە)

خان ـ ە (دەسەڵات) (یا دەبێتە خانی خانان، یا دەبێتە پووشی بانان)

١٠ـ خانە (خانە) (شانە cell)

١١ـ دورەختەکە سەوزبوو

دوو واتای جیاوازی هەیە:

١ـ ئەگەر هێز کەوتەسەر (بوو)، ئەوە دەگەیەنێ کە درەختەکە ئێستا سەوز نییەو لەڕابردوودا سیفەتی سەوزی پێوەبووە.

هەروەها وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٢٩٠) دەنووسێ کە ڕستەی (نەکەی دەتکوژم)دوو واتای بەتەواوی دژیەکی هەیە، بەپێی ئاوازەکەی دەستنیشان دەکرێن و دەزانرێت:

١ـ ئەگەر بکەی دەتکوژم.

٢ـ ئەگەر نەکەی دەتکوژم.

**١ ـ ٣ ـ ٢ لێڵی ڕێزمانی:**

ئەم جۆرە لێڵییە وشەسازی و ڕستەسازی دەگرێتەوە، ئۆلمان (١٩٦٢: ١٥٦) دەڵا (ئەم جۆرە لێڵییە لەوانەیە بەهۆی پێکهاتەی ڕێزمانی ڕستەکەوە بێت) هەر لەو بارەیەوە کریستاڵ (١٩٩١: ٣٣٠) دەڵا دەکرێ لێڵی ڕێزمانی بەلێڵی پێکهاتەیی (ڕۆنانی) دابنرێ و ئەوکاتەش پەیدا دەبێ کە پێکهاتەیەك زیاتر لەڕاڤەکردنێك لەخۆ بگرێت.

دەکرێ بڵێین ئەم جۆرە لێڵییە پەیوەست نییە بەهاوبێژی و فرەواتایی وەشوە، بەڵکو پەیوەستە بەوەی کە گرێیەك یاخود ڕستەیەك زیاتر لەخوێندنەوەیەك یاخود ڕاڤەکردنێك، کە بەهۆی پێوەندی ڕەگەزەکانی ڕستەکەوە پەیدا دەبێ. لەخۆ بگرێت.

**١ ـ ٣ ـ ٣ جۆرەکانی لێڵی ڕێزمانی:**

لیۆنز (١٩٧٧: ٤٠٠ ـ ٤٠٣) و کریستاڵ (١٩٩١: ١٧) و لۆبنێر (٢٠٠٢: ٤٦) باوەڕیان وایە کە لێڵی ڕێزمانی دەبێتە هۆی لێڵی سیمانتیکی (ئەم جۆەر لێڵییەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناکرێ هەردەم ڕستە بنج و سیمای وەك یەك بێت، بەڵکو خودی لێڵی واتای دوو

خوێندنەوە، دوو واتا دوو بنج بۆ یەك بێت، بەڵكو خودی لێڵی واتای دوو خوێندنەوە، دوو واتا دوو بنج بۆ یەك سیما دەگەیەنێ. ئەو دیاردەیە لەڕێزمانی بونیادگەری فەرامۆش كرابوو، بەڵام لەڕێزمانی گواستنەوەو پێكهێنەر چۆمسكی ئەوەی خستەڕوو كە هەر ڕستەیەك بنج و سیمای هەیە. لەڕستەی لێڵیدا هەردەم ژمارەی واتاكان لەسیماكان زیاتر دەبن.

ئەم جۆرە لێڵییە دووجۆری هەیە: یەكەم لێڵی سترەكچەری گرێ لیۆنز (١٩٧٧: ٤٠١) لێڵی سترەكچەری گرێ دەكاتە دووجۆر: كۆمەڵكردن و پۆل پۆل كردن.

لێڵی كۆمەڵكردن: لەم جۆرە لێڵییە وشەكان خۆیان لەواتادا لێڵ نین بەواتای وشەكان نە (هاوبێژن) و نە (فرە واتا)ن بەڵكو لێڵییەكە لەو پێكهاتە گرووپ گرووپ دروست دەبێ كە ڕەگەزەكانی ڕستەیەك دروستی دەكەن، بۆیە تۆماس و گینتگین ئەو جۆرە لێڵییە بەلێڵیی پێكهاتەیی دادەنێن.

لەكوردیدا ئەم جۆرە لێڵییە زیاتر بەهۆی دیارخەرەوە دروست دەبێ. ئەم دیارخەرە لەهەندێ ڕستەدا ئاوەڵناو دەبێ و لەهەندێكی تردا ناو دەبێ:

١٢ـ ژنە جوانەكەو كوڕەكەی هاتن.

١٣ـ پیاوە پیرەكەو ژنەكە مردن.

١٤ـ باوكی كوژراوەكەو بكوژەكە لەوێ بوون.

ئەم سێ ڕستەیە هەرسێك لێڵن، چونكە هەریەك زیاتر لەواتایەك دەبەخشن یان وەك چۆمسكی دەڵا: بنج و سیمای ڕستەكان وەك یەك نین.

لەڕستەی (١٢)دا ئەگەری ئەوە هەیە كە گرێیەكان گرووپ گرووپ بكرێن:

ژنە جوانەكە + كوڕە جوانەكەی هاتن.

ژنە جوانەكە + كوڕەكە (جوان نییە) هاتن.

لەڕستەی (١٣)دا لەئاكامی گرووپ گرووپ كردندا دەردەكەوێ كە جارێك ئاوەڵناوی (پیر) بۆ پیاوەكەو ژنەكەیە. جارێكیش تەنیا بۆ پیاوەكەیە، لەڕستەی (١٤)دا دوو خوێندنەوە

هەیە: ناوی هەبوونی (باوکی) دەکرێ بۆ (بکوژ) و (کوژراوەکە) بەکاربێ هەروەها دەکرێ (باوکی) تەنیا (باوکی کوژراوەکە) بگەیێنێ.

وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٢٩٧) ئەم جۆرە لێڵییە بۆ هەبوونی دوو پێوەندی جیا لەنێوان بەشەکانی ڕستە لەبنج و دەرنەکەوتنی ئەم جیاوازییە لەسیمادا دەگەڕێنێتەوە.

ئەم ڕستەیەش دەکاتە پاڵپشتی ڕایەکەی:

١٥- ئاوازو هەنگی خوشکم چوونە هەولێر.

ئەم ڕستەیە دوو واتای جیای هەیە:

١- ئاوازو ئاهەنگ هەردووك خوشکمن.

٢- هەر ئاهەنگ خوشکمە.

دووەم لێڵی پۆلی: پۆلی جودا یاخود بەشە جیاوازەکانی ئاخاوتن لەم جۆرە وا ڕێك دەکەوێ کە وشەیەك لەڕستەدا زیاتر لەبەشێکی ئاخاوتن بگەیێنێ، ئەم جۆرە لێڵییە زیاتر پەیوەستە بەڕێزبوونی وشەکان لەڕستەدا، لەڕستەی (١٦)دا وشەی (گەورە) ئاوەڵناو کەچی لەڕستەی (١٧) دا فرمانە.

١٦- تۆ گەورەی ئێمەی.

١٧- ئازاد گەورە بووە.

لەهەندێ ڕستەدا گۆڕانی بنەڕەتی لەبەشەکانی ئاخاوتن دروست نابێ: بەواتای (ناو) نابێتە (ئاوەڵناو)

یاخود (فرمان) نابێتە (ناو) بەڵام تەنیا گۆڕان لەبەشێکی ئاخاوتن دروست دەبێت وەك.

١٨- ئێمە جیهان بچووك دەکەینەوە (ئەمە پرۆپاگەندەی کۆڕەك تێلیکۆمە مەبەست لە (جیهان) دنیایە).

١٩- ئێمە جیهان بچووك دەکەینەوە (جیهان ناوی کچێکە بەگەورە نووسراوە ئێمە لەدادگا، دایەرەی نفووس ناوی بچووك دەکەینەوە) لێرەدا هەردوو (جیهان) ناون ئەوەی یەکەم ناوی گشتییە و هی دووەمیش ناوی کەسە.

هەندێ فرمان لەهەندێ چوارچێوەدا تێنەپەڕن و لەهەندێکی تر تێپەڕن، بۆیە ناکرێ بەڕایەکی یەکلاکەرەوە بڕیار لەسەر (تێپەڕی) یاخود (تێنەپەڕی) هەندێ فرمان بدەین.

ئەم دیاردەیەش لێڵی دروست دەکەن:

٢٠ـ ئازاد باش دەنووسێ. (تێنەپەڕ)

٢١ـ ئازاد شیعر دەنووسێ. (تێپەڕ)

**١ ـ ٣ ـ ٤ لێڵی گوێزانەوە:**

ڕێزمانی بونیادگەری ڕۆنکار نەیتوانی ئەو جۆرە لێڵییە چارە بکات.

خودی ئەم جۆرە لێڵییە پەیوەستە بەڕۆنانی ژێرەوە لەم بارەیەوە لیۆنز (١٩٧٧: ٤٠٣) بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕستەیەك بەلێڵ دادەنرێ ئەگەر دوو ڕۆنانی ژێرەوەی (بنج) ی لەخۆ گرت. وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٢٩٨) دەنووسێ کە لەئەنجامی سەپاندنی هەندێ یاسای گوێزانەوە... یاسای جیا دوو ڕستەی جیا (لەنجدا) دەکەن بەهاوسیما. بۆ نموونە ڕستەی:

٢٢ـ (پێم دەشکێ).

ئەم دوو واتایەی هەیە:

١ـ قاچم دەشکێ.

٢ـ من دەتوانم بیشکێنم.

هەندێ لێڵیی ڕێزمانی تر:

لەم بەشەدا ئاماژە بەچەند جۆرێکی تری لێڵی دەکەین. هەندێ لەم دیاردە زمانەوانییانە پەیوەستن بەدەمکاتی کوردی و هەندێکی تر پەیوەستن بەلێڵی بەشێکی جێناوی کوردی.

لەکرمانجی خوارووا لەدەمکاتی ئێستاو ڕانەبردووی بەردەوام و داهاتووی سادە هیچ جیاوازیەك لەفۆرمی فرمان دەرناکەێ لەئەنجامدا لێڵی دروست دەبێ:

٢٣ـ ئەو دەچێت بۆ کۆلێژ :  ئێستا

بەردەوام

داهاتووی سادە

بەڵام لەکرمانجی سەروودا ئەم دیاردەیە بەرچاو ناکەوێ، چونکە هەر دەمکاتەو شێوەی سەربەخۆی خۆی هەیە.

٢٤ـ ئەو دچتە کۆلێژێ.  ئێستا

٢٥ـ ئەو یێ / یا دچتە کۆلێژێ  بەردەوام

٢٦ـ ئەو دێ چنە کۆلێژێ  داهاتووی سادە

شێرکۆ بابان (٢٠٠٠: ١٤٦ ـ ١٤٩) دەنووسێ: لەڕستەی:

٢٧ـ شیلان (چووە) بۆ بازاڕ.

٢٨ـ ناوی من (هەبووە) لە ئەوێ.

لە ئەم ڕێژانەدا لێڵاییەك هەیە، چونکە ئەو نموونانە لەڕوی شیتەڵکارییەوە بەم ئەم چەشنەن:

(چ) (وو) (و) (ە)

هە (ب) (وو) (و) (ە)

لە ئەم ڕێژانەدا، کە ڕێژەی ڕانەبردووی تەواون، خانەی (٣ ـ ) هەردەم بزوێنە، لەچەشنی (وو) بەڵام، خانەی (٤ ـ) لێڵە، چونکە نازانین دەنگی (و) بزوێنە یان نەبزوێنە، ئەمەش زمانی نووسین لێڵ دەکات.

هەردوو ڕاناوی (ئێمە) و (ئێوە) زیاتر لەواتایەك دەبەخشن بەمەش لێڵی دروست دەکەن.

واتاکانی (ئێمە)

٢٩ـ ئێمە = من + تۆ = ئێمە برای یەکین.

٣٠ـ ئێمە = من (خودا) = ئێمە مرۆڤمان دروست کردووە.

٣١ـ ئێمە = (دەسەڵاتدار ـ یەك کەس) ئێمە ڕازی نین.

٣٢- ئێمە = من + تۆ + ئەو + ئەوان (میللەت) ئێمەی کورد تەنیا یەك ئالآمان هەیە.

واتاکانی (ئێوە)

٣٣- ئێوە (کۆ) ئێوە هەمووتان بڕۆنەوە.

٣٤- ئێوە (تۆ + ڕێز) ئێوە چی دەڵێن؟ ئێوە ڕاتان چییە لەبارەی کێشەی ئاوارەکانەوە؟

لەهەندێ باردا دیاردەی لێڵی مۆرفۆسینتاکسی لەهەندێ وشەی کوردی دیاردەکەوێت: وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٢٩٤ ـ ٢٩٥) لەم بارەیەوە ئەم دوو نموونە دەهێنێتەوە:

وشەی برایەتی

٣٥- برایەتی (ڕستەی ئەو برایەتی).

٣٦- وردە (وشە: پارەی وردە).

ڕستە: ئارد وردە

**٢ ـ ١ لێڵی لێکسیکی:** ئەم جۆرە لێڵییە لە لێڵی ڕێزمانی جودایە کە بەهۆی پێوەندییە سترەکچەرییەکانەوە پەیدا دەبێت. لێڵی لێکسیکی وەك لەواتاو وشەکانیدا دیارە، پەیوەستە بەخودی وشەکانە. سو (١٩٩٤: ٢٩) لەبارەی لێڵی لێکسیکییەوە دەنووسێ: ڕستەیەك بەلێڵی لێکسیکی دادەنرێت، ئەگەر لێڵییەکەی لەیەکێ لەوشەکانییەوە سەرچاوەی گرتبوو.

لێڵییەکەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وشە لێڵەکە زیاتر لەواتایەك دەبەخشێت. تراسك (١٩٩٣ ـ ١٣) باوەڕی وایە کە (لێڵی بە پلەیەك لێکسیکییە) ئەمەش وای کردووە، کە ئەم جۆرە هەم گرنگترو هەم بڵاوتر بێت لەلێڵی ڕێزمانی.

**٢ ـ ٢ جۆرەکانی لێڵی لێکسیکی:**

سو (١٩٩٤: ٣٠) دوو جۆرە لێڵی لێکسیکی لەیەك جیادەکاتەوە، ئەوانیش لێڵی لێکسیکی کاتیگۆری و لێڵی لێکسیکی تەواون.

**٢ ـ ٢ ـ ١ لێڵی لێکسیکی کاتیگۆری:**

لەم جۆرە لێڵییەدا جەخت لەسەر بەشەکانی ئاخاوتنی وشە دەکرێت. وشە هەیە دەکرێت لەڕستەیەك (ناو) بێ لەڕستەیەکی تر (ئاوەڵفرمان) لەیەکێکی تر (ئاوەڵناو)بێ.

ئەم دیاردەیە تەنیا لەچەند وشەیەکی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ. هەریەك لە لێکسیمی (جوانە)، (شیرین) و (نازدار) زیاتر لەبەشێکی ئاخاوتن دەنوێنن.

٣٧ـ جوان جوانە.

ناو ئاوەڵناو

٣٨ـ جوان جوان دەخوێنێ.

ناو ئاوەڵفرمان

٤٠ـ شیرین شیرینە.

ناو ئاوەڵناو

٤١ـ شیرین شیرین دەدوێ.

ناو ئاوەڵفرمان

هەروەها هەندێ وشەی تر وەك (ئازاد) و (ڕزگار) و (وشیار) دەکرێ وەك ناوی کەس، هەروەها وەك ئاوەڵناو و فرمان بەکاربێن. لەهەندێ چوارچێوەی قسەدا، بێجگە لەم جیاوازییە لەواتاش جودان:

٤٢ـ ئازاد قوتابیەکی زیرەکە.

ناوی کەس

٤٣ـ شەڕی ئازادی عێراق.

٤٤ـ دوێنێ مامۆستاکەمان ئازادبوو.

٤٥ـ هەرکەسە ئازادە لەوەی کە دەیڵێ.

٤٦ـ ڕزگار دکتۆرێکی ناسراوە.

٤٧ـ هەر گەلێك تێ بکۆشێت ڕزگار دەبێ.

٤٨ـ ژنەکە ڕزگار بوو.

٤٩ـ وشیار مامۆستایەکی ئازادیخوازە.

٥٠ـ شوکر وشیارە مەحوی.

**٢ ـ ٢ ـ ٢ ٠ لێڵی لێکسیکی تەواو:**

سو (١٩٩٤: ٣١) دەلآ: ئەم جۆرە لێڵییە کاتیگۆری جیایە ئەم جۆرەیان ئەوکاتە دروست دەبێ کە وشەیەك زیاتر لەواتایەك ببەخشێ. لەم پێوانگەیەوە ئەم جۆرە لێڵییە هەم پەیوەستە بە واتاسازییەوە، هەم پەیوەستە بە چوارچێوەی بەکارهێنانی وشەکەوە، کەوابێ ئەم لێڵییە لێڵییەکی سیمانتیکی پڕاگماتیکییە. ئەم جۆرە لێڵییە چونکە تەواو پێوەندی بەلێڵی وشەوە هەیە، ئەم دیاردە زمانەوانییە بەشێوەیەکی سەرەکی لەفرەواتا و هاوبێژی پارەوانی و هایپۆنیم دەردەکەوێت.

**٢ ـ ٢ ـ ٢ ـ ١ فرەواتاو هاوبێژی پارەوانی و هایپۆنیم:**

زاراوەی فرەواتا یان پۆلۆواتا بریتییە لەبەرکاهێنانی هەمان لێکسیم بەدوو (یان زیاتر لەدوو) واتای جیاواز زماننناسانی وەك: پالمەر، لیچ، فرۆمکین و ئۆلدمان و کریستال باوەڕیان وایە کە لەفرەواتادا یەك فۆڕم هەیە، ئەو فۆڕمەش چەندین واتای جیاواز لەخۆوە گرد دەکاتەوە. لەمەش زیاتر گرێتەرو ڕێدمان و ئەتلەس و سۆ، دەڵێن: واتا جیاوازەکانی یەك فۆڕم دەبێ هاوڕەگەزبن، لەهەمان سەرچاوە سەرچاوەیان گرتبێ، بڕوانە ـ سەلام (٢٠٠٣: ٦٧) هەرچی هاوبێژە بریتییە لەو جووتە وشانەی بەڕێکەوت هەڵکەوتوون کە هەمان شێوە یاخود هەمان دەنگ یاخود هەمان شێوەو دەنگیان هەبێت، بەڵام لەواتادا جیاوازبن ـ محەمەد مەعروف (١٩٩٠: ١٧٠) بەشێوەیەکی گشتی چوارجۆر هاوبێژ هەیە (تەنیا سێ لەکوردی هەن).

١ـ هاودەنگ: فۆڕمی جیاوازو هەمان دەنگ (ئەمەیان لەکوردی نییە ـ محەمەد مەعروف (١٩٩٠: ١٧٠).

٢ـ هاوپیت: هەمان فۆڕم و دەنگ جیاواز: ماوە: (هێشتا نەمردووە) ماوە:

(کات، دووری) وەك هەمانە = هەیتمان، هەمانە = هەمبانە.

٣ـ هاوبێژی تەواو: هەمان فۆرم و هەمان دەنگ: وەك، (ئاش: جێی هاڕین)، (ئاش: چێشت).


٤ـ لەتە هاوبێژی: مۆرفیمێکی سەربەخۆو بەند هەمان فۆرم و واتایان هەبێت. وەك:

یار: خۆشەویست.

یار: کرپار. بڕوانە ـ فەتاح مامە (١٩٨٩: ٥٧)، لوبنێر (٢٠٠٢ ـ ٤٤) ئاوا لەبارەی فرە واتاو هاوبێژیەوە دەنووسن ((لەکاتێکدا هاوبێژی دیاریدەیەکی دەگمەنەو ڕێکەوت ئامێزە، هەرچی فرەواتایە بەربڵاوە. فرەواتا زیاتر یاسایەکە نەك دیاردەیەکی بەرپەڕ یاخود نامۆبێ، هەروەها فرەواتا ئارەزوویەکی ئابووریانەی زمانەو زۆر ڕێك دەکەوێ هەتا وشە هاوبێژەکانیش ببنە فرەواتا نەك بەپێچەوانەوە)).

بەشێك لەپارەوانی کە پێی دەوترێ پارە وشە خۆیی (یووسف شەریف ٢٠٠٤: ١٦٩) لێڵی دروست دەکەن، هەردوو وشەی دەست و پێ لەکوردیدا ئەم بەشانەدەگرێتەوە:ـ




سەرچاوەی پێشوو (لا١٧٠).

هەروەها دەکرێت هەریەك لەدەست و پێ هایپۆنیم بن، چونکە چەند وشەیەك لەخۆ دەگرن کە بەشێکن لەدەست و پێ وەك:

دەست

باڵ

ئانیشك

قۆڵ ـ باسك

مەچەك

دەست پەنجە ناولەپ پشت دەست

پێ:

ڕان

ئەژنۆ

قاچ

لوولاق

پووز ـ بەلەك

پێ گۆزینگ

پاژنە

پەنجەی پێ

لێرەدا کە یەکێك دەڵێت:

٥٢ـ دەستم شکا.

یاخود دەڵێت:

٥٣ـ پێم شکا.

هەردوو ڕستە لێڵن، چونکە تەواو نازانرێت کە لەڕستەی (٥٢) کوێی دەستی قسەکەر شکاوە؟ هەروەها لەڕستەی (٥٣) نازانرێت کوێێ پێی شکاوە؟

**٣ ـ ١ ڕێگاکانی ڕەواندنەوەی لێڵی:**

چەند ڕێگایەك هەن کە هەریەکەیان بەجۆرێك دەتوانێت جۆرەکانی لێڵی لەکوردیدا برەوێنێتەوە. لەم بەشەدا لەو ئامرازە سەرەکیانە دەدوێین کە ڕۆڵێکی بەرچاویان لەتواندنەوەی لێڵی ڕێزمانی و لێڵی لێکسیکی و جۆرەکانیان هەیە.

وەك دەركەوتووە كە چوارچێوە ڕۆڵێكی سەرەكی تری هەیە لەوانی تر، بۆیە چوارچێوە دەكەینە یەكەم ڕێگا.

**یەكەم: چوارچێوە:**

دوان لەڕۆڵی چوارچێوە لەدیاری كردنی واتای وشەو فرێزو ڕستەدا زۆر گرنگە، چونكە پێش هەموو شت چوارچێوە لێڵی دەق لەزماندا ناهێڵێت. سەلام (٢٠٠٣: ٦٤)، هەدسۆن (٢٠٠٠: ٣١٢) دەنووسێ بەبێ چوارچێوە فۆڕمی زمانەوانی بەتەنیا ناتوانێت شرۆڤەی ئەو هەموو واتایانە بكات كە ئێمە لەزمان بەدەستی دەهێنین. لێڵی لێكسیكی كە هەریەك لەفرەواتاو هاوبێژی سەرچاوەی دروستكردنی ئەو لێڵییەن، دەكرێت بەچوارچێوە چارەسەر بكرێن. فەتاح مامە (١٩٨٩: ٥٨)، لەبارەی گرینگی چوارچێوەی لەتواندنەوەی لێڵی هاودەنگ دەنووسێت: هاودەنگ دیاردەیەكی (سیاق) یيە، چونكە بەهۆی سیاقەوە ئەو لێڵییە دەتوێتەوە كە لەئەنجامی وشە هاودەنگەكان هاتوونەتە ناوەوە.

لەڕێگەی چوارچێوە، ئەم نموونەی خوارەوە لێڵی لەوشەی هاودەنگی (كورك) ناهێڵێت:

٥٤- كورك: ئەو سەرینە لەكورك دروست كراوە.

٥٥- كورك: مریشكی كورك هێلكە ناكات.

سەبارەت بەلێڵی فرەواتایی، هەندێك ئاوەڵناو لەكوردیدا ڕۆڵێكی گرنگیان هەیە، لابردنی ئەو لێڵییەش هەر بەچوارچێوە دەستەبەر دەبێت:

ئاوەڵناوی (گران) چەندین واتای لەیەك نزیك هەیە دیاری كردنی هەریەك لەو واتایانەش پەیوەستە بەچوارچێوەوە:

٥٦- ئەو بارە گرانە. (قورسە - هەڵناگیرێت)

٥٧- پیاوێكی گرانە. (بەویقارە - خاوەن كەسایەتییە)

٥٨- پرسیارێكی گرانە. (ئاسان نییە)

٥٩- گرانە (هەرزان نییە) بڕوانە سەلام (٢٠٠٣: ٦٨).

پێویستە هەردوو جۆری چوارچێوە لەیەك جودا بكەینەوە: چوارچێوەی زمانەوانی و چوارچێوەی نازمانەوانی چونكە هەندێك ڕستە هەن تەنیا بەچوارچێوەی زمانەوانی لێڵییەكەیان لاناچێت، بەڵكو هەندێك جار پێویستیمان بەهاوكاری نازمانەوانیش دەبێت بۆ لابردنی لێڵی. لەبارەی چوارچێوەی زمانەوانییەوە پالمەر (١٩٨١: ٢٤٤) و كریستال (١٩٩١: ٨٧) دەڵێن: ئەم جۆرە چوارچێوەیە بەكۆ ـ دەقییەوە هەردوو پێوەندی سیگمانتیكی و پڕاگماتیكی بەشەكانی ڕستەكە دەردەخەن.

٦٠ـ ڕستەی (فڕاندی) ڕستەیەكی لێڵە، دەكرێت ئەو چەند واتایە لەخۆ بگرێت:

١ـ كۆترەكەی فڕاند (فڕی)

٢ـ پارەكەی فڕاند (بردی ـ هەولێر)

٣ـ كچەكەی فڕاند (هەڵیگرت)

بەڵام ئەگەر لەجیاتی (فڕاندی) بڵێین: (ڕفاندی) كە هاوواتایەكی پارچەییە لەگەڵ (فڕاندی) پێك دەهێنێت، ئەوا ڕستەكە لێڵی نامێنێت، تەنیا واتای (بردن) دەگەیەنێت.

٦١ـ پارەكەی / كچەكەی ڕفاند.

هەرچی چوارچێوەی نازمانەوانییە، ئەوا بەشێوەیەكی سەرەكی پێی دەوترێت چوارچێوەی كەوتگە. ئالان (١٩٨٦: ٣٧) شوێنكاتی ئاخاوتنەكە بەئەدگارو تایبەتمەندییەكی سەرەكی ئەو جۆرە چوارچێوەیە دادەنێت.

لەڕاستیدا هەر وایە ئەگەر تۆ (كات) و (شوێنی) چوارچێوەی ئاخاوتنەكەت زانی هیچ لێڵییەك لەئارادا نامێنێت بەپێی ئەم جۆرە چوارچێوەیە كە هیچ پێوەندی بەفۆڕمی زمانەوانی وەك وشەو فرێزو ڕستەوە نییە، ئەم ڕستانەی خوارەوە هیچیان لێڵییان نامێنێت:

٦٢ـ پێم دەشكێ.

٦٣ـ پێی دەخورێت.

٦٤ـ پێی لێ نا.

٦٥- فرِاندی.

٦٦- کردیێ.

**دووەم فەرهەنگ:**

فەرهەنگ ژێدەرێکی تری گرنگە بۆ لابردنی لێڵی وشەیەك، فەتاح مامە (١٩٨٩: ٥٨) دەنووسێت: فەرهەنگ هاوبەشی لەڕوونکردنەوەی لێڵی دەکات... بەتایبەتی لێڵی وشە هاودەنگەکان. هەر لەرێگای فەرهەنگەوە لێڵی ئەو وشە هاودەنگە لادەبرێت:

٦٧- کورك١: تووك.

٦٨- کورك٢: مریشك باڵندەی کڕکەوتوو.

هەرچی فرەواتا، هاوواتاو هایپۆنیمیە، کە تەواوی دانەکانی فەرهەنگ پێك دەهێنن هۆکارێکی ترن بۆ ڕوونکردنەوەی لێڵی:

٦٩- جوان، قەشەنگ، شۆخ هاوواتان.

٧٠- گەورە: بەتەمەن، بەرپرس، کەتە، فرەواتان.

٧١- سەگ - دەل، گەماڵ هایپۆنیمن، بەڵام هەروەك لەوشەکان دەردەکەوێت هەر یەك لەفرەواتاو هایپۆنیم، چونکە تاکە وشەن هەر بەتەنیا بەرێگەی فەرهەنگ لێڵیان لانابردرێ، بۆیە لێرە پێویستیمان بەچوارچێوە دەبێت بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی لێڵی ئەم سێ دیاردە زمانەوانییە.

سێیەم: یارمەتیدەری چوارچێوە:

بێجگە لەچوارچێوەو فەرهەنگ رێگایەکی تر کە یارمەتیدەربێت لەڕوونکردنەوەی لێڵی، هەندێ ئاوەڵفرمانی کاتین، ئەم هۆکارە ئەگەر لەدەرەوەی چوارچێوەش بێ، هۆکارێکی زمانەوانی لەلایەك و هەروەها هۆکارێکی نازمانەوانییە. ئەم جۆرە رێگایە دەکرێ بۆ ڕوونکردنەوەی ڕستەی لێڵی ئێستاو بەردەوام و داهاتووی سادەی کرمانجی خواروو بەکاربێ.

٧٢ـ ئەو دەچێتە دەرەوە.

ـ بەزیادکردنی ئاوەڵفرمانی کاتی وەك (ڕۆژانە ـ بۆ ڕانەبردووی سادە) هەر ئێستا وا ـ بۆ ڕانەبردووی بەردەوام) سبەینێ ـ بەیانی ـ بۆ داهاتووی سادە، لێڵییەکە ناهێڵن:

٧٣ـ ئەو ڕۆژانە دەچێتە دەرەوە.

٧٤ـ ئەو هەر ئێستا وا دەچێتە دەرەوە.

٧٥ـ ئەو بەیانی دەچێتە دەرەوە.

هەروەها بەهۆی چوارچێوەی شوێنکات دەکرێت بەبێ بەکارهێنانی ئاوەڵفرمانی کاتی، لێڵی ڕستەکە لاببەین.

چوارەم: ڕێگای گرووپ گرووپ کردن لەکەوانەدا: کەوانەدارکردن ئەم ڕستانەی خوارەوە پێکهاتەیەکی لێڵییان هەیە:

٧٦ـ پیاوە پیرەکە و ژنەکەی مردن.

٧٧ـ باوکی کوژراوەکە و بکوژەکە هاتن.

٧٨ـ ئاوازو ئاهەنگی خوشکم چوونە هەولێر.

ـ هەریەك لە (پیر) و (باوك) و (خوشك) لێڵییان دروست کردووە، چونکە تەواو ڕوون نییە کە ئەم سێ دیارخەرە تەنیا بۆ یەك ناون یان بۆ هەردوو ناوەکە. جا ئەگەر پەیڕەوی ڕێگای گرووپ گرووپ کردن لەکەوانەدا بکەین، ئەو لێڵییە نامێنێت:

ـ (پیاوە پیرەکە) و (ژنەکە) مردن.

یان

ـ (پیاوە پیرەکە) و (ژنە پیرەکە) مردن.

ـ (باوکی کوژراوەکە) و (بکوژەکە) هاتن.

یان

ـ (باوکی کوژراوەکە) و (باوکی بکوژەکە) هاتن.

ـ (ئاواز) و (ئاهەنگی خوشکم) چوونە هەولێر.

یان

- (ئاوازی خوشکم) و (ئاهەنگی خوشکم) چوونە هەولێر.

**پێنجەم ڕێگا: هێزو ئاوازە:**

ئەکما ژین (١٩٩٥: ٢٢٨) دەنووسێ: ((هەریەك لەهێزو ئاوازە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەڕوونکردنەوەی لێڵیدا)) ڕۆڵی ئەم دووە لەکوردیدا زۆر بەرچاوە بۆ ڕەواندنەوەی لێڵی.

غازی فاتیح وەیس (١٩٨٤: ٨٤) لەبارەی هێزەوە دەنووسێ: ((ئەو هێزەیە کە ئەکەوێتە سەر بڕگەیەك لەبڕگەکانی وشە)).

واتە ئەو وشەیەی کە بریتییە لەدوو یا زیاتر لەدوو بڕگە، بڕگەیەکیان هێزی ئەکەوێتە سەرو بەگۆڕینی ئەو هێزە لەو بڕگەیەوە بۆ بڕگەیەکی تر ئەو وشەیە ئەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو وشەیە لەڕووی زمانەوانییەوە. ((بەواتای جێگۆڕکێی هێز لەکوردیدا دوو گۆڕانی لێ دەکەوێتەوە، لەلایەك واتای وشەکە دەگۆڕێ، دووەمیش تەنیا لەئاخاوتن نەك لەنووسین هەستی پێ دەکرێ. ئەو وشانەی خوارەوە بەپێی جێگۆڕکێی هێزەوە ئەو دوو گۆڕانەی پێشوەیان بەسەردا دێت:

٧٩ـ نووستن.

٨٠ـ مردن.

٨١ـ برایەتی.

٨٢ـ ئازادی.

- ئەگەر هێز بکەوێتە سەر دوا بڕگە، هەریەك لەو وشانە دەبنە چاوگ یاخود ناو.

- (غازی فاتیح وەیس ١٩٨٤: ٨٦) وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٢٨٦)، هەروەها دەکرێ بڵێین ئەو وشانە دەبنە وشەی فەرهەنگ و هەریەکە واتای خۆی هەیە:

نووستن = خەوتن

مردن = کۆچی دوایی کردن.

برایەتی = برایی.

ئازادی: سەربەرستی.

بەڵام ئەگەر هێز لەسەر یەکەم برگەبوو، وشەکان دەبنە ڕستە. کەوابێ لەکوردیدا بۆ نەهێشتنی لێڵی پێویستە شوێنی هێز لەئاخاوتن دیاربکرێ. هەرچی ئاوازەیە ئەوە پەیوەستە بەگۆڕینی پلەی (نەغمەی) ڕستەیەك یاخود وشەیەك بەبێ دەستکاریکردنی وشەو برگەو فۆنیم و مۆرفیمی ئەو ڕستەیە یاخود وشەیە ـ غازی فاتیح وەیس (١٩٨٤: ٩٣). سەبارەت بەلێڵییەوە دەکرێ بڵێین: ئاوازە بریتییە لەوەستان لەنێوان وشەکاندا لێڵی ناهێڵا وەك ئەم نموونەی خوارەوە:

٨٣ـ نەڕۆی دەتکوژم دوو واتای دژبەیەکی هەیە:

١ـ نەڕۆی دەتکوژم.

٢ـ بڕۆی دەتکوژم.

بڕوانە: وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٣: ٩٠)، بەڵام ئەگەر لەنێوان (نەڕۆی) و (دەتکوژم) وەستان هەبێت، لێڵییەکە نامێنێ و ڕستەکە واتای: (ئەگەر بڕۆی دەتکوژم) دەگەیەنێ.

## ئەنجام

ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند ئەنجامێکی پێکاوە، کە دەکرێ بەشێوەی خاڵ ڕیزیان بکەین:

١ـ لێڵی دیاردەیەکی زمانەوانییە، زۆر وشەو گرێ و پێکهاتەی ڕستەی کوردی ئەم دیاردەیەی لەخۆ گرتووە.

٢ـ لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا، فرەواتاو هاوبێژو هایپۆنیمی سەرچاوەی سەرەکی دروستکردنی لێڵین، لەکوردیدا لەسەر ئاستی ڕستەسازیش چەندین پێکهاتەی ڕستەی کوردی لێڵی لەڕستەی کوردی دروست دەکەن.

٣ـ لێڵی لەوانەیە مەبەستداربێ و قسەکەر بەئەنقەست لێڵی دروست بکات، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی لەسەر گوێگر دەبێت یان لەوانەیە لێڵی بێ مەبەست بێ.

٤ـ لێڵی لێکسیکی زۆر باوترو گرنگترە لەلێڵی ڕێزمانی، لێڵی لێکسیکی لەوشەوە سەر هەڵدەدات و فاکتەری ئەو لێڵییە بۆ هۆکاری زمانەوانی دەگەڕێتەوە.

٥ـ لێڵی ڕێزمانی پەیوەستە بەپێکهاتەی ڕستەو خوێندنەوە جیاوازەکانی هەر پێکهاتەیەك و ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی تیۆرەکەی بونیادگەری لەبەرامبەر هەردوو ئاستی ڕستە هەرەس بێنێ و تیۆرەکەی چۆمسکی سەرکەوتن وەدەست بێنێ. لەم ڕووەوە بەواتایەکی تر لەلێڵی ڕێزمانی دەردەکەوێ کە دەکرێ ڕستە دوو سێ بنجی لەیەك سیما هەبێت.

٦ـ پێنج ڕێگا چارە بۆ ڕۆشنکردنەوەی لێڵی دەست نیشان کراون:

I چوارچێوە.

II فەرهەنگ

III یارمەتیدەری چوارچێوە.

IV گرووپ گرووپ کردنی گرێ لێڵییەکان.

V ڕۆڵی هێزو ئاوازە لەڕۆشنکردنەوەی لێڵی.

VI چوارچێوەی زمانەوانی و چوارچێوەی شوێنکات:

دوو ڕێگا چارەی سەرەکین بۆ ڕوونکردنەوەی لێڵی و جۆرەکانی، سێ ڕێگاکەی تریش هەریەکەی بەجۆرێك ڕۆڵی خۆیان لەڕوونکردنەوەی لێڵیدا هەیە...

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:**

١ـ سەلام ناوخۆش بەکر، زمانناسی و هەندێك بابەتی زمانناسی کوردی، هەولێر ٢٠٠٣.

٢ـ شێرکۆ بابان، شرۆڤەکاری ڕێزمانی لەزمانی نووسیندا، هەولێر ٢٠٠٠.

٣ـ غازی فاتیح وەیس، فۆنەیتك، بەغدا ١٩٨٤.

٤ـ فەتاح مامە عەلی، هاودەنگ لەزمانی کوردیدا، ماستەرنامە، هەولێر ١٩٨٩.

٥ـ محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، بەغدا ١٩٩٠.

٦ـ وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر ٢٠٠٣.

٧ـ یووسف شەریف، پارەوانی، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین ژمارە ٢٣، هەولێر ٢٠٠٤.

دووەم: سەرچاوەی ئینگلیزیەکان:

1- A Karajan، A. teal (1995). Linguistics: an Introduction to language and communication 4th ed. Massac settees:

2- Allan، k. (1996). Linguistic meaning، vol. l. London: Rout ledge and keg an Paul.

3- Crystal، D. (1991). A Dictionary of Linguistic and phone tics، D. 3rd ed. London: black well publishers.

4- Horsy، K. (2001). 101 key ideas: Linguistic London.

5- Hudson، G. (2000) Essential Introductory Linguistics London: Cornwall.

6- Lyons، J. (1977) Semantics، vol. ill Cambridge University press.

7- Loner، S. (2002). Understanding Semantic London: Oxford university press.

8- Palmer، F. R. (1981). Semantics، 2nd Ed Cambridge: Cambridge University press.

9- Cigar، A. H. (1999). Homonymy with reference English Arabic Translation (unpublished M. A. thesis) Missal University.

10- Sue، S. p. (1994) lexical Ambiguity in poetry. London: Longman press.
11- Thomas، O. and، E، R. kitten. (1974) Trans formational Grammar and the teacher English: theory and practices، New York: Holt press.
12- Track، R، L. (1993). A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics. London: Rutledge Inc.
13- Uman، S، (1962). Semantics: an Introduction to the science of meaning oxford: Oxford University press.

# دەروازەی دووەم

# واتاسازی

## پێشەکی

واتاسازی توێژینەوەیەکی زانستیی واتایە لە زماندا، لە ڕاستیدا ئەم زاراوەیە تاکو سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی فراوان بەکارنەدەهێنرا، کەچی ئەو بابەتگەلەی کە ئەم زانستە لێیان دەکۆڵێتەوە، زۆر دێرینن ، و بۆ کەڵە فەیلەسوف و لۆجیکناسانی گریك دەگەڕێتەوە، وەکو ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و ئەوانی دی.[١]

١- فەیلەسوفەکانی یۆنان یەکەم کەس بوون کە باسیان لەسروشتی واتا کردووە: ئایا واتا ئیلهامە یان ڕێکەوتە، ئەم مەسەلەیەشیان لەدوو ئاراستەی جوداوە تاووتوێ کردووە، یەکەمیان: ئاراستە سروشتیەکەیە کە ئیلهامە و ئەفلاتۆن لەسەر ئەم باوەڕبووە، ئەم بۆچونە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە پەیوەست بوونێکی ناوەکی سەرەکی و پۆزەتیڤانە لەنێوان دەنگ و ئەو وشەیەدا هەیە کە ئاماژەی بۆ دەکرێت، (واتە لەنێوان ئاماژەو واتادا) دووەمیش: ئاراستە دانراوەکەیە (ڕێکەوت) کە ئەرستۆ لەسەر ئەم ڕایە بووە، لەم ئاراستەیەدا ئەوە مەبەستە کە ئەم پەیوەست بوونەی نێوان بەکارهێنەرانی زماندا بەڕێکەوت دانراوە، بەهەر حاڵ هەردوو ئەم حاڵەتە ڕێژەیین، چونکە گەر تیۆرە سروشتیەکە ڕاست بێت، ئەمە مانای وایە کە ئێمە دەتوانین مانای وشەکان هەر بەگوێ لێبونێك بزانین، ئەمەش مەعقول نییە، مەگەر تەنها لەو وشانەی کە دەنگەکانی ئاماژە بەواتاکانی دەکەن، وەکو (وەڕین) (حیلکەی ئەسپ) (لورەی گورگ) (خشکە)... هتد. تەنانەت ئەم دەنگانەش لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دی دەگۆڕێن هەرچی تیۆری دانراویشە لەڕاستەقینەوە نزیکە ، ئەم تیۆرە جەخت لەسەر هەرەمەکی بوونێك دەکات کە لەنێوان وشەکاندا هەیە، جگە لەوشتانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن ، کە ئەم تیۆرە واتاسازی تازە پەیڕەوی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین کە زمانەکان هەموو لەڕێکەوتنی دانراوەوە سەرچاویان گرتووە ، کە لەنێوان قسەپێکرانیاندا بۆ ناوهێنانی شتەکان دەست نیشان دەکرێن، ئەم ئاکارە وا پێویست دەکات کە شێوەیەکی پێشینەی زمان هەر لەپێش مرۆڤەوە بوونی هەبووبێت، کە لەپاشاندا بۆ زمان پشتی بەم شکڵە بەستووە (نووسەر).

جا ئەم زانستە لەم ڕۆژگارەدا جێی گرنگی پێدانی ئەو زمانەوانەیە کە پرۆگرامەکانیان باس لەتوێژینەوەی تایبەتمەندیەکانی واتا دەکەن ، کە بەشێوازێکی زانستی و بابـەتی ڕێکوپێـك ئەنجام بدرێن، ئەم کارەش بەگەڕانەوە بۆ قسەوێژان و زمانە بێژراوەکانیان مەیسەر دەبێـت، کەواتە لێرەوە دەزانین کە پرۆگرامی زمانەکان لەتوێژینەوەی مانـادا فـراوانترو گـشتگیرترە لەهەموو کۆششەکانی ئەو فەیلەسوف و لۆجیکناسانەی کە هەمیـشە لەچوارچـێوەی یـەك زماندا جەختیان لەسەر توێژینـەوەی ڕسـتە دەکـرد، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا شـیتەڵکاری فەلسەفی لۆجیکی مانا بەردەوام کاریگەری لەسەر شیتەڵکاری زمانەوانیە نوێکاندا هەیە.

هەر پرۆگرامێکی زانستی بـۆ توێژینـەوەی واتـا پێویـستە لـەو توێژینـەوە ئاسـاییە گومانیانە جودا بکرێتەوە کـە لـەڕێگای بـەکارهێنانی بـاوی زاراوەی (واتـا ـ **الدلالة**)ەوە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە.

نەخاسما کاتێك کە لەلای هەموو خەڵك ، (واتا) ئەو ڕێچکەیەیە کە لەگوزەرگاکەیـەوە، زمان بۆی هەیە ببێتە فشارێك بۆ لادان لەزانینی کرۆکی مەرامەکان، وەك ئەوەی کەسـێك لە گفتوگۆیکدا بڵێت: (ئەم گوزارشتە تەنها واتایەکە)، کە ئەمـەش مەبەستی ئەوەیـە کـە تەنها ئەمە قسەیەکە، وهیچ پەیوەندیەکی بەم جیهانەی ئێمـەوە نییـە، جـا ئـەم چـەمکە گشتی و باوەی زاراوەی (واتا) ناخزێتە چوارچێوەی ئەو بـاس و خواسـانەی کـە ئێمـە لـەم پێگەیەدا پێشنیازیان دەکـەین، چـونکە واتاسـازی توێژینـەوەی زانـستی بابـەتی مانایـە لەچوارچێوەی زماندا.

## ١ـ واتای واتا

هەردوو نووسـەر (ئۆگـدن) و (ریـچاردز) سـاڵی(١٩٢٣) لـەو پەرتووکـە نـاودارو شـۆڕەتدارەیان کـە نـاوی (واتـای واتـا)یـە(The meaning of meaning) نووسیویانە ، نزیکـەی (١٦) بـەکارهێنانی وشـەی (واتـا)یـان خـستۆتەڕوو، کـە ئەمانـە هەندێکیانن:ـ

1- john <u>means</u> to write. (In tends) مەبەستێتی

2- agreen light <u>means</u> go. (Indicates) واتادەبەخشێ

3- Health <u>means</u> everything. (Has important) گرنگی هەیە

4- His book was full of <u>meaning</u>. (Special important) گرنگیەکی تایبەتی هەیە.

5- What is the <u>meaning</u> of life? (purpose) ئامانج

6- What dose(capitalist) <u>mean</u> to you? (convey) تێگەیشتن

7-What does(cornea)<u>mean</u>?(refer to in the world واتا بەخشین

دواهەمین نموونەی وشەی (mean) (واتا بەخشین)ە، ئەو شتەیە کە واتاسازی زمانەوانی جەختی لەسەر دەکات، بەڵام ئەم وشەیە جۆرێکی تایبەتی ئاراستەکردنی پرسیارە دەربارەی زانست و زانین، پرسیار پێویستە سەبارەت بە پێناسەکان بکرێت، ئەو پێناسانەی کە تاڕادەیەك خاوەن شکلێکی ئاسایی نین، بۆ ئەوەی وەڵام بدرێنەوە کە زیاتر لە فەرهەنگەکاندا بەدی دەکرێن نەك لە ڕستەو شێوازی ڕستەو ئاخافتنی ڕۆژانەدا، ئەم شێوازە، (وەرگێڕان)ێکی وشە زەحمەتەکەیە بۆ چەند وشەیەکی ئاسان، واتە شرۆڤەکردنی ئەم وشەیەو ڕوونکردنەوەی ماناکانی.لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندیەکانی پێناسەی وشە بەشێکی گرنگی واتاسازی پێکدەهێنێت، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە واتاسازی گرنگی بەشێوازو ڕێچکەکانی ئەو وشە و ڕستانە دەدات، کە مانا و کرۆکی مەبەستەکانمان بەشێوەی درکێندراو و نووسراو لە کلاّو ڕۆژنەی پەیوەندیەکانمانەوە پێ دەگەیەنن.

## ٢ـ سێ بۆچوون بۆ واتا

أـ وشەکان ـــــــ شتەکان (ئەو وشانەی کە گوزارشت لەشتەکان دەکەن).

بۆچوونی باو دەڵێت: وشەکان ناوی شتەکانن یان ئەو وشانەن بۆ شتەکان دەگەڕێنەوە.**ئەفلاتۆن** لەسەر ئەم بۆچونە دەڕوا، چەند ناوێکی وەکو (لەندەن، بیل، کوڕ، باوك) ئاماژە بۆ ئەم بۆچونە دەکەن، هەروەك لە گوزارشت و وشەگەلی دیش ئەم تەرحە


بۆچونە بەرجەستە دەبێت، بۆ نموونە وەکو ئەو ناوانەی کە ئاماژە بۆ ئەو شتانە دەکەن کە لە دوکان و بازاڕەکاندا بۆ فرۆشتن دانراون.

بەلاَم لێرەدا ژمارەیەکی زۆری وشەکان لەزماندا هەن کە نایانبینین و پێی دەوترێ( شتەکان یان گەڕانەوە) وەکو (کارەکان): (دەپرسێ) یان (دەدۆزێتەوە) ، وەکو (ئاوەڵناوەکان): سەخت یان گشت، هەروەها وەکو ناوەکانی ( چەسپاو یان لاسایی کەرەوە)، لەڕاستیدا زۆربەی زۆری وشەکانی زمان وا دەردەکەون کە توانای پەیوەست بوون یان گەڕانەیان بەهیچ شێوەیەك بۆ شتەکان نییە.

ب ـ وشەکان ـــــ تێگەیشتن ـــــ شتەکان (وشەکان گوزارشت لەچەمکگەلێك دەکەن کە ئەمانیش بەدەوری خۆیان گوزارشت لەو شتانە دەکەن) .

ئەم هاوکێشەیە لەسەر پایەی پەیوەست نەبوونی ڕاستەوخۆی نێوان وشەکان و شتەکان دامەزراوە.بەلگەشی ئەوەیە کە پەیوەست بوون لەم حاڵەتەدا تەنها لەبواری بەکارهێنانی هزری مرۆڤەوە دەبێت، چونکە هەموو وشەیەك بەپێی ئەم بۆچوونە، چەمکێکی هەیە کە وشەکەو ئەو شتەی گوزارشتی لیَ دەکات چەمکەکە پێکەیان دەلکێنێت.

جا باشترین وێنە ئەم پەیوەندیە بخاتەڕوو ، ئەو هاوکێشەیە کە (ئۆگدن) و (ریچاردز)(١٩٢٣ ) دایاننناوە:ـ




ئەو ڕەخنەیەی کە ئاراستەی ئەم هاوکێشەیە کراوە،ئەوەیە کە لەزەحمەتی و دژواری زانینی کرۆکی چەمکەکانەوە (concepts)سەرچاوە دەگرێت ، چونکە هیچ ئاسان نییە

ئەو چەمکەی کە لەژێر وشەیەکی وەکو (لاسایی) جێی دەبێتەوە پێناسە بکەین، ڕاستە هەندێك وشە هەن کە هەڵگری ماناگەلێکن و دەتوانین بەشێوەیەکی ساناتر بیانزانین و دەرکیان پێ بکەین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا وێنەگەلێکی بینراوی ڕێکوپێکمان نییە ، کە هەموو وشەیەك لەزارمانەوە دەردەچن ، بەو شتانە ببەستینەوە کە خودی وشەکان گوزارشتیان لێ دەکەن.

سەرباری ئەوەش هیچ زامنێك لەمشتدانییە کە ئەو چەمکەی بەهزرمدا بۆ وشەی (مێز) گوزەر دەکات ، هەر هەمان ئەو چەمکەش لەهزری تۆدا دروست بکات.

ج ـ وروژێنەر ـــــ وشەکان ـــــــ وەڵامدانەوە (وروژێنەرەکان دەبنە ئەو وشانە کە ئەوانیش بەدەوری خۆیان دەبنە کاردانەوە و وەڵامدانەوە) ، بلۆمفیلد لەپەرتووکەکەی خۆیدا (زمان ـ language) ساڵی (١٩٣٣) ئەم بۆچوونە ڕەوشتکارییەی شرۆڤە کردووە،واتا بەبۆچوونی ئەو لەوانەیە لەو حاڵەتەوە بێتە ئەنجام کە قسەی تیادا بەکاردەهێنرێت، وروژێنەری (s) مرۆڤ بەرەو قسەکردن پەلکێش دەکات. کەواتەئاخاوتن وەڵامدانەوەی (r)ە ، و ئەم وەڵامدانەوەیەش (R) دەرەنجامی قسەی (S)ە، هەروەها (بلۆمفیلد) حاڵەتی مانای ڕەوشتکاری لەم وێنەیەوە خستەڕوو :

S----r----s----r

جا نموونەکەی (بلۆمفیلد) لەسەر ئەم هاوکێشەیە بەمجۆرەیە: کچۆڵەیەك بەناو (جیل) کە برسیەتی و سێوێکی لەسەر درەختەکە بەرچاو دەکەوێ (S = وروژێنەرێکی فیزیۆلۆجی) ە،بۆیە بە لاوەکە (جاك) دەڵێ کە ئەو سێوەی بۆ لێ بکاتەوە (R)، ئەم وروژێنەرە قسەییە (s) ، وا لەجاك دەکات کە سێوەکە لێبکاتەوە (R = وەڵامدانەوەیەکی قسەیی)، جا بلۆمفیلد دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئێمە دەتوانین مانای وروژێنەرو کاردانەوەکانی لەگوزەرگای تێبینی کردنی ئەو ڕووداوانەی کە لەگەڵیدان بزانین و بەجوانی دەرك پێ بکەین.

بەڵام گرفتی هاوکێشەکەی (بلۆمفیلد) لەوەدایە کە چەندەها حاڵەت هەن کە زۆر سەختە ئادگارە ڕێژەییەکانی وروژێنەر یان کاردانەوەکانی بزانرێ.گرفتەکەش لەحاڵەتێکدا زیاد دەکات کە ڕووداوەکان بە مانا فیزیاییەکەی بینراو نەبن (هەروەك لەگوزارشت کردنی سۆزدا)، سەرباری ئەمەش لەڕووی زانستییەوە سەختی و دژواری چارەسەری ئەو حاڵەتانە سەلمێنراوە کە خەڵکیان بەشێوەیەك تیادا بەرچاو دەکەوێت ، کە بەشێوازێکی پشکنەرانە مامەڵە ناکەن، وەکو گریمانەی ئەوەی کە (جاك) ئەو سێوە بۆ (جیل) کچۆڵەکە لێنەکاتەوە بەهۆی ئەوەی کە پێش دوو ساڵ لەو (مۆنتی کارلۆ)زیزبوونێك کەوتبووە نێوانیانەوە.

## ٣ـ واتاسازی هاوچەرخ

لەڕابردوودا مشتومڕ لەسەر دۆزینەوەی کرۆکی واتا بوو ، (ئایا مانا چییە؟) ، ئەویش وەکو چەمکێکی سەربەخۆ، ئەم بۆچوونەش وامانی لێ کرد کە دەرك بە پتربوون و فراوانبوونی گرفتەکە بکەین، بەڵام هیچ پێناسەیەکی باوەڕپێکراوی (واتا) لەئارادا نییە... بەڵکو ئەم زاراوەیە هەندێك تەمومژی لەسەرە هەروەك لەلای خودی ئەفلاتۆن ئەم تەماویە لەئاراداهەبووە.

بەڵام پرسیار لەوەدایە، بۆچی زاراوەی (واتا) هەر بەتەماوی و سەختی و زەحمەتی ماوەتەوە؟

زمانەوانەکان ئەمڕۆ گەیشتوونەتە ئەوەی کە (واتا) توخمێك نییە کەجودا و بەدەربێت لە تەواوی زمانە بەکارهێنراوەکە، هەروەکو توخمەکانی دی زمان، کە هەموو ئاوێتەو تێکهەڵکێشن، بۆ نموونە وەکو بەرزی و درێژی، کە جۆرێك لەبوونی سەربەخۆی هەیە، جاگەر بڵێین کە شتەمان جۆرە بەرزیەکیان تیادایە ئەوە ئاماژەیە کە بۆ ئەوەی کە لێرەدا ژمارەیەك لەیەکە بەرزەکان لەئاراداهەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ کە خەسڵەتێکی بەرزی ڕوت و ڕەها بەدەر لەشتەکان لەئارادا هەبێ.

بەهەمان شێوەش کە دەڵێین: ئەو وشانەی کە واتایان هەیە ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو وشانە بەشێوازێکی تایبەت لەڕستەدا بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە ئێمە دەتوانین مانای وشە تاکەکان (بەجودا) تاقی بکەینەوە پاشان مانای ڕستەکان بزانین، بەڵام هیچ مانایەك ئیتر لەپاش ئەم دوو حاڵەتەوە بەدەست ناکەون.

کەواتە لە زانستە زمانەوانیە تازەکاندا واتا لەگوزەرگای شیتەڵکاری وردی ئەو ڕێچکەیەوە تاوتوێ دەکرێت کە وشەکان و ڕستەکان بۆیان بکرێ ڕێسا دەست نیشانکراوەکاندا بەکاربهێنرێن، جا ئەم ئاراستەیە دەیان ئەم پرۆگرامە ژمارەیەك لەفەیلەسوفان و دەروونناسان پەیڕەوی دەکەن، (لودوی ڤیتجنشن) (L.wittgensten) بەتایبەتی جەختی لەسەر ئەم ئاراستەیە کردۆتەوە، ئەویش لەو وتەیەیدا کە دەڵێت: مانای وشە ئەو مانایەیە کە لەچوارچێوەی بەکارهێنانی لەزماندا دەیبەخشێت.

## ٤ـ هەست کردن ( مێشك ) وەکو دژکارێکی سەرچاوە ( واقیع )

واتاسازی گرنگی بە توێژینەوەی جیهانی دەرەکی و چۆنێتی تێگەیشتن و دەرك کردنمان بەو جیهانە نادات.

جیهانی دەرەکی (دوور لەزمان) دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆری فیزیاناسی و جوگرافیناسی و دەروونناسان، سەرباری ئەوەش واتاسازی ناتوانێت باری توێژینەوەی چۆنێتی گەڕانەوەی زمان بۆ ئەو جیهانە دەرەکییە لەئەستۆ بگرێت؟ (واتە چۆن لەڕێگای وشەکانەوە فۆرمەلەی بکات) ، چونکە واتاسازی تەنها لەو شێوازە دەکۆڵێتەوە کە کۆمەڵانی مرۆڤ بەهۆیەوە هەندێك وشە بە هەندێکی دی لەچوارچێوەی ئەو زمانەی قسەی پێ دەکەن بەیەك دەبەستنەوە (واتە لەڕێگای هەست کردن و بەکاربردنی مێشکی زمانەوانی خۆیانەوە نەك لە ڕێگای گێڕانەوەی سەرچاوەی ئەو وشانە بۆ جیهانە دەرەکیەکە) ، جا جیاکردنەوەی نێوان هەست و سەرچاوە مەسەلەیەکی گرنگە ، چونکە ئەم جیاکاریە توێژینەوەو تاوتوێ کردنی

چەند حاڵەتێکمان لەکاتی بەکارهێنانی وشەکاندا بۆ دەرەخسێنێت، هەرچەندە بەشێوەیەکی سروشتی ناگەڕێتەوە سەر ئەو شێوازەی کە لەجیهانە دەرەکیەکەدا تیای دروست بووە.
دۆزینەوەو دەرك کردن بەم شتەش لەحاڵەتی توێژینەوەی زمانێکی گۆشەگیردا زۆر سەخت و دژوارە.بەڵام گەر بڕوانینە زمانە جۆراو جۆرەکانی جیهان ،ئەوساتە وەختە ئەم تەرزە جیاکاریە خۆی دەسەپێنێ بەسەرماندا، بۆ نموونە: لەجیهانی واقیعدا چەندەها باوك و دایك هەن ، کە براو خوشکیان هەیە، بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا وشەگەلێکی تاك و تەنها لەئارادا نین کە گوزارشت لەم مانایانە بکەن وەکو (برای دایك) و (برای باوك) و (خوشکی دایك) و (خوشکی باوك)، لەبەر ئەوە گەر بخوازین ئەم چەمکانە لەیەك جیا بکەینەوە ئەوکاتە پێویستە پشت بەحاڵەتە بەکارهێنانەکە (پێگەییەکە)[2] ببەستین.
تەنانەت لەدوو توێی یەك زمانیشدا پێویستیمان بەهەست کردن بە سەرچاوە هەیە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو شێوازەی کە زمانی عەرەبی لەپرۆسەی دابەشینی فیزیاوی پێی هەڵدەستێت کە لە واقیعدا هیچ بوونێکی نییە.
لەڕاستیدا پۆلێنکاریە زانستیە وردەکان (بەو واتایەی کە هەموو ناوێك شوێنێکی لە سیستەمی وشەکاندا هەیە) شتێکی کارپێکراو نییە، لەژیانی ڕۆژانەماندا دەبینین کە ئەم وشانە بەکاردەهێنرێن:
گردو شاخ، فینجان و گلاس، جۆگەل و ڕووبار، ئەم چەمکانە لەجیهانی دەرەکیدا دەستنیشانکراو نین، بۆ نموونە چ کاتێك جۆگەلە دەبێتە ڕووبار؟ چ کاتێکیش گردۆلکێك دەبێتە شاخ؟.

[2]- ئەمەش بێگومان شێوازێکە لەزمانی کوردی وعەرەبیدا جیایە، کە بە وشەی دی گوزارشت لەم چەمکانە دەکات: بۆ نموونە برای دایك (خاڵۆ) یە و برای باوك (مام)ە یە و خوشکی دایك (میمك)ەو خوشکی باوك (پلك)ە (وەرگێڕ).

بەگوزارشتێکی تریش دەکرێ بڵێین کە ئێمە هەموومان سازو تەباین لەسەر ئەو ڕاڕاییەی دەیانگرێتەوە کە بخوازین سەرچاوەی وشەی کورسی بۆ شکڵە واقیعە هەمە چەشن و ڕەنگەکانی دی وشەکە بگەڕێنینەوە ، لێرەدا گرفتێکی دیش هەیە کە لەچۆنێتی وەڵامدانەوەمان بۆ ئەم پرسیارە چڕ دەبێتەوە: ئایا واتای وشە چییە؟ با لەخەیاڵماندا وادابنێین کە یەکێك گوێی لەوشەی (کورسی) دەبێت و ناشزانێت واتای چییە؟ لەم حاڵەتەدا ئەو کەسە نەزانە دەبەین و کورسیەکەی نیشان دەدەین، بەڵام ئەم ئاکارە لەڕاستیدا کۆمەکیەکی سنووردارو کەمە بۆ ناسینی مانای وشەی کورسی، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم کەسە چۆن پاشان دەتوانێ دەرك بەسەرچاوەکانی و شکڵەکانی دی کورسی بکات تا هەموویان بناسێتەوە، لەوانەشە هەڵەیەك لەم پرۆسەیە ڕووبدات، چونکە ئەو سەرچاوەی بۆ ناسینی کورسی بەکاری دەهێنین لەوانەیە سیفەتی ئەو سەرچاوەە بێت (بۆ نموونە سەرچاوەی ئەوەی کە بڵێین کورسیەکە لەدار دورست کراوە) یان ئاماژە بۆ چەمکێك بکەین کە بەفەرش و کەلوپەلەوە پەیوەست بێ، ئەمجۆرە هەڵەیە وێکچووی ئەو هەڵەیەیە کە هەندێك منداڵ لەکاتی فێربوونی وشەدا تێی دەکەون.

لێرەوە دەتوانین بڵێین کە باشترین ڕێگا بۆ ناسینی وشە ئەوەیە، کە کاتێك پێناسی بۆ نموونە کورسی دەکەین ، هەستەکانمان شرۆڤە بکەین، واتە بڵێین: کە کورسی شوێنێکە بۆ دانیشتن دەست دەدات و لەچوارپێ و پاشبەندێك پێك دێت، جا ئەم بەکارهێنانە وامان لێ دەکات کە بیر لە سەرچاوەی دی بکەینەوە ،کە لە ڕووی خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانیانەوە وێکچوی یەك بن، پاشانیش لەتوانادا دەبێ کە وشەکە بەشێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەم پرۆسە هەمەگیرانەی فێربوونی وشەکان هەر بەردەوام دەبێت ، بەبێ بوونی هیچ سەرچاوەێکی ڕاستەوخۆ بۆ شتەکەکانی جیهانی دەرەکی، لەبەر ئەوەی پشت بەستنێکی هەمەگیری بەکارهێنانی وشەکان لەپێناو شرۆڤەکردنی هەستەکانمان سەبارەت بەوشەکانی

دی لەئارادایــە (واتــە ئاخــافتن دەربــارەی ئاخــافتن لــەپێناو واتــادا)، ئــەم پرەنــسیپەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامە لۆجیکیەی کە بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانە.

## ٥- پانتاییە واتاییەکان

دەروونناسان و زانایانی زمان گرنگیەکی زۆر بە (تایبەتمەندیەکانی واتا)ی وشە تاکەکان دەدەن، لێرەدا چەندەها پرۆگرام بۆ دۆزینەوەی دوو بەرەکیە واتاییەکان پاشـانیش پێوانـەی ماوەی دەروونی نێوان وشەکان پێشنیازکراوە.

یەکەمین ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا قۆڵیان لێ هەڵماڵی ، دەروونناسی زمانەوان (چـارلز ئۆگــدن c. so good) و (جــۆرج سوســی g. suc) و (پــۆل تــاننبۆم p. tannenbaum)ە، لەو پەرتوکەی کە بەناو (پێوانەی واتا)لـە سـاڵی (١٩٥٧)دەریـان کرد، (the measurement of meaning) کە لەتوێژینەوەی مانای کاریگەر یان (کارلێکراو) پێك هاتووە، واتە ئەو کاردانەوە سۆزئامێزانەی کە پەیوەنـدیان بەوشـەکانەوە هەیە، هەموو وشەیەك لای ئەوان تاقی دەکرایەوە کە ناویان نابوو (بانگراوندە واتاییـەکان) ی وشە، ئەو ناوزەدکردنەوەی کە ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەیە کـە دەڵا لەوانەیـە مانـا بـۆ زنجیرەیەك لەمەودا جۆراوجۆرەکان شی بکرێتەوە، (ئۆگدن) نموونەیەکی بۆ ئەنجامـدانی ئـەم ئەزموونە نیگارکێش کردووە کە گەمەیەکە لە (٢٠) پرسیار پێك دێت و هەموو پرسیارێك دانانی چەمك لەڕووبەرە واتاییە گونجاوەکەیدا بەئامانج وەردەگرێت، بۆ نموونـە (ئـەم شـتە باشە یان خراپە؟ پەلەیە یان سستە؟ گەورەیە یا بچووکە؟) جا ئەم پرسیارانە لەسەر شێوەی نەخشەیەك کە لەحەوت خاڵ پێکدێت پێشکەشکرا لەگەڵ بوونی چـەند سـیفەتێکی دژواتـا لەکۆتایی هێڵەکەدا:

باش | | | | | | | | | | | | | خراپ

جا ئەو کەسانەی کە ئەم پرسیارانەیان ئاراستەکرا ، داوایان لێ کرا کە وشەکان بەپێی ئەم خاڵانە دابنێن، بۆ نموونە گەر وشەی ئۆتۆمبێل ئەو هەستەیان پێ دەبەخشێ کە شتێکی باشە ئەوکاتە هێمایەك لەلای ئەو وشەیە دادەنێین، واتە لەکۆتایی هێڵی بەیانی یەکەمدا (لای چەپەوە) گەر ئەو هەستەشیان دەداتێ کە ئەو وشەیە خراپە ئەوکاتە دەبێ هێمایەك بە ئاراستەی ئەم وشەیە دابنێین؟ واتە لەکۆتایی هێڵی بەیانی لای پێچەوانەکەیەوە (لای ڕاستەوە) ، بەم شێوەیە حەوت خاڵەکە بواری هەمەجۆری هەست و سۆز بەپێی حاڵەتە دەروونیەکە دەردەخسێنن.

جا ئەم شێوازە بۆ بەراوردکردنی نێوان دوو کۆمەڵەی ڕۆشنبیری جودا بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە وشەی(نالەباری ـ هەراوزەنا) لەکۆمەڵگای ژاپۆنیدا چەمکێکی زۆرکارایە، کە وەڵامدانەوەیەکی سۆزدارانەی جیایە لەوەڵامدانەوەی سۆزداری ئەمریکی یان سۆزداری تیرەو هۆزە هیندیە ئەمریکیەکان، هەرچی چۆنێك بێت پراکتیزەو واتاییەکانی پێوانەی سۆزو هەستەکان هەمبەر وشەکان چەند پراکتیککاریەکی سنووردارن، چونکە زانیاری دەربارەی واتای سەرەکی وشە پێشکەش ناکەن، لەبەرئەوەی تەنها ئەو سۆزانە پێشکەش دەکات کە وشە بەرهەمی دەهێنێت، بۆ نموونە دەڵێت وشەی (دایك) وشەیەکە بۆی هەیە (زۆرباش) بێت، تاڕادەیەکیش بەهێزبێت، ... هتد.بەڵام ئەوەمان پێ ناڵێت کە وشەکە مانای (دایکە... مێینەیە، ژیرە) ، جا بۆ ئەوەی مانەو چەمکەکانی دی بزانین دەبێ شێوازو ڕێچکەی دی لەئارادا هەبێ بۆ زانینی ڕووبەرە ڕاستەقینەکانی وشەکە، دەتوانین شایەتحاڵی ڕووبەرێکی واتایی وردتربین ئەویش لەدەلاقەی بەکارهێنانمان بۆ ئاکامەکانی ڕێچکەیەکی تەکنیکی کە خەڵکی لێیەوە بتوانن حوکم بەسەر شتەکاندا بدەن، با لە ناخماندا وا وێنا بکەین کە ناوی ئاژەڵە (مەمکیەکان) دەکەونە خشتەیەکەوە کە مەودا ئاسۆییەکەی بارستاییەکەی پێك بهێنێت، هەروەها مەودا ستوونیەکەشی درندەییەکەی پێك بهێنێت، جا ئاژەڵە گەورەکان دەکەونە لای چەپی خشتەکەوەو ئاژەڵە زۆر درندەکانیش

دەکەونە  خوارەوەی هەر وێکچوون و شوبهاندنێکیش لە نێوان ئەو دوو ئاژەڵە بەدی بکرێت، ئەوا شوێنەکانیشیان لەیەکدی نزیك دەبنەوە.

بەڵام ئەم شیتەڵکاریە زۆر سادەیەو ناتوانین لەسەر وشەکان پراکتیزەی بکەین ،چونکە ڕەهەندەکانی واتا بەڕوونی نیگار ڕێژنەکراوە، وەکو (ئەو وشانەی کە پەیوەندی بەکەلوپەلی ناو ماڵ و فەرشەوە هەیە، ئیتر هەرچی چۆنێك بێت ئەم ڕێچکەو شێوازە) بۆ ناسینی ڕووبەرەکانی ماناو ڕەهەندە هەمەجۆرەکانی، بەسوودمەندی و کارایی دەمێنێتەوە.

## ٦ـ بونیادو چەمکی (یەکەی واتایی)

پرۆگرامی بونیادگەری باشترین پرۆگرامە بۆ ئەنجامدانی شیتەڵکاری وشەکان، بەپێی ئەم پرۆگرامە زمان لەتۆڕێکی ئەو پەیوەندیە سیستەمیانە پێك دێت ، کە تەرزێکی پەیوەست بوون لەنێوان یەکە زمانەوانیەکاندا دروست دەکات.

بۆ نموونە لەبواری دەنگەکاندا ئەم پەیوەندیانە لەنێوان دەنگەکان یان ئەو (فۆنیمانە) خاوەن خەسڵەتە جیاکارانەیە کە بەزمانی ئینگلیزی بە (distinctive features) گوزارشتی لیٚ کراوە. بەڵام ئەم حاڵەتە لە (واتاییەکان)دا چۆن دەبێت و چۆنیش یەکە واتاییەکان بەیەکدیەوە پەیوەست دەبن؟

تاکو ئێستا ئێمە زاراوەی (وشە)مان بەکارهێناوە، ئەویش بۆ تاوتویٚ کردنی دیاردە واتاییەکە، ئەمەش بیٚ گومان بەکارهێنانێکی لاساییانەی ئەو زاراوەیەیە ،چونکە ئێمە بۆ ئاماژە پیٚ کردنی مانای وشە بەکاری دەهێنین، بەڵام گەر بمانەویٚ دیاردە واتاییەکە بە وردی و قوڵی دەرك پیٚ بکەین، ئەوا زاراوەی (وشە) هیچ وەڵامێکی تێرو تەسەل و پڕ بەپێستی ناسینی سروشتی مانای پیٚ نییە، لێرەوە پێویستە ئەم زاراوەیە بە زاراوەیەکی دی بگۆڕین ، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:ـ

١ـ زاراوەی (وشە) بەچەند شێوازێك بەکاردەهێنرێت کە لەوانەیە توێژینەوەی واتا بشارێتەوە، بەم شێوەیە وشەگەلی وەکو (دەڕۆین) (walk) و دەڕوات (walks) و

ڕۆیشتن (walking) و ڕۆیشت (walked) دەتوانرێت بە وشەگەلی جۆراوجـۆر نـاوزەد بکرێت، بەڵام لەڕوانگـەی واتـای بونیادگەرییـەوە هـەموویان بەشـكڵی هەمـە چەشـنی و جۆراوجۆری یەکە واتاییەکەی بونیادی قوڵ ، واتە (ڕۆیشت) هەژمار دەکرێن. جا گـەر ئـەم شکڵە هەمەجۆرانە بە وشە دابنـێین ئـەدی بونیـادی قـوڵ چـی پـێ دەوترێـت؟ ، چـونکە دادپەروەری و لۆجیکیانە نییە بڵێین (ئەم چوار وشەیە شکڵ و شێوەی هەمە جـۆری خـودی وشەکەن) .

٢ـ هۆی دووەمیش زاراوەی وشە هیچ سوودێکی بۆ توێژینەوەی ئەو گوزارشتە زاراوەییانـە (idioms) نییە ، کە بە یەکەی واتایی هەژمار دەکرێن ، نموونەی ناسـراو و شـۆرەتداری ئەم مەسەلەیە ،لەو گوزارشتە زاراوەییەدا بەرجەستە دەبێت (kick the bucket) کـە مانای (مرد) (died)[٣] دەگەیەنێت ، ئەم گوزارشە یەکەیەکی واتایی گەڵاڵە دەکات ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسێ وشە پێك هاتووە، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە کە ئەم یەکە واتاییـە بـە وشە دابنێین یان وا دابنێین کە ئەم وشەیە لە سێ وشە پێك هاتووە.

٣ـــ هۆکـاری سـێیەم و کۆتـایی ئەوەیـە کـە ئێمـە لەسـەر بـەکارهێنانی زاراوەی وشـە لەشوێنەکانی وانە زمانەوانیەکانی دیدا ڕاهاتووین، هەروەکو چـۆن لەڕێزمانیـشدا بـەکاری دەهێنین، چونکە وشە لێرەدا خاڵێکی گەیاندنـە یـان پەیوەسـت کردنێکـی نێـوان زانـستی ڕێزمان یان ڕستەسازی(syntax) و زانستی وشەسـازییە (morphology)، هـەموو ئـەم هۆیانە وای لەزمانزانان کرد کە باس لە یەکە سەرەکیەکانی شیتەڵکاری واتـایی بکـەن بـە زاراوەیەکی نوێ کە (Lexeme)ە ، واتە (یەکەی واتایی) بەم شێوەیە دەتوانین بـۆ نموونـە

[3]- ئەم گوزارشتە زاراوەیە هاوکوف و هاومانای ئەو گوزارشتەی زمانی عەرەبییە ، کە دەڵێ (فلانە کەس تەمەنی خۆی پێبەخشێت) یان (فلانە کەس چووە لای هاوەڵی باڵا) یان (فلانەکەس بۆ داروسێی خودا گواستیەوە) یان (فلانەکەس بۆ ژێر بەزەیی خودا گواستیەوە) کە هەموو ئەم گوزارشتانە مانای (مردن) دەگەیەنێت. (وەرگێڕ)

بڵێین: یەکەی واتایی (ڕۆیشت) (walk) بەچەند شێوەیەك دروست دەبێـت وەکـو (دەڕوات) (walks) (ڕۆیشتن) (walking) و (ڕۆیشت) (walked)... هتد.

بەرامبەر بەمەش دەتوانین بڵێین: کە یەکەی واتایی (kick the bucket = مرد)لـە سـێ وشە پێك دێت ،کەواتە یەکە واتاییەکان (Lexemes) وەکو شێوەی سەرەکی لەفەرهەنگدا دادەنرێت، پاشان بەکارهێنانی لق و پۆپەکانی وشە سەرەکیەکە دەست پێ دەکات.

## ٧ـ کێڵگەکانی واتا

یەك ڕێچکە لەتوێی چەند ڕێچکەیەکی جۆراوجۆر لەئارادا هەیە،[٤] کـە لەدەلاقـەی ئـەو ڕێچکانەوە دەتوانین مانای وشەکان بە وردی و گشتگیری بـزانین، ئـەویش لـە چوارچـێوەی کێڵگەکانی واتا (semantic fields) هەموو کێڵگەیەکی واتایی ، یەکـە واتاییـەکان هەریەکەو ئەویتر دەست نیشان دەکـات و لەچـەند ڕێـچکەیەکی زۆر وردەوە تێکەڵکێـشی یەکدی دەبن.بۆ نموونـە یەکـە جۆراوجۆرەکـانی بەشـەکانی لـەش ، وەکـو (سـەر و مـل و هەردوشان...هتد.) کێڵگەیـەکی واتاییـە، بەهـەمان شـێوەش یەکـە هەمـە چەشـنەکانی وشەکانی وەکو(عارەبانەکان، میوەجات) کێڵگەیـەکی واتـایین، ئەمـەش وای لـە زانایـانی واتاسازی کردووە کە لەو باوەڕەدابن کە وشەکانی زمان لەکێڵگەکانی واتادا خڕبوونەتەوە.

---

4- توێژەرە ئەڵمانەکان یەکەم کەس بوون کە پرۆگرامی زمانەوانی پراکتیزەکراوی سەر کێڵگە واتاییەکانیان دانا، ئەم کارەش هەر لەسییەکانی سەدەی پێشوو و لەساڵی (١٩٣٠) دا ئەنجام درا، لەیەکێك لەو توێژینەوە بەراییانەی کە (ج. ترير j. Trier) ساڵی (١٩٣٤) پێی هەستا دەبینین چۆنێتی گۆڕانکاری و پێشڤەچوونەکانی کێڵگە واتاییەکان لەئان و زەمانە هەمە جۆرەکاندا دەخاتەڕوو، وشەگەلی زمانی ئەڵمانی لەسەدەکانی ناوەڕستدا و لەماوەی یەك سەدەدا گۆڕانکاری بێ وێنەی سەبارەت بە زانست و زانینی بەخۆوە بینیوە، لەساڵی (١٢٠٠) هیچ کێڵگەیەکی واتایی جودا (وەکو ئاوەڵناو) بۆ وشەی (زیرەکی) لەم زمانەدا نەبووە، بەڵام پاش سەدساڵ لەو مێژووەوە وشەکان پێشڤەچوون و ماناکانیشیان لق و پۆپیان هاوێشت. (نووسەر)

بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە هەمەجۆریەکی فراوان و چڕ لەم مەسەلەیەدا هەیە ، نەخاسما گەر لەکێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی دی زمانەوانی لەتوێی یەك زماندا هاموشۆ بکەین.

بۆیە لێرەدا سەختیەك بەرەنگارمان دەبێتەوە گەر هەموو یەکە ئینگلیزیەکانی پەیوەست بە بەشەکانی جەستەی مرۆڤەوە کۆبکەینەوە ، بگرە ئەم کارە سەختترو دژوارترە کاتێك کە بخوازین یەکەکانی وەکو (هەراوهۆریا) یان (لێدان ژەنین) کۆبکەینەوە.

لەڕاستیدا چەندەها کۆششی زمانەوانی و فەلسەفی لەئارادا هەبوو بۆ سازدانی پۆلێنکاری چەمکەکانی زمان بەتایبەتی ئەو کۆششانەی کە لەسەدەی (١٧) ەوە خرانەگەڕ بۆ داهێنانی زمانێکی جیهانی ، بەڵام لەم چەرخەدا مەزنترین و شۆڕەتدارترین کار ئەو توێژینەوەیە که توێژەری فەرهەنگی (بیتەر مارك روجێت) (Roget)( ١٧٧٩-١٨٦٩) کە لە فەرهەنگە واتاییەکەی (Thesaurus) ە کە لەساڵی (١٨٥٢) بڵاوی کردۆتەوە، (رۆجێت) یەکە زمانەوانیەکانی بۆ شەش بەشی سەرەکی دابەش کردووە:

١ـ ئەو یەکانەی کە خاوەن پەیوەندیەکی روت و ڕەهان.

٢ـ ئەو یەکانەی کە خاوەن پانتایی واتایین.

٣ـ یەکە کاروباریەکان.

٤ـ یەکە هزریەکان.

٥ـ یەکە ئارەزووییەکان.

٦ـ یەکە سۆزدارو خاوەن کاریگەریەکان.

جا هەر بەشێك لەم بەشانە زۆر ووردەکاری و پۆلینکاری لەتوێ دەگرن و نزیکەی هەزار وتەی واتایی بەرهەم دێنن.

ئەم فەرهەنگە واتاییە بۆ چەند زمانێك بۆتە پێشەنگ، و تاڕادەیەکی زۆریشی سەلماندویەتی کە پرۆژەیەکی بەسوودی ژمارەیەك چالاکی زمانەوانی پراکتیکیە وەکو

نووسینی پیشەیی و وەرگێڕان و بەکارهێنانی وشـەگەلێك لەشـوێنە گونجـاو و ڕاسـتەکانی خۆیدا، ... هتد. بەڵام سەبارەت بە زانایانی واتاسازی بەهای ئـەم نرخـە لەکـەمی دەدا و بەگشتی سنوور ڕێژ دەبێت، چونکە زانیاری دەربارەی پەیوەندیە هەسـتیارەکانی نێـوان دوو یەکەی واتایی پێشکەش ناکات. پاش ئەوەش دەبێ بزانین کە وشـە پۆلێنکراوەکـانی نـاوی لەچـەند تـوخمێکی پیـشەیی یـان کۆمەڵایـەتی یـان جوگرافییـەوە بـەبێ هـیچ توانجێـك کۆکراونەتەوە.

بەم شێوەیە بەپێی بۆچوونی واتاییەکان گـەر بخـوازین توێژینەوەیـەك بـۆ بونیـادی کێڵگـە واتاییەکان، بە وردی ئەنجام بـدەین ، ئـەوا لـەو حاڵەتـەدا پێویـستە ئـاوڕ لـە پەیوەندیـە هەستیارەکانی ئەو یەکە واتاییانە بدەینەوە ،کە خوازیاری بەکارهێنانیانین.

## ٨ـ پەیوەندییە هەستییەکانی واتا

ئایا چۆن یەکە واتاییەکان لەزماندا ڕێك دەبن؟جا گەر بمانەوێ بەو شـێوازەی کـە بینیمـان لەڕێگای فەرهەنگەوە ڕێکی بخەین، ئـەو شـێوازە بـەس نییـە، چـونکە ئەمـە شـێوازێکی تەماوی شێوێنەرە، چونکە لێرەدا واقعێکی واتایی لەئارادانیە کە بەپێی پلـە ئەبجەدیـەکان بێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە، پلە ئەبجەدیەکان خۆیان بونیادە واتاییەکان کەرت و پەرت دەکەن ، بۆ ئەوەی پاشان پارێزگاری لەو یەکە واتاییانە بکەن کـە سـەر بەیـەك کێڵگـەی واتـایین (وەکو ئامۆژن ـ پلك) (مام ـ خاڵۆ).بەم شێوەیە زانایانی واتاسازی بۆیان دەرکـەوتووە کـە پێویستە چەمکێکی دی سەبارەت بەمەسـەلە واتاییـەکان پێـشببرێت کـە پـشت بـە ئـەو گومانە ببەستێت کە یەکـە واتاییـەکان واڵا بکـات کـە لـەڕێگای هەسـت (sense) ەوە بەیەکەوە پەیوەست بن.

ئەم چەمکەی کە لەسەر پەیوەست بوونی هەستی بونیادی واتایی دامـەزراوە بەچـەند پەیوەندیەکی هەسـتی لـەنێوان یەکـە واتاییـەکانی دەناسـێنێت، ئـەو یەکـە واتاییانـەش هەنـدێکیان لـە دەلاقـەی پەیوەندیـە گونجـاو و پێکهاتەکانـدا دەرکیـان پـێ دەکرێـت و

هەندێکیش لەدەلاقەی پەیوەندیە جیگۆڕکێیەکانـەوە (paradigmatic)[٥] دەزانـرێن ، لەڕاستیدا چەند جۆر لەپەیوەندیە جێگۆڕکێیەکان لەئارادا هـەن ،کـە دەتـوانین ئامـاژە بـە هەندێکیان بکەین:ـ

### ١ـ هاوواتا

واتای پەیوەندیە وێکچووەکانی مانا دەگەیەنێ، هەروەك لەم وشـانەدا دەردەکـەوێ (kingly/Royal/Regal)، (میکی) لەڕاستیشدا تاوتوێکردنی دیاردەی هاوواتاکـان وەکو ڕاهێنانێکی زمانەوانی وایە ، کە پەیوەنـدی بـە پرۆسـەکانی خوێنـدن و فێرکردنـەوە هەیە، بەڵام پێویستە ئەوەمان لەبیربێت کە یەکە واتاییەکان بەکەمی هەڵگری هەمان مانا دەبن، چونکە هەموو مانایەکی یەك کێڵگەی واتایی لەڕووی شـێوازو جوگرافیـاو سـۆزەوە جیاوازە لە واتای تر....هتد.

سـەرباری ئـەوەش ئـەو بەکارهێنانـەی کـە ئـەم یـا ئـەو مانایـەی تیـادا ڕوودەدا ئـەو بەکارهێنانەی کـە بـە تـەواوەتی هەمـە چەشـنی مانـاو جوداکاریـەکانی دەسـت نیـشان دەکات.[٦]

---

[5]- مەبەستمان لەپەیوەندیە (پێکهاتەییەکان ـ گونجاویەکان) (systematic) پەیوەندی توخمی زمانەوانییە لەگەڵ توخمەکانی دی ئەو بوارە زمانەوانیەی کە گرتویتەخۆ، لەکاتێکدا (جێگۆڕکێی) (paradigmatic) مانای پەیوەندیەکانی زمانە دەگەڵ ئەو توخمانەی کە لەوانەیە جێگۆڕکێ لەگەڵ هاوکوف و جێگرەوەکانی شایستەی خۆیان بکەن، بۆ نموونە گەر بڕوانینە ڕستەی ( the cat is on the mat) ، دەتوانین باس لە پەیوەندیە گونجاینەکانی نێوان هەردوو وشەی (cat, mat) بکەین، بەڵام ئەگەر ئەم ڕستەیە (the dog isotherm mat) بە (the dog isotherm mat) بەراورد بکەین ئەوکاتە خۆمان هەمبەر پەیوەندیەکی جێگۆڕکێیانەی هەردوو وشەی (dog) و (cat) دەبینینەوە.بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە (علم الدلاله) ف. ر. **بالمر ترجمة (صبری ابراهیم السید)** (١٤٣٠،ص١٩٨٦) (وەرگێڕ) .

بەڵگەش لەسەر ئەمە لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە دوو یەکەی واتایی بۆیان هەیە هاوواتــای یەکـدی بــن لەڕســتەیەکدا و دژواتــای یەکـدیش بــن لەڕســتەیەکی دیـدا.هــەردوو وشــەی (selection) و (range) بە دوو وشەی هاوواتای ناو ڕستەیەك هەژمار دەکرێن وەکو:ـ

ئەم (هەمە چەشنی/ هەڵبژاردن)ەی کەلوپەلەکانی ناو ماڵ چەند ڕێك جوانە.

- what a nice (range/selection) of furnishings.

بەڵام لەم ڕستەیەدا هاوواتا نین ، وەکو:

لەوێ زنجیرەیەك چیا هەیە.

- there’s the mountain (range/selection).

* لەوێ هەڵبژاردنێکی چیایی هەیە

---

[6]- زانایانی عەرەبی دێرین، باسیان لەدیاردەی (هاوواتا) کردووەو لەمبارەیەوە بیروبۆچوونی خۆیان خستۆتەڕوو، هەندێك لەو زانایانە پشتگیری لە هاوواتاکان دەکەن و باوەڕیان بەوە هەیە کە هاوواتا لەزماندا هەیە، کەچی هەندێکیشیان دان بەهاوواتا نانێن، لێرەشدا گرنگ ئەو ڕەوشەیە کە دان بە هاوواتا نانێت، بەڵگەشیان لەسەر بۆچونەکەیان ئەوەیە کە هەموو مانایەك بەکارهێنان و ڕێچکەو شێوازو جوگرافیاو کۆمەڵایەتی و پێگەی زمانەوانی خۆی هەیە، شۆرەتدارترین ئەو توێژەرانە (الجاحظ)ە کە لەڕووی شێوازو سۆزو جوگرافیاو دەنگ و قافیەوە جیاوازییەکی خستە نێوان وشەو هاوواتاکانەوە، بەم شێوەیە (غیث ـ باران) دەگەڵ (**مطر** ـ باران)دا لە ڕوانگەی (**جاحظ**)ەوە جودان و یەك مانا ناگەیەنن، چونکە مانای هەر وشەیەك لەم دوو وشەیەبەکارهێنان و پێگەو جیاوازی خۆیان هەیە، هەرچەندە دوو وشەکە هاوواتان، بەڵام (**مطر** ـ باران) لەبواری توورەیی خواداو (**غیث** ـ باران) لەبواری رەحمەت و بەزەیی یەزدانیدا بەکار دەهێنرێت... هتد.

بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: (البیان والتبیین) للجاحظ ،المجلد الاول (ص ٢٠ ـ ٢٥٠) . تحقیق عبدالسلام هارون .(وەرگێڕ)

## ب ـ گرتنەوە Hyponymy

ئەمجۆرەی واتا زۆر بەربلاونییە، بۆ چەمکی لەتوێگرتن و لەخۆگرتن دەگەڕێتەوە، لێرەدا دەتوانین بڵێین کە (x) جۆرێکە لە (y)، واتە یەکەم (x) لەتوێی دووەمدایە کە (y)یە، نموونەشمان لەسەر ئەمە ئەوەیە کە یاسمین (Rose) لەڕەگەزی (گوڵە)و ئۆتۆمبێل (car) لەڕەگەزی عەرەبانەکانە، سەرباری ئەوەش دەکرێ ژمارەیەك لە یەکە واتاییەکان (کە هەر یەکێکیان ڕەگەزێك پێك بهێنێت)، واتە سەر بەڕەگەزێکی گەورەتر بێت.

جارێکی دی پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەم شیتەڵکاریە، شیتەڵکاریەکی زمانیەو شیتەڵکاریەکی جیهانی ڕاستەقینە نییە، چونکە زمانە مرۆییەکان لەپۆلێنکاری وشەو ڕەگەزدا جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە لەزمانی یۆنانی فەرمیدا یەکە واتاییەکانی: دارتاش و پزیشك و مۆزیکژەن و ناوی پیشەکانی دی، هەموو سەر بەڕەگەزێکن کە پێیان دەوترێت (demiurges) ،لەکاتێکدا کە ئەم ڕەگەزە هیچ هەمبەرێکی لەزمانی ئینگلیزیدا نییە، چونکە لەزمانی ئینگلیزیدا هیچ ناوێکمان نییە بۆ ڕەگەزێکی پیشەیی وامان لیّ بکات کە بڵێین کە یەکەکانی (دارتاش) و (پزیشك) سەر بەرەگەزێکی دیارکراون لەلایەکی تریشەوە لەزمانی ئینگلیزیدا یەکەی واتایی (پەتاتە) لەڕەگەزی (سەوزەوات)ە ، بەڵام ئەم یەکەیە (kartful) واتە پەتاتە لەتوێی ڕەگەزی (gems) نییە، کە لە زمانی ئەڵمانی دەکاتە (سەوزەوات).(٧)

---

7- ئەم دیاردەیە لەجیهانی ئاژەڵاندا بەڕوونی دەردەکەوێت، لە زمانی ئینگلیزیدا ئاژەڵ یەکەیەکی واتایی تەماویە،چونکە ئەم یەکەیە لەسێ ئاستی هەرەمیدا بەکاردەهێنرێت:ـ

أـ بۆ ڕەگەزی شتە زیندووەکان بەکاردەهێنرێت، چونکە دژواتا دەبێتەوە دەگەڵ یەکەی واتایی سەوزەوات ، بەڵام وشەکانی وەکو (پەلەوەر ،ماسی ،زیندەوەران) دەگرێتەخۆ.

ب ـ دژواتای یەکە واتاییەکانی وەکو پەلەوەرو ماسی و زیندەوەرانە کەچی وشەکانی وەکو مرۆڤ ـ و دڕندەکان لەخۆ دەگرێ.

## ج ـ دژواتا (antonym)

ئەم جۆرە بریتیە لە پەیوەندیە دژواتاەکانی (پێچەوانەکان)ی واتا، توێژەرەکان لەپێشدا وا گومانیان دەبرد کە ئەم جۆرە سەر بە(هاوواتا)کانە، بەڵام لەڕاستیدا وانیە، هەروەکو لەپێشدا ڕوونمان کردەوە کە لە واقیعدا هاوواتای تەواو و ڕاستەقینە نییە، بەڵام چەندەها جۆر دژواتا هەن.

گرنگترین جۆرەکانی دژواتا ئەمانەن:

### ١ـ دژواتای پلە بە پلە

وەکو: گەورە / بچووك، باش/ خراپ . ئەم دژواتایەش بوار بۆ گوزارشت کردن لە پلە واتاییە پێچەوانەکان دەرەخسێنێت، وەکو: زۆر گەورە ـ گەورەتر، زۆر بچووك، بچوکتر ـ تاڕادەیەك بچووك.

### ٢ـ دژواتای تەواوکەر

ئەم جۆرە دژواتایە بوار بۆ گوزارشت کردن لەپلە واتاییە پێچەوانەکانی ئەم وشانە نارەخسێنێت ، وەکو: ڕەبەن/ خێزاندار/ نێر/ مێ ، چونکە ناماقوڵە بڵێین: زۆر نێرە، یان بڵێین تاڕادەیەك خێزاندارە.

### ٣ـ دژواتای پێچەوانە

ئەم جۆرە دوو ڕووی هەیە کە پشت بەیەکدی دەبەستن وەکو: دەکڕێ/ دەفرۆشێ یان باوك / کوڕ.

## دـ وێکنەچوو (Incompatibility)

کۆمەڵە یەکەیەکی واتاسازی کۆکراوە دەچنەژێر چەتری ئەم جۆرەی پەیوەندی جێگۆڕکێیەوە، کە لەخودی ئەندامانی وتە واتاییەکانەوە، بۆ نموونە: سوور و سەوز... هتد.

---

ج ـ دژواتای یەکەی واتایی (مرۆڤ) دە بەگشتی هاودژیەکان لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت:

یەکەی واتایی وێکنەچوون کە هەموو لەتوێی ڕەگەزی ڕەنگدان ، چونکە لەتوانامانددا نییـە کە بڵێین یەکەی واتایی (سوور) لەگەڵ یەکەی واتایی تردا وێکنەچوو نییـە، وەکـو یەکـەی واتایی (خڕۆکە)، چونکە یەك شتێك بۆی هەیە سوربێت ،لەهەمان کاتیشدا خڕۆکەش بێـت ، ئەمەش بێگومان بە وێکنەچوو هەژمار ناکرێت.

بەڵام حاڵەتە ناوازە زمانەوانیەکان وامان لێ دەکەن گومان بەرین کە چەند بـەکارهێنانێکی نارێسایی لەزمانی ئینگلیزیدا هەبن، چونکە دەبینین ڕەنگی ڕەش و سپی و خاکی هەمیشە لەتوێی ڕەگەزی ڕەنگدانین وەکو ئەوەی کە بڵێین فلیمی ڕەش و سپی.

## هـ هاوبەشی یەکە واتاییەکان

لەو چەمکە واتاییە پێشڤەچووانەی کە پەیوەندیان بەچـەمکی هەسـتی مانـاوە هەیـە ،ئەوانەیە کە زمانەوانی بەریتانی (جێڤری فێـرس) (j.firth) پێـشنیازی کـردو نـاوی نـا (هاوبەشی یەکە واتاییەکان)، ئەم زانایە دەڵێت: ((پێویستە وشە لەگوزەرگای کێڵگەی ئـەو هاوبەشیەوە بزانین کە لەناویدایە)) ،ئەم وتەیەش لەپرنسیپی ئاراستە بونیادگەراییەکەی ئەو یەکە واتایانەوە درکاند کە لەگەڵ یەکدیدایە و لەسەر بنەمایەکی پێشبینانە کاردەکەن.

بـەم شـێوەیە وشـەی (شـقار) شانبەشـانی وشـەی (شـیعر)ە ، وشـەی (الـصقر) یـش شانبەشانی وشەی (مەڕ) دەبێت ، جا وشە پەیوەندارەکان (collocation) وشەگەلێکی پێشبینین دەربارەی یەکدی پێشبینی دەکەن. وشەی ڕێکوپێك (spick) دەربـارەی وشـەی پاك (span) پێشبینی دەکات وشەی دوو دڵ (addled) بە وشەی عەقڵ (Brain)ەوە بەستراوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بیرۆکەی پەیوەست بوونە بیرۆکەیەکی ڕێژەییـە ، چـونکە هەنـدێك وشە هەن کە پەیوەست بوونێکی جۆراوجۆر شل و شاو بەدیار دەخەن، وشەی (Letter) ، پەیوەندی بەزنجیرەیەکی درێژی یەکە واتاییەکانەوە هەیە ، وەکو: (ئەبجەدیەت) ، لەلایـەکی دیشەوە ئەو وشەیە بە یەکە واتاییەکانەوە پەیوەستە، وەکو (سندوقی پۆستە و نووسین).

سەرباری ئەوەش لێرەدا چەند یەکەیەکی واتایی لەئارادا هەیە ، کە پەیوەست بـوونێکی پێشبینیکراویان نییە و لەسەر یەك ئاست و لەیەك چێوەدا بەکاردەهێنرێن ، وەکـو (get) و (have).

هـەروەها پێویـستە زاراوەی پەیوەسـت بـوونی واتـایی (collocation) و زاراوەی خستنی بەهرز (association of ideas) تێکەڵ نەکەین، چـونکە ڕێـچکەی کـاری یەکە واتاییە پەیوەندارەکان هیچ پەیوەندی بە خستنە هزریەکان نییە، بەم شـێوەیە یەکـەی واتایی (قاوە) (coffee) بۆی هەیە بـە ئینگلیـزی ببێتـە سـپی (white coffee) ، هەرچەندە ڕەنگەکەشی قاوەییە (brown).

لەڕاسـتیدا پەیوەنـدبوونی واتـایی (collocation) لـەنێوان زمانـە مرۆییەکانـدا جودایە، لەوانەشە ببێتە لەمپەرێکی سەرەکی بۆ کۆنترۆڵ کردنـی زمانـە بیانییـەکان، بـۆ نموونە لەزمانی ئینگلیزیدا، واتا بەشێوازێکی دی غـەیری ئـەو شـێوازەی زمـانی عیـبری گوزارشتی لیَ دەکرێت، هەروەك لەم دوو ڕستەیەدا دیارە:ـ

- we face problems and inturret dreams (ئینگلیزی)
- we have to stand in front of problems and solve dreams (عیبری)

کاتێك کە بەزمانی ئینگلیزی دەڵـێین: (ئێمـە بـەرەنگاری چـەند گرفتێـك دەبینـەوەو ڕاڤەی چەند خەونێك دەکەین) ، لە عیبریـدا دەڵـێین (ئێمـە پێویـستە هەمبـەر گرفتـەکان ڕابوەستین و خەونەکان چارەسەر بکەین) ، هەروەها لە زمانی یابانیـدا کـاری (دەخواتـەوە drink) بە ئاو (water) و شـۆربا (soup) و دەفـری بـچووك (fabled) و جگـەرە (cigarettes)ەوە بەندە، پێویستە بزانین کە پەیوەست بوونی واتایی هەرچەندە چەسـپاو

بێ ئەوەنــدە لەچــەمکی گوزارشــی زاراوەییــەوە (idiom) نزیکــە، کــە پێویــستە وەکــو یەکەیەکی سەربەخۆ نەك وەکو چەند بەشێکی پەرتەوازە فێری ببین.

لەکۆتاییدا پێویستە ئێمە پەیوەست بــوونی واتــایی (collocation) کــە هاوبەشــیەکی واتاییە و چەند وشــەیەکی دیــاریکراو ســەربەون لــەو پەیوەســت بــوونی هــزری ـ ئاکاریــە (idiosyncratic) جودا بکەینەوە کە هزرەکان لەنێوان خۆیاندا بەپەیوەســت بــوونێکی هزری ـ ئاکاری دەبەستێتەوە.

## ٩ـ جیهانی بوونەکانی ڕەنگ و یەکە واتاییەکانی

چەمکی ڕەنگ بابەتێکی سەخت و زەحمەت و تەماویە، چونکە ئــەم چــەمکە ســنوورە واقعیەکان نازانێ، ئەمەش وای لەزانایانی واتاسازی کردووە ،کە گرنگییەکی تایبــەتی پــێ بدەن، چونکە گەواهیدەرێکی واژەیە بۆ بەکارهێنانە واتاییە جۆراوجۆرەکانی بونیادی زمان:

ـ بۆ نموونە لەزمانی ئینگلیزیدا (١١) یەکەی واتــایی ســەرەکی ڕەنــگ هەیــە ،کــە ســپی (white) و ڕەش (black) و سوور (red) و ســەوز (green) و زەرد (yellow) و شــین (blue) و قــاوەیی (brown) و پەمــەیی (purple) و (زهــری ـ pink)و پرتەقاڵی (orange) و خاکییە(grey).

ـ لەلاتینیشدا هیچ یەکەیەکی واتایی هەردوو ڕەنگی قاوەیی و خــاکی نییــە ، ئــەو یەکــە واتاییانەی کە گوزارشت لەم دوو ڕەنگە دەکەن بەتایبــەتی لەزمانــەکانی ســەر بــەلاتینی و فەرەنسی ، ئەوانە چەند یەکەیــەکی خــوازراوی گروپــی زمــانی جرمانیــەکانن (ئــەڵمانی و ئینگلیزی).

ـ لەزمانی هیندی ـ ئەمریکی (ناڤهۆ)دا (Navaho) یەك یەکەیەکی واتایی هەیە ، بــۆ گوزارشت کردن لەهەردوو ڕەنگی قاوەیی و خاکی، سەرباری ئــەوەش ئــەم زمانــە لــەڕووی فەرهەنگیەوە جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەنگی سەوزو شیندا دانانێت، لەلایــەکی تریــشەوە

لەم زمانەدا دوو وشە هەن کە گوزارشت لـەڕەنگی ڕەش دەکـەن، وشـەیەکیان بـۆ ڕەشـایی تاریکی و ئەوی تریش بۆ ڕەشایی بابەتەکان وەکو (خەلووز ـ ڕەژوو).

ـ لەزمانی ڕوسیدا دوو وشە هەن کە گوزارشت لەڕەنگی شـین دەکـەن کـە هـەردوو وشـەی (gluon) و (sine) ن.

هەرچی زمانی ئینگلیزیشە وشەی هاریکاری تیا بەکاردەهێنرێت بۆ ناسین و جیاکردنـەوەی نێوان شین و نیلی (dark blue) و شینی ئاسمانی (sky-blue).

ـ لە زمانی هەنگاریدا دوو وشە هەیە بۆ گوزارشت کردن لەڕەنگی سوور (red).

ـ لە یابانیشدا وشەی (awe) لەوانەیە ڕەنگی سەوز (green) یان ڕەنگی شین (blue) یان ڕەنگێکی هەڵبزڕکاو (pale) بگەیـەنێت ، ئەمـەش دەوەسـتێتە سـەر بـەکارهێنانی ڕسـتەکە (کـە لـەبواری چـەند یەکەیـەکی وەکـو سـەوزەوات (سـەوز) و دەریـا (شـین) و هەور(هەڵبزرکاو) ەوە دێت)

ـ لە چەند زمانێکی (غینیا)دا ، تەنها دوو وشە هەن ، کە گوزارشت لـە هـەردوو ڕەنگـی سپی و ڕەش دەکەن.

ـ لە زمانی هانونی فلیپینیدا (Hanno) ، تەنها چوار وشەی سەرەکی هەن کە گوزارشت لەڕەنگەکان بکەن ، کە ئەمانەن: ڕەش و سپی و سوورو سەوز.

ـ لە هەندێك زمانی ئەفریقیشدا وەکو (لشونەو باسە) زۆر سەختە کە ڕەنگەکان بە وشەکان گوزارشـتیان لێ بکرێـت. لەبـەر ئـەوە زۆر پێویـستە نیگارکێـشیەکی بـۆ بکـەین تـا لەپۆلینکاریەکانی تێبگەین:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئینگلیزی | نیلی | شین | سەوز | زەرد | پڕتەقاڵی | سوور |
| شونە | سیبوکا | سیتیما | سیسینا | | سیبوکا | |
| باسە | هوی | | | زیزا | | |

دوو زمانی ئەفریقیایی

بەمجۆرە دەبینین کە جیاوازیەکانی زاراوەگەلی سەر بەرەنگەکان لەزمانــە هەمــە جۆرەکانــدا سەرسورهێنەرن. ئەمەش وامان لیّ دەکات کە بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەموو زمانێك سیستەمی تایبەتی و هەرەمەکی هەیە. بەلاّم ئەو توێژینەوەی کە هــەردوو توێــژەر بیرلــین (B. Berlin) و پۆکای (pokey) سالّی ١٩٦٩ پێشکەشیان کرد، پێــچەوانەی ئەمــە دەسەلمێنێت، ئەوەبوو پاش کۆلّینەوەی سیستەمەکانی رەنگ لــە (٩٨) زمانــدا ، ئــەم دوو زانایە گەیشتنە ئەوەی کە گروپێکی رەنگــی کــە لــە (١١) رەنــگ پێــك دێــت ، هــەموو زمانەکانی مرۆڤ بــەکاریان دەهێــنن، بــەلاّم ئەمــە ئــیتر دەرەنجــامێکی رێژەییــەو بــاس و خواسێکی زۆر هەلّدەگرێ.

جا پەیداکردنی تۆمارێکی بــاوەرپێکراو و راســت و دروســت، لــەزاری قــسەوێژانی زمــانی زگماکەوە، گرفتێکی پرۆگرامیمان بۆ دروســت دەکــات ، بەتایبــەتی گــەر ئــەم حوکمــەیان لەسەر زمانگەلی دی بونیاد نرابێ ، کە پێشوەخت فێربووبێتن، ســەرباری ئــەوەش هەنــدێك زمان هــەن کــە (١٢) زاراوەی ســەرەکیان هەیــە ، بــۆ نموونــە زمــانی روســی، بەهــەرحالّ توێژینەوەکانی ئەم دوو زانایە هەندێك خالّی وێکچوویان لەتوێی زنجیرەیــەکی زۆری زمانــە جیهانیەکاندا چەسپاند.

### ١٠ـ بەراوردکاریەکانی وشەکانی خزمایەتی

توێــژەران لەکێلّگەیــەکی واتــایی دیکــەیان کۆلّیوەتــەوە، کــە بــە بەراوردکاریــەکانی خزمایەتی ناوزەد دەکرێت، لەم بوارەدا چەندەها جیاوازی و پێــچەوانەییان لــەتوێی زمانــە مرۆییەکاندا دەست نیشانکراوە.

ـ زمانی هەنگاری تاکو سەدەی (١٩) هەردوو زاراوەی (برا) و (خوشــك)ی تیــادا نــەبووە، هەرچەندە دوو زاراوەی جیای تیادا بووە ، یەکێکیان بــۆ (بــرا ـ چ بــچووك و چ گــەورە) و ئەوی تریشیان (خوشك ـ چ گەورەو چ بچوك).

ـ زمانی مالیزیش ، یەك زاراوەی بۆ (ئامۆزا - کوڕەمام) و (برا) و (خوشك) تیادایە.
ـ لەزمانی سویدی یەك زاراوەی سەربەخۆ بۆ (باپیر) یان (داپیرە) نییە، بەڵکو بۆ (باپیرە ـ باوکی باوك) (far far) و (باپیرە ـ باوکی دایك) (moor far) و (داپیرە ـ دایکی دایك) (murmur) بەکاردەهێنرێت.
ـ هەروەها لەیەکێك لەزمانەکانی ئوسترالیادا زاراوەگەلێك هەن ،کە گوزارشت لە نەوە دوورەکان دەکەن ،بۆیە دەتوانرێ وشەی (maili) بۆ (باپیر ـ باوکی باوك) و لەهەمان کاتیشدا بۆ خوشك (ژنی کوڕی) بەکاری بهێنێت، تێبینی ئەوەش دەکەیت کە ئەم دوومانایە چەندە دوورن لەیەکەوە.
ـ لەلاتینیشدا جیاوازییەك لەنێوان برای باوك (مامە) و خوشکی باوك (پلك) و برای دایك (خاڵۆ) و خوشکی دایك (میمك)دا هەیە، بەرامبەر بەمەش زمانە تازەکان ئەم چەمکانەیان لەدوو زاراوەی (nuclei) مامەو خاڵۆ و (aunt) پلك و میمك دا چڕ کردۆتەوە، هەروەك زمانی فەرەنسی کە ئەم شێوازە کورت کراوەیە، تیادا ڕەچاو کراوە.

## ١١ـ (نیشانە وجێناوەکان)

توێژەران بەهەمان شێوە لە (**نیشانە وجێناوەکان**) یان کۆڵیوەتەوەو چۆنێتی دابەشکردنیان بەسەر زمانە مرۆییەکاندا تاوتوێ کردووە، ئەو مەرجانەی کە کاریگەریان لەسەر ڕەوشی بەکارهێنانی ئەم زاراوانە هەیە ، بۆتە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی زانایانی واتاسازی، ئەو زانایانە بینیان کە هەر زمانێك کۆمەڵە زاراوەیەکی تیادایە ، کە لەدەلاقەی گەڕانەوە بۆ بارودۆخ و شوێنکاتی قسەکەرەکە دەرکی پێ دەکرێت، ئەم کۆمەڵەیەش لەتوێی سێ جۆری سەرەکیدایە:ـ
ـ (**نیشانە وجێناوە کەسییەکان**)وەکو (من و تۆ) ، بەڵگەشە بۆ ئەو مرۆڤەی کە لەکاتی ئاخافتندا قسە دەکات.

ـ **(نیشانە وجێناوەکاتییەکان)** کە کاتەکان لەیەك جوادەکاتەوە ، ئـەویش بەگەڕانـەوە بـۆ خودی قسەکەرەکە وەکو: **ئێستا** و **دوێنێ** و **ئەوکاتە** ، یان بەگەڕانەوە بـۆ چـەند جـۆرێکی هێما کاتیەکان.

## ١٢ـ هاوبێژی[٨]

هاوبێژی وا دەگەیەنێ کە زاراوەی (lexeme) لەیەك مانا زیاتری هەیـە، بـۆ نموونـە یەکـەی زمانـەوانی (chip) یـەك پارچـەدار یـان خـۆراك وەك ئـامێرێکی ئـەلکترۆنی[٩] دەگەیەنێت ، لەڕاستیدا قسەکەرانی زمانی ئینگلیزی لەمبارەیەوە هیچ گرفتێکیان نییە.

ـ زاراوەی (homonymy) مانای وایە کە دوو وشە یا زیاتر هـەن (lexemes) کـە هەمان شکڵی زمانەوانیان هەیە، وەکـو (bank) کـە واتـای باڵەخانـە یـان ناوچـەیەکی جوگرافی دەگەیـەنێ، جـا قـسەکەری زمـانی ئینگلیـزی بەهـەمان شـێوە سـەبارەت بـەم مەسەلەیە بەرەنگاری هیچ دژواریەك نابێتەوە، چونکە ئەم یەکەیە لەدوو وشەی جودا پێـك دێت.

ـ زاراوەی (homophones) مانای هاودەنگی دەگەیەنێ ، لەدوو یەکە پێك دێت، کـە هەمان وەتەرە دەنگیەکانیان هەیە بەڵام لەڕووی نووسین و واتاییەوە جـودان، وەکـو وشـەی (threw) و وشەی (through)[١٠]

---

[8] – هاوبێژی لەدیاردەکانی زمانی کوردی و عەرەبییە، و زانا عەرەبە دێرینەکان بەووردی و گشتگیری تاوتوێیان کردووە ،بەتایبەتی (ابن جنی) لەپەرتووکەکەی خۆیدا (الخصائص) و (السیوطي) لەپەرتوکی (المزهر) و جگە لەوانیش چەندەها زانای دی عەرەب لەپەرتووکی جۆراوجۆردا باسیان لێوە کردووە. (وەرگێڕ).

[9] – زۆر وشە لەزمانی عەرەبیدا زیاتر لەمانەیەك هەڵدەگرن، وەکو: وشەی (عین) کە مانای چاوی ساحیرانەیە، لەهەمان کاتیشدا چاوی مرۆڤ و سەرچاوە (عین) ی ئاو و چاو(عین)ی حاکم و فەرزی (عـەین) واتە فەرزی سەریەك تاکە کەسێك دەگرێتەوە... هتد. (وەرگێڕ)

ـ زاراوەی (homographs) کە مانای هاوبەشی نووسینە لە وشەیەك پێك دێت ، کـە خاوەن شکڵێکی دەنگی وەتەری نووسـینە ، بـەڵام بـەدوو دەربڕینـی جیـا ، وەکـو وشـەی (wind)لـە زمـانی عەرەبیـدا کـە بـە (کەسـرە) (هـەوا ـ بـا) (air movement) دەگەیەنێت ، بە ئەلفی نەرمیش (گێرو گواج) (پێچاوپێچ) (bend)[11] دەگەیەنێت.

ئەم جیاکاریە بونیادگەریـە واتاییـە زۆر ڕوون و دیـارە فەرهەنگـە زمانەوانیـەکان بەشێوازێکی ڕوون و ئاشکرا چارەسەریان بۆ دۆزیوەتەوە، بەڵام مەسـەلەکە بـۆ توێـژەرێکی واتاساز سانا نییە ، کە لەبەراییـەوە بڕیـار بـدات چ کارەیـەك دەکـات و چارەسـەری چـی دەکات، پاش ئەوەش فەرهەنگە زمانەوانیەکان هەندێك جار لە چارەسەری ئـەم کێـشەیەدا جودا و دووبەرەکن، بۆ نموونە (table) کە کەلوپەلی ناوماڵ دەگەیـەنێت (furniture) و (table) کـە لیـستێکی ڕێکـی تۆمارەکـان دەگەیـەنێت (arrangement) ، ایـا دەتوانین بڵێین کە دوو وشەی جودان، یان وشەیەکن بۆ دوو واتای جیاواز؟[12]

---

10- دیاردەی هاودەنگی لەزمانی عەرەبیدا زۆر بەربڵاو و فراوانە ، وەکو نموونەش: (ما انقطع / ومن قطع) (جاری/ وجار) وەرگێڕ.

11- دیاردەی هاوبەشی نووسین دیسانەوە لەزمانی عەرەبیدا بەفراوانی بەدی دەکرێت ،بۆ نموونە: (ئاخافتن ـ الکلام) کەفەتحە لەسەر پیتی (ك) ەکەی بێت مانای قسەکردنەو (الکِلام) کە کەسرە لەژێر پیتی (ك)ەکەی بێت مانای (برین ـ زام) دەگەیەنێت ،هەروەها (الکُلام) کە زەمە لەسەر (ك) ەکەی بێت ، زەوی بەپیت و چاك دەگەیەنێت. (وەرگێڕ)

12- ئەم گرفتەش بەهەمان شێوە بەخەست وخۆڵی لەبواری زمانەوانی عەرەبیدا باس کراوە ئەویش لەبەر ئەوەی کە توێژەری واتاسازی جاری وا هەیە لەپۆلینکردنی هەندێك وشە بۆ هەندێك خانەی واتایی دیاری کراو حایر دەمێنێ، ئایا دەتوانین وشەی (ضرب) کە مانای ئەنجامدانی کاری لێدانەو (ضرب) ێکی تریش کە مانای حیساب و موحاسەبەکردنە بەدوو وشەی جیا دابنێین!! یان هەردووکیان یەك وشەن و دوو مانایجیاوازیان هەیە ؟!گرفتەکە لەلای ئێمە کاڵتر و سوکترە ، ئەویش لەبەر بوونی تیۆری ڕیشەگەرایی کە لەزمانی عەرەبیدا هەیەو هەموو ئەو مانایانە بۆ یەك ڕەگ کە (چ، ب)ەیە دەگەڕێنێتەوە، بەڵام

بەگشتی فەرهەنگەکان لەسەر ئەم ڕایەی دووەمن، چونکە هەردوو وشەکە وێکچووی یەکدین، بەڵام لەلایەکی ترەوە توێژەری واتاسازی تووشی حەیرەتێك دەبێت کە دەبینێ (pupil) کە دەکاتە قوتابی قوتابخانە (in school) و (pupil) کە دەکا گلێنەی چاو (of the eye) هەردوو وا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت ، کە دوو وشەی جۆراوجۆرن ، هەرچەندە هەردووکیان لەیەك بنەچەوە هاتوون[١٣]

بەهەرحاڵ ململانێی نێوان پێوانەی مێژوویی و پێوانەی هەنووکەیی لەچارەسەرکردنی **(هاوبێژی)** بەهەموو جۆرو ئاستەکانیەوە هەر بەردەوام دەبێت.

## ١٣- پێکهاتە واتاییەکان

ڕێگەیەکی دیشی هەیە بۆ توێژینەوەی ماناکانی یەکە واتاییەکان (lexeme)، ئەویش لەگوزەرگای شیتەڵکردنەوەی بۆ زنجیرەیەك لە (پێکهاتە واتاییەکان) یان (ئادگارە واتاییەکان) (semantic features)، یەکەی واتایی (پیاو) بۆ نموونە دەشێ لەسەر ئەو بنەمایە شیتەڵبکرێت کە (باڵغ) (مرۆڤ) (نێر)... هتد. دەگەیەنێت.

---

گرفتەکە لەبەر دووری هەردوو مانای ڕەگەزمانیەکە (کامەران لێدانێکی بە ئازاری لە ڕزگار دا) و (کامەران خشتەی بیستەکانی لەخشتەی سیەکاندا)(کامەران شەشەکانی لە پێنجەکاندا (وەرگێڕ).

[13] - لەزمانی عەرەبیدا هەمان گرفت بەرەنگار دەبێتەوە بۆ نموونە لە وشەیەکی وەکو (کتب) کە مانای ئەنجامدانی کاری (نووسین)ە و (کتب)ە ، کە مانای فەرزکردنی ئاینییە، ڕاستەوخۆ ئەم دوو وشەیە یەك ڕەگیان هەیە ،کە ئەم پیتانەن (ك. ت. ب) بەڵام هەردوو ماناکە زۆر لەیەکدیەوە جیاوازن (کامەراننامەکەی نووسی) (**یا أیها الذین آمنو کتب علیکم الصیام کما کتب علی الذین من قبلکم لعلکم تتقون**) وشەی (کتب) لێرە فەرزکردنی ڕۆژووگرتن دەگەیەنێت، واتە (ئەی باوەڕداران خودای گەورە ڕۆژووی لەسەرتان فەرزکردووە هەروەك ئەو ڕۆژووی لەسەر ئومەتانی پێش ئێوەشی فەرزکردبوو، ئەم فەرزکردنەی ڕۆژووش بۆ ئەوەیە بەشکو بەتەقوابن و ترسی خوداتان لەدڵدا زیاتر بێت بەو تەقوایە)(وەرگێڕ).

ئەم پرۆگرامە واتاییە زانایانی ئەنترۆبۆلۆجیا دایاننناوەو بەکاریان هێناوە، ئـەویش بـۆ ئەنجامـدانی ووردەکاریـەکی وشـە زمانەوانیـەکانی تـوێی کۆمـەڵگاو ڕۆشـنبیریە هەمـە چەشنەکان ،کە پاش ئەوانیش واتاسازان وەکو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ شیتەڵکاری مانـاو لقوپۆپەکانی بەرەو پێشیان بردووە.

هـەموو ئـەو سیـستەمە پەیوەندیانـەی کـە بەیەکـەوە پەیوەسـتن، دەشـێن لـەگوزەرگای بەکارهێنانی کۆمـەڵێکی بـچووکی (ئادگـارە واتاییـەکان)ەوە بونیـاد بنـرێن، بـۆ نموونـە ئادگارەکانی وەکو (باڵغ / ناباڵغ) و (نێر / مێ) دەکرێ بەم شێوەیە بەکاربهێنرێن:ـ

- پیاو: (باڵغ ، نێر)
- ئافرەت: (باڵغ، مێ)
- کوڕ: (ناباڵغ، نێر)

دەشتوانین هەمان ئەو ئادگارانە لەجیهانی ئاژەڵاندا بەکاربهێنین ، هەروەك لەم نەخـشەیەی خوارەوەدا دیارە:ـ

| ژ | نێر | مێ | ناباڵغ |
|---|---|---|---|
| ١ | گا | مانگا | گۆلك |
| ٢ | بەران | مەڕ | کار |
| ٣ | بەراز | بەرازی مێ | بەچکەی بەراز |

بەراوردکاریەکانی ئەم شیتەڵکاریە واتاییە بەگشتی لەبواری بەکارهێنانی ئاماژەی (+) یان (-) دەبەسترێت، کە لە وێنەیەکی دیاریکراودا دادەنرێت ، وەکو (+ نێـر – مـێ) یـان (+ مێ – مێ).

بۆ کورت کردنەوەی زانیاریەکانی پێشوو دەتوانین کە یەکـەکانی خـوارەوە شـیتەڵکاریەکی واتایی بکەین و بەم شێوەیە:ـ

| | گا | بەرانن | بەرازز | مانگا | مەڕ | بەرازی مێینە | گۆلك | مەڕ | بەچکە بەراز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | + | + | + | - | - | - | (+/-) | (+/-) | (+/-) |
| مێ | - | - | - | + | + | + | (+/-) | (+/-) | (+/-) |

لەڕاستیدا ئەم شیتەڵکاریە واتاییە لەگەڵ ئالۆزبوونی یەکە واتاییەکان زیاتر گرنگی وەردەگرێت، با ئێستا چەند نموونەیەك دەربارەی هەندێك لە چەمکە مرۆییەکان (کار)ەکان بهێنەوە:ـ

| | سروشتی | پەلە | بەیەك ئاراستە بۆ پێشەوە | هەمیشە یەك پێ لەسەر زەوی |
|---|---|---|---|---|
| دەڕوات | + | - | + | + |
| خالیش دەکات | - | + | + | + |
| ڕادەکات | - | + | + | - |
| سەردەکەوێت | - | - | + | + |

جا لەبواری بەکارهێنانمان بۆ ئەم شیتەڵکاریە واتاییە دەتوانین بەئاسانی کەلێنە واتاییەکانی (semantic gaps)هەر زمانێك بدۆزینەوە، بۆ نموونە ئەو وێنەیەی پێشوو زاراوەی (یەکەی واتایی) دەرناخات، کە گوزارشت لەچەمکی ئەو مرۆڤە بکات، کە پێیەکانی بۆ بزاوت کردن و جوڵە بۆ پشتەوە بەکاردەهێنێت، لەلایەکی تریشەوە هیچ سانا نییە ، کە ئادگارە واتاییە گونجاوەکانی ئەم زاراوەیە بچەسپێنین ،کە ئایا شێوازێکی دووانەیی (+ / ) پراکتیزە دەبێ یاخود نەء : ئایا ئەم (کار)ە.

مەلـەدەکات بـۆ نموونـە (+ خێراکـردن)ە، زاراوەی شـۆربا، ئایـا (+ خـواردن) یـان (- خواردن)ە؟.

## ١٤ـ واتـای ڕستە

تویژینەوەی واتا پەلکێـشمان دەکاتـە نـاو تـاوتویّ کردنـی پلـەکانی لەسـەرتاپای جەستەی زمانەوانیـدا، لەهـەمان کاتیـشدا سـەختی و دژواری کێـشانی هێڵێکـی ڕوون و جیاکەرەوە سەبارەت بە پێکهاتەی واتایی هەر چێوەیەکی زمانەوانی دەچەسپێنێ، لەپێشدا گرنگپێدانەکان هەموو لەسەر مانای وشەکان چڕ دەبوونەوە، بەڵام ئـەمڕۆ واتاسـازی تـازە گرنگی بە شیکردنەوەی مانای ڕستە دەدات، یان بـەلای کەمیـەوە گرنگـی بـە ڕووەکـانی مانـــای ڕســـتە دەدات، ئـــەو ڕووانـــەی کـــە تویژینـــەوەی یەکـــە واتاییـــە گۆشەگیرەکان(lexemes) ناتوانن بە تەنهایی بیاندۆزنەوە.

### أ ـ واتـای دەنگی ( عەرووزی )

واتای دەنگی ئەو مانایەیە کە ڕێچکەی درکانـدنی ڕسـتە بـە بـەکارهێنانی ڕووی دەنگـی زمان پەیدا دەبێت ،چونکە هەر گۆڕانکاریـەکی ڕەچـاوکراو لەجـەخت کردنـەوە بـۆ نموونـە شیمانەی ئەوە هەیە کە پەلکێشمان بکاتـە نـاو جـەنجاڵی ڕاڤـەکردنێکی پەلـە و بـەگوری ڕسـتەوە. هـەر ڕسـتەیەك لـەم ڕسـتانە مانایـەکی تایبـەت و جیاوازیـان هەیـە کـە لـە بەکارهێنانی نەبرەی دەنگیەوە سەرچاوە دەگرێ.(١٤)

[14]- ئەم پێوانە دەنگیە واتاییە لەزمانی عەرەبیدا هاوشێوەکەی پێوانەی ڕێزمانی واتاییە، چونکە مانا هەمەچەشنەکان لێرەدا لەپاشخستن و پێشخستنەوە سەرچاوە دەگرێت ،واتە کە دەڵێم (ئۆتۆمبێلە سوورەکە کامەران کڕی)، لەم حاڵەتەدا من ئەو شتە نەفی دەکەم، کە بڵێم (کامەران پاسکیلێکی سووری کڕیوە)، کاتێکیش کە دەڵێم (کڕیویەتی کامەران ئۆتۆمبێلێکی سوور) ، ئەوە مانای ئەوەیە کە من جەخت لەسەر ڕەنگی ئۆتۆمبێلەکە دەکەمەوە، ئەویش لەگوزەرگای ئەو شێوازەوە کە لەلای ڕێزمانزانەکانی عەرەب بە (قطع الصفة عن المصوف) ناسراوە ،(واتە بڕینی سیفەتەکەو جوداکردنەوەی لە

1- john’s bought a red car (not a red bicycle).

جان ئۆتۆمبێلێکی سووری کڕی (نەك پاسكیلیێکی سوور).

2- john’s bought a rep car (not agree one).

جان ئۆتۆمبیلێکی سووری کڕی (نەك ئۆتۆمبێلێکی سەوز).

3- john’s bought arid car (not bill).

جان ئۆتۆمبیلێکی سووری کڕی (نەك بێڵ).

پێوانەی دەنگی وامان فێر دەكات كە ئەو زانیاریەی كە بەشێوەیەكی ئاسایی لەڕستەوە فێری دەبین (مانایەكی كۆنە) و بەهەمان شێوەش فێرمان دەكات كە بەدەست هێنانی زانیاریەكی تایبەت دەربارەی ئەو ڕستەیە (مانایەكی تازەیە).

## ب ـ واتای ڕێزمانی ( پێكهاتەیی )

ئەو قسانەی كەلەسەر بونیادی شیتەڵكاری ڕێزمانی دامەزراون دەشێ لەڕووی واتاییەوە شیتەڵ بكرێن.

بۆ نموونە ئەم ڕستەیە:

- john read a Book yesterda (جان دوێنێ پەرتوكێكی خوێند)
- subject + verb + object + adverbial

ئەم ڕستەیەی سەرەوە دەتوانین لەڕووی واتاییەوە شیتەڵكاری بكەین و بڵێین كە لەم شتانە پێكهاتووە:

بكەر، كارێك دەكات و كارەكە دەكەوێتە سەر بابەتەكە لەكاتێكی دیاریكراودا.

---

كەسەوە سفكراوەكە) واتە وشەی (سور) لێرەدا سیفەتی ئۆتۆمبێڵەكە نییە بەڵكو (گوزارە) بۆ (نیهاد) حەزف كراو كە خەملاندنەكەی (سوور)ە كاتێكیش دەڵێم (كامەران كڕی ئۆتۆمبێڵی سوور) لەم حاڵەتەدا جەخت لەسەر خودی (كامەران) دەكەمەوە، چونكە ڕستەكەوەڵامدانەوەو پرسیاری كەسێكە پرسیار دەكات: (كێ كڕیویەتی ئۆتۆمبێلێكی سوورە) بۆ شارەزابوونی زیاتری ئەم بابەتە: ڕاجع الكتاب القیم (دلائل الاعجاز) للجرجانی (وەرگێڕ).

لەڕاستیدا زۆر شت هەن کە دەکرێ دەربارەی ڕۆڵە واتاییەکان ( semantic roles) بیدرکێنێ ،کە توخمە ڕێزمانیەکان ئەنجامی دەدەن، ئەم مەسەلەیەش دەکەوێتە نێوان کێڵگە واتایی و کێڵگە ڕێزمانیەکان.

## ج ـ واتای کردارەکی ( پراگماتیکی )

ئەو فەرمانەی کە ڕستە لە تەواوی ئاخفتندا گەڵاڵەی دەکات، پێویستە بەهەند وەربگیرێت، مانا لەڕستەیەکی ئینگلیزی وەکو (there is some chalk on the floor) (هەندێك تەباشیر لەسەر زەویدایە) ڕوون و ئاشکرایە و هیچ تۆزێکی لەسەر نییە، بەڵام ئەم مانایە هەندێ جار لەوانەیە پرسیارکردن بێت لەحاڵەتێکی ڕاستەقینە: واتە بووترێت: (have you any chalk) (ئایا هیچ پارچە تەباشیرێکت بینیوە؟). لەهەندێ حاڵەتی تریشدا لەوانەیە کە ئەو ڕستەیە وەکو فەرمانێك شرۆڤە بکرێت.بەتایبەتی کاتێك کە مامۆستا فەرمانێك دەدا بەقوتابییەك بە ئاماژەکردن بۆ تەباشیرەکەی سەر زەوی واتە: تەباشیرەکە هەڵبگرە. بەهەرحاڵ توێژەران ئەمڕۆ لەو مانا فەرمانیانەی ڕستەدا ڕۆچوونە کە ئاوێتەو تێکهەڵکێشی واتاییەکان دەبن.[١٥]

[15] - مانای کردارەکی لەڕستەی عەرەبیدا فراوانەو چەندەها لق و پۆپی هەیەو زانا عەرەبەکان بەتایبەتی (جاحظ) و (جورجانی) بەچڕی باسیان لێوە کردووە، چونکە ڕستەی (پرسیاری ـ استفهامی) عەرەبی یەك مانای پرسیارانەمان لا دروست ناکات، بەڵکو ماناگەلێکی خاوەن چەندکردارەکی و فەرمانمان بۆ دوورست دەکات، کە هەندە پشت بە بونیادی ڕستە نابەستێت، بەو ڕادەیەی کە پشت بە فاکتەرەکانی دەرەوەی بونیادەکەوە دبەستێت، وەکو فاکتەرە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی و ڕۆشنبیری و فاکتەرە ریسکیەکان کە سەرچاوەکەی (دەق) ە و دەشتوانین لەم نموونانەی خوارەوە دەرك بەم شتانە بکەین:ـ

١ـ ئایا تۆ لە دۆزەخیان ڕزگار دەکەیت؟ ـــ مانای نەفی کردنە.

٢ـ چۆن پێغەمبەرێکە خۆراك دەخوات وەك ئێمەو لەبازاڕیشدا ئاسایی دەڕوات بەڕێوە ـــ سەرسوڕمان

٣ـ ئایا ڕووداوی سوور ڕەنگەکەی دەزانیٚ و ئایا دەشزانیٚ کە کام لەئاو بەخشەکانی ئەو ڕووداوە هەورەکانە؟ ـــ ئاوات خواستن

٤ـ ئایا دڵ و دەروونمان بۆ کراوەو واڵانەکرد؟ ـــ بڕیاردان

٥ـ منیان لەکیس خۆیان دا کە هەرزەکارێك بووم بۆ ڕۆژی جەنگ و سەنگەرگرتن بەکەڵك دەهاتم؟ ـــ بەگەورە زانین

٦ـ ئەمەیە کە خودا بەپێغەمبەر بۆ ئێمەی ناردووە؟ ـــ بەکەمزانین

٧ـ کەی خوا سەرمان دەکەوێنیٚ؟ چەند چاوەڕێم کردی؟ ـــ (دێربوون)

٨ـ ڕۆژهەڵاتی زەوی لەکویٚ و وڵاتی ئەندەلوس لەکویٚ؟ من لەکویٚ و تۆ لەکویٚ؟ ـــ (بەدوور زانین)

٩ـ لەمانگی ڕەمەزاندا دەخۆیت و دەشکێنیت؟ (سەرزەنشت)

١٠ـ ئەمەیە کە باسی خواکانتان دەکات؟ ـــ (خۆ بەگەورە زانین ـ تووڕەبوون)

١١ـ نازانم ئەو شتە کەوادەتان دراوەتیٚ دوورە یاخود نزیکە؟ ـــ هەمووارکردن

١٢ـ ئایا نازانی کە خوداکەت چی بەنەتەوەی (عاد) کرد؟ ـــ هەڕەشە.

١٣ـ نەوەی ئیسرائیلیمان لە ئازاری زەلیلی لەدەست فیرعەون ڕزگارکرد؟ ـــ گەورەکردنەوە

١٤ـ تۆ بۆ کویٚ دەڕۆیت؟ گومڕا بوویت بگەڕێرەوە ـــ هۆشداری.

١٥ـ ئەی قوتابیان ئایندەیەکی گەشتان پیٚ نیشان بدەم؟ ماتماتیك و زمانەوانی بخوێنن ـــ هاندان

١٦ـ ئایا ئیتر بەس نییە؟ ـــ فەرمان کردن.

١٧ـ لیٚ یان دەترسێن؟ خودای گەورە شایستە ترە کە لێی بترسین ـــ (دوورکەوتنەوە)

١٨ـ ئایا سەردانمان ناکەیت تا دڵمان خۆشکەیت؟ ـــ پێشکەش

١٩ ـ ئایا بۆ تاقیکردنەوە ئامادە سازیت نەکردووە؟ـــ هاندان ـ نەدان.

بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی ئەم بابەتە بڕوانە: (علم المعنی) **عبدالعزیز عتیق، دار النهضة العربیة ،بیروت ،١٩٧٤ ،ص (١٠٤ـ١٢٠) (وەرگێڕ)**

## د ـ واتای کۆمەڵایەتی

هەڵبژاردنی ڕستە بۆی هەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری بکاتە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتەیەکانی نێوان قسەکەران (بەشداربووانی پرۆسەی پەیوەست بوون) بەتایبەتی ئەو ڕستەیەی کە وشەکان پەیوەندیان بەچەمکی ئەدەب و (زبری) و (ماوە) وە هەیە... هتد.

کە ئەویش بەدەوری خۆی کاریگەری هەیە لەسەر بارودۆخمان و ڕۆڵمان لەتوێی ئەو کۆمەڵەی تیایداین. کاتێك کە گوێگر پرسیارێکی لە لایەن قسەکەرەوە ئاراستە دەکرێت (مەبەستت چییە کە بەو شێوەیە قسەم لەگەڵ دەکەیت) ئەم شێوازە مەسەلەی گەورەتر لەو مانایەی کە یەکە واتاییەکە و ڕستەکە گەڵاڵەی دەکەن دەورووژێنێت، چونکە لێرەدا شێوازێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو دەوروژێنێت کە لەچینێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراو و خاوەن شیفرەیەکی واتایی دیاری کراوەوە بەرهەم هاتووە.

## ه ـ واتای هەڵگری (فەلسەفی)

گرنگترین ئاراستە لە واتاسازیدا گەڕانە بەدوای مانای ڕستەدا ، ئەویش بەهەماهەنگی چەند بیروبۆچونێك کە لە فەلسەفەو لۆجیکەوە وەرگیراین.

لەم جۆرە ئاراستەیەدا پێویستە جیاوازییەك لەنێوان ڕستە و نێوان هەڵگرەکاندا بکەین (propositions) هەڵگریش یەکەیەکی واتاییە کە لەگوزەرگای بابەتی ئەو حاڵەتەی کە باسی لێ دەکات، پێناسە و ڕوونکردنەوەی خۆی دەخاتەڕوو.

ئەم یەکەیە حاڵەتێك وەسف دەکات، و شکڵی ڕوون و ڕاشکاوی ڕستە وەردەگرێت (declarative) وەکو (john loves mar) ، لەم ئاراستەیەدا (کە واتای ڕاستەقینەی مەرجدار یەکێکە لە پرەنسیپەکانی) ڕستەکان ،کە ڕستەکان گوزارشتیان لێ دەکەن، دەشکرێ ئەم هەڵگرانە بۆ زانینی ئەوەی کە ڕاستەقینەن یان درۆن بپشکنرێن بە گەڕانەوە بۆ جیهانی واقیع (واتە پەیوەندیەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا) ، لەڕاستیدا ئەم

تیۆرانە چۆك بۆ مشتومڕو وتوێژ دادەدەن، و نیازمەندیشیان بەشارەزایەکی لۆجیکی شکڵی هەیە تاکو دەرك بەکرۆکی ماناکەیان بکەین. بەهەرحاڵ ئەمانە تیۆرگەلێکی کە تاڕادەیەك بەشداری لە شرۆڤەدانێکی گشتی دەکەن سەبارەت بە تێبینیە واتاییەکانی زمان.

## ١٥ـ ڕێزمان یاخود واتا؟

سنوورە تەماویەکانی نێوان ماناو ڕێزمان (ماناو بونیاد) گرفتێکی دێرینی تیۆری زمانەوانیە، و دەشتوانین لەگوزەرگای چەند ڕستەیەکی ئاساییەوە بەڵگەی لەسەر بێنینەوە، بەڵام بەشتێکی ناوەندی نێوان ڕێزمان و مانا هەژمار دەکرێت، هەندێك ڕستە هەن کە دەکەونە نێوان گوزارشتی زاراوەیی وەکو (it is raining cats and dogs) (واتە پشیلەو سەگ دەبارێنێ: ئەمە ڕستەیەك گوزارشت لەبارانێکی بەخوڕ دەکات) و نێوان ئەو ڕێزمانەی کە ڕێسا زمانەوانیەکان بەکاردەهێنێت وەکو:

(the man kicked the ball) (واتە پیاوەکە پێ لەقەی لە تۆپەکەدا = کە مانایەکی فەرهەنگی ئاسایی دەبەخشێت)،لە توێژینەوەیەکی واتایدا گوزارشتە بەکارهێنراوەکان بەشێوەیەکی ئاسایی و سەرچاوەی لەزماندا کۆکرانەوە، ئەم گوزارشانە لەسەر یەك یەکەی واتایی کە (think) بونیاد نراون، ئەم توێژینەوەیە ئەم دەرەنجامانەی لێ کەوتەوە: —

| | |
|---|---|
| کاتێك کە بیرم لەمەسەلە کردەوە ئەوکاتە من | come think of it |
| ئایا ڕات چییە ؟ | – what do you think |
| گەیشتمە چارەسەرییەکی باشتر | – I thought better of it |
| گوێ بە مەسەلەکە مەدە. | - think nothing of it |
| پێش بڕیاردان بیر لەمەسەکە بکەرەوە. | - think it over |
| مەسەلەیەکی پوچەوشایانی بیرلێکردنەوە نییە. | - it doesn't bear thinking about |

| | |
|---|---|
| وامزانـی کـە شـارەزاییت لەمەسـەلەدا هەیـە | I thoghy you |
| من وای دەبینم | - I think so |
| ئەوەی کە دەبینم ئەوەیە. | - What I think is. |
| بەدەنگێکی بەرز بیر دەکەمەوە. | - I was just thinking almond |
| کێ ئەم شتەی بەبیردا دەهات | - **who would have thought it?** |
| خۆت بەچی دەزانیت. | - Who do you think you are? |

ئەو توێژینەوە واتاییە سەلماندی کە خەڵکی ئەم جۆرە گوزارشانە دەپارێزن، وەك بەشێك لەپرۆسەی بونیادی ئاخافتنی پەیوەست دارو کارپێکراو، چ لـەڕووی درکانـدن و چ لـەڕووی قسەکردنەوە (لەبەر ئەوەی کە ئەم دیاردەیە لەزمانی نووسیندا تێبینی کراو نییە).

لەلایەکی تریشەوە ئەم توێژینەوەیە دەستی خستە سەر ئەوەی کە ئەم فۆرمە لەڕستەییە بـاوەڕپێکراو و زنجیرەکـراوە فۆرمەلەیەکـە لـەڕووی بونیـادەوە چەسـپاو نییـە، هـەروەك لەگوزارشـتە زاراوەییـە چەسـپاوەکاندا (idioms) بـەدی دەکرێـت، پاشـانیش دەکـرێ ماناکەی لەگوزەرگای ئەو یەکە واتاییانەوە (lexemes)بزانرێ کە یاوەرین .

**دەرەنجام: بەکارهێنانێکی یەکە زمانەوانیەکان لەئارادا هەیە کە دەکەوێتە نێوان ئەو پرۆسە ڕێزمانیەی کە جەخت لەسەر جۆرەکانی ڕستە بەرهەمهێنراوەکان دەکات و نێوان ئەو پرۆسە واتاییەی کە جەخت لەسەر ئەو ئەگەرانە دەکات ، کە لەوشە تایبەت و دیاری کراوەکانەوە سەرهەڵدەدەن.**

<ins>ژێدەر</ins>

**بڕوانە:د.مازن الوعر ،دراسات نحوية و دلالية و فلسفية فـی ضـوء اللـسانيات المعاصرة ،دار المتنبی للطباعة و النشر ، سورية – دمشق ،٢٠٠١ ، ص٣١– ٥٨ .**

## تیۆرەکانی واتا

ڕۆژئاواییەکان تیۆرگەلێکیان لەبارەی واتاوە هێناوەتە ئاراوە، کە وەسفی واتا و شرۆڤەیەك بە سروشتی واتا دەدات، لەهەمان کاتیشدا ڕاڤەی بۆ چەندەها جۆر دەکەن ، کە ئەمیش بەپێی چەند پێوانەیەکی هەمەجۆر، جا ئەمانە چەند تیۆرێکن لەو تیۆرانە: (تیۆری هێما، تیۆری ڕەوشتکاری، تیۆری بەکارهێنان،... هتد)، ئێستاش هەر یەکە لەم تیۆرانە باسدەکەین:ـ

### ١ـ تیۆری هێما

ئەم تیۆرە بۆ چەند بنەمایەکی فەلسەفی و لۆجیکی و سایکۆلۆژی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە تیشك خستنەسەر لایەنەکانی ئەم تیۆرە پێویستی بە ناسین و زانینی هەندێك چەمکی فەلسەفی و لۆجیکی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:ـ

### ١ـ١: پلەکانی بوون

فەیلەسوف و لۆجیکناسان لەسەر ئەو ڕایەن، کە بوونی شتەکان لەچوار جۆردا بەرجەستە دەبێت:ـ


أ ـ بوونی هزریی، ئەمەش بوونی ئەو شتەیە کە لە هزردا باسی لێ دەکرێت، کە لەو حاڵەتەدا دەردەکەوێت، کە ناوهێنانی وشەی (مرۆڤ) وات لێ دەکات ، وێنەیەکی ڕەها و ڕووتی ئەو شێوانەت لەلا پوخت بێتەوە ، بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی کە لەژیانتدا بینیوتن.

ب ـ بوونی دەرەکی شت، ئەمەش لەجیهانی دەرەکیدا بۆ نموونە بوونی تاکەکانی مرۆڤە بەهەمو ڕەگەز و ڕەنگ و شێوە و ڕواڵەتەکانیانەوە.

ج ـ بوونی زارەکی:ـ ئەمەش بوونی دەنگەکانی ئەو وشانەیە، کە ئاماژە بۆ وێنەی هزریی دەکەن، و لەهزرو مێشکدا بانگهێشتی دەکەن و، بە هۆی ئەم دەنگانەوە لەجیهانی دەرەکیدا ئاماژە بۆ تاکەکانی ئەو شتە دەکرێت، هەروەکو وشەی (مرۆڤ).

د ـ بوونی نووسراوی، ئەمەش بوونی پیتە نووسراوەکانە، کە ئاماژە بۆ وشەی مەبەستدار دەکەن، وەکو پیتەکانی وشەی (مرۆڤ).

زانایانی کلتوور ئاماژەیان بۆ ئەم چوار جۆرە کردووە، هەروەك لەڕووننامەکەی (غەزالی)دا دیارە، کە پلەکانی ئاخافتن بەپێی پلەکانی بوون دەخاتەڕوو،[١٦] ، هەروەها پلە و پێگەکانی بوونی واتاکان لەم سێگۆشە واتاییە لەلای (حازم قرتاجنی) کە بەهەمان شێوەی کلتورناسان ئاماژەیان بۆ کردووە [١٧] ، بەڵام تەنیا سێ جۆری یەکەمی ئەو جۆرانەی کە باسمان کردن، لەلای زانا واتاییەکان و زمانەوانان بەگشتی باو و کارپێکراون، چونکە ئەوان وا نابینن، کە نووسین بەشێکی سروشتی زمانی مرۆڤی ئاسایی بێت، بەڵکو نووسین لە ڕوانگەی ئەوانەوە پرۆسەیەکی زاراوەسازی پیشەسازییە بۆ هێمای وشەکان، کە بۆ دەنگە درکێندراوەکان بەکارناهێنرێت، لەم ڕووەوە (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) یەکەمین ئەو دوو زانایەن، کە ئەم سێ جۆرە بوونەیان لەشێوازی سێگۆشەیەك خستۆتەڕوو، کە بە (سێگۆشەی واتایی) ناسراوە.




[16] – ابو حامد الغزالی ، معیار العلم فی فن المنطق ،ط ٤ ، بیروت ، دارالاندلس ،١٩٨٣ ، ص٤٦–٤٧ .

[17] – حازم القرطاجنی ، منهاج البلغاء و سراج الادباء ، تحقیق محمد الحبیب بن الخوجة ، ط٣ ، بیروت ، دار الغرب الاسلامی ،١٩٨٦ ،ص١٩ .

جا هەرچەندە، کە (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) زاراوەی (بیر) یان (هێما)یان بۆ لایەنی (ب) سێگۆشەکە بەکارهێناوە،[١٨] کەچی بەکارهێنانی وشەی چەمك یان وێنەی هزریی باشترە بۆ بەکارهێنان، چونکە لەگەڵ شتگەلە باوەکانی کلتوور شیاوتر و گونجاوترن، نەخاسما لەهەردوو بواری لۆجیك و فەلسەفەدا.

## ١ـ٢ :ـ جیاکردنەوەی هێما و حەواڵەکردن

بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەواتاسازیدا باوە، هەندێك لەزمانەوانەکان جیاوازی نێوان (هێما reference) و (حەواڵە denotation) یان کردووە، لەبەرئەوەی هێما بریتییە لەپەیوەندی نێوان ئاخافتن (دەربڕین) و ئەو شتانەی کە ئاماژەیەکن بۆ ئەو پلەو پێگانەی کە تیایدا بەکاردەهێنرێن.[١٩]

حەواڵەکردنیش پەیوەندی ئاخاوتنەکەیە (دەربڕین) بەو چەمکە گشتییەوە کە بۆ هزری بەرانبەر حەواڵە دەکرێت، جا ئیتر پێگەکەی یان ئەو بەکارهێنانە تایبەتیەی کە تیایدا هاتووە هەرچییەك و هەر چۆنێك بێت . گرنگی ئەم جیاکردنەوەیەش لەو گوزارشتانەدا بەرجەستە دەبێت، کە مانایەکی گشتییان هەیە، بەڵام مەبەستیش لەو بەکارهێنانە، ئەو تەسکردنەوەی چەمکە گشتییەکانە، هەروەکو لەو فەرموودەیەی خوای گەورەدا دەردەکەوێت، کە لە چیرۆکی (ئیبراهیم) پێغەمبەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، کە دەفەرمووێ (وتی: گەورەی بتەکان ئەم کارەی ئەنجام داوە). کە حەواڵەکردنەکانی لە چەمکە گشتییەکاندا چڕدەبێتەوە، بۆ دەرك پێ کردن و تێگەیشتنیان لەبارە زامانەوانییەکە دەست نیشاندەکرێت. جا مەرامەکانیشیان تەنیا بەشیتەڵکردنی هێماکانیانە، واتە بەدەست نیشانکردنی سەرچاوەی ئەو هێمایانە ڕوون دەبێتەوە، بەم پێیە

---

[18] - ck ogdden and la richard ,Thoughts ,words and things in donald e. hayden and E. p. alworth (eds) , classics in semantics (london vision press limited , 1965,pp.250-252.
[19] - lyons, 174: 1977.

دەتوانین بڵێین کە حەواڵەکردنەکان بەباری زمانەوانیەوە پەیوەستن، واتە ئەم حەواڵەکردنانە لەتوێی ماناکاندان نەك لەتوێی ئەو مەرامانەی کە بەڕوونکردنەوەی هێما نەبێت دەرناکەون.

جا لەو نموونانەی کە دەتوانین لەبواری جیاوازی نێوان هێماو حەواڵەکردن بیهێنینەوە، ئەو بەڵگانەن کە ئەم گوزراشتانە ئاماژەیان بۆ دەکەن: (سەروەری پێغەمبەران) (چاکترینی بوونەوەران) (خودی ـ دواهەمینی پێغەمبەران) . جا حەواڵەکردنی ئەم گوزارشتانە خودی مانا دانراوەکانیانە بە جیا لەمەرام و مەبەستەکانیان، هەرچی هێماکانیانە واتای شرۆڤەدانیەتی ، ئەویش بەڕوونکردنەوەی مەرام و مەبەستە دەستنیشانکراوەکەیە بە وردی کە ئەویش پێغەمبەر محەمەدە (د. خ) .

کەواتە ئەوەی کە بۆی حەواڵە دەکرێت کەسێکە بەوە وەسف کراوە کە پلەی پێغەمبەرایەتی هەیە و باشترینی بوونەوەران و دروست کراوانە، و پاش ئەویش هیچ پێغەمبەرێکی دی نییە، هەروەها سەروەری گشت پێغەمبەرانە، بۆ زانینی ئەم خەسڵەتانەش سیستەمەکانی باوەڕ ، مشتێك زانیاری لەمبارەیەوە پێبەخشیوین، کە سوودی لێ دەبینرێت بۆ زانین و شارەزابوونی هەموو ئەو گوزراشتانە.

لەکۆتاییدا دەشێ ئەوە بڵێین کە زۆر گرنگە دەرك بکەین بە پەیوەندیەکانی نێوان حەواڵەو باری دانان و زمان و واتا و ڕستەو ئاخافتن، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ئاماژەو بەکارهێنان و ئاخافتن و مەرام و وتەو بەکارهێنانەکان.

| | |
|---|---|
| هێما | حەواڵەکردن |
| بەکارهێنان | بار- دانان |
| ئاخاوتن | زمان |
| مەبەست و مەرام | واتا |
| وتە | ڕستە |
| بەکارهێنان | دەربڕین |

## ١ـ٣: دەستنیشانکردن، دیاریکردن

هەندێك ئاخافتنی زمانەوانی هەن، کە جۆرە تەمومژیەکیان بەسەرەوەیە، بەشێوازێك کە ماناکانی ڕوون نین، تەنها لە ڕێگەی ئەو بەکارهێنانەوە نەبێ کە تیایاندا دروست دەبن، جا ئەو کردەیەی کە تیادا مەرامی ئاخافتنەکانی تیا دەست نیشاندەکرێت زاراوەی (دەست نیشانکردن) ی (diesis) پێ دەوترێت ، کە ئەمانە دەگرێتەوە:ـ

١ـ دەست نیشانکردنی کەسەکان (persondeixis) ، ئەویش بەگێڕانەوەی (جێناوە) جۆراوجۆرەکان بۆ ئەو شتانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن.

٢ـ دەست نیشانکردنی کات (timidities)، ئەویش بەدەست نیشانکردنی مەرامی ئەو ئاخافتنانەی کە بەڵگەن لەسەر کات، وەکو (سبەی) ، (هەفتەی داهاتوو) ، (مانگی داهاتوو) و، (دوێنێ) ، (ساڵی پێشوو) ، (ئەوکاتە) ، (ئێستا) ، (پێش ئەوە) و (پاش ئەوە)... هتد.

٣ـ دەست نیشانکردنی شوێن (place) ، ئەمەش بەنیشاندانی مەرامی شوێنەکان دیاری دەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی ئەو بەکارهێنانەی تیایدا هاتووە. زۆر ئاخافتنی شوێن هەن کە تەمومژیان لەسەرەو ڕوون و ئاشکرانین، (ئێرە) ،(ئەوێ)، (ژێر)، (پێش)، (ئەو شوێنە)، (ئەم مەسەلەیە)... هتد.....

لەدیاری کردنی ئەوەشدا ئاشکرایە کە دەست نیشانکردنی ئەو شتە ئاماژەپێکراوانەدا زۆر گرنگ و پێویستە، هەروەها گواستنەوەی ئاخافتنەکان لەچوارچێوەی حەواڵەکردنەوە بۆ چوارچێوەی ئاماژەکردن بۆ ئەو دوو چەمکەی پێشووی هەردوو زاراوەکە زۆر گرنگ و پێویستن.

## ١ـ٤: جیاوازی نێوان ناولێنراو و واتا

جیاکردنەوەی نێوان ناولێنراو (nominate) واتا (meaning) بۆ فەیلەسوفی ئەڵمانی (کۆتلەب فریجە) دەگەڕێتەوە، کە واتای بەم شێوەیە پێناسەکرد ((واتا ئەو شێوازەیە کە گوزارشتی لەشتەکان پێ دەکرێت)).[٢٠] لەکاتێکدا کە ناولێنراوەکە ناسراوە و شتەکەی پێ ناولێنراوە، جا ئەم جیاکردنەوەیە لەتێبینی کردنەکەی (فریجە)دا لە هەردوو گوزارشتی (ئەستێرەی بەیانیان) و (ئەستێرەی ئێواران) سەری هەڵداوە، کە ئاماژەیە بۆ یەك شت، کە (ئەستێرەی زوهرە (ڤینۆس venues)ە، بەڵام ماناکەی هەرجیاوازە، جا ئەم جیاوازیە لە بواری تێگەیشتنی دیاردەی هاوواتای ئاماژەییدا (یان هاوواتای ناولێنراوەکاندا) سوودی لێ دەبینرێت، مەبەستیش لەم شتە ڕێککەوتنی ئەو سەرچاوانەیە کە ئاخافتنەکە لەگەڵ ماناگەلی ئاخافتنە بەکارهێنراوەکە لە ئاماژەکردندا بۆی جیاوازن.

نموونەیەی کە لەم بوارەدا دەیهێنینەوە، ئاماژەکردنە بە (ئادەم) پێغەمبەر سەلامی خودای لێبێت، بەم گوزارشتانەی خوارەوە:ـ

١ـ یەکەمینی پێغەمبەران.

٢ـ یەکەم دروستکراوی مرۆڤ.

٣ـ باوکی نەوەی مرۆڤ.

٤ـ باپیرە گەورەی مرۆڤایەتی.

---

[20]- R. carnap, meaning and Necessity (Chicago. The University of Chicago press, 1956), pp. 118-119.

٥ـ هاوسەری حەوا.

جا هەموو ئەم ئاخافتنانە لە ڕووی ئاماژەکردنەکانیانەوە، واتە (ناولێنراوەکانیانەوە) ڕێك و سازن، بەڵام لەحەواڵەکردنەکانیان و واتاکانیاندا جیاوازن.

## ١ـ٥ :ـ جیاوازی نێوان چڕیی و بەرفراوان کردن

جیاکردنەوەی نێوان (چڕیی intension) و (بەرفراوان کردن extension) بە (کارناب carnap)ەوە پەیوەستە، کە ئەویش جیاکردنەوەیەکی نزیکە لە جیاکردنەوەکەی (فریجە) کە لەنێوان ناولێنراو و واتابوو ، لەبەرئەوە (کارناب) باس لەجیاکردنەوەکەی فریجە دەکات و دەڵێ کە ئەو جیاکردنەوەی ئەو بوو کە جیاوازی لە نێوان واتا و ناولێنراوی لەمێشکدا بۆ دروست کرد، چونکە ئەو دوو زاراوەیە لەفەلسەفەی گریکی و ئیسلامیدا چەندەها سەدەیە ناسراون، مەبەستیشی لە (ناوێکە) هەروەکو لاینز دەڵێ ـ ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتە زەقانەیە کە لەسەر ئەو ناوە پراکتیزە دەبێ، وەکو وەسفەکان (ئاژەڵێکی دوو پێ و بەبێ پەڕ) کە لەسەر هەموو مرۆڤێك پراکتیزە دەبێت،کە جیاوازە دەگەڵ چەمکی (ئاژەڵی قسەکەر)دا هەیە ، بەڵام لەجیهانی دەرەکیدا ئاماژە بۆ هەمان تاکەکان دەکەن، چونکە هەموو ئاژەڵێکی دووپێ و بەبێ پەڕ) (ئاژەڵێکی قسەکەرە) ، ئیتر بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە ئەم دوو گوزارشە لەڕووی ماناو چەمکەوە جیاوازن، بەڵام لەڕووی (فراوانکردن)ەوە وەکو یەکن، واتە هاوواتان، بەو مانایەی کە ئەو تاکانەی ئەم دوو چەمکەیان لەسەر جێبەجێ دەبێت.

## ١-٦ : خاسیەتەکانی تیۆری هێما

ئەو چەمکە تیۆریانەی کە تیۆری هێما لەتوێژینەوەی هەندێك لەو لایەنە واتاییانەی ئەنجامیدا، کە سروشتێکی لۆجیکیان هەیە، بەتایبەتی هاوواتا synonymy دژواتا antonym، گرتنەوە hyponymy ، پێچەوانە inversion، لەژێربوون inclusion، ودژاودژ، دژەناکۆك و کێڵگە فەرهەنگیەکان lexical fields . جا

پەیوەندیەکانی حەواڵەکردن و پەیوەندیەکانی ناسنامە (sense)، پانتاییەکی فراوانی لە ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنانە هەبوو، جا مەبەست لە پەیوەندیەکانی حەواڵە ئەو پەیوەندیەی نێوان یەکەیەکی فەرهەنگی و ئەو شتە حەواڵەکراوانەیە لە جیهانی دەرەکیەوە، هەروەك چۆن ئاخافتنی وشەی (پیاو) بۆ ئەم گوزارشە (مرۆڤێکی باڵغ و نێر) جۆرێکە لە حەواڵەکردن، بەڵام پەیوەندیەکانی ناسنامە پەیوەندیەکانی یەکەیەکی فەرهەنگیە بە یەکەکانی دیکەی فەرهەنگیەوە، کە لە توێی زماندا بەدی دەکرێت، چونکە ئەم پەیوەندیە زۆر سوودی لەجیاکردنەوە و جیاکاری چەمکەکاندا هەیە لەگەڵ یەکدی، بۆ نموونە وشەی (پیاو) مانایەك دەگەیەنێت کە (ئافرەت) یان (منداڵ) نایگەیەنێت، بەمشێوەیە یەکە فەرهەنگیەکان چوونە بەکارهێنانی هاریکاریەکەوە بۆ بەرەو پێشبردنی ماناکە لە (ئافرەت) و (منداڵ) ەوە تا دەگاتە (پیاو)، هەروەك چۆن لەدێرزەمانەوە وتراوە (شتەکان بەهاودژەکانی خۆیان دەناسرێنەوە).

## ١-٧ : ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی تیۆری هێما دەکرێن

تیۆری هێماکان بەو شێوەیە واتا دەستنیشاندەکەن، کە شتێکی ئاماژە پێکراوە، واتە واتاکان ئەو شتانەن کە ئاماژەیان پێ دەکرێت ، بەڵام ئەم بۆچوونە سەبارەت بە واتا چەند ڕەخنەیەکی ئاراستەکرا، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١ـ گەر واتا شتێکی ئاماژەپێکراو بوایە، ئەوا ئەو درکاوە هەمەجۆرانەی کە ئاماژە بۆ یەك درکاو دەکەن (وەك ئەوانەی کە لە نموونەی پێشوودا ئاماژەیان بۆ (ئادەم) پێغەمبەر دەکرد)، لەڕووی واتاوە هاو واتان ، بەڵام ئەم شتە ڕاست نییە.

٢ـ جا گەر واتا ئاماژە پێکراو بێت ، ئەوا هەموو شتێك کە گوزارشتی ئاماژەپێکراوی لەسەر جێبەجێ ببێت، لەسەر واتاش جێبەجێ دەبێت، واتە بۆ نموونە خواردنی سێو دەبێتە خواردنی واتا.

٣ـ ئاخافتنە ڕووت و ڕەهاکان وەکو خۆشەویستی و دادپەروەری و پیت و ئامرازەکانی وەکو (لەلایەن،بەڵام) هیچ بوونێکی دەرەکیان نییە کە واتا ئاماژەیان بۆ بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر واتان.

٤ـ ناکرێ کە واتاکان بەپێی سەرچاوەکان چڕ و فرە بن، ئەویش لە جیهانی دەرەکیدا، چونکە ناکرێ واتاکان بەگوێرەی هەموو دانەکانی سێو لە جیهاندا دەستەبەربن.

## ٢- تیۆری ڕەوشتکاری

قوتابخانەی ڕەوشتکاری زمانەوانی درێژە پێدەری قوتابخانەی ڕەوشتکاریە لە زانستی دەروونناسیدا ، کە (واتسۆن)(wattson ) پێشەنگی دەکات و (بلۆمفیلد)یش (Bloomfield) کە خاوەنی پەرتووکی (زمان)ە (Language)، بە بازنەیەکی پەیوەست بوونی نێوان ئەو دوو قوتابخانەیە لەقەڵەم دەدرێت، چونکە بەگوێزەرەوەی هزری ڕەوشتکاریەکان لەبواری: زمان و پراکتیزەکردنی لەسەر توێژینەوە زمانەوانیەکاندا دادەنرێت[٢١] .

ڕەوشتکارییەکان بەوە ناسراون کە ڕەخنەی توندیان ئاراستەی عەقڵانیەکان کردووە ، جگە لەوەی کە سەرجەم ئەو توێژینەوانەیان بەکەم و کورت زانیوە کە پەیڕەوی ڕەوشتکارە دەرەکیەکان ناکەن، ئەوان لەو باوەڕەدان کە هەموو ئەو کۆششانەی کە وەسفێك یاخود شرۆڤەیەك بە چالاکیەکانی هزری مرۆڤ دەدەن ، چەند پێشبینیەکن ،کە دوورن لە ڕەوشی بابەتی و زانستیەوە، لەبەرئەوە لێرەدا هیچ شوێنگەیەك لە بواری تیۆری هێماکاندا نییە بۆ وێنەی هزری کە ناتوانرێت توێژینەوەیەکی زانستی ڕەسەن و بابەتیانەی سەبارەت ئەنجام بدرێت.

[21] : Bloomfield, language (new York: Holt, Rinehart& Winston 1933 -16 .

تیۆری ڕەوشتکاری لەسەر هەردوو چەمکی وروژێنەر stimulus و وەڵامدانەوە response کە هەردووك لە زانستی دەروونناسی ڕەوشتکاریدا ناسراون ، هەروەها وروژێنەر (یان وروژێنەری قسەکەرەکە these esker's stimulus هەروەك لەزانستی زماننناسیدا ناوزەدکراوە)، بەو ڕووداوانە دەگوترێت کە لەپێش قسەکردندا ڕوودەدەن ، پاشانیش دەبنە هۆکاری زارکردنەوەی قسەکەرەکەو ئاخافتنی ، بەڵام ئەو ڕووداوانەی کە پاش قسەکردن ڕوودەدەن، بە وەڵامدانەوەی **گوێگرەکە** ناوزەد دەکرێت the hearer response بەم شێوەیە هەڵوێستی قسەکەرەکە بەگوێرەی ئەم پێکهاتەیە دەبێت:

أـ ڕووداوە کردەییەکانی پێشووی پرۆسەی قسەکردن.

ب ـ قسەکردن.

ج ـ ڕووداوە کردەییەکان پاش قسەکردن.(٢٢)

جا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم زانیاریانە بلۆمفیلد ئەم نموونەیە پێشکەش دەکات:

أـ (جاك) و (جیل) لە چوارچێوەیەکی پەرژینداردا هاموشۆ دەکەن، (جیل) برسیەتی و سێوێك لەسەر درەختەکە دەبینێت (وروژێنەرەکە).

ب ـ چەند دەنگێك لەگەروو و زمان و هەردوو لێوی دەر دەکات (قسەکردن).

ج ـ (جاك) پەرژینەکە دەبەزێنێ و سەر درەختەکە دەکەوێ و سێوەکە لێدەکاتەوە، پاشان بۆ (جیل) دەهێنێ، دەیداتە دەستی و ئەویش دەیخوات(٢٣) (وەڵامدانەوە).

ئیتر بەمشێوەیە وتوێژەکە بەردەوام دەبێت بەشێوەیەك هەموو قسەیەك وروژێنەری وەڵامدانەوەی قسەیەکی ترە، بەجۆرە ئاخافتن یان بونیادی زمانەوانی ( linguistic form) هەروەك بلۆمفیلد ناوی لێناوە ـ دەبێتە مەسەلەیەکی گشتگیر بۆ (ئەو

[22] : Bloomfield 23: 1933-17.
[23]: Bloomfield 22: 1933-18 .

هەڵوێستەی کە تیایدا قسەکەرەکە ئەو بونیادە زمانەوانیەی تیادا دەدرکێنێ، و ئەو وەڵامدانەوەیە لەگوێی گوێگردا دروست دەکات).[٢٤]

جا هۆکاری بەکارهێنانی بلۆمفیلد بۆ زاراوەی بونیاد لەباتی واتا یان وشە بۆ چەند مەسەلەیەکی پرۆگرامی دەگەڕێتەوە کە تیۆری ڕەوشتکاری لەسەری دامەزراوە،کە لە دوورکردنەوەی مانادا بەرجەستە دەبێت لەتوێژینەوە زمانەوانیەکاندا ، ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:ـ

١ـ دژواری و سەختی مامەڵەکردن لەگەڵ واتادا، چونکە ئەم کارە پێویستی بەزانینی هەموو شتێکی جیهانی قسەکەرەکە هەیە، ئەمەش کارێکە دژوارەو هەرگیز مەیسەر نابێت.

٢ـ جیاوازی واتاکان لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، بۆ نموونە لەزمانی ئەڵمانیدا (نەهەنگ) هەر ماسی پێدەوترێت، (شەمشەمەکوێرە)ش (مشك)ی پێ دەوترێت.

٣ـ جیاوازی کەسایەتی قسەو وێژەکان، و جیاوازی لەمێژوو و ڕۆشنبیری و ئەزموونی هەریەکە لەوانە، ئەمەش مەسەلەیەکی کە پاشان مۆرکێکی کەسی و تایبەت بەماناکە دەبەخشێ، و وادەکات کە زانینی مەخسەدی قسەکەرەکە زەحمەت بێ.

٤ـ مامەڵەکردن لەگەڵ مانادا پێویستی بە هەڵێنجان (introspection) هەیە، واتە سپی کردنەوەی ماناکانی ناو دەروون و ناخی مرۆڤ، ئەوەش لە بڕواو بۆچوونی ڕەوشتکاریەکاندا پرۆگرامێکی بابەتی نییە.

## ٢-١: خەسلەتەکانی تیۆری ڕەوشتکاری

تیۆری ڕەوشتکاری ڕەدووی پرۆگرامێکی بابەتی یەکلاکەرەوە دەکەوێت ،کە وای لێ دەکات لە پراکتیزەکردنەوە نزیکی چەمکی وردی زمانەوانی بێت، کە ئێستا هەروەك

[24] - Bloomfield 139: 1933.

پێشتر بەوە پێناسە دەکرێت کە توێژینەوەیەکی کردەیی زمانە ، بەڵام ئەم پرۆگرامە بابەتیە یەکلاکەرەوەیە لەسەر توێژینەوەی گرنگی ئەم زانستە بونیاد دەنرێت، هەروەك لەم برگەیەی داهاتوودا باسی لێوە دەکەین.

## ٢-٢: ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی تیۆری ڕەوشتکاری کراون

قوتابخانە ڕەوشتکاری هەروەك بینیمان لەسەر دوورکردنەوەی واتا لە توێژینەوە زانستییەکان دامەزرێنراوە ، ئەمەش چارەسەرێك نییە بۆ گرفتی مامەڵەکردن لەگەڵ واتادا ، لەبەرئەوە ئەم هەڵوێستەیان دووچاری چەندەها ڕەخنەیانی کرد ، کە لەلایەن عەقڵانیەکانەوە ئاراستە دەکرێت ، جگە لەوانیش لایەنگرانی مامەڵەکردن لەگەڵ واتا بەهەمان شێوە ڕەخنەیان ئاراستە دەکەن ،جا ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی ڕەوشتکاریەکان دەکرێت ئەمانەن:

### ١ـ نەوام چۆمسکی Noam Chomsky

یەکێکە لەوانەی کە زۆر دژی هەڵوێستی ڕەوشتکاریەکانە ، لەو باوەڕەدایە کە گرنگی نەدان بە سیستەمە قووڵەکانی شرۆڤەی ڕەوشتکاری مرۆڤ، گوزارشتێکە لەنیازمەندیمان بۆ گرنگی دان بەتیۆرریزەکردن و شرۆڤەدان[٢٥]

چۆمسکی لەو باوەڕەدایە کە پابەندبوون بە بابەتییەوە لەخودی خۆیدا مەبەست نییە لەبەرئەوە پابەندبوون پێوەی چ سوودێکی هەیە گەر تۆزقاڵێك هۆشیاری و دەرککرنمان لەبارەیەوە نەبێ.[٢٦]

٢ـ (جون لاینز) دەڵێ (کە هیچ پەیوەست بوونێك لەنێوان وشەکان و ئەو هەڵوێستانەدا نییە ،کە تیایاندا بەکارهێنراون، تا ئەو ڕاددەیەی کە دەتوانرێ پێشبینی بەڕوودانی وشەگەلێکی

[25] Chomsky, n. aspects of the theory of syntax Cambridge (mass: the mit press, 1965), p. 193, note (1).
[26] Chomsky 20: 1965.

دیاری کراو بکەین وەك دەرەنجامێکی کـۆنترۆڵکراو هەمبـەر پێشبینیەکانیـشی والآبێـت، ئەویش لەگوزەرگای هەڵوێستەکانەوە. (٢٧)

## ٣- تیۆری بەکارهێنان

تیۆری بەکارهێنان (contextualtucory) بەزمانزانی بەریتانی (جـۆن رۆبـەرت فێرس)ەوە پەیوەستەو بەوەوە ناسراوە، ئەم تیۆرە لەسەر ئەو تێڕوانینە بەندە بـۆ واتـا بـەو وەسفەی کە (ئەرکی بەکارهێنان)(٢٨) ئەنجام دەدات، ئـەم ڕەوشـە گۆڕانکاریـەکی بنـەڕەتی لەبۆچوونەکانی سەبارەت بەمانا دورست کرد ئەویش لەپێگەی پەیوەندیە عەقڵیەکانی نێوان ڕاستەقینەکان و هێما ئاماژەکارەکانی سەری، هەروەك (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) لە سێگۆشـە واتاییـــە ناســـراوەکەی خۆیانـــدا ئاماژەیـــان پێـــداوە بـــۆ (پێکهاتەیـــەکی پەیوەندیـــە بەکارهێنانیەکان)(٢٩) ، ئەویش بەپێی گوزارشەکەی (فێرس).

بەکارهێنان لەم تیۆرەدا بە چەمکێکی فراوان بەکارهێنرا بەشێوەیەك کە بـەکارهێنانی دەنگی و داتاشراوی و ڕێزمانی و فەرهەنگیش بگرێتەوەو مانای جێی مەرامی قسەکەریش دەرناکەوێت ، تەنها بەرەچاوکردنی فەرمانە واتاییەکانی ئاخافتنە بەکارهێنراوەکان نەبێت، لەبەرئەوە (فێرس) ئەرکی کانی بۆ پێنج ئەرکی سەرەکی پۆلێنکرد ، کە واتا پێکدەهێنن:

١ـ ئەرکی دەنگی phonetic function

٢ـ ئەرکی داتاشراوی morphdogical function

---

27- - Iyons, john, language and linguistics: an introduction (Cambridge : cambrldge university press 1981) , pp: 5 – 6.

28 - c. e. bezel, j. c. cat ford. M. a. k. holiday and r. h robins (ends) in memory of j. r. firth (Longman, 1969) . p. v.

29 - j. R. firth, papers in linguistics 1934 – 1951(London: oxford university press (1957), p. 19.

٣ـ ئەرکی پێکهاتەیی syntactical function

٤ـ ئەرکی فەرهەنگی lexical function

٥ـ ئەرکی واتایی semantic function[٣٠]

جا هەر ئەرکێك لەم ئەرکانە لە بواری پرۆگرامێك دەست نیشان دەکرێت ،کە بە پرۆگرامی (جێگۆڕکێ ـ method of substitution ) ناسراوە ، جگە لەوەی کە توخمی زمانەوانی لەسەر هیچ ئاستێکی ئەم پێنج پۆلێنکراوەی پێشوو دەرناکەوێت مەگەر بەجیاکاریە بەکارهێنانەکەی نەبێت، ئەویش لەو هەمبەربوونانەی کە لەوانەیە بکەونە شوێنگەی بەکارهێنانەکانی خۆیان، ئینجا ئەگەر جێگۆڕکێیەکی بەکارهێنانی بۆ ئەو توخمە زمانەوانیە لەئارادا نەبێت ،ئەوا ئیتر خاوەنی هیچ مانایەك نابێت، دەشتوانین ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بەم مەسەلەیە بخەینەڕوو کە لە توێژینەوە کەلتوورییە عەرەبیەکاندا بەنموونەی بەدووکەوتن ناسراوە.

لەم حاڵەتەدا وشەی دووەم لەتوێی هەردوو وشەکەی بەدووکەوتندا هیچ مانایەکی ئەوتۆی نابێت، چونکە بوونی ئەم وشەیە لەبەکارهێناندا چڕدەبێتەوە، و هیچ ئەلتەرناتیڤێکیش نییە کە جێی بگرێتەوە.

وشەی (بسن) لەم نموونەیەدا کە نمرەی (١)ی پێ بەخشراوە هیچ مانایەکی نییە، ئەویش لەبەرئەوەی کە ئەرکێکی بەکارهێنانی ئەدا ناکات، چونکە ئەرك دەبێ ئەلتەرناتیفێکی شیمانەکراوی وشەگەلی دی بێت، کە لێرەدا هیچ وشەیەك لەباتی نییە، لەبەرئەوە هیچ مانایەکی نییە.

١ـ ئەمە باشە (بسن) ، بەڵام لە (٢)دا هەر توخمێك مانای هەیە چونکە وشەی دی لەباتی هەیە کە لەهەمان بەکارهێناندا بەکاربهێنرێ، لەسەر ئاستی فەرهەنگیش وشەی (ئەو

[30] - firth 26: 1957 – 7.

ئافرەتە ئامادەبوو) جێگۆڕکێیەکی تەواوی بەرامبەرەکانی دی شیمانەکراوی وەکو: نـەهات ،بەسەرکەوت ،کەوت... هتد. دەستەبەر دەکات، هەروەها وشەی (١٠) بووە ئەلتەرناتیڤی (٩) و (٨) و (١١) هتد.

وشـەی مامۆسـتا ئافرەتـەکان: ئەلتـەرناتیڤی (قوتابییـە کـچەکان) (فەرمانبـەرە ئافرەتەکان)ە... هتد. ئەویش لەسەر ئاستی داتاشراویدا، کە وشەی (ئامادەبوو) بەشێوازی (کردی ـ **کار**) بەکارهێنرا لەباتی ئەوەی کە بەشێوازی (یفعل) (افعل) (فاعل) (مفعول)... هتد. بەکاربهێنرێت، ئـەویش بـۆ ئامـاژەکردن بـە (**فعـل ماضـی**) و شـێوەی (مامۆسـتا ئافرەتەکان) بەشێوازی (اسم الفاعـل) لـەباتی هـەر شـێوازێکی دی، کـە شـیمانەی واتـا بەخشینی (اسم الفاعل) ی هەبێ، پاشـان (ات) لـەباتی (یـن) وەکـو واتایـەك هێنـرا بـۆ واتابەخشینی (**جمع المؤنث السالم**).

**٢ـ** (دە مامۆستای ئافرەت ئامادەبوون)

کاتێك کە ڕستەیەك لەشوێنگەو پێگەیـەکی گوتاربێـژی دیـاریکراودا بـەکاردەهێنرێت، ئەوساتە وەختە ئەرکە واتاییەکەی جێبەجێ دەبێت، ئـەو پێگەیـەش لەوانەیـە گۆڕانکـاری بەسـەردابێت یـان وەك ئـەوەی کـە (مالینوفـسکی Malinowski) بەبـەکارهێنانی هەڵوێست ناوزەدی کردووە، (context of situation) گۆڕانکاریەکەش لەڕووی ئـەو مانایەوە بێت کە بۆی دانراوە، بۆ مانایەکی تر، وەك ئەوەی کە لەمانای (گـوزارە) ەوە بـۆ (فەرمانـدان) دەری بێنێـت یـان بیگۆڕێـت بـۆ (پـرسـیارکردن)،هـەروەها (جیڤـری ئیلـز Jeffrey Ellis) جیاوازیـــەکی خـــستە نێـــوان بەکارهێنانـــە هەنووکەییـــەکان instinctual context یان کردەییەکان (actual) و مانای ئەو بەکارهێنانانەی کە شیما نەکراون یان لەناویدا هەن (potential) جا ماناگەلی بەکارهێنانە هەنوکەییـەکان دەزانرێت و دەرکی پێ دەکرێت ، ئەویش لەنموونەیەکی تایبەت و شـوێنگەیەکی تایبـەت و لـە دەقێکـی تایبـەت و لـە پێگەیـەکی دیـاری کـراودا، هەرچـی مانـای بـەکارهێنانی

گریمانەکراویشە هەموو ئەو مانا بەکارهێنانیە شیمانەکراوانەی یەکە زمانەوانیەکەن، لەکاتێکدا کە لەو دەقانەی کە لەناویدان ڕووت و ڕەها دەکرێن [٣١] ، لەهەمان کاتیشدا مانا بەکارهێنانە ڕووتەکان بەڕستەوە پەیوەستن مانا بەکارهێنانیە شیمانەکراوەکان یان لەناو کرۆك و ناخەکانی ناو وتەکانن، گەر ئەو بەکارهێنانانە لەشوێنگەیەکی گوتاری دیاری کراودا پراکتیزەببێت، ئەوا ئیتر دەرەنجامەکەی دەبێتە وتەیەکی کردەیی.

هەروەها (هالیدای) پەیوەندیە بەکارهێنانیەکان دەکاتە دوو بەشی پەیوەندیە ناوخۆییەکانی توخمە زمانەوانیەکان لەنێوان یەکدیدا، و پەیوەندیە دەرەکیەکان کە توخمە زمانەوانیەکان بەو شتانەوە دەلکێنن کە ئەو واتایانەی دەرەوە ئاماژەی بۆ دەکەن.

ئەو لەو باوەڕەدایە کە هەموو یەکە زمانەوانیەکان بەیەکەوە پەیوەستن یان لەهەمبەر بوونەوە داخراوەکاندا (closed contrasts)، ئەویش گەر لەو توخمە ڕێسایانە بن هەروەکو هەمبەر بوونەوەکانی نێوان (ڕابردوو) و (ڕانەبردوو)یان لەهەمبەر بوونەوە والآکاندا (open contrasts) ئەویش گەر لەتوخمە فەرهەنگیەکانی بن هەروەك چۆن لەنێوان (ئافرەتە مامۆستاکان) و (ئافرەتە قوتابیەکاندا) لەو نموونەیەی پێشوو بەدی دەکرا.[٣٢]

## ٣-٢: هاوڕێیەتی

جا لەبەرئەوەی کە تیۆری بەکارهێنان گرنگی پەیوەندیە دەرەکیەکانی کەمکردەوە، واتە پەیوەندی توخمە زمانەوانیەکان بەو شتانەی کە بۆی حەواڵە دەکرێن یان ئاماژەی بۆ دەکەن لەدەرەوەدا، جۆرە گرنگیەك درا بەپەیوەندیە ناوخۆییەکان، ئەم گرنگی دانەش لەوەدا

[31] - see: j. Ellis, on contextual meaning in bezel and other sleds in memory of j. R. firth, (Longman, 1979), p. 81.

[32] - see: M.A. k. Holiday, lexis as linguistic level in bezel and others (ends) in memory of j. r. firth, (Longman, 1979), p. 160.

بەشێوەیەکی ڕوون بەرجەستەبوو کە (فیرس) ناوی لێنا هاوڕێیەتی (collocation) ، ئەویش مانای پەیوەست بوونی ئاسایی وشەیەکە لەزمانێکدا بەچەند وشەیەکی دی دیاری کراو لە ڕستەکانی سەر بەو زمانە.(٣٣)

گرنگی هاوڕێیەتی لەوەدا بەرجەستە دەبێت ،کە وشەی (ئازا) بۆ نموونە بە هاوڕێیەتی (پیاو) دەردەکەوێت، و هەندێك لەماناکانی وشەی (پیاو) بەهاوڕێیەتی وشەی (ئازا) دەردەکەوێت، بەم شێوەیە زاراوەی هاوڕێ بوون (collocation) دەبێتە هاوواتای زاراوەیەکی فەرهەنگی(٣٤) ـ هەروەك لاینز دەڵێت :کە لەهزری زۆر کەسدا بەو واتایەوە پەیوەستە کە وشەکە لەدەرەوەی چێوەی زماندا ئاماژەی بۆ دەکات.

## ٣-٢: بەکارهێنانی هەڵوێست

(فیرس) لەو باوەڕەدایە کە بەکارهێنانی هەڵوێست زاراوەیەکی فراوانەو تەنها لەبەکارهێنانە زمانەوانیەکاندا بەدی ناکرێت بەڵکو بەکارهێنانە ڕۆشنبیریەکان و وتاری قسەکەرەکان و ناقسەکەرەکان و کردارەکانیان و هەموو شتە پەیوەندداره‌کانی و وتە بەکارهێنراوەکان و کاریگەری ڕووداوی زمانەوانیش دەگرێتەوە.

هەروەها (جیڤری ئیلز) لەو باوەڕەدایە کە چەمکی بەکارهێنانی هەڵوێست لەگرنگترینی ئەو دەسکەوتانە بوو کە (فیرس) لەتیۆرە بەکارهێنانیەکەیدا پێشنیازی کردووە. (٣٥)

جا گەر تیۆری (فیرس) پشت بە پراکتیزە بەکارهێنانیەك بەدوای یەکەکان و لەسەر ئاستە زمانەوانیە هەمە جۆرەکاندا دەبەستی و لەبەکارهێنانی دەنگی و داتاشراوی و

---

33 - R. H. Robins, central Linguistics: an introductory survey and end, (London: Longman, (1978) p. 63

34 - j. Lyons, firth's theory of meaning.. In betel and others (ends) in memory of j. R. firth, (hangman 1979) p. 195.

35 - Ellis 79: 1979.

ڕێزمانی و فەرهەنگیەوە تا دەگاتە بـەکارهێنانی واتـایی، بـەڵام بـەکارهێنانی هەڵوێـست فاکتەری دواهەمینە و یەکلاکەرەوەی کێشەکەیە لەڕووی ماناوە.

### ٣-٣: خاسیەتەکانی تیۆری بەکارهێنان

گرنگترین خاسەتەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە تیۆرێکی لادەر نییە لە بونیادی زمـان و بـەکارهێنانی ڕۆشـنبیری دەوروبـەری پرۆگرامـە بەکارهێنانیەکـەش دەرفـەتی والآکردنـی ڕێچکەی بۆ ڕەخساند ، کە سەرقاڵبوانی زمان گرنگی بەتوخمە زمانەوانیەکان بدەن و ئـاوڕ لەو لایەنانـە بـدەن کـە دەچـنە ژێـر ڕکێفیـەوە لـەباتی گرنگـی نـەدانیان بـە پەیوەندیـە دەروونیەکانی نێوان زمان و هزرو دەرەوە یان گرنگی دان بەکردە دەروونیەکانی ناو مێشك. بەهەمان شێوە گرنگـی دان بـە بـەکارهێنان و ڕەچـاوکردنی خەسـڵەتە چـێنراوەکانی نـاو سروشتی زمان دەگەیەنێت، کە ئەویش ئادگارێکی کەڵەکەبووە، و لەتوخمە زمانەوانیـەکان پێك هاتووە ، چونکە لەم حاڵەتەدا دەرفەتێك بۆ زماننـاسـان دەرەخـسێت کـە لـە ڕێگـەی گرنگی ئەم ئادگارەوە لایەنە پراکتیزەکراوەکانی کە ئەو ڕۆڵە واژی ببێت کە پەیاپەی بوونی توخمە زمانەوانیەکان ئەدای دەکات، و یەکانگیرو ئاوێتەش بن لەهەردوو کردەی تێگەیـشتن و تێگەیاندن ،کە زۆر پێویستن بۆ کردەی وتوێژی زمانەوانی.

هەروەها لەتوێی جیاکاریەکانی ئەم تیۆرە جەختکردنیەتی لەسەر لایەنە ئەرکییەکانی زمان، کە زۆر بەگرنگی دادەنرێت ، ئەویش لەبەرئـەوەی کـە ئەرکـە زمانەوانیـەکانن کـە زمانی مرۆیی بۆیان داهێنراوە ، بەو وەسفەی کە گرنگترین ئامرازەکانی تێگەیاندنە.

### ٣ - ٤: ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی تیۆری بەکارهێنان دەکرێن

پشت بەستنی ئەم تیۆرە بە بەکارهێنان وای لێ کرد ، کە مەیلی ڕۆچـوونی لـە بـواری ڕۆڵی بەکارهێناندا هەبێ، ئەویش لەدروست کردنی واتادا ، تا ئەو ئاسـتەی کـە فـەرمانی حەواڵەکردنی لاپەراوێزبێ.

جگـە لـە ئەركـە هێماییـەكانی وشـەكان بەهـەمان شـێوە پـەراوێز دەبـن، ڕسـتە زمانەوانیەكانیش كاتێك كە لەحیـساباتی خۆیانـدا حەواڵەكردنـەكانی وێنـە هزریـەكانیان لابرد، و ئەو ئاماژانەی ڕاستەقینە دەرەكیەكانیان پەراوێز خست ، ئـەویش لەسـەر ئاسـتی وشەكان، هەروەك چۆن ڕێژە دەرەكییـەكان و ئـەو بەمـەرج گرتنانـەی ڕاسـتی و دروسـتی ڕستەیان پەراوێز خست كە لە توێژینەوەی پەیوەندیەكانی نێوان وتە فەرهەنگیەكان و ڕستە زمانەوانیەكاندا گرنگیان بەدەردەكەوێت، بەهەمان شێوەش لەنێوان ڕسـتە زمانەوانیـەكانی وەكو هاوواتاكان و گرتنەوە و پێچەوانەو هاودژو دژواتا... هتد. ڕوویاندا.

جا لەباتی ئەوەی كە ئەم تیۆرە ڕۆڵی بەكارهێنان لە تەوزیمە باشـترەكەدا ببینێـت كـە لەدەست نیشانكردنی واتا مەبەستەكەدا دەردەكەوێت و واتا مەبەستەكان لابەرێت، دەبینین كە بەكارهێنانەكە دەكاتە سەرچاوەیەك بۆ هەڵگۆزینی واتا لەتوخمە زمانەوانیـەكانی وشـە وەك ئەو ئاوە نییە كە ڕەنگی ئەو دەفرە وەربگرێـت كـە تیایدایـە، بـەڵكو وەكـو ئـاژەڵی **(الحرباء)** وایە كە ڕەنگی شوێنەكە وەردەگرێت، واتە وشە وەكو **(الحرباء)** وایە، كە توانای تایبەتی هەیە، و لەهەر شوێنێكدا جۆرێك لـەو توانایانـەی دەردەكـەون، واتـە تواناكـانی بەگوێرەی ئەو كاریگەریانەن كە لەدەرەوە فشار دەكەنە سەری.[٣٦]

## ٤ـ تیۆری كێڵگە واتاییەكان

مەبەست لە كێڵگـەی واتـایی (semantic field) كۆمەڵـە وشـەیەكی نزیكـی یەكدین ، ئەویش لەڕووی ماناوە كە خـاڵی هاوبـەش لەنێوانیانـدا هەیـە، تیـۆری كێڵگـە واتاییـەكان (theory of semantic fields) گرنگـی بـە ئاوێتـەكردنی یەكـە فەرهەنگیە هاوبەشەكان دەكـات ئـەویش لەپێكهاتـە واتاییەكانیـدا و لـەناو بۆتـەی یـەك

[36] - **محمد محمد یونس علی، وصف اللغه العربیه، دراسه حول المعنی وظلال (گرابلس: منشورات جامعه الفاتح، ١٩٩٣ ) ص ١٠٥ ـ٦.**

کێڵگەی واتاییدا، وەکو: سەوز، سوور، شین، ڕەش... هتد. کە لەبواری ڕەنگەکاندا هاوبەشن ، هەروەها وەکو: باوك دایك و باپیرو داپیرو کوڕو کچ و براو خوشك. ...هتد. کە لەبواری خزمایەتیدا هاوبەشن.

خاسیەتەکانی ئەم تیۆرەش لەوەدایە کە پراکتیزەکردنی لەبوارەکانی فەرهەنگ و (ڕەخنەی ئەدەبی) و (لۆجیك)دا هەیە.

### ٥: تیۆری شیتەڵکاری پێکهاتەیی واتا

تیۆری شیتەڵکاری پێکهاتەیی واتا **Theory of componential analysis of meaning**

گرنگی بە دابەش کردنی یەکە فەرهەنگیەکان دەدات ، بۆ پێکهاتە سەرەکیەکانی خۆیان (تایبەتمەندیەکانی - یان کۆڵەکەو بنەماکانی) پێکهاتەکانی مرۆڤ ، بۆ نموونە ئەمانەن (+ ئاژەل + عاقڵ)، پێکهاتەکانی پیاو ئەمانەن (+ ئاژەڵ + عاقڵ + نێر + باڵغ)، پێکهاتەکانی ژن (ئاژەڵ + عاقڵ + مێ + باڵغ).

سوودەکانی ئەم تیۆرە لەوەدایە کە یارمەتیمان دەدات بۆ گەیشتن بەدەستنیشانکردنی جۆری پەیوەندیەکانی نێوان مانای یەکە فەرهەنگیەکان (کە ئایا هاوواتایە - یان گرتنەوە یان لەناوەڕۆك گرتنە) یان پەیوەندیەکانی مانا بە شێوازێکی وردو زانستی لێبکۆلرێتەوە ، هەروەها دەبینین کە پراکتیزەکاری لە بواری ڕێزمان و ئاماژەدا هەیە.

### ٦: تیۆری کارەکانی ئاخاوتن

تیۆری کارەکانی ئاخاوتن بۆ (ئۆستن J. L. awtin) دەگەڕێتەوە، و سەرجەم ئەو وانانەی کە لەزانکۆی (هارفارد) ساڵی (١٩٥٥) وتراونەتەوە لەپەرتوکێکدا کۆکراونەتەوەو بەناوی (شتەکان چی لە وشەکان دەکەن) پاشان (جۆن سیرل John Searle) و براگماتیکەکانی دیش لەساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا هەستان بە پێشڤەبردنی ئەم تیۆرە.

تیۆری کارەکانی ئاخاوتن (Theory of speech acts) وادەڕوانێتە زمان کە ئەداکردنی چەند کاروبارێکە لەیەك کاتدا، وتەش یەکێکە لەکاروبارەکان، جا کاتێك کە قسەکەر قسەدەکات ئەوا هەواڵێکت پێ دەگەیەنێت، یان لێدوانێکت دەداتێ، یان فەرمانێك دەردەکات یان دەست لەشتێك دەدات یان مەلەوان دەکات، یان زەم دەکات یان ستایش دەکات یان گرێبەستێکی بازرگانی مۆر دەکات یان ژن دەهێنێت یان تەڵاق دەدات...هتد.

تیۆری کارەکانی ئاخاوتن وا دەڕوانێتە کردەی وتوێژ کە قسەکردنێکە بەهەڵوێستێکەوە پەیوەستە کە گوزارشتی لێ دەکات و داواکردن گوزارشت لەئارەزوویەك دەکات، ستایش کردن گوزارشت لەڕەزامەندی دەکات، سوپاس گوزارشت لەسوپاسگوزاری دەکات، پۆزش گوزارشت لەپەشیمان بوونەوە دەکات و سەرکەوتنی ووتوێژیش بەپێی ئەم تیۆرە بەدۆزینەوەی وەرگرەکە بۆ ئەو هەڵوێستە گوزارش کراوە لە ڕێگەی قسەکەرەکەوە دەپێورێ.

ئۆستن کارەکانی ئاخاوتن دەکاتە سێ بەشەوە:ـ

أـ کاری ئاخافتن (lectionary act) ، مەبەست لەم زاراوەیە کردەی درکاندنە بۆ ڕستەی مانا بەخشی کە لەگەڵ ڕێزمانی زماندا یەك بگرێت.

ب ـ کاری نادرکاو illocutionary act ، مەبەست لەم زاراوەیە ئەو ڕووداوەیە کە ئاخافتکار لەتوێی ڕستەدامەبەستێتی وەك فەرمان و ئامۆژگاری.

ج ـ کاری وەرگێڕاو لەدرکاندنەوە elocutionary act ئەم زاراوەیەش مانای ئەو کاریگەریە دەبەخشێت کە ڕووداوی زمانەوانی لەوەرگردا دروست دەکات ، وەکو ملکەچ بوون بۆ فەرمانەکان، یان قەناعەت هێنان بەئامۆژگاری، یان باوەڕکردن بەئاخافتنەکان یان باوەڕپێنەکردنی .

جا ئەم تیۆرە سەرنجی زۆر کەسی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە زمان تەنها بۆ هەواڵدان و گواستنەوەی بیرو هزرەکان نییە، بەڵکو وەزیفەی کاریگەری کۆمەڵایەتیش بەهەمان شێوە ئەدا دەکات ، ئەویش لە ڕێگەی شێوازی گرێبەستەکان (یان شێوازی دانانی) بەشێوەیەکی گشتیش شێوازەکان دەکرێنە دوو بەشەوە:

**شێوازی بڕیارەکان و شێوازی دەسکەوتەکان:**

واباشترە کە ناوبژیوانان ڕێساکان و بڕیارەکانیان وەربگیرێت، هەروەها ئەوی دی شێوازی گرێبەستیەکانە، وەکو ئەوەی کە بەژنەکەی خۆی بڵێیت (تەڵاقتم دا) یان تۆ (تەڵاقدرای) یان بۆ هاوسەرگیری یەکێك بڵێیت (قبوڵم کرد) یان بۆ فرۆشیار بڵێیت (فرۆشتم) وە بۆ کڕیاریش بڵێیت (کڕیم) ، هەروەها بڕیارەکانی دامەزراندن و، یان درکاندنی بڕیاری زیندانی، ئەم شێوازانە سەرناگرێت و جێبەجێ ناکرێت ، مەگەر لەلایەن قسەکەرێکەوە بۆ گوێگرێك لەشوێنکاتێکی دیاری کراودا دەربچێت.

هەروەها تیۆری کارەکانی ئاخاوتن گرنگی بە پۆلێنکردنی ڕووداوەکانی ئاخافوتن دەکات و دەیکاتە چەند جۆرێك وەکو جیاوازی نێوان کارەکانی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ و دانراوی و گفتوگۆیی و پیتی و ناپیتی و توێژینەوەی ڕێچکەکانی بەسەر کەواندنی ئەو کارانە ویان نشوست هێنانیان و گۆڕینی مانای ڕستەکان ، ئەویش بەپێی بەکارهێنانەکان وەك گۆڕینی هەواڵ بۆ هۆنینەوەی پەخشان.(٣٧)

37 – بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ:

- J.L. Austin, how to do thing with words (cambridge, mass: Harvard university press, 1962).
- Searle, j. (1969) speech acts: an essay in the philosophy of language,
Cambridge,eng: Cambridge university press.

هەروەها لەو تاقیکردنەوانەی کە (ئۆستن) داینا ، ئەویش بۆ جیاکردنەوەی نێوان ڕستە وەسفسازەکان (یان ڕستەی هەواڵگەیاندن) و (ڕستە پەخشانیەکان) ئەوەیە کە قسەکەر دەڵێ (١) بۆ نموونە( سلفی ئۆتۆمبێلەکە ناجولێنێت)، بەڵام کە دەڵێ (٢) ئەوا پەیمان دەدا . و دەشڵێ (٣) ئەوا سوپاسی دەکات... هتد.

١ـ سلفی ئوتومبێلەکە ئیش پێبکە.

٢ـ پەیمانت دەدەمێ جارێکی دی سەردانت بکەم.

٣ـ سوپاست دەکەم بۆ ئەم میوانداریەت.

لەتایبەتمەندیەکانی دیکەی شێوازی گرێبەستیەکان ئەوەیە کە (جێناوی) کاری سەرەکی تیایاندا، یان ئەو شتانەی کە لەباتیان بەکارەکان هەڵدەستن، (جێناوی قسەکەر)ن، هەرچەندە چەند نموونەیەك هەن کە لەم ڕێسایە بەدەرن، هەروەك لە (٤) داهاتووە:

٤ـ تۆ تەڵاقدرایت

لەو پۆلێنکردنانەی کە تیۆری کاری ئاخافتن هێنایەکایەوە، جیاکردنەوەی سێینەیە لە نێوان:ـ

أـ ڕستەی هەواڵگەیاندن (Declarative sentences) کە بۆ ئاشکراکردن و لێدوانەکان و سکاڵاکان و گێڕانەوەی چیرۆك... هتد. بەکاردێن.

ب ـ پرسیارکردن (interrogative) کە بۆ داواکردنی وەڵامی درکاوی لەگوێگرەوە بەکاردێت.

- Strawson ,p. F. , intention and convention in speech acts, philosophical Review (1964) 73: 43 – 60.
Tsohatzidis, S. L. , ed, foundations of Speech Act Theory: philosophical and Linguistic perspectives,London;Routledge. (1994).

ج ـ داواکردن کە ئاماژەیە کە بۆ حەزی قسەکەر لە کاریگەربوون لەسەر کارەکانی داهاتوو، داواکردن بەکاردەهێنرێن، دەرکردنی فەرمانەکان و پێشنیازەکان... هتد.(٣٨)

## ٧- تیۆری دانراوی لۆجیکی لەمانادا

ڕوانگەی ئەم تیۆرە بۆ مانا چ مانای تاك و چ پێکهاتە بەدرێژەدەری زانیاری هزرە پێشووەکانی خۆی هەژمار دەکرێت.

جا (مۆریس شیلیك) و (نیۆرس) و (هامبل) و کارناب و وایزمن بە پێشەنگانی ئەم تیۆرە هەژمار دەکرێن، هەروەها تیۆری (شیلیك) بە تایبەت بەتیۆری ئەزموونی مانا ناوزەد کرا، ئەویش لە دەسپێکی ئەو بۆچوونەوە کە مانای مەسەلەیەك ئەوا ڕێچکەی پراکتیزەکردنیەتی، ئەویش بەدەستەبەربوونی مەرجەکانی ئەم پراکتیکارییە، (واتە: جێبەجێبوونی مانا بۆسەر واقیعە پراکتیکیەکە، کە ئەویش ئاماژەیەکە بۆ ڕاستی و دروستی دۆزەکە) ، بەم شێوەیە ئیتر دۆزەکە ڕاستگۆ دەبێت، ئەم زانایە سێ پێوانە دادەنێت کە وای دەبینێ نیشانکەری مانای وشەکەیە، کە ئەویش: ئاماژەیەکە بۆ ناولێنراوە دیاریکراوەکەی جیهانی دەرەکی و هاوکوفی و هاوواتایی ، ئەم پێوانەیەش ئەو وشانەی پێوە تایبەتمەندە کە بە هەڵگرێکی ئەزموونگەری هەژمار‌دەکرێت، وەکو (چوارگۆشە) و (درەخت) و هەرچی پێوانەی سێیەمە، بەکارهێنانێکە لەتوێی بەکارهێنانێکی دیاریکراودا، ئەم پێوانەیەش گرنگی بەو وشانە دەدات کە بەهەڵگری ئەزموونگەری هەژمار ناکرێت وەکو ئامرازەکان و (ئاوەڵکارەکان) یان ئەوەی کە پێکهاتەییەکان بەجۆرە داخراوەکان ناوزەدیان کردووە.

لێرەدا ئاماژە بۆ (نیۆرس) و (هامبل) دەکەین ، کە لە بۆچوونەکانیاندا لەگەڵ (شیلیك) جیاوازیەکیان هەبوو ، ئەویش لەبواری بۆچوونی ئەم زانایە لە تێڕوانینی بۆ ئەو واقیعە

---

[38] - Sadock and Zincky (1985:160)

ئەزموونگەرییەی کە دەیکاتە دەسپێك بۆ گەیشتن بە مانا، هەردوولا (نیۆرس) و (هامبل) لەو باوەڕەدان کە ئەم دەستنیشانکردنە پێویستە لە پڕۆتۆکۆلێکەوە دەست پێبکات، واتە لە تۆمارکردنێکی ووردی ئەو سەختیانەی کە قسەکەرەکە لە بواری پەیداکردنی شارەزاییدا بینیویەتی، لەم بەکارهێنانەدا بەمەرج گیراوەکە ئەداکردنە زمانەوانیەکان (جێناوی قسەکەر) بەکاربهێنن ، هەروەها دوای پێکهاتە درکاوەکان دەکەون ، ئەویش بەپێی رێکسازبوونی لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو پرۆتۆکۆڵەی کە پێشوەخت ڕاستگۆیەکەیمان قبوڵ کرد.

## ٨- تیۆری پراگماتیکی

ئەم تیۆرە لەگەڵ تیۆری بەکارهێنان لەبوارێکی گرنگدا یەك دەگرێتەوە، ئەویش پشت بەستنە بەتێبینی هەستیاری ڕاستەوخۆ، و لەواقعی بەکارهێنانی ئەزموونگەریدا ماناکەی پراکتیزە دەکات، ئەم تیۆرە پێی وایە کە وێناکردنی ئێمە بۆ شتێك لە وێناکردنمان بۆ ئاسەوارە کردەییەکانی پێك دێت، چونکە مۆرکی ئەرك ئامێزی شتێك خۆی ئەو بۆچوونەی کە پەیڕەوی دەکەین، دەست نیشانی دەکات، بۆ نموونە مانای (کارەبا) ئەو شتەیە کە دەیکات و پێی هەڵدەستێت نەك ئەوەی کە تەزوویەکی نەبینراوە لەوایەرێکی کارەبادا، جا گرنگترین ناودارانی ئەم تیۆرە (چارلس پیرس)ە ، کە زۆر گرنگی بەمەسەلەی چەسپاندنی هاوکێشەی مادی شتەکانی داوە ئەویش بۆ ئەوەی ماناکەی پراکتیزە ببێت، هەرچەندە کارەبا بینراو نییە، ئێمە ناتوانین بڵێین کە بوونی نییە، بەڵکو پێویستە بڕوانینە ئەو ئاسەوارو شوێنەوارانەی کە بەجێی دەهێڵێت، لەبەرئەوە ئەو بۆچوونانەی کە شوێنەوار بەجێناهێڵێت ، هیچ مانایەکیان نییە، جا لێرەوە دەتوانین بڵێین کە (پیرس) یەکێکە لە گرنگترین ئەو بیرمەندانەی کە واتاسازییان دامەزراندووە یان (signi fics) بۆیە پاشانیش کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ئەو کۆششانەی کە لەبواری هێماسازیدا خرانەگەڕ، وەکو کۆششەکانی (ڕۆمان یاکوبسن) و (چارلس مۆریس).

لەوانە گرنگترین شتێك كە ئەم تیۆرە ڕوونی كردبێتەوە ، ئەو پەیوەندیە پەیوەستدارەی نێوان هێما و ئاماژەكان لەلایەك و ئەو وەرگرو بۆ نێردراوەیە لەلایەكی دیكەوە، لەوانەیە هێما ڕەمزێك بێت یان وشەیەك كە ئاماژە بۆ مانایەك دەكات و هێمای بۆ دەكات، یان پیتێكی نووسراو كە ئاماژە بە فۆنیمی دەنگی دەكات یان ڕستەیەك ئاماژە بۆ بیرۆكەیەك دەكات. لەوانەشە هێماسازی بێت ، واتە ڕەمزێكی گوزارشت لێكراو كە ئاماژە بەخودی خۆی بۆ ئەو شتە ڕەمز لێكراوە بكات، واتە هیچ ڕەمزێكی هەرەمەكی نییە، بەڵكو پەیوەندیەكی هۆكارانە لەنێوانی و لەنێوان ئەو شتەدا هەیە كە ئاماژەی بۆ دەكات) یان هاوەڵەكەی ، كە ئەویش ئەو كۆمەڵە پەیوەندیانەن كە مانا تایبەتەكان بەیەكەوە دەبەستێتەوە تاكو لەكاتی پێكهاوردنیاندا بەكەڵكی مانا مەبەستەكە بێن ، وەكو پەیوەندی (ئاماژە) و (تایبەت كردن) و (ڕێژە) و ، ئەم پەیوەندیانەش یاوەربوونی مەعنەوین، سەرباری ئەو باوەڕبوونە زمانەوانیانەی كە دەنگسازی و داتاشین پێشكەشی بەزانستی ڕێزمان دەكەن لەڕووی یاوەربوونە دەنگیەكان یان داتاشراوایەكان، وەكو (جوولەكان) و پیتەكان و بونیادەكانی دابەشكردن و بونیادەكانی داتاشین ، واتە یاوەربوونە دركاویەكان ئەوەی كە لێرەدا دەمانەوێ ئاماژەی بۆ بكەین، لەكاتی باسكردنی هێمادا جوداكردنەوەی ئەم توخمانەیە ، كە زۆر توندنییە، لەوانەیە هێماكە خۆی لەكاتی كردەی پەیوەست بوون هێمایەك بێ یان یاوەرێك بێت، بۆ نموونە (دووكەڵ) لەوانەیە هێمایەك یان یاوەرێكی سروشتی بێت كە ئاماژە بۆ ئاگر بكات، یان ئاماژەیەك بێت خەتەرناكیەك یان مەترسیەك یان لەوانەیە ڕەمزێكی گەیاندن بێت، هەروەك لەلای هیندیە سوورەكان هەبوو[٣٩] .

[39]- منقور عبدالجليل، علم الدلالة ، **اصوله** و مباحثه في التراث العربي ، انترنيت .

## ٩- تیۆری مۆر

ئەم تیۆرە بە ناوی (جۆرج مۆر)ەوە ناولێنراوە ، کە بڕوای وابوو کە وێناکردنی مانای وشەیەك یان پێکهاتەیەك لە ڕێگەی ئیجرائاتێکی شیتەڵکارییەوە ڕەو دەکات، کە لەسەر دوو پایەی دابەشکردن و جیاکارییەوە دادەمەزرێت. ئەویش لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەرسێ پێوانەکە: (هاوکوف بوونی لۆجیکی، وەرگێڕان، هاوواتابوون) ، دابەشکردن لە ڕوانگەی ئەم زانایە بریتببە لە شیتەڵکاری وێنەکانی مانا بۆ پێکهاتەکانی خۆی، واتە وێناکردنی مانا لە وێناکردنە کەرتییەکان پێکهاتووە، ئەمەش وا دەکات کە ئەم تیۆرە لەداهێنەرانی تیۆری شیتەڵکاری پێشوو نزیك ببێتەوە ، چونکە ئەوان پێیان وایە کە دابەشکردنی مانای وشەکان بۆسەر پێکهاتە ئادگاریە واتاییەکانی خۆی زۆر پێویستە.

هەروەها جیاکاری لەلای ئەو لە بەکارهێنانی وشەکە بە بەکارهێنانە زمانەوانیەکەیدا پەیوەستە ، ئەویش بەژماردنی کۆمەڵی ئەو بەکارهێنراوە ڕەخساوانەی ئەو وشەیەی کە وێنای ئەو مانایە هەڵدەگرێت، کە مەبەستمانە بیدۆزینەوە، لەگەڵ کۆکردنەوەی ئەو تایبەتمەندیە هاوبەشانەی کە لەو مانایە جیایان دەکاتەوە کە بەدوایدا دەگەڕێین ، جا چ بۆ وشەیەك یان بۆ پێکهاتەکە بێت، گەر ئەم شتە دروست ببێ ئەوکاتە وێنای ماناکە لەوێناکانی دی جودا دەبێتەوە.[٤٠]

جا ئامانجی پێوانەکانی شیتەڵکاری دروست ، دۆزینەوەی هاوکێشەی واتایی مانایە، پێوانەی هاوکوفی لۆجیکی لەڕووی ئەم تیۆرەوە مانای شیتەڵکارییەکی نزیکی وێنای ئەو مانایەیە کە دەمانەوێ توێژینەوەی دەربارەی سازبدەین، ئەویش بۆ کۆمەڵی ئەو وێنایانەی کە هاوکوفی ئەون بۆ توێژینەوەی ڕاست و دروستی ماناکە.

---

40- هەمان سەرچاوە .

هەروەها ئەم تیۆرە گرنگی بەپێوانەی وەرگێڕان و گواستنەوە نادات لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، بەلاّم مانای وەرگێڕان لەبۆچونێکەوە بۆ بۆچونێکی دی دەگەیەنێ ،کە لەگەڵێدا بگاتە ئاستی هاوکوفی، کە دەرەنجام ماناکەی یەك ئاست دەبێ بۆ شیتەڵکاری و بۆ بابەتەکەی، کە دەتوانین لە هاوواتا ناوزەدی بکەین، واتە وەرگێڕان بەم بۆچوونە بۆ هاوکوفی بوون پەلکێشمان دەکات ،کە دەرەنجامیش بەرەو هاوواتایی ڕێچکە دەکات.

## ١٠- تیۆری کواین

ئەم ناولێنانە بۆ ناوی ئەو زانایە دەگەڕێتەوە ، کە بیروڕاکانی ئەم تیۆرەی بلاّوکردەوە، ئەو زانایە پێی وابوو کە وێناکردنی مانا هاوردنی بۆچوونی دیکەیە کە لەڕووی لۆجیکیەوە هاوکوفی بن.

جا مانا بەرهەمهاتووەکە بە هاوواتا ناوزەددەکرێت، کە تیۆرە ئاکاریەکە دەکاتە پاڵپشتی خۆی کە پشت بە پرنسیپی ورووژێنەرو وەلاّمدانەوە دەبەستێت، بەو مانایەی کە مانا پێکهاتە زمانەوانیەکان بەهەموو ئاستەکانیەوە (تاك یان کۆ) سەبارەت بە وەرگر کۆمەڵە ئاگادارکەرەوەیەك دەست نیشان دەکات ، کە دەبنە پاڵنەری وەرگرتنی ڕستە یان پێکهاتە درکاوەکە، جا هەر پێکهاتەیەکی دروست بوو لە وشەیەك یان کۆمەڵە وشەیەکی گونجاو پێك هاتبێت ، بەهاوواتا هەژمار دەکرێت بەو مەرجەی کە یەك حاڵەتی وەلاّمدانەوەیی دەستەبەر بکات.

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تیۆرە لەڕووی گشتگیریەوە نوقسانە ، کە پێویستە توێژینەوە زمانەوانییەکان بیانگرێتەخۆ ، چونکە هەموو وشەکان و پێکهاتە ڕستەییەکان ناگرێتەخۆ ، چونکە بنەمای بۆچوونەکان لەلای کواین پێش هەموو شتێك دەروونییە، بۆیە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە.

تێبینی : ئەم وتارە لەم دوو کتێبە وەرگیراون :

*د.محمد محمد یونس علی ، مقدمة فی علمی الدلالة و التخاطب ، دار الكتاب الجديـد المتحدة ، لبنان – بیروت ، طبعة الاولی ، ٢٠٠٤، ص ١٧– ٣٣ .

*د.يحيى عبابنة و د. امنـة الـزعبي ، علـم اللغـة المعاصـر ، مقـدمات و تطبيقـات ، دارالكتاب الثقافي ،الاردن ، اربد،٢٠٠٥ ، ص ٩٨–١٠١ .

# زمانەوانی

## بەرگی سێیەم

# لقەکانی زمانەوانی

## ئامادەکردن و وەرگێڕانی

نەریمان خۆشناو

چاپی یەکەم ٢٠٠٨

* ناوی کتێب: زمانەوانی

* ئامادەکردنی : نەریمان خۆشناو

* نەخشەسازی: شاخەوان عەزیز

* بەرگی سێیەم : لقەکانی زمانەوانی

* چاپ: یەکەم

* چاپخانە :چاپخانەی منارە

* تیراژ:١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( )ی ساڵی ٢٠٠٨ی پێدراوە .

## پێشکەشە :

**بە گیانی فەیلەسوفی زمانەوانی کورد ( مەسعوود محەمەد ) .**

# ناوەرۆک


بابەت

زمانەوانی و لقەکانی زمانەوانی

زمان لای ئەرستۆ

پەیوەندی نێوان وشە و فرێز و ڕستە

ئایا کورد زمانی یەکگرتووی هەیە ؟

چۆمسکی زمانەوان و ڕەخنەگری گەورەی ئەمریکیی

سەرهەڵدان و پێشڤەچوونی ( پیت )

زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی نێودەوڵەتی

ڕێباز و ڕێگاکانی دروستکردنی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا

# زمانەوانی و لقەکانی زمانەوانی

## * زمانەوانی

زانستێکە لە هەموو لایەنەکانی(دەنگ و مۆرفیم و ڕستە و دەربڕین و واتا و دەروون و کۆمەلایەتی و فەرهەنگ و پراکتیکی) زمان دەکۆلێتەوە . زمانەوانەکان چەندین ناوی جۆراوجۆریان بۆ ئەم زانستە داناوە ، لەوانە فیقهی زمان ، زمانەوانی ، زانستی زمان .....هتد. زمانەوانیش بە سەر زمانەوانی تیۆری و زمانەوانی پراکتیکی(کردارەکی) دابەش دەبێت . لقەکانی زمانەوانی تیۆریش بریتین لە : فۆنەتیك ، فۆنۆلۆجی ، زمانەوانی مێژوویی ، واتاسازی و رێزمان ، رێزمانیش کە (وشەسازی و ڕستەسازی) دەگرێتەوە .بەڵام زمانەوانی پراکتیکی لقەکانی دروستکردنی فەرهەنگ و زمانەوانی ئامێر و زمانەوانی دەروونی و زمانەوانی کۆمەڵایەنی و فێربوونی زمانەکان و بەرانبەرکردنی زمانەوانی و شیکردنەوەی هەڵەکان .

زمانەوانی گرنگی دەدات بە لێکۆلینەوەی زمان ، بە هۆیەوە ئامێرێکە بۆ پەیوەندیکردن مرۆڤ . سەرەڕای ئەوەی کە لێکۆلینەوە لە دیاردەکانی زمانەوانی بە دریژایی سەدەکان ئەنجام دراوە ، بەڵام لەم دواییانەدا زمانەوانی پەسند کرا بەوەی کە زانستێکە پەیوەستە بە خۆیەوە. ئێستاکە زمانەوانی بوارێکی فراوان دەگرێتەخۆ، لەوانە پێکهاتەی دەنگی (فۆنەتیك ، فۆنۆلۆژی) ، سینتاکس ، واتاسازی ، پراگماتیك ، و کارەکانی زمان .

لەم ساڵانەی دواییدا چەند لقێکی نوێی زمانەوانی سەریان هەڵدا ، کە پەیوەندییان بە زانستەکانی ترەوە هەیە ، وەکو زمانەوانی ئەنسرۆپۆلۆجی (مرۆڤناسی ) ، زمانەوانی دەروونی و زمانەوانی کۆمەڵایەتی .

(پییە)ی زمانەوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ، کە زاراوەی زمانەوانی بۆ سێ واتا و بوار بەکاردێت ، ئەوانیش :

١– بەشێوەیەکی گشتی ، لێکۆلینەوە لە خووڕەوشتی ئاخاوتنەکانی مرۆڤ ، یاخود شیکردنەوەی وەسفی ڕستەکان یان ڕێکخستن لە زماندا ، کە ئەویش فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و مۆرفۆفۆنیم و ڕستە دەگرێتەخۆ .

٢– لێکۆلینەوە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ (یەکەکان ، سروشت ، پێکهاتە ، گۆڕانکارییەکانی زمان ، زمانە جیاوازەکان یاخود یەك زمان ) . ئەم لێکۆلینەوەیە فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی و سینتاکس و واتاسازی و ڕێزمانی گشتی یاخود فەلسەفی و پەیوەندی نێوان ئاخاوتن و نووسین دەگرێتەخۆ .

٣– لێکۆلینەوەیەکی ڕێکوپێکە بۆ زمان ، یاخود بۆ یەکێ یاخود زیاتر لە زمانەکان و دیالێکتەکان.زمانەوانی هەوڵدەدات بۆ وەسفکردنی زمانەکان و دیالێکتەکان (زمانەوانی وەسفی) ، نەوەك دانان و بەکارهێنانی دروست ، کە شیکردنەوەی پێکهاتە و بونیادی زمانێکە ( زمانەوانی بونیادگەریی) . و زمانەوانی مێژوویش یاخود کاتی ئەو گۆڕانکارییە کاتییانەی کە لە زماندا ڕوودەدات دەخاتە ڕوو. و زمانەوانی وەسفی ئەمیش زمانێك یان زیاتر لە هەمان ماوە و کاتدا دەگرێتەخۆ . بەو واتایەی کە زمانەوانی وەسفی دەبێتە زمانەوانی هاوکات ،یاخود پەیوەندییەکانی نێوان زمانە جیاوازەکانی یەك ڕەگەز لەماوەی کاتێکی دیاریکراو دەگرێتەخۆ، یانیش مێژوویی دەبێت، بەهۆیەوە لەماوەی کاتێکی دیاریکراو بەراوردی شێوە

جیاوازەکانی یەکێ لە زمانەکان دەکات، و زمانەوانی پراکتیکی ئاماژە بەوە دەکات کە مامۆستایانی زمان ئەوە بەکاردەهێنن ،کە زانا زمانەوانییەکان لەبارەی زمانەوە گەیشتوونەتە ئەنجام . و زمانەوانی بەرانبەر (یاخود شیکردنەوەی بەرانبەری) تایبەتە بە بەراوردکردنی زمانی رەسەنی فێرخواز و ئەو زمانەی کە دەیەوێت فێری ببێت ، بەئامانجی بەخشینی گرنگییەکی تایبەت بە بوارەکانی بەرانبەری (جیاوازی).

## *زمانەوانی جەبری

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی ، لەرێگەی بەرکارهێنانی شێوازو نموونەی لۆژیکی و ماتماتیکی بەکاردێت بۆ شیکردنەوە و وەسفکردنی زمان.

## *زمانەوانی ئەنترۆپۆلۆجی

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی، تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان زمان و رۆشنبیری لەکۆمەڵگایەك ، وەکو دابونەریت و شێوازی خێزانداری ،بۆنموونە پسپۆرانی ئەم لقە هەستان بە لێکۆڵینەوە لەبارەی شێوازەکانی گوزارشت کردن لە پەیوەندییە رۆشنبیرییە جیاوازەکان لەناوەوەی خێزان، کە ئەمەش پێی دەوترێت (زاراوەکانی خزمایەتی–family terms kinshipterms) ، ئەم وشانەش نزیکایەتی بایۆلۆژی نێوان کەسەکان دەردەخەن، وەکو (باوك ،دایك،برا،مام...هتد).

هەروەها ئەم پسپۆرانە لێکۆڵینەوەیان لەبارەی چۆنیەتی پەیوەندی کردنی خەڵك بەیەکتریەوە کرد لە بۆنە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە دیاریکراوەکان، وەکو رێزلێنان ،بۆنە ئایینیەکان، کۆبوونەوەکان، پاشان بەستنەوەیان بە بونیادی گشتی کۆمەڵگاکە ، هەروەها هەندێ لە زمانەوانەکان زاراوەی (زمانەوانی ئەنترۆپۆلۆجی ) بەوە لێك دەدەنەوە کە ناوێکی ترە لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی .

## *زمانەوانی پراکتیکی

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی ،ئەم لقە شیکردنەوەی بەرانبەری و شیکردنەوەی هەڵەکان و فێربوونی زمانی دووەم و زمانی بێگانەو تاقیگەی زمان و زمانەوانی دەروونی و زمانەوانی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی ئامێریی و دروستکردنی فەرهەنگ و زانستی وەرگێڕان دەگرێتەخۆ. زمانەوانی پراکتیکی بەرانبەر زمانەوانی تیۆری دەوستێ ، کە فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و زمانەوانی مێژوویی و واتاسازیی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس.

زمانەوانی پراکتیکی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەبارەی زمان و زمانەوانی، لەو لایەنەی کە پەیوەندی بە گرفتەکانی کردارییەوە هەیە، وەکو دروستکردنی فەرهەنگ ،وەرگێڕان ، خەوشەکانی درکاندن..هتد. زمانەوانی پراکتیکی سوود دەبینێ لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی دەروونی و زمانەوانی ئەنترۆپۆلۆجی (مرۆڤناسی) و تیۆری راگەیاندن و زمانەوانی ، ئەمەش بەئامانجی دانانی شێوازێکی تیۆری تایبەت بە زمان و بەکارهێنانی، پاشان بەکارهێنانی ئەم زانیارییانەو ئەو تیۆرانە لەبوارەکانی کرداریی وەکو دانانی پرۆگرام و چارەسەرکردنی خەوشەکانی درکاندن و پلاندانانی زمانەوانی، و شێوازناسی ..هتد.

زمانەوان (هامپ) ئاماژە بە پێناسەیەکی زمانەوانی پراکتیکی دەکات ، کە لە(کۆلیتز)ەوە دەگوازرێتەوە، بەوەی کە زمانەوانی پراکتیکی لێکۆڵینەوەیە لە دیاردەکانی زمانەوانی،کە پەیوەستە بە دیاردە دیاریکراوەکانی دەرەوەی سیستمی زمانەوانی ، کە ئەمەش زاراوەیەکە بەرانبەر بە زمانەوانی دەوەستێ ، و پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەیەکی نەگۆڕ،کە بەرانبەر بە زمانەوانی مێژوویی دوەستێ.

هەروەها جێگەی خۆیەتی کە لە نێو ئەم زانستە باسی زمانەوانی ئەنتەرنێتی پراکیتکی بکەین، کە ساڵی (٢٠٠٠)زمانەوانی گەورەی بەریتانی دێڤید کریستاڵ لە کتێبی (زمان و ئەنتەرنێت) ئاماژەی بۆ کردووە، کە لێرەدا پێناسەکەی دەخەینەڕوو:—

بێگومـان هەنـدێ لـە بوارەکـان، وەکـو زانـستەکان ،ئـایین و یاسـا بـەهۆی ئـامێری کۆمپیوتـەر بەرەوپێـشەوە دەچـێت ، سـەرباری ئـەوەی کـە بـەخێرایی لـەئاخاوتن و نوسـینە تەقلیدییـەکان پەیدابووە،واچـاوەڕوان دەکـرێ کـە زیـادکراوێکی گـەورە لـە جۆراوجۆرە پراکتیکیەکان ببنینرێت ،لەوکاتەی کە پیـشە جیاوازەکـان لەتەکنـەلۆژیا متمانەیــەکی گــەورە بەدەســت دەهێــنن، کــە ئــەمیش بەئــەنجامی یارمەتیــدانی کۆمپیوتەرەوە ، و دەست پێ دەکات بەخستنە ژێر باڵی تواناکانی بـۆ خزمـەتکردنی تاکەکـەس، هـەر بۆیـەش بـەکارهێنانی ئەنتـەرنێت بـەم شـێوەیە دەسـتی پێکـرد . پیشەی زمانەوانی جیاوازە بەبڕینی چەند گێمێکی جیاواز دەستی پێدەکات،ئـەوەی پەیوەنـدی بـە بوارەکـانی ئەنتەرنێتـەوە هەیـە، ئـەوا بەهۆیـەوە فێربـوونی زمانـانی بێگانە یەکەمین و درێژترین ئەو گێمانانەی بڕی (هەروەکو چۆن ئەم حاڵەتە هەمیشە لە زمانەوانی پراکتیکی هەیە) ، بەڵام ئـەوەی تایبەتـە بـەفێربوونی زمانـانی بێگانـە، ئەوا بـووە جێگـەی گفتوگۆ،هاوشـان لەگـەڵ پیـادەکردنی داهێنانەکـە و کـاراکردنی پەیوەندییکردن بـەفێربوون و فێرکـردن، ئـەم بـوارە بەیارمـەتی ئـامێری کۆمپیوتـەر تێکەڵ دەبێت بەفێر کردنی زمان ،بەڵام ئەنتـەرنێت رەهەنـدێکی نـوێی هێناکایـەوە، ئــەمیش بــەهۆی ئــامێری کۆمپیوتــەرو ئەنتــەرنێت لــە دروســتبوون و پەیــدابوونی پەیوەندی ،کە زیاتر بێت لەهەموو شتێکی تـر ،کەهـەر ئەمـەش لـەکۆتایی سـەدەمی بیستەم توانی بەکارهێنانی دەرکەوتنی ئەنتەرنێت بێنێتە کایەوە ، بەهۆیەوە ئامێری

کۆمپیوتــەر گوازرایــەوە بــۆ کۆمــەڵگاو هــۆڵی وانــە وتنــەوە ، و بــووە ئامرازێــك بــۆ چارەســەرکردنی زانیارییــەکان و پەیوەنــدی کــردن . بــۆ یەکــەم جــاریش فێربــووانی زمانێك ئێستاکە دەتوانن بەردەوام بن لە پەیوەندییکردن بەشـێوەیەکی خـێرا لەگـەڵ فێربووانی زمانێکی تر یاخود قسەپێکەرانی تر لەهەموو جیهان، لـەم بـارەوە دێڤیـد ئیستمنت )ساڵی ١٩٦٦ لـەجیاتی ئەنجومـەنی بـەریتانیا لـەبارەی فێرکردنـی زمـانی ئینگلیزی و پەیوەندی بەئینتەرنێتەوە، ڕووپێوێکی ئەنجام داوە، بەهۆیەوە گەیـشتە ئەو ئەنجامەی کە بەرکارهێنانی ئەنتەرنێت لەکۆتاییدا دەبێتە گۆڕینی ئـەو شـێوازەو ڕێگەیەی کە لەسـەری دەڕوات، کـە ئـەویش فێربـوونی زمـانی ئینگلیزییـە وپیـشەی خوێنـدنی ئینگلیزییــە (واتــە لــە فێربــوونی ئینتەرنێتــەوە بــۆ فێربــوونی خوێنــدنی ئینگلیزیی _ وەرگێڕ) .

### *زمانەوانی کۆمەڵایەتی پراکتیکی

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی ، ئەنجامەکای زمانەوانی کۆمەڵایەتی بەکار دێ بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەکانی گیروگرفتی کۆمەڵگەی زمانەوانی و پەیوەندییەکان و نووسینەکانیان.

### *زمانەوانی هەرێمیی ( جوگرافی )

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی لەسەر بنەمایەکی جوگرافی لە دابەشکردنی دیالێکت و زمانەکان دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانێك و جیاوازی نێوان ئەو دیالێکتانە دەکۆڵێتەوە ، هەروەها ئەم زانستە بەجوگرافیای دیالێکتەکان یاخود جوگرافیای زمانەوانی ناوزەد دەکرێ، هەروەها پێشی دەوترێ زمانەوانی هەرێمی (جوگرافیی)، ئەمیش بەهۆی لێکۆڵینەوەکردنی لەبارەی زمان و دیالێکتەکانی ناوچەیەکی دیاری کراو، کە لەلایەن دانیشتوانەوە قسەی پێدەکرێ. بۆ

نموونە ئەمەش لێکۆڵینەوە لەبارەی دوو زمانی هاوسێی یەکتری دەکرێ، بۆ زانینی کاریگەرییەکان لەڕووی ڕستە، وشەکان، دەبڕین،..هتد.

***زمانەوانی زیندەوەرزانی( بایۆلۆجی )**

لیکۆڵینەوەیە لە زمان،بەو وەسفەی کە چالاکییەکە ،لایەنی بایۆلۆجی مرۆڤ لەژێر دەسەڵاتی دایە. لەگەڵ تەرکیزکردن لەسەر لایەنەکانی فیسیۆلۆجی دەماری و خەسڵەتەکانی کرۆمۆسۆمات .

ئەم زانستە لەئەنجامی هەوڵەکانی زانای زمان (جۆرج زیف) پەیدابووە،کە زۆر گرنگی بە تیۆری زانستی زیندەوەرزانی دەروونییەوە دەدا، هەر بۆیەش داوای کرد کە لقێکی تایبەت لەزمانەوانی تەرخان بکرێ بۆ (زمانەوانی زیندەوەرزانی– بایۆلۆجی) تاکو بەهۆیەوە لێکۆڵینەوە لەو دیاردانەی زمان بکات، کەپەیوەستە بەهەڵسوکەوتی مرۆڤ لە کرداری پەیوەندیدکردندا،چونکە ئەم کردارە پشت بە لایەنی بایۆلۆجی دەبەستێت: واتە لەراستیدا ئەم پێشنیارە لێکۆڵینەوە فیسیۆلۆجیە دەمارییەکانی دەخستە نێو چوار چێوەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی.

***زمانەوانی دیدەنی پزیشکی**

زانستێکە بەدوای چارەسەرکردنی خەوشەکانی دەربڕین و درکاندن دەگەڕێت، ئەمیش بەسوود وەرگرتن لە زانستی پزیشکی و زمانەوانی .

***زمانەوانی مێژوویی بەراوردی**

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی، ودیراسەی گۆڕانە زمانەوانییەکان و پەیوەندی نێوان زمانەکان دەکات، لە ڕێگەی بەروارکردنی یاساکانی پێشوو و ئێستای یەکێ لەزمانەکان، هەروەها لەڕێگەی بەراوردکردنی زمانەجیاوازەکان، دەتوانی بگەیە ئەو راستییەی کە زمانە دیاریکراوەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە ، وەکو زمانەکانی

هیندۆ ئەورووپی، هەروەها دەگەیەئەو راستییەش ، کە سەر لەنویٚ گەڕانەوە بۆ دروستکردنی یاساکان، کە لەکاتێکدا ئەم یاسانە پێشتر پێش کۆکردنەوەیان لەزمانێکی دیاریکراودا بەکارهاتووە.

## *زمانەوانی بەراوردی

لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردییە بۆ دیاردەکانی دەنگی و مۆرفیمی و ڕستەیی و واتایی ئەو زمانانەی کە پەیوەندییان بە یەك کۆمەڵەی زمانەوانی یاخود یەك خێزانە زمانەوانییەوە هەیە.

زمانەوانی بەرارودی لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی ،دیراسەی دوو زمان یان زیاتر دەکات، بەئامانجی بەراوردکرنێکی ڕێکوپێکی زمانەوانی،کە ئەمیش بۆ خستەڕووی ئەوەی کە ئاخۆ لێکچوونە یاخود جیاوازن.

زمانەوانی بەرارورڕدی بەکاردێ بۆ دیراسەکردنی شێوە زمانییەکان(واتە دابەشکردنی لەسەر بنەمای جۆر، نەوەك لەسەر بنەمای پەیوەندی هەرێمیی یاخود جوگرافیی) ، هەروەها لەزمانەوانی مێژوویی بەراوردی بەکاردێت ،هەورەها هەندێ لە زمانەوانە پراکتیکیەکان بەکاردەهێنن، بۆ زانینی جیاوازییەکانی نێوان زمانی سەرەکی قسەکەرو ئەو زمانەی کەدەیەوێ فێری ببێت ،هەروەها لە بارەکانی پێکهاتەی ڕستەو وشەو سیستمی دەنگی بەکاردێت.

هەروەها ئەم زاراوەیە بەوەش دەوترێ ، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنە لێکچوو و جیاوازییەکانی دوو زمان یاخود زیاتر لەماوەیەك یان قۆناغێکی کاتی دیاریکراو بەکاردێت،یاخود لەقۆناغە کاتییە جیاوازەکان دیراسەی زمانەکەدەکات ، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین لێکۆلینەوە لە سەر بنەمای وەسفی ئەنجام بدەن، یاخود لەسەر بنەمای مێژوویی ، زۆربەی جاریش ئامانج لەم جۆرە بەراوردکردنانەی زمانە

جیاوازەکان:بریتییە لەدیاریکردنی رەگەزی هاوبەش،یاخود گەڕانەوە بۆ وێنەی ئەم رەگەزە هاوبەشەیە.

زۆرجاران زمانەوانی بەراوردی بۆ وێنایەکی ناڕوون و ناوردبینی بەکاردێ، کە ئەمیش بۆ ئاماژەکردن بەچالاکی زمانەوانی جۆراوجۆر.

لەبەر چەندین هۆ زانا زمانەوانەکان بەراوردی نێوان زمانەکان دەکەن، لەوانە بەراوردکردنی دوو زمان یان زیاتر بە ئامانجی تێبینی کردنی لایەنە جیاوازەکان، ، هەر بۆیەشە ئەم حاڵەتە پێی دەوترێ (زمانەوانی بەرانبەریی) .

هەروەها ئەم زانستە سوودی ئەوەشی هەیە، کە ئەو ناخۆشیانە دەخاتەڕوو، کە لە یەکێ لەزمانە بیانییەکان ڕوو بەڕووی فێرخوازی سەرەتایی دەبێتەوە. هەروەها زانا زمانەوانیەکان وادەبێ بەراوردکردنی نێوان زمانەکان لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ ،کە گرنگی بەدابەشکردنی زمانەکان دەدەن لەسەر بنەمای جۆرێتی (کە پێی دەوترێ تایپۆلۆجی)، بۆ نموونە هەموو زمانە ئاوازدارەکان دابەش دەکرێت((مەبەست لەڕێگەی پلەی ئاوازەوە دەبێت، کەئەوەش دەبێتە جیاوازی لەواتادا، ئەم حاڵەتەش لەزمانەکانی چینی و نەرویجی و سویدی و هەندێ لەزمانەکانی هیندۆ ئەوروپی ئەمریکی دەبینرێ))،یاخود هەموو ئەو زمانانەی کە رێکخستنی وشەکان بەکاردەهێنن وەك رێگایەك بۆ پێکهاتەی ڕستە.

هەروەها ئەو زمانانە بەراورد دەکرێن، کەلەڕووی نزیکایەتی یاخود مێژوویی پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە ، واتە ئەو زمانانەی کە لەسەرچاوەیەکی هاوبەش بەرەوپێش چوونە، کە هەر ئەمەش پێی دەوترێت زمانەوانی مێژوویی بەراوردی ، یا بەراوردکردنەکە لەڕێگەی شێوازێکەوە دەبێت کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە،

کەئەمەش دەتوانرێ بگەینە ئەنجامەکەی بەهۆی میژووی زمانەکە و لەوماوە کاتییە درێژەدا بوونی یەکەمین دەقی نووسراو بەو زمانە .

## *زمانەوانی ئامێریی (کۆمپیوتەر)

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی پراکتیکی ، ئەم ئامێرە لە لێکۆڵینەوە زمانییەکان و لێکۆڵینەوەی خودی زمان بەکاردێت ، ئەوەش واتای ئەوەیە کە ئەم زانستە بەهۆی وەرگێڕانی ئامێریی و دووبارە خەزنکردنی زانیارییەکانە لەزاکیرەی کۆمپیوتەر.

زمانەوانی ئامێریی دەروازەیەکە یاخود پرۆگرامێکە لە زمانەوانی ، شێوازەکانی ماتماتیك بەکاردەهێنێ،ئەمیش زۆربەی جار بەیارمەتی ئامێری کۆمپیوتەرەوە دەبێت، کە شیکردنەوەی بەیاناتی زمانەوانی لەخۆدەگرێ، بۆ نموونە بەئامانجی دیاریکردنی ڕێکخستن، کە فێرخوازەکان ڕێزمانی ڕستە جیاوازەکان فێردەبن، یاخود دووبارە ڕوودانی وشەکان یاخود ڕێکخستنە دیاریکراوەکان ، هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی بەوەرگێڕانی ئامێریش لەخۆوە دەگرێت، و لەڕێگەی ئەلیکترۆنەوە بەرهەمهێنانی ئاخاوتنی دەستکرد دێتە ئاراوە ،هەروەها بەهۆی ئۆتۆماتیکی یاخود ئامێری ،دەتوانرێ ئاخاوتنی مرۆڤ بزانرێت.

هەروەکو چۆن لەهەندێ لەکتێبخانە گەورەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوویدا، کە لەنێو لێکۆلینەوەکانی زمانەوانی ئامێریی (کۆمپیوتەر)، ، ناوەرۆکەکەی ئامێرییە یاخود ئۆتۆماتیکییە . مێژووی یەکەمین تاقیکردنەوەی وەرگێڕانی ئامێریی بۆ ساڵی (١٩٥٤)دەگەڕێتەوە ، کە لەزانکۆی جۆرج تاونی ئەمریکی ئەنجامدرا، بەڵام یەکەمین یەکەی فێرکردن لەبواری زمانەوانی ئامێری بۆ ساڵی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە لەزانکۆی (ئەندیانا) ، کە بەهۆیەوە (پۆل جارفن)وانەوتنەوەی گرتە ئەستۆی خۆی.

***زمانەوانی نوێ( هاوچەرخ )**

ئەو زانستەیە، کە لێکۆڵینەوەکانی بواری زمانەوانی لەچوار سەدە یاخود پێنج سەدەکانی کۆتایی لەخۆوە دەگرێت.

*** زمانەوانی بەرانبەریی**

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی، لایەنی لێکچوو و جیاوازی دوو زمان دەخاتەڕوو، کەسەر بەیەك خێزانە زمانییەوە نین، بەراوردکردنی دوو زمانەکەش ، لایەنەکانی دەنگی یاخود فونیمی یاخود واتایی یاخود وشەیی یاخود ڕستە یاخود دەربڕین دەبێت ، کەئەم بەراوردکردنەش بۆ مەبەستی زانستیی ئەنجام دەدرێت.

لە پیشەنگی ئەو پێناسانەی کە بۆ زمانەوانی بەراوردی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ئەنجام دراون، پێناسەکەی (هامپ)ە، کە ئەمیش لە(تیرجر)ی گواستۆتەوە و لەم بارەوە دەڵێت: ((زمانەوانی بەراوردی چالاکییەکە تایبەتە بەدەرخستنی جیاوازی و لێکچووی بونیادی نێو پێکهاتەکە ، هەروەها جوگرافیای دیالێکتەکان لەخۆ دەگرێ و زمانەوانی مێژوویش لەلایەن خۆیەوە لێکۆڵینەوە لەبارەی پێشکەوتنی زمانی منداڵ دەکات)).

***زمانەوانی وەسفی**

بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانێك لەشوێنێکی دیاریکراو و کاتێکی دیاریکراو بەکاردێت، ئەم زانستە بەرانبەر زمانەوانی بیناسازی و زمانەوانی مێژوویی و زمانەوانی بەراوردی دەوستێ.

زمانەوانی وەسفی هەڵدەستێ بەوەسفکردنی زمانێك لەماوەی کاتێکی دیارکراودا .لایەنی وەسفیش لە لێکۆڵینەوەی زمانەکان پەیوەستە بە زانستەکانی رەوشتی ، ئەم زانستە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەباسی لێکۆڵینەوە

لەزانستی ئەنترۆپۆلۆجیای رۆشنبیری پەیدابووە، هەروەها ئەم زانستە تەنیا گرنگی بەشیکردنەوەی زمانە پێوەرییەکان یاخود دەربڕینەکان دەدات(واتا ئەو زمانانەی کەتاکو ئێستا خاوەنی سیستمی نووسین نین). دواتر هەندێ لە زانایانی زمان ناویاننا (زمانەوانی پێکهاتەیی)یاخود (زمانەوانی بونیادگەریی).

پاش ساڵی (١٨٥٠) لە ئەمریکا زمانەوانی بونیادگەری وەسفی سەری هەڵدا،زمانەوانی وەسفی هەمیشە بەسەر سێ بەشی سەرەکی دابەش دەکرێت:

١- فۆنەتیك

٢- مۆرفۆلۆژی

٣- ڕستەسازی

## *زمانەوانی کۆمەڵایەتی وەسفی

لقێکە لە زمانەوانی کۆمەلایەتی،بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە قسەکەرێك، دیالێکتێك بەکاردێنێ، بۆکێ بەکاردێنێ و کەی بەکاری دێنێ و بۆ چ ئامانجێك بەکاریدێنێ .

## *زانستی وەرگرتنی زمان / زمانەوانی گەشەکردن

لقێکە لەزمانەوانی، لێکۆڵینەوە لەبارەی چۆنیەتی وەرگرتنی زمان دەکات لەلای منداڵ ، هەروەها لقێکە لە زمانەوانی دەروونی.

ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی گشتییە بۆ لێکۆڵینەوە لەوەرگرتنی زمان لای منداڵ بەکاردێ.هەندێ لە زانستە جیاوازەکانی (دەروونناسی، زیندەوەرزانی، بایۆلۆژی، پزیشکی، زمانەوانی) یارمەتییان دەدەن لە زانینی قۆناغەکانی و وەرگرتنی زمان (قۆناغی غلەغلکردن، زمانی منداڵ،...ز هتد..) هەروەها رێکخستنی وەرگرتنی وشەکان یاخود ڕستەکان، هەروەها تاچەند ئەمە بەغەریزە دادەنرێت، یاخود شتێکی

جیهانیە، یاخود شتێکی گشتییە لەنێو هەموو زمانەکاندا، یاخود ئەوە لەڕێگەی فێربوونێکی ڕێکوپێکەوە دێت، هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی و بیری یارمەتیدەرن لە هاندانی ئەم گەشەکردنە .

## *زمانەوای دەروونی گەشەکردن

لقێکە لە زمانەوانی دەروونی ،بەدوای گەشەکردنی توانای زمان لە لای منداڵ دەگەڕێت، مانگ دوای مانگ و ساڵ دوای ساڵ دەبێت.

## *زمانەوانی مێژوویی

لقێکە لە زمانەوانی ،لێکۆڵینەوە لەو پێشکەوتنانە دەکات کە لە زمانێك لەسەردەمێك ڕوویانداوە ،ئەم زانسە بەرانبەر زمانەوانی وەسفی دەوەستێ ، وەسفی زمانێك دەکات ، بەهۆیەوە لەماوەی کاتێکی دیاریکراو بەکارهاتووە.

یەکێ لەو بابەتانەی کە زمانەوانی مێژوویی گرنگی پێ دەدات ، بابەتی سیستمی دەنگییە لەزمانی ئینگیلزیدا، کە لەقۆناغی بەرایی زمانی ئینگلیزی بۆ قۆناغی نوێی زمانی ئینگلیزی بەریتانی . لەبەرانبەردا زمانەوانی وەسفی دەتوانێ هەمان نموونە دیراسەبکات، بەڵام لێکۆڵینەوەکە لەسیستمی زمانە لەماوەیەکی دیاریکراودا ، کە ئەمەش لێکۆڵینەوە دەکات لەحاڵەتی سیستمی دەنگی زمانی نوێی ئینگلیزی بەریتانی.

هەروەها نموونەیەکی تر لە زمانەوانی مێژوویی، لێکۆڵینەوەیە لەشێوازی گەشەکردنی هەردوو زمانی فەرەنسی و ئیتاڵیە لەزمانی لاتینیدا .

جێگای ئاماژە پێکردنەوە کەهەندێ لەزانایانی زمان جیاوازی لەنێوان(Historical Linguistics وDiachronic Linguistics) دەکەن ،ئەم جیاوازییەش لەنێوان هەردوو زاراوەی ontogeny )،واتە گەشەکردنی زمانی

تاکەکەسی بەواتای لێکلۆینەوە لەگەشەکرنی لەمێژوویی زمان ، ئم دوو زاراوەبەش هەردووکیان لە زانستی کرۆمۆسۆماتەوە خوازاون،کەچی هەردووکیان ئەو گەشەکردنانە هەڵناگرن، کە کرۆمۆستۆماتەکان فەرمانی بەسەرەوە دەکەن، هەروەکو بۆ بایۆلۆژیش هەمان حاڵە ،سەرباری ئەو جیاوازییەی کە زاناکانی زمان دەیخەنەڕوو ، کەچی زۆربەی زمانەکان هەردوو زاراوەکە بەکاردەهێنن ،بە بڕوای ئەوەی هاوواتای یەکترن .

***زمانەوانی هەڵچوونی**

لقێکە لە زمانەوانی ، دیراسەی پەیوەندی نێوان زمانە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگایەك دەکات، کە ئەمەش بەمەبەستی خستەڕووی دوولایەنەی زمانەوانی (Bilingualism) لەنێوان قسەکەرانیدا.

***زمانەوانی جیاوازی**

لێکۆڵینەوەیە لە جیاوازی نێوان دوو زمان لە ڕووی چەمك و مەفهوومەوە دەکات.

***زمان جوولەیی ( دینامیکی )**

لقێکە لەلقەکانی زمانەوانی، لە مێژوو و گەشەکردنی زمان دەکۆڵێتەوە ، بۆ یەکەمین جار ئەم زاراوەیە زمانەوانی سویسری (فیردیناند ودیسۆسێر) بەکاری هێناوە.

***زمانەوانی کۆمەڵایەتی جوولەیی**

لقێکە لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی ، لێکۆڵینەوە لەبارەی هۆکارەکانی گۆڕینی هەڵسوکەوتی زمانەوانی لای تاك یاخود لای کۆمەڵە کەسێك دەکات.

## *زمانەوانی پەروەردەیی

ئەم زاراوەیە زۆرجار لەویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکار دێت ،وەکو ئاماژەیەك بۆ لقێك لە لقەکانی زمانەوانی پراکتیکی (کارەکی)، ئەم زانستە لێکۆڵینەوە لەبارەی پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردەو فێرکرن دەکات.

## *زمانەوانی ئەتنۆلۆجی (ریشەیی)

لێکۆڵینەوەیە لەبارەی پەیوەندی نێوان زمانەوانی و ئەنتۆلۆجیا دەکات ، یاخود هەڵسوکەوتی رۆشنبیریی نازمانی ، بەواتایەکی تر لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان زمان و شێوازی ژیان.

هەندێ لەزانایانی زمانەوانی ئەنتۆلۆجی وەکو (هامبۆلت) رێگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە لەوێناکردنی واقیعێك یاخود بۆچوونێك لای قسەپێکەرانی زمانەکە، بۆنموونە لای (ئەسکیمۆ) چوار وشە هەیە کە ئاماژەیە بە(بەفر)دەکات، کەچی لەزمانی ئینگلیزی تەنیا یەك وشە هەیە بەرانبەر بە(بەفر) ، هەروەها گەلی (ئازتیك) کە گەلێکە چەندین ساڵ حوکمی مەکسیکیان کردووە ، ئەمیش تەنیا یەك وشە لەبری (بەفر)بەکاردەهێنن.

دیارە ئەم هەڵوێستەش بێگومان کاریگەریی بەسەر ئەم شتانە دەبێت، هەروەها نموونەی تر ئەوەیە کە گەلە جیاوازەکان ، شیکردنەوەی ڕەنگەکان بەشێوازی جیاواز لێکدەدەنەوە، لەوانە (نافاهو)وای دەبینێ کەجیاوازی نێوان ڕەنگی شین و سەوز تەنیا لە پلەکەیدایە، سەرباری بوونی یەك وشە بۆ ئەو دوو ڕەنگە لەزمانەکەدا، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە هەندێ لە زمانەوانەکان زاراوەی زمانەوانی ئەنتۆلۆجیا بۆ ئەوە بەکاردەهێنن کە ناوێکی ترە لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی.

### *زمانەوانی پێشڤەچوو

ئەم زاراوەیە زمانەوانی سویسری فردیناند دیسۆسێر بەکاری هێناوە، کە ئاماژەیەکە بۆ زمانەوانی مێژوویی.

### *ئەودیوی زمانەوانی ( پۆست زمانەوانی )

لقێکە لەزمانەوانی ، لێکلۆڵینەوە لەدیاردەکانی نازمانی پەیوەست بەزمان، بۆنموونە پەیوەندی نێوان زمان و شارستانی و جیاوازیی نێوان زمانەکان لە ڕوانگەی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە ئەم زاراوەیە زمانەوان (ماکمیلان) بەکاریهێناوە وەکو ئاماژەیەك بۆ (میتا زمانەوانی) .

### *زمانەوانی دەروونی تاقیکەرەوەیی

لێکۆلینەوەیە لەلایەنەکان زمانەوانی دەروونی، بەبەکارهێنانی تاقیکەرەوەی زانستی.

### *زمانەوانی لێکدانەوەیی

یەکێکە لەتیۆرەنی زمانەوانی، ئەم تیۆرە ئەو هەڵویستە نێگەتیڤانە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت ناتوانین لەهۆکارەکانی گۆڕینی زمانەوانی تێبگەین. بۆیە وا دەبینێت کە دەتوانین لە ڕێگەی لێکدانەوەی بونیادگەریی بۆ پرۆسەکانی مێژوویی بگەینە ئەنجام .

### *زمانەوانی لێکدانەوەی مێژوویی

قۆناغێکە لە قۆناغەکانی زمانەوانی مێژوویی، لێکۆڵینەوەیە لەلایەنە تایبەتیەکانی پەیوەندی نێوان هۆو هۆکار .

## *زمانەوانی دەرەکی

لقێکە لەزمانەوانی، دیراسەی پەیوەندی نێوان زمان بەهۆکارەکانی نازمانی دەکات، بەواتایەکی تر لێکۆڵینەوەیە لەزمان بەو وەسفەی کە لەگەڵ هۆکارەکانی مێژووی ئەنتۆلۆجیا، ئابووریناسی و ئایین..هتد تێکەڵدەبێت.

دیسۆسێر جیاوازی لەنێوان زمانەوانی ناوەکی و زمانەوانی دەرەکی دەکات، لەم بارەوە (میرەنجەر) لە ڕێگەی زمانەوانی دەرەکی ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، کە دەتوانرێ لەلێکۆڵینەوەکانی تایبەت و پەیوەستدار بەوشەکان و شتەکان بگەین . هەر بۆیەشە جیاوازی نێوان ئەم دوو زانستە تەنیا لە ڕووی پرۆگرام و مەنهەجییەتەوەیە. هەروەها دیسۆسێر جوگرافیای دیالێکتەکان بۆ زمانەوانی دەرەکی دەگەڕێنێتەوە،لەهەمانکاتدا زمانەوان (پییە) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ، کە لەلای دیسۆسێر زاراوەی زمانەوانی دەرەکی هاوواتای زاراوەی زمانەوانی مێژوویی دەوەستێ.

## *زمانەوانی مەیدانی

لە زمانەوانی مەیدانی، زانایانی زمان لێکۆڵینەوە لەبارەی زمانێکەوە دەکەن و زانیاری لەبارەیەوە کۆدەکەنەوە ، ئەم زانیاری کۆکردنەوەیەش نەك تەنیا بەهۆی بابەتی بڵاوکراوە یاخود لە مامۆستایەکی ناسراو ئەنجام دەدرێ ، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەڕێگەی پەیوەندیکردن بە قسەکەری سەرەکی زمانەکەوە دەبێت ، لەم بارەشەوە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەهۆی گواستنەوەی زمانەوانەکە بۆ شوێنی (مەیدان)ەکە دەبێت (( واتە ڕاستەوخۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسەکەوە لە شوێنێکەوە دەکرێت _ وەرگێڕ)).یاخود لێکۆڵینەوەکە لە ڕێگەی زمانی کەسێکی

قسەکەری سەرەکی زمانەکە یاخود کۆمەڵێ کەس لەهەر شوێنێکەوە بن، ئەنجام دەدرێت.

***زمانەوانی میللی**

لێکۆڵینەوە لەچەمکەکانی زمان دەکات کەتێکڕای خەڵکی ناپسپۆری زانستەکانی زمان وەریانگرتووە، بەواتایەکی تر بریتییە لە قەپڵاندن یاخود دەربڕینی بۆچوونە بەبێ هیچ بەڵگەیەك دەبارەی رەسەنایەتی زمان، یاخود زمانێکی دیاریکراو و ڕۆڵی لە ژیانی کۆمەڵگا ، هەروەها شێوەیەکی بچووك لە ئەستۆی دیالێکتەکان یاخود زمانەکانی تر وەردەگرێ .ئەمڕۆ لە جیهان چەندین رۆشنبیری هەن، کە هەوڵدەدەن وەسفی رەسەنایەتی زمان بکەن، یاخود بە لایەنی کەم لەلایەن خەڵکەوە زمانەکی باش بێت، کەئەمەش دەچێتە نێو چوارچێوەی زمانەوانی میللی.

***زمانەوانی ئەرکی**

لقێکە لە زمانەوانی ، تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەبارەی زمان لەگەڵ جەخت کردن لە ئەرکی لایەنەکانی زمانەوانی. لە زمانەوانی ئەرکی هەموو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان سەیری لایەنی فۆنیم و لایەنەکانی زمانەوانی تر دەکات و دەچێتە نێو ئەم زانستەوە ، هەروەها دەشێ لەسەر بنەمای ئەرکی دابەشبکرێت ، واتە (بەگوێرەی ئەو زانیارییە چاکانەی کە لەبارەی زمانێکەوە گەیشتوونەتە ئەنجام).

زمانەوانی ئەرکی دەروازەیەکە بۆ زمانەوانی ، گرنگی بەزمان دەدات، بەهۆیەوە ئامرازێکە بۆ هەڵسوکەوتی کۆمەلایەتی، زیاتر لەوەی کە خۆی سیتسەمێکی سەربەخۆیە یاخود تاك لایەنەیە، ئەم دەروازیە وا دادەنێت کە مرۆڤ کائینێکی کۆمەلایەتیە، بە دوای ئەو رێگایەدا دەگەڕێت کە زمان بە دەست بهێنێت، پاشان لەو

ژینگە کۆمەڵایەتیەی کە ژیان بەسەر دەبەن،زمان دەبێتە هۆکارێکی پەیوەندیکردن و لەگەڵیان بەکاریدەهێنێت .

زمانـەوانی ئـەرکی شـێوازێکە لەشـێوازەکانی شـیکردنەوەی زمانـەوانی ، کـەوا تەرکیز لەسەر پەیوەندییە ئەرکییەکان دەکات، بۆ نموونە لـە ئـەوروپا کۆمـەڵێك زانـا باسیان لەچـوار چێوەی قوتابخانـەی پـراگ و لێکۆڵینـەوەیان لـەبارەی مۆرفیمـەوە ئەنجامدا.

لە زمانەوانی ئەرکیدا وا سەیری فۆنیم دەکرێت، کە بچوکترین یەکەی دەنگییـە ، بەهۆیەوە دەتوانرێ جیاوازی لەواتادا بکرێت، بۆ نموونە لـەزمانی ئینگلیزیـدا دەنگـی (k)و دەنگی (q) ناتوانرێ لەواتادا جیاوازی نێوانیان بکەیت، دواتـر ناتوانیـت بـەدوو فۆنیمی جیا لەقەڵەمی بـدەیت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەردووکیان ئـەلۆمۆرفن بـۆ فـۆنیمی (k) ، کەچـی لـە زمـانی عەرەبیـدا ئـەم دوو فۆنیمـە لـەواتادا جیـاوازی دروستکردن ، وەکو لـەنێوان (کـال) و قـاڵ یـاخود لـەنێوان (کلـب و قلـب) جیـاوازی هەیە.

## *زمانەوانی گشتی

زانـستێکە دیراسـەی ئـەو دیاردانـەی زمانـەوانی دەکـات، کـە هـەموو زمانـەکان بەشداری تێدا دەکەن ،هـەروەها بەشـێوەیەکی گـشتی لێکۆڵینـەوە لـەبارەی تیـۆری زمان و توێژینەوەی زمانەوانی دەکات،هەمدیسان زمانەوانی گشتی دیراسەی چالاکیە رێکۆپێکـەکانی مرۆڤــ دەکـات کـە ناسـراوە بـە زمـان ، لێکۆڵینەوەکانیـشی لەچـوار چێوەکانی : ١– بەرهەمدار (بریتیە لە زمان) ٢– هۆکاری بەرهەمهێنان ( کـە مـولکی مرۆڤە و ناسراوە بە زمان ) ٣– هۆکاری بەکارهێنانی بەرهەمدار (بـەکارهێنانی زمـان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی).

زمانەوانی گشتی هەمیشە لە زانستی فۆنیم و ڕستەو وشـەدا ، بنـەمای شـیکردنەوەو وەسـفکردن دەگرێتـەخۆ ، هـەروەها دیراسـەی شـێوازی نووسـین و لێکۆڵینـەوە مێژووییەکان و بـەراوردکاری و لێکۆڵینـەوەی زارەکـان دەکـات، هـەروەها زمانـەوانی گـشتی بـەهۆی تیـشکی ئـەو زانیاریانـەی کـە زۆرێـك لـە زمانـەکان کۆدەکاتـەوە و دیراسەی دیاردە زمانییەکان دەکات. جێگەی ئاماژە پێکردنە کە زمانـەوانی ئـەڵمانی (هامبلت) بە دامەزرێنەری زمانەوانی گشتی دادەنرێت .

## *زمانەوانی جوگرافیی

لقێکە لە زمانەوانی ، دیراسەی دابەشکردنی دیالێکتـەکان دەکـات ، بەهۆیـەوە لێکۆڵینەوە لە زمانەکان دەکات لەسەر بنچینەی دابەشکردنی جوگرافیی و دانیشتوان و لەڕووی کاریگەریی هەر زمانێك بەسەر زمانەکانی تر .

زمانەوانی جوگرافیی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی زمان دەدات لەو حاڵەتەی کەئێستا تێیدایە ، بەتایبەتیش لەگەڵ ئاماژەکردن بەژمارەی قسەپێکەرانی هەموو زمانەکان ، و دابەشکردنی جوگرافیی و گرنگی لایەنی ئابووریی و زانستیی و ڕۆشنبیریی دەخاتە ڕوو ،هەروەها دواتر زانینی شێوازەکانی دەربڕین و نووسین دەگرێتەخۆ.

هەروەها پێویـست بـەوە ناکـات، کـە هـەردوو زاراوەی (Geolinguistics) و (Geolinguistica) تێکەڵ بەیەکتر بکەین ، کە هەندێ جار زمانەوانەکانی ئیتاڵی بەکاریدەهێنن، بەو بڕوایەی کـە هاوواتـای زاراوەی (Linguistic geography) واتە جوگرافیای زمانەوانی.

## *زانستی گەشەکردنی زمان

لقێکە لە زمانەوانی ، لێکۆڵینەوە لەبارەی مەسەلەی (کەی) و (لەکوێ) و (چۆن) ئاخاوتنی مرۆڤ پێشەڤەچووە. لەم بارەوە فەیلەسوف و زمانەوانەکان چەند تیۆریـان

خستۆتەڕوو ، لەبارەی ئەوەی کە زمان لەشوێنێکەوە گەشەی کردووە یاخود لە کۆمەڵا شوێنەوە گەشەی کردووە ، یاخود شێوازی کردییە کۆمەڵایەتی و جەستەیی و ڕەسەنێتی و ڕەگەزیی ئاخاوتن بەرپرسیارە .

***زمانەوانی بەرهەمهێنی گواستنەوە**

تیۆرێکی زمانەوانییە، گریمانی ئەوە بۆ هەموو رستەیەك دەکات ، کە پێکهاتەیەکی رووخساریی و پێکهاتەیەکی ناوەرۆکی (رۆنانی سەرەوە، رۆنانی ژێرەوە _ وەرگێڕ) هەیە، هەروەها گریمانەی ئەوەش دەکات ، کەیاسای گوێزانەوە پێکهاتەی ناوەوە دەگوازێتەوە بۆ پێکهاتەی دەرەوە.

***زمانەوانی ناوەخۆ**

لقێکە لە زمانەوانی ،لەسەر بنچینەکانی پێویستی و گریمانەکانی ناوەوە وەسف و پێناسەی زمان دەکات، ئەم لقەی زمانەوانی بە (هلمسیلیڤ)ی زمانەوانییەوە بەستراوە. هەروەها ئەم زانستە تەنیا لێکلۆڵینەوە لەلایەنی زمانی زمانێك دەکات، بەبێ گەڕانەوە بۆ خاسیەتی نازمانی وەکو مێژوو، یاخود دەروونناسی . بەواتایەکی تر زمانەوانی ناوەخۆ بریتییە لە لەزمانەوانی پەتی و پوخت و بێگەرد، واتە لێکۆڵینەوەیە لەخودی سەربەخۆیی شێوە زمانەوانییە، بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ شتێکی تر جگە لەشێوەی زمانەوانی.

***١. زمانەوانی سیاسی ٢. زمانەوانی دامودەزگاکان**

ئەم زاراوەیە بۆ دوو واتای جیاواز بەکاردێت:

١. لێکۆڵینەوەیەکە گرنگی بەدۆزینەوەی زمانێکی یەکگرتوو دەدات یاخود پاڵپشتی کردنی یاخود دۆزینەوەی نووسینێکی یەکگرتوو بۆ گەلێکی خاوەن چەندین زمان .

٢. لێکۆڵینەوەیە لەزمان ، لەڕووی پەیوەندی بەکارهێنەرانی لەلایەنە تایبەتییەکانی چالاکی مرۆڤــ.

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە سـوودی هەیـە بـۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنەکانمان بـۆ ئـەو ڕووداوانەی لەجیهاندا ڕوودەدەن، بـۆ نموونـە چـۆنیەتی بـەکارهێنانی زمانـە لـەلای زمانەوانـەکان، کاتـێ لـەبارەی زانـستەوە لەگـەڵ زاناکـانی تـر گفتوگـۆ دەکـەن ، بابـەتێکی وا دروسـت دەکـەن، کـە گرنگـی خـۆی هـەبێت و دەتـوانێ زمانـەوانی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی زمانی زانست لـە زمانی فەلەسەفە یاخود زمانی ئەدەبی میللی جیاوازترە، یاخود چۆن جیاوازی هەیـە لە بەکارهێنانی زمانەوانی لەلای زانایانی سروشت لەگـەڵ بـەکارهێنانی زمـان لـە لای کیمیاوییەکان یاخود بایۆلۆژییەکان ، یاخود ئایا زمانی کرێکارانی بانکەکان جیـاوازە لەزمانی پسپۆرانی زانستی ئابووری، یاخود ئەگەر کارەکە بەمشێوەیە بێت، ئەی ئەم جیاوازییە چۆن دەبێت و هۆکارەکانی چین؟ . هەموو ئەم پرسیارانە دەتوانن زانیاری بەهادارمان بدەنێ لەبارەی شێوازی بەکارهێنانی زمان لەنێوانماندا ، ئەگەر توانیمـان ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ وەڵامی ڕاست بـۆ ئـەو هـەموو پرسـیارانە ، ئـەوا ئـەو هـەموو شـتانە دەچـنە نێـو خانـەی زمانـەوانی دامودەزگاکـان، کـە لقێکـە لەزمانـەوانی شێوازگەریی.

## * پەیوەندییە زمانەوانییەکان

لێکۆڵینەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان دوو زمان یاخود زیاتر ، بەمەبەستی زانینـی لایەنە هاوبەش و جیاوازەکان ،کە ئەمیش بۆ کاری زمـانی دەسـتکردنی نێودەوڵـەتی (وەکو زمانی ئیسپرانتۆ) یاخود بۆ مەبەسـتی سـوودگەیاندن لـە خوێنـدنی زمانـەکان یاخود وەرگێڕان .

***زانستی زمانی زمانەوانی**

لێکۆلینەوەیەکی تیۆریی پوختە لەبارەی زمان، بەبێ تێکەڵ کردنی زانستەکانی تر بەو زانستەوە ، هەروەها ئەم زانستە پێشی دەوترێت زمانەوانی تیۆری ،کە بۆ جیاکردنەوە لەزمانەوانی پراکتیکی (کارەکی) بەکاردێت .

***زمانەانی فراوانکراو**

زانستێکە ، زمانەوانی و جوولەی ئامـاژەپێکراوی جەستەیی و گرفتەکانی رەوشتی شارستانێتی دەگرێتەخۆ، بەواتایەکی تر دیراسەی زمانە لە بواری زمانەوانی و بوارە کۆمەلایەتییان و لایەنی دەروونی و پراکتیکی . هەندێ لەزمانەوان وای دەبینن کە ئەم زانستە هاوواتای زمانەوانی پراکتیکیە.

هەموو زمانەوانەکان وایدەبینن، کە زمانەوانی فرانکراو دژی زمانەوانی تەسکە (Microlinguictics) و زمانەوانی بچووکراو تەنیا گرنگی بەدیاردەی زمان دەدات ، بەلام زمانەوانی فراوانکراو هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پەیوەندییان بەزمانەوە هەیە و دەبنە زیادکردنی دەگرێتەخۆ، لە دیاردەکانی دەرەوەی بواری زمانەوانی پوخت، کە ئەمەش دەبێتە پەیوەندیکەرێك بۆ کرداری پەیوەندیکردن، بۆ نموونە (زانستی لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکان) پەیوەستە بە زمانەوانی تەسك ، بەلام ئەگەر زانایەك دیراسەی دیالێکتەکانی کرد، بەگرنگی دان بەئاماژەکانی ئاخاوتنی قسەکەر بۆ دیاریکردنی توانای رۆشنبیریی ، ئەوا لەم حاڵەتەدا لێکۆڵینەوەکە ئاراستەی دەگۆرێت و دەچێتە بواری زمانەوانی فراوانکراو.

هەروەها هەندێ لەزاناکان زاراوەی (Macrolinguictics) بەکاردەهێنن ، وەکو ئاماژەیەك بۆ توێژینەوەی زمانەوانی، کەئەمیش هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی هۆکارە نازمانەوانیەکانی وەرگێراو لەزاستەکانی تر. بۆ نموونە لەم بارەوە زمانەوان

(ماندلبرۆت) وایدەبینێ ، کە توێژینەوەی ئامار لەزماندا دەچێتە نێو چوارچێوەی زمانەوانی فراوانکراو.

بەڵام زمانەوانی ئەمریکی (ج.ل. ترایگەر) وایدەبینێ کە زمانەوانی فراوانکراو هەریەك لە پێش زمانەوانی (Pre linguistics) و زمانەوانی تەسك (Microlinguictics) و ئەودیوی زمانەوانی (پاش زمانەوانی- میتا زمانەوانی ) دەگرێتەخۆ ، کە ئەمەش دەروازەیەکی زانستییە بۆ لێکۆڵینەوە لەراستییەکانی زمانەوانی لە ژێر رۆشنایی زانستی ئەنترۆ پۆلۆجیا.

## *زمانەوانی ماتماتیك

ئەو زانستەیە کە لێکۆڵینەوە زمانییەکان کردەی ماتماتیك بەکاردەهێنێ ، وەکو زمانەوانی ئاماریی و زمانەوانی ئاماری شێوازیی و زانستی پێوانەی تەمەنی زمانەوانی و زمانەوانی لانەکراو بەئامێری کۆمپیوتەر . زمانەوانی ماتماتیك لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی ، بەهۆیەوە هۆکارەکانی ئاماریی و ماتماتیکی بەکارهێنێ لە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی زمانەوانی بۆ دەقەکانی نووسراو و دەربڕاو، هەروەها لێکۆڵینەوەیە لەدووبارە روودانی یەکەکانی زمانەوانی و لێکۆڵینەوەی شێوازی ئەدەبی دەگرێتەخۆ.

جێگای ئاماژەپێکردنە کە زاراوەی زمانەوانی ماتماتیکی دوو مانای جیاواز دەگرێتەوە، یەکەکیان ئاماژە بۆ زمانەوانی چەندێتی ، کە شێوەی ژمارەیی وەردەگرێت، و پێشی دەوترێ زمانەوانی ئاماریی، بەڵام ئەویتریان ئاماژە بۆ بەکارهێنانی هێما و ئەو کردانە دەکات ، کە بەهۆی ئەم هێمایانەوە ئەنجام دەدرێت، پاشان (ماتماتیك) لێرەدا هەمان مانای هەیە هەروەکو لە (لۆجیکی ماتماتیك) هەیە، بۆیە ئەم شێوازە لەزمانەوانی پێی دەوترێ(هەژماری-حیسابی) یاخود (جەبری) .

هەروەها لە نێو ئەو بوارانەی ، کەدەکرێ زمانەوانی ماتماتیک بەکار بهێنرێ ، فێربوونی زمانە بیانیەکانەو قسەکردنە لەگەڵ ئامێرەکان بەهۆی بەکارهێنانی زمانی مرۆڤەوە ، و وەرگێڕانی بەبێ گەڕانەوە بۆ ژمارەکان، ناکرێ رووبەڕووی ئەم جۆرە گرفتانەی زانستی ببینەوە.

***زمانەوانی ئەقلی**

لێکۆڵینەوەیە لەبارەی زمان بەپشت بەستن بە لێکدانەوەکانی بینین، نەوەك بە بەیاناتە راستەقینەکانی زمانەوانی.

***میتا زمانەوانی**

زانستێکە ، لێکۆڵینەوە لەو دیاردانە دەکات ، کەپەیوەستە بەزمانەوە ، وەکو جیاوازی نێوان زمانەکان لە رووی ئاماژە کۆمەڵایەتییەکان ، و پەیوەندی نێوان زمان و شارستانێتی و خەسڵەتە دەگمەنەکانی دەنگیی.

هەروەها زمانەوان (لوید) بەمشێوەیە پێناسەی دەکات کە میتا زمانەوانی لێکۆڵینەوەیە لەپەیوەندی زمان بەرێکخستنەکانی تری کۆمەڵگا ، یاخود بەو رەوشتەی کە رۆشنبیریی دیاری دەکات ، هەروەها هەردوو زمانەوان ( سمیت و تراگەر) بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن : ئەو لێکۆڵینەوەیە کە خەڵك ئاماژەی بۆ دەکەن یاخود لەسەری دەنووسن ،واتە ئەو زانستەیە لە زمانەوانی کە پەیوەندی نێوان زمان و هەموو لایەنەکانی رۆشنبیری دەگرێتەخۆ. هەروەها میتا زمانەوانی بەگوێرەی تیۆری زمانەوانی ( هێلبەرت ) واتای بەکارهێنانی زمانە بۆ پێشکەشکردنی وەسفە لۆژیکییەکان (فەلسەفی) و زانستییە لەماتماتیك و فەلسەفە، یاخود بەکارهێنانی زمانە بۆ وەسفکردنی زمان، کە ئەمەش واتای دووەم دەگەیەنێت کە لەبەکارهێنانی ئەم زاراوەیە، کە دەکرێ پێی بوترێ (زمانەوانی وەسفی) بەواتای

لێکۆڵینەوە لەزمان وەك بەكارهێانێك بۆ وەسفكردنی زمانێكی تر یاخود ئەم زانستە كە لەلای (هلمسیلڤ) بەدوای زمانی وەسفەكان دەگەڕێت.

### *زمانەوانی ورد( تەسك، بونیادی )

لێكۆڵینەوەیە لەزمان لەبوارەكانی دەنگیی و فۆنیم و وشەو رستە و واتا و دەربڕین، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ بوارەكانی ئەودیوی زمان ببات، بەمجۆرە ئەم زانستە جیاوازە لەزمانەوانی فراوانكراو . بەواتایەكی تر ئەم زانستە لێگۆڵینەوەیەكی تیۆرری زمانە بەبێ بەشداریكردنی زانستەكانی تر، ئەم زانستە ناولێنانەكەی نزیكە لەزمانەوانی تیۆریی یاخود زانستی زمانی زمانەوانی.

ئەم زاراوەیە بەمانەی خوارەوەش دەوترێت :

١. زمانەوانی بونیادی بەواتای تەسك بۆ زارەوەكە ، كە ئەمەش لەلای زمانەوان (لوید) بەمجۆرە بەكاردێ ، واتە شیكردنەوەیەكی رووخسارییە بۆ بونیادی زمان، كە ئەمەش بنچینەیەك بۆ ئەودیوی زمانەوانی دادەنێت.

٢. لقێكە لەزمانەانی فراوانكراو ، كە ئەمەش شیكردنەوەی وەسفی رێكخستنەكان یاخود پێكهاتەی زمان دەگرێتەخۆ(فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، مۆرفۆفۆنیم،رستەسازی).

### *زمانەوانی نوێ

دەربڕینێكە ، بەو لێكۆڵینەوە زمانەوانیانە دەوترێ كە زمانەوانە ئەڵمانی و ئیتاڵیەكان ئەنجامیانداوە و بیرۆكەی نوحاتە نوێیەكانیان رەتكردۆتەوە، بەڵام نوحاتە نوێیەكان ئەوا ئەو زمانەوانانە بوون ، كە بەدوای زمانەوان (كارل بروگمان) كەوتبوون، بروگمان لە زانكۆی (لیبزج) كاری دەكرد و ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە، كە لەدەنگدا هیچ یاسایەكی شازو ناوازە نییە.

### *زمانەوانی دەمارگیریی

زانستێکە پەیوەندی نێوان زمان و دەمارو تەنگوچەڵەمە زمانەوانیە دەرمارییەکان دەخاتەڕوو، بەواتایەکی تر زانستێکە تایبەتە بەو لێکۆڵینەوە ئەرکییانەی کە مێشک بۆ فێربوونی زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەنجامی دەدات،هەمدیسان زمانەوانی دەرمارگیری لێکۆڵینەوە لەبارەی چۆنیەتی کاریگەری مێشک لەفێربوونی زمان دەکۆڵێتەوە، هەروەها چۆنیەتی خەزنکردنی زمان (لە زاکیرە) و ئەم خەزنکردنەش لەچ ناوچەیەکی مێشک دەکرێت ، چۆن بەرکەوتنی مێشک کاریگەری دەبێ بۆسەر توانستی بەکارهینانی زمان .

### *زمانەوانی پێوانەیی

لقێکە لەزمانەوانی ، ئامانجی دانانی پێوانەیەکە بۆ پاراستنی زمان لە خراپی بەکارهێنانیدا ، ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی گشتگیرە بۆ کۆمەڵێ لە قوتابخانە زمانەوانییەکان ، بە کارێ هەڵدەستێ، کە گرنگی زانایانی زمان و رستەسازی لەوەیە کە پێوانەیەکی دیاریکراو بۆ زمان دابنێت و کاریش لەپاراستنی بکرێت، ئەم زانستە بەرانبەر بە زمانەوانی وەسفییە.

### *لێکۆڵینەوەی زمانی هاوڕێیەتی/لێکۆڵیینەوە دیاردە نیمچە زمانییەکان

لێکۆڵینەوەیە لەو هێما جەستییانەی کە هاوڕێیەتی ئاخاوتن دەکەن، لێکۆڵینەوەی زمانی هاوڕێیەتی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەبارەی (Paralanguage) واتە پەیوەندییە نازماوانیەکان، کەوا خێزانی ئاخاوتن و کۆکین و باوێشك و هەناسە هەڵکێشان و گریان و پێکەنین دەگرێتەخۆ، ئەم چالاکییانەش نە وشەن و نەڕستەن، بەڵکو مانا بەخشن .

لێکۆڵینــەوەی زمــانی هاوڕێیــەتی گرنگــی دەدات بــە بــەکارهێنانی دیــاردە نادەنگییەکانــ، وەکــو دەربڕینــەکانی رووخــسار، یــاخود جوولــەکانی ســەر یــاخوود چاوەکان ، و ئاماژەکردن بە(ئەندامانی جەستە) ،کە واتای رازیبوون یاخود واتایەکی دیاریکراو بۆ قسەکانی خەڵك دەگەیەنێت ، ئەم دیاردانەش بەناوی سیماکانی زمانی هاوڕێیــەتی دەناســرێت ، بــۆ نموونــە لەزۆربــەی ئــەو وڵاتانــەی کــە بــە ئینگلیــزی قسەدەکەن، دەکرێ جوولەی سەر بۆ دەرخستنی رازیبــوون بــەکاربهێنرێت لــەجیاتی بەکارهێنانی شێوازی دەربڕین ، وەکو (بەڵا)، (ئەوە ڕاستە ) یــاخود ڕازیــم . هەنــدێ جــاریش بــەکارهێنانی ســەر وەکــو هاوڕێیــەتی رازیبــوونی ئاخــاوتن و جەختکردنــەوە دەگەیەنێت.

بــەکارهێنانی ســیماکانی زمــانی هاوڕێیــەتی بــەمانای (Kinesics) دێــت ، واتــە لێکۆڵینەوە لەبارەی جوولەکانی جەســتە، کــە دەبنــە هاوڕێیــەك بــۆ ئاخــاوتن یــاخود شوێنی دەگرنەوە، هەر بۆیەش هەندێ لە زمانەوانان وای بۆ دەچــن ، کــە ســیماکانی زمانی هاوڕێیەتی هەندێ لە سیماکانی دەنگیش دەگرێتــەوە، وەکــو (تــۆنی دەنــگ _ نەغمەی دەنگی) ، کە ئەوەش هەڵوێستی قسەکەر لە قسەکانی دەردەبڕێت.

لەسەر ئەم بنچینەیە لێکۆڵینەوەی زمانی هاوڕێیەتی دەکــرێ هەنــدێ لایــەنی دەنگــی کــە دەنگــی مرۆڤــ دەیگواســتێتەوە دەگرێتەوە،بــەڵام هــەروەکو هــەموو زمانــەوانان وایدەبینن—نەوەك بەرێگەی وشەکان یاخود ئاســتی نەغمــە ، یــاخود ئــاواز (نەغمــەی دەنگــی ، خێرایــی دەربــڕین ، قــورگ گــیران، پرخــەپرخ،لچ هەڵقوچــاندن لــە کــاتی قسەکردن..هتد).

ئـەم زانـستە ئاماژەكـانی نەغمـەی دەنگـیش دەگرێتـەخۆ، لەگـەڵ دوورخـستنەوەی شـێوازەكانی ئاواز،چـونكە بـەوە وەسـف دەكرێـت كـە لـە چوارچـێوەی سیـستمی زمانەوانییەوە دەردەچێت.

زاراوەی زمانی هاوڕێیەتی لەلایەن (ترایگەر)ەوە داهێنراوە، ترایگـەر لـەم بـارەوە ئاماژە بۆ ئەوەدەكات كە ئەم زانستە هەندێ لایەنی دیاریكراوی زانستی لە(سـەرووی زمانەوانی ) دەگرێتـەخۆ، لەسـەر ئـەم بنـچینە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەكـات ، كـە ئەمـە بەشێكە لەڕووداوی ئاخاوتن ، كە ناچێتە ناو ڕێكخستنی زمانەوانی ،واتە ناچـێتە نـاو گۆڕانكارییـەكان وەكـو شـێوازە بـەهاكانی كۆمەڵایـەتی و ئامـاژە جەسـتەییەكان و دەربڕینەكانی ڕووخسار، و گۆڕانكارییە دەنگییەكان و ..هتد..

***زمانەوانی شیكەرەوەیی**

لقێكە لەزمانەوانی ، بەهۆیەوە زمانەوانی بۆ گۆڕاوە ماددییەكان شیدەكاتەوە، وەكـو ئاواز و جوولەی زمان و جوولەی لێوەكان .

***زمانەوانی فێركردن**

لقێكە لە لقەكانی زمانەوانی، گرنگی بەچاككردنەوەی توانـستی فێربـوونی زمـان لای قوتابی دەدات، كە ئەمیش بەهۆی خستنە ژێر باری زمانەوانییەوە بـۆ پێـشڤەچوونی فێربوونی زمانەكان.

***زمانەوانی فەلسەفی**

لێكۆڵینەوەیە لەبواری ڕێزمان یاخود واتای زمان بە شێوەیەكی فەلسەفیانە.

***زمانەوانی سیاسیی**

ئەم زاراوەیە ساڵی (١٩٧٥) لەلایەن زمانەوان (بێـڵ)ەوە بـەكارهاتووە، مەبەسـتیش لەم زاراوەیە كاریگەریی سیاسەت لە بەكارهێنانی زمان یاخود زمانە دیاریكراوەكـانی نێو كۆمەڵگای فرە زمانەكان .

## زمانەوانی پراكتیكی

ئەم زاراوەیە ساڵی (١٩٢٥) زمانەوان (كولیتز) بەكاری هێناوە ، وەك ئاماژەكردنێك بۆ زمانەوانی كارەكی .

## *زمانەوانی پراگماتیكی

ئەم زاراوەیە زۆرجاران لە چوارچێوەی لێكۆڵینەوەی پراگماتیكی بەكاردێتن، وەكو ئاماژەكردنێك بۆ لێكۆڵینەوە لەبەكارهێنانی زمان لە ڕوانگەی تواناكانی بونیادی یەكێ لە زمانەكان .زمانەوانی پراگماتیكی جیاوازی هەیە لەگەڵ دیراساتی پراگماتیكی ، وەكو لێكۆڵینەوە لە مەرجی بەكارهێنانی زمانی پێگەیشتوو لە هەڵوێستی كۆمەڵایەتی ، بەهۆیەوە زۆرجاران پێی دەوترێت(Socipragmatics) پراگماتیكی كۆمەلایەتی.

دەكرێ بەشێوەیەكی زۆر سانا ئاماژە بۆ زاراوەی پراگماتیكی بكەین، كە گرنگی دەدات بە لێكۆڵینەوە لە (بەكارهێنانی زمان) ، لەهەمان كاتدا سینتاكس گرنگی دەدات بەلێكۆڵینەوە لەخستنە پاڵی وشەكان بەیەكترییەوە ، لەهەمان كاتیشدا واتاسازی گرنگی بە دیراسەتی واتا دەدات، پراگماتیكیش تایبەتە بە لێكۆڵینەوە لە زمان لەڕووی ئەركییەوە، بەو واتایەی كە هەوڵدەدات لێكدانەوەی پێكهاتەی زمانەوانی بكات، ئەمیش لەرێگەی ئاماژەكردن بەهۆكارو فاكتەرە نازمانەوانییەكان و بەكارهێنانەكانی ئەو قسانەی كە قسەكەر وتویەتی.

جێگەی خۆیەتی كە جیاوازی بكەین لەنێوان (واتاسازی) ،كە تایبەتە بە لێكۆڵینەوە لە واتادا لەچوارچێوەی رستە ، واتە ئەو مانایەی كە لەدەرەوەی رستەدا ناوەستێت، و (پراگماتیك) كە تایبەتە بەلێكۆڵینەوەی پەیوەندییەكانی نێوان زمان و رستە و بەكارهێنانە پێویستییەكان بۆ تێگەیشتنی دەربڕینەكە.

بـــەکارهێنانی نـــوێ بـــۆ زاراوەی پراگماتیـــك بـــۆ فەیلەســـووف (چـــارلس مۆریس)دەگەڕێتەوە، کە ئەمیش بـە شـێوەیەکی گشتی بـەئامانجی دانـانی هێلێکـی پانە بۆ زانستی هێماو ئامازەکان یاخود سیماتیك .

مۆریس لەچوار چێوەی سیماتیکەوە جیاوازی لەنێوان سێ لقـی لێکۆڵینەوەکـەی کرد، کە ئەوانیش:بریتین لە: (سینتاکس) ، بەو وەسفەی کە لێکۆڵینەوەیـە لـەبارەی پەیوەندی رووخسارییانەی نێوان وشەکان بەیەکترییەوە، و (واتاسـازی) کـە بریتییـە لـە لێکۆڵینـەوە لـە پەیوەنـدی نێـوان هێمـاو ئـەو شـت و کەلوپەلانـەی کـەهێماکان لەسـەری جێبـەجێ دەبێـت (واتـە نـاولێنراو یـاخود مەبەسـت لـە وشـەکەیە) و، (پراگماتیك) ، کە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان هێماکـان و لێکدانـەوەی ئەو هێمایانە.

* ئەم وتارە لەم کتێبە وەرگیراوە:

د.احمد شفیق الخطیب ، قراءات في علم اللغة ، دار النشر الجامعات ، مصر ، ٢٠٠٦.

# زمان لای ئەرستۆ

ئەرستۆ دەلآ ((ڕوون و ئاشکرایە کە مرۆڤ زیاتر لە هەنگ و لەهەر ئاژەڵێکی ماڵی تر دەچێ ، کە ئاوێتەی ژیانی کۆمەڵایەتییە،لەبەرئەوەی سروشت ڕەوشێکی هەرەمەکی نەگرتۆتەبەرو مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە کە درکاندنی هەیە ، جا لەبەرئەوەی کە دەنگ ئاماژە بە ئێش و ئازارو لەهەمان کاتیشدا ئاماژە بە چێژو لەزەت دەکات، کە بەهەموو ئاژەڵان بەخشراوە، سروشتەکەی گەیشتۆتە ئاستی هەست کردن بەژان و چێژ، و هەوڵدانی یەکتریش سەبارەت بەو هەست کردنە ، هەرچی درکاندنیشە ئاماژەکردنێکە بۆ سوود و زیان، پاشان ئاماژەکردنێکیشە بۆ دادپەروەری و بۆ ستەم))[٤١] .

توێژینەوەی لایەنە هەمەجۆرەکانی بابەتگەلی زمان لەلای ئەرستۆ چەند گیروگرفتێك پێشنیاز دەکات ، لەوانە هەندێکیان بەدەقی فەیلەسوفەکەو هەندێکی دیکەیان بە وەرگێڕانەوە پەیوەستن، ئەگەر سەختیەکەی یەکەمی ئەم پرۆسەیە کات و ماوەیەکی زیاتری بوێ بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، ئەوا سەختی دووەمیان وا بە باشترزانی کە بەخوێندنەوەی دەقە وەرگێڕانەکانی ئەرستۆ کۆتایی پێ بێنین، کە (د. عەبدولڕەحمان بەدەوی) توێژینەوەی لەسەریان کردووە، ئەویش لەبەر گرنگی لەڕادەبەدەری ئەو وەرگێڕانە، کە دەڵێت : ((کاتێك کە تێبینی ئەو وەرگێڕانە دەکەین سەرمان لە وردی و ڕێکوپێکیان سووڕ دەمینێ، ئەویش لەو حاڵەتەی کە دەڕوانینە ئەو جیهازە ڕەخنەییەی کە (حەسەن کوڕی سوار) هاوپێچی دەستنووسەکەی کردووە، چونکە وەرگێڕانە عەرەبییەکان لەچەندەها بابەتدا بە نووسراوی

---

[41]- أرسطو، السياسيات، **نقله** من الأصل اليونانى وعلّق علية الأب أوغسطينوس بربارة البولسى، اللجنة الدولية، لترجمة الروائع الأنسانية ، بيروت، ١٩٧٥، ص ٩.

دی یان بە وەرگێڕانە سریانیەکەیان بەراورد دەکات. لەم پێگەیەوە دەڵێین کە پەراوێزەکانی بەهایەکی دیارو ئاشکرایان هەیە، ئامانجی دووەمیش لەم بڵاوکردنەوەیە ئەوەیە کە پشت بەخودی وەرگێڕانەکان ببەستین ، ئەویش لە حاڵەتی ئەم بەکارهێنانەی ئێستاماندا بۆ ئەو دەقە یۆنانیانە، چونکە زۆر وردو ڕێکوپێك وەرگێڕدراون و دەتوانین لە ڕووی زانستییەوە سوودیان لێ ببینین و پێویست بەوە ناکات جارێکی دی وەریان بگێڕینەوە سەر زمانی عەرەبی، جا سوودمەندبوونمان لەو وەرگێڕانە تەنها بۆ وردیی و ڕێکوپێکی کاری وەرگێڕانەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەتایبەت تر سەر بۆ وردی و پر بەپێستی زاراوە هونەرییەکان دەکێشێ، لەڕاستیدا ئەو زاراوانەی کە تیایدا بەکارهێنراون، لەوانەیە بەشی ئەو شتانە بکات ، کە بە لۆجیکەوە پەیوەستن ، تەنها لە چەند حاڵەتێکدا نەبێ کە بابەتەکە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەبێ، ئەمانە هەموو لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەوە باسمان لەو سوودانە نەکردووە ، کە لە ڕووی بەدواداچوونی پێشکەوتنی زاراوەگەلی هونەریی لەزانستی لۆجیکی عەرەبییەوە دەستەبەر دەبن)).(٤٢)

لێرەدا هەوڵ دەدەین کە خوێندنەوەیەك بۆ کۆمەڵە دەقەکانی ئەرستۆ کە پەیوەستن بە زمانەوە ئەنجام بدەین ، لەهەمان کاتیشدا تیشکێك بخەینەسەر گرنگترین ئەو مەسەلانەی کە پێشنیازی کردووە، چونکە ئەم فەیلەسوفە نوێگەرو دامەزرێنەری زۆر لەو توێژینەوەو بوارە فەلسەفیانەیە ، بەڵام پێش ئەنجامدانی ئەم کارە بەپێویستی دەزانین کە ئاماژە بەلایەنە مێژووییەکانی پەیوەست بە چەمك و پێگەی زمان لەلای ئەرستۆ بکەین کە لەلای ئەو چەند سنوورێکی ڕوون و ئاشکران.

---

[42]- عبدالرحمن بدوی، منطق أرسطو، الجزء الأول، الکویت وکالة المطبوعات ، بیروت، دار القلم، ١٩٨٠، ص ٩٠٨.

دەشتوانین بلێین (( سنووری زمانەوانی ئەرستۆ ، سنوورێکی ڕوون و ئاشکرایە ، بۆیە دەکرێ بلێین  کە ئەو کارەی ئەرستۆ ئەنجامی داوە ، پێشڤەبردنی جیاکارانەیە بۆ  ئەو گریمانانەی کە ئەفلاتۆن پێیان هەستاوە)).[٤٣] کە ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەم لۆجیکە ، بەتایبەتی لەو بەشەیدا کە پەیوەندی بە بۆچوونەکانەوە هەیە، ئەمە لەلایەکەوەو لەلایەکی تریشەوە پێویستە تێبینی ئەو بارودۆخە تازە و ناوازەیە بکەین ، کە زمانی یۆنانی لە سەردەمی ئەرستۆدا پێی گەیشت، کە ئەو سەردەمە بوو ئەسکەندەری مەکدۆنی تیایدا سەری هەڵدا، چونکە لەو قۆناغەدا زمانی یۆنانی بووە زمانی ئیدارەو پیشە هەمەجۆرەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ،هەروەها ((زمانی یۆنانی بووە زمانێکی هەندە بەربڵاو کە خەڵکانێکی دی جگە لە یۆنانیەکان فێری ببوون، جگە لەوەی کە هەلومەرج و شێوازی فێرکردنی تایبەتی بۆ دروست بوو ، ئەم پرۆسەیەش پاشان بە پرۆسەی (بەهێلینی کردن) ناوزەد کرا، چونکە ئەم قۆناغە کە قۆناغی کردە سەربازییەکانی مەکدۆنی بوو، پاشان بە (چەرخی هێلینی) ناسرا))[٤٤] .

لەو قۆناغەدا زمانی یۆنانی بووە زمانی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی و لایەنی ژیاری پێشکەوتووی ئەم ئیمپراتۆریەتە ، ئەم بارودۆخە تازەیەش فشارێکی بۆ ئەم فەیلەسوفە دروست کرد تا هەمەگیرو داهێنەرانە بیر لەزمان بکاتەوە، بۆیە دواتر ئەم حاڵەتە لەکارو نووسینەکانیدا بەرجەستەبوو ، کە ئێستا بە بازنەیەکی سەرەکی دادەنرێت لە تەواوی بازنەکانی پێشڤەچوونی زمانی یۆنانی و تێفکرینی فەلسەفی دەربارەی زمان بەگشتی. لێرەشدا هەوڵدەدەین کە ئەم بابەتە لە رێگەی گرفتە مەزنەکانی زمانی لەو چەرخەدا تاوتوێ بکەین.

---

[43] - كمال يوسف الحاج، في فلسفة اللغة، بيروت، دار النهار للنشر، ١٩٦٧، ص ١٨.

[44] - **هەمان سەرچاوە، ل ٤١.**

## ١ـ سەبارەت بە ڕەچەڵەکی زمان

لەسەر گرنگی زمان لەڕووی پەیوەندیەکانی بەلۆجیکەوە پێویستییەکی زۆرمان بەهێنانەوەی بەڵگە نییە.

جا ئەو مەسەلانەی کە باسیان دەکەین و تاوتوێیان دەکەین، وەکو پەیوەندیەکانی نێوان ناو و ناولێنراوەکەو ڕەچەڵەکی زمان و گرنگیەکانی لەبواری بونیادی زانستی و لۆجیك بەشێوەیەکی تایبەت و پەیوەندییەکانی بەنموونەی زمانەوانی یۆنانی، هەروەك فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئارنست کاسیرەر) و زمانزانی فەرەنسی (کە بەڕەچەڵەك سورییە و لەشاری حەلەب لەدایك بووە) ئیمێل بنڤنیست (١٩٠٢ ـ ١٩٧٦) و پێش ئەمانەش ڕێزمانزانانی عەرەبی ڕوونیان کردۆتەوە، و تیشکیان خستۆتەسەر، ئەمانە هەموو بابەتگەلێکن کە گرنگی ئەم مەسەلە دەخەنەڕوو و پەیوەندیەکانیشیان تاوتوێ دەکەن و لەهەمان کاتیشدا دەقە لۆجیکئامێزەکانی ئەرستۆ بەتایبەتی (وتەگەل) و (گوزارشت) جەختیان لەسەر دەکەن.

ئەرستۆ دەڵێت ( هەروەکو لە وەرگێڕانەکەی ئیسحاق کوڕی حەنینەوە هاتووە): ((پێویستە یەکەم شت ئەوە بخەینەڕوو کە ناو و وشە چین، پاشان بزانین پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ چین، هەروەها بڕیاردان و قسە چین و چۆنن. دەڵێین: ئەو دەنگانەی کە لەگەرووەوە دەردەچن بەڵگەیەکن لەسەر ئەو ئاسەوارانەی کە لەدەروون‌دا نەخشێنراون ، ئەو شتانەی کە دەشنوسرێن بەڵگەن لەسەر ئەو دەنگانەی کە لەگەرووەوە دەردەچن، جا هەر چۆن نووسین سەبارەت بە هەموو کەس یەك نییە ، هەر بەم شێوەیەش ئەو دەنگانەی کە دەردەچن یەك شێوە و یەك شێوەزارو یەك مانا نین، بەڵام ئەو شتانەی کە دەنگەکان گوزارشیان لێ دەکەن کە ئاسەوارەکانی دەروون بۆ هەموو کەس یەك جۆرو یەك پێکهاتەن، ئەو شتانەی کە ئاسەوارەکانی دەروونن ، ئەو شتانە نموونەی ئەو ئاسەوارانەن، کە خودی ماناکانن ، کە بەهەمان شێوە بۆ هەمووان هەر یەك شتن، بەڵام ئەم مانایە دەبوایە لەبوارێکی ترو

لەپیشەیەکی تردا بەکاربهێنرێ کە ئێمە لەپەرتووکی (دەربارەی دەروون)دا باسمان کردووە))[٤٥] .

ئیبن روشد ئەم دەقەی بەم شێوەیە شرۆڤەی کردووە:((ئەو ئاخافتنانەی کە دەدرکێندرێن ، یەکەم شت بەڵگەن لەسەر ئەو مانایانەی کە لەدەروونەدا چەسپێندراون، ئەو پیتانەش کە دەنووسرێن یەکەم شت بەڵگەن لەسەر ئەو ئاخافتنانە هەروەك پیتە نووسراوەکان، مەبەستم لێرەدا خەتەکە بۆ هەموو میللەتان یەك شت نین بەهەمان شێوەش ئەو ئاخاوتنانەی کە گوزارشت لەماناکان دەکەن، لەلای هەموو نەتەوەیەك یەك شت نین، لەبەر ئەوە بەڵگەی ئەم دوانە بە هاریکاریەکی شاراوەیە نەك نواندنی ڕەفتاری خودی، بەڵام ئەو مانایانەی کە لەدەرووندان بۆ هەموو کەس هەریەکن، هەروەك کە ئەو بوونانەی کە ئەو مانایانەن لەدەرووندان نموونە و بەڵگەن لەسەری ، هەمووشیان هەریەکن بەئاکاری خودی بۆ هەموو کەسێك))[٤٦] .

پێشوەخت (ئیبن باجە) لەسەر پەرتووکی (گوزارشت) توانجێکی بیرۆکداری زۆر گرنگ و بەڵگە ئامێزی نووسیوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو بابەتەی کە لەم پێگەیەدا لەکۆششی ئەنجامدانی شیتەڵکاریداین بۆی، لەهەمان کاتیشدا پەیوەندیەکانی پەرتووکی (گوزارشت) بە پەرتووکی (وتەگەل ـ المقولات) دەخەینەڕوو و ئامانج و ئاکامەکانی پەرتووکی (گوزارشت) یش ڕوون دەکەینەوە. ئیبن باجە لەو توانجەیدا کە لەسەر پەرتووکی (گوزارشت)دا نووسیویەتی و (فارابی) کورتی کرۆدتەوە و دەڵێ: ((کاتێك لە پەرتووکی (وتەگەل) بنەماکانی هزری پێ بەخشین، ئەوا مەبەستی ئەو لەم پەرتووکەدا ئەوەبوو کە

---

[45]- أرسطو طاليس، كتاب العبارة، نقل اسحق بن حنين، تحقيق وتقديم د. عبدالرحمن البدوي ، ضمن كتاب ارسطو ، الكويت ، وكالة المطبوعات، دار القلم ، ١٩٨٠، ص ٩٩.

[46]- ابن رشد، تلخيص كتاب ارسطو طاليس في العبارة، تحقيق د. محمد سليم سالم، القاهرة، الهيئة المصرية العامة، ١٩٧٨ ص (١٢ ـ ١٣).

فێرمان بکات چۆن بیری لێ دەکەینەوە، بیرۆکردنەوەش لەم مەسەلەیە تەنیا لەرێگەی چەند لایەیەکەوە دەستەبەر دەبێت، دۆزەکانیش چەند وتەیەکن، وتەکانیش لەچەند ئاخافتنێك پێك دێن، بۆیە پێویستە لەبەرایدا باس لەوشە تەنهاکان بکات، و پێمان بناسێنێت و پێمان بلێت ڕەگەزەکانی چەندن و هەریەکە لەوانەش جیاکاریەکیان لەڕووی واتاوەوە پێ ببەخشێت، پاشان ناوی ئەو بارانەی هێناوە کە دەبنە پاشکۆی لەبوارەکانی مەیلداری و ڕاستگیری و هتد...))[٤٧] .

ئەرستۆ لەپەرتووکی (گوزارشت)دا کۆمەڵە کێشەیەکی زمانەوانی پێشنیاز دەکات، لەوانەی کە پەیوەندی ئاخافتن بە ماناوە پەیوەستن، و هەندێکیشیان بەرەچەڵەکی زمانەوە پەیوەستن چ لەڕووی ئاخافتن و چ لەڕووی ماناوە، هەروەها ئەرستۆ پەیوەندیەکانی زمان و نووسین  پێشنیاز دەکات و هەڵوێستی خۆی لەو بارەیەوە دەخاتەڕوو و لەو پرۆسەیەشدا پشت بە بەڵگەی ئەزموونی و ئەقڵگەرایی دەبەستێت، ئەو وا دەبینێ کە ئاخافتنەکان و پیتە نووسراوەکان چەند مەسەلەیەکن کە هەموو لەسەری رێك کەوتوون یان بناو بن لەسەری ڕێکسازن، واتە سروشتی نین، لێرەوە ئیدی دەگەینە ئەو دەرەنجامەی هەڵوێستی ئەرستۆ هەمبەر زمان هەڵوێستێکی رێکسازەو بەرێککەوتنە، نەك هەڵوێستی سروشت و زەرورەت و بەخشیاری.

بەڵام لێرەدا ڕوویەکی دی هەیە کە پێویستی بە گفتوگۆ و تاوتوێ کردن هەیە ، بۆ ئەوەی فۆرمەلەیەکی تەواوی هەڵوێستی ئەرستۆ بکەین سەبارەت بەزمان، مەبەستیشمان زیاتر پەیوەندی ئاخافتنە بەماناو مەسەلەی خودی ماناو پەیوەندییە ڕاستەقینەکانیەتی لەلای ئەرستۆ ، جا گەر ئاخافتن و پیتەکان بابەتگەلێکی رێکسازی بن و بەگوێرەی نەتەوەکان جوداکاریان گرتبێتەخۆ ، ئەوا ماناکان لەڕوانگەی ئەرستۆ لەلای هەمووان هەر یەکە

[47]– هەمان سەرچاوە ، ل١٢ .

سروشتیشە ، بەهەمان شێوەش بوونەکان لەلای هەمووان هەریەکە، لەم بارەوە دەڵێ ((ئەو مانایانەی کە لەدەروونداان لەلای هەمووان هەر وەکو بوونەکان هەریەکن... لەناو دەروونداا نموونەیان هەیەو بەڵگەش لەسەریان هەیە کە یەکن و بوونیشیان بەهۆی ئاکاری خودی مرۆڤەوە هەیە))[٤٨] .

بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین ((ئەو شتانەی کە پێش هەموو شتێك دەنگە دەرچووەکان بەڵگەن لەسەری کە ئاسەواری دەروونن کە بۆ هەمووان هەر یەکن، ئەو شتانەی کە ئاسەوارەکانی دەروون نموونەیانن کە ماناکانن تەنیا یەکێکیان بۆ هەموویان دەستەبەر دەبێت))[٤٩].

لەبەرئەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەرستۆ لەزماندا جیاوازی لەنێوان دوو ئاستی سەرەکی دەکات، ئاستی هزرو ماناکان و بوونەکان لەلایەك و ئاستی وشەکان و ئاخافتنەکان و نووسینەکان لەلایەکی دی، ئاستی یەکەم لەلای هەموو نەتەوەو ڕەگەزەکان یەکەو ئاستی دووەمیش بەگوێرەی نەتەوەو ڕەگەزەکان دەگۆڕدرێت.

بەڵام ئەم هەڵوێستە هەڵوێستی دەست تێکەڵکردن لەسەر ئاستی ئاخافتن و پێویست بوون لەسەر ئاستی مانا، گرفتی پەیوەندی هزر بەزمان و پەیوەندی ئاخافتن بەماناوە پێشنیاز دەکات ، ئەویش لەڕووی ڕەچەڵەك و سەرچاوەوە، فەیلەسوفەکانی ئیسلام لەشرۆڤەکردنەکانیاندا هەستیان بەم گرفتە کردووە لەسەر دوو وشەی سەرەکی دەقەکانی ئەرستۆ هەڵوەستەیان کرد، کە ئەمانەن (ئەو ئاسەوارانەی کە لەدەروونداان) و (دەست تێکەڵکردن).

---

48 - هەمان سەرچاوە، ل ١٣.

49 - هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

فارابی وتەی ئەرستۆ (ئاسەوارەکانی دەروون) لەجیاتی (وتەگەل) بۆ ئەوە گەڕاندەوە ، کە ویستویەتی ((هەموو ئەو شتانەی کە لەدەروونداا پاش پەنهانبوونی هەستپێکراوەکان لەمەڕ هەست، ڕوودەدەن، چونکە دەروون، وتەگەل و خەیاڵبافیەکان و هەستپێکراوەکانی تیادا ڕوودەدات ، هەروەکو چۆن (زەید) کە لەهەستدا هەیە. هەندێ شتی تریش دەروون بەپێکهێنانی خەیاڵ یەك بۆ یەكدی دایدەهێنن، بۆ نموونە ـ بزن ـ مەڕ ـ و هاوشێوەکانیان کە ویستی هەموو ئەمانە کۆبکاتەوە و ناوی نان ئاسەوارەکانی ناو دەروون[٥٠] ، ئەمەش مانای وایە کە فارابی وای بۆ دەچێ کە ئاسەوارەکانی دەروون فراوانترو گشتگیرتر لەڕووی بەڵگە بوونیان لەسەر وتەگەلەکان، بەم شێوەیەش ماناکان لەلای هەموو کەس دەبنە یەك شت.هەرچی پەیوەندیەکانی ئاخافتنە بەشتەکانەوەو پەیوەندی ئاخافتنە بە نووسینەوە، ئەوا پەیوەندیەکی دەست تێکەڵکارییە، ئەم پەیوەندییە سەرنجی فەیلەسوفانی ئیسلامی ورووژاند ، بۆیە لەسەرتاپای شرۆڤەکاریەکانیاندا شوێنگەیان بۆ تەرخان کردووە ، بەتایبەتی (ئیبن سینا) کە بەم شێوەیە شرۆڤەی بۆکرد ((ئاماژە بەدەست تێکەڵکردن دەکا، مەبەستم ئەوەیە کە پێویست نییە کەسێك پابەند بکەین بەوەی کە ئاخافتنێك لە ئاخافتنەکان لەسەرمانایەکی دیاری کراو بکەینە ماڵ، تەنانەت سروشتی خەڵکیش ئەوە هەڵناگرێت، یەك بەدوای یەك خەڵکان لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕێك کەوتوون))[٥١] .

توێژەری پەرتووکی (کورت کردنەوەی گوزارشت)ی ئیبن روشد ئاماژە بەوە دەکات کە دەقێك لە سەر شێوازی توانج لەلای ڕاستەی دەستنووسی (ئارگانون)دا نووسراوەو باس لەدەست تێکەڵکردن و سروشت و ئەو کەسانەش دەکات کە لەسەر ئەو باوەڕەدان. کە ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەوەی کە مەسەلەکە لە ئارادا هەبووەو وتراوە، بەتایبەتی ئەو

---

[50]- **هەمان سەرچاوە**، ل ١٣.

[51]- **هەمان سەرچاوە** ،ل ٢١.

شتەی ئەفلاتۆن لە (وتووێژی کراتیل)دا خستیەڕوو ، لە توانجەکەیدا دەڵێت ((هەندێ لەزانا دێرینەکانمان پێیان وایە کە ناوەکان بەئاکاری خودی بەدەستهێنراون ، هەندێکیشیان پێیان وایە بەدەست تێکەڵکردن پەیدابوونە، یان بەئاکاری خودی پەیداکراون ، هەندێکیش پێیان وابووە ئەم مەسەلەیە هەر لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤەوەیە وەکو (ئارموجنس)، هەندێکیشیان وایدەبینن کە گونجاوی تەواو ناولێنراوەکانن، کە لەپێگەی ئەفلاتۆندایە ، هەندێکیشیان پێیان وایە بەدەست تێکەڵکردنن: هەندێکی دیان پێیان وایە کە هەرچۆن هاتووە خۆی ئیتر بەو شێوازە ڕێك کەوتووە بەو ئاستەی (ئەقراتس) کە یەکێك لە منداڵەکانی خۆی ناونا (ئەلف) و ئەویتریان ناونا (با)، هەندێکی تریش پێیان وایە کە بەدەست تێکەڵکردنن ، لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ ناولێنراوەکاندا گونجاون وەکو ئەرستۆ تالیس)[٥٢] .کە ئەمەش جەخت لەسەر هەڵوێستی ئەرستۆ دەکاتەوە کە هەڵوێستی دەست تێکەڵکردن و ڕێککەوتنە ، بەڵام هەڵوێستی دەست تێکەڵکردنی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو دەست تێکەڵکردنێکە کە لەسەر بونیادی گونجاندن و تەبایی دامەزراوە.

لێرەدا توانجێکی دی لەئارادایە، کە بەشێوەیەکی تایبەتترئاماژە بە پەیوەندی زمان بەدەنگەوەو پەیوەندی مرۆڤ بە ئاژەڵەوە دەکات، کە پاشان بەدرێژی دێینەسەری لەبابەتی (پەیوەندی زمان بەسیاسەتەوە) باسی لێوە دەکەین، گرنگی ئەم توانجە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە مەسەلەی دەست تێکەڵکردن لەڕووی پەیوەندی زمان بەدەنگەکانەوە دەخاتەڕوو، لەدەقی توانجەکەدا هاتووە ((پێویستە ڕێکخستنی ئەم ئاخافتنە بگۆڕدرێت و بەم شێوەیەی لێ بکرێت: سەبارەت بەو وتەیەمان کە دەست تێکەڵکردن ، لەم بوارەدا سەروەرە ئەوا لەو ڕوویەوە کە لەتوێی ناوەکاندا ناوێك هەبێ لەسەر ئاکاری خودی فۆرمەلەکرابێ ، بۆ نموونە دەنگی ئاژەڵان لەوانەیە بەڵگەبن هیچ شتێکیش لەو دەنگانە

---

52– هەمان سەرچاوە ،ل٢١.

ناونین تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێ کە ببنە بەڵگە، من پێم باشە بەم شێوەیە بێت: هەروەك بلاّ: زیادکردنمان بۆ سنوورەکانی ناو بەرێگەی دەست تێکەڵکردن لەو ڕوویە کە هیچ ناوێك بەئاکاری خودی ناو نییە، هەرچی زیادکردنەکانیشمانە کە بەڵگەکارن لەبەر ئەوەیە کە هیچ دەنگێك نابێتە ناو گەر نەبێتە بەڵگە))[٥٣] .

فارابی زۆر بە دوور و درێژی ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکات و نموونەی هەمەجۆریش دێنێتەوە و مەسەلەی لاسایی کردنەوەش دەخاتەسەری ،(فارابی) دەڵێت: ((ئەمە بیروڕای ئەرستۆ تالیسە لەبواری وتە و ئاخافتنی تەنهادا، چونکە کەسانێك هەن کە ئاخافتنە تەنها و ئاماژەکارەکان وادەبینن کە لەرێگەی دەست تێکەڵکردنەوە دەستەبەر نەبوونە، هەندێکیان ڕایان وایە کە بەگوێرەی ئاکاری سروشتی مرۆڤە، هەندێکیشیان پێیان وایە کە ئامێرێکە بە ئیرادە دەرهێنراوە، بەو شێوازەی کە ئامێرە پیشەییەکانی پێدەردەهێنرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەوان لەو باوەڕەدان، کە هەر ئاخافتنێکی بەڵگەکار پێویستە لاسایکەرەوەی مانا تایبەتەکە بێت ، ئاخافتنەکەش بەسروشت لاسایی کەرەوە بێت، هەروەك بە پەلەوەر بڵێین (پەپولە سلێمانە ـ هدهد) کە بەدەنگ لاسایی ئەم باڵندەیە بکاتەوە، لەوانەشە خۆ هەرهەموو لاسایی کردنەوە نەبێت، بەڵام هەندێ بەشەکانی وەکو (تەنبور ـ ساز) کە بەشی یەکەمی ئەم وشەیە لاسایی دەنگی ئامێرەکە دەکاتەوە. خەڵکانێکی تریش لەو باوەڕەدان کە وشە یەکەمەکان بە ڕێکسازی و بەدەست تێکەڵکردن فەراهەم دەبێت، جا ئەوەی کە لەیەکەمەوە داتاشراوە و ئەو ناوە پێکهاتووانەی کە لە ئاخافتنی یەکەمەوە داتاشراون ، ئەوا نەبەشێوازی ڕێککەوتن دەستەبەرنەبوونە، بەڵام سروشتی مەسەلە بەڵگە لەسەر دراوەکە بەناوێکی پێکهێنراوەوە پابەندکراوە، یان لەناوێکی داتاشراوی ئاخافتنە تەنها یەکەمەکانەوە پابەندکراون، کەسانێکی دیکە ئەم شتە

---

[53] - هەمان سەرچاوە ،ل ٢٢.

یان لەقسەلۆکەکاندا بەڕاست زانیوە، نەك لە ئاخافتنە تاك و تەنهاکاندا، ئەوان دەڵێن کە پێکهێنانی قسەلۆك ڕەدووی پێکهێنانی مەسەلەکان دەکەوێت، و لاسایی مەسەلە پێکهێنراوەکان دەکاتەوە، ئەم کەسانەش قسەکانیانمان لا پەسەندە، چونکە ئێمە قسەلۆکەکان لەو ئاخافتنانە لەیەك دەدەین کە ئاماژە بە بەشەکانی ئەو مەسەلە پێکهاتووە دەکەن ، کە وتەکە ئاماژەی بۆ دەکا و بەڵگەیە لەسەری، ئەرستۆ تالیس وا دەبینێ کە هەموو ئەو شتانەی کە باسمان کردن بە ڕێکسازی و بەدەست تێکەڵکردن دەستەبەردەبێت))[٥٤].

ئەم دەقە لەچەندەها ڕوووە بەپوختە و کورتەی هەڵوێستی فەلسەفیی سەر بە ڕەچەڵەکی زمان و پەیوەندی ناو بەناولێنراوەوە هەژمار دەکرێت، بەتایبەتیش بۆ هەڵوێستی ئەرستۆ، (فارابی)یش لە توانجەکەی خۆیدا ئەو ڕووە هەمەچەشنانەی خستەڕوو کە هەڵوێستە هەمەجۆرەکانی پێ ناوزەددەکرا لە هەمبەر ئەم لایەنە، چ ئەوانەی کە پەیوەندیان بە زەرورەتەوە هەیە و چ ئەوانەی کە پەیوەندیان بەدەست تێکەڵکردنەوە هەیە، بەهەمان شێوەش ئەوانەی کە بەجوداکاریە جۆراوجۆرەکانی نێوانیانەوە پەیوەندیان هەیە.

## ٢ـ دەربارەی پەیوەندی ئاخافتن بە واتاوە

ئەم پەیوەندییە کرۆکی زانستی (لۆجیك) و ڕەوانبێژی پێکدەهێنێ، و هەوڵیش دەدەین کە هەندێك لە بیروڕاکانی ئەرستۆ پێشکەش بکەین ، کە بە ئاستی لۆجیکەوە پەیوەستن ، لەم بوارە ئاستە ڕەوانبێژیەداو لەو بوارەی کە بۆ (مەجاز) و ڕەوانبێژی دیاریکراوە. ئەرستۆ باسی لە پەیوەندیەکانی نێوان ئاخافتن و مانا کردووە، ئەویش لە پەرتووکی (گوزارشت)دا و لەهەردوو گۆشەنیگای ڕاست و درۆ و دروست و هەڵەو نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەوە، ئەرستۆ دەڵآ ((لەدەرووندا لەوانەیە کە شتێك بەبێ ڕەچاوکردنی ڕاست و درۆ

[54]- هەمان سەرچاوە ،ل ٢٢.

مەعقولێ و پەسەندبێ ، لەوانەشە شتێك لەبەر زەرورەتی یەكێك لەو دووانە مەعقول بێت، سەبارەت بە دەنگەكانیش هەروایە، چونكە درۆ و ڕاست لەپێكهاتەو درێژكردنەوەدایە، ناوەكان و گوزارشەكان خۆیان لەمەعقول دەچن بەبێ هیچ پێكهێنان و درێژكردنەوەیەك، بۆ نموونە: گلێنەی چاو یان سپیاتی چاو بەو مەرجەی هەلاوێژتنێكی لێ ئەنجام نەدەین، چونكە ئەوە هەق و ناهەق نییە ، بەلام لەگەلێ ئەوەشدا بەلگەیەكە لەسەر ئەو شتەی كە ئاماژەی بۆ دەكات، هەروەها كە دەلێین (بزن ـ مەڕ) ئەمە ئاماژە بۆ مانایەك دەكات ، بەلام ئەم قسەیە ڕاست و درۆی تیادا نیە گەر بە وشەیەك یان مانایەك هەلاوێژتنێكی بۆ نەكرێ چ بەڕوون و چ بەنەبوونكێكی ڕووت یان لەزەمانێكدا ئەو شتەی بۆ بكرێت))[٥٥] .

ئیبن روشد كرۆكی ئەم دەقەی بەم قسەیە كورت و پوخت كرد: ((ئاخافتنەكان لەمانا مەعقولەكان دەچن ، ئەویش لەبواری شتێك لەوانەیە مەعقول بێت ، بەبێ ئەوەی كە قسەكە قابیلی ڕاست یا درۆ بێت، بەهەمان شێوە ئاخافتن لەوانەیە تێگەیشتنی ئاسان بێت ، بەبێ ئەوەی هەلگری درۆ یا ڕاست بێت، ئەگەری ئەوەش هەیە كە شتێكی مەعقول ڕاست یادرۆ بێت، هەروەها ئاخافتن لەوانەیە گوزارشت لەچەمكێك بكات، كە درۆ یان ڕاست بێت، ڕاست و درۆش بەگشتی لەمانا مەعقولەكاندا و لەو ئاخافتنانەدا هەن كە بەلگەن لەسەری ، ئەویش لەحالەتی یەكانگیركردنیان لە پێكهاتەیەكدا، یان جیاكردنەوەیان لەیەكتری، جا هەر كاتێك كە بەتەنهایی وەرگیرا، ئەوا ئەو حەلە ئاماژە بە ڕاست یا درۆ ناكات))[٥٦] .

لەم دەقەوە دەردەكەوێ كە ئاخافتن و ماناكان بەهای ڕاست و درۆ دەگرنەخۆ، ئەویش لەحالەتێكدا كە ببنە پێكهاتەیەكی چەند دۆزێك یان لەڕستەو گوزارشتەكان ، بەلام كاتێك

---

55- أرسطو ، كتاب (العبارة)، نقل اسحق بن حنين ، **هەمان سەرچاوە** ، ص ١٠٠.

56- **هەمان سەرچاوە** ،ل ١٦.

کە جیابن ، ئەوا بەهای ڕاست و درۆ هەڵناگرن، ئەرستۆ دەڵێت ((ناو وشە لەومانا تاکانە دەچن کە نەدرۆن نەڕاست ، هەر ئەویش بەبێ پێکهاتەو درێژی وەردەگیرێ، بۆ نموونە دەڵێین: گلێنەی چاو و سپیاتی، چونکە کاتێك کە لەگەڵیدا جووت نەبێ و پێیەوە نەلکێ، ببێ یان نەبێ ئەوا ئەوکاتە نەدرۆیەو نەڕاست ، بەڵکو ئاماژەیە کە بۆ ئەو شتە کە هێمای بۆ کراوە بەبێ ئەوەی کە ئەو شتە بەڕاست یان درۆ ناوزەد بکرێت))[٥٧] . بەو مانایەی کە ئاخافتنە تاکەکان بەڕۆڵی هێماکان هەڵدەستن، بەبێ ئەوەی ئەو ئاماژەیە بەڵگەیەك بێ لەسەر درۆ یان ڕاست، جا پاش هەردوو ئەم پێشەکیە سەرەکییە، پێشەکی ئەوەی کە ئاخافتنەکان لەماناکان دەچن، ئەویش لەڕووی ڕاست و درۆوە ، هەروەها پێشەکی ئەو ئاخافتن و مانایانەی کە بەهای ڕاست و درۆیان لەسەر جێبەجێ دەبێ، کە ئەو ئاخافتن و مانا پێکهێنراوانەی ناو ڕستەو دۆزو گوزارشتەکانن، ئەرستۆ مل دەنێتە ناو توێژینەوەی ورد و درشتی توخمەکانی زمان، کە پێشنیازی زمانەوانی لۆجیکی، لەیەك بۆتەدا کۆدەکاتەوە، و لەهەمان کاتیشدا کرۆکی چەمکی ناو دەخاتەڕوو ، کە دەکرێتە سەر چەند بەشێکەوە سادە و پێکهێنراو ، بەدەستخراو و بەدەستنەخراو (المحصل و غير المحصل) ، داتاشراو و دانەتاشراو (المصرف و غير المصرف) ، کە ئەمانەش لەنێو خۆیاندا دابەش دەبن بەسەر لۆجیکی و زمانەوانی، کە تیایدا نیازمەندیمان بەدرێژدادڕی نییە ، چونکە مەرامەکانیان لۆجیکین و بنەماکانیشیان زمانەوانین بەهەروەك لەپاشاندا ڕوونی دەکەینەوە ئەو شتەی کە دەشمانەوێ ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە ئەرستۆ جارێکی دی دۆزی دەست تێکەڵ بوون لەتازەوە لەمەسەلەی ناو پێشنیاز دەکاتەوە و دەڵا: ((کە دەڵێین بەدەست تێکەڵ بوون لەو ڕووەوەیە کە هیچ ناوێك بەسروشت ناو نییە مەگەر ببێتە بەڵگەیەك،

[57]- هەمان سەرچاوە ،ل ٤٠.

چونكە ئەو دەنگانەی بەپێی ئەو بەهەمان شێوە نانووسرێن ، بەڵكو بەڵگەن لەسەری وەكو دەنگی ئاژەڵان بەهیچ شێوەیەك ناونین))[٥٨] .

ئەوەش بە ڕاستی مانای وشە و قسە دەخاتەڕوو كە دابەش دەكرێتەسەر (تەواو و ناتەواو) . تەواویش دابەش دەبێتە سەر (جازم و غیر جازم) ، ناتەواویش دابەش دەبێتە سەر سنوورو نیگارەكان، هەروەك كەرستە دابەش دەبێتە سەر یەك ، جگە لەو دابەشكردنانەی كە دەچنە بواری لۆجیكەوە، چونكە جەخت لەسەر لایەنە سادەو پێكهێنراوەكان دەكەن و هەمبەر لایەنەكانی خاوەن ئاراستەكان دەبنەوەو بەرامبەر بەكارهێنانی ئاراستەكارەكانیش دەبنەوەو دژ بەدۆزەكان ڕادەوەستن.[٥٩]

بەڵام ئەو شتەی كە پێویستە لەم بوارەدا بیچەسپێنین، ئەوەیە كە بەهای ڕاستی لەسەر وشە و لەسەر ناو جێبەجێ نابێت ، كەچی ڕستە بە بەهای ڕاست و درۆوە سنوور ڕێژكراوە.

مەبەستیشمان لە ڕستە لێرەدا ئەو ڕستە هەواڵیانەیە كە وەسفی لایەنی لۆجیكیان لەسەر جێبەجێ دەبێ، ئەمەش لایەنێكی بابەتەكەیە كە لەم پێگەیەدا باسی لێوە ناكەین، چونكە زیاتر بەلۆجیكەوە پەیوەستە نەك بە زمانەوە.

هەرچەندە لەدەقەكانی ئەرستۆدا كە پێشتر باسمان لێوەكرد ، وێكچوون لەنێوان زمان و لۆجیكدا هەیە ، لەلایەنەكانی زمان و لۆجیك دەكۆڵێتەوە كە پێویستیمان بە هێما و بە شیتەڵكاری نییە، بەتایبەتی پاش ئەوەی كە فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئارنست كاسیرەر) لەپەرتووكەكەی خۆیدا (دەروازەیەك بۆ فەلسەفەی ژیاری مرۆڤایەتی) و ئیمێل بنفنیست لەپەرتووكی (مەسەلەكانی زمانەوانی گشتی) ڕووناكی خستەسەری، هەروەك پێشووتر باسمان لێوەكرد (ئارنست كاسیرەر) دەڵێ (زاراوەی ((لوغوس))) لە فەلسەفەی گریكیدا

---

[58] - هەمان سەرچاوە ،ل ١٠٠.

[59] - هەمان سەرچاوە ،ل ١٠٣ ـ ١٣٣.

هەمیشە بیرۆکەی وێکچووی سەرەکی لەنێوان کاری وتن و کاری هزردا دەبەخشێ، کە ئەم بیرۆکەیە بەهێزتر دەکات، جا فەیلەسوفەکانی یۆنان لەو گومانەدابوون کە ڕێزمان و لۆجیك دوو لقی جودای لقەکانی مەعریفەن ، کە مادە تیایاندا وێکچووە ، تەنانەت ئەو لۆجیکناسانەی کە سیستەمە هزریەکانیان لۆجیکی ئەرستۆ تالیسی دێرین دووریانی کردەوە تا هەنووکە لەسەر ئەو ڕایەن))[٦٠] .

جا گەر کاسیرەر لەڕووی مێژووییەوە وێکچوویی و بۆچوونەکانی فەیلەسوف و لۆجیکناسانی بەباش دەزانی، ئەوا (بنفنیست) شیتەڵکاریەك بۆ مەسەلەکە پێشکەش دەکات، واتە مەسەلەی وێکچوویی و هاوکوفی، ئەویش لەڕوانگەی زمانەوانی و پشت بەستن بە وتەگەلی ئەرستۆ، لەمبارەیەوە دەڵێ: ((مەبەستی ئەرستۆ لە ئامادەکردنی نەخشەی ئەم وتەگەلە ئەوەبوو کە هەموو هەڵگرە شیمانەکانی دۆزەکە بژمێرێت، بەو مەرجەی کە هەموو سنوورێك بەڵگە ٢١و ئاماژەیەك پێك بهێنێت و لەحاڵەتێکی دابڕاو و گۆشەگیردا بێت، واتە لەتوێی پێکهاتەیەکدا نەبێت، ئەرستۆ بەبێ ئەوەی بزانێت پێویستی هەواڵگریی کردە پێوانەیەك ، تاکو هەر هەڵگرێك لەو هەڵگرانەی مانا گوزارشتێکی جیاکاربێت، چونکە ئەو بەبێ هیچ حەزو ئارەزوویەك بۆ ئەم مەسەلەیە چووبووە ناو جەنجاڵی دۆزینەوەی ئەو جیاکاریانەی کە زمان لە نێوان بەشە سەرەکیەکانی شکڵ و شێوازەکاندا نمایانی دەکات، کەواتە بەجۆراوجۆری و جوداکاریەکانی خۆیان ئەم بەشانە بەڵگەیەکی زمانەوانی بەدەست دێنن. ئەرستۆ لەو باوەڕەدابوو کە سیفەتەکانی بابەتەکان دەست نیشان دەکات ، بەڵام ئەم کارەی نەکردو تەنها لەڕووی دانانی چەند کائینێکی

---

60- أرنست كاسيرر، مدخل الى فلسفة الحضارة الأنسانية، ترجمة احسان عباس، بيروت، دار الأندلس، ص ٢٢٥.

زمانیەوە نەبێ، چونکە زمان بەپێی وتەگەلە تایبەتەکەی ئەو بوار بۆ ناساندنی ئەو سیفاتانەو دەست نیشانکردنیان دەرەخسێنێ))[٦١] .

بنفینست پێی وایە کە ئەرستۆ زۆر سودی لەتوێژینەوەی زمانی یۆنانی بینیوە،چونکە شیتەڵکاری وتەگەلی ئەرستۆ لەبونیادی تایبەتی زمانی یۆنانیەوە هەڵگۆزراوە، بەڵام ئەرستۆ هەموو پێکهاتەی زمانی یۆنانی تەوزیف نەکردبوو، بەڵکو هەستا بەهەڵبژاردنی هەندێك لەو لایەنانەی زمان و بەکارهێنانیان بۆ مەرامی تایبەت، چونکە ڕێزمان هزرو بیری ئەرستۆ مژوڵ نەکردبوو ، بەڵکو پێوانە لۆجیکی ئەنتۆلۆجیەکانی زیاتر لامەبەست بوو، هەرچەندە بیرۆکەیەکی باو لەمێژووی فەلسەفە و لۆجیکدا هەبوو، کە ناوەڕۆکەکەی ئەوەبوو کە وتەگەلی ئەرستۆ مادام وتەگەلێکی زمانی یۆنانییە و وتەگەلی هزریش وتەگەلێکی زمانە ، کەواتە ئیتر ئەو کۆششانە بەزمانی یۆنانیەوە لکاون و بەوەوە تایبەتن.[٦٢]

## ٣ـ زمان و مەجاز

گوتار شێوازێکە لە شێوازە هەمە چەشنەکانی جوڵاندنی هزر لەبۆتەی زماندا، پەیدابوونی گوتاریش لەهزری ڕۆژئاوایدا بەقۆناغێکی سەرەکی هزری دادەنرێت لەچێوەی زماندا، ئەو کۆششانەی کە ئەرستۆش پێشکەشی کرد، لەلای هەموو توێژەران بەرێسایەکی سەرەکی بیرکردنەوە لەزمان و گوتاردا هەژمار دەکرێت، پەرتووکەکەی ئەرستۆ کە ناوی (گوتار)ە ، تاکو ئەمڕۆ بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ هەموو تێفکرینێکی زمانەوانی و گوتاریی هەژمار دەکرێت، جا ئەو پەرتووکە سێ وتاری گرتۆتەخۆ ، کە یەکەمیان باس

[61] -Emil benven iste, problem's linghistigues generale, Gallimard, paris, 1966, p. 10.

[62] -sylvain Anronx, Laphilosophie du langage, p. ll.f., paris 1996, pp. bl, 132.

لەپەیوەندیەکانی گوتار بەو مشتومڕەوە دەکات، دووەمیشیان باس لەچۆنێتی کارکردن لەسەر دەروون دەکات ، بەشی سێیەمیش تایبەتە بە بەشەکانی گوتار ، کە لەم پێگەیەدا مەبەستمانەو باسی لێوە دەکەین، چونکە ئەم مەسەلەیە تێفکرینێکی ڕاشکاوانەی زمان و ئاخافتن و شێوازەکانە، بەڵام پێش شیتەڵکردنی ئەم وتارە بەتایبەتی ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە ئاخافتنەکانەوە، لەسەرمان پێویستە کە چەمکی گوتارو چەند جیاکاریەکی بخەینەڕوو ، ئەویش بەو شێوازەی کە ئەرستۆ فۆرمەلەی کرد و ئیبن روشدیش لە (کورتکردنەوەی گوتار)دا توانجی لەسەر نووسی بوو.

ئەرستۆ پێی وایە کە گوتار لەمشتومڕ دەچێ، چونکە هەردووکیان ئاراستەی خەڵکانێکی دی دەکرێن، و دوو مەرامی سەرەکییان هەیە: یەکەمیان دنەدانی بەرامبەرە بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە، دووەمیشیان شیاوبوونیەتی بۆ خەڵکانێکی دی جگە لە ئەوانەی کە سەرقاڵی سەلماندنن، کە بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت((هێزێکە لەکۆششدایە تا دەکرێ بۆ قەناعەت هێنان بەهەموو شتێکی تاك و تەنهان))(٦٣).

جا بەبێ چوونە ناو وردەکاریەکانی پێناسە و پەیوەندیەکانی ، ئێمە زیاترو پتر گرنگی بە ئاخافتن دەدەین ، چونکە لەلای ئەرستۆ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەچەمکی زمان و شوێنگە تایبەتیەکەیەوە هەیە. ئایا گوتار چ پەیوەندیەکی بە ئاخافتنەوە هەیە ، ئەرستۆ دەڵێ: ((وتە لەو حاڵەتانەی ئاخافتندا کە گوزارشتێکی تەواو لە ماناکان و باشترین شێوازی تێگەیاندن دەکات ئەوە بۆ گوتارەکانی سەلماندنی زۆر پێویستن، جگە لە قسەلۆکە ڕەوانبێژیی و شیعرییەکان ، ئەویش لەڕوانگەی بەکارهێنانیان لەبواری گوتاری سەلماندندا هەموو ئەم پرۆسەیەش لەبەرئەوەیە کە بوون و بەدەستهێنانی سەلماندن ئاسانتروساناترو

[63] - ئیبن روشد، تلخیص الخطابة، حققة وقدم له الدكتور عبدالرحمن بدوی الكويت، وكالة المطبوعات/ بيروت، دار القلم، (د. ت)، ص ١٥.

واژیتربێ، وەك ئەوەی بوترێ کە پێویستە ئاخافتنە بەکارهێنراوەکانی ناوی بەدەست تێکەڵکردن بن و بە هاوبەش بوون نەبن، ناسراو و شۆرەتداریش بن لای هەمووان، یان لەلای خاوەنانی ئەو پیشەیەی کە ئەو سەلماندنەی تیادا بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە باهاوبەشیش بن و سەرتاپای ئەو مانایانەی کە دەربارەیان دەوترێ زمانی هاوبەش و لەسەر ئەو مانایانە سەلماندنێك بەجودا ئەنجام دەدرێت، چونکە ئاخافتنەکان لەو حەلەدا وەك هاریکاریەکە لەبواری باوەڕپێکردنێك کە سەلماندنی بەدەستهێنرابێ و هێزەکەشی لە پیشەکانی دیدا هەروەك حاڵە بەو شێوەیە هاریکاریەك دەخرێتە سەر ریتمی باوەڕپێکردنی بەکارهێنراو لەناویاندا ، هەرچەندە گەر جوداش بن))[٦٤] .

پاش ئەم پێناسەیە ، ئەرستۆ ئاخافتنەکانی ڕەوانبێژی دابەش کردۆتە سەر ئاخافتنە تاك و تەنهاکان. جا ئیتر ناو یان وشە یان پیت بن، ئەویش بەدەوری خۆی دابەش دەبێتەسەر هەشت بەش ، کە یەك ئاست و گۆڕانکارو شازو قەشەنگئامێزو پێکهێنراو و هەڵەگیرو دانراون[٦٥]

بەڵام ئەو بابەتە سەرەکیەی کە ئەرستۆ لە (هونەری شیعر)دا پێشنیازی کردبوو، بەبێ هیچ یەك و دوو یەك بابەتی (مەجاز) بوو بەگشتی و بەتایبەتیش بابەتی (خواستن) بوو، ئەویش لەکاتێکدا بوو کە (ناو)ی دابەشکردە سەر (ناوی ڕەسەن) و (ناوی خوازراو) و (ناوی جوانکار) ،پاشان خواستنی پێناسەکرد بەوەی کە گواستنەوەی ناوی شتێکە بۆ شتێکی دی، واتە یا لەڕەگەزەوە بۆ جۆر دەگوازرێتەوە، یان لەجۆرەوە بۆ ڕەگەز دەگوازرێتەوە یان لەجۆرەوە بۆ جۆر یان بەرێگای (بۆنە)وە دەگوازرێتەوە، هەروەها لەدروستکردنی شیعردا شوێنی خواستنی خستەڕوو ، کە دەڵێ: ((زۆر گرنگە کە بۆنەکان لەبەکارهێنانی هەموو ئەم

64 - هەمان سەرچاوە ،ل ٢٥٣.

65 - هەمان سەرچاوە ،ل ٢٥٤.

جۆرانەی کە ناومان هێنان ڕەچاوبکرێن ، بەهەمان شێوەش لەبەکارهێنانی وشە دووپاتکراوەکان و وشە شازەکان، بەڵام مەزنترین و گەورەترین ئەم شێوازانە ، شێوازی (خوازراو)ە، چونکە ئەم شێوازە تاکە شێوازێکە کە بەبێ ئەو سوودێکی ئەوتۆمان دەست ناکەوێت ،کە موعجیزەی بەهرەیە، چونکە بنەماو یاساکانی خواستن مانای بەڵەد ڕوونە بە ڕووکانی وێکچوون و لێکچوون)).[٦٦]

دامەزرێنەری فەلسەفەی ڕەوانبێژی هاوچەرخ (ئا.ریچاردز)دەڵێ: ((نازانم مەودای گرنگی ئەم تێبینیە چەندە، یان مەودای بەرپرسیاریەتی ئەم دەقە لەهەست و نەستماندا چەندە ، ئەویش بەوەی کە ئەو شتانەی ئاساین کە دەیانڵێین، تەنها هەر ئەوە دەڵێم کە تێبینی کردنی ئەم دەقە تەنانەت بۆ چرکەیەکیش لەسەرەتاوە پەردە لەسەر ئامادەگی پووچەڵی سێ گریمانە هەڵدەداتەوە، کە لەوکاتە لەمپەری خستە پێش ئەم (شتە مەزنە) لەوەی کە شوێنگەی شیاوی خۆی لەتوێی ئەم توێژینەوەیەماندا وەربگرێت، هەروەها ئاستەنگی خستە نێوان ئەو و نێوان پێشڤەچوونی تیۆریی و کردەیی لەهەموو ڕووەکراوەکانی بەرامبەری[٦٧] .جا ئەم ڕەخنەگرە ئەدەبییە سێ گریمانە پێشکەش دەکات ، ئەویش لەبواری ئاراستەکردنی ڕەخنە بۆ (مەجاز) لەلای ئەرستۆ کە ئەمانەن:

**گریمانەی یەکەم: ئەوەیە کە ئێمە لەگوزەرگای بینینی وێکچووەکانەوە قسە دەکەین و دەژیین .**

**گریمانەی دووەم: تاکەکەس توانست لە خواستن وەردەگرێت ، هەروەکو چۆن شتی تر فێردەبێت .**

[66] - ابن رشد، تلخيص كتاب اشعر، تحقيق الدكتور چارلز بتروث والدكتور احمد هريدى، الهيئة المصرية العامة للكتاب ،١٩٨٦، ص ٥٣.

[67] - **ريچاردز** ،(فلسفة بلاغة) ، ترجمة ناصر حلاوى وسعيدالغانمى، في مجلة العرب والفكر العالمى، العددان الثالث عشر والرابع عشر، ١٩٩١، مركز الانماء القومى، ص ٣٧ ـ ٤٠.

**گریمانەی سێیەم : خواستن شتێکی تایبەتی و دەگمەنە لە بەکارهێنانی زمانەوانیدا ، یاخود لادانە لە شێوازی ئاسایی بەکارهێنان لە جیاتی ئەوەی ببێتە بنەمایەکی سەرەکی و ئامادەیی ئێکجارەکی لە چالاکی زمانەوانی سەربەست .**

ئاماژە بەم گریمانانە ، ڕەخنەگر دەگاتە ئەم بیرۆکەیە (( تیۆری لاساییکردنەوە تێبینی چەند شێوازێکی کەم دەکات لە خواستن و زاراوەشدا لەچەند شێوازێك چڕی دەکاتەوە ، بە هۆیەوە وا دەکات خواستن ببێتە مەسەلەیەکی درکاو ، مەسەلە گوێزانەوە یاخود گۆڕینەوە بە وشەکان . لە هەمان کاتیشدا لە بنەڕەتدا بریتییە لە خواستنەکان و پەیوەندییان بە فیکرەوە و، کارێکە بۆ گواستنەوە لە نێوان دەقەکاندا بەکاردێت . بیرۆکەی خواستن بە هۆی بەراوردکارییەوە کاردەکات ،و لەوێوە خواستن دەچێتە نێو زمانەوە )) .[٦٨]

**•بڕوانە :**

**د. الزواوي بغورة ، الفلسفة و اللغة _ نقد (المنعطف اللغوي) فى الفلسفة المعاصرة ، دار الطليعة ، بيروت ،٢٠٠٥ ، ص١٧- ٣٣ .**

[68]- هەمان سەرچاوە ،ل ٣٨.

## پەیوەندی نێوان وشە و فرێز و ڕستە

زمانەوانان لە باسکردنی ریزبوونی کەرەستەکان ناکۆکن، بەتایبەتی لە دیاریکردنی کەرەسەی گەورە و بچووکی نێو ڕستە ،لەوانە زمانەوانی ئەمریکی (چۆسکی) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێ لە گەورەترین کەرەستە و دانەی ڕێزمانییەوە دەست پێ بکەین هەتا دەگاتە خوارەوە ، واتە:

لە ڕستەوە بۆ فرێز، لە فرێز بۆ وشە، لە وشە بۆ مۆرفیم، لەمۆرفیم بۆ فۆنیم، لەفۆنیم بەرەو دەنگ.

بەڵام (دی سۆسێر) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێ لە بچووکترین دانەی زمانەوە دەست پێ بکرێ ، واتە: لەدەنگەوە بەرەو فۆنیم، لە فۆنیمەوە بەرەو مۆرفیم، لە مۆرفیمەوە بەرەو وشە، لە وشە بەرەو فرێز، لەفریزەوە بەرەو ڕستە.

دیارە ئەم ناکۆکیەی نێوان زمانەوانە گەورەکان لەلایەك و لەلایەکی ترەوە زمانەوانە کوردەکانیشی گرتۆتەوە، بەڵام ئەوەندە نەبێ کە هەریەك لەم کەرەستانە لەسنووری ئاستی خۆیدا کاردەکات، ئەگەرچی زۆر جاران ئەم کەرەستانە ئاستی خۆیان دەگۆڕن، واتە لەئاستێکی زمانیەوە دەچن بەرەو ئاستێکی تری زمانییەوە.

لەئاستی دەنگسازیدا، کە هەردوولایەنی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی دەگرێتەخۆ ، ئەوا ئاماژە بەهەردوو کەرەستەی دەنگ و فۆنیم دەکات و، لەئاستی مۆرفۆلۆجیدا ئاماژە بەمۆرفیم و وشە دەکرێت. لەئاستی ڕستەسازیشدا ئاماژە بەفرێزو ڕستە دەکرێت.

بەڵام وەکو لەپێشەوە ئاماژەمان پێ کرد، هەندێ جار سنووری نێوان ئاستەکان نامێنێ، بەو واتایەی کە کەرەستەیەك دەتوانرێ لەچەندین ئاستی زمانەوانیدا لێی بکۆڵرێتەوە ، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم دوو نموونەیە بکەین :

(خوارد، هات)

١ـ نانەکەی خوارد .

٢ـ سێوەکەی خوارد.

٣ـ ئازاد هات.

٤ـ ئەو هات.

لە ڕستەکانی یەکەم و دووەمدا ، ئەگەر بمانەوێ لەڕوانگەی مۆرفۆلۆژییەوە سەیری کەرەستەی (خوارد) بکەین ، ئەوا بەم شێوەیە ڕوونی دەکەینەوە:

(خوارد) کاری ڕابردووی تێپەڕە ، سادەیە .

بەهەمان شێوەش ڕستەکانی (٣، ٤) ئەگەر لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژییەوە سەیری بکەین ، ئەوا بەم شێوەیە کەرەستەی (هات) ڕوون دەکرێتەوە:

( هات ) کاری ڕابردووی تێنەپەڕە ، سادەیە .

واتە لە ڕوانگەی وشە دەبێت بەشەکانی ئاخاوتن (ناو، جێنا، ئاوەڵناو، کار، ئاوەڵکار، ژمارە ، پریپۆزشن، ئامرازی پەیوەندی ،ئامرازی سەرسوڕمان ، پارتێکل) دیاری دەکەین ،دواتر مۆرفیم و جۆرەکانی مۆرفیم و بڕگە و جۆرەکانی دەخەینە ڕوو.

بەڵام ئەگەر لەڕوانگەی فرێزەوە سەیری ڕستەکانی (١، ٢، ٣، ٤) بکەین ، ئەوا دەبێ بەم شێوە ڕوونی بکەینەوە:

(خوارد) فرێزی کارییە ، کە پێکدێت لە : ڕەگی کاری(خۆ) ، (ا) کاتی رابوردوو ، (مۆرفیمی سفر) بکەرە.

(هات) فرێزی کارییە ، کە پێکدێت لە : ڕەگی کاری(هێ) ، (ت) کاتی رابوردوو ، (مۆرفیمی سفر) بکەرە.

واتە دەبێ سەرەتا فرێزەکان دیاری بکەین ،دواتر جۆری فرێزەکان دەست نیشان بکەین.

بەڵام ئەگەر لەڕوانگەی ڕستەسازییەوە سەیری ڕستەکان بکەین ، ئەوا دەبێ لەدەستپێکدا جۆری ڕستەکان لەڕووی ناوەرۆکەوە (سادە، لێکدراو، ئاڵۆز) دەست نیشان بکەین ،دواتر وئەرکەکانیان بخەینە ڕوو:

ئەو هات .  ◄——  ڕستەی سادە

ئەو  ◄——  بکەرە

هات  ◄——  کاری ڕابردووی تێنەپەڕ

نانەکەی خوارد .  ◄——  ڕستەی سادە

ی  ◄——  بکەرە

خوارد  ◄——  **کاری رابوردووی تێپەڕ**

**کەواتە سنووری کەرەسەکان تێکەڵبوون و ئاەژانکردنی تێدایە ، بە هۆیەوە دەتوانرێ کەرەسەیەك چەندین شێوازی جۆراوجۆر ببینیێ.**

***ئـــەم وتـــارە لـــە (ر.زانکـــۆپرێس)،ژمـــارە(٣)،پێنجـــشەممە ،٢٠٠٨/٥/١،ل٤ بڵاوکراوەتەوە .**

## ئایا کورد زمانی یەکگرتووی هەیە ؟

زمان هۆکارێکە بۆ لەیەکتر گەیشتن و حاڵی بوون ، کە بە هۆیەوە مرۆڤ بە کۆمەڵ دەبەستێتەوە . دیارە هەر نەتەوەکیش خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیەتی. زمانی کوردیش یەکێکە لە زمانە زیندووەکانی خێزانی هیندۆ ئەورووپی ، کە خاوەنی سیما و خاسیەتی تایبەت بە خۆیەتی .

هەر زمانێکیش لە زمانانی جیهان گەر وەرگرین ، دەبینین لە چەند دیالێکت و بەشە دیالێکتێك پێك دێت ، دواتر یەکێ لەم دیالێکتانە جا بە هۆی تێکەڵاوییەوە بێت یاخود زاڵ بوون بێت یاخود بە هۆی سەپاندنییەوە بێت کراوە بە زمانی یەکگرتوو و زمانی فەرمی شوێنەکە ، بۆنموونە زمانی عەرەبی بە هۆی کاریگەری هۆزی قورەیش توانی خۆی بسەپێنێتە سەر گۆڕەپانەکانی لایەنی ئابووری و ڕۆشنبیری ، چونکە ئەوکات شاری مەککە مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانی و ڕۆشنبیری بووە ،بەهۆیەوە لەلایەکەوە زۆربەی پێشبڕکێیە شیعرییەکان لە شاری مەککە ئەنجام دەدران ،لەم حاڵەتەشدا هۆزی قورەیش توانیبووی زمان و ئاخاوتنی قورەیش بەسەر شێوەکانی تری ئاخاوتنی عەرەب زاڵ بکات . لەلایەکی تریشەوە زۆربەی کاروانەکانی بازرگانی یان بۆ شاری مەککە بوون یاخود بۆ شوێنی تر بوون ، بەڵام هەر بەم شوێنەدا تێپەڕ دەبوون .

دواتریش کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هات ، هەر بەم شێوەیەی قورەیش دابەزی و بە نێو خەڵکدا بڵاوبۆوە ، کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ زمانی یەکگرتوو و فەرمی نەتەوەی عەرەبە لە هەموو شوێنێك . جا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم هۆکارە لە سەرەتادا ناوچەیی بوو دواتر بووەتە هۆکاری ئایینی لە دامەزراندنی زمانی یەکگرتووی عەرەبیدا .

یاخود هەندێ جاریش دەسەڵات ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە دروستبوونی زمانی یەکگرتوودا، واتە کاتێ پارتێکی سیاسی یان ڕێکخراوەیی دێتە سەر تەختی دەسەڵات ، بەهۆیەوە بڕیارێك دەردەکات بۆ سەپاندنی شێوەیەك لە شێوەکانی دیالێکتێك ، و دەیکات بە زمنی فەرمی و یەکگرتووی ئەم شوێنە ، باشترین نموونەش ئەتاتورك بوو ، کاتێ کە هاتە سەر تەختی تورکیا ، ئیتر هەموو دژیاتییەکی دژی ئیسلام و ئایینەکەی دەربڕی ، بەهۆیەوە زمانی عەرەبی رەفز کردەوە و شێوەی لاتینی کردە ئەلفوبێی ستاندەر و نووسینی ئەم وڵاتە .

یانیش هەندێ جار شێوەی نووسینی ئەدەبیاتی بەرز دەبێتە ڕێخۆشکەرێك لەبەردەم دروستکردنی زمانی یەکگرتوودا، دیارە ئەم هۆکارە زیاتر لە سەر زمانی ئینگلیزی پێڕەو دەبێ ، چونکە هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە کە شاکارە بەرزەکانی (شکسپیر)هۆکاری سەرەکی بوونە لە جێگیر بوونی ئەو شێوە ئاخاوتنەی کە ( شکسپیر) پێی نووسیبوو ، چونکە وەك دەرکەوتووە کە دواتر کەسانی تر هاتوون لاسایی شکسپیریان کردۆتەوە و بەم شێوە ئاخاوتنەی (شکسپیر) نووسینەکانی خۆیان بڵاو کردۆتەوە .

ئەوانەی ئێمە لە پێشەوەدا ئاماژەمان پێکردوون ، چەند سەرە قەلەمێك بوو لە چۆنیەتی هاتنە کایەو دروستبوونی زمانی یەکگرتوو ، وئەوەی ئێمە لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین زمانی یەکگرتووی کوردییە ، چونکە بەداخەوە ماوەیەکە هەوڵی ئەوە لە ئارادایە زمانی ستاندەر و یەکگرتووی کوردی لە ژێر ناوی جیاجیادا لەکەدار بکەن و بەرەو چارەنووسێکی نادیاری بەرن ،کە ئەمەش بەداخەوە وەکو وتمان زەنگێکی ترسناکە بۆ نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستاندا ، لەبەرئەوەی دیاردەکانی خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ڕۆژ دوای ڕۆژ نزیك دەبنەوە ، کە

ئەمەش پێویستی بە خۆمادەکردنی کەرەسە سەرەکییەکانی دەوڵەت دەکات ، دواتر پێشمان خۆش بێت یان نا ، ئەوا کرمانجی ناوەڕاست توانیویەتی خۆی بسەپێنێت وەکو زمانێکی یەکگرتوو و ستاندەر بۆ نەتەوەی کورد ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە دژی دیالێکتەکانی تری کوردین ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەکرێ سوودێکی زۆر لە دیالێکەکانی تری کوردی ببینرێت ، ئەمیش بەوەرگرتنی کەرەسەی شیاوتر و گونجاوتر بۆ زمانەکەمان .

لەلایەکی تریشەوە دیالێکتەکانی ( کرمانجی خواروو ، گۆران ) ڕاستەوخۆ خۆ بەدەستەوەدانی خۆیان خستۆتە ڕوو ، ئەمیش بەهۆی زاڵبوونی کرمانجی ناوەڕاست بە سەر ئەم دوو دیالێکتەوە ، بەهۆیەوە نووسەران و شارەزایانیان دەمێکە بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست دەنووسن ، بەبێ ئەوەی تووشی هیچ گیروگرفتێك ببنەوە .

بەڵام بەداخەوە هەندێ نووسەرو شارەزای کوردی خۆیانە لەم ڕاستییە دەدزنەوە ، و دان بەم ڕاستییە دانانێن ،بەڵکو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کورد دوو زمانی یەکگرتوو و ستاندەری هەیە ، بە واتایەکی تر کوردستان بە سەر دوو ناوچەی جیاجیا دابەش دەکەن ، هەروەك چۆن نیشتمانەکەشمان لەلایەن داگیرکەرانەوە بە سەر چەندین ناوچەی جیاجیا دابەشکراوە، بەڵێ ئەوەی داگیر کەران پێیان خۆشە کە کورد هەمیشە لە تەنگەشە و ئاژاوەدا بژی و چارەسەری کێشەو ئاریشەکانی خۆی نەکات .

جێگای خۆیەتی لێرەدا بەڵگەی ستاندەر بوونی کرمانجی ناوەڕاست لە قۆناغی ئەمڕۆی کوردستان بخەینە ڕوو ، ئەویش ئەوەیە کە هەر سێ دەسەڵاتی گەورەی هەرێم ، جەنابی مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێم و جەنابی نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جەنابی عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان هەموو نووسراو و ئاخاوتنەکانیان بەم دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستەیە ، ئەگەرچیش ئاخاوتنی سەرەکی هەردوو سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە بنەچەدا کرمانجی سەرووە . بەڵێ ئەمانە بەڵگەی زیندوون لە زاڵبوون و ستاندەر بوونی کرمانجی ناوەڕاست لە نێو نەتەوەی کوردا ، بەڵام نازانرێ هۆکاری چییە کە تازە بە تازە وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەوڵی ئەوە دەدات کە زمانێکی یەکگرتوو و ستاندەری مۆدێل نوێ بۆ کورد دروست بکات؟!!!.

بەڵێ ئەگەر خۆمان لە ڕاستییەکان نەدزینەوە ، ئەوا دەگەین بە ڕاستییەکی زانستی و واقیعی بۆ مەسەلەی زمانی ستاندەری کوردی ، هەروەك چۆن لە پێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد.

جێگای خۆیەتی کە لێرەدا ڕەخنە لە بۆچونەکانی ( د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ و جەمال نەبەز ،......هتد) بگرین ، کە بەداخەوە لە دیاری کردنی زمانی یەکگرتوو و ستاندەری کوردیدا تووشی هەڵەی گەورە بوونە ، هەر ئەم هەڵانەشە وای لە کەسانی تر کردوو هەمان هەڵە دووبارە بکەنەوە لە دەست نیشان کردنی زمانی ستاندەری کوردی ، چونکە هەریەك لەم بەرێزانە بڕوایان وایە کە کورد دوو زمانی ستاندەری هەیە ؟!! کە ئەمەش نەك هەڵەی زانستی بە تەنیا بەڵکو هەڵەی واقعیشە ، لەبەر ئەوەی ئەمانە کەسانی ئەکادیمی و زانستین ، ناشێ هەڵەی لەمجۆرە بکەن .

سەرباری ئەم دەهەموو شتانەش لە ڕووی زانستییەوە دەکرێ زمانی یەکگرتوو و فەرمی وڵات زمانێکی تر بێت ، واتە دەکرێ پەنا بەرینە بەر زمانی ئینگلیزی و لە هەموو ئەم قسە و گفتوگۆیانەش ڕزگاربین ، هەروەکو چۆن هیندستان کە خاوەنی

دەیەها زمان و دیالێکتی گەورە و بچووکە ، کەچی زمانی سەرەکی وڵات زمانی ئینگلیزییە ، هەر ئەمەشە وایکردوو کە خوێندن لەم وڵاتەدا لەوپەڕیی پێشکەوتوویی بێت ، بەتایبەتی لە بواری زمانی ئینگلیزیدا ، بەڵگەش بۆ ئەمە نیوەی مامۆستای زانکۆکانی بەریتانیا خەڵکی هیندستانن . بەڵام دیسان لە ئەوە دەترسێم کە کۆمەڵێك نەیاری ترمان بۆ دروست بێت و بڵێن ئێمەیان بەرەو کوفر و لادان برد !!.

لەکۆتایشدا جێگای خۆیەتی ئەوە بڵێین کە لە سەر جەنابی سەرۆکی هەرێم گەرەکە کۆتایی بەم مەسەلەیە بهێنێت و بڕیارێکی پێویست دەربکات ، تا بەهۆیەوە چیتر منداڵانمان بە دوو شێوەی جیا نەخوێنن و ئەوەندە جارەش پرۆگرامی خوێندن لەم دیالێکت بۆ ئەم دیالێکت نەگۆڕدرێت و ئەم هەموو پارەیەش بەخۆڕایی سەرف نەکرێت، بەڵکو لە جیاتی ئەم کارە خۆمان بەکاری ترەوە خەریك بکەین .

- **ئەم وتارە لە رۆژنامەی زانکۆ پرێس ، ژمارە (٢) ، سێشەممە ١٥/٤/٢٠٠٨، ل٦ .**

## چۆمسكی زمانەوان و ڕەخنەگری گەورەی ئەمریكیی

نەوام ( نەعۆم) چۆمسكی لە (٧)ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٢٨ لە فیلادلفیای پەنسلفانیا لەدایكبووە. بنەماڵەكەیان بنەماڵەیەكی رۆشنبیر و ناودار بوون، باوكی ناوی (ڤیلیا چۆمسكی)یە و دایكیشی ناوی ( ڤیكۆ ئیسرائیل)ە، دایك و باوكی بەدوو رێزماننووسی عیبری دادەنرێن، بەجۆرێك باوكی لەزمانی عیبریدا زانابووە، سەرقاڵی رێزمانی عیبری بوو، بەهۆیەوە قوتابخانەیەكی عیبری لەشاری فیلادلفیا بەڕێوە دەبرد، دواتر چۆتە كۆلێجی عیبری و وانەی تێدا وتۆتەوە. دەبێ ئەوەش بوترێ كە ( ڤیلیا چۆمسكی) بە رێنمایی كەری جولەكەكانی زانكۆی فیلادلڤیا دەستنیشاكرابوو، و خاوەنی كتێبی ( زمان و یاسای عیبری لەسەدەی هەژدەهەمدا)یە. دایكیشی مامۆستای زمانی عیبری بوو.

چۆمسكی هەر لەمنداڵییەوە زیرەكی و بلیمەتییەكەی دەركەوت، چونكە هەر لەتەمەنی (١٠) ساڵییەوە خوێندنەوەیەكی بۆ كتێبەكەی باوكی كرد، بەڵام بلاوی نەكردەوە.

چۆمسكی دەرچووی بەشی ماتماتیكە لە زانكۆی پەنسلڤانیا، هەر لەم زانكۆیەشدا پەیوەندی بەرێكخراوێكی جولەكەوە كرد، و بوو بە كادیرێكی چالاكی ئەم رێكخراوە، هەر ئەمەش وایكرد كە بۆ پاڵپشتیكردنی جولەكە، سەردانی وڵاتی فەلەستین بكات، دواتر باوكی لەرێگەی مامۆستا ( هاریس)ەوە داوای كرد كە هانی كوڕەكەی بدات و بیهێنێتەوە نێو بواری خوێندن، كە هەر ئەم مامۆستایەش بوو، بووە هۆی ئەوەی تەكانێكی گەورە بە ژیانی زانستی چۆمسكی ببەخشێ. هەر لەم بارەیەوە چۆمسكی لە یەكێ لە وتەكانیدا دەربارەی كاریگەری زمانناسی دەڵێ" ئەو كتێبەی كە زۆر

کاریگەری خستەسەرم و زماننناسی پێناساندم، کتێبی شێوەکانی زماننناسی و بونیادگەری هاریس بوو، هەر ئەمەش وایکرد پەرە بە بواری زمانەوانی بدەم".

چۆمسکی لە ساڵی ١٩٥١ ماستەری لە زانکۆی پەنسلڤانیا تەواوکردووە و ناونیشانی نامەکەشی ( واژەناسی زمانی عیبری نوێ) بوو. تەنانەت بەهۆی ئەم نامەی ماستەرەوە گەلێ رەخنەی گەورەی ئاراستەکرا، لەوانە یەکێ لە ئەندامانی گفتوگۆی نامەکەی رەخنەی ئەوەی ئاراستەکرد و وتی" ئەم نامەی ماستەرە هەموو شتێکە، تەنیا بابەتی زماننناسی نەبێ".

دوای چوار ساڵی تر، واتە لەساڵی ١٩٥٥ پلەی دکتۆرای پێبەخشرا، ناونیشانی نامەکەشی ( لێکۆلینەوەی گۆڕانە شێوازییەکان) بوو. هەر لەم ساڵەدا پەیوەندی بە پەیمانگەی زمانەوانی ماساچۆسێتەوە کرد و لە ساڵی ١٩٧٦ بووە پرۆفیسۆری پەیمانگەکە لەبواری زماننناسیدا.

چۆمسکی سەرەتای نووسینی، (٩٠٠) لاپەڕەی دەستنووسی نووسی، بەڵام ئەوکات هیچ دامودەزگایەك ئامادەنەبوو بۆی چاپ بکات، تاکو رۆژێك یەکێ لە بەرپرسانی دەزگای چاپ و پەخشی مۆتان لە ئەلمانیا هاتە لای و لەگەڵی رێککەوت ،کە ئەم دەستنووسەی بۆ چاپ بکات، ئەوە بوو لەساڵی ١٩٥٧ کتێبەکەی بەناونیشانی ( ڕۆنانەکانی ڕستەسازی) بۆ چاپکرا، ئیتر دوای ئەم کتێبە چۆمسکی بەهەموو دنیا ناسراو بووە رابەرێکی گەورەی بواری زمانەوانی.

چۆمسکی ئەگەرچی لەسەرەتا بە زمانەوانی دەستی بەکارەکانی کرد، بەڵام دواتر بووە بە رەخنەگرێکی گەورە دژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەهۆیەوە ئەمریکای بە گەورەترین تیرۆریست لە جیهان دادەنێت و وەسف دەکات.

چۆمسکی لە ماوەی ژیانیدا بەهۆی ئەو کارە چاکانەی کە لەبواری زمانەوانی و ڕەخنەگرتنی سیاسی ئەنجامیداوە، توانیویەتی زۆربەی زۆری خەڵك لە ئەکادیمیا و زانستی و خەڵکی ڕەمەکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەهۆیەوە چەندین بڕوانامەی دکتۆرای شانازی و بڕوانامەی شانازی جۆراجۆری تری لەزانکۆ و کۆلێجەکانی دنیا بەدەست هێناوە، لەوانە (زانکۆی لەندەن، زانکۆی شیکاگۆ، کۆلێجی سوارتسمس لەزانکۆی دیلمی، کۆلێجی بارد، زانکۆی ماسا چۆسێت، زانکۆی کامبریدج، زانکۆی بۆینس ئایرێس، زانکۆ ڕۆڤاریای یەکەم، زانکۆی تاراگۆنا، زانکۆی کۆلۆمبیا، زانکۆی کۆنێکێۆت، زانکۆکانی کەلەکەتا و ناسۆنال و دی کۆلۆمبیاو... هتد).

دەبێ ئەوەش بوترێ کە بیروبۆچوونەکانی چۆمسکی ئەمڕۆکە دنیای هەژاندووە، چ لەبواری زمانەوانی و چ لەبواری سیاسەتدا، لەبواری زمانەوانیدا وای دادەنێ کە زمان حاڵەتێکی گشتییە و یاساکانی زمانەوانی لەسەر هەموو زمانەکان پەیڕەو دەکرێت، کەرەسەکانی زمانیش لە گەورەترین کەرەسەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە بچووکترین کەرەسە. لەبواری سیاسەتیشدا چۆمسکی بەوە ناسراوە کە هەردەم ڕەخنە لە کارە چەوتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەگرێت و هەردەم داوایان لێدەکات کە خۆیان لە ئازاردانی میللەتان بەدوور بگرن و یارمەتی وڵاتە هەژارەکانی دنیا بدەن.

ژێدەر:
- بەشێك لە موحازەرەكانی خۆم لەبارەی چۆمسكی .
- مالپەری چۆمسكی.
- نعۆم چۆمسكی، ئیرهاب . دیموكراسی . پروپاگەندەو ڕای گشتی، زنجیرەیەك گفتوگۆ، ئا: هاوژین عومەر، وەرگێڕانی كۆمەلێك وەرگێڕ، سلێمانی ٢٠٠٤.

*ئەم وتارە لە ر. نویٚ ، ژمارە(٩٥) ، چوارشەممە ،٢٠٠٨/٧/١٦،ل٩ بڵاوكراوەتەوە .

## سەرهەڵدان و پێشڤەچوونی ( پیت )

نووسینی پیتەکان بەو شێوە و شێوازەی کە ئەمڕۆ زانیومانە و ناسیومانە، ئەو شتەی کە توانای زانینی ئەو پیتانەمانی پێ بەخشیوە، ئەو حەز و ئارەزووە غەریزیەیە تیاماندایە لە گواستنەوەی دەربڕین و درکاوە سەرزارەکیەکان.شێوازی نووسین و نەخشاندنی ئەو پیتانە ڕێچکەکانی خۆی لە ڕابردوویەکی دوور و دێریندا دۆزیوەتەوە، پاشان توێژەران دەستیان داوەتە بەدواداچوونی پاشماوە و ڕەگ و ڕیشە هەمەجۆرەکانی.

جگە لەوەی کە پێشڤەچوونی وردە وردەی ئاخافتن بەدرێژایی چەرخەکانی پێش مێژوو، ئەو هێزەی بەمرۆڤ بەخشی کە بتوانێ ئەوانی دی خێرا دەرك بەحەزو ئارەزووەکانی کاکڵەی ناخی بکەن، مرۆڤی بەرایی مێژوو جگە لەگوزارشت کردنی دەنگی و سەرزارەکی هیچ شێوازێکی دیکەی نەبوو بۆ دەربڕین، جگە لەهێماو ئاماژەکان نەبێ، ئەم مرۆڤە تا ئەوساتەوەختە فێری ئەوەنەببوو کە بیروڕاو بۆچوونەکانی خۆی بۆ ئایندە تۆمار بکات ، جا یەکێك لەو کۆششە بەراییانەی مرۆڤ بۆ گواستنەوەو چەسپاندنی بۆچوونەکان لەڕووی تۆمارو نووسینەوە لەو هێڵانەدا بەرجەستە دەبێ، کە بۆ دیاریکردنی کات لەسەر دیواری ئەو ئەشکەوتانەدا دەکێشرا کە مرۆڤی بەرایی مێژوو تیایا ژیانی بەسەر دەبرد.

جا لە ڕێگەی ئەم وێنە و هێڵە کێشراوانەوە، مرۆڤ هەوڵی گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی خۆی دەدا، ئەوەبوو پەیامێکی بۆ نەوەکانی دوای خۆی تۆمارکرد، بەڵام لەبەر هۆکاری دووری نەکاراوە حەواڵەیان بکات.

لە کۆششە بەراییەکانی چارەسەرکردنی گرفتی دووری هەوڵدانی بەکارهێنانی گوریسی گرێدارە، چونکە شێوە و شێوازەکانی گرێ و گرێکوێرەکان و ماوەکانی نێوانیان، توانای ئەوەیان بەمرۆڤ بەخشی کە بیروبۆچوونەکانی خۆی بۆ ئەوانی دی لەماوە دوورەکانەوە بەشێوازێکی سادەو ساکار بگوازێتەوە، هەنگاوی دووەمی مرۆڤ بەئامانجی دانانی سیستەمێکی سادەبوو، ئەو وێنەو هێڵکاریانە لەسەرەتادا لەکۆششدا بوو بۆ

کێشانی وێنە نمایشیەکان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان بەهۆی سیستەمی وێنەوە مرۆڤ توانای ئەوەی پەیدا کرد، کە زیاتر گوزارشت لەبیروبۆچوونەکانی خۆی بکات ، لەهەمان کاتیشدا توانای تۆمارکردنی نامەی بە چەند شێوازێك بۆ دروست بوو لەلای‌نووسینی سەر ڕووبەرەکان وەکو نووسینی سەر پێست و ئێسك و تەختەدارو چەند مادەیەکی دی کە مرۆڤ پێی دەکرا لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی بیانگوازێتەوە.

پاش ماوەیەکی دی نەخش و نیگاری سەر ئەو وێنانەن لابران و وردەکاریەکانی لابران و ڕێساکانی بچووك و پوخت و کورتکرانەوە، ئەوەبوو لەمە بەدوا ڕێکخستن و هێلکاری و شێوە و شێوازەکان گوزارشتی لە هزر دەکرد، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لەم قۆناغەی پێشڤەچوونەشدا هێڵکاریەکان دەگەڵ ئادگارەکانی خودی ئەو هزرەدا دەگونجا کە گوزارشتی لێ دەکرا.

هەروەها کردەکانی سادەکردنەوە بەو شێوازە ناسرا کە نووسەر پێویستە لەو حاڵەتەدا وێنەی ئامێرەکانی نووسین بکێشێ ، وەکو کیفکی دار قامیش، و کیسەی بۆیاغ و سێتی ڕەنگەکان.

جا ئەم کۆمەڵەیە بەزمانی نووسینی وێنەیی مانای نووسەر دەبەخشێ ، ئەم شێوازەی گوزارشتی بینراو بەناوی (ئیدۆگرافی) واتە (نووسینی وێنەیی) ناسراوە.

میسریەکان لە یەکەمینی ئەو میللەتانە بوون کە سیستەمێکی تەواوی ئەم جۆرە نووسینەیان داڕشت و پێشیان خست کە ئەمڕۆ بە(هیرۆگلیفی) ناسراوە. هەرچی هێماکانیشە لەوێنەی شتەکانەوە وەرگیرا، بەلام وردە وردە کاکڵەو مانا ڕەسەنەکەی خۆی لەدەست داو مانایەکی نوێی گرتەخۆ، هەموو هێمایەکیش دەگەڵ دەنگێکی دیاری کراودا یاوەربوو، کە لەسەر زاری مرۆڤ دەدرکێندرا، بەمشێوەیە کۆی کەرت و بڕگەکانی نووسین لەوشەکان پێك دەهاتن.

جا هەر کە ژیانی مرۆڤایەتی گەشەی سەند و بەرەو کامل بوون ڕێچکەی دەکردو ئاسۆکانی مرۆڤ فراوانتر دەبوو و پێویستیەکانی دەربڕین و گوزارشت کردن بە تەرح و شێوازە هەمە چەشنەکانی نووسینی خێرا پتر و زیاتر دەبوو، ئەلفوبێی یۆنانی یەکەم سیستەمی نووسین بوو کە ئەم پێویستیەی پڕکردەوە، چونکە زمانی یۆنانی چەندەها سەدە (زمانی فەرمی) جیهان بوو زۆریش لەکلاسکیکەکانی دونیا بەم ئەبجەدیەتە تۆمارکراون، چونکە ئەمە زمانی سوکرات و ئەفلاتون و ئیقلیوسی و زمانی چەندەها فەیلەسوفی دی بوون ، کە بۆچوونەکانیان گۆڕانکاری بەسەر ڕەوشی مێژوودا هێنا.

فراوانبوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بووە هۆی دروست بوونی ئەلفوبێیەکی نوێی تۆمارەکانی ئەم زمانە، چونکە لەم زمانەدا پیتی جوان و تەباو ڕێك و کۆك لە ڕاکێشانە ورد و درشتەکانیدا پەیدابوون، ئەوشتەی کە جێی پرسیارە ئایا هیچ زمانێك بەسەر ڕێژەی جوانکاریەکانی ئەلفوبێی ڕۆمانیدا سەردەکەوێ پاش تێپەڕبوونی (١٣) سەدە لەپێشڤەچوون و گۆڕانکاری لەسەر دەستی نووسەری دەسنووسە کۆنەکان ، بەلاّم پاش دانانی ئەلف و بێی ڕۆمانی ژیان زیاتر تێکەڵکێش بوو ، بۆیە نووسین لەپێویستیەکی سادەوە بووە یەکێك لەمەسەلە پێویستیەکانی ژیان ، بۆیە لەزۆربەی زۆری ولاّتانی ئەوروپادا نووسەرەکان چەندەها دەمژمێری بێ شوماریان دەگوزەراند کە تەشریعات و یاساو بیروبۆچوون و ڕەوشە هزریەکانی چەرخەکانیان تۆمار دەکرد.

هەندێك لەو پیاوانە کۆششی بێ وێنەیان لەکارەکەیاندا خستەگەڕ تاکو پارێزگاری لە جوانکاری پیتە ئاساییەکانی ڕۆمانی بکەن و هەندێکی تریشیان لەژێر فشاری کاتدابوون ، بۆیە بەپەلەیی و خێرایی کارەکانیان ئەنجام دەدا، پێویستی نووسینی خێرا زیاتر بوو ، ئەویش بەزیادبوونی ژمارەی ئەوکەسانەی کە خوێندن و نووسین فێرببوون، دەرەنجامەکەشی پەیدابوونی هێڵکاری خێرابوو کە لە بەکارهێنانی پیتی ڕۆمانی تەقلیدی ترازاو بە هێڵەکانی قامیش و فلچەی نەم و نیان قەرەبوو بووەوە. بۆ نموونە بەگوزەرکردنی کات

شکڵی پیت وردە وردە گۆڕانکاری سەرداهات تـاکو گەیـشتە ئـەو شـێوە و شـێوازەی کـە خێرایی و سانایی بـۆ خـاوەنی نووسـەر دابـین بکـات، بەهـەمان شـێوەش دوورکەوتنـەوە لەدووبارە بوونەوەی شێوە و شێوەی پیتەکان، (شارلمان) لەسەدەی هەژدەهەمـدا بانگەشـەی کرد بۆ سازدانی کۆبونەوەیەك لە نێوان نووسەرەکانی بـۆ هەماهـەنگی کـردن لەنێوانیانـدا سەبارەت بەو شتانەی کە دەینووسـن، ئێـستاش ئـەو تـەرزە نوێیانـە تـوێی لەدەسنووسـە کۆنەکاندا هەیە ، کە پێی دەگوترێت (منسکول کـارولینی) کـە ڕێخۆشـکەرێك بـوو بـۆ پیتەکانی سندوقی خوارەوەی ئێستا.

بەمجۆرە نووسـەری دەسنووسـەکان لەئـەوروپا لەسـەدەی (٨)دا دوو ئەبجەدیـەتیان هـەبوو: ڕۆمانی گەورەو ڕۆمانی بچووك، بەشێوە کردەیەکەشی سندوقی بـاڵاو سـندوقی خـواروو ، نووسەرەکان هەردوو ئەم ئەبجەدیەتەیان لەیەك لاپەڕەدا کۆدەکردەوە.

سێ نموونەی سەرەکی کە ئەوکاتە باوبوو:

پیتی (هیومانست سکربت) کە بەگشتی ڕۆمانە.

پیتی (گوتیك) کە بۆ باکووری ئیتالیا دەگەڕێتەوە.

پیتی (کورسیف دیوانی) کەلە فاتیکاندا بۆ نووسـینی بەڵگەنامـە یاسـاییەکان و تۆمـارە فەرمییەکانی کلێسا بەکاردەهێنرێت.

ئەم سێ تەرزە نووسینە: هیومانست و گوتیك و کورسیف، بنەمایەك پێك دەهێنێـت بۆ گرنگترین شێوازەکانی پیتە لاتینیە داتاشـراوەکان لەوکاتـەوە تـاکو ئێـستا، جـا تـاکو سـەدەی (١٥) دەرهێنـانی دەسنووسـە شـاکارەکان لەسەرانـسەری ئـەوروپادا بـەم تـەرزە نووسینانە بوون کە ئاماژەمان پێدا.

**ژێدەر**

**نشاة(الحرف) و تطوره ، جريدة الاخبار الطباعة ، لبنان – بيروت ، ٢٠٠٨ ،ص٢.**

***ئەم بابەتە لە گۆڤاری دەشت ، ژمارە (١٨) ،تەمموزی ٢٠٠٨ ، ل٤٠-٤١ بڵاوکراوەتەوە.**

# زمانی ئینگلیزی وەك زمانێكی نێودەوڵەتی

لەكاتێكدا كە قسەكەرانی زمانی ئینگلیزی لەبەرزبوونەوەدان و ژمارەیان گەیشتۆتە نزیكەی دوو بلیۆن كەس (كریستال ١٩٨٥) ، كەچی قسەكەرانی ئەم زمانە بەو حیسابەی كە زمانی زگماكی خۆیان بێ ، ناگاتە ڕێژەی پێنج یەكی ئەو ژمارەیەی سەرەوە.

لەهەمان كاتیشدا گرنگی زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو كەسانەی كە زمانی زگماكی خۆیانە چ لەلایەن بەكارهێنەرانی ئەم زمانەوە لەیەك ئاست و لەیەك گرنگی و یەك پێویستەتدایە.ئەویش بەبێ لێكدانەوە و ڕەچاوكردنی ڕەگەزی قسەكەر یان نووسەرەكە، كە لەدوو دوورەوەوە پێویستیان بەو زمانە هەیە، جا لەمبارەیەوە چەندەها دەرەنجام ڕوون ئاشكرابوونە و دەركەوتوونە، هەندێك لەو دەرەنجامانە بەپێویستی زانینی ڕاستەقینەكانی زمانی ئینگلیزیەوە پەیوەستن كە بەگوێرەی پەلەیی و خێرایی گۆڕانكاریەكان پەلەو خێران ، جگە لەوەی كە هەندێكیان پەیوەندیان بەپێوانە تایبەتیەكانی زمانی ئینگلیزیەوە هەیە، هەروەها پەیوەندیان بە ئامانجە پەروەردەیی و پێوانەكانی هەڵسەنگاندنی سەركەوتن هەیە لەبوارەكانی فێركردن و فێرخوازیدا. هەندێك لەو دەرەنجامانەش بەدەرككردنە قووڵەكانی كەسایەتیە جیاكەرەكانەوە پەیوەستن ،جگە لە جیاوازیە سەرەكییەكانی ئەم دەرك كردنە لەنێوان قسەكەرانی زگماك و قسەكەرانی دی زمانی ئینگلیزی، هەروەك لەو حاڵەتانەی كە بێژەری بێ ئاگا یان نەزان و ناهەستیارە یا كاردانەوەی لووت بەرز بێ یان كەسێكی سەرسەخت هەمبەر جۆرێتی زمانی ئینگلیزی كە قسەكەرێكی فێربوو بەكاری دەهێنێت، دەرەنجام حاڵەتێك بێ باوەڕی ڕەگەزی دروست دەكات، جگە لەوەی كە هەندێ لە دەرەنجامەكانی بڵاوبوونەوەی فراوانی زمانی ئینگلیزی بە پیشەسازی جیهانی تایبەت بەفێربوونی ئەم زمانەو فێركردنیەوە پەیوەستە، كە لەبەرزترین لوتكەكانیدا ـ بە مانای

حاڵەتی هەنووکەیی زانست ـ تواناکانی بەدەستهێنانیەتی لەڕێگای سیستەمی ڕێکی فێرکردن و فێرخوازیەوە.

## زمانی ئینگلیزی و زمانی ئینگلیزیە جیهانیەکانی ئەمڕۆ

گەر لە ئاستێکی گشتیەوە دەست پیێ بکەین ، ئەوا مەسەلەیەکی باوە کە گوزارشتی زمانی ئینگلیزی بەو حیسابە وەربگرین کە گوزارشتێکە بۆ چەندەها شێوازی زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت ، کە خودی ئەو شێوە و شێوازانە جیاوازی زۆر لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت ، وەکو زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی و زمانی ئینگلیزی بەریتانی، و زمانی ئینگلیزی هیندی و زمانی ئینگلیزی ڕۆژئاوای ئەفریقا و زمانی ئینگلیزی سەنگافورەو زمانی ئینگلیزی ئوستراڵی... هتد.. (هـ. ل. منکن (h.l.mencken) ساڵی ١٩١٩ پەرتووکێکی بەناونیشانی (زمانی ئەمەریکی ـ the American language) نووسی وەکو کۆششێك بۆ سڕینەوەی وشەی (ئینگلیزی) ئەویش لەتوێی هەڵمەتە وتوێژ ئامێزەکەی کە دژ بەوەی کە بەملهوڕی و خۆبەزلزانینی بەریتانیەکان سەبارەت بە زمان هەژمار دەکرا بەرپای کرد، لەهەمان کاتیشدا هەمان ئەو هەڵمەتە دژ بەفراوانخوازی و بەهاو دەستکەوت و دەزگا ئەمریکیەکان خستیەگەڕ.

حاڵی حازر ئاراستەی تایبەتی بە ئاماژەکردن بۆ شێوە و جۆرێتی قبوڵکردنی ئەو جیاوازیە کە لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە نەك هەر ئەمەش، بەڵکو بەهەمان شێوە بەکارهێنانی شێوازێکی کۆی تازە کە بە (زمانە ئینگلیزیەکان) ناوزەد دەکرێت ، هەر قبوڵە هەروەك لەناونیشانی (گۆڤاری زانستی نویێ) داهاتووە (زمانە ئینگلیزیە جیهانیەکان world English's) کە بەڕاشکاوی بۆ تۆمارکردن و لێکۆڵینەوە لەم دیاردانە دامەزرێنراوە.

ئەم گۆڤارە دوو مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی گەورەی ئەم بوارە بۆ سەنتەری چاپ و بڵاوکردنەوەی (پێرگامون Pergamu) قۆڵیان لیێ هەڵماڵیوەو بەشداری لە دەرکردنیدا

دەکەن، کە ناویان براگ ب. کاتشرۆ، لە زانکۆی ئیلیـۆنی لـە (ئربانـا) و لاری ئـا. سمیـت لەناوەندی ڕۆژهەلاتی ڕۆژئاوا لە هاوای.[٦٩]

ئەی سەبارەت بەژمێریاریەکان چی لەئارادایە؟ ژمـارەی ئـەو کەسـانەی کـە بـەزمانی ئینگلیزی زگماکی خۆیان دئاخڤن (کە زمانی زگماك یان زمانی سەرەکیانە )یان بەنزیکەی (٣٥٠) ملیۆن کەس دەخەملێنرێت، ئەم ژمارەیەش لەسەر بنەمای ژمێریاریە تایبەتەکانی دانیشتوان و پرۆسەکانی ژمێریاری قوتابخانەکانی ولاتانێکی وەك ویلایەتە یـەکگرتووەکانی ئەمەریکاو کەنەداو بەریتانیاو ئوستالیاو نیوزیلەندە... هتد. بەدەستهێنراوە.

لەگەلّ ڕەچاوکردنی زیادبوونی کۆچبەران کە زمانی ئینگلیزی زمانی زگماکیان نییـە، سەرباری ڕێژەی قسەکەرانی زگماکی زمانی ئینگلیزی کە وەکـو لـۆبی لـەولاتانی دیکـەدا ژیان دەبەنە سەر تا زمانێکی نزیك قـسەکەرانی فێربـووی ئـەم زمانـە بەنزیکـەی (٧٠٠) ملیۆن و (٧٥٠) ملیۆن کەس دەخەملێنرا، ئەم ژمارەیەش لەزۆر فاکتەرەوە وەرگیراوە وەکو خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامانەی کە بەزمانی ئینگلیزی لەو ولاتانە دادەردەچێت کە ئەو زمانە تیایاندا زمانێکی بنەڕەتی گەورە پێك ناهێنێت ، بەلام ئێستا (دێڤید کریـستال David Krystal) (١٩٨٥)، سەبارەت بەو کەسانەی کـە بـە بەکارهێنـەری زمـانی ئینگلیـزی هەژمار دەکرێن ، بانگەشەی بـۆ بۆچـونێکی فـراوانتر کـردووە، بەشـێوەیەك کـە هـەموو ئەوکەسانە بگرێتەوە کە زمانەکە بەکاردەهێنن، جا ئیتر زمانی زگماکیان بێـت یـان فێـری بووبێتن، خەملاندنەکانی (کریـستال بـێن بلیـۆن) دەگاتـە (هـەزار ملیـۆن) و دوو بلیـۆن ،

[69] - هەرچەندە کە گۆڤارێکی دی تازە کە ناوی ( زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆ English today ) گوزارشتی زمانی ئینگلیزیەکان لەناونیشانیدا بەکارناهێنێت، بەلام ئەم گۆڤارە شێوازی بەکارهێنانی ئەمڕۆی ئینگلیزی بە بنەمایەك بۆ بۆچوونەکانی خۆی دەزانێ، هەروەك گۆڤاری ( ئابووری ـ ئابووریناس The economies ) یان ( ئەمریکای زانستی Scientific American ) کە بەشێوازێکی میللیانەیەبابەتگەلی هاوشێوەی ئەم بابەتانەی کە لێرەدا پێشنیارکراوە دەخاتە ڕوو ،ئەم گۆڤارە لە لایەن زانکۆی کامبرجەوە چاپ دەکرێت و ( تۆم میل ئارسەر )کاری نووسیاری بۆ ئە نجام دەدات.

بەڵگەکانیشی تارادەیەك پەسەندن کە دەڵێ: ژمارەیەکی کردەیی وەردەگرم کە خاڵی ناوەند بێت واتە (١,٥) بلیۆن کەسی بەکارهێنەری زمانی ئینگلیزی.

گرنگترین لایەنیش سەبارەت بەم ژمارە تایبەتانەی قسەکەرە زگماکیەکان (بەکورتی قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی)[٧٠] و قسەکەرە فێربووەکان (بەکورتی قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) ڕێژە ناوەندەکەی نێوانیانە.

هەروەها لەبەرئەوەی کە ئەم مەسەلەیە هاودژیەکی بێ وێنەی لێدەکەوێتەوەو لەڕووی دەروونیشەوە دەرەنجامی قووڵی دەبێت، چونکە ژمارەکان گوزارشت لەخۆیان دەکەن و دەڵێن کە زمانی ئینگلیزی فراوانترین زمانەو ڕێژەیەکی زۆر خەڵك بەکاری دەهێنن، زیاتر لەهەموو زمانێکی دی لەسەر گۆی ئەم زەویە، بەڵام ئاخافتکارە زگماکەکانی ئەم زمانە تەنها ڕێژەی چواریەك یان پێنج یەکی ئەم ژمارەیە پێك دەهێنن، سەرباری ئەمەش ڕێژە مەزنەکانی بەکارهێنەرانی ئینگلیزی تەنها لەژمارەی ئەو بەکارهێنەرانەی ئەم زمانە بەرجەستە دەبێت کە زمانی زگماکیان نییە، هەروەك لەباشووری کیشوەری ئاسیاو لەهەندێك وڵاتانی ئەفریقاو لەوپەڕی ڕۆژهەڵات ، هەروەها لەئەوروپا زمانی مرۆڤ توخمێکی سەرەکی ناسنامەی کەسایەتی و نەتەوەیی و ڕەگەزیە، لەبەر ئەوە هیچ سەهل و سانا نییە کە تاکێکی (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) لەگەڵ جۆرەکان و گۆڕانکاریەکانی دی سەر بە (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) ژیان بگوزەرێنێت، ئەویش لەبەر ئەو هەستەی لەلای (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) سەبارەت بە زمانە تایبەتەکەی بۆی دروست دەبێت.

---

70 - کریستال بەم گوزارشە کورتکراوەیە ئاماژە بۆ بەکارهێنەرانی زمانی ئینگلیزی دەکات، کەچی من زاراوە باوەکە بەکاردەهێنم کە قسەکەرانی زمانی ئینگلیزیە، وشەی قسەکەر لەڕووی کردەییەوە زاراوەیەکی گشتیە کە پەیوەندی بە قسەکردن و نووسینەوە هەیە، بەبێ هیچ جیاوازییەك لە نێوانیاندا هەبێ.

هەروەها بەشێکی دی گرنگ و تایبەت بەپرۆسە ژمێریاریەکان لەئارادا هەیە کە ئەویش پەلەیی و خێرایی لەرادەبەدەری زیادبوونی ژمارەی (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی)ەکانە، وەکو خەملاندنێکی سەرپێی نزیکەی یەك بلیۆن لەتوێی (١,٥) بلیۆن لە (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) ەکان لە (٢٠) ساڵی پێشوودا فێری ئەو تەرزە ئینگلیزیەبوو بوون کە بەکاری دەهێنن، ئەم هاوکێشەیەی گۆڕانکاریەکان چەندەها بەڵگەو ئاماژە لەمەڕ پیشەی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لەزۆر وڵاتدا دەگرێتەخۆ کە لەدوایدا دەچینە سەری و باسی لێوە دەکەین.

## بنەماکانی زمانی ئینگلیزی هاوچەرخ

ئایا بۆچی زمانی ئینگلیزی ئەم پێگە گرنگەی لەنێو زمانەکانی جیهاندا هەیە؟ خۆ زمانی ئینگلیزی چەندە بەشان و باڵیدا هەڵدەین ، زمانێکە گەر بەراوردبکر ئینگلیزی بەریتانیەزمانەکانی وەکو زمانی چینی و یۆنانی و ژاپۆنی و سەنسکریتی[*] ئەوا زمانێکی تازەیە.

هیچ قەناعەتێکیش لەئارادا نییە سەبارەت بەوەی کە زمانی ئینگلیزی ئەو زمانە باوە بووبێ کە لەگەشتەکانی دۆزینەوەو بازرگانی و لەو شاڵاوە سەربازیانەدا بەکاردەهێنرا کە لەسەرەتای سەدەی شازدەوە دەستی پێ کرد، جا حاڵی زمانەکانی پورتوگاڵی و ئیسپانی و عەرەبی هەر بەم شێوازەبوو هەرچەندە خۆ ئەم زمانانە ڕێژەی زۆری (قسەکەرانی

*- سەنسکریتی زمانێکە نەماوەو لەناوچووە و لەگروپی زمانە هیندیەکانی کۆمەڵەی زمانە هیندیە ئێرانیەکانی ناو زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانە، و هەر لەم زمانەوە سەرجەم زمانە هیندیەکان هاتۆتە کایەوە (وەرگێڕ).

** - جیمس کوك(١٧٢٨ ـ ١٧٧٩) دەریاوان و گەریدەیەکی بەریتانیە گەشت و دۆزینەوەی زۆر گرنگی لە ئوستالیاو نیوزیلەندە ئەنجام داوە.

*** - جورج ڤانکۆڤەر (١٧٥٨ ـ ١٧٩٨) دەریاوانێکی بەریتانیە (وەرگێڕ).

نازگماکی ئینگلیزی) یان تیادا نییە، بەڵام لەوەدەچێ کە لەمبارەیەوە سەبارەت بەزمانی ئینگلیزی شانسێکی باش و خۆشبەختیەك لەئارادا هەبووبێ: دۆزینەوەکانی کابتن (کوك)(**) (captain cooks) و کاپتن ڤانکۆڤەر (***) (captain Vancouver)، دامەزراندنی نیشتەجێی کۆلۆنیالی کە لە ئەمەریکای باکوورو لە ئوسترالیای بۆ سزادان تەرخان کرابوو و داگیرکردنی هیندستان بۆ بەدەستهێنانی قازانج، هەروەها ئەو سێ گۆشە بەدناوەی کە بەگۆڕینەوەی کۆیلە هەڵدەستا هەمبەر (مولاس) (****) و هەمبەر کاڵا دروست کراوەکانی نێوان بەریتانیاو ئەفریقای ناوەند و کاریبی، هەروەها قۆناغە بەراییەکانی شۆڕشی پیشەسازی، هەموو ئەمانە لەوکاتەوە ڕووداوانێك بوونە کە قسەکەران و بەکارهێنەرانی زمانی ئینگلیزی ڕۆڵی کاریگەرو سەرەکیان تیادا بینیوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرا بڕوانینە پێشڤەچوونی زمانی ئینگلیزی، بەو حیسابەی کە لەساڵی (١٦٠٠)ەوە بەقۆناغێك تێپەڕیوە، کە دەرەنجام ئەم بارودۆخەی هەنووکە لێ کەوتووەتەوە.

لەسەرەتادا هەموو شتەکان لەچێوەیەکی تەسکەوە دەستیان پێ کرد، چونکە زمانی ئینگلیزی نزیکی شێوەکەی ئێستای لەساڵی (١٣٥٠) ەوە سەری هەڵداوە، لەکاتێکدا کە زمانی ئینگلیزی توانی باز بەسەر کاریگەریەکانی سێ ساڵەی داگیرکردنی فەرەنسی نۆرماندی بهاوێژێ، ئەویش لەسەر بنەمای شێوەزارە ئەرمەنیەکان، و هەندێ خستنەسەری زمانی نەرویجی تایبەت بە جەنگاوەرە ئەسکەندەنافیەکان، کە تا ساڵی (١٥٠٠) و بەدرێژایی (١٥٠) ساڵ زمانی ئینگلیزی تەنها لەئینگلتەرا قسەی پێ دەکرا، کە ژمارەی هاوڵاتیانی دەگەیشتە حەوت ملیۆن کەس و لەوانەشە هەموویان بەو ئینگلیزیە قسەیان نەکردبێ، بەڵام پاشان لەنێوان ساڵانی (١٦٠٠) و (١٧٥٠) تۆوەکانی بڵاوبوونەوەی زمانی

* – مولاس یان دۆشاوی شەکر مادەیەکی سرێشیە لەکاتی شەکر دروستکردندا لەشەکرە خامەکە جودا دەکرێتەوە.

ئینگلیزی لەسەر ئاستی جیهان ڕسکان، کە ئەمڕۆ ئاکامە فراوانەکانی دەبینین، کاتێك کە گەریدەکان و گەشتیارانی و بازرگانان و چەتەکانی دەریاو ئیستعمارەکان و هیندیەکان و کارگێڕانی بەریتانی دەرپەڕین بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کۆلۆنیالی لەسەرووی دەریادا دابمەزرێنن، زۆریش پێویستە کە دەرك بەوە بکەین کە پێش ساڵی (١٧٥٠) ئەو ئیستعمارکراوانە و نیشینگەکان بەگشتی کە لەژووری دەریادا دەژیان و بەزمانی ئینگلیزی بەریتانی قسەیان دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا پاش ساڵی (١٧٥٠) و تا نزیکەی ساڵی (١٩٠٠) سێ گۆڕانکاری مەزن ڕوویاندا: یەکەمیان نیشینگەکانی (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) ئینگلیزی لەناوچەکانی ژووروی دەریاکانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیانکرد و بوونە دەوڵەتی خاوەن حکومەت هەرچەندە ئەو دەوڵەتانە خاوەن حکومەتی نیشتەجێ بوون، و هەستی جیابوونەوەشیان هەمیشە لەکاکڵەدابووە، وبەخێرایش بۆ چەشەی زمانی ئینگلیزی کەمەندکێش بوون، دووەمیشیان: ئەو پێگە ئیستعمارکراوانەی بەریتانیا لەهەوڵی ئەوەدا بوون کە جیابنەوەو سەربەخۆبن لەسەرەتاوە ویلایەتە یەکگرتووەکان ، پاشان ئوستراليا کە لەکۆششی جیابوونەوەدا ببون ، پاشان ئەم سەربەخۆییە بووە هۆکاری دروست بوونی جیابوونەوەی زمانیش، (نوح وبستەر)[٧٣] (Noah Webster) ئەمریکیەکانی زۆر هاندا کە ئەم زمانی ئینگلیزیە کە تایبەت بەخۆیانە ڕەنگدانەوەیەکی ئەو تەرزەی ژیانی تازەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەوڵاتانی دی جیادەکاتەوە، گۆڕانکاریەکانی دیش لەوکاتەدا بەرجەستە بوو کە سیستەمی موڵکداری سەری هەڵداو گەشەی سەند، خەڵکانێکی زۆری فێربووانی زمانی ئینگلیزی ناچاربوون کە زمانەکە بەکاربهێنن تاکو

[٧٣] - (نوح وبستەر) (١٧٥٨ ـ ١٨٤٣) زانایەکی زمانەوانی ئەمەریکیەو بە پێشەنگ و داهێنەر دادەنرێت لەبواری دانانی فەرهەنگدا (وەرگێڕ).

لەگەڵ ژیـانی تـازەدا ئاوێتـە بـبن و بگـونجێن و پلەوپایـەی فەرمانبـەری لـەلای چـینی دەسەڵاتداری ئەوکاتە بەدەست بێنن، جا ئەو فێربووانەی (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) دەکرانە دووبەشەوە:

دانیـشتوانی ڕەسـەنی شـوێنەکان (بـۆ نموونـە هنـدۆس و موسـڵمانەکانی هیندسـتان نیشتەجێ هاتووەکـانی ئەمـەریکا ئەوانـەی بەڕەچـەڵەك ئـەوروپین وەکـو هۆڵەندیـەکان و ئیسپانیەکان و فەرەنسیەکان، ئەو کۆیلانەی کە ئازادی خۆیان بەدەست هێنابوو) هـەروەها کۆچبەران، پاشان ئیتر فێربوونی زمانی ئینگلیزی بـووە چـالاکییەکی سـەرەکی هەرچـەندە لەڕێگای فێربوونەوە بۆ زۆرکەس دەستەبەر نەببوو، پاش ساڵی (١٩٠٠) تا نزیکەی سـاڵی (١٩٥٠) هەنگاوی چوارەمی بەجیهانی بـوونی زمـانی ئینگلیـزی بەچـەند قەڵبەزەیـەکی فراوان دەستی پێ کرد، جا کاتێك کە لەشوێنە ئیستعمارکراوەکان دەستکرا بـە بونیادنـانی قوتابخانەو پێشکەشکردنی زمانی ئینگلیزی بۆ توێژێکی بچووکی دانیـشتوانە ڕەسـەنەکان کە لەپەرەسەندندابوون، لەهەمان کاتیشدا لەوڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکاو کەنـەداو ئوستراليا دەست بەئەنجامدانی توێژینەوەی هەمە جۆری زمانی ئینگلیزی بـۆ کۆچـبەرەکان کرا.

## زمانی ئینگلیزی لەجیهانی هاوچەرخدا: بەکارهێنان و ئەرکی نوێ

تازەترین قۆناغ ئەو قۆناغەیە کە تاکو ئەمڕۆ لەبەردەوامیدایە ، کە لەساڵی (١٩٤٥) ەوە دەستی پێ کردووەو دوو لایەنی جیاواز دەگرێتەخۆ ، یەکەمیان: هەموو نیشینگە ئیستعمارییەکانی دیکەی بەریتانی بوونە وڵاتی سەربەخۆ، بۆیە بەخێرایی ڕۆڵی زمانی ئینگلیزی و ئەرکەکانی لە ئامرازێکی کۆنترۆڵکردن و سەرکوتکارەوە بۆ ئامانجی دیکە گۆڕدرا، و ئینگلیزی بووە پەنجەرەیەکی واڵا بەڕووی زانست و تەکنۆلۆجیای تازەدا، بەهەمان شێوەش بووە ،ئەو زمانەی کە تاکە زمانێکە لەلایەن هەموو توێژەکانی دانیشتوانەوە قابیلی ڕەت کردنەوە نییە جا ئەم ماوەیە لەو ڕووەوە جیاوازبوو کە ئەو

وڵاتانەی کە سەر بە بەریتانیا لەپێشدا لەژێر کۆنترۆڵی وڵاتانێکی وەك فەرەنساو هۆڵەندابوون، هەروەها ئەو زەویانەی کە سەر بە ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکابوون وەکو فلیپین و پۆرتۆریکۆ و ساموا ـ هەموو ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی تەمەن گەورە ، بەتایبەتی منداڵانی تەمەن قوتابخانە یان بەرەو فێربوونی زمانی ئینگلیزی کەمەندکێش بوون هەرچی بەشی دووەمی ئەم قۆناغەی پێشڤەچوونی زمانی ئینگلیزییە، ئەوا پەیوەندی بە دەرکەوتنی ژمارەیەك چالاکی و بزاوتەوە هەیە، بابەتگەلی گشتیش لەهەندێ حاڵەتدا نەبێ هەرهەموو لەسەرتاپای جیهاندا بە زمانی ئینگلیزی ئەنجام دەدران و بەڕێوە دەچوون ، جا لە دێرینترین نموونەی ئەم مەسەلەیە ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی تایبەتە بە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لەبواری چاودێری ئاسمانی و، نموونەیەکی تریش بەدامەزراندنی (un) دەستی پێ کرد، کە لەبەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لەو دەزگا هەمەجۆرانەی کە کۆمەکی نێودەوڵەتی و بەڕێوەبردنی نێودەوڵەتی پێشکەش دەکرد، بەرجەستە دەبوو، ئینجا کاتێك کە شۆڕشی گەیاندن سەری هەڵدا ، زمانی ئینگلیزی بووە زمانێکی سەردەم و لەهەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن و ڕادیۆ و (t.v) و ڕۆژنامەو بڵاوکراوە جیهانیەکان بەکارهێنران، جگە لەپشت بەستنی پیشەی مۆسیقای (بۆب) بەزمانی ئینگلیزی بەهەمان شێوەش سەبارەت بەزانستەکانی (ئاسمان) و تەکنەلۆژیای ئامێرەکانی ژمێریاری[٧٤] ، دەبێ ئەوەش بزانرێت کە گرنگی ئەمجۆرەی پێشڤەچوونی ئینگلیزی هەر بۆ قبوڵکردنی خەڵکی و شێوازەکانی پێویستیان ناگەڕێتەوە.

---

74 – بەهەرحاڵ چەندەها زمانی دی هەن ، کە لەم بوارانەی زانست و زانین و... هتد بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە مۆسیقای (بۆب) بەفەرەنسی هەیە ل ەناوچە گوندنشینەکانی هەرێمی (کوبیك) چاودێری کردنی ئاسمانی بەزمانی فەرەنسی ئەنجام دەدرێت، زمانی فەرەنسی زمانێکی ڕەسمیە لە ئەنجومەنی ئەوروپاو لەبازاڕی ئەورووپی (بازاڕی هاوبەش) ، بەهەمان شێوەش بوارەکانی بەکارهێنانی لەزمانەکانی ئیسپانی و

بەڵكو بەشێوەیەكی كتو پڕو یەكسەر ئەم زمانە بووە زمانێكی ئەوتۆ كـە پەیوەنـدی نـەما بـە ڕەگـەزی خـەڵك و ڕووداوە مێژوویـەكان، لەمـەڕ بڵاوبوونـەوەی نیـشینگە ئیستعماریەكانی كە قسەیان بەم زمانە دەكرد، بۆ نموونە فرۆكەوانێكی (پیرۆ) كە وڵاتێكـە لەژێر چنگی بەریتانیا یان ئەمەریكادا نەبوو، لەكارەكەیدا زۆر پێویستی بەم زمانە دەبوو، و پزیشكێكی هۆڵەندی كە دوو سـاڵ لەگـەڵ ڕێكخراوێكـی تەندروسـتی جیهـانی لەوڵاتـە گەرمەسێرەكاندا (الأستوائیة) كار دەكات، دیسانەوە پێویستی بەزمانی ئینگلیـزی هەیـە، لە یەكێتی سۆڤیەتدا تیپەكانی مۆسیقای (بۆب) [٧٥] ، كـە جـۆرە ئارەزوویـەك لای مـرۆڤ دروست دەكەن بەزمانی ئینگلیـزی دەچـڕدرێت. بەهـەمان شـێوەش لـە هـۆنگ كـۆنگ و ئەڵمانیاو ویلایەتە یەككگرتووەكانی ئەمریكا هەر زمانی ئینگلیزی باڵا دەست و سەروەرە.
جا گرنگی بینینی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی لەڕووی مێژوویەوە كـە لـەو قۆناغگەلـە پێك دێت كە باسمان كردو هێڵە گـشتیەكانمان خـستەڕوو ، بـۆ دوو مەسـەلە دەگەڕێتـەوە: مەسەلەیەكیان دەستنیشانكردنی شوێنی كۆبونەوە سەرەكیەكانی بـەكارهێنانی ئینگلیزیـە لە (قسەكەرانی زگماكی ئینگلیزی) و (قـسەكەرانی نازگمـاكی ئینگلیـزی) كـە ڕوونـاكی دەخاتەسەر هۆكارەكانی بوونیان، ئەمە جگە لەوەی كە بەكارهێنانەكانی زمانی ئینگلیـزی كە لەگەڵ بونیادی ڕەگەزی زمانەكە ئاوێتەیە و جیا دەكاتەوە، چونكە چەندەها دەوڵـەت و كۆمەڵگا هەن كە سەرتاپا زمانی ئینگلیزی ڕۆڵێكی چەسپاو و دامەزراویان تیادا دەبینێ ، هەرچەندە زمانێكی بێگانەشە كـە لەپێـشڤەچوونە جیاوازەكـە و ئاخـافتنی بـەكارهێنانی نارەگەزی گۆشەگیری دەكات، لەم حاڵەتەدا ڕەگەزی تاك و مێژووی زمانەوانی ئەو وڵاتـەی

---

ئەڵمانی و ڕوسی زۆر فراوانترن، لەگەڵ ئەوەشـدا بـارودۆخی زمـانی ئینگلیـزی لـەڕووی كردەییـەوە زۆر تاسوخەو جیاكارە جا بەمانایەك دەتوانین كە ئەم زمانە باڵا دەستە.

75 - ئەم وتارە بە زمانی ئینگلیزی دابەشبوونی یەكێتی سۆڤیەت نووسراوە (وەرگێڕ).

کە سەربەوە بابەتێکی ئەوتۆ و گرنگ نابێ لەلای ، چونکە لێرەدا گرنگی دانـە کـە تـەنها لەڕووی پێویستی بەکارهێنانی زمانەکەوەیە، چ وەك ئەرکێك و چ وەکو حەزێك .

لێـرەدا پێویـستیمان بـەتۆمارکردنی تێبینیـەکی دی هەیـە سـەبارەت بـەزمانی ئینگلیزی، پێش ئەوەی کە ڕاستەقینە تایبەتەکانی زمانی ئینگلیزی جیهانی بەجێ بهێڵین، ئەویش ئەوەیە کە بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوە مێژوویەکان، تاڕادەیەکی زۆر ئەو شـوێنانەی دەستنیـشانکردووە کـەزمانی ئینگلیـزی تیـادا بـەکاردەهێنرێت ، بەلایـەنی کـەم لـەو مەخسەدانەی کە خاوەن ڕوواڵەتێکی ڕەگەزین ،بەڵام لێرەدا خەسڵەتێکی زمانی هەیـە کـە پرۆسەکەی ساناتر کردووە، و بەشداریشی لە زیادکردنی پاپەی بەکارهێنانەکانی پەیوەسـت بەلایەنە غەیرە ڕەگەزیەکانەوە کردووە.

یەکێك لە ئادگارەکـانی زمـانی ئینگلیـزی ئەوەیـە کـە زمانێکـە توانـای خواسـتن و بەخشینی مۆرکی تایبەتی خۆی بەسەر ئـەو شـتەخوازراوانە هەیـە ، هـەر لەسەرەتاشـەوە زمانی ئینگلیزی سروشتی وەرگرتنی هزرو چـەمك و گوزارشـی لـە کۆمـەڵگاکانی تـرەوە هەبووە، و توانای ئەوەشی هەبووە کە ئەو چەمك و هزرانە بکاتە بەشێك لـەخودی زمـانی ئینگلیزی ، ئەم ئاسانکارییەی خواستنیش کە لەم زمانەدا هەیـە لەگـەڵ حـەزو ئـارەزووی فێربوونی ئەم زمانە لەلایەن (قسەکەرانی زگمـاکی ئینگلیـزی) و (قـسەکەرانی نازگمـاکی ئینگلیزی)ەکانەوە هەماهەنگ بوو، لێرەشدا (٥٦) لاپـەڕەی ڕێزمـانی تایبـەت بەدروسـت کردنی وشەگەلی زمـانی ئینگلیـزی لـەو پەرتووکـەدا هەیـە کـە (کـویرك) لەگـەڵ چـەند توێژەرێکی دیکەدا دایاننــاوە (Quirked) کە نـاوی (ڕێزمـانی ئینگلیـزی هاوچـەرخە) (Crammar of contemporary English) ئەم هەمان هەنگ بوونەش بـووە هۆی ئەوەی کە هەوادارانی ئینگلیـزی بتـوانن وشـەگەلی تـازە بـۆ ئـەم زمانـە بخـوازن و دابتاشن.

جگە لەوەی کە جیاوازییەکی تێبینیکراو لەگەڵ بۆچوونی ڕەسمی بۆ زمانی فەرەنسی هەیە، کە لەوەدا کورت دەکرێتەوە کە سافی و بێگەردی زمان لەژێر چەتری سیاسەتی دەروازە والآدا سەبارەت بەخواستنی زمانەوانی ، لێڵ و لەکەدار دەبێت، جا ئەو مەسەلانەی کە جێی گرنگی پێدانن، ئەوەیە ئەم هەڵوێستە جیایانە لەم پەنجا ساڵەی پێشوو بەشداریان لە جیاکردنەوەی مێژووی زمانی ئینگلیزی لەزمانی فەرەنسی لەم ڕووەوە کردووە.

خۆ ئەگەر وەسفی بارستایی زمانی ئینگلیزی و بلاوبوونەوەی جوگرافی بکەین و تێبینی ئەو جیاوازیانە بکەین ، کە لەنێوان بەکارهێنانی ڕەگەزی زمانەکەو بەکارهێنانەکانی دی کە مۆرکی ڕەگەزییان پێوە نییە، لەحاڵەتی بەکارهێنانە ڕەگەزیەکانی ئینگلیزی و جیاوازیمان لەنێوان (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) و (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی)دا کردووە، چونکە ئەمە وێنەکە ڕوون دەکاتەوە ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پۆلینکردنە هەموو لایەنەکانی جیاوازیە هەنووکەییەکانی ئەم زمانە ناگرێتەخۆ، کە پێویستە دان بەوەدابنێین کە بوونیان لەزمانی ئینگلیزیدا هەیە لەبەر ئەوە ئێمە پێویستیمان بەزانینی ئەم شتانەی خوارەوە هەیە: (أ) بەهەردوو لقە سەرەکییەکەی زمانی ئینگلیزی پێویستیمان بە زمانی ئینگلیزی بەریتانی ( ئینگلیزی بەریتانی) و زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی ( ئینگلیزی ئەمریکی) هەیە. (ب) بەسروشتی شێوە ناوخۆییەکانی زمانی ئینگلیزی . (ج) بەهەردوو چەمکی زمانی ئینگلیزی بەو حیسابەی کە زمانێکی بیانیە (زمانی بیانی)، هەروەها پێویستە شارەزای زمانی ئینگلیزی ببین ، بەو حیسابەی کە زمانێکی دووەمە (زمانی دووەم).

## ئینگلیزی بەریتانی و ئینگلیزی ئەمریکی دوو لقی سەرەکی ئەم خانەوادەیەن

ئەوەمان لاڕوون دەبێتەوە کە زمانی ئینگلیزی تاکو سەرەتاکانی سەدەی (١٨) زمانێـك بوو تەنها قسەکەرانی ڕەسەنی نەتەوەی ئینگلیـزی قـسەیان پـێ دەکـرد، و تـەنها زمانـە بەکارهێنراوەکە لە ئینگلتەرا پاشان بۆ هەموو بەریتانیا ئەو شێوازە بەکارهێنرا.

بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی جـەنگی سـەربەخۆیی ئەمریکی،شـێوازێك لـە شـێوازەکانی ئینگلیـزی لـە ئەمـەریکا بڵاوبـووەوە ، لەکاتێکـدا کـە شـانازیان بەهـەموو شـتێکی ئەمەریکیەوە دەکرد نەك بەمۆرکە بەریتانیەکە. لێرەوە ئـیتر پرۆسـەی زاییـنی جۆرەکـانی زمانی ئینگلیزی دەستی پێ کرد، بـەڵام جیاکردنـەوەی ئینگلیـزی بـەریتانی و ئینگلیـزی ئەمەریکی گرنگیەکی تایبەتی هەیە ، ئەویش لەبەر ئەوەی هەر جۆرێکی زمانی ئینگلیزی پەیوەندی بەیەکێك لەم دوو لقەوە هەیە، ( ئینگلیزی بەریتانی) یان ( ئینگلیزی ئەمریکی) زیاتر لەوەی پەیوەندی بە لقێکی ترەوە هەبێ، ئەمەش لەڕووی کردەییەوە مانای ئەوەیە کە زمانی ئینگلیزی لەکەندا و بۆرتۆریکۆ و فلیپین و ساموای ئەمەریکی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا پەیوەنـدیان بـە ئینگلیـزی ئەمەریکیـەوە هەیـە، بـەڵام سـەرجەم جۆرەکـانی دی ئینگلیزی تایبەت بە (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) و (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) ئەوا بەشێوەیەکی دەرك پێ نەکراو بەمانا زمانەوانیە داتاشراوەکەی[٧٦] پەیوەستە بەزمانی ئینگلیزی بەریتانیەوە، لەلایەن زمانەوانیەکەشەوە، زمانی ئینگلیزی بەریتانی و ئینگلیزی

---

[76] - ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زۆرجار دەنیشتوانی (هاوای) وا گومان دەبەن ، کـە گەشـتیارە بەریتانیەکانی هاوای ئوسترالین و بەریتانی نین، چونکە بەو شێوەیە زمانەکەیان دەناسنەوە کە زمـانێکی غەیری زمانی ئەمریکیەکانە (پاشانیش قەت گومانیان ناچێتەسەر ئەوەی کە ئەو گەشـتیارانە کەنـەدی بن، هەرچەندە هەندێك لە کەنەدیەکان لەچەند لایەنێکی دیکەوە لەبەریتانی دەچن).چونکە گەشـتیارانی ئوسترالیاو نیوزیلەندە ئەو بەریتانیانەن کە زۆرجار دانیشتوانی هاوای چاویان پێیان دەکەوێت، لەبەر ئەوە ئەو هاواییانە زۆرجار کە قسەیان ئاراستە دەکەن پێیان دەڵێن (بێگومان تۆ ئوسترالیت).

ئەمەریکی هــەردووك وێكــچوونیان لەجیاوازیــەكانیان زیــاترە، لەكاتێــكدا هەریەكــە لــە (ئینگلیــزی بــەریتانی) ( ئینگلیــزی ئــەمریكی) ژمارەیــەك لــە جۆراوجۆریــە شــێوەزاریە ناوخۆییەكانیان لەتوێدا بەدی دەكرێت، بەكارهێنانی ئەو فێرخوازانەی كە زمانی ئینگلیزی فێر دەبن بەو ڕادەیە نزیكە لەیەكەوە كە بتوانن لەیەكـدی بگــەن، لەئاســتی ڕێزمانیــشدا، چەند جیاوازیەكی گرنگ و كەم تێبینی دەكرێــت ، هەرچــەندە هەنــدێك جیــاوازی بــچووك لەئارادا هەیە ، وەكو:ـ

in hospital ( ئینگلیزی بەریتانی )
in the hospital ( ئینگلیزی ئەمریكی )
the book will be published on Friday ( ئینگلیزی بەریتانی )
the book will be published Friday ( ئینگلیزی ئەمریكی )
I already had my break fast ( ئینگلیزی بەریتانی )
I've already had my break fast ( ئینگلیزی ئەمریكی )
Do you have you're passport with you? Yes I do ( ئینگلیزی بەریتانی )
have you got your passport with you? Yes. Ihave. ( ئینگلیزی ئەمریكی )

بەمشێوەیە لەســەر ئاســتی وشــەكان ژمارەیــەكی زۆر جیــاوازی چــاوەڕوانكراو بــەدی دەكرێت، ئەمەش ڕاستە ، لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بەقسەكەرە ڕەســەنەكانی ( ئینگلیــزی بەریتانی) و ( ئینگلیزی ئەمریكی)، زۆر بەدەگمەن جیاوازیەكانی وشــەكان لەمپــەر بخاتــە بەر ڕەوتی ماناكان، ئەم شتەش گەر ڕوویدات ئەوە مەسەلەیەكی سەرپێییە.

لەسەر ئاستی دركاندنیش ، سیستەمە تایبەتەكانی (دەنگە بزوێنەكان) و (نەبزوێنەكان) و هێز و ریتمــی وێكــچووە ، بــەڵام ڕەنگاڵــەیی تایبــەت بەدەنگــەكان جیاوازیــان هەیــەو هەریەكەو ژمارەیەكیش لەئادگارە جیاوازەكانیان هەیە.

بەمشێوەیە درکاندنی ئینگلیزی ئەمەریکی دەربڕینی دەنگی (r) لە وشەکانی وەکو park peer bird ... هتد جیاوازییان هەیە، کەچی لە زۆر لە شێوەزارەکانی (ئینگلیزی بەریتانی) ئاسەوارێکی دەنگی (r) بەدی ناکرێت، هەرچی دەنگەکانی (t) کە دەکەونە نێوان دوو دەنگی بزوێنەوە لە ( ئینگلیزی ئەمریکی)دا زۆر بەکەمی دەچرپێندرێ، بەشێوەیەك کە (سەبارەت بەقسەکەرێکی ( ئینگلیزی بەریتانی) وشەکانی ( ئینگلیزی ئەمریکی) writer، waiting، matter درکاندنیان لەگەڵ madder، rider،wading یەکدەگرنەوە. هەرچی هێزی وشەگەلی دوو بڕگەییە جیان، بۆ نموونە لە ( ئینگلیزی ئەمریکی)[٧٧] cal gazette و ( ئینگلیزی بەریتانی) cigarette و لە ( ئینگلیزی ئەمریکی)[٧٨] Address و ( ئینگلیزی بەریتانی) address ، هەروەك تەرزەکانی ئاوازکردن بەوەوە جیاوازە کە خاڵی جیاوازی وردی زۆر گرتۆتەخۆ. لەڕووی ناوەرۆکیشەوە، ( ئینگلیزی بەریتانی) و ( ئینگلیزی ئەمریکی) زۆر وێکچوو یان زۆر جیاواز دەبن بەپێی ئارەزووی کەسێك لەجەخت کردنەوە لەسەر لایەنەکانی جیاوازی و وێکچوویی، نەك تەنها سەبارەت بەئادگارە زمانەوانیەکان ، بەڵکو سەبارەت بەشێوازی گشتگیری ژیانیش کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی دەکەن یان بەشێکی لێ پێك دەهێنن.

## شێوە ناوخۆییەکانی زمانی ئینگلیزی

لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەمان بۆ زۆر لە شێوازەکانی زمانی ئینگلیزی کرد، ئینگلیزی هیندی و ئینگلیزی ئوسترالی و ئینگلیزی ڕۆژئاوای ئەفریقا. ئێستاش دەتوانین

---

[77] - نووسینی وشە بەمشێوەیە مانای ئەوەیە کە هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم ، ئەویش لەحاڵەتی (ئینگلیزی ئەمەریکی)دا، و دەشکەوێتە سەر بڕگەی دووەم لەحاڵەتی (ئینگلیزی بەریتانی)دا (وەرگێڕ).

[78] - مەبەستمان لەئاوازکردن intonation بەکارهێنانی ئاوازە گونجاوەکانە، یان بەکارهێنانی جیاوازییەکی گونجاوە، بەشێوەیەك کە بتوانین بۆ نموونە ڕستەی ڕاگەیاندن و پرسیار لەیەکدی جودا بکەینەوە (وەرگێڕ).

ببینین کە لەهەر شوێنێدا کۆمەڵگایەك پەیدابووبێت ، کە زمانی ئینگلیزی بـەکاربهێنێت، ئەوا بە شێوازێکی گەورەو سەربەخۆ هەلو مەرجەکانی کۆمەڵگای تیادا بێتەجێ ، لەوانەیە لەو کۆمەڵگایەدا شێوازێکی زمانی ئینگلیزی (شێوەی ناوەخۆیی زمان) سەرهەڵبدات ، کە لەڕێگای ئاوێتەی جیاوازی و ئادگارە ڕێزمانی و درکاوی و دەربڕین و شێوازییەوە دەزانـرێ و دەست نیشان دەکرێ.

هەروەها بوونی ناونیشانێکی وەکـو زمـانی ئینگلیـزی سـەنگافورەیی یـان ئینگلیـزی ڕۆژهەڵاتی ئـەفریقی... هتـد ، بەڵگەیەکـە لەسـەر بـوونی شـێوەیەکی نـاوخۆیی زمـانی ئینگلیزی کەلەو کۆمەڵگایەد ئینگلیزی بەریتانیەکاردەهێنرێت.

بەمشێوەیە (شێوەی ناوەخۆیی زمان) زاراوەیـەکمان بـۆ دەرەخـسێنێت ، کـە ئامـاژە بـۆ بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیـزی دەکـات لـەم ڕۆژگـارەدا، جۆرەکـانی (شـێوەی نـاوەخۆیی زمان)یش بەشێوەیەکی گەورەو بەچەند ڕێچکەیەك، کە هەندێکیان ئاڵۆزو خاوەن لق پـۆپی زۆرن، وەکو (ئینگلیزی هیندی) کە ناولێنانێکی باوی بێ جیاوازیە کەبەسـەر ژمارەیـەکی زۆری لقەکانی (شێوەی ناوەخۆیی زمان)ی تایبـەت بـە زمـانی ئینگلیـزی هینديـدا بـڕاوە .کۆمەڵگای هیندستانی بەزمانی ئینگلیـزی قـسە ناکـەن ، بـەڵام مـەودا کۆمەڵایـەتی و جوگرافی فراوانی ئەم وڵاتە زەمانەتی ئەوە دەبەخشێ کە (شێوەی ناوەخۆیی زمان) یـەکێك لە شێوە بەکارهێنراوەکانی ئەم زمانە لەنێوان بەرپرسانی هێڵـە ئاسـنینەکانی (مایـسۆر ـ Mysore) و شێوەیەکی دیکەی نێوان فێرکـارانی زمـانی ئینگلیـزی لـە قوتابخانـەکانی ناوەندی لە (بۆمبای) و شـێوەیەکی جیـاش لـەنێوان فەرمانبـەرە مەدەنیـەکانی (دەلهـی) بەکاربهێنرێت ، ئیتر بەمشێوەیە هەرچی ئینگلیزیەکەی فلیپینیـشە گوزارشـت لەچـڕیەکی زۆری جۆرە ناوخۆییـەکان دەکـات، ئینگلیزیەکـەی سـیرالیۆنیش جیـاوازی جـۆری کـەمتر گرتۆتەخۆ ، بەڵام مێژووی جیاوازی ئەم وڵاتە (سیرالیۆن) بەو حیسابەی کـە کۆمەڵگایەکـە لە ڕەچەلەکەوە وەکو نیشتمانێکی کۆیلە ئازاد کراوەکـانی ئەمـەریکاو کـاریبی لەئـەفریقا

دروست بوو، هەروەها بوونی زمانی (کیرۆ kiro) کە زمانێکی تێکەڵەو[٧٩]تا ڕێژەیەکیش ئینگلیزییە، کە تەنها لە (فریتاون) بەکاردەهێنرێت، مانای ئەوەیە کە کاتێك زمانی ئینگلیزی هیندی و ئینگلیزی (سیرالیۆن) لە شێوە ناوخۆییەکانی زمانی هەژمار دەکرێت، ئەوا توێ توێ کردنی هەریەك لەو دوو شێوەیە لەگەڵ یەکدیدا جیاوازیان هەیە ،بەڵام (شێوەی ناوەخۆیی زمان) بەتێپەڕبوونی کات، گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆ نموونە ئینگلیزیەکەی سەنگافورەو ئینگلیزیەکەی مالیزیا ئێستا لەگەڵ یەکدیدا زۆر جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەم جیاوازیە پێش بیست ساڵ بەو شێوەیە نەبوو، ئەویش لەبەر مێژووی جیای ئەم زمانەو وتنەوەی لەقوتابخانەکانی ئەم دوو وڵاتەدا کە لەپاش جیابوونەوەی هەردوو وڵاتەکە بۆ هەریەکەیان دروست بوو.

هەروەها دەکرێ کە (شێوەی ناوەخۆیی زمان)ێکی نوێی دی دروست ببێ، بەڵگەش زۆرە لەسەر دەرکەوتنی زمانێکی ئینگلیزی ئەوروپی لەناو فێرخوازان کە پیاوانی کارگێڕیی و پیشەییەکانی فەرەنساو ئەڵمانیاو هۆڵەنداو بەریتانیا... هتد، قسەی پێ دەکەن و بەهۆیەوە یەکدی دەناسن و مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا دەکەن ، بەو حیسابەی کە خەڵکی یەك کیشوەرن و بە ئینگلیزیەکی هاوبەش دەئاخفن کە شێوەزارێکی تایبەتی تی ئینگلیزی بەریتانیەکاردەهێنرێت، بێ گومان ژمارەیەکی زۆر لەوڵاتان هەن کە (شێوەی ناوەخۆیی زمان)ێکی وایان تیادا نییە کە لەوانی دی جودا بکرێتەوە، هەندێ وڵاتانی دیش هەن ، کە دەتوانین بڵێین کە (شێوەی ناوەخۆیی زمان)یان تیا سەری هەڵداوە ، ئەویش لەچوارچێوەی لقێکی دیاری کراودا، بۆ نموونە ئەم شێوەزارەی لەناو زانایان و پسپۆران و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا یابانیەکاندابەدی دەکرێت.

79 - زمانی تێکەڵ CREOLE: زمانێکی سادەیە و لە چەند توخمێکی چەند زمانێك پێك دێت (وەرگێڕ).

## ( قسەكەرانی زگماكی ئینگلیزی ) و ( قسەكەرانی نازگماكی ئینگلیزی ) و زمانی دایك و زمانی بیانی و زمانی دووەم

كاتێك كە باسی زمانی ئینگلیزی دەكەین ، بەو حیسابەی كە زمانێكی نێودەوڵەتیە ، لەم حاڵەتەدا تێكەڵی و پێكەڵێەك بەهۆی بەیەكداچوونی هەرچوار ئاراستەكەوە پەیدا دەبێت، كە ئەمانەن: (١) زمانی ئینگلیزی و ئەو كەسانەی كە بەكاری دەهێنن.(٢) تاكەكەس و زمان یان ئەو زمانانەی كە بەكارهێنانیان لەتوانادا هەیە.(٣) بارودۆخی زمانی ئینگلیزی لەناو دەوڵەتێكی دیاری كراودا . (٤) فێربوون و فێركردنی زمانی ئینگلیزی.

جا ئیتر هەریەك لەم ئاراستە جیایانە كۆمەڵە زاراوەیەكی جیایان گەرەكە، سەبارەت بە بۆچوونی یەكەم كە تایبەتە بە خودی زمان و بەكارهێنانەكانی، ئێمە تێبینی ئەو جیاوازیەمان لەنێوان قسەكەرە ڕەسەن و قسەكەرە فێربووەكاندا كردووە، بەڵام سەبارەت بە بۆچونەكانی دی ئەوا پێویستیمان بەزاراوەگەلی جیا هەیە، مرۆڤی تاكەكەس گەر بەو حیسابە بۆی بڕوانین كە بەكارهێنەرێكی زمانەكەیە ، ئەوا لەتێكەڵ بوونی لەگەڵ ژیان و گوزەراندا لەمنداڵیەوە ئەو زمانەی كە بەكاری دەهێنێت لەدەوروپشتەوە فێری دەبێت و لەگەڵیدا گەشە دەسێنێت، ئەمەش بەشێوەیەكی ئاساییەكەی گوزارشتی (زمانی دایك) دەیگرێتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ منداڵ لەحاڵەتە نائاساییەكاندا لەوانەیە دایكی پەروەردەی نەكات، یان لەوانەیە كە دایكەكە زمانێكی دی غەیری زمانی خۆی بەكار بهێنێت، زۆرجاریش لەكاتی پەروەردەكردندا منداڵ لەیەك زمان زیاتر فێر دەبێت كە بە(زمانی دوانەیی) ناسراوە، جا كاتێك كە مرۆڤ زمانێك یا زیاتر لەمنداڵیدا فێر دەبێت لەوانەیە ئەو زمانەی كە زمانی دایكیەتی لەوانی دی باشترو ڕێك و ڕەوانتر قسەی پێبكات ، هەرچەندە جاری واش هەیە زمانی دایك ڕەوانترو ڕێكترە لەبەر هەندێك هۆكار ناچێتە سەرزاری قسەكەر، كە ئەمە لەڕێی سەفەركردن و كۆچ كردن و لەبەر هۆكاری ژنهێنان و لەژێر فشاری

ستراتیژیەتی فێرکردن ، چ لەڕێگای فێربوونی قوتابخانە و چ لەڕێگای هەوڵی تاکە کەسیەوە بۆ فێربوونی زمانەکە بۆ سوود وەرگرتن،کە ئەمەش لێی لـەڕووی خوێنـدن و دابـین کردنـی ژیانی کردەییەوە ئەمجۆرە زمانە بۆ مرۆڤ دروست دەبێ.

یان لەبەر هۆکاری بەرهەمهێنی تایبەت بەهاریکاری کەسانێك کە سەر بەکۆمەڵەیەکی زمانەوانی دیکەن، جگە لەبوونی چەندەها هۆکاری دی سەبارەت بە بـاوەڕبوون بـەوەی کـە ئەو ئەرکە دەروونیەی کە زمانی زگماك لەناخی مرۆڤدا ئەدای دەکات جیایە لەو ئەرکانەی کە زمانێکی دی دەیبەخشێ ، جا هەر مرۆڤێك کە هەوڵ و کۆشش بخاتەگەڕ بـۆ فێربـوونی زمانێك بە وردی و بەزانستی ، ئەوا ئەم کارەی تەوزیمێکە لەڕووی کرۆك و ناوەرۆکەوە هەر لەگەڵ زمانە زگماکەکەدا جیایە.[٨٠] پاشانیش پێویستیەك لەئارادا هەیە ، کاتێك کە باس لەبیروبۆچوونی تایبەت بەکەسێك دەکەین، بۆ زاراوەگەلێك کە بەبێ هیچ تـەماوی بوونێـك لەنێوان هەردوو ئەو زمانەی کە هەردوو ئەم ڕۆڵە جیایـە ئـەدا دەکـەن:زمـانی سـەرەکی و زمانی ناوەندیی [٨١] ، لەبەر ئەوە لەکاتی ئەنجامدانی گفتوگۆکـانی پێـشوومان دەربـارەی

---

[80] - ئەمە مانای ئەوە نییە کە هەندێك لەکردە هزرییەکان و ئەو ڕێـچکانەی فێربـوون کـە منـداڵێکی بچووك بەکاری دەهێنێت بەهەمان شـێوە لـەفێربوونی زمانـەکانی دی غـەیری زمـانی زگماکـدا بـەکار بهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا زمانی زگماك ڕۆڵێکی سۆزداری و دەروونی بێ هاوتـا دەبینێـت کـە منـداڵی بچووك لەساڵانی بەرایی ژیانیدا دەیبینێت، جا ئیتر سەرجەم زمانەکانی دی لەڕێگای عەقڵـەوە بەدەسـت دەهێنرێت ئەو عەقڵەی کە شارەزای لەزمانێك هەیـە، بـەڵام زمـانی دایـك تـەنیا ئـاوازێکی تـازە پـێ گەیشتوو و گۆڕانکاری بەسەردا دەهێنێت.

[81] - مێژووی ڕۆشنبیری و زمانـەوانی تاکێـك لەوانەیـە لەکۆتاییـدا و لەهەنـدێك حاڵـەتی دەگمەنـدا، تاڕادەیەك زمانێك کە پێشوەخت بەسیفەتی ئەوەی زمانی دووەمە فێری بووبێت ببێتە زمانێکی زگمـاك یان زمانێکی شوێنگرەوە، کە لەهەمـوو کـارە کردەییەکانـدا بـەکاربهێنرێت، جـا بـۆ ئـەوەی ئـەم شـتە ڕووبدات پلەی زانین و فێربوونی زمانی ناوەند پێویستە بگاتە ڕادەی فێربوونی زمانی سەرەکی: یان تەنیا

بەكارهێنەرانی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی كە (زمانی بیانی) و (زمانی ناسەرەكی) ن قسەكەرە ڕەسەنەكان ئەو كەسانەن كە زمانی ئینگلیزی زمانێكی سەرەكیان بۆ پێك دەهێنێت، كەچی قسەكەرە فێربووەكان ئەو كەسانەن كە زمانی ئینگلیزی زمانی ناوەندیانە پێكدەهێنن نەك سەرەكی ، لەگەڵ ئەوەشدا گەر بچینە سەر تێڕوانینی تایبەت بەبارودۆخی زمانی ئینگلیزی لەكۆمەڵگایەكدا كە زمانی ئینگلیزی وەك زمانێكی ناوەندی بۆ زۆرینە یان بۆ هەمووی تێدا بەكاردەهێنرێت.

لەم حاڵەتەدا بارودۆخی زمانی ئینگلیزی لەیەكێك لەم دوو حاڵەتە بەدەرنییە: یان دەبێتە زمانێكی بیانی یان زمانێكی دووەم زمانی ئینگلیزی بە زمانێكی بیانی لەقەڵەم دەدرێت لەناو كۆمەڵگایەكدا كە بارودۆخێكی تایبەتی نەبێت ، بەڵام وەكو زمانێكی دی مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، هەروەها دەشبێتە زمانی دووەم كە بارودۆخێكی تایبەتی هەبێت، وەكو ئەوەی كە لەدادگاكاندا قسەی پێ بكرێت.

یان وەكو زمانێكی فێركردن لەكەرتە سەرەكیەكانی سیستەمی فێركردنی ئینگلیزی بەریتانیەكاربهێنرێت، یان لەبەڕێوەبەرایەتی هەرێمایەتی نەتەوەیی بەكاربهێنرێت، یان لەڕادیۆو تەلەفزیۆندا زۆر فراوان و بڵاوبێت، و لەو شوێنانەش ڕۆژنامەی گەورە كە بەزمانی ئینگلیزی بڵاوبكرێتەوەو ئەگەری ئەوەش هەیە كە زاراوەی زمانی دووەم بەهەمان پلە لەسەر زمانی دی جگە لەئینگلیزی پراكتیزە ببێت، بۆنموونە زمانی فەرەنسی لە (ساحل ئەلعاج)دا زمانێكی دووەمە (coted'ivoire) و لە لوبنانیش بەهەمان شێوە زمانی فەرەنسی زمانێكی دووەمە.[82] جا گەر هەستین بەكۆكردنەوەی ئەم زاراوانە لەوكاتەدا

---

زمانە سەرەكییەكە پلە بەپلە بزانرێت ئەویش لەڕێگای نەمانی = زمانەوانی و نەبوونی دەرفەتی بەكارهێنان یان پراكتیزەكردنی.

82 - زۆر پێویستە سەبارەت بەم تێكهەڵكێشیانە بەئاگابین ، كاتێك كە وشەی دووەم سەبارەت بەزمان بەكاردەهێنین، هەردوو زاراوە سەرەكییەكە زمانی سەرەكی primary پێك دەهێنن زمانی ناوەند

دەتوانین بلّێین کە لەنێوان ئەو کۆمەڵانەی (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) ی زمانی ئینگلیزی کەسانێك هەن کە لەو وڵاتانەدا دەژین کە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن بەو وەسفەی کە زمانێکی بیانیە ،هەندێکیشیان لەچەند دەوڵەتێکدان کە قسە بەئینگلیزی دەکەن بە وەسفەی کە زمانێکی دووەمە ، هەرچەندە کە سەبارەت بەهەموو ئەو بەکارهێنەرانەی زمانی ئینگلیزی زمانێکی ناوەندیە نەك سەرەکی، باچەند نموونەیەکی دیش پێشکەش بکەین زمانی ئینگلیزی لەکۆریا زمانێکی بیانییە و زمانێکی دووەمیشە لە نەیجیریا، زمانی بیانییە لەبەرازیل و **زمانی دووەمە** لە هۆنگ کۆنگ و زمانی بیانییە لەچین و (**زمانی دووەمە لە چیای تاریق** و زمانی بیانییە لە ئەندەنوسیا، و زمانی دووەمە لەفیجی ، ئیتر بەمشێوەیە ، بەڵام ئایا گرنگی جیاکردنەوەی نێوان (زمانی بیانی) و (**زمانی دووەم**) چییە؟ ئایا مەسەلەکە لەو پەیوەندیە مێژووییەی پێشوو لەگەڵ بەریتانیا یان فەرەنسادا تێدەپەڕێ یان نەء ، وەڵامیش لەسەر ئەم پرسیارە ئەوەیە کە لێرەدا جیاوازیەکی مەزن هەیە کاتێك کە مەسەلەکە پەیوەست ب ئینگلیزی بەریتانیەفێربوونی زمانی ئینگلیزی و فێرکردنیەوە، گەر ژینگەکە (زمانی بیانی) یان (زمانی **دووەم**) بێت، ئەوا ئەم شتە کاریگەری لەسەر هۆگربوونی پێشوەختی فێرخواز دەبێت بەزمانی ئینگلیزیەوە، و بەهەمان شێوەش کاریگەری لەسەر پێشبینیەکانی فێرخوازان دەبێت بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن و کاریگەریشی لەسەر ڕێژەی ناوەڕاستی ئاستی ئەو خوێندنە دەبێت کە زۆربەی زۆری فێرخوازان دەیگەنێ (کە بەرزترین ڕێژەیە لە حاڵەتی وڵاتانی (ئینگلیزی زمانی دووەم) وەك لە وڵاتانی (ئینگلیزی زمانی بیانی)، ئەو پێوانەو ئامانجە

---

چاکتریش وایە ئەم گوزارشتانە بەکاربهێنرێن وەکو زمانی بیانی دووەم (secondary second foreign language) (بۆ نموونە لە قوتابخانە) ، بەڵکو بەکارهێنانی فێربوونی زمانی دووەم (second language acquisition) هیچ سەرکەوتوو نییە، باشتریش وایە وەکو زاراوە زمانی دووەم بخوێنرێت (secondary language acquisition).

کۆتاییانەی سەرکەوتن کە فێرخوازان و فێرکەرانی زمانەکە لەبەرامبەر خۆیان دایدەنێن بـۆ گەیشتنە بەو شێوازەی کە لەولاّتانی (ئینگلیزی زمانی بیانی) دەکات ، بەلاّم ئامانجیشیان کە بگەنە ئامانجی (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) لەولاّتانی (ئینگلیزی زمـانی دووەم)، ئەم مەسەلەیەش وامان لیّ دەکات کە بگەینە کەرتێکی دی کە زۆر گرنگە بۆ توێژینـەوەی زمـانی ئینگلیـزی بـەو وەسـفەی کـە زمـانێکی نێودەوڵەتیـە، کـە مەسـەلەی پێوانـەو هەڵسەنگاندنەکانە.

## هەڵوێست و پێوانە و هەڵسەنگاندن

پێش وتوێژکردن سەبارەت بـە هەڵسەنگاندنی ئینگلیزیـەکان و ئـەو نموونانـەی کـە پێویستە لە فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا بەکاریان بێنین ، بەو وەسفەی کە زمانێکی بیانییە یان زمانێکی دووەمە، لەو حالەتەدا پێویستە کە بەرەنگاری بابەتێکی سـەرەکی ببینـەوە، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی زۆری بەکارهێنەرانی زمانی ئینلگیزی لەجیهاندا بـەو وەسـفەی کە قـسەکەری ڕەسـەنی زمانەکـە نـین، بەشـێوەیەك قـسەی پـیّ دەکـەن و دەنووسـن کـە لەوردەکاریەکانی و لەجۆرێتیدا جیایە لـەو شـێوازەی کـە قـسەکەرە ڕەسـەنەکان بـەکاری دەهێنن ، بەلاّم قسەکەرە ئینگلیزیە ڕەسەنەکان زۆربەیان تەنانـەت لـەنێوان مامۆسـتایانی زمانەکەشدا، بەهۆشیارییەوە یان بەبیّ ئەوەی ئاگایان لیّ بیّ قینیان لەم جـۆرە هـەبیّ ئـەم هەڵوێستانەش لەلایەن قسەکەرانی ڕەسەنەوە قسەکەرە فێربووەکان بەملهووری و عەقڵیەتی ئیستعماریی ناوزەد دەکەن و بـەزەلیلکردنی هـەژمار دەکـەن، بەمـشێوەیە و لەسـەر ئـەم بنەمایە (کاتشرۆ ١٩٨٢) باس لەواقیعی ئەزموونی تایبەتی خـۆی دەکـات ،کاتێـك ئـەو زمانە ئینگلیزیەی کە مرۆڤ قسەی پیّ دەکات بەزمانی هیندی ناوزەدی دەکـات، ئەمـەش بەئیهانـە و شـکاندنەوەیەکی زمانـەوانی هـەژمار دەکرێـت ، کـە دەروون دەپێکێـت . لەپەرتووکێکی تردا (١٩٨٦) دەڵێت:

((هەوڵدانی بێ یەك و دووی فێربوونی زمانی ئینگلیزی و تێگەیشتنی لەلایەن هاوەڵانەوە (ئەم گوزارشە بەو کەسانە دەوترا کە بەرەچەڵەك خەڵکی شوێنەکە بوون و ئینگلیزیان بەباشی دەزانی) چ لە ڕەشپێست و چ لەئەسمەر ڕەنگەکان، مەسەلەیەکە ئیستعماریەکان پشت گوێیان نەختستووە ، بەڵکو زەخیرەیەك لەمەتەڵی زمانەوانی و نوکتە ئامێزی پێیان بەخشی کە لەیانەی سپی پێستەکاندا تەنها بۆ پێکەنین دەگوترایەوە، جا بەکارهێنەری زمانی دووەمی ئینگلیزی لەم هەڵوێستانەدا هیچ سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، گەر لێهاتوویەکیشی بەدەست بکەوتایە ئەوا هەمیشە جێی باوەڕ پێ نەکردن و گومان بووە، گەر ئەو لێهاتوویەش بەدەست نەکەوتایە، ئەوا دەبووە گاڵتەجاری زمانەکەی خۆی)).

هەروەها ململانێیەکی وێکچوو لەنێوان هەڵوێستەکاندا ڕوودەدات کاتێك کە قسەکەرێکی ڕەسەنی زمانەکە ڕەخنە لە جۆری ناڕەسەنەکانی زمانی ئینگلیزی دەگرێ یان ڕەتی دەکاتەوەو هۆکاری سەرەکی ئەم هەڵوێستانەش لەلایەن قسەکەرانی ڕەسەنی زمانەکەوە نەزانی و بێ ئاگاییە واتە دەرك نەکردنی تەواو بەبوونی چەند جۆرێکی ناڕەسەنی زمانی ئینگلیزی کە گەشاوەو کارابێت و ئەرکەکانی خۆی بەتەواوەتی ئەدا بکات، هەندێ جاریش ئەو زمانە خاوەن جوانکاری و مۆرکی ئەدەبییە، و زۆربەی (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) و لەوانە مامۆستایانی (ئینگلیزی زمانی بیانی)، هەروەها (ئینگلیزی زمانی **دووەم**) هیچ شارەزاییەکیان بەجۆرەکانی (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی)ی ئینگلیزی سەبارەت بە بارودۆخی سەرهەڵدانی نییە، بۆ نموونە لەهیندستان و سەنگافورەو ڕۆژئاوای ئەفریقا... هتد. بگرە هیچیشیان دەربارەی نەخوێندووە، لەدەرەنجامی ئەوەشدا، ئەوانە دەڕواننە جیاوازیەکانیان لەهەڵسەنگاندنی (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) بەو وەسفەی کە لەگەڵ ئەو هەوڵانەی کە لەهۆڵی خوێندندا دەکرێن یەکسانن، یان لەوانەیە جۆرەکانی تایبەت بەقسەکەرە ناڕەسەنەکان بە

زمانێکی ناوەڕاست هەژمار بکەن[٨٣]،لەڕێگای هەنگاونان بەرەو ئەو زمانە ئینگلیزیەی کە تایبەتە بەقسەکەرە ڕەسەنەکان، لەڕاستیشدا زۆربەی زۆری جۆرەکانی ئینگلیزی تایبەت بە (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) زنجیرەیەك لەو شێوە و شێوازانە دەگرنەخۆ کە لەزمانی ئینگلیزی دوو ڕەگە دەچێت[٨٤] ، ئەویش لەیەکێك لەلایەنەکانیدا، بەڵام لایەنەکەی دیکە لەزمانی قسەکەرە ڕەسەنەکە دەچێت و لەوانەشە کە (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) بەبێ هیچ کۆششێك لەلایەنێکەوە بۆ لایەنێکی دی بگوازێتەوە، ئەویش کاتێك پێویستیەك بۆ ئەو گواستنەوەیە پەیدا دەبێت، بۆ نموونە: بامجبوز (١٩٨٢) (Bamgbose) چوار جۆری لەزمانی ئینگلیزی نەیجریدا وەسف کردووە:

---

83 - لەو دەرەنجامە بەدانەی کە لەجەماوەری بوونی توێژینەوەکانی زمانی ناوەڕاستەوە سەری هەڵداوە (interlingua) لەناوەندەکانی مامۆستایانی (ئینگلیزی زمانی بیانی)، (ئینگلیزی زمانی **دووەم**) (هەرچەندە زمانی ناوەڕاست زۆر گرنگە بەو حیسابەی کە یەکێکە لەچەمکەکانی زانستی زمانزانی دەروونی)، ئەو گریمانە سەد دەرسەدنەیەکە دەرەنجامەکەی ئەوەیە کە (١) هەموو جیاوازییەك لەهەڵسەنگاندنی کەسی باڵغەوە ،ئەوا جیاوازی لەهەڵسەنگاندنی زەخیرەیەکی تایبەت بەقسەکەرە ڕەسەنەکە. (٢) هەموو زمانە ناوەڕاستەکان یان هەموو تاك و کۆمەڵەکان، لەسەر ڕاستە شەقامێکی کە بەرەو پێوانەیەکی جیهانی یەکگرتوو هەنگاو دەنێن کە بنەماکانی بەکارهێنانە ڕەسەنەکەیە، تیۆری زمانی ناوەڕاستیش لەبنەڕەتەوە لەچوارچێوەی بارەکانی دەروونی تاکدا دروست بوو، چونکە بارەکان و کردە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندیەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام پاشان زاراوەی زمانی ناوەڕاست وای لێ هات کەوا بەکاردەهێنرا کە هاوواتای زاراوەی شێوەزاری کۆمەڵایەتییە، ئیتر چەند گریمانەیەك سەریان هەڵدا و نشوستیان لەوە هێنا ، کە لەحیسابی خۆیاندا ئەو چۆنێتیە وەربگرن کە زمان لەکۆمەڵگادا پێ بەکاردەهێنرێت.

84 - زمانی ئینگلیزی دووڕەگە ئەو زمانە ئینگلیزیە سادەیەیە کە لەگەڵ چەندەها زمانی دیکە ئاوێتەو تێکەڵە، وەکو ئینگلیزی بەکارهێنراوی هۆنگ کۆنگ (وەرگێڕ).

جۆری ژمارە (١): هەموو ئادگارە فۆنۆلۆجی و ڕێزمانی و دەربڕینە تایبەتەکان لەخۆ دەگرێت، ئەویش بە زمانی (کوا kwa) یان بە نەیجیری کۆنگۆلی (Niger Congo) بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، ئەم جۆرە ئینگلیزیەش کەسانێك قسەی پێ دەکەن کە زانینێکی کەمیان لەم زمانە هەیە، جگە لەوەی کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەوڵاتی نەیجیریا جێی ڕەزامەندی نییەو لەڕووی نێودەوڵەتیشەوە تێگەیشتراو نییە.

جۆری ژمارە (٢): ڕێزمانەکەی لەڕێزمانی ئینگلیزی نموونەییەوە نزیکە، بەڵام خاوەنی تایبەتمەندی فۆتۆلۆجی دەربڕینی ئەوتۆیە، کە دەکرا بە سانایی جیا بکرێتەوە، ئەم شێوازەش نزیکەی (٧٥٪)ی قسەکەرانی ئینگلیزی لەوڵاتدا قسەی پێ دەکەن، و لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ڕەزامەندی لەسەرە، بەڵام لاوازیەك لەڕووی تێگەیشتنی نێودەوڵەتییەوە لەکەداری کردووە.

جۆری ژمارە (٣): لەزمانی ئینگلیزی بەریتانی نموونەییەوە نزیکە، لەهەردوو ڕووی ڕێزمان و واتاوەو و لەڕووی فۆنۆلۆجیشەوە وێکچووی ، بەڵام لەڕووی دەنگیەوە جیاوازە، هەروەها سەبارەت بە خەسڵەتە دەربڕینە دیاریکراوەکان دیسانەوە جیاوازە، لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە قبوڵکراوەو لەڕووی نێودەوڵەتیشەوە بەهەمان شێوە قابیلی تێگەیشتنە و ڕێژەی کەمترە و لە (١٠٪) دانیشتوان قسەی پێ دەکەن.

جۆری ژمارە (٤): لەگەڵ زمانی ئینگلیزی بەریتانی نموونەیی و لەهەردوو ڕووی ڕێزمانی و واتاوە دەقاودەقە، و لە ڕووی ئادگاری فۆنۆلۆجی و دەنگییەوە جیاوازەو دەقاو دەقی شێوەزاری هەرێمایەتی بەریتانی لەتوێی شێوەزارەکانی زمانی ئینگلیزییە، لەڕووی نێودەوڵەتیشەوە تاڕادەیەکی زۆر تێگەیشتراوە ، بەڵام لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە قبوڵکراو نییە و کۆمەڵێك لەو نەیجیریانە قسەی پێ دەکەن کە لە ئینگلتەرا لەدایك بوونەو هەر لەوێش گەورە بوونە، لەڕاستیشدا لێرەدا جیهانێکی ئاڵۆزی ئینگلیزی تایبەت بە (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) لەئارادا هەیە ، کە زۆربەی قسەکەرە ڕەسەنەکان

نایزانن، زمانی ئینگلیزی چەندەها زگماکی و گرفت لەچێوەی قسەکردن پێی پێشکەش دەکات بەو حیسابەی کە زمانێکی ڕەسەن نییە. ئەم (تحدیات)انە پێویستە بەرەنگاری ببینەوەو چارەسەری بۆ بدۆزینەوە بەلای کەمیەوە بەو توانا ڕەسەنە پەتییە زمانەوانیەی کە لای قسەکەر دەست دەکەوێ بۆ نموونە کاتشرۆ (١٩٨٢) پۆلێنکردنێك بۆ زمانە ئینگلیزیە نارەسەنەکان پێشکەش دەکات:ـ

مرۆڤ دەتوانێ بڕوانێتە (جۆرەکانی زمانی ئینگلیزی) لەڕووی فێربوونیەوە، هەروەها لەڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتیشەوە جگە لەڕووی پالنەرەکانی فێربوونی بەهەمان شێوەش لەڕووی ئەدا فەرمانیەکەیەوەو دەشتوانین ئەو لایەنانە بۆ دابەشینەوەی بچووکتر پۆلێن بکەین:ـ

- ١- فێربوون
  - زمانی یەکەم
  - زمانی دووەم
  - زمانی بیانی
- ٢- لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی
  - سەپێندراو
  - ناسەپێندراو
- ٣- لە رووی پالنەر
  - بەمەبەستی ئاوێتە بوون
  - بەمەبەستەکردەییەکان
- ٤- لایەنی ئەدای فرمانی
  - زمانی پەیوەندی
  - زمانێکی نێودەولەتی

پاشان ئەم نووسەرە ئاماژەی بە سێ بازنەی هاوچەقی زمانی ئینگلیزیە جیهانیەکان کرد (لەکویرك ویدۆسۆن Quirk and widdowson ساڵی ١٩٨٥): دەتوانین بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی بەو ئیعتبارەی کە سێ بازنەی هاوچەقە کە گوزارشت لەجۆرەکانی بڵاوبوونەوەو تەرزەکانی فێربوون و بوارە فەرمانیەکانی کە زمانی ئینگیزی لەگوزەرگای تەرحە ڕۆشنبیریەکان و زمانەکانەوە تیادا بەکاردەهێنرێت.

ئیتر لەڕووی ئەزموونگەرییەوە هەستام بەناونانی ئەم شتە بەمشێوەیە: بازنەی ناوخۆیی، بازنەی دەرەکی یان (بازنەی درێژ) و بازنەی فراوان بوو، سەبارەت بە بەکارهێنەرەکانیش ئەو ئینگلیزی بەریتانیبازنەی ناوخۆیی ئاماژە بە شوێنە تەقلیدیەکانی زمانی ئینگلیزی دەکات، واتە بۆ ئەو شوێنانەی کە زمانی ئینگلیزی تیادا بەزمانی سەرەکی هەژمار دەکرێت ، لەڕووی ژمارەشەوە بازنەی دەرەکی کۆمەڵەیەکی قسەیی فراوان و گەورە پێك دەهێنێت کە خاوەنی جۆری و چڕی و خەسڵەتی جیاوازە، و بنەما سەرەکیەکانی ئەم بازنەیە ئەمانەن:

أـ زمانی ئینگلیزی یەکێکە لەهەردوو شیفرەی پەیوەست بوون یان زیاتر لەچەند شیفرەیەکی زمانەوانی کە لەتوێی خەزێنەی زمانەوانی ئەو کەسانە دایە کە دووانەیەکی زمانەوانی یان فرەیەکی زمانەوانیان هەیە.

ب ـ زمانی ئینگلیزی پێگەیەکی گرنگی لە سیاسەتە زمانەوانیەکانی ئەم نەتەوەی خاوەن چەند زمانانەد ئینگلیزی بەریتانیدەستهێناوە.

بازنەی سێیەمیش کە بە بازنەی فراوانبوو ناوزەد دەکرێت ، کە ڕەهەندێکی جیاوازی دی دەخاتە ناو زمانی ئینگلیزیەوە.

تێگەیشتنی کرداری زمانی ئینگلیزی لەم بازنەیەدا پێویستی بە دانپیانانی ئەو ڕاستەقینەیە هەیە کە ئینگلیزی زمانێکی نێودەوڵەتییە، لەم بوارە پێشبڕکێیەکەی دژ بەنەیارانی خۆی لە زمانەکانی دی بردەوە وەکو زمانەکانی فەرەنسی و روسی و ئیسبرانتو،

گەر تەنها مەبەستمان دوو زمانی سروشتی و یەك زمانی پیشەسازی بێ، ئەوا ئـەو ناوچـە جوگرافیانەی کە وای وەسف دەکەین کە بازنەیەکی فرانبوونە، هیچ مێژوویەکی کۆلۆنیـالی لەلایەن بەکارهێنەرانی بازنە ناوخۆییەکەوە نییە، ئەم بازنەیەش ئێـستا لەفراوانبووندایـە و زۆر جۆریی و لایەنی ئەداکاری لیّ بەرهەمهاتووە (یان ئینگلیزی زمانی بیانی).

مێژووی ولاّتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکاو ڕۆمانیـا لـەڕووی جـۆرە تایبەتـەکانی قسەکەرە فێربووەکان دوو ئەزموونی زۆر لەیەك جیاوزایان هەیە، کاتێـك کـە ژمارەیـەکی زۆری پێگە ئیستعمارە بەریتانیەکان لەبەدەست هێنانی سەربەخۆیی سیاسی نزیك بوونەوە، هەمان جۆری شانازی بەناسنامەی کەسایەتی دروست بوو کـە لەزمانەکەیانـدا بەرجەسـتە دەبوو، کە لە ئینگلیزی ئەمەریکی هەر لەپێش دووسەد سـالّەوە تێبینیمـان دەکـرد، ئـیتر سالّی (١٩٦٠) هەندێك لەو بەریتانیانەی کە لە ئەفریقادا کاریان دەکرد بەتایبەتی لەنێوان مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی ، بەو وەسفەی کە زمانێکی بیانیە بە باوەڕهێنان بەوەی کە ئیتر گونجاو نییە ،کە قوتابییەکانی قوتابخانەکانی غاناو نەیجیریا گونجاو نییە کە بەو زمانـە ئینگلیزیە قسە بکەن کە ئینگلیزەکان قسەی پیّ دەکەن.

ئیتر ڕازی بوون لەسەر ئەو هەڵوێـستەی کـە پاشـان بـاڵیۆزی سـەنگافورە لـە (un) ڕایگەیانـد کاتێـك کـە وتـی: هیـوام وایـە کاتێـك لـەدەرەوە قـسە دەکـەم ، هاوزێـدو هاونیشتمانیانم بەئاسانی بمناسنەوەو بزانن من خەڵکی سەنگافورەم.

هەرچـی ئـەزموونی ولاّتـە یـەکگرتووەکانی ئەمەریکاشـە،لەڕووی فێربـوونی زمـانی ئینگلیزیەوە بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە بوو کە زیاتر بەهۆکاری پێویـستی فێربـوونی ئـەم زمانە بوو لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئەو کۆچبەرانەی کە ژمارەیەکی زۆر شالاّویان بۆ ئەم ولاّتە هێنا. بەپێویستیەکیش سەبارەت بەوان زیاتر لەوەدا بەرجەسـتەدەبوو کە ئەو زمانە فێر بن و قسەی پیّ بکەن بەو شێوازەی کە قـسەکەری ڕەسـەنی ئەمـەریکی قسەی پیّ دەکات نەك بەو شـێوازی کـە زمانەکـە ببێتـە نانـسامەیەکی سـەربەخۆی ئـەو

کۆچبەرانە، لەشەستەکانیشدا ئەم هەڵوێستە زیاتر ڕووی لەوالآیی کرد ، کە لەپێشدا ئاماژەمان پێی کردبوو ،کە بە داهێنانێکی بەریتانی (پریتۆر praetor :١٩٨٦) ناو دەبرێت. ئەوەش ڕاستە کە مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی کە زمانێکی بیانییە یان زمانی دووەمە، دەرك کردنیان بەچڕی زمانی ئینگلیزی کەمترە، و زیاتر کەمەندکێشی ئەو گریمانانەن کە دەڵێ نموونەی تایبەتی قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە بۆ هەموو بارودۆخێك دەست دەدات، بەڵام ئەم هەڵوێستە (کاتشرۆ) بەتوندی ساڵی (١٩٨٦) ڕەخنەی ئاراستەکرد.

## ئایا هیچ پێوانەیەکی جیهانی یان شێوەیەکی نموونەیی بۆ زمانی ئینگلیزی لەئارادا هەیە؟

لە دەرەوەی چێوەکانی فێرکردندا، دەبینین کە پێوانەکانی زمانی ئینگلیزی، لەڕووی کردەیی و پراکتیکیەوە، لەتوێی بابەتگەلی بەکارهێنانەکانی (قسەکەرانی زگماکی ئینگلیزی) و (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی)ن ، کە لەپێشدا باسمان لێوەکرد، بەو مانایەی کە هەموو کۆمەڵێك ئامانجە تایبەتەکانی خۆی لەبەرچاو دەگرێ، بەبێ ئەوەی بڕیارێکی پێشوەخت و هۆشیارانە لەکاکڵەیدا هەبێ، چونکە ئەکادیمیەك یان دەستەیەکی دی زمانی ئینگلیزی نییە کە پێوانەکان دیاری بکات.

لەهەمان کاتیشدا ئامرازێکی کرۆکدار لەئارادا هەیە کە لەگوزەرگای پیشەسازیە جیهانیەکانی فێرکردنی ئینگلیزیەوە کاردەکات بۆی هەیە کە یەکێتی زمانی ئینگلیزی بپارێزێت هەرچەندە زمانێکی چڕو فراوانە.

بەبێ گوێدانە ئەوەی کە پێوانەی ڕاستەقینە چڕێتی جۆرە تایبەتیەکانی قسەکەرە ڕەسەنەکە یان قسەکەرە فێربووەکانە، و بەبێ گوێدانە ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی زمانێکی بیانییە، لێرەدا دوو پێکهاتەی زمانی ئینگلیزی لەهەموو جیهاندا وانەی پێ دەووترێتەوە

بەبێ گۆڕانکاری پرۆسەکانی فێربوونی پێ بەڕێوە دەچێت ،ئەم دوو پێکهاتەیەش ڕێزمـان و وشە سەرەکیەکانن.

لەوانەیە لێرەدا چەندەها کەلێن لەڕووی وشەو گوزارشتە ناوخۆییەکانەوە لەئارادا هەبێت[٨٥] ، بێ گومان چەندەها جیاوازیش درکاندنیدا هەیە، بەڵام ڕێزمانی ئینگلیزی لەسەرانسەری جیهاندا هەر ئەو ڕێزمانەیەو هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا نەهاتووە، دەتـوانین ئاشـکراتر و ڕوونتر بڵـێین کـە لـەناو جـەنجاڵی ئـەم هـەموو چـڕیەی شـێوەزارە ناوخۆییـەکانی زمـانی ئینگلیزی،لەهەموو دونیادا دەبینین کە دوانەیێك لەنێوان ڕێزمـان و وشـەکان و فۆنۆلۆجیـا لەئارادا هەیە.

85 - کریج Craig (١٩٨٢)، لەسەر بنەمای کـاری لـوبیج Lepage، (١٠) جـۆری خـستنەسەری جیاوازی بەکارهێنانی ئینگلیزی بەریتانی و ئینگلیزی کاریبی دەژمێرێت، لەوانە:ـ

**ـ ئەو وشانەی کە لەئینگلتەرا وازیان لێ هێنراوەو بەکار ناهێنرێن.**

**ـ ئەو وشە بەکارهێنراوانەی کە لە ئینگلتەرا وازیان لێ هێنراوە.**

**ـ ئەو وەرگرتنانەی کە لە شێوەزارەکانی زمانی ئینگلیزیەوە نەك لە زمانە نموونەبیەکەوە وەرگیراوە.**

**ـ وشەگەلێکی بەکارهێنراوی مانا تازە لە (کاریبی).**

**ـ هەندێ وشەی ئینگلیزی کە گۆڕانکاری بەسەر درکاندنیاندا هاتووە کە پێویـستە بـە وشـەی کـاریبی هەژمار بکرێن.**

**ـ وشەگەلێك کە لەوانەیە فەرمانێکی زۆرتری ڕێزمانی ئەنجام بدەن لەوانەی کـە لـە ئینگلتـەرا ئـەنجام دەدرێن، وەکو (کارە تێپەڕەکان) کە بە وەسفی (کارە تێنەپەڕەکان) لەبەریتانیا بەکاردەهێنرێت.**

**ـ وشەگەلێك کە بەرەچەڵەك ئەفریقایین.**

**ـ چەند گوزارشتێك کە لەدووبارەکردنەوەی فۆرمەلەی بێژتن پێـك دێـت یـان خواسـتنی وەرگێـڕان بـۆ شکڵەکانی گوزارشتکردنی ئەفەریقی.**

سەبارەت بەوشەکانی تایبەت بە ئاخافتن لە گوندولادێکانی (ئۆکلاهۆما)دا زانراونیە کە بەشێوەزاری کەنداوی (قود) [٨٦] cape cod بدرکێندرێت، یان شێوەزاری ناوخۆیی تایبەت بە (برمنجهام) لە ئینگلتەرا (یان بەهەمان شێوە لەویلایەتی ئەلباما) ڕێزمان و وشە ناوخۆییە تایبەتەکانی فرانسیسکۆ یان سەنگافورە لەخۆ بگرێت، شێوەزارو ڕێزمانی بێژتن نەگۆڕانکاریان بەسەردادێت و نە لەیەکیش جیا دەبنەوە، هەروەها هەردووکیشیان لەبوونیادیاندا سەد دەرسەد ناوخۆیین، تەنها یەك حاڵەت نەبێ، چونکە لێرەدا کۆمەڵەیەك هەیە لە تەرزە ڕێزمانی و لەو وشە سەرەکیانە پێك دێت ،کە دوو خەسڵەتی یەکلاکەرەیان هەیە:ـ

یەکەمیان: ئەوەیە کە لەهەموو جیهاندا قبوڵکراوەو لەو شوێنانەی کە ئینگلیزی بەکاردەهێنن ڕەزامەندی لەسەرە، نەك تەنها لەیەك شوێن و یەك هەرێمدا.

دووەمیشیان: شێوەزارێکی تایبەت بەخۆی نییە، چونکە قسەکردن بەم زمانە بەهەر شێوەزارێك بێت لەجیهاندابەکاردەهێنرێت، ئەم دووشتەش ڕێزمان و وشەکانی کە بە بەکارهێنانی فێرخوازانەوە تایبەن، ئەو نموونەی فێرکاریە بەکارهێنراوەیە کە لەهەموو جیهاندا بەکاردەهێنرێت،[٨٧] هۆکارە سەرەکییەکە لێرەدا کە مامۆستایەکی (ئینگلیزی زمانی بیانی) یان (**ئینگلیزی زمانی دووەم**) تەرزە ناوخۆییەکانی ڕێزمان ناڵێتەوە، بۆ

---

86 - کەنداوی (قود) بەشێکە لە ویلایەتی (ماسا شوستس) ی ئەمریکی کە دەکەوێتە سەر ئۆقیانووسی ئەتلەنتیك. (وەرگێڕ).

87 - ئاساییە کە لە زانستی زمانی پراکتیکیدا و لەبەریتانیا زاراوەی (dialect) (شێوەزار) بەکاربهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بە ڕێزمان ،سەرباری وشەکانیش زاراوەی accent ( شێوەزاری درکاندن) بۆ ئاماژەکردن بەدرکاندن، بەڵام ڕێزمانی (بێژتن)ی تایبەت بەفێرکارو فێرخوازی کە لەم برگەیەدا وەسفسازی بۆ کراوە، ئەوکاتە بەناوی شێوەزاری ئینگلیزی نموونەیی دەناسرێت ( Standard English dialect) .

نموونە (جێناو)ی زمانی ئینگلیزی لەبەشەکانی باکووری ئینگلتەرا هەمان فۆرمەلـە (us) سەبارەت بە (نیهاد) و (بەرکار) و (خاوەنێتی) دەگرێتەخۆ.

We had best take cats: happen it will rain.
(We had better take our coats; it might rain.)

جا دوورەپەرێزی لەم قاڵبە ڕێزمانیەو وشەی (happen) بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە ، کـە ئەم دوو گوزارشتە هەڵەن، بۆ ئەوەش ناگەڕێتەوە کـە هـەردووکیان ئاسـتیان کـەمترە یـان نموونەیی نین ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بەکاردەهێنرێن و تەنها لەناوچە جوگرافیەکەو لـەنێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵەی قبوڵکراون، بەڵام هەردوو گوزارشتەکە لەشوێنی دیکەدا قبـوڵکراو نابن، کەچی درکاندنی ناوخۆیی بەپێـچەوانەی ئەمەوەیـە نـەك بـەهۆکارێك بـەڵکو تـەنها بەهۆکاری دەق پێوە گرتنێکی سەر پێیەوە.

جا مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی گەر بەردەوام بن لەسەر وتنەوەی ڕێزمان و وشەی تایبەت بە ئینگلیزی بۆ فێرکاران و فێرخوازان ، ئەوکاتە زمانە یەکگرتووەکە بەسەر لـق و پۆپ و شێوەزارەکانی زمانەکـەدا سـەردەکەوێت، ئەمـەش بـێ گومـان ئـەو چـێوەیە کـە پێویستە لە گوزەرگاکەیەوە بڕوانینە ئەو گرفتە فێرخوازیەی کە زۆرجار بە دژوارترین گرفت دادەنرێت بۆ قسەکەرە فێربووەکە و بۆ فێرخوازو بـۆ مامۆسـتای زمـانی ئینگلیـزیش کـە ئەویش گرفتی: ئایا چ شێوە و شێوازێکی زمانی ئینگلیزی پێویستە فێری ببم یان خـەڵکی پێ فێر بکەم؟ بەتایبەتیش ئایا پێویـستە لەسـەرم (یـان هەسـتم بـەفێرکردنی) ئینگلیـزی ئەمەریکی یان ئینگلیزی بەریتانی؟ وەڵامەکەشمان لەدوو بەش پێك دێت:

یەکەمیان: فێرکردنی زمانی ئینگلیزی تایبەت بەبواری فێرکردن.

دووەمیشیان: لەو عەقڵیەتەدا بەرجەستە دەبێت کە دەڵێ کە هەردوو بواری فێربوونی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی و ئینگلیزی بەریتانیت بۆ ڕەخسا، ئەوا ئـەو نموونەیـە هەڵبـژێرە کـە

سوودت پێ دەگەیەنێ، بەڵام بەئاراستەکردنی ئەم پرسیارە بەفیرۆ مەدە: کە کامیان سوودمەندترو باشترن، لەوانەشە لەو بارودۆخەی کە تۆ تیایدا دەژیت تەرزێکی ناوخۆیی ئەم زمانە گونجاوتر بێت، بەڵام ئەو وەڵامەی کە بە مامۆستای ئینگلیزی دەیبەخشین دیسانەوە پێویستە دووبەش بێت:

یەکەمیان: بۆ ئەو کەسەی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی دەزانێت یا ئینگلیزی بەریتانی فێربێت و بەپێچەوانەوەشەوە.

دووەمیشیان: هەوڵبدە فێری ئەم زمانە ببە بەباشترین شێواز کە لەتواناتدایە ، واتە بەوپەڕی توانای پیشەیی خۆتەوە کۆشش بکە بۆ فێربوونی زمانەکە.

## فێربوونی زمانی ئینگلیزی و فێرکردنی بەو وەسفەی کە زمانێکی نێودەوڵەتییە

باسکردن و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتگەلی هەڵسەنگاندن و تەرازووەکانی زمان ئێمەی پەلکێش کردە ناو شێوازەکانی وانەوتنەوە، جا سەبارەت بەفێرکردنی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی کە زمانێکی نێودەوڵەتییە، ئەوشتەی کە یەکلاکەرەوەیە (گەر بەراورد بکرا بەهەڵوێستە تەقلیدیەکانی وتنەوەی زمانی ئینگلیزی، بەو حیسابەی کە زمانێکی بیانیە یان وتنەوەی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی کە زمانێکی دوومە) بەوەیە درك کردنی ڕێژەیەکی زۆری خەڵك لە (قسەکەرانی نازگماکی ئینگلیزی) بەزمانی ئینگلیزی ئەو کەسانەی کە زمانەکەیان فێردەکەن خۆیان قسەکەری ڕەسەن نین و زمانەکە فێربوونە، و فێر کەسانێکیشی دەکەن کە ئەوانیش بەهەمان شێوە قسەکەری ڕەسەنی زمانەکە نین و لەڕەگەزی نائینگلیزن، سمیت Smith (١٩٨٣) دەڵێت:

((بڵاوبوونەوەی زۆر فراوانی زمانی ئینگلیزی وا لەم زمانە دەکات ،کە بیکاتە زمانێکی نێودەوڵەتی ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە وا ناگەیەنێ کە هەموو خەڵك لەهەموو شوێنێکدا قسە بە ئینگلیزی دەکەن و جلوبەرگی(جینز) لەبەر دەکەن و لەسەر ئاوازەکانی (دیسکۆ) سەما دەکەن.بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی فاکتەرێکی یەکگرتوو نییە، ئەویش

لەبەر هۆکاری نەمانی جیاوازیە ڕۆشنبیریەکان، بەڵام بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی دەرفەتی ئامرازی گوزارشت کردنی ئەم هەموو جیاوازیەو شرۆڤەکردنیانمان بۆ دەرەخسێنێت، لێرەدا هیچ حەزو ئارەزوویەك لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا نییە، کاتێك کە بەزمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، هەوڵبدەن هەمان تەرزی ژیانی قسەکەرە ڕەسەنەکانیش لەژیانی خۆیاندا بەکاربهێنن ، هەروەها پێویستە قسەکەرە ڕەسەنەکان بزانن کە زۆری جۆر و فرەیی شیاو چاکی زمانی ئینگلیزی لەئارادا هەن و قسەکەرە نارەسەنەکانیش هیچ پێویستیەکیان بەوە نییە کە وەکو ئەمەریکیەکان یان وەکو بەریتانیەکان یان وەك هەر کۆمەڵێکی دی قسەکەرە ڕەسەنەکان ئاکار بنوێنن تاکو ببنە بەکارهێنەری کارای زمانی ئینگلیزی.

زمانی ئینگلیزی ئێستا وەکو زمانێکی نێودەوڵەتی لە دیبلۆماسیەت و بازرگانی نێودەوڵەتی و گەشت و گوزاردا بەکاردەهێنرێت، قسەکەرە ڕەسەنەکان پێویستیان بەرێژەیەك لەکۆمەکیەکان هەیە کە قسەکەرە نارەسەنەکان لەکاتی بەکارهێنانی ئینگلیزیدا پێویستیان پێ دەبێت ، ئەویش بەمەبەستی پەیوەست بوونی نێودەوڵەتی بەبێ بوونی هیچ دەمارگیریەکی زمانەوانی.

نووسەرەکە خۆی (سمیت Smith ١٩٨٣) زۆر لەجیاوازیە فێرخوازیەکان پوخت و کورت دەکاتەوە لەنێوان زمانی ئینگلیزی بۆ قسەکەرانی زمانی دی، یان ئەوەی کە لەڕووی تەقلیدیەوە بەزمانی ئینگلیزی ناوزەد دەکرێت ، بەو وەسفەی کە زمانێکی بیانیە یان بەو حیسابەی کە زمانێکی دووەمە، زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی کە زمانێکی نێودەوڵەتی هاریکارە.

سەبارەت بە دەروازەو شێوازەکانی وتنەوەی ئەم زمانە گرنگیەکەی لەوەدانییە کە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی کە زمانێکی نێودەوڵەتیە گۆڕانکاری گەورەی خستۆتە توێی بونیادەکەیەوە، بەڵکو گرنگیەکەی لەوەدایە کە پێشڤەچوونی پلەبەپلەی ئەم

زمانە و فێرکردنی ئێستا توخمێکی نوێی خستۆتە سەری ، کـە دەرك کردنـەوە بـەوەی کـە زۆربەی زۆری ئەم زمانە بەو وەسفەی کە زمانێکی نێودەوڵەتیە یان زمانێکی دووەمە و بـە قسەکەرە نارەسەنەکانەوە پەیوەستە، کەبەم زمانە قسە دەکەن و بۆ پێویستی ناوخۆیی یـان مامەڵەکردن لەگەڵ غەیری خۆیان لەو کۆمەڵانەی کە قسەکەری نارەسەنی ئەم زمانەن بەبێ ئەوەی کە قسەکەرە رەسەنەکان بوونیان یان مافیان بەسەرەوە هەبێ.

جا پرۆسەی پێشکەوتنی پلە بەپلەی (ئینگلیزی زمانی دووەم) یان (ئینگلیـزی زمـانی بیانی) وای کرد ، کە چەندەها هـەنگاوی فـراوان لـەماوە ئـەم چـل سـاڵەدا هـەڵبنێن لـە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی(بەبێ هیچ جیاییەك لەنێوان فێرخوازاندا کە لەبنـەماوە لەسـەر ئەدەب دامەزراوە) تاکو فێربوونی زمانی ئینگلیزی (ناونیشانی چاپکراوێکی پیشەیی لـەم بوارەدا تێبینی بکـە (English journal language Teaching Journal) گۆڤاری فێرکردنی زمانی ئینگلیزی تا ئەو جیاوازیەی کە بۆ یەکـەمجار لـەبواری فێرکردنـی زمانی ئینگلیزی لەبـەریتانیا سـەری هەڵـدا لـەنێوان (ئینگلیـزی زمـانی قـسەکەرەکان)، (ئینگلیزی زمانی بیانی) و (ئینگلیزی زمانی دووەم) لە وڵاتـانی کۆمنویلـسی بـەریتانی، (ئینگلیزی زمانی بیانی) جگە لە بەریتانیاو وڵاتانی دی، تاکو گەیشتە فێرکردنـی زمـانی ئینگلیزی بۆ قسەکەرانی زمانەکانی دی (کە مامۆستایانی هەموو کۆمەڵـە جیاوازەکـانی فێرخوازان لەئەمەریکا لەخۆ دەگرێت)، سـەرباری ئینگلیـزی بۆمەرامـە تایبەتـەکان، وەك دانپیانانێك بەسەر هەڵدانی بەکارهێنانە نارەگەزیەکانی زمانی ئینگلیزی کە ئێستا زمانی ئینگلیزی بۆ مەرامی نێودەوڵـەتی لـەتوێ دەگرێـت، لێـرەوە دەردەکـەوێت کـە ئاراسـتەو بۆچوونەکان بەرەو ئەوە گوزەر دەکەن کە جیاوازیەکی ورد لەنێوان فێرخوازو مەبەستەکانیان و کۆمەڵە زمانەوانیەکانیان بکرێت، لەرووی وەرگرتن و فێربوونی زمانی ئینگلیزیەوە، هەر لەهەمان ماوەشدا، چەندەها پرۆسەی درێژکردن و فراوانکردنی چێوەی کانگـای ئینگلیـزی لەئارادا هەبوو کە بونیادی هزری و مادی ئینگلیزی پێك دەهێنێـت ، بـەو حیـسابەی کـە

زمانێکی بیانی یان زمانێکی دووەمە، جگە لەپێشکەش کردنی وانەبێژو مامۆستا بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەم زمانە قسە ناکەن وەکو زمانێکی ڕەسەن، لەبنەچەدا ڕوون بوو کە بەریتانیاو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەردوو تاکە دەوڵەتن کە بەدەوڵەتی کانگاو سەرچاوەی ئەم زمانە دادەنرێن، بەڵام ئێستاو بەشێوەیەکی زیادو بەرچاو، وڵاتانی کەنەداو ئوسترالیاو نیوزلەندە لەهەمان بواردا کاراو چالاکن، هەروەها وڵاتی چینیش بەهەمان شێوە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بۆ هیندستان ناردووە، مامۆستا بەلجیکیەکانیش وانەی ئینگلیزی لە (مەغریب)دا دەڵێنەوە، بەڵام لەوڵاتانی کەنداودا زۆر لەمامۆستایانی زمانی ئینگلیزی خەڵکی پاکستانن، یان لەفەلەستین ئەوکاتە خوێندویانە کە وڵاتێك بوو زمانی ئینگلیزی بەریتانی وەکو زمانێکی دووەم پەیڕەو دەکرد.

لێرەدا پێویستیەك بەدیاری کردنی دوو مەودای دی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری هەیە:

١ـ ئەو پێشکەوتنە مەزن و هاوکوفەی زمانی ئینگلیزی لەڕێچکەی فێرکردنی سیستەمکراوەوە کە لەگەورەترین شێوازدا پەیڕەو دەکرێت، چونکە فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی کە زمانێکی بیانییە جۆرێکی لێ بەرهەمهاتووە کە خاوەن خێراییەك و توانایەکی لەڕادەبەدەرو بێ هاوتایە لەم بوارەدا.

٢ـ لەگەڵ ئەمەشدا زیادبوونێکی مەزن لەبوارە پیشەییەکانی پەیوەست بەفێرکردن و ئامادەکردنی مامۆستا لەئارادا هەیە، هەردوو ئەم جۆرەی باشبوونیش ئەوەی زیاتر هانی داو بەتوانای کرد، ئەو حاڵەتەی هێزی ئابووری بوو ،کە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی هاتەکایەوە.

هەروەها لەو مەسەلانەی کە گرنگیەك دەوروژێنن ئەوەیە تێبینی بکەین کە ئەمجۆرە باشکردنانە چەشەیەکی جیایان لەهەردوو لای کەناری ئۆقیانووسیدا هەیە، بۆ نموونە تەرزی بنەچەی هزری ئەمریکی تایبەت بە ئامادەکردن مامۆستا هەیەو بەشێوەیەکی تایبەتی بەزمانی ئینگلیزی ، بەو حیسابەی کە زمانی دووەمە پەیوەست بێ کە زۆر لە نزیکی

زانستی زمانەوانی تیۆریەوەیە، هەرچی هاوشێوە بەریتانیەکانەوە بەشێوەیەکی سەرەکی کە پەیوەندی بەزمانی ئینگلیزیەوە هەبێ بەو وەسفەی کە زمـانێکی بیانییـە، کـە ئەمـە لـە زانستی زمانەوانی پراکتیکیەوە سەرچاوە دەگـرێ و پـشتیش بەرێـچکەکانی پێـشڤەبردنی وتنەوەی لەهۆڵەکانی فێرکردندا دەبەستێت ،کە بەو چڕی و فرەیی تایبەتمەندیی و جیـاوازە، بەڵام لەهەردوو حاڵەتدا راراییەك لەبواری ئەو فێرکردن و فێربوونەدا هەبوو، بەم دواییە کـە جەخت لەسەر فێرخواز دەکاتەوە، کـە بـەهۆی پێـشکەوتنی پیـشەیی پێـشڤەچوو لـەنێوان مامۆستایاندا تا ڕادەیەك دەرفەتی بۆ ڕەخساوە، چونکە ئەوانە وایان لێ هاتووە کـە زیـاتر دەرك بکەن بەزمانی ئینگلیزی لەگۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا نەك تـەنها لـەناو چـوار دیـواری هۆڵەکانی خوێندندا.

**<u>کۆتایی</u>**

ئەو گۆڕانکاریانەی کە وتارەکەم دەست پێ کرد، باسکردنی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی و گەیشتنی بوو بەم بارودۆخ و پێگەیەی ئێستای، کـە نزیکـەی (بلیـۆن و نیوێـك) مـرۆڤ بەکاری دەهێنن، جگە لە بوونی ژمارەیەکی زۆری زمانە ئینگلیزیە هەمـەجۆرەکان ، ئـەو گۆڕانکاریانە هەمان ئـەو گۆڕانکاریانـەن کـە پێـشڤەچوونەکانی ئێـستایان لـەبواری وانـە وتنەوەدا بەگوڕتر کرد.

هەروەها پێشڤەچوونی پیشەیی تایبـەت بـەئامادەکردنی مامۆسـتا کـە تـا هەنووکـە لەخێرایی و پێشکەوتندایە، جا لێ هـاتوویی ئـەم وتـارە لـەوەرگرتنی لایەنـە چـڕو فـرەو تایبەتەکانی ئینگلیزی هەر چۆنێك بێت ، بەو حیسابەی کە زمانێکی نێودەوڵەتیە لەساڵی

(١٩٨٧) هیچ گومانێك لەئارادا نییە ، کە لەماوەی ئەم بیست ساڵەی داهاتوودا چەندەها بەشی سەرەکی دی دەخرێنەسەر چیرۆکیلەی ئەم گەشەسەندنەی زمانی ئینگلیز.

**بڕوانە : پیتەر سترفنس ، زمانی ئینگلیزی بەو وەسفەی زمانێکی نێودەوڵەتییە، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی : د.ئەحمەد شەفیق ( قراءات في علـم اللغـة ) ،دار النشر الجامعات ، مصر ، ٢٠٠٦ ،ل٢٤٥-٢٧٤ .**

## رێباز و رێگاکانی دروستکردنی وشەو زاراوە لەزمانی کوردیدا

زمانی کوردی وەکو هەر زمانێکی سەر رووی ئەم زەمینە خاوەنی بنەما و خەسڵەتی تایبەت بە خۆیەتی، لەگەڵ ئەوشەدا لەزۆر لایەن لەگەڵ زمانانی تری کۆمەڵەو خێزانی هیندۆ ئەوروپی یەکدەگرنەوە، بەتایبەتی لەو رێبازو یاسایانەی کەلەئارادان بۆ سازکردنی وشەو زاراوە، دیارە رێباز گەلێکیش لەم بارەوە هەن بۆ سازکردنی وشە، لێرەدا هەندێ لەو رێباز و یاسایانە دەخەینە روو:

١. **وەرگرتن**: یەکێکە لەرێگاکانی دروستکردنی وشەو زارەوە، کە بەهۆیەوە وشەیەك یان زاراوەیەك لە زمانێکی ترەوە وەردەگرین، ئەمیش هەندێ جار وەرگرتنەکە وەك خۆی دەبێت، بەڵام هەندێ جاری تر وەرگرتنەکە بەهۆی زیادکردنی پیتێك یان زیاتر، یاخود بەکەمکردنەوەی پیتێك یان زیاتر دروست دەبێت، وەکو: **پۆزەتیڤ، نیگەتیڤ، ئەلتەرناتیڤ، سینەما، سانسۆر...هتد.**

٢. **داهێنان**: ئەم رێگایە بە زۆری لە وڵاتە بەناوبانگەکانی بواری پیشەسازی و بازرگانی دێتە ئاراوە، بەهۆیەوە کەسێك داهێنانێك لە بوارێك لە بوارەکانی ژیان دەکات، بۆیە هەندێ جار وادەبێت کە ئەو کەرەسەی دێتە ئاراوە، بەناوی داهێنەرەکەوە دەکرێت، هەندێ جاری تریش کەرەسەکە بەناوی کەس ناکرێت بەڵکو کۆمپانیایێك یان گروپێك یان..وەکو: **کلاشینکۆڤ، تۆیۆتا، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت،.. هتد.**

٣. **لێکدان یاخود لێکدراو**: لێرەدا دوو وشە یان زیاتر دەخەینە پاڵ یەکتری، بەهۆیەوە وشەیەك و زاراوەیەکی نوێ: دێتە ئاراوە، جا ئەم دوو وشەیە (ناو+ناو) ، (ناو+ئاوەڵناو) (ئاوەڵناو+ناو).. دەبێت وەکو: **دڵشاد ،سەرکەوت ،کرێکار، رووخۆش، سەربڵند، جوان جوان،دەستە دەستە، چین چین...هتد.**

٤. **داتاشین:** لەم ڕێگایەدا دوو وشە یان زیاتر دەخەینە پاڵ یەکتری ، بەهۆیەوە وشەو زاراوەیەکی نوێ دروست دەبێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا دیاردەی گۆڕانکاری فۆنۆلۆجی بەسەر خودی وشەکان دادێت، وەکو:

**ئەمیر+زادە** ⟵ **میرزا**

**تام+ئارەزوو** ⟵ **تامەزرۆ**

**پایە+شاهـ** ⟵ **پاشا**

**شت+مەك** ⟵ **شمەك**

٥. **کورتبڕی:** ئەم ڕێبازە جێبەجێ کردنی لەبواری زمان و ئەدەب جیایە، چونکە لەبواری ئەم ڕێبازە جێبەجێکردنی لەبواری زمان و ئەدەب جیایە، چونکە لەبواری ئەدەبدا کورتبڕی حاڵەتێکە بۆ کەمکردنەوەی وزەو کردەی ئاخاوتن بەکاردێ ، بەهۆیەوە بەچەند وشەیەکی کەم مەبەستی خۆت دەپێکی ، بەڵام لە بواری زماندا وشەکان، بەهۆی هێماوە سازدەکرێت، وەکو:

**تەلەفزیۆن** t.v

**پارتی دیموکراتی کوردستان** پ.د.ك

**دۆلار** $

٦. **دارڕژاو(داڕێژراو)** : لێرەدا سازکردنی وشەیَ زاراوە، بەهۆی پێشگر و پاشگرەکانەوە دەبێت، چونکە دەتوانین چەندین وشەی نوێیاو بەهۆی پێشگرو پاشگرەکان سازدەکرێت، کە واتاکەی جیابێت لەواتای وشە سەرەکیەکە وەکو:

**کرد : ڕاکرد، هەڵکرد،کردەوە**

**گرت : هەڵگرت، گرتەوە، داگرت**

٧. خــوازە: بــەو وشــە و زاراوانــە دەوترێــت کــە لــەواتا رەســەنەکەی خۆیــەوە دەگوزارێتەوە بۆ واتایەکی تر، بەواتایەکی تر وشەیەك لەواتا سەرەکییەکەی خۆیەوە دەگوزارێتەوە بۆ واتایەکی تر، بۆ نموونە: وشەی (مـاڵوێرانی) کـە لـە بنـچینەدا ئـەم وشەیە بۆ ئەو حاڵەتە بەکاردێت، کە یـەکێك خانووەکـەی خـۆی تووشـی تێکـچوون و وێرانبوون هاتبێ، کەچی توانراوە ئەم وشەیە لەم واتایە بگوازرێتەوە بۆ واتایەکی تـر بەجۆرێك کەکەسێك تووشـی رووداوێکـی نـاخۆش بێـت، لەوانـە لەدەسـتدانی یـەکێك لەئەندامانی ماڵەوەی یاخود خۆی تووشی رووداوێکی ناخۆش بێت.

٨. وەرگێڕان: گرنگترین ڕێبازی سازکردنی و هاتنە ئارای وشەیە، بەهۆیەوە وشەیەك لەزمانێکی تـرەوە وەردەگێڕدرێتـە سـەر زمـانی خۆمـان ، وەرگێـڕانیش وەکـو ڕێبـاز چـەندین جـۆری هەیـە، لەوانەیـە وەرگێڕانـی وشـە بـە وشـە، وەرگێڕانـی ڕسـتە، و وەرگێڕانی مەفهوم و چەمك، وەکو:

| | |
|---|---|
| قلم | پێنووس |
| غرفة | ژوور |
| نظیف | پاك |
| الغرفة نظیف | ژوورەکە پاکە |

دەبێ لە دوماهیشدا ئەوە بوترێت، کە جگە لەم ڕێگایانە، چەندین ڕێباز و ڕێگـای تـر هەن لەسازکردن و دروستکردنی وشەو زاراوە، کە ئەم ڕێگایانەش هۆکـارێکی گـرنگن بۆ بواری فەرهەنگسازی و دەوڵەمەند کردنی زمان.

*ئەم وتارە لە ڕ. نویێ ، ژمارە(٩٣) ، چوارشەممە ،٢٠٠٨/٧/٢،ل٩ بڵاوکراوەتەوە .